# پیرەمێردێکی سەدساڵە
# کە لە پەنجەرەوە بازی دا و دیار نەما

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە ()
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.org

■ پیرەمێردێکی سەد ساڵە، کە لە پەنجەرەوە بازی دا و دیار نەما

نووسینی: یۆناس یوناسون

لە فارسییەوە: حەمە کەریم عارف

بابەت: ڕۆمان

دیزاینی ناوەوە: ئاریێز حەمە

دیزاینی بەرگ:

تیراژ: دانە

نرخ: دینار

چاپی: یەکەم، چاپخانەی **سەردەم** ساڵی ٢٠٢٤ کوردستان ــ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ()ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە

■ مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

یۆناس یوناسون

# پیرەمێردێکی سەد ساڵە
# کە لە پەنجەرەوە بازی دا و دیار نەما

لە فارسییەوە:
حەمە کەریم عارف

سلێمانی - ٢٠٢٤

یوناس یوناسون ساڵی ١٩٦١ لە شارۆچکەی ڤێکخیۆی سوێد لەدایک بووە. دوای خوێندنی زمان لە زانکۆی یۆتۆبۆری، بووە بە ڕۆژنامەڤان، هەوەڵ جار لە ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵی بە نێوی سمولاند سبوستن کاری کردووە، پاشان بۆ ڕۆژنامەی ئیکسپرسن. دوای چەند ساڵێک کۆمپانیای ڕاوێژکاری و بەرهەمهێنانی تەلەڤیزیۆنی ئۆ، تی، دەبلیوی دامەزراند.

یونسون، دوای پتر لە بیست ساڵ کارکردن لە واری میدیایی، تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامان، هەستی بە ماندوویێتی کرد و بڕیاری دا هەموو شتێک (بە پشکەکانیشیەوە) بە کۆمپانیای ناڤبری بفرۆشێت و بۆ هەندەران بڕوات. ئەوە بوو چوو بۆ گوندی بونتی تریسا لە سویسرا، کە سێ ساڵی لەوێندەر لەگەڵ خێزانەکەیدا بەسەر برد.

لەو سەروبەندەدا، ڕۆمانی 'سەربوردەی پیرەمێردێکی سەدساڵە' کە ماوەیەک بوو بە دەستیەوە بوو، تەواو کرد. حاڵی حازر لە گونددا، لە گراڤی گونلاندی سویدیدا، لەگەڵ کوڕەکەی، پشیلە و مریشکەکانیدا دەژی.

ساڵی ٢٠١٣ خەڵاتی 'ئەدیبی ساڵ'ی پێ بەخشراوە.

هەر کە باوەگەورەم لەسەر تەختە دڵخوازەکەی خۆی دادەنیشت تا چیرۆکان بگێڕێتەوە، کە دەستی دەخستە سەر گۆپاڵەکەی و بەدەم جوینی توتنەوە دەستی بە گێڕانەوە دەکرد، کەس نەیدەتوانی وەکو ئەو، گوێگر ڕموودەی چیرۆکەکانی خۆی بکات.

ئێمە، نەوەکانی وی، بە حیرەتەوە لێمان دەپرسی: "بەڵام باوەگەورە... ئاخۆ ئەم چیرۆکە حەقیقەتە، واقیعییە؟"

باوەگەورە وەڵامی دەدایەوە: "چیرۆکی ئەو کەسانەی کە تەنها چیرۆکی واقیعی دەگێڕنەوە، ئەوە ناهێنێت گوێی لێ بگیرێت."

ئەم کتێبە بە باوەگەورەم پێشکەش دەکەم.

**یوناس یوناسون**

# پێشەکی

**یەکەم**

**دووشەممە، ٢٠٠٥/٥/٢**

ڕەنگە بڵێیت دەیتوانی زۆر زووتر ئەو بڕیارە بدات، دەیتوانی هێندە پیاو بێت دەوروبەرەکەی لە چەندوچوونی بڕیارەکەی ئاگادار بکاتەوە، بەڵام ئاللان کارلسون، عادەتی نەبوو بەر لە ئەنجامدانی هەر کارێک زۆر بیری لێ بکاتەوە.

بۆیە هەر کە ئەو بیرەی بە مێشکدا هات، یەکسەر پەنجەرەی ژوورەکەی لە نهۆمی خوارەوەی خانەی پیرانی شاری مالمشۆپین کردەوە و لە پەنجەرەکەوە خۆی هەڵدایە ناو باخچەی ژێر پەنجەرەکەوە.

هەڵبەتە ئەم کارە بڕێک ئەستەم بوو، چونکە ئاللان لەم ڕۆژەدا دەبوو بە سەد ساڵی تەواو. تەنها یەک سەعات مابوو، بۆ دەستپێکردنی ئاهەنگی سەدساڵەی لەدایکبوونی، ئەو ئاهەنگەی بڕیار بوو لە هۆڵی نانخواردنی خانەی پیراندا ساز بکرێت. بڕیار بوو سەرۆکی شارەوانیی شاریش ئامادە بێت. چەند ڕۆژنامەوانێکی ڕۆژنامە لۆکاڵییەکانیش داوەت کرابوون، ئەمە جگە لە هەموو کارمەند و خزمەتگوزارەکانی خانەکە و بەڕێوەبەرە بەدمەزاجەکەی؛ خاتوو ئەلیس.

تەنها خودی کارەکتەرە سەرەکییەکە بەنیاز نەبوو لەوێ بێت.

**دووەم**

**دووشەممە، ٢٠٠٥/٥/٢**

ئاللان کارلسون، هەر بەو دەقەوە، لەناو باخچەکەدا، کە بە لایەکی خانەکەدا درێژ بووبووەوە، بە دوودڵی وەستابوو. چاکەت و پانتۆڵێکی قاوەیی لەبەردا بوو، جووتێک سۆلی سەر فەرشی لەپێدا بوو. زۆر شیکپۆش نەبوو، بە دەگمەن خەڵکانی لەو تەمەنەدا

شیکپۆش دەبن. ئاللان، لە ئاهەنگی ساڵیادی سەدساڵەی لەدایکبوونی خۆیدا دەرەڤی، ئەمەش سەدەمێکی دیکەی شڕوشەپڕێوی جلوبەرگەکەی بوو. هەڵبەتە گەیشتن بەو تەمەنە بابەتێکی دەگمەن نەبوو.

ئاللان بیری لەوە کردەوە، بە هەر زەحمەتێک بووە، دووبارە بە پەنجەرەکەدا سەر بکەوێتەوە و پێڵاوەکانی و کڵاوەکەی بهێنێت، بەڵام کە بینیی جزدانی پارەکەی لە بەرکی چاکەتەکەیدایە، ئیدی ئەوەی بە کافی زانی. ئەمە جگە لەوەی قەناعەتی تەواوی بەوە هەبوو ئەلیسی بەڕێوەبەر هەستی شەشەمی هەیە (ئاللان، لە هەر شوێنێک ڤۆدگاکەی وەشێرتبا، خاتوو ئەلیس دەیدۆزییەوە.)، دوور نەبوو لەو کاتەدا بەناو خانەکەدا بسوڕێتەوە و هەست بکات شتێکی گوماناوی لەئارادایە.

بۆیە ئاللان وای بە باش زانی بکەوێتە ڕێ و لەوە پتر ماتەڵ نەبێت؛ کە لە باخچەکە وەدەر کەوت، ئەژنۆکانی کەوتنە قرچەقرچ. ئەوەندەی دەزانی چەند سەد کرۆنێکی لە جزدانەکەیدا هەبوو، ئەمە زۆر باش بوو، چونکە هەڵهاتن و خۆشاردنەوە لە خەڵک خەرجیی دەویست.

ئەوسا ئاوڕێکی دایەوە، تا دوا تەمەشای خانەی پیران بکات. ئەو خانەیەی ئاللان تا چەند ساتێک لەمەوپێش وای وێنا دەکرد دوا مەسکەن و ماوەی ئەم دنیای ئەو دەبێت. ئەوسا لە فکران ڕاچوو، کە دەشێت لە کات و شوێنێکی دیکەدا بمرێت.

پیرەمێردی سەدساڵە بە سۆلە میزاوییەکانیەوە (بۆیە بە میزاوی ناو دەبرێت، چونکە میزی خەڵکانی دان عەمر، بە زەحمەت لەبەر پێی خۆیان هێوەتر دەڕوات) کەوتە ڕێ. هەوەڵ جار بەناو پارکێکدا بووری. پاشان بە لای زەوییەکی کراوەدا کە جار جار بازاڕێکی تیا دروست دەکرا و جگە لەو کاتانە دەبووە بەشێکی کپ و بێدەنگی ئەو شارۆچکە دوورەدەستە، تێپەڕی. کە چەند مەترێکی دیکە ڕۆیی، گەیشتە کڵێسایەکی کۆنی پاشماوەی سەدەکانی ناڤین، بە دەوری کڵێساکەدا سوڕایەوە، لە پشت کڵێساکەوە لەسەر تەختێکی درێژی بەردەم چەند گۆڕێک ڕۆنیشت، تا پشوویەک بە ئەژنۆ ماندوو و بەئێشەکانی بدات. لەو دەڤەرەدا هێشتا دینداری و پارسایی نەگەیبووە ئەو ئاستەی ئاللان نیگەرانی ئەوە بێت کەسێک لە مەیدانی کڵێساکەدا بێزاری بکات و سەر و دڵی بگرێت. لەوێدا بوو ئاللان هەستی بە ڕێکەوتێکی سەیر کرد. ئاللان بیری کەوتەوە ئەم و هنینگ ئالگوتسن، لە یەک ساڵدا لەدایک بووبوون، ئێستا ئالگوتسن، لە گۆڕێکدا ڕاکشابوو کە ڕێک لە بەردەم ئەو تەختەدا بوو کە ئاللان لەسەری ڕۆنیشتبوو. تاقە جیاوازییەکی گرنگ ئەوە بوو ڕوحی هنینگ شەست و یەک ساڵ لەوەوپێش جەستەی بەجێ هێشتبوو. خۆ ئەگەر

ئاللان برێک کونجکاوتر و فزوڵتر بوایە، لە خۆی دەپرسی چما هنینگ لە تەمەنی سی و نۆ ساڵیدا مردبوو؟ بەڵام ئاللان، عادەتی وا بوو، فزولیەتی بەسەر کەسەوە، چ لە زیندوان و چ لە مردوانەوە نەدەکرد، هەمیشە وا بوو و وای دەکرد.

ئاللان لە فکران ڕاچوو، بیری لەوە دەکردەوە ئەو هەموو ساڵانەی لە خانەی پیراندا دادەنیشت و خۆزیای دەخواست زووتر مردبا و ڕۆژی بەم ڕۆژگارە نەکەوتبا، هەڵە بووە؛ سەر چیغ چووە. دروستە کە جەستەی گرفتاری دەرد و ئازاری ئێجگار زۆر بووبوو، بەڵام بەو حاڵەشەوە، هەڵهاتنی لەدەست خاتوو ئەلیسی بەڕێوەبەر، زۆر باشتر بوو لەوەی نها بمردایە و لە قووڵایی دوو مەترا، لەژێر خاکدا، حەوت کفنی ڕزاندبا.

کاتێک ئەم بیرە بە مێشکی ئاللان (واتە ئەو کوڕەی ئەمڕۆ ساڵیادی لەدایکبوونی بوو)دا هات، وێڕای ئازاری زرانیەکانی، هەستا و خاترخوازی لە هنینگ ئالگوتسن کرد و بەبێ هیچ نەخشە و بەرنامەیەک درێژەی بە ڕەڤین و هەڵهاتنەکەی دا.

ئاللان بە ناوەندی گۆڕستانەکەی پشت کلێساکەدا، بەرەو باشوور پەل بووەوە، گەییە دیوارێکی بەردین کە ڕێگەکەی گرتبوو. بەرزیی دیوارەکە هەر نیو مەتر دەبوو، لێ ئاللان پیرەمێردێکی سەد ساڵە بوو، نەک پاڵەوانی بازدان بەسەر بەرزیدا. ئەودیوی دیوارەکە وێستگە و گەراجی پاسەکانی مالمشۆپین بوو، پیرەمێرد لەناکاودا بۆی دەرکەوت لاقە لەرزۆکەکانی بەرەو بینایەک کێش دەکەن، کە لەگین بوو بەکەڵکی بێت. ئاللان، جارێک، ساڵانێکی زۆر بەر لە ئێستا بە زنجیرە چیاکانی هیمالایادا تێپەڕیبوو. ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو. نها ئاللان، لە کاتێکدا، لە هەنبەر دوا لەمپەڕی بەینی خۆی و وێستگەی پاسەکاندا وەستابوو، ئەو ئەزموونی شاخەوانییەی بیر کەوتەوە. هێندە ڕژد بوو لەسەر بڕیارەکەی خۆی، لە تۆ وایە دیوارەکەی بەردەمی لە بەرچاوی چووە ئاو و کورت بووەوە. کاتێک دیوارەکە تەواو نزم بووەوە، ئاللان، بێ ئەوەی گوێ بە پیری و ئازاری ئەژنۆکانی بدات، بەسەر دیوارەکەدا ئاودیو بوو.

مالمشۆپین، زۆربەی کات شارێکی بێدەنگ و چۆڵ بوو، ئەو بەیانییەش کە ڕۆژێکی هەتاوی ناوەڕاستی هەفتە بوو، لەم حاڵەتە بەدەر نەبوو. لەو ساتەوە کە ئاللان بڕیاری دابوو لە ئاهەنگی سەدساڵەی لەدایکبوونیدا بەشداری نەکات، تا ئەم ساتە تاقە یەک کەسی نەبینیبوو. وەختایەک ئاللان بە خاوەخاو خۆی بە ژووری چاوەڕوانیی وێستگەی پاسەکاندا کرد، تەقریبەن هیچ کەسێک لە هۆڵەکەدا نەبوو. لە سەمتی ڕاستی ژوورەکەدا دوو دەلاقەی 'کونە باجە' بلیتبڕین هەبوو کە یەکێکیان داخرابوو. پیاوێکی وردیلە بە خۆ و بەرچاڤکێکی خڕەوە لە پشت دەلاقەی دووەمەوە ڕۆنیشتبوو. قژە تەنکەکەی بە لادا شانە کردبوو، چاکەتێکی کورتی ڕەسمیی لەبەر بوو.

پیـاوەکە، سـەری لەسـەر شاشـەی کۆمپیوتەرەکەی هەڵبڕی و نیگـایەکی تـووڕەی ئـاللانی کـرد. پێـدەچوو ژمـارەی موراجیعەکـان زۆر بـن و لە توانـای ئەودا نەبێـت کارەکانیـان ڕایـی بکـات، چـونکە گەنجێکـی درێـژ داهـۆڵی قژدرێـژی خـاوی زەرد و ڕدێنتەنک، بە قەمسـەڵەیەکی جینـزەوە کە لە پشـتەوەی نووسـرابوو "هەرگیـز جـارێکی دی" لە سووچێکی هۆڵەکەدا وەستابوو.

پێدەچوو گەنجەکە خوێندەواریی نەبێت؛ چونکە گیرِی بە دەستکی دەرگای تەوالێتی نقشکانەوە (کەمئەندامان) بەستبوو، وەکو ئەوەی ئەو نووسینەی: 'خراپ بووە' کە بە فۆنتی ڕەش لەسەر مقەبایەکی زەرد نووسرابوو، بە لای ئەوەوە هیچ مانایەکی نەبێت و هیچ نەگەیەنێت.

دوای کەمێک گەنجەکە چوو بۆ دەرگای تەوالێتەکەی دووەم کە بە تەنیشت تەوالێتی یەکەمەوە بوو، لێرەدا تووشی کێشەیەکی دی بوو. دیار بوو دڵی نەدەهات جانتا گەورە قـاوەییە پـێچکەدارەکە بەجـێ بهێڵێـت و تەوالێـتەکەش هێنـدە بچـووک بـوو جێـی هەردووکیانی تیا نەدەبووەوە. ئاللان لای وا بوو کابرای گەنج لە ئەنجامدا ناچار دەبێت یان جانتاکە لە دەرەوەی تەوالێتەکە بەجێ بهێڵێت، خۆی بچێتە ژوورەوە و خۆی بەتاڵ بکاتەوە، دەبێت جانتاکە بەرێتە ژوورەوە و خۆی لە دەرەوە بمێنێتەوە.

بەڵام ئاللان ترسی گەورەتری هەبوو. لە کاتێکدا هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو ڕێک بـڕوات و بتوانێـت کـۆنترۆڵی لاقەکـانی بکـات، بە خاوەخـاو خـۆی بە هەنگـاوی کـورت سپارد تا گەییە بەردەم کونە باجەکە و پیاوە وردیلەکەی پشت کونە باجەکە. پرسیاری ئەوەی کرد هیچ پاسێک بەو زوانە دەردەچێت؟ گرنگ نەبوو بۆ هەر کوێیەک دەربچێت، گرنگ ئەوە بوو تا چەند خولەکێکی دیکە دەربچێت. ئەوسا پرسیاری نرخی بلیتی کرد، بلیت بە چەندە؟

کابرای وردیلە ماندوو دیار بوو. وا دیار بوو، لە ناوەڕاستی پرسیارەکانی ئاللانەوە، ئیدی هیچی لێ حاڵی نەبووبوو، چونکە دوای تۆزێک گوتی: "بۆ کوێ تەشریف دەبەیت؟"

ئـاللان، هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵکێشـا و بە کـابرای وردیـلەی گـوت وەکـو پێشـتر گوتبووی، شوێنەکە و جۆری پاسەکەی بە لاوە گرنگ نەبوو، تەنها ویستوویەتی یەکەم کاتی دەرچوونی پاسەکە و دووەم نرخی بلیتەکە بزانێت.

بلیتفرۆشە وردیلەکە، بە بێدەنگی چاوی بە خشتەی کاتی دەرچوونی پاسەکاندا گێڕا و کەمێک وەستا تـا لە نیـازی ئـاللان حـاڵی بێت: "پـاسی ژمـارە ٢٠٢ سێ خـولەکی دی بەرەو سترێنگنێس دەردەچێت، بەکەڵکت دێت؟"

بەڵێ، بە قەناعەتی ئاللان ئەمە باش بوو. کابرای وردیلە بە ئاللانی گوت پاسەکە لە بەردەم وێستگەکەوە دەجووڵێت. باشتر وایە بڕوات بۆ ئەوێندەر و بلیت لە خودی شۆفێرەکە بکڕێت.

ئاللان، لە دڵی خۆیدا پرسیی: ئەگەر ئەم کابرا گچکەیە بلیت نافرۆشێت چما لە پشت ئەم کونە باجەوە دانیشتووە، بەڵام هیچی نەگوت. لەگینە کابرا خۆیشی نەزانێت بۆچی لەوێ دانیشتووە. ئاللان سوپاسی کابرای کرد کە یارمەتیی دابوو، هەنگێ دەستی بە نیشانەی ڕێز بۆ ئەو کڵاوە بەرز کردەوە کە لە پەلەپەلیدا لەگەڵ خۆیدا نەیهێنابوو.

پیرەمێردی سەدساڵە، نقومی بیر و خەیاڵ، لەسەر یەکێک لەو دوو تەختەی بەردەم وێستگەکە دانیشت. ئاهەنگی لەدایکبوونە نەفرەتییەکە سەری سەعات سێ لە خانەی پیران دەستی پێ دەکرد، واتە دوازدە خولەکی دی، ئیدی لە ئان و ساتدا بوو لە دەرگای ژوورەکەی بدەن و ئەوەی ژێر بەڕە بکەوێتە سەر بەڕە. بەدەم ئەو خەیاڵەوە بزەیەک کەوتە سەر لێوەکانی ئاللان.

پاشان ئاللان بە گۆشەی چاوان تەمەشایەکی کرد، بینیی کەسێک بۆ لای ئەو دێت. گەنجێکی باریکەلە بوو کە ڕاستەوخۆ بۆ لای ئاللان دەهات. جانتایەکی گەورەی چوار پێچکەی لەدووی خۆی ڕادەکێشا. ئاللان، دەیزانی ئەگەر ئەو گەنجە قژدرێژە بیەوێت قسەی لەگەڵدا بکات، ئەم ناچارە قسەی لەگەڵدا بکات. ڕەنگە قسەکردن لەگەڵ ئەو گەنجەدا خراپ نەبێت. ڕەنگە ئەمە بکاتە کارێک بزانێت گەنجانی ئەم دەور و زەمانە چۆن بیر لە مەسەلە جیاوازەکانی ئەم ڕۆژگار و سەردەمە دەکەنەوە.

بەڕاستی ئەو گفتوگۆ و گەنگەشەیە ڕووی دا، بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی ئاللانەوە، ئەوەی لای لێ نەکرایەوە، شیکردنەوەی قووڵی پرسە جۆاکییەکان بوو. گەنجەکە لە دووریی یەک-دوو مەتری ئاللان وەستا. کەمێک لە ئاللان ڕاما، پاشان گوتی: 'سڵاو'. ئاللان بە ڕاوێژێکی دۆستانە سڵاوی گەنجەکەی سەندەوە و هیوای پاشنیوەڕۆیەکی بەخێری بۆ خواست. ئەوسا لێی پرسی چ خزمەتێکی هەیە؟ ئیدی دەرکەوت دەتوانێت یارمەتیی بدات. گەنجەکە داوای لە ئاللان کرد چاوێکی لە جانتاکەی بێت، تا بچێت تەوالێتێ بکات، یان خۆی گوتی: "گووم دێت".

ئاللان وەڵامی دایەوە کە هەرچەندە پیر و فەرتووسە، بەڵام چاوەکانی هێشتا باش کار دەکەن، هیچ زەحمەت نییە چاوێکی لە جانتاکەی ئەو بێت، بەڵام وێڕای ئەوەش داوای لە گەنجەکە کرد تۆزێک پەلە بکات -هەڵبەتە هەمان ئەو وشانەی بەکار نەهێنا کە گەنجەکە بەکاری هێنابوون-، چونکە پاسەکەی ئاللان لەگین بوو لە ئانوساتدا بگاتە جێ، دەبوایە فریای بکەوێت.

گەنجەکە گوێی لەم بەشەی دوایی قسەکانی ئاللان نەبوو، چونکە تەنگەتاوی زۆری بۆ هێنابوو، بەر لەوەی چاوەڕوانی تەواوبوونی قسەکانی ئاللان بکات، بە هەشتاو بەرەو تەوالێتەکە ڕۆیی.

پیرەمێردی سەدساڵە، قەت ڕێی بە خۆی نەدابوو لە ڕەفتاری خەڵکی تووڕە ببێت، تەنانەت ئەگەر بیانووی ماقووڵیش بۆ تووڕەبوون و بێزاری لەئارادا بوایە. بۆیە لە ڕەفتاری نائاسایی گەنجەکە نەڕەنجا، بەڵام وێڕای ئەوەش، نەچووە دڵیەوە، پێدەچێت هەمان هەست، دەوری لەو بوویەرانەدا کە دواتر ڕوویان دا، هەبووبێت.

چەند چرکەیەک دوای ئەوەی گەنجەکە دەرگای تەوالێتەکەی لەسەر خۆی داخست، پاسی ژمارە ٢٠٢ لە دەروازەی وێستگەکەوە هاتە دەرەوە. ئاللان تەماشایەکی پاسەکە، پاشان سەیرێکی جانتاکەی کرد، جارێکی تر سەیرێکی پاسەکە، پاشان جانتاکەی کردەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی باشە جانتاکە پێچکەی هەیە، پەتێکیشی پێوەیە دەتوانرێت ڕابکێشرێت.

هەنگێ ئاللان بڕیارێکی دا، کە بۆ خودی خۆیشی سەیر بوو، بڕیارێک کە لە تۆ وایە بە دەنگی بەرز دەڵێت: بەڵێ بۆ ژیان.

شۆفێری پاسەکە کەسێکی بەویژدان و بەئەدەب بوو، دابەزی و یارمەتیی کابرای پیرەمێردی دا و جانتا گەورەکەی لەگەڵیدا خستە ناو پاسەکەوە.

ئاللان سوپاسی شۆفێرەکەی کرد و ئەوسا جزدانەکەی لە بەرکی ناوەوەی چاکەتەکەی دەرهێنا. شۆفێرەکە پرسی ئایا جەنابی بەنیازە تا ستریێنگنێس بڕوات، لێ ئاللان بیری کردەوە باشتر وایە زێدەمەسرەف نەکات، بۆیە یەک ئەسکەناسی پەنجا کرۆنیی بۆ شۆفێرەکە درێژ کرد، پرسی: بەم پارەیە دەتوانم بگەمە کوێ؟

شۆفێرەکە، وا دیار بوو، زۆر کەیفی بەو قسەیە هات، چونکە ئەو بەوە ڕاهاتبوو ڕێبواران هەمیشە مەزنیی خۆیان دەزانی، بەڵام نەیاندەزانی کرێی ڕێگەکە چەندە، بەڵام ئەم جارە ڕێک بە پێچەوانەی هەموو جارەکانی دیکەوە، تووشی کەسێک بووبوو کە دەیویست بەو برەپارەیەی هەیبوو دەتوانێت تا کوێندەر بڕوات... ئەوسا تەمەشای خشتەکەی خۆی کرد و بە ئاللانی گوت دەتوانێت بە چل و هەشت کرۆن تا وێستگەی یایرینگ بڕوات.

ئاللان پێی وا بوو ئەوەندە ڕێگە بەو پارەیە زۆر باشە. شۆفێرەکە جانتا تازە دزراوەکەی خستە ناو سندووقەکەی پشت کورسییەکەی خۆیەوە و ئاللانیش لە ڕیزی یەکەمی سەمتی ڕاستی پاسەکە ڕۆنیشت. لەوێندەرەوە دەیتوانی هۆڵی چاوەڕوانیی وێستگەکە ببینێت. کاتێک پاسەکە جووڵا، دەرگای تەوالێتەکە هێشتا هەر داخرابوو، ئاللان

بەو حەساوەی نائومێدییەکی گەورە لە ئایندەیەکی نزیکدا چاوەڕوانی گەنجەکە بوو، هیوای ئەوەی بۆ خواست بە لای کەمەوە لەناو تەوالێتەکەدا، کاتێکی خۆشی لێ بگوزەرێت.

پاسەکەی ستریێنگنێس، ئەو دوانیوەڕۆیە نەفەری زۆر نەبوو. خانمێکی ناقساڵ لە ڕیزێکی دواوەی پاسەکە ڕۆنیشتبوو، لە ڕیزی ناوەڕاستیشەوە دایکێکی گەنج لەگەڵ دوو منداڵەکەیدا، کە یەکێکیان لە عەرەبانەدا بوو. پیاوێکی زورهانیش لە ڕیزی پێشەوە ڕۆنیشتبوو.

ئەم نەفەرەی دوایی لە بیری ئەوەدا بوو چما ئەو جانتا گەورە کەوەییە پێچکەدارەی دزیبوو؟ ئایا ئەم کارەی تەنها لەبەر ئەوە کردبوو کە توانیبووی ئەو کارە بکات، خاوەنی جانتاکە گەنجێکی گێژوویژ بوو؟ یان لەبەر ئەوە بوو بەئومێد بوو جانتاکە جووتێک پێڵاو و بگرە کڵاوێکیشی تێدا بێت؟ یان لەبەر ئەوە بوو یارۆی پیرەمێرد بەم کارە هیچ زەرەرێکی نەدەکرد؟

ئالالان بە خۆیشی سەدەمی ئەم کارەی خۆی نەدەزانی. بیری کردەوە وەختایەک بەشەڕ دەگاتە دوا قۆناغی ژیان، ئیدی هەقی خۆیەتی و ئازادە لەوەی بە کەیفی دڵی خۆی بکات، چ کارێکی پێ خۆشە، بەوپەڕی ئازادی بیکات. بەدەم ئەو بیرەوە بە کەماڵی ئیسراحەت لەسەر کورسییەکەی پاڵی دایەوە.

سەعات بووە سێ و پاسەکە بیۆرندامی جێ هێشت. ئالالان، تا ئێرە لە بوویەر و واریقاتەکانی ئەمڕۆ ڕازی بوو. پاشان چاوەکانی لێک نا، چونکە کاتی شکاندنی سەرخەوی نیوەڕۆی بوو.

ڕێک لەو ساتەدا خوشکە ئەلیس لە دەرگای ژووری ژمارە یەکی دا، دووبارە و سێبارە لە دەرگای دایەوە: ئالالان، واز لە گاڵتەبازی بێنە، سەرۆکی شارەوانی و هەموو خەڵکەکانی دی هاتوون. گوێت لە منە؟ خۆ دیسان قوزەڵقورتەکەت نەخواردووەتەوە، خواردووتەتەوە؟ ئالالان، هەر ئێستا دەرگا ڤەکە، ئالالان؟

تا ڕادەیەک هەمان کات، دەرگا ساغەکەی تاقە تەوالێتەکەی وێستگەی پاسەکانی مالمشۆپینیش کرایەوە. گەنجەکە کە ڕەنگ و ڕووی تەواو گەشابووەوە، لە تەوالێتەکە هاتە دەرەوە. تا ناوەڕاستی هۆڵی چاوەڕوانی ڕۆیی و بە دەستێک قژەکەی ڕێک دەخست و بە دەستەکەی دیکەی کەمەربەندەکەی توند دەکردەوە. ئەوسا وەستا، نیگای بەسەر دوو تەختە چۆڵەکەی وێستگەکەوە وشک بوو. ئاوڕی لای ڕاست و چەپی دایەوە. ئەوسا حایر و حەپەساو هاواری کرد: هەی قوڕی؟ قوڕم بەسەرێدا کرا...!

زمانی بەسترا، وەختایەک وەزمان هاتەوە، گوتی: بە دەستی خۆت گۆڕی خۆت هەڵکەند پیرەمێرد، هەی دزی حەرامزادە. ڕاوەستە بۆم تا دەستم پێت دەگات.

**سێیەم**

**دووشەممە، ٢٠٠٥/٥/٢**

کەمێک پاش سەعات سێی دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووەمی مانگی مایس، ئارامیی شاری مالمشۆپین شێوا، ئەم ئالۆزی و ئاژاوەیە چەند ڕۆژێک درێژەی کێشا، هەوەڵ جار خاتوو ئەلیسی بەڕێوەبەری خانەی پیران، لەجیاتی ئەوەی تووڕە بێت، نیگەران بوو، شاکلیلەکەی کە هەموو دەرگاکانی پێ دەکرایەوە، دەرهێنا؛ چونکە ئاللان ڕێڕەوی هەڵهاتنەکەی نەشاردبووەوە، خێرا دەرکەوت کە خودانی ئاهەنگی لەدایکبوونەکە لە پەنجەرەکەوە خۆی هەڵداشتووە و چووەتە دەرەوە. بە جێپێیەکانیدا دەرکەوت ئاللان چەند ساتێک لە باخچەکەدا و لەنێو وەنەوشەکاندا وەستاوە، پاشان دیار نەماوە.

سەرۆکی شارەوانیی شار (بەڕێوەبەری شارەوانی) بە حوکمی پۆستەکەی، هەستی کرد دەبێت مشورێکی ئەم کابرایە بخوات. بۆیە ئەمری بە کارمەندانی خانەی پیران کرد، کە دووبەدوو وەدەر بکەون و سۆراغی ئاللان بکەن، چونکە ئاللان نەدەکاری زۆر دوور بکەوێتەوە، بۆیە دەبێت پتر فۆکەسیان لەسەر دەڤەرەکانی دەوروبەری خانەکە بێت (خانەی پیران). ئیدی گرووپێک ڕوویان کردە باخچەکە و گرووپێکی دی ڕوویان کردە دوکانی مەیفرۆشییە حکومەتییەکە (خاتوو ئەلیس دەیزانی ئاللان هەندێک جار بۆ مەیکڕین سەردانی ئەو دوکانەی دەکرد). گرووپێکی دوونەفەریی دیکەش چوون بۆ دوکانەکانی دیکەی شەقامە سەرەکییەکەی شار، گرووپێکی دیکەش چوون بۆ هۆڵی کۆبوونەوەکانی شار کە کەوتبووە سەر گردێک.

خودی سەرۆکی شارەوانیی شار، لە خانەکەدا مایەوە تا چاوی لە ڕۆنیشڤانانی دیکەی خانەکە بێت کە ئەوانیش قەلفڕ نەکەن. بیر لەوە بکاتەوە هەنگاوی دواتریان چی بێت. سەرۆکی شارەوانیی شار، ئامۆژگاریی چاودێریکارەکانی کرد زۆر بە ئارامی کار بکەن، چونکە جارێ پێویست نەبوو ئەم پرسە گەورە بکرێتەوە، بکەوێتە سەر زاران و ببێتە مایەی پەشێوی گشتی. سەرۆکی شارەوانی، لەو هەرا و هەنگامەیەدا، ئاگای لەوە نەبوو یەکێک لەو گرووپانەی خۆی بۆ چاودێریکردنی ناردبوو، بریتی بوو لە پەیامنێرێکی لۆکاڵی و وێنەگرەکەی.

***

وێستگەی پاسەکان یەکێک نەبوو لە هەوەڵین ئەو شوێنانەی سەرۆکی شارەوانی دەستووری پشکنینی دابوو، بەڵام لە وێستگەکە، گەنجێکی زۆر تووڕە، لاواز، قژزەردی

قژدرێژی خاوی ڕیشتەنک، بە قەمسەڵەیەکی جینزەوە کە لە پشتەکەی نووسرابوو 'هەرگیز جارێکی دی' هەموو کون و قوژبنێکی وێستگەکە بۆ کابرای پیرەمێرد گەڕابوو، جا چونکە هیچ هەواڵێک نە لە پیرەمێردەکە و نە لە جانتاکەدا هەبوو، کابرای گەنج لێبڕاوانە ڕووی کردە ئەو کونە باجەیەی کە کابرای وردیلە لە پشتیەوە دانیشتبوو، تا هەواڵێکی کابرای پیرەمێرد بزانێت کە بەرەو کوێ ڕۆییوە.

کابرای بلیتفرۆش هەرچەندە زۆر لە کارەکەی ڕازی نەبوو، بەڵام ڕێزی پیشەکەی دەگرت. بۆیە لە وەڵامی ئەو گەنجەدا کە بەردەوام خوتەخوت و بۆڵەبۆڵی بوو، گوتی ئێمە بۆمان نییە تایبەتمەندی و نهێنیی ڕێبواران بە کەس بڵێین، ئەوسا تەکەزی کردەوە کە بە هیچ جۆرێک ئامادە نییە، هیچ زانیارییەک لەمەڕ کابرای پیرەمێرد بە یارۆی گەنج بدات.

یارۆی گەنج بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، ئەوسا پێنج مەترێک بە دەستە چەپدا دوور کەوتەوە، ئەوسا بە هەشتاو ڕووی کردە دەرگای ژووری بلیتفرۆشییەکە، کە دەرگایەکی مکووم نەبوو. ئەو ئەزیەتەی بە خۆ نەدا تا بزانێت دەرگاکە قفڵە یان نا، هەنگاوێک چووە دواوە، گوڕی بەستەوە، تا توانیی لەقەیەکی توندی بە دەرگاکەدا کێشا، هەر پارچەیەکی دەرگاکە بە لایەکدا فڕی و چوو بە ئاسماندا. کابرای وردیلەی بلیتفرۆش تەنانەت فریای ئەوەش نەکەوت گۆشی تەلەفۆنەکە هەڵبگرێت و داوای کۆمەک بکات. یارۆی گەنج گوێی گرت، لە ئەرزەکە بەرزی کردەوە، کابرای بلیتفرۆش، بە حەواوە کەوتە باڵەقژە.

"ڕەنگە من هیچ زانیارییەکم دەربارەی ڕێبواران نەبێت، بەڵام زۆر چاک دەزانم چۆن خەڵکی بهێنمە قسان." یارۆی گەنج دوای ئەو قسانە یارۆی بلیتفرۆشی ئازاد کرد، مێردەکی وردیلە تەپ کەوتە سەر کورسیی ئۆفیسەکەی.

پاشان یارۆی گەنج بە بلیتفرۆشە کورتیلەکەی گوت ئەگەر زانیاریی پێویستی پێ نەدات، خۆی دەزانێت بە چەکوش و بزمار چ بەڵایەک بەسەر گەڵوگونیدا دەهێنێت. هەڕەشەکەی یارۆی گەنج هێندە جیددی بوو کە یارۆی بلیتفرۆش یەکسەر بڕیاری دا هەرچییەک بزانێت پێی بڵێت، بەو جۆرە ددانی بەوەدا نا کابرای پیرەمێرد بە پاسی سترێنگنێس ڕۆییوە، بەڵام لەوە دڵنیا نییە ئاخۆ جانتای پێ بووە یان نا، چونکە لەو خەڵکانە نییە سیخوڕی بەسەر مشتەرییەکانیەوە بکات.

یارۆی بلیتفرۆش، لە قسان وەستا تا بزانێت یارۆی گەنج بەوەندە ڕازییە یان نا، یەکسەر هەستی کرد وا چاکە هەرچییەکی دی لەو بارەیەوە دەزانێت، هەمووی پێ بڵێت. بۆیە گوتی لە مالمشۆپینەوە تا سترێنگنێس دوازە وێستگەی دیکە هەیە، بۆیە کابرای پیرەمێرد دکارێت لە هەر یەکێک لەو وێستگانە دابەزێت. تاقە کەسێک کە

دەیزانی یارۆی پیرەمێرد لە کوێ دابەزیوە، شۆفێری پاسەکە بوو. بەگوێرەی خشتەی کاتی هاتوچۆی پاسەکان، شۆفێری پاسەکە، هەمان ڕۆژ، ئێواریێ سەعات حەوت و دە خولەک لە فلێنەوە دەگەیشتەوە مالمشۆپین.

کابرای گەنج لە لای یارۆی کورتیلەی بلیتفرۆشەوە کە گوێیەکانی دەئێشان، ڕۆنیشت. گوتی: دەمەوێت تۆزێک بیر بکەمەوە.

بیری کردەوە هەر چۆنێک بووە؛ ئەگەر بە خورتییش بووە ژمارە تەلەفۆنی کابرای شۆفێر لە بلیتفرۆشە کورتەبالاکە وەربگرێت، هەنگێ دەیتوانی تەلەفۆن بۆ شۆفێرەکە بکات، پێی بڵێت ئەو جانتایەی بە یارۆی پیرەمێردە، دزیارییە. بەڵام لەو حاڵەدا مەترسیی ئەوە هەبوو یارۆی شۆفێر پۆلیس لە مەسەلەکە ئاگادار بکاتەوە، کە یارۆی گەنج حەزی نەدەکرد پۆلیس لە مەسەلەکە ئاگادار بێت. ئەمە جگە لەوەی پێدەچوو زۆر پێویست بەم کارە هەبێت، چونکە ئەو پیرەمێردەی ئەو بینیبووی، بە ڕادەیەک پیر و زۆرهان بوو کە ئەگەر بیشیویستایە لە وێستگەی سترێنگنێسەوە درێژە بە سەفەری خۆی بدات، بەو جانتا قورسەوە دەبوایە بە شەمەندەفەر، تاکسی یان پاس سەفەر بکات. نەیدەتوانی بە پیادە ئەو جانتا قورسە بەدووی خۆیدا ڕابکێشێت. ئیدی لەو حاڵەدا، شوێنەوارێکی هەر لە پاش خۆی جێ دەهێشت، کەسێک پەیدا دەبوو بە گوێ هەڵیبواسێت و ددان بەوەدا بنێت یارۆی پیرەمێرد بۆ کوێندەر چووە. کابرای گەنج، متمانەیەکی زۆری بە توانای خۆی هەبوو، کە چۆن خەڵکی دەهێنێتە قسان و ئیعترافکرن.

وەختایەک یارۆی گەنج لە بیرکردنەوە و هزرین بووەوە، بڕیاری دا چاوەڕوان بکات تا پاسی ناقبری بزڤڕێتەوە. هەنگێ دەیتوانی بێ هیچ مدارایەک، قسە لەگەڵ شۆفێرەکەدا بکات.

دوای ئەو بڕیارە، دووبارە هەستایە سەر پێیان و لە جێی خۆی ڕاوەستا. ئەوسا ڕووی کردە کابرای بلیتفرۆش و بە هەڕەشەوە پێی گوت نەخەڵەتابیت، ئەم بوویەرە بۆ پۆلیس یان هەر کەسێکی دیکە بگێڕێتەوە، دەنا مەگەر هەر خوا بزانێت چ بەڵایەک بەسەر خۆی و هاوسەرەکەی و منداڵەکانیدا دەهێنێت.

کابرای کورتەبالا ژن و منداڵی نەبوو، بەڵام وێڕای ئەوەش حەزی نەدەکرد چ بەڵایەک بەسەر گوێچکە و گەلۆگونیدا بێت. بۆیە وەکو کارمەندێکی هێڵی ئاسنی نیشتمانی بەڵێنی دا تاقە قسەیەکی لە زار دەرنەچێت.

ئەمە ئەو بەڵێنە بوو کە یارۆی بلیتفرۆش تا ڕۆژی دواتر پێوەی پابەند بوو.

***

گرووپە دوو نەفەرییەکانی چاودێری بۆ خانەی پیران زڤرینەوە و ڕاپۆرتێکیان سەبارەت بە تێبینی و دیدەنییەکانی خۆیان پێشکەش کرد. سەرۆکی شارەوانیی شار، بە تەبیعەت حەزی نەدەکرد پۆلیس لەم مەسەلەیەدا بەشدار بێت، بۆیە لە ناچاریدا کەوتە بیرکردنەوە لە چارەسەری دی. لەم کاتەدا پەیامنێرە لۆکاڵییەکە، زاتی وەبەر خۆ نا و پرسیی: جەنابی سەرۆکی شارەوانی نها بە تەمای چ بکەیت؟

سەرۆکی شارەوانی کەمێک مات بوو، ئەوسا گوتی: بێگومان تەلەفۆنی پۆلیس دەکەم.

مەگەر هەر خوا بزانێت کە یارۆی سەرۆکی شارەوانی چەند لە ڕۆژنامەوانی ئازاد بێزار بوو!

***

وەختایەک شۆفێری پاسەکە بە میرەبانی دەستی بە شانی ئاللاندا کێشا و پێی گوت گەیشتوونەتە وێستگەی بیرینگێ، ئاللان بەئاگا هاتەوە، شۆفێرەکە دوای کەمێک جانتاکەی لە دەرگای پێشەوەی پاسەکەوە بردە دەرەوە. ئاللانیش لە دوای ئەوەوە لە پاسەکە دابەزی.

شۆفێرەکە لە ئاللانی پرسی ئاخۆ بە تەنها دەتوانێت جانتاکەی ببات، ئاللان بەرسڤی دایەوە خەمی نەبێت. پاشان ئاللان سوپاسی شۆفێرەکەی کرد کە یارمەتیی دابوو و وەختایەک پاسەکە دووبارە بە شارێگەکەدا کەوتەوە ڕێ، ئاللان بە نیشانەی خاترخوازی دەستی بۆ شۆفێرەکە تەکان دا.

دارکاژ (سنەوبەر)ە بەرزەکان، بەر هەتاوی گەرمی پاشنیوەڕۆیان گرتبوو، ئاللان بە چاکەتە تەنک و سۆلە سووکەکانیەوە بەرەبەرە هەستی بە سەرما دەکرد. لەو دەوروبەرەدا هیچ تابلۆیەک نەبوو کە لەسەری نووسرابێت شارۆچکەی بیرینگێ چ جای وێستگەی پاس. تەمەشای هەر لایەکی دەکرد، تا چاو بڕ دەکات هەر جەنگەڵ و لێرەوار بوو. تەنها یەک باریکەڕێگەی چەو ڕێژ هەبوو کە بە دەستەڕاستدا دەڕۆی.

ئاللان لەفکران ڕاچوو، ڕەنگە جلوبەرگی گەرم لەناو ئەو جانتایەدا هەبن، کە بە ڕێکەوت دەستی کەوتبوو. بەڵام بە داخەوە جانتاکە قفڵ بوو، دیار بوو بەبێ دەرنەفیز و ئامێرێکی لەو بابەتە هەر هەوڵێکی کردنەوەی بێهودە بوو. بۆیە جگە لە ڕێکردن، هیچ چارێکی دیکەی نەبوو، دەنا هەر لەوێدا لە سەرمادا ڕەق دەبووەوە و دەمرد، بەڵام ئاللان، بەگوێرەی ئەزموونانی پێشووتری خۆی، دڵنیا بوو ئەگەر هەوڵیشی دابا لە سەرمادا بمرێت، هەر نەیدەتوانی بمرێت.

جانتاکە لە سەرێ ڕا، پەتێکی پێوە بوو، هەر کە بەو پەتە ڕاتکێشابا، جانتاکە زۆر بە نەرمی بەسەر پێچکە بچووکەکانیەوە غل دەبووەوە. ئیدی ئاللان، بە هەنگاوی لەرزۆکەوە بە شەقامە بەردەڵانەکەدا کەوتە ڕێ، جانتاکەی بەدووی خۆیدا ڕادەکێشا، ڕێک لە دوایەوە جانتاکە لێرەولەوێ لەسەر زیخ و چەوەکە هەڵدەبەزییەوە.

دوای چەند سەد مەترێک، ئاللان گەییە شوێنێک بە هەموو حیسابێک دەبوا وێستگەی بیرینگێ بێت، بینایەکی چۆڵ، لە نزیکی شوێنێک بوو، بێگومان کاتی خۆی و لە ڕابردوودا وێستگەی ڕێگەی ئاسنی بیرینگێ بووە.

ئاللان لەچاو تەمەنی سەدساڵەی خۆیدا، کەسێکی بەگوڕ و توانایەکی بەدەنی باشی هەبوو، لێ وێڕای ئەوەش زۆر شەکەت بوو. بۆیە لەسەر جانتاکە ڕۆنیشت، تا بەدەم پشووی جەستەییەوە، هزرینی خۆیشی جەم بکاتەوە.

سەمتی چەپی ئاللان، بریتی بوو لە بینایەکی دوو نهۆمیی داڕوخاوی زەردهەڵگەڕاو، ئەمە بینای وێستگەکە بوو. هەموو پەنجەرەکانی نهۆمی خوارەوە بە تەختە داپۆشرابوو. سەمتی ڕاستی، هێڵێکی ئاسنی تەرککراو بوو کە تا دوور دەڕۆی، سکەیەکی ساف، بەکار نەدەهێنرا، دەڕۆیشت و لەناو جەرگەی لێرەوارێکدا ون دەبوو. سروشت و تەبیعەت هێشتا نەیتوانیبوو بەتەواوەتی سکەکە لەناو ببات و ئاسەواری نەهێڵێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ئەوەش ڕووی دەدا.

بە ئاشکرا دیار بوو ڕێکردن بەسەر شۆستە دارینەکەی وێستگەکەدا ئەمین نەبوو، چونکە بە ئەندازەی پێویست مکووم نەبوو، بەڵام لەوسەری شۆستەکە و لەسەر لەوحەکانی ئەوسەر، هێشتا ئەم داخۆیانە دەخوێنرایەوە: "بەسەر ئەم هێڵەدا مەپەڕنەوە". ئاللان بیری کردەوە پەڕینەوە لەو هێڵە ئاسنەدا مەترسیدار نییە، بەڵام مەگەر کەسێک عەقڵی لەدەست دابێت بەسەر ئەو شۆستە و سەکۆ دارینەدا بڕوات؟ بەڵام ئەگەر کەسێک زەڕەیەک عەقڵی هەبێت، بەسەر ئەو شۆستە و سەکۆدارینەدا دەڕوات؟

بەڵام یەکسەر وەڵامی پرسیارەکەی خۆی وەرگرتەوە، چونکە ڕێک لەو ساتەدا دەرگای بینا کۆنە داڕووخاوەکەی وێستگەکە کرایەوە و پیاوێکی هەفتا و چەند ساڵەی کڵاوبەسەر هاتە دەرەوە. بە چەکمە گەورەکانی یارۆی پیرەمێرد، بەوەدا کە تەنها هەست و هۆشی لای ئاللان بوو، تەواو خویا بوو کە کابرا زۆر متمانەی بە تەختەکانی شۆستە و سەکۆکە هەبوو و دڵنیا بوو و دەیزانی تەختەکان ناشکێن. لە هەوەڵەوە هەڵوێستێکی دوژمنانەی هەبوو، بەڵام پاشان، وا دیار بوو هەڵوێستی گۆڕی، پێدەچوو

سەدەمی ئەم هەڵوێستە گۆڕکێیە ئەوە بووبێت بینیی چ بوونەوەرێکی زورهانیی کەلەلا، غەزووی قەڵەمڕەوەکەی ئەوی کردووە.

ئاللان، لەسەر جانتا تازە دزراوەکە ڕۆنیشتبوو، نەیدەزانی چ بڵێت، خۆ ئەگەر بیشیزانیبا چ بڵێت، توانای قسەکردنی نەبوو. لێ نیگای لەسەر کابرای پیرەمێرد گیرسابووەوە. چاوەڕوانی ئەوە بوو ئەو لە هەوەڵەوە شتێک بڵێت.

کابرای کڵاو بەسەر گوتی: تۆ کێیت و لەم وێستگەیەی من چ دەکەیت؟

ئاللان بەرسڤی نەدایەوە. نەیدەزانی یارۆی بەرانبەری دۆستە یان دوژمن. پاشان بیری کردەوە هیچ ماقوول نییە لەم چۆڵەوانییەدا کە هیچ کەسێکی تیا نییە، ئەم تاقە کەسە لە خۆی بڕەنجێنێت. تاقە کەسێک کە دەشیا ڕێگە بە ئاللان بدات بەر لەوەی سەرمای شەو بەسەردا بێت، بچێتە ناو بینای وێستگەکەوە. بۆیە بڕیاری دا بێ چەندوچوون بەسەرهاتەکەی وەکو خۆی بۆ بگێڕێتەوە.

ئاللان، بە کابرای گوت کە ناوی ئاللانە و تەمەنی سەد ساڵی تەواوە. گوتی لەچاو ئەو تەمەنە زۆرەدا هێشتا چالاک و بەگوڕە. هێندە بەگوڕە کە لە خانەی پیران هەڵهاتووە. تەنانەت فریای ئەوەش کەوتووە ئەم جانتایە لە کوڕێکی گەنج بدزێت. گەنجێک کە ڕەنگە نها زۆر لەم بویەرە تووڕە بێت. ئاللان گوتی حاڵی حازر ڕەوشی ئەژنۆکانی زۆر باش نییە و زۆر حەز دەکات پشوویەکیان پێ بدات.

ئەوسا ئاللان بێدەنگ بوو، چاوەڕوانی حوکمی حاکم بوو.

ئیدی کابرای کڵاولەسەر گوتی: کەواتە ئاوها. بزەیەکی کرد و لەسەری ڕۆی: کەواتە دزیشیت؟!

ئەوسا بە نەرمی لەسەر شۆستە و سەکۆی وێستگەکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە و لە ئاللان نزیک بووەوە، تا لە نزیکەوە پیرەمێردی سەدساڵە بدینێت. پرسی: بەڕاستی تەمەنت سەد ساڵە؟ کەواتە دەبێت نها زۆرت برسیبێت؟

ئاللان بە باشی لە قسەکانی کابرا حاڵی نەبوو، بەڵام برسیی بوو. بۆیە لە کابرای پرسیی چ خواردنێک لە لیستی خواردنەکانیدا هەیە، ئایا کەمێک خواردنەوەی بەقوەت دەست دەکەوێت؟

کابرای شەپقەبەسەر دەستی درێژ کرد و خۆی ناساند: یولیوس یونسن. دەستی ئاللانی گرت و هەڵیساند. ئەوسا گوتی بە خۆی جانتاکەی ئاللان دەبات. یولیوس گوتی ئەگەر ئاللان حەزی لێ بێت لە لیستی خواردنەکاندا گۆشتی کەڵەکێوی هەیە، هەڵبەتە تۆزێک مەشروبی بەقوەتیش پەیدا دەبێت، کە بتوانێت لاق و شوێنەکانی تری بەدەنی ئاللان گەرم بکاتەوە.

یولیوس یونسن، چەند ساڵ بوو هاودەمێکی نەبوو کە دوو قسانی لەگەڵدا بکات، بۆیە حاڵی حازر بە دیتنی پیرەمێرد و جانتاکەی زۆر خۆشحاڵ بوو. هەوەڵ جار پێکێک بۆ زرانی یەکەمی، پێکێکی دی بۆ ئەژنۆی دووەمی، پاشان یەکێکی دی بۆ گەردن و پشتی، یەک-دوویەکی دی بۆ کردنەوەی ئیشتیای، هەر هەموو ئەم خواردنەوانە بووە بایسی ئەوەی جەوێکی دۆستانە لە نێوان ئەو دوانەدا بێتە ئاراوە.

ئیدی ئاللان لە یولیوسی پرسی چ کارەیە و بە چی دەژی، یولیوس چیرۆک و سەربوردەی ژیانی خۆی لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوە.

یولیوس لە باکووری سوید لەدایک بووبوو، تاقانەی ئاندێش و ئێلڤینا یونسن بوو. لە مەزرای ماڵباتەکەی خۆیان کرێکاریی کردبوو، هەموو ڕۆژێک بە دەستی بابی لێدانی خواردبوو، چونکە بە قەناعەتی بابی، یولیوس بەکەڵکی هیچ نەدەهات. یولیوس کە تەمەنی گەیشتبووە بیست و پێنج ساڵان، داکی بە نەخۆشیی شێرپەنجە مردبوو -یولیوس هێشتا هەر تازیەباری دایکی بوو- دوای ماوەیەکی کەم بابیشی کە ویستبووی گوێرەکەیەک لە مرداوێک ڕزگار بکات، بە خۆی لە مرداوەکەدا خنکابوو. یولیوس هێشتا هەر خەمبار و داخداری ئەو بویەرە بوو، چونکە گوێرەکەکەی زۆر خۆش ویستبوو.

یولیوسی جەوان، لە کاروباری مەزراداریدا زۆر دەستوپێ‌سپی بوو (لەم ڕووەوە هەق بە بابی بوو) و بە هیچ کلۆجێک حەزی لەو کارە نەبوو. بۆیە جگە لە چەند هێکتار جەنگەڵ، هەرچییەکی هەبووبوو فرۆشتبووی. ئەو چەند هێکتارەشی بۆیە نەفرۆشتبوو، بە خەیاڵی خۆی ڕەنگە لە ڕۆژگاری پیریدا بەکەڵکی بێت. ئیدی چووبوو بۆ ستۆکهۆڵم، لە یەک-دوو ساڵدا هەر پارەیەکی هەبووبوو بەفیڕۆی دابوو، پاشان بۆ دارستان زڤڕیبووەوە.

ئەوسا بە شەوق و زەوقێکی فرەوە بەشداریی لە مناقەسەیەکدا کردبوو، تا پێنجهەزار عامودی کارەبا بۆ کۆمپانیایەکی کارەبای دەڤەری هودیکسڤال دابین بکات، چونکە یولیوس زۆر بە جیددی وردەکاریی باجی سەر کرێی ئەو شتانەی وەرنەگرتبوو، مناقەسەکەی بردبووەوە، تەنانەت توانیبووی بە کۆمەکی دە-دوازدە پەنابەری هەنگاری هەموو عاموودەکان لە کاتی خۆیدا دابین بکات و ڕادەستیان بکات. ئیدی کۆمپانیاکە پارەیەکی زۆریان پێ دابوو، هێندە زۆر کە یولیوس باوەڕی نەدەکرد ئەو هەموو پارەیە لە دنیادا هەبێت.

تا ئەوێندەر هەموو شتێک بە باشی چووبووە پێشەوە، بەڵام ئاریشە و کێشەکە لەمەدا بوو کە یولیوس بۆ ئەم کارە ناچار بووبوو هەندێک ساختەچیاتی بکات. درەختەکانی وی هێشتا بەتەواوەتی باڵایان نەکردبوو، بۆیە ئەو عامودانەی ئەو ڕادەستی کۆمپانیاکەی کردبوو، یەک مەتر لەوە کورتتر بوو کە کۆمپانیاکە داوای

کردبوو. دوور نەبوو کەس هەست بەمە نەکات، لێ بۆ نەگبەتی، ئەو ساڵە هەموو جووتیارەکانی ئەو دەڤەرە سەر و کۆمپاینیان کڕیبوو.

کۆمپانیای کارەبای دەڤەری هودیکسڤال، عامووودەکانی لەناو کێڵگە و مێرگانی دەڤەرەکەدا چەقاند، بەڵام کە وەختی درووێنە هات، لە تاقە یەک بەیانیدا، بیست و شەش کێبڵی کارەبا، بە هۆی بیست و دوو کۆمپانیای تازەوە خرایە خوارەوە و کارەبای دەڤەرەکە بۆ ماوەی یەک هەفتە بڕا، بەروبوومە کشتوکاڵییەکان خەسار بوون و هەموو ئامێرەکانی شیردۆشی لەکار کەوتن. ئیدی زۆری پێ نەچوو ڕووی تووڕەیی خەڵکەکە کە لە هەوەڵەوە ئاڕاستەی کۆمپانیای کارەبای پارێزگا و دەڤەری هودیکسڤال بوو، کرایە سەر یولیوسی گەنج.

دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم ئەو کاتە دروشمی شار 'هودیکسڤالی بەختەوەر' بەسەر زاری زۆربەی خەڵکەکەوە نەبوو. ئیدی ناچار بووم بۆ ماوەی حەوت هەیڤی تەواو لە هۆتێلی شارۆچکەی سوندسڤال خۆ وەشێرم، پاشان پارەکەم تەواو بوو، پێکێکی دی لەم نیعمەتە بەقوەتە هەڵنەدەین؟

ئاللانیش خوا خوای ئەمەی بوو. گۆشتی کەڵەکێوییان لە بیرە هەڵکێشا. نها ئاللان هێندە سەرخۆش و بەکەیف و بەدەماخ بوو، کە دەترسا بەو زوانە بمرێت؛ حەزی نەدەکرد بەو زوانە بمرێت.

یولیوس، درێژەی بە گێڕانەوەی سەربوردەی ژیانی خۆی دا. پاش ئەوەی لەزگ بوو، لە ناوەڕاستی سوندسڤالدا تراکتۆرێک بیکاتە ژێرەوە (شۆفێری تراکتۆرەکە جووتیارێک بوو کە کوشتن لە نیگای دەباری) گەییە ئەو قەناعەتەی خەڵکەکە تا سەد ساڵی دیکە ئەم هەڵە بچووکەی وی ژبیر ناکەن و لێی نابوورن. ئیدی سەری خۆی هەڵگرتبوو و بەرەو باشوور کەوتبووە ڕێ، ماوەیەکی زۆر بەڕێوە بوو، تا ئەنجام لە ماریفرید گیرسابووەوە و ئیدی ماوەیەک ژیانی بە گەندەدزییان بەسەر بردبوو. پاشان لە ژیانی شار بێزار بوو، توانیبووی بەو بیست و پێنج هەزار کرۆنەی کە بە ڕێککەوت شەوێک لە قاسەکەی میوانخانەی گرییپس هولمدا دۆزیبوویەوە، ئەم بینا کۆنەی وێستگەی ڕێگەی ئاسنی بیرینگێ بکڕێت. ئێستاش، لەم وێستگەیەدا، لە ڕێگەی کۆمەکێن حکومەتییەوە، گەندەدزی لە بێشەی هاوسێکانی، لە ڕێگەی فرۆشتنی ئەو تۆزە ڤەخوارنەی کە بە ئامێری دڵۆپاندنی خۆماڵی دروستی دەکرد، لە ڕێگەی فرۆشتنی ئەو شتانەوە کە لە دراوسێکانی دەدزی، ژیان و ڕۆژگاری بەسەر دەبرد. یولیوس، لە درێژەی قسەکانیدا ددانی بەوەدا نا لە دەڤەرەکەدا کەسێکی خۆشەویست نییە. ئاللان، بەدەم پارووگلاندنەوە گوتی: ئەم شتە دیارە.

وەختایەک یولیوس پێشنیازی کرد دوا پێک، وەکو مەزە و بۆ پاشژەم هەڵبدەن، ئاللان گوتی بە تەبیعەت لە ئاستی ئەو جۆرە تەکلیفەدا لاوازە و دەستی کەرەمی پێ ڕەت ناکرێتەوە، بەڵام جاریٚ تەنگاوە و دەبێت بۆ تەوالێت بڕوات، ئەگەر ئەم بینایە تەوالێتی تیا هەبێت. یولیوس، هەستا و گڵۆپی بن میچەکەی هەڵکرد؛ چونکە دنیا بەرەبەرە خەریک بوو تاریک دەبوو. ئەوسا ئاماژەی بۆ لای پلیکانەکە کرد و گوتی لەویٚ، بەدەستە ڕاستدا تەوالێتێکی بێ عەیب هەیە. قەوڵی دا تا ئەو دەگەڕێتەوە، دوو پێکی تازە ئامادە بکات.

ئاللان، بە ڕێنماییەکەی یولیوسدا تەوالێتەکەی دۆزییەوە. بە پێوە کەوتە میزکردن، وەکو هەمیشە دوادڵۆپەکانی میزەکەی نەگەیینە ناو حەوزی تەوالێتەکە و بە سۆلە میزاوییەکانیدا ڕژان.

ئاللان، هێشتا لە ناوەڕاستی میزکردنەکەیدا بوو کە لە سەمتی پلیکانەکەوە گوێی لە دەنگێک بوو. یەکەم بیرێک کە بە مێشکیدا هات ئەوە بوو کە پێدەچێت یولیوس دەستی دابێتە جانتا تازە دزراوەکە و بیەوێت هەڵبێت، بەڵام دەنگەدەنگەکە بەرزتر بووەوە، پێدەچوو کەسێک بیەوێت بە پلیکانەکاندا سەر بکەوێت.

ئاللان لەفکران ڕاچوو، لەگینە دەنگی ئەو هەنگاوانە، دەنگی پێی کوڕە گەنجە زەلامە قژدرێژە قژزەردە شێواوەکە بێت، ئەو کوڕەی لە پشت قەمسەڵەکەی نووسرابوو 'هەرگیز جارێکی دیٚ' ئەگەر ئەو کوڕە بێت، باوەڕ ناکرێت بەرخوردەکەیان بەخێر بگەڕێت.

***

پاسەکە، لە گەڕانەوەدا، لە سترێنگنێسەوە بۆ وێستگەی مالمشۆپین سیٚ خولەک زووتر لە کاتی دیارکراودا گەیشتەوە. هیچ نەفەرێکی هەڵنەگرتبوو، بۆیە شۆفێرەکە برێک زۆرتر گازی دابوویە و تۆزێک زووتر گەیبووە مالمشۆپین. تا بەر لەوەی بەرەو فلێن بڕوات، کەمێک پشوو بدات.

لیٚ لە وێستگەی مالمشۆپین، شۆفێرەکە هێشتا جگەرەکەی پیٚ نەکردبوو کە گەنجێکی تۆکمەی زەلامی قژدرێژ، چەور، زەرد و ڕدێنتەنکی شێواوی لیٚ پەیدا بوو، قەمسەڵەیەکی جینزی لەبەردا بوو کە لە پشتەکەی نووسرابوو 'هەرگیز جارێکی دیٚ'. هەڵبەتە شۆفێرەکە وشە نووسراوەکانی سەر قەمسەڵەکەی نەدەبینی، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو وشانەی بەسەرەوە بوو.

شۆفێرەکە بە دوودڵییەوە پرسیی: بۆ فلێن دەڕۆیت؟ دوودڵییەکەی لەبەر ئەوە بوو کە سەر و سیمای گەنجەکەی بە لاوە ئاسایی نەبوو.

گەنجەکە گوتی: من بۆ فلێن ناڕۆم. تۆش ناڕۆیت.

چوار سەعات مانەوە لەو وێستگەیە و چاوەڕوانکردنی گەڕانەوەی پاس، لە توانا و تەحەمـــوولی ئەو گەنـــجە بەدەر بـــوو. دوای ئەوەی دوو دانە ســـەعات لە وێســـتگەکە چاوەڕوانی کردبوو، ئەوسا بیری کردەوە ئەگەر هەر ئەو کاتە ئۆتۆمبێلێکی دزیبا و دوای پاسەکە کەوتبا، دەیتوانی زۆر زووتر لەوەی پاسەکە بگەیشتایەتە سترینگنێس، خۆ بگەیەنێتە پاسەکە.

وێرای هەموو ئەمەش، نها ئۆتۆمبێلی پۆلیس بەناو شار کەوتبوون، بە سەرانسەری شـــارۆچکەکەدا دەســـوڕانەوە. ئەگەری ئەوە هەبـــوو، لە هەر ئـــان و ســـاتێکدا گـــوزەری یەکێـک لەو پۆلیســـانە بکەوێـتە وێســـتگەکە و بە دیتنـــی بلیتفرۆشـــە کورتەبـــاڵاکە، بەو شڕوشـــەپڕێوییەوە، بەو حـــاڵەوە کە دەرگـــای ژوورەکەی شـــکابوو و لە گرێـــژنە دەرچووبوو، لەوە بوو بیگرنە بەر پرسوجۆ.

کـوڕە گەنـجەکە، بە هـیچ جۆرێـک نەیـدەزانی چمـا پۆلیسـی مالمشـۆپین ڕژابـوونە دەرەوە. بەڕێوبەری کوڕە گەنجەکە لە 'هەرگیز جارێکی دی' لەبەر سێ هۆ مالمشۆپینی بۆ هێنان و بردنە دراوییەکەی هەڵبژاردبوو: یەکەم: چونکە لە ستۆکهوڵمەوە نزیک بوو، دووەم: لە ڕووی ئامێری هاتوچۆوە تا ڕادەیەک باش بوو، سێیەم: کە گرنگترین سەدەم بـوو؛ چـونکە بـاڵی درێـژی یاسـا هێنـدە درێـژ نەبـوو بە ئاسـانی بگـاتە ئەوێنـدەر. بە کورتییەکەی مالمشۆپین هیچ پۆلیسێکی نەبوو.

خۆ ئەگەر بمانەوێت لە قسەکانماندا وردتر بین: نەدەبوو لەو شارەدا پۆلیس هەبێت، کەچـی نهـا شـارەکە لە پۆلیسـدا جـمەی دەهـات. پیـاوە گەنـجەکە بە چـاوی خـۆی دوو نەجدەی (ئۆتـۆمبێلی پـۆلیس) بە چـوار پۆلیســەوە بینیبـوو؛ بە لای ئەوەوە ئەم ژمـارەیە ئێجگار زۆر بوو.

گەنجەکە، لە هەوەڵەوە لای وا بوو ئەو پۆلیسانە لەژێر چاودێریی ئەودان، بەڵام ئەم ئەگەرە لە حاڵێکدا دروست دەردەچوو، کە ئەگەر یارۆی بلیتفرۆش هـاواری بـۆ پـۆلیس ببردایە و سکاڵای تۆمار بکردایە کە ئەگەرێکی دوور بوو، چونکە گەنـجەکە بە درێژایـی ئەو ماوەیەی چاوەڕوانی گەڕانەوەی پاسـەکە بـوو. بەردەوام چـاوی لەسـەر بلیتفرۆشـە کورتەباڵاکە بوو، یەکەم تەلەفۆنەکەی وردوخاش کردبوو، پاشان دەرگاکەی بە جۆرێک چاک کردبووەوە کە بە باشی دابخرێت و بە ئاسانی نەکرێتەوە.

ئەنجـام، کە پاســەکە هــاتبووەوە و گەنــجەکە بینیبــووی هــیچ نەفەرێکــی پــێ نیـیە، یەکسەر بڕیاری دابوو پاسـەکە و شـۆفێرەکە بڕفێنێت. ناچـارکردنی شـۆفێرەکە بەوەی پێچ بکـاتەوە و دووبـارە بەرەو بـاکوور بکەوێـتە ڕێ، هەر هەمـووی بیسـت چرکەیەکـی

خایانـد. گەنـــجەکە لەســـەر هەمـــان کورســـی دانیشـــت کە هەر ئەو ڕۆژە پیرەمێـــردە سەدساڵییەکەی، ئەم نها چاودێریی دەکرد، لەسەری دانیشتبوو.

شـۆفێرەکە لە ترسـدا هەڵـدەلەرزی، بەڵام بـۆ ئەوەی خـۆی هێـور بکـاتەوە، بـلەز جگەرەیەکـی پـێ کـرد. هەڵـبەتە جگەرەکێشـان لەنـاو پاسـدا قەدەغە بـوو، بەڵام تـاقە یاسـایەک کە لەم سـاتەدا شـۆفێرەکە پابەنـدی بـوو، ئەو گەنـجە بـوو کە لە پشـتیەوە ڕۆنیشتبوو، گەنجێکی تۆکمە، زەلام، قژدرێژ، قژزەردی قژچەوری پەرێشـان، ڕدێنتەنک، قەمسەڵەیەکی لەبەر بوو، لە پشتەکەی نووسرابوو 'هەرگیز جارێکی دی'.

گەنـــجەکە، لە ڕێـــگە لە شـــۆفێرەکەی پرســـیی پیرەمێـــردە جانتـــا دزەکە لە کـــوێ دابەزیبوو. شۆفێرەکە گوتی: پیرەمێردەکە لە وێستگەی بیرینگێ دابەزی. لەوە دەچوو خوا بەختەکی دابەزی بێت. پاشان بۆی ڕوون کردەوە پیرەمێردەکە چۆن بە پێچەوانەی هەمـوو خەڵکیـیەوە، یەک ئەسکەناسـی پەنجـا کرۆنـی پـێ دابـوو و لێـی پرسـیبوو بەو پارەیە دەتوانێت بگاتە کوێ؟

شـۆفێرەکە شـتێکی ئەوتـۆی لەسـەر وێسـتگەی بیرینگێ نەدەزانی، تەنها ئەوەنـدەی دەزانی زۆر بە دەگمەن ڕێک دەکەوت کەسێک لەوێ سوار بێت یان دابەزێت. پێدەچوو لەو ناوە وێستگەیەکی چۆڵی شـەمەندەفەر هەبێت. کەوتبووە نـاو بێشـەیەکەوە، گونـدی بیرینگێش لە دەوروبەری بێشەکە بوو. شۆفێرەکە پێی وا بـوو پیرەمێردەکە نەیدەتوانی لە وێسـتگەکە هێـوەتر بـڕوات، چـونکە یەکەم کـابرایەکی زۆر پیـر بـوو، دووەم جانتـاکە هەرچەند ڕەوڕەوی لەژێردا بوو، بەڵام بۆ تەمەنی ئەو قورس بوو.

گەنـجەکە هەر کە گـوێی لەو قسـەیە بـوو، یەکسـەر هێـور بـووەوە. خەیـاڵی ڕەحەت بوو، چونکە ئیدی پێویسـت نەبوو، پەیوەنـدیی بە سـەرۆکەکەیەوە لە سـتۆکهۆڵم بکـات. سـەرۆکەکەی لەو خەڵـکە دەگمەنـانە بـوو کە دەیتـوانی لەو زیـاتر خەڵکـی بترسـێنێت. گەنجەکە لە بیری ئەوەدا بـوو ئەگەر سـەرۆکەکەی بە ونبوونی جانتـاکە بزانێت، مەگەر هەر خوا بزانێت چ بەرخـوردێکی لەگەڵدا دەکـات، لەرزی لـێ هـات. بۆیە چـاکتر وا بـوو یەکەم جار ئەم ئاریشـەیە چارەسـەر بکـات، پاشـان پەیوەنـدیی بە سـەرۆکەکەیەوە بکـات. نها کە بـۆی دەرکەوتبـوو یـارۆی پیرەمێـرد تـا سـترێنگنێس نەڕۆیشـتووە، ئەگەری ئەوە هەبوو بە زووترین کات جانتاکە وەدەست بهێنێتەوە.

"فەرموو ئەمەش وێستگەی پاسەکان لە وێستگەی بیرینگێ..."

شۆفێرەکە، بە ئەسپایی پاسـەکەی لە قەراخ ڕێگەکەوە ڕاگرت و ئامادەی مـردن بـوو، دەرکەوت جارێ ئەجەلی نەهاتووە، بەڵام مۆبایلەکەی بە ئەندازەی خۆی بەختـی نەبـوو، چـونکە کەوتە ژێـر پێـی گەنـجەکەوە و زوو مـرد. ئەوسـا گەنـجەکە کەوتە هەڕەشـە لە

شـۆفێرەکە، ئەگەر لەجیـاتی بـادانەوە و ڕۆیشـتن بەرەو فلێن، پۆلیس ئاگـادار بکـاتەوە، دەبێت خۆی و هەموو کەسوکارەکەی چاوەڕوانی تۆڵەی ئەم و مەرگی خۆیان بن.

پاشـان لە پاسـەکە دابەزی و ڕێـگەی بە شـۆفێرەکە و پاسـەکە دا بـڕۆن. شـۆفێری داماو، بە جۆرێک تۆقیبوو کە جورئەتی نەکرد پێچ بکاتەوە، بۆیە ڕاستەوڕاست بەرەو سـتریێنگنێس کەوتە ڕێ. پـاش ئەوەی گەیـیە ئەوێنـدەر، پاسـەکەی لە شـەقامی ترێدگۆردسگاتان ڕاگرت و بە پەشۆکاوی خۆی بە هۆتێلی دیلیادا کرد، بلەز چوار پێک ویسکیی هەڵدا. پاشـان بە جۆرێک کە بـارمەنەکە ترسـا، دەستی بە گریـان کـرد. دوای دوو پێک ویسکیی دی، بـارمەنەکە پێشـنیازی کـرد ئەگەر دەیەوێت پەیوەنـدیی بە هەر کەسێکەوە بکات، دەتوانێت تەلەفۆنەکەی ئەوێ بەکـار بهێنێت. شـۆفێرەکە دووبـارە لە هۆڕژنی گریانی دایەوە، پاشان تەلەفۆنی بۆ دۆستە کچەکەی کرد.

***

گەنـجەکە هەسـتی کـرد دەتوانێت شـوێنپێی پیرەمێـردەکە لەسـەر ڕێـگە بەردەڵان و لـمەڵانەکە هەڵبگرێـت. لەڕاسـتیدا شـوێنی پـێچکەی جانتـاکەی دۆزیبـووەوە. کەواتە ئەم چاودێریکردنە زۆری نەدەخایاند، ئەمە زۆر باش بوو، چونکە دنیا خەریک بـوو تاریک دەبوو. گەنجەکە بەدەم ڕێکردنەوە، بیری لەوە دەکردەوە خۆزیا بەر لە هـاتن نەخشـە و بەرنـامەیەکی زیـاتری دادەڕشـت. لەناکـاودا خـۆی لە نـاوجەرگەی بێشـەیەکی تاریکـدا بینییەوە، کە ساتبەسات تاریک و تاریکتر دەبوو، دەبوا چ بکات و تەگبیری چییە؟

ئیـدی وەختـایەک چـاوی بە بینـایەکی زەردی داڕزاوی خـوار گـردێکەوە کەوت کە هەموو پەنجەرەکانی بە تەختە قەپات کرابوون، وەخۆ هـاتەوە و هەمـوو نیگەرانییەکـانی ڕەوییـەوە و زەینـی ئاسـوودە بـوو. وەختـایەک کەسـێک گڵۆپەکـانی نهـۆمی دووەمـی بینـاکەی هەڵکـرد، گەنـجەکە لە بـن لێـوانەوە گـوتی: "تـازە ئیـدی لەدەسـتم دەرناچێت پیرەمێردی مردەلۆخ".

***

ئاللان لە جێی خۆی وشک بوو. ئەوسا بە هێمنی دەرگای تەوالێتەکەی ڤەکرد و گوێی هەڵخسـت تـا بزانێت لە مـووبەقەکە چ باسـە. زۆری نەبرد بـۆی دەرکەوت ئەو شـتەی لێـی دەترسـا ڕووی دابـوو. ئـاللان، دەنگـی کـوڕە گەنـجەکەی ناسـییەوە. گەنـجەکە بە تـووڕەیی یولیوس یونسنی بەگیر هێنابوو و دەیپرسی: "پیرەمێردە خوێڕییەکەی دی کوا؟"

ئاللان، بەکاوەخۆ خۆی گەیاندە بەر دەرگای موبەقەکە، چونکە سۆلی سـەر فەرشـی لەپێدا بـوو، دەنگـی پێـی نەدەهـات. کـابرای گەنـج بە هەمـان شـێوە کە لەگەڵ بلیتفرۆشـە

کورتەباڵاکەی وێستگەی مالمشۆپیندا ڕەفتاری کردبوو، گوێچکەی یولیوسی گرتبوو و لە عاردی بەرزی کردبووەوە. یولیوسی داماوی بەگیر هێنابوو، وەکو فەرخە چۆلەکە سەمای پێ دەکرد و چاودێریی دەکرد. ئاللان پێی وا بوو نها کە جانتاکە بە دەقی خۆیەوە لە ناوەندی ژوورەکەدایە، یارۆی گەنج دەبێت بە دۆزینەوەی خۆشحاڵ بێت. یولیوس، چاوی نوقاندبوو، ئازار بە سیمایەوە دیار بوو، بەڵام خەیاڵی وەڵامدانەوەی نەبوو. ئاللان، لەفکران ڕاچوو، ئەم کابرا دارفرۆشە چەند پیاوێکی سەرسەختە. ئەوسا تەمەشایەکی دەوروبەری کرد تا بتوانێت چەکێکی گونجاو پەیدا بکات. لەنێو ئەو شەخەڵ و شتانەدا کە لەوێ کەڵەکە بووبوون، چەند ئامێرێکی گونجاوی بەرچاو کەوت، لەوانە: لۆسەیەک، پارچە لەوحێک، قوتوویەک ژەهری مێرووکوژ، بەستەیەک مەرگەمووش. ئاللان، هەوەڵ جار لەسەر مەرگەمووشەکە گیرسایەوە، لێ پاشان چەند بیری کردەوە، ڕێگەیەکی نەدۆزییەوە کە یەک-دوو مراکان دەرخواردی گەنجەکە بدات. لۆسەکەش بۆ پیاوێکی سەدساڵە برێک قورس بوو. قوتووە ژەهرە مێرووکوژەکەش... نەخێر، تەنها پارچە لەوحەکە بەکەڵکی ئەم کارە دێت.

ئاللان لەوحەکەی هەڵگرت و بە چوار هەنگاوی بلەز -هەڵبەتە لەچاو تەمەنی خۆیدا- خۆی گەیاندە پشت قوربانییەکەیەوە.

دیار بوو گەنجەکە هەستی بە هاتنی ئاللان کرد، چونکە ڕێک لەو کاتەدا کە پیرەمێرد لەزگ بوو دەستی خۆی بوەشێنێت، گەنجەکە یولیوسی بەر دا و ئاوڕی دایەوە. لەوحە دارەکە بەر ناوەندی هەنیەی گەنجەکە کەوت، گەنجەکە بۆ ساتێک وەستا و چاوی بڕیە ئاللان، ئەوسا بە پشتدا کەوت و بەدەم کەوتنەوە سەری بەر قەراخی مێزی مووبەقەکە کەوت. نە هیچ خوێنێکی لێ هات، نە هیچ ناڵەیەکی لێ بەرز بووەوە. ئیدی بە چاوی نوقاوەوە لەو گۆڕە کەوت.

یولیوس گوتی: جەزرەبەیەکی چاک بوو. دەست خۆش.

ئاللان گوتی: سوپاس، کوا ئەو پێکەی قەولت پێ دابووم؟ کەوا ئەو شیرینییەی قەولت دابوو؟

ئاللان و یولیوس لە دەوری مێزی مووبەقەکە ڕۆنیشتبوون و گەنجە قژدرێژەکەش بە بێهۆشی لەبەر پێیاندا و لەسەر ئەرزەکە کەوتبوو. یولیوس پێکێک براندی بۆ ئاللان تەژی کرد، هەنگێ ڕاوەستا تا بە سەلامەتی ئەو بخواتەوە. ئاللانیش پێکەکەی بە سەلامەتی ئەو بەرز کردەوە.

وەختایەک پێکەکانیان هەڵدا، یولیوس گوتی: من گرێو دەکەوم ئەم یارۆیە خاوەنی جانتاکەیە، وایە؟

ئـــاللایش، هەســـتی کـــرد ئیـــدی وەختـــی ئەوە هـــاتووە یەک-دوو بابەتێـــک بە دووردرێژی بۆ یولیوس بگێڕێتەوە.

هەڵبەتە ئاللان ڕوونکردنەوەیەکی زۆری پێ نەبوو، چونکە درککردنی زۆربەی ئەو واریقاتانەی ئەو ڕۆژە ڕوویان دابوو، بۆ خودی ئاللانیش ئەستەم بوو. وێڕای ئەوەش هەمـوو شـتێکی لە سـیری تـا پیـازی گێـڕایەوە: هەڵهـاتن لە خـانەی پیـران، دزینـی ڕێکەوتەکـی جانتـاکە لە وێسـتگەی مالمشـۆپین، هەروەهـا ترسـی بەردەوامـی ئەگەری ئەوەی هەمـان ئەو گەنـجەی نهـا بە بێهۆشـی لە ئەرزەکەدا کەوتبـوو، لە دوائەنجامـدا بیدۆزێتەوە و بەگیری بهێنێت. ئەوسا لە کانگای دڵەوە تەوازی بۆ یولیوس هێنایەوە کە بە هـۆی ئەوەوە، بە گـوێچکەی سـوورەوەبووەوە، لە هەنـبەر ئەودا ڕۆنیشـتبوو، بەڵام یولیوس گوتی پێویست بە عوزرخوایی ناکات، ئەم شتانەش ڕوو دەدەن.

یولیـوس، ئیـدی وەخـۆ هـاتبووەوە. پێـی وا بـوو نهـا باشـترین وەخـت بـوو کە بە دووقۆڵی تەمەشایەکی ناو جانتاکە بکەن. کە ئاللان گوتی جانتـاکە قفڵە، یولیـوس گوتی خۆی کەر نەکات. یولیوس پرسیی: چما تا نها هیچ قفڵێک توانیویەتی لە یولیوس یونسن عاسی بێت؟

ئەوسا لەسەری ڕۆی، لێ هەر کارێک وەختی خۆی هەیە. ئێسـتا دەبێت بیرێک لەو بەڵایە بکەنەوە کە درێژاودرێـژ لەسـەر ئەرزەکە کەوتـووە. ئەگەر ئەو گەنـجە وەهـۆش بێتەوە و بەردەوام بێت لەسـەر ئەو کـارەی بە نیـوەچڵی مـایەوە، ڕەوشـەکە زۆر خـراپ دەبێت، ڕیسەکەیان لێ دەبێتەوە بە خوری.

ئـاللان، پێشـنیازی کـرد گەنـجەکە بەرنە دەرەوە و بە درەختێکـیەوە ببەسـتنەوە. لـێ یولیـوس قایـل نەبـوو و گـوتی ئەگەر گەنـجەکە وەهـۆش بێـتەوە و هـاوار بکـات، خەڵکـی گوندەکە گوێیان لە دەنگی دەبێت. ڕاستە تەنها چەند ماڵباتێکی کەم لەوێندەر دەژیان، بەڵام هەر هەموویـان -هەریەکەیـان بە بیـانوو و هەنجەتـێکەوە- سـووکە ڕقێکیـان لە یولیـوس هەبوو، بۆیە ئەگەر ئەم هەلەیان بۆ هەڵکەوتبا بێگومان تای گەنجەکەیان دەگرت.

یولیـوس، بیرۆکەیەکـی باشـتری هەبـوو. لە پشـت مـووبەقەکەوە ژوورۆچکەیەکـی ئەلاحەدە هەبوو، ئەمە فرێزەرێکی تیا بوو گۆشتی ئەو کەڵەکێوییانەی تیا هەڵدەگرت کە بە قاچاغ ڕاوی دەکردن، لەو ژوورە سەری دەبڕین و کەوڵی دەکردن. حاڵی حازر هیچ کەڵاکێکی کەڵەکێویی تیـا نەبـوو، بـۆیە یولیـوس مـاتۆری فرێـزەرەکەی کوژانـدبووەوە، چونکە ماتۆری فرێزەرەکە کارەبای زۆر سەرف دەکرد، ئیدی یولیوس دڵی نەدەهات لە خـۆڕایی مـاتۆری فرێـزەرەکە هەڵبکـات، هەڵـبەتە یولیـوس، کارەبـای فرێـزەرەکەی لە ڕێـگەی وایەرێکـی پەنهـانەوە دەدزی، لەڕاسـتیدا یۆسـتای خـودان مەزرای 'سـکوگس

تۆرپ' بەبێ ئەوەی بەخۆ بزانێت، پارەی کارەبای ساردخانەکەی یولیوسی دەدا، بەڵام بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر سوود لە کارەبای دزیاری وەربگرێت، دەبێت بڕێک دەست بە کارەباوە بگرێت.

ئاللان، سەرێکی ژووری فریزەرەکەی دا، سلولێک (ژووری ئینفرادی) بوو لەو گۆڕە، هیچ شتێکی زیادەی تیا نەبوو، ئەم ژوورۆچکە دوو بە سێ مەترە لە گەنجەکە سەروزیاد بوو، بەڵام پێویست بەوەش نەبوو، سەختگیرییەکی زۆری لەگەڵدا بکەن.

جووتە پیرەمێرد، گەنجەکەیان بە ڕاکێشان بردە ناو ژوورەکە. وەختایەک گەنجەکەیان خستە سەر کۆمەدییەکی هەڵەوگێڕاو و پشتیان دا بە دیوارەکەوە، ناڵەیەکی لێ بەرز بووەوە. پێدەچوو بیەوێت وەهۆش بێتەوە، بۆیە دەبوا پەلە بکەن، زوو بێنە دەرەوە و دەرگاکە بە باشی قفڵ بدەن!

بلەز دەرگاکەیان داخست. یولیوس جانتاکەی هەڵگرت و لەسەر مێزی مووبەقەکەی دانا و تەمەشایەکی قفڵەکەی کرد. ئەوسا ئەو چنگاڵەی کە تۆزێک لەوەپێش شێوی گۆشتی کەڵەکێوی و پەتاتەی پێ خواردبوو، جوان لستەوە تا پاک ببێتەوە، لە زەرفی چەند چرکەیەکدا قفڵی جانتاکەی کردەوە. ئەوسا ئاماژەی بۆ ئاللان کرد بڕواتە پێشەوە و بە چاوی خۆی ڤەبوونی قفڵی جانتاکە ببینێت، چونکە بە هەموو حاڵ و حیسابێک جانتاکە دەستکەوتی ئاللان بوو.

ئاللان گوتی: هەموو شتێکی من هیی تۆشە. هەرچییەک لە جانتاکەدا بێت، برابەش بەشی دەکەین، بەڵام ئەگەر جووتێک پێڵاوی پڕ بە پێی منی تیا بوو، ئەوا بۆ من دەبێت.

بەو مەرجە ئاللان قفڵەکەی کردەوە و گوتی: ئەی خوایە!

یولیوس گوتی: ئەی خوایە.

دەنگی هاوارێک لە قوڵی ساردخانەکەوە هات: لێرەم دەربێنن.

## چوارەم

## ١٩٠٥ – ١٩٢٩

ئاللان ئێمانیۆل کارلسون ١٩٠٥/٥/٢ لەدایک بووە. ڕۆژی پێشتر دایکی لە ڕێپێوانێکی شاری فلێندا بەشداریی کردبوو، داوای مافی دەنگدانی ئافرەتان و هەشت سەعات کاری ڕۆژانە و هەموو داخوازییەکی کۆمەڵگەی ئایدیالیی ژنانی کردبوو. ئەم ڕێپێوانە بە لای کەمەوە یەک ئەنجامی ئەرێنیی لێ کەوتەوە: ژان و ژاری منداڵبوونی لێ بەدیار کەوت، کەمێک پاش نیوەشەو، یەکەمین و منداڵە تاقانەکەی کە کوڕ بوو،

لەدایک بوو. منداڵەکەی لە ماڵەوە و بە کۆمەکی ژنێکی دراوسێیان هێنابووە دنیا. هەڵبەتە ئەو ژنەدراوسێیەیان، شارەزاییەکی ئەوتۆی لە کاری مامانیدا نەبووبوو، بەڵام لەنێو ئافرەتاندا پێگە و پایەیەکی تایبەتیی هەبوو، چونکە لە تەمەنی نۆ ساڵیدا، شەرەفی ئەوەی پێ بڕابوو بە خزمەتی پاشا یوهان کارلی چوارەم بگات، ئەم کارل پاشایە، دووراودوور هاوڕێی ناپلیۆن پۆناپارت بوو. جا ئەگەر هەندێک بە ویژدان و ئینسافەوە باسی ئەو ژنە جیرانە بکەین، دەبێت بڵێین ئەو منداڵەی بە کۆمەکی ئەو لەدایک بوو، نەک هەر ژیا و گەورە بوو، بەڵکو عومرێکی لە ڕادەبەدەر درێژیشی کرد.

بابی ئاللان کارلسونیش پیاوێکی بەسۆز و لە هەمان کاتدا زۆر توندە تەبیعەت بوو، زۆر مدارای ئەندامانی ماڵباتەکەی دەکرد، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگە و لە هەر کەسێک کە نوێنەرایەتیی ئەو کۆمەڵگەیەی کردبا، تووڕە و پەست بوو. هەڵبەتە زۆربەی خەڵکە باشەکە، لەگەڵ ڕاوبۆچوونی بابی ئاللاندا نەبوون. ئەو دڕدۆنگی و نەبانییە دەگەڕایەوە بۆ ئەو کاتەی جارێک لە مەیدانی شاری فلێندا وەستابوو و بانگەوازی بۆ بەکارهێنانی حەبی مەنع کردبوو، لەبەر ئەو کارە ناپەسەندەی دە کرۆنیان غەرامە کردبوو، بەڵام دواتر بویەرێک هاتبووە پێشەوە کە چیتر نیگەرانی مەنع نەبێت؛ دایکی ئاللان لەناکاودا و لە شەرمەزاریدا بڕیاری دابوو چیتر لەگەڵیدا نەخەوێت. ئاللان، ئەو کاتە تەمەنی شەش ساڵان بوو، عەقڵی بەوە دەشکا کە لە دایکی بپرسێت چما و بۆچی لەناکاودا قەرەوێڵەکەی بابی بۆ عەماری ئیزینگەکە گواسترابووەوە. وەڵامەکەش ئەوە بوو ئەگەر دڵی نایەوێت گوێی ڕابکێشرێت، وا چاکە ئەو پرسیارانە نەکات. ئاللانیش کە وەکو منداڵانی هەموو سەردەمەکان، نەیدەویست گوێی بێتە ڕاکێشان، ئیدی ئەو بابەتەی فەرامۆش کرد.

لەو ڕۆژە بەدواوە، حزووری بابی ئاللان لە ماڵی خۆیدا، بەرەبەرە کاڵ و کاڵتر بووەوە. بە ڕۆژەوە، خەریکی کاری خۆی بوو لە سکەی شەمەندەفەر. عەسرانیش، لە کۆڕ و کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکاندا بەشداریی ئەو گەنگەشانەی دەکرد کە سەبارەت بە سۆسیالیزم ئەنجام دەدران، بەڵام ئاللان، بە هیچ جۆرێک نەیدەزانی بابی شەوانی لە کوێ دەگوزەراند، بەڵام بابی، زۆر بە جیددی بەرپرسیارێتیی دارایی خێزانەکەی دەکێشا. تا ئەو ڕۆژەی لە سکەی شەمەندەفەرەکە فنیش کرا، هەموو هەفتەیەک زۆربەی مووچەکەی دەدایە ژنەکەی. سەدەمی فنیشکردنەکەشی ئەوە بوو کە لەگەڵ ڕێبواراندا بەشەڕ هاتبوو. ئەو ڕێبوارە بە بابی ئاللانی گوتبوو لەگەڵ هەزاران نەفەری دیدا بەرەو ستۆکهۆڵم دەچێت، تا لە کۆشکی پاشایەتیدا، بە دیداری پاشا مشەڕەف ببن و دڵنیای بکەنەوە ئامادەن بەرەڤانی لە خاکی باب و باپیرانیاندا بکەن. بابی ئاللان

گوتبووی: تۆ جارێ وەرە بەرەڤانی لە خۆت بکە... بەدەم ئەو قسەیەوە و بە دەستی ڕاست مستێکی ئەوتۆی بە ڕێبوارەکەدا کێشابوو کە تەختی زەوی بووبوو.

ئیدی فنیشکردنی بابی ئاللان بەو مانایە بوو ئیدی نەیدەتوانی خەرجیی ماڵباتەکەی بکێشێت، هەروەها شۆڕەتی تووڕەیی و پشتیوانیی وی لە مەنعی حەمل، کردیانە کارێک کە بە ئاسانی کارێکی دیکەی دەست نەکەوێت. ئیدی هیچ چارێکی نەبوو جگە لەوەی دەستەوئەژنۆ دابنیشێت و چاوەڕوانی هەڵگیرسانی شۆڕش بکات، یان بە خۆی هەوڵی خێراکردنی ڕوودانی شۆڕش بدات، چونکە لەو دەورزەمانەدا هەموو شتێک بە خاوی دەچووە پێشەوە. بابی ئاللان، لەو پیاوانە بوو حەزی دەکرد بە چاوی خۆی ئەنجامی بویەرەکان ببینێت. سۆسیالیزمی سوێدی پێویستی بە نموونەیەکی جیهانی هەبوو. نموونەی جیهانی دەیتوانی ئاگری هەموو بویەرەکانی دواتر خۆش بکات. ژیان لە جەنابی گوستافسونی جوملەفرۆش و هەموو سەرمایەدارەکانی وەکو ئەو بکات بە دۆزەخ.

ئیدی بابی ئاللان، جانتای پێچایەوە و چوو بۆ ڕووسیا تا تزار بڕووخێنێت. هەڵبەتە داکی ئاللان، لەو خەرجییە بێبەش بوو کە هاوسەرەکەی پێی دەدا، بەڵام لە لایەکی دیەوە بەوە خۆشحاڵ بوو کە مێردەکەی نەک هەر لەو دیار و دەڤەرە نەمابوو، بەڵکو وڵاتیشی بەجێ هێشتبوو. دوای ڕۆیشتنی نان پەیداکەری خێزانەکە، ئیدی خەرجیی خێزانەکە کەوتە ئەستۆی دایکەکە و ئاللان کە ئەو کاتە تەمەنی دە ساڵان بوو. دایکی ئاللان، چوارده درەختی سپیداری هەبوو، کە تەواو گەورە بووبوون، دارەکانی بە بڕینەوە دا، بە خۆیشی شکاندنی تا وەکو ئیزینگ بیفرۆشێت. ئاللانیش بە کرێ و مووچەیەکی کەم بە شاگردی لە لقی کۆمپانیایەکی نیتروگلیسیریندا دەستبەکار بوو.

دایکی ئاللان، لە میانی ئەو نامانەوە کە هاوسەرەکەی پەیتا پەیتا لە سان پترسبورگەوە (کە دوای ماوەیەکی کەم ناوەکەی بۆ پتروگراد گۆڕدرا) دەیناردن، بۆی دەرکەوت باوەڕی بابی ئاللان بە سۆسیالیزم بەرەبەرە لەق دەبێت. بابی ئاللان، لە نامەکانیدا زۆر جار باسی دۆست و ئاشناکانی لە دامودەزگا و ڕێکخراوە سیاسییەکانی پتروگرادی دەکرد. زیاتر باسی کەسێکی دەکرد کە ناوی کارل بوو. هەڵبەتە ئاللان قەناعەتی وا بوو ئەو ناوە، ناوێکی زۆر ڕووسی نییە، کە بابی ئاللان بە هاپۆ کارل، یان هاپۆی ڕووت ناوی دەبرد، ئاللان هێندەی دی قەناعەتی لا پەیدا دەبوو ئەو ناوە ڕووسی نییە.

بە گوتەی بابی ئاللان، تیۆری هاپۆ ئەمە بوو کە خەڵکی بەرژەوەندیی خۆیان نازانن و پێویستیان بە کەسێکە بتوانێت دەستیان بگرێت و ڕێگەیان پێ نیشان بدات. لەبەر ئەوە کاتێک توێژی خوێندەوار باوەڕی بە کاری فەردی دکتاتۆر هەبێت، دکتاتۆریەت

بەسەر دیموکراتیەتدا زاڵ دەبێت. هاپۆ بە ڕاوێژێکی تەوسامێز گوتبووی لە هەر دە کەسی بەلشەویک حەوت کەسیان نەخوێندەوارن. لەبەر ئەوە ناتوانین دەسەڵات بە کۆمەڵە خەڵکێکی نەخوێندەوار بسپێرن، شتی وا دەبێت؟

هەڵبەتە بابی ئاللان لەم ڕووەوە بەرەڤانی لە بەلشەویکەکان کردبوو، چونکە وەکو لە یەکێک لە نامەکانیدا نووسیبووی: "تەسەور ناکرێت ئەلفبای ڕووسی چۆنە. بۆیە سەیر نییە خەڵکی بێسیواتن."

بەڵام لەوە خراتر ڕەفتاری بەلشەویکەکان بوو. خەڵکانێکی پیسوپۆخڵ بوون، بەردەوام ڤۆدگایان دەخواردەوە، ڕێک وەکو کرێکارە پیسەکانی سوید بوون: ئەو کرێکارانەی هێڵی ئاسنینیان لە سەرانسەری سوێد ڕادەکێشا. بابی ئاللان هەمیشە دەیپرسی ئاخر سکەی شەمەندەفەر، بەو هەموو خواردنەوەیەوە چۆن ڕاست دەردەچێت، ئەو کارە بە سەرخۆشی دەکرێت، هەر کە دەیبینی ڕێڵەکانی هێڵی ئاسنی سوێدی بە ڕاست و چەپدا خوار دەبنەوە، هەستی بە شەرمەزاری دەکرد.

بەهەرحاڵ، بەلشەویکەکانیش، بە هەمان خراپی سوێدییەکان بوون. هاپۆ باوەڕی وا بوو کۆتایی سۆسیالیزم بەوە دەشکێتەوە کە هەموان بکەونە گیانی یەکدی، قڕ بخەنە یەکدی و لە کۆتاییدا تەنها یەک کەس بمێنێتەوە و هەموو بڕیارێک بدات. بۆیە دەبوا لە هەوەڵەوە پشت بە تزار ببەستن، چونکە تزار پیاوێکی خوێندەوار و باش بوو، جیهانبینییەکی تەواوی بۆ دنیا هەبوو.

بەهەرحاڵ هاپۆ دەیزانی چ دەڵێت، باسی چی دەکات. ئەنجام تزاری بینیبوو، لەڕاستیدا چەند جارێک بینیبووی. هاپۆ دەیگوت نیکولای دووەم بە تەبیعەت کەسێکی دڵپاکە. تزار زۆر نەگبەتی هاتبووە ڕێ، بەڵام ئەم ڕەوشە بەردەوام نەبووبوو، بەری تەنگانە کورتە. وشکەساڵی، نەهامەتی و شۆڕشی بەلشەویکەکان ئاژاوەیەکی زۆری لێ کەوتبووەوە. پاشان ئەڵمانەکان، تەنها لەبەر ئەوەی هێزەکانی جووڵاندبوو، کەوتبوونە بۆڵەبۆڵ و گلەیی و گازندە، بەڵام تزار بە مەبەستی بەرقەراریی ئاشتی ئەو کارەی کردبوو. بەهەرحاڵ خۆ تزار ئەو دۆکە مەزن و هاوسەرەکەی لە سەراییڤۆ نەکوشتبوو، وا نییە؟

بەهەرحاڵ، ئەوە بۆچوونی هاپۆ و 'هەر کێیەک بوو' بوو دەرهەق بە ڕەوش و بارودۆخەکە، تا ڕادەیەک توانیبووی باندۆر لە بابی ئاللان بکات و بۆچوونی ئەویش دەرهەق بە بارودۆخەکە لە بۆچوونەکانی خۆی نزیک بخاتەوە. ئیدی بابی ئاللان، لەبەر ئەو هەموو نەگبەتی و بەدبەختییانەی هاتبوونە ڕێگەی تزار، هەستی بە جۆرە هاوسۆزییەک لەگەڵ تزاردا دەکرد.

دەبوا ئەم نەگبەتی و نەهامەتییانە درەنگ یان زوو کۆتاییان پێ بێت. نەک تەنها بۆ تزار، بەڵکو بۆ خەڵکە شەریفەکەی دەوروبەری فلێنیش.

بابی ئاللان، قەت لە ڕووسیاوە پارەی بۆ ماڵ و منداڵەکەی نەدەنارد، بەڵام جارێک دوای دوو ساڵ لە ڕۆیشتنەکەی، بەستەیەکی بۆ ناردبوون، بەستەکە هێلکەیەکی میناکاری جەژنی پاکی تیا بوو. بابی بۆی نووسیبوون هێلکەکەی لە هاوڕێیەک بردووەتەوە، ئەو هاوڕێیە، جگە لە خواردنەوە و گەنگەشە و قومار لەگەڵ بابی ئاللاندا، ئەو جۆرە هێلکە ڕەنگاوڕەنگانەشی دروست دەکرد.

بابی ئاللان، هێلکەکەی بۆ 'هاوسەری ئازیز'ی ناردبوو، واتە بۆ ئەو خانمەی کە بە دیتنی هێلکەکە تووڕە بوو، گوتی ئەم کابرا وێڵ و دەربەدەرە، دەبوایە هێلکەیەکی ڕاستەقینەی ناردبا، تا بە لای کەمەوە ماڵ و منداڵەکەی قوزەڵقورتیان بکردایە. دایکی ئاللان لەزگ بوو دیارییەکە لە پەنجەرەکەوە توور بدات، بەڵام پاشان بیری کردەوە و دەستبەرداری ئەو کارە بوو. دوور نەبوو بە لای گوستافسونی بازرگانی جوملەوە پەسەند بێت. جەنابی گوستافسون هەمیشە دەیویست جیاواز بێت، ئەو هێلکەیەش بە باوەڕی داکی ئاللان، شتێکی تایبەتی و جیاواز بوو.

جەنابی گوستافسون، بازرگانی جوملەفرۆش، دوای دوو ڕۆژ بیرکردنەوە ئامادەگیی خۆی دەربڕی کە ئامادەیە هێلکەکە بە هەژدە کرۆن هەڵبگرێتەوە. مەگەر خوا بزانێت، ئەمە چ سوپرایزێک بوو بۆ دایکی ئاللان. هەڵبەتە هێلکەکەی بە پارەی کاش هەڵنەدەگرتەوە، بەڵکو لەبری قەرز هەڵیدەگرتەوە، یانی بەشێک لە قەرزەکەی داکی ئاللانی ڕەش دەکردەوە. چ قەیدیە ئەوەش باش بوو. پاش ئەو بویەرە، داکی ئاللان، هەر چاوی لەوە بوو بابی ئاللان هێلکەی جەژنی پاکیان بۆ بنێرێت، بەڵام لە نامەی دووەمی بابی ئاللاندا، لەجیاتی هێلکە، هەواڵی ئەوەی پێ درابوو جەنەڕاڵەکانی تزار پشتی دیکتاتۆرە دڵخوازەکەی خۆیان بەر دابوو، تزاریش ناچار بووبوو دەست لە تەخت و تاجەکەی بەر بدات. بابی ئاللان لە نامەکەیدا، جنێوی دنیای بە دۆستە هێلکەسازەکەی (کە هەڵهاتبوو) دابوو، بەڵام بابی ئاللان بڕیاری دابوو بمێنێتەوە و دژبەری ئەو لێبۆکە نۆ کیسەیە بکات کە دەسەڵاتی گرتبووە دەست؛ یانی ئەو پیاوەی ناوی لینین بوو.

سەبارەت بە بابی ئاللان، هەموو ئەو واریقات و بویەرانە ڕەهەندی شەخسییان وەرگرتبوو، چونکە لینین هەموو جۆرە موڵکدارییەکی شەخسیی قەدەغە کردبوو، ئەوەش ڕێک دوای ئەو ڕۆژەی بابی ئاللان زەوییەکی دوازدە مەتر چوارگۆشەی کڕیبوو تا بە فراولەی (تووەفەرەنگی، شلیک) دایبچێنێت. بابی ئاللان، لە دوانامەیدا بۆ

خێزانەکەی، نووسیبووی: "ئەو مولّکە لە چوار ڕۆبڵ زیاتر ناهێنێت، بەڵام ئەوانەی خۆماڵییان کردووە، لەدەستم دەرناچن، ئەمە دەکاتە ڕاگەیاندنی جەنگ!"

هەڵبەتە بەڕاستی جەنگ بوو. جەنگێک بوو کە زۆری خایاند، تەمەشای هەر شوێنێکی دنیات دەکرد هەر جەنگ و جەنگ بوو. جەنگێک، کە بە ساڵێک بەر لەوەی ئاللانی چکۆلە بە شاگردی لە کۆمپانیای نیتروگلیسیرین دەستبەکار بێت، هەڵگیرسابوو. ئاللان لە کاتێکدا سندووقانی بە دینامیت پڕ دەکردەوە، گوێی لە گەنگەشە و گفتوگۆی ئەو کرێکارانە دەگرت کە باسی ڕەوشی دنیایان دەکرد، لە لایەکەوە سەری لەوە دەسوڕما ئەم خەڵکە گەورانە چ فەلاکەت و بەدبەختییەک دەنێنەوە. نەمسا، شەڕی دژی سربستان ڕاگەیاندبوو. ئەڵمانیا، شەڕی دژی ڕووسیا ڕاگەیاند. پاشان ئەڵمانیا لۆکسمبۆرگی داگیر کرد و بۆ ڕۆژی دواتر شەڕی دژی فەڕەنسا ڕاگەیاندبوو. پاشان پەلاماری بەلجیکای دابوو. پاشان بەریتانیای مەزن شەڕی دژی ئەڵمانیا ڕاگەیاندبوو، نەمسا دژی ڕووسیا وەستایەوە، سربستان دژی ئەڵمانیا وەستا. ئیدی بەو جۆرە شەڕ بەردەوام بوو. پاشان ژاپۆنییەکانیش چوونە شەڕەکەوە، دواتر ئەمریکییەکانیش هەمان کاریان کرد.

چەند هەیڤێک پاش ڕوخانی تزار، بەریتانییەکان هەوەڵ جار بەغدا، پاشان ئۆرشەلیمیان داگیر کرد. ئیدی شەڕ لە نێوان یۆنان یۆنان و بولغارستاندا دەستی پێ کرد و عەرەبەکانیش دژی عوسمانییەکان هەستان.

کەواتە ڕستەی: 'دەکاتە ڕاگەیاندنی جەنگ'، دروست بوو. دوای ماوەیەکی کورت، یەکێک لە داشدارانی لینین، تزار و هەموو ماڵباتەکەی لەسێدارە دا. بەو جۆرە ئاللان بۆی بەدیار کەوت بەڵا و نەگبەتییەکانی تزار ئێجگار زۆر بوون.

دوای چەند هەیڤێک، کونسوولی سوێد لە پتروگراد، بروسکەیەکی بۆ یوزهولت نارد، تا پێیان ڕابگەیەنێت بابی ئاللان کوژراوە. هەرچەندە ئەرکی کونسووڵ نەبوو وردەکاریی مردنەکە ڕوون بکاتەوە، بەڵام ئەو کارەی کردبوو.

وا دیار بوو بابی ئاللان چەند دیرەکێکی لە دەوری پارچە مولّکێکی چکۆلە داچەقاندبوو، ڕایگەیاندبوو ئەوێندەر کۆمارێکی سەربەخۆیە، ناوی کۆمارە چکۆلەکەی خۆی نابوو 'ڕووسیای ڕاستەقینە'. پاشان دوو سەربازی حکومی هاتبوون تا پەرژینی دەوری مولّکەکە بڕوخێنن، بابی ئاللانیش بە جۆشەوە و بە نیازی بەرگری لە ئاقاری کۆمارەکەی، کوڵەمستی لە سەربازەکان گوشیبوو و کردبوویە کارێک کە سەربازەکان بە شێوەیەکی لۆژیکی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، ئیدی گەیبوونە ئەو قەناعەتەی باشترین

کـار ئەوەیە گـوللەیەک بە تەختـی نـاوچەوانیەوە بنـێن، ئیـدی بە ئیسـراحەت کـارەکەی خۆیان ئەنجام بدەن.

داکی ئاللان کە بروسکەی یارۆی کونسووڵی خوێندبووەوە، گوتبووی: "باشە کابرا نەتدەتوانی بە لای کەمەوە ڕێگەیەکی کەمێک ئاقڵانە بۆ مردنی خۆت هەڵبژێری؟"

***

هەڵـبەتە داکـی ئـاللان، زۆر بەتەمـای ئەوە نەبـوو مێـردەکەی جـارەکی دی بـۆ مـاڵ بزڤڕێتەوە، بەڵام وێڕای ئەوەش لەو دواییـانەدا سـووکە ئومێدێکی بە گەڕانەوەی پەیـدا کردبـوو، چـونکە سـیپەلاکەکانی نەخـۆش کەوتبـوون، وەکـو جـاران بـاری دار شـکاندنی نەدەبـرد. پاشـان ئـاهێکی تـووڕەیی هەڵکێشـا، ئەمە هەمـوو تازیەبـارییەکی بـوو بـۆ مێردەکەی. هەنگێ بە شێوازێکی فەیلەسـوفانە بە ئـاللانی گوتبوو، ئیدی ئەوە سـوننەتی دنیـایە و لە ئایندەشـدا هەر ئەوەیە. پاشـان بە میهرەبـانی و سـۆزەوە دەسـتی بە قـژی کوڕەکەیدا هێنابوو و ڕۆیبوو بۆ دارشکاندنەکەی.

هەڵبەتە ئاللان، لە مەبەستی داکی حاڵی نەبووبوو، بەڵام دەیزانی بابی مردبوو، داکی دەکۆکی و جەنگ تەواو بووبوو. ئـاللان بە خـۆی لە تەمەنـی سیازدە سـاڵیدا، لە کـاری دروسـتکردنی تەقەمەنیـدا تەواو مەعـلان بووبـوو، نیترۆگلیسـیرین، نەتراتـی سـلولوز، نەتراتـی ئامونیـا، نەتراتـی سـودیوم، ئـاردەدار، دی نیتروتولـوین و چەنـد مـادەیەکی دی تـێکەڵ دەکـرد و تەقەمەنیـی لـێ دروسـت دەکـرد. ئـاللان بیـری لەوە دەکـردەوە ڕەنـگە ڕۆژێـک لە ڕۆژان ئەم سـەنعەتە بەکەڵکـی بێـت، پاشـان ڕۆیبـوو بـۆ لای دایکـی تـا لە دارشکاندنەکەدا یارمەتیی بدات.

***

دایکـی ئـاللان دوای دوو سـاڵ کـۆکەکەی لەکـۆڵ بـووەوە، ئەویـش ڕۆیـی تـا بچێـتە ئەو بەهەشـتەوە کە ئەگەری ئەوە هەبـوو پێشـتر بـابی ئـاللان بـۆی چووبـوو. پاشـان ڕۆژێـک سەروکەللەی کابرای بازرگانی جوملە، لەبەر ماڵە بچووکەکەیاندا پەیدا بـوو. کـابرای بازرگـان لەوە تووڕە بوو چما داکی ئاللان کە نۆ کرۆنی ئەو قەرزدار بوو، بەبێ ئەوەی پێشـوەختە ئەو ئاگادار بکاتەوە ڕۆیبوو و مردبوو، بەڵام ئـاللانیش بەتەمـا نەبوو تـاقە پولێک بە گوستافسـون بداتەوە. گوتی: جەنابی بازرگانی جوملە، دەبوایە سەبارەت بەم مەسەلەیە قسەت لەگەڵ خۆیـدا بکردبایە، دەتەوێت بیڵێکت بە قەرز پێ بدەم؟

جەنابی بازرگانی جوملە، وەکو زۆربەی جوملەفرۆشەکانی دی، لەچاو ئاللانی پازدەساڵاندا، زۆر ڕیوەڵە بوو. ئاللان خەریک بوو بەرەبەرە دەبوو بە پیاو. جەنابی گوستافسونی جوملەکار، دەیزانی ئەگەر ئاللان بە ئەندازەی نیوەی بابیشی شێت بێت، لەگین بوو هەر کارێکی شێتانەی دەرهەق بکات، جەنابی جوملەکار بەو ئاوایە بیری دەکردەوە، جا چونکە دەیویست زۆر بژی و پارەکانی بژمێرێت و هیچ ئاریشەیەکی بۆ دروست نەبێت، مەسەلەی قەرزەکەی فەرامۆش کرد و جارێکی دی بە سۆراغییەوە نەچوو.

ئاللان، نەیدەزانی داکی چۆن توانیبووی دەست بگرێتەوە و چەند سەد کرۆنێک پاشەکەوت بکات، بەڵام داکی ئەو بڕە پارەیەی بۆ ئەو بەجێ هێشتبوو. ئەو پارەیە هەم بەشی ڕێ و ڕەسمی کفن و دفنی دایکی دەکرد، هەم بەشی ئەوەشی دەکرد کۆمپانیای دینامیتی کارلسونی پێ دابمەزرێنێت. ڕاستە ئاللان، وەختایەک داکی مردبوو، تەمەنی هەر پازدە ساڵ دەبوو، بەڵام لە کۆمپانیای نیتروگلیسیریندا فێری هەموو شتێک بووبوو.

ئاللان، ئازادانە لە چاڵە لمەڵانەکەی پشت ماڵەکەی خۆیەوە، ئەزموونەکانی ئەنجام دەدا. هێندە بە ئازادی ئەنجامی دەدا جارێک مانگای نزیکترین دراوسێیان، لە دووریی دوو کیلۆمەترەوە بەراوێتە بوو، بەڵام ئاللان، هیچ کاتێک بەو مەسەلەیەی نەزانی، چونکە ڕێک وەکو جەنابی گوستافسوونی جوملەچی، ئەو دراوسێیەش کەمێک لە کوڕەکەی کارلسونە شێت دەترسا، کە پێدەچوو لە بابی شێتتر بێت.

ئاللان لە هەوەڵی شاگردییەکەیەوە لە کۆمپانیای نیتروگلیسیریندا، بایەخی بە بویەر و واریقاتەکانی جیهان دەدا، بە لای کەمەوە هەفتەی جارێک بە سواری پاسکیل دەچوو بۆ کتێبخانەی فلێن، تا زانیارییەکانی خۆی تازە بکاتەوە و زۆرترین زانیاریی تازە وەربگرێت، کە دەچووە کتێبخانەی ناڤبری زۆر جار تووشی گەنجانێک دەبوو کە زۆریان حەز لە گەنگەشە و گفتوگۆیان دەکرد، هەر هەموویان لە یەک خاڵدا یەکیان دەگرتەوە: هەموو هەوڵیان دەدا ئاللان بخەنە ڕیزی بزووتنەوەیەکی سیاسییەوە، بەڵام بایەخدانی ئاللان بە بویەرە جیهانییەکان، بەو نیاز و مەبەستە نەبوو کە بیەوێت ڕەوشی دنیا بگۆڕێت.

دەورانی منداڵیی ئاللان لە ڕوانگە و نۆڕینی سیاسییەوە کارەساتبار بوو. لە لایەکەوە منداڵی خانەوادەیەکی کرێکار بوو. سەبارەت بە منداڵێک کە لە تەمەنی دە ساڵییەوە خوێندن و قوتابخانەی تەرک کردبوو تا کارێک پەیدا بکات، جگە لە کوڕە کرێکار هیچ وەسفێکی دیکەی هەڵنەدەگرت. لە لایەکی دیکەوە لە دڵی خۆیدا بە ڕێزەوە یادی باوکی دەکردەوە. باییشی لە تەمەنی کورتی خۆیدا، جۆرەها بۆچوونی سیاسیی تاقی کردبووەوە، لە چەپگەراییەوە دەستی پێ کردبوو، تا ستایشی تزار نیکۆلای دووەم ڕۆیبوو، پاشان لەسەر پارچە موڵکێک لەگەڵ فلادیمیر ئیلیچ لینیندا لێیان بوو بە شەڕ و تۆماری ژیانی پێچرابووەوە.

دایکی هەر کە نۆرە کۆکە ئەمانی دابا نەفرەتی لە هەموان دەکرد، لە پاشاوە بیگرە تا بەلشەویکەکان، تەنانەت هەندێک جار ڕابەری سۆسیال-دیموکراتەکان؛ ئاغای گوستافسونی جوملەچی و دواجار بابی ئاللانیشی لە جنێوەکانی بێبەش نەدەکرد.

هەڵبەتە ئاللان کەسێکی دەبەنگ نەبوو. ڕاستە تەنها سێ دانە ساڵ چووبووە قوتابخانە، ئەو سێ ساڵە بەس بوو تا نووسین، خوێندنەوە و حیساب بە باشی فێر بێت. دیارە هاوکارە هۆشیارە سیاسییەکانی لە کۆمپانیای نیتروگیلیسیریندا، بووبوونە بایسی ئەوەی ئاللان ڕموودەی زانینی بابەت و بویەرەکانی ڕۆژی جیهانی ببێت.

بەڵام ئەوەی لە کۆتاییدا بوو بە فەلسەفەی ژیانی ئاللان، ئەو قسانەی دایکی بوو، کە دوای هاتنی هەواڵی مەرگی بابی ئاللان کردبووی. هەڵبەتە ماوەیەکی پێ چوو، تا پەیامە پەنهانەکانی قسەکانی دایکی لە ڕوحیدا گیرسایەوە، لێ کاتێک ئەو چەمک و پەیامە داخزییە ڕۆحیەوە، ئیدی بۆ هەمیشە لە زەینیدا گیرسایەوە. ئیدی ئەوە سوننەتی ژیان و دنیایە، قەدەر کە هات ڕەت نابێتەوە.

یەکێک لە مانا زۆروزەبەندەکانی ئەو قسەیە ئەمە بوو کە بەشەر وەختێک بتوانێت هەرا و هەنگامە نەنێتەوە، نابێت بینێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر بەڵگە و هەنجەتی ماقوول بۆ نەکردنی هەبێت: بۆ نموونە وەختێک بەشەر هەواڵی مەرگی بابی دەژنەوێت. کاتێک هەواڵی مەرگی بابی ئاللانیان هێنا، بەگوێرەی داب و نەریتی خانەوادەیی، کاردانەوەی ئاللان ئەمە بوو کە چوو بۆ دارشکاندن، هەرچەندە ئەو کارە ماوەیەکی زۆر و نائاسایی خایاند و بەبێ ئەوەی چ قسەیەک بکات، یان کاتێک دایکیشی مرد و تەرمەکەیان گواستەوە بۆ ناو ئەو عەرەبانەیەی لە دەرەوەی ماڵەکەیان چاوەڕوانی دەکرد، ئاللان لە مووبەقەکەدا مایەوە و لە پەنجەرەکەوە تەمەشای ڕێوڕەسمی بردنی تەرمەکەی دەکرد. پاشان بە دەنگێکی نەوی کە هەر خۆی گوێی لێ بێت، گوتی:" ئێ، خوداحافیز دایکە".

ئەمە کۆتایی دەورانی منداڵیی چیرۆکی ژیانی ئاللان بوو.

***

ئاللان، بە جیددی لە کارخانەی دینامیتسازییەکەی خۆیدا مژووڵی کار بوو، لە ساڵانی هەوەڵی بیستەکاندا (١٩٢٠) لە سەرانسەری وڵاتدا کڕیاری زۆری پەیدا کرد. شەوانی شەممان، کاتێک هاوتەمەنانی وی وەختی خۆیان لە کۆڕی سەمای ژێرخانەکاندا بەسەر دەبرد، لە ماڵ دەمایەوە و کاری لەسەر باشترکردنی جۆری دینامیتەکەی دەکرد. یەکشەممان دەچوو بۆ چاڵە لمەڵانەکەی پشت ماڵەکەی تا تەقەمەنییە تازەکانی تاقی بکاتەوە. هەڵبەتە نەک لە نێوان سەعات یازدە بۆ یەک. ئەمە

بەڵێنێک بوو کە ئاللان بە قەشەی گەڕەکی دابوو کە لەو ماوەیەدا کاری تاقیکردنەوە نەکات، لە هەنبەر ئەوەی قەشە گلەیی لە نەچوونی ئاللان بۆ کڵێسا نەکات.

ئاللان عاشقی کارخانەکەی بوو، ئەمە زۆر باش بوو، چونکە ئەو ژیانێکی تەریک و گۆشەگیرانەی هەبوو، چونکە پەیوەندیی بە ڕیزەکانی تەڤگەری کرێکارییەوە نەکردبوو. سۆسیالیستەکان نەیاندەحوباند، بەڵام وێڕای ئەوەش بە ڕادەیەک هاوسۆزی چینی کرێکار بوو (چووبووە سەر باوکی) کە نەیدەتوانی پەیوەندیی بە هیچ ئەنجوومەنێکی بۆرژوایانەوە بکات. بۆ نموونە گوستافسون ئامادە بوو بمرێت، بەڵام دۆستایەتیی ئەو سەرسەختەی ماڵباتی کارلسون نەکات. جا تەسەور بکە ئەگەر ئاللان زانیبای گوستافسون، چەند پارەیەکی کەمی لەبری هێلکە میناکارییەکە، بە دایکی دابوو، چیی دەکرد! هێلکەکەی بە پارەیەکی کەم لە دایکی ئاللان کڕیبوو، پاشان لە ستۆکهۆڵم بە پارەیەکی مۆڵ بە کابرایەکی دپلۆماتی فرۆشتبوو. بە هۆی ئەو مامەڵە بچووکەوە، گوستافسون هەنووکە بووبوو بە یەکێک لەو سێ کەسەی لەو دەڤەرەدا ئۆتۆمبێلیان هەبوو.

ئەو جارە بەخت یاری گوستافسون بوو، بەڵام ڕۆژێکی یەکشەممە، لە هەیڤی ئابی ساڵی ١٩٢٥دا، دوای نوێژ و نزای کڵێسە، بەخت و یەغباڵ لێی هەڵگەڕایەوە. یارۆی جوملەچی ڕۆیی تا بە ئۆتۆمبێلەکەی پیاسەیەک بکات، هەڵبەتە زیاتر بۆ ئەوە بوو پۆز بە ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکەیەوە لێ بدات. بۆ نەگبەتیی ئەو ڕێگەیەی هەڵبژارد کە بەبەر ماڵی ئاللان کارلسوندا دەڕۆیی. لەسەری پێچەکەدا گوستافسون پەشۆکابوو (یان ڕەنگە خودا یان قەدەر و چارەنووس دەستی لەو بویەرەدا هەبووبێت) ستۆپی نەمابوو، لەجیاتی بە نەرمی بە دەستی ڕاستدا پێچ بکاتەوە، ڕێک کەوتبووە چاڵەکەی پشت ماڵی ئاللانەوە. دیارە ئەوەی گوستافسون پێی نابووە ناو موڵک و ئاقاری ئاللانەوە، کارێکی خراپ بوو و دەبوایە هۆی ئەو کارەی ڕوون بکاتەوە، بەڵام پاشان ڕەوشەکە لەوەش خراتر بووبوو، ڕێک لەو کاتەدا ئۆتۆمبێلەکەی ستۆپی پچڕابوو و لەناو چاڵەکەی پشت ماڵەکەی ئاللانەوە گیرسابووەوە، ئاللان، تاقیکردنەوەی تەقەمەنییەکانی ئەو یەکشەممەیەی ئەنجام دابوو.

ئاللان کە لەو ساتەدا خۆی دابووە پەنای خانووەکەیەوە، نە هیچ شتێکی بینیبوو و نە گوێشی لە هیچ شتێک بووبوو. دوای ئەوەی بۆ ناو چاڵەکە ڕۆیبوو، هەنگێ زانیبووی هەڵەیەک ڕووی داوە. پارچەکانی ئۆتۆمبێلەکە بەنێو چاڵەکەدا بڵاو بووبوونەوە. پارچەی جەستەی خودی گوستافسونیش لێرە و لەوێ کەوتبوو. سەری گوستافسون، لەسەر چیمەنێک کەوتبوو، چاوە بێگیانەکانی، ڕوو لە خاڵێکی نادیار لە مۆڵەق وەستابوون.

ئاللان پرسیبووی: ئاخر تۆ چیت دەکرد لەناو ئەم چاڵەی مندا؟
لێ گوستافسون هیچ وەڵامێکی نەدابووەوە.

***

ئـــاللان لە چـــوار ســـاڵی دواتـــردا، وەختێکـــی زۆری هەبـــوو بـــۆ خوێنـــدنەوە و خۆڕۆشـنبیراندن، بەتـایبەتی لە واری گەشـەی کـۆمەڵگەدا یەکسـەر خـرایە زینـدانەوە، هەرچەنـدە بە خۆیشـی نەیـدەزانی چمـا زینـدانی کـراوە. دوای مـاوەیەک بـابەتی بابیشـی زینـدوو کـرایەوە و هێنـرایە نـاو نـاوانەوە. ئەم بـابەتە پەیوەنـدیی بەو کـاتەوە هەبـوو کە یەکێـک لە قوتـابییە گەنـج و خوێنگەرمەکـانی پرۆفیسـۆر برنـارد لونـدبری، کە پسـپۆڕ و شـارەزای بـایۆلۆژیی ڕەگەزی بـوو لە زانسـتگەی ئوبسـالا، بڕیـاری دا ژیـانی پیشـەیی خـۆی، بە لێکـۆڵینەوەی حـاڵەتەکەی ئـاللان، دەسـت پـێ بکـات. کاتێـک کە ئاللانیـان بە پرۆفیســـۆر لونـــدبری ســـپارد، پرۆفیســـۆر یەکســـەر بە هەنجەتـــی "ڕیفـــۆرمی نەژاد و کۆمەڵگە" ئاللانی خەساند. پرۆفیسۆر قەناعەتی وا بوو، هەرچەندە ئـاللان بڕێـک گێلـۆکە بـوو، بەڵام ڕێژەیەکـی زۆری جینـاتی بـابی هەڵگرتبـوو، بـۆیە نەدەبـوو دەوڵەت ڕێگەی ئەوەی بدەن، بە جیناتی ماڵباتی کارلسونەکان، زوریەت بخاتەوە.

مەسەلەی خەسـاندنەکە، ئـاللانی نـاڕەحەت نەکرد. بە پێچەوانەوە هەسـتی دەکرد لە کلینیکەکەی پرۆفیسۆر لوندبری دا، مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵدا کردبوو. جار جارێکیش ناچار دەبوو بەرسڤی جۆرەها پرسـیار بداتەوە. بۆ نموونە پرسیاری وەکو ئەمەی کە چمـا حەزی دەکرد خەڵکـی و شـتانی جۆراوجـۆر بتەقێنێتەوە و پارچەپارچەیـان بکـات؛ یـان هەسـت دەکـات خـوێنی زنجیـانی تیـا بێـت؟ ئـاللان بەرسـڤی دەدایەوە کە لە کـاتی هەڵکردنـی تەرەقەی داینامیتـدا بـۆ تەقانـدنەوەی بەشـەر یـان شـتێن بێگیـان، هەسـتی بە جیـاوازیی نێـوان ئەو دوو شـتە دەکـرد. ڕەنگە تەقانـدنەوەی تاوێرێـک لە ناوەڕاسـتەوە جۆرە لەزەتێکت پێ ببەخشێت، بەڵام ئەگەر لەجیاتی ئەو تاوێرە زەلامێک لەوێندەر بێت، بۆ دەبێت نەتوانێت لەو شوێنە دوور بکەوێتەوە، ئـاللان، سـەری لەمە دەرنەدەکرد. ئایا پرۆفیسۆر لوندبرییش هەمان هەستی نەبوو؟

لــێ برنــارد لونــدبری، لەو پیــاوانە نەبــوو لە کلینــیکەکەی خۆیــدا خــۆی بە گەنگەشـــەی فەلسـەفییەوە لەگەڵ نەخۆشـەکانیدا مـژووڵ بکـات، بـۆیە هەمـان پرسـیاری دەربـارەی خـوێنی زنجی دووبارە کردبووەوە. ئـاللانیش بەرسـڤی دابووەوە کە کەس ئەوە نازانێت، بەڵام ئەوەی دەزانــی داک و بــابی هەردووکیــان وەکــو ئەم سپیپێســت بــوون. پاشــان پرســیبووی ئــاخۆ

پرۆفیسـۆر بەو وەڵامە ڕازی دەبـوو؟ پاشـان لەسـەری ڕۆیبـوو کە زۆر خۆشـحاڵ دەبێـت ئەگەر پرۆفیسۆر بتوانێت زنجیەکی 'ڕەشپێست' ڕاستەقینەی پێ نیشان بدات.

پرۆفیسـۆر لونـدبری و یاریـدەدەرەکانی هـیچ وەڵامێکـی پرسـیارەکانی ئاللانیـان نەدەدایەوە، بەڵام بەدەم ورتەورتەوە تێبینییەکـانی خۆیـان تۆمـار دەکـرد و ئەوسـا بەجێیـان دەهێشـت، هەنـدێک جـار تـا چەنـدین ڕۆژ لێیـان نەدەپرسـییەوە. ئـاللانیش ئەو ڕۆژانەی بە خوێندنەوەوە بەسـەر دەبرد. هەرچییەکی بەردەست کەوتبا دەیخوێندەوە، نەک هەر ڕۆژنـــامە، بەڵکـــو کتێبەکـــانی کتێبخـــانە گەورەکەی نەخۆشخانەکەشـــی دەخوێنـدەوە. ئەمە جـگە لەوەی ڕۆژانە سـێژەم خواردنیـان پـێ دەدا، تەوالێتـی هەبـوو، ژوورێکـی تـایبەتیی بۆ دابـین کرابـوو، ئیـدی ڕەنـگە پەی بەوە ببەیت چمـا ئـاللان، زۆر ئاسـوودە بـوو لەم شـێتخانەیەدا حەپس بـوو. تەنهـا یەک جـار ئـاللان تۆزێک نـاڕەحەت بووبوو، ئەویش ئەو کاتە بوو ئاللان لە پرۆفیسۆر لوندبری پرسیبوو زنجی بـوون یـان یەهـوودی بـوون چ خەتەرێکـی هەیە. ئەو جـارە پرۆفیسـۆر لەجیـاتی ئەوەی لە هەنـبەر پرسیارەکەی ئاللان بێدەنگ بێت بەسەریدا نەڕاندبووی کە لە خەمی خۆیدا بێت و هەقی بەسـەر خەڵکی دیکەوە نەبێت. ئاللان بەو هەڵوێستە، ساڵانی پێشـووی بیـر کەوتبـووەوە، کاتێک دایکی هەڕەشەی گوێ ڕاکێشانی لێ کردبوو.

ساڵان یەک لەدووی یەکدی دەبوورین و گفتوگۆ و دیدار لەگەڵ ئاللاندا کەمتر دەبـوو و درەنگ درەنگ ئەنجام دەدرا. پەرلەمان لیژنەیەکی دروست کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە خەسـاندنی "خەڵکـانی دوون لە ڕووی بـایولۆژییەوە" وەختـایەک کە ڕاپـۆرتی لیـژنەکە بـڵاو بـووەوە، لەناکـاودا هێنـدە کـار بەسـەر پرۆفیسـۆردا ڕژا، کە کـار گەیـیە ئەوەی پێویسـتیان بە قەرەوێـڵەکەی ئـاللان بێـت بـۆ کەسـێکی دی. لە بەهـاری ١٩٢٩دا ڕاگەیەنـرا ئـاللان چـاک بووەتەوە و شایستەیی ئەوەی پەیدا کردووە دووبارە بگەڕێتەوە نـاو کۆمەڵگە. ئەوسـا لە کاتێکدا تەنها بایی کڕینی بلیتی شـەمەندەفەری لە بەرکدا بـوو، لە شـێتخانەکە دەریـانکردبوو. بۆیە ناچار بووبوو تـا یوزهولت، کە چەند کیلۆمەترێک بـوو بە پێیـان بـڕوات. ئەمەی لەبەر گران نەبوو. دوای ئەوەی چوار دانە ساڵی لە زیندان بەسـەر بردبـوو، هەنووکە پێویسـتی بەوە بوو ماوەیەک بە پێیان ڕێ بکات، تا سڕی پێی دەربچێت.

### پێنجەم

**دووشەممە، ٢٠٠٥/٥/٢**

ڕۆژنامە لۆکاڵییەکان، خێرا فریا کەوتـن و هەواڵی ونبوون و دیارنەمـانی پیرەمێردە سەدسـاڵییەکەیان لە ڕۆژی سـەدەمین سـاڵیادی لەدایکبوونیـدا بـڵاو کـردەوە، چـونکە

پەیامنێری ڕۆژنامەکە تینوی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەو بویەرانە بوو کە لەو دیار و دەڤەرە ڕوویان دەدا، ئەمەشی تێهەڵکێشی هەواڵەکە کرد کە ئەگەری ڕەڤاندنی پیرەمێردەکەش لەئارادا هەیە. بە گوتەی شایەدحاڵان هۆش و گۆشی پیرەمێردە سەدساڵییەکە، بە خۆوە بووە و هیچ عەیبی نەبووە، بۆیە ڕێی تێناچێت، بەدەم ڕێکردنەوە گوم بووبێت.

سەیرە مرۆڤێک لە سەدەمینساڵیادی لەدایکبوونیدا ون ببێت و دیار نەمێنێت. بۆیە ڕادیۆ لۆکاڵییەکەش، یەکسەر هەمان سیاسەتی ڕۆژنامە لۆکاڵییەکەی گرتە بەر. پاشان نۆرەی ڕادیۆی سەرانسەری و وێب سایتەکانی ڕۆژنامە سەرانسەرییەکان هات و ئەنجام نۆرە هاتە سەر هەواڵی شەوی تەلەڤیزیۆنی سەرانسەریش. پۆلیسی فلێن ناچار بوو کێشەکە بە تیمی پۆلیسی تاوانی دەڤەرەکە بسپێرێت. ئەوانیش دوو ئۆتۆمبێلی پۆلیسیان، بە چەند پۆلیسێکی یونیفۆرم پۆشەوە (بە جلکی فەرمییەوە) و لەگەڵ ئەرونسونی گەورە لێکۆڵەردا، کە جلکی مەدەنیی لەبەر بوو، بۆ ئەو کارە ڤڕێ کرد. ئیدی جۆرەها پەیامنێر و نووچەگەهان دوویان کەوتن تا بستبەبستی ئەو دیار و دەڤەرە تەی بکەن و بیپشکنن. ئیدی بوونی کەناڵە میدیاییکان کردیە کارێک کە سەرۆکی پۆلیسی دەڤەرەکە بە خۆی تەحقیقی بابەتەکە لەئەستۆ بگرێت، تا لە تەلەڤیزیۆنیش دەربکەوێت.

لە سەرەتاوە کاری پۆلیس تەنها ئەمە بوو، کە نەجدەکان (ئۆتۆمبێلی پۆلیس) بە شەقام و ڕێگەوبانەکاندا بسوڕێنەوە، ئەرونسونیش ڕۆنیشڤانانی خانەکە؛ خانەی پیرانەکە دابپشکنێت و پرسوجۆیان لەگەڵدا بکات، بەڵام سەرۆکئەنجوومەنی شار بۆماڵی خۆی گەڕابووەوە، مۆبایلەکەشی داخستبوو. قەناعەتی وا بوو بابەتی دیارنەمانی پیرەمێردێکی سەدساڵەی ناشکور، هیچ خێرێکی بۆ ئەو تیا نابێت. ئیدی جۆرەها دەنگۆ کەوتە سەر زاران؛ وەکو ئەوەی گوایە یەکێک ئاللانی بە سواری پاسکیل دیتووە، لە ڕیزێکدا وەستاوە یان لە دەرمانخانەیەکدا ڕەفتارێکی خراپی کردووە، بەڵام هەر هەموو ئەو دەنگۆیانە زووبەزوو، بە بەڵگەی واقیعییەوە ڕەت کرانەوە، بۆ نموونە نەدەچووە عەقڵەوە کە ئاللان سواری پاسکیل بووبێت، لە هەمان کاتدا کەسێک بە دڵنیاییەوە ئەوی لە خانەی پیرانەکەدا بینیبێت، لە ژوورەکەی خۆیدا خەریکی نانخواردن بووبێت.

سەرۆکی پۆلیسی دەڤەرەکە، بە کۆمەکی نزیکەی سەد خۆبەخش چەند گرووپێکی گەڕان و چاودێریکردنی دروست کرد تا سەرانسەری دەڤەرەکە بگەڕێن، کە ئەم کارەش هیچ ئەنجامێکی نەبوو، سەرۆکی پۆلیس حەپەسا. تا ئەو کاتە قەناعەتی وا بوو

مەسەلەکە ئاساییە و تەنها دیارنەمانی پیرەمێردێکی شێتە و هیچی تر، هەرچەندە بە گوتەی شایەدحاڵان، پیرەمێردە سەدساڵییەکە لە کەماڵی هۆش و گۆشی خۆیدا بوو.

بەو جۆرە، تاقیقەکان تا ئەم قۆناغە هیچیان بە هیچ نەکردبوو، تا ئەوە بوو سەعات حەوت و نیوی ئێوارە سەگێکی پۆلیسییان لە مەڵبەندی سکیلستوناوە هێنا، ئیدی ڕەوشەکە گۆڕا. سەگەکە بۆ ساتێک بۆنی بە کورسییە بزۆزەکەی ئاللانەوە کرد، پاشان جێپێی ئەوی لەنێو وەنەوشەکانی ژێرپەنجەرەکەدا دۆزییەوە، ئەوسا بۆ ناو باخچەکە ڕۆیی و لە باخچەکە تێپەڕی، لە شەقامەکە پەڕییەوە بۆ ناو حەوشەی کڵێسا کۆنەکەی سەدەکانی ناڤین. بەسەر دیوارە نزمەکەدا بازی دا و ئەنجام لە دەرەوەی هۆڵی چاوەڕوانی وێستگەی پاسەکان وەستا. دەرگای هۆڵەکە قفڵ بوو. کارمەندێکی گەراجی پاسەکان بە پۆلیسی گوت کە هەموو ڕۆژێک سەعات حەوت و نیوی ئێوارە، کاتێک هاوکارەکەی وی لە وێستگەکە لە کارەکانی دەبێتەوە، دەرگای هۆڵی چاوەڕوانیی پاسەکان قفڵ دەدات. پاشان هەر ئەو کارمەندە گوتی ئەگەر پۆلیس ناتوانێت تا سبەی چاوەڕوان بکات، دەتوانن بچن بۆ ماڵەوە بۆ لای هاوکارەکەی، هاوکارەکەی نێوی ڕونی هولت بوو، بێگومان ژمارەی تەلەفۆنەکەی لە تۆماری تەلەفۆناتی شاردا هەبوو.

لە کاتێکدا سەرۆکی پۆلیسی دەڤەرەکە لە بەردەم خانەی پیرانەکەدا، لە بەردەم کامێرای پەیامنێر و نووچەگەهانەکاندا وەستابوو، ڕایگەیاند پۆلیس پێویستی بە یارمەتیی بەردەوامی جەماوەریی خەڵکە و پێویستە بە درێژایی ئەو شەوە دەستبەرداری گەڕانی خۆ نەبن، چونکە پیرەمێردی سەدساڵە، جلکی زۆر تەنکی لەبەرە و ڕەنگە کەمێک پەشۆکابێت. یۆران ئەرونسونی گەورە موفەتیش لە زەنگی دەرگای ماڵەکەی ڕونی هولتی دا. سەگەکە بە ڕوونی ئەوەی نیشان دا کە پیرەمێردە سەدساڵانەکە چووبووە هۆڵی چاوەڕوانیی گەراج و وێستگەی پاسەکان، بۆیە دەبوایە ئاغای هولت کە لە نووسینگەی بڕینی بلیتی پاسەکان بوو، بیتوانیبا پێیان بڵێ کە ئاخۆ یارۆی پیرەمێرد، لە مالمشۆپینەوە دەرچووبوو یان نا.

لێ ڕونی هولت،دەرگای نەکردەوە. لە کاتێکدا پەردەی پەنجەرەکەی دادابووەوە، لە ژووری نووستنەکەیدا ڕۆنیشتبوو و پشیلەکەی لەئامێز گرتبوو. ڕونی هولت، لەبن لێوانەوە ڕوو لە دەرگاکە گوتی: دە بڕۆن، بڕۆن لەکۆڵم ببنەوە!

ئەنجام گەورە لێکۆڵەرەکە، هەمان کاری کرد؛ ڕۆیی. ئەویش هەمان باوەڕی سەرۆکەکەی هەبوو، کە ڕەنگە پیرەمێردە سەدساڵانەکە هێشتا هەر لەو دەوروبەرەدا وێڵ و سەرگەردان بێت، یان ئەگەر سواری پاس بووبێت، بایی ئەوە هۆشی بەخۆوە بووە کە ئاگای لە خۆی بێت.

پێدەچوو ڕونی هولتیش چووبێتە سەردانی دەنکەکەی. بۆیە یەکەم کاری سبەینێی گەورە موحەقیقەکە دەبوا ئەمە بێت کە بۆ شوێنی کارەکەی ڕونی هولت بڕوات. هەڵبەتە ئەگەر پیرەمێردە سەد ساڵییەکە تا ئەو کاتە پەیدا نەبووە.

***

سەعات نۆ و دوو خولەکی ئەو شەوە، یەکێک بە تەلەفۆن پەیوەندیی بە پۆلیسی دەڤەرەکەوە کرد: من نێوم برتیل کارلگرنە، من لەجیاتی هاوسەرەکەم پەیوەندیتان پێوە دەکەم. چاکە، ئەرێ، بەڵێ، بەهەرحاڵ هاوسەرەکەم، واتە گیردا کارلگرن، چەند ڕۆژێک لەمەوپێش چووبوو بۆ فلێن تا سەردانی کچەکە و زاواکەمان بکات. ئاخر خەریکە منداڵیان دەبێت. بۆیە زۆر مژووڵن، بەڵام ئەمڕۆ ئیدی وەختی هاتنەوەی بوو، ئیدی ئەمڕۆ بۆ خۆی، مەبەستم گیریدایە، گیردا بە پاسی دوانیوەڕۆ دێتەوە، لە مالمشۆپین ڕەت دەبێت، ئاخر ئێمە لە سترێنگنێس دەژین. ئێ، ئیدی ڕەنگە ئەم بابەتە زۆریش گرنگ نەبێت، بەڵام بە لای ژنەکەمەوە گرنگە، بەڵام لە ڕادیۆوە بیستمان پیرەمێردێکی سەدساڵە ون بووە، خۆ لەوەشە تا ئێستا دۆزیبێتتانەوە، نەتاندۆزیوەتەوە؟ بەهەرحاڵ هاوسەرەکەم دەڵێت پیرەمێردێکی زۆر بەتەمەن لە مالمشۆپینەوە سواری پاس بووە. جانتایەکی زۆر گەورەی پێ بووە، پێدەچوو بچێتە سەفەرێکی دوورودرێژ. هاوسەرەکەم لە کورسییەکانی دواوەی پاسەکەدا دادەنیشێت، پیرەمێردەکەش لەسەر کورسییەکەی پشت شۆفێرەکەوە دادەنیشێت. بۆیە هاوسەرەکەم نەیتوانیوە بە باشی و ڕووبەڕوو بیدینێت، یان قسەکانی لەگەڵ شۆفێری پاسەکەدا بە باشی بژنەوێت. چیت گوت گیردا؟ ئێ، گیردا دەڵێت لەو کەسانە نییە، کە گوێ بۆ ژنەوتنی قسەی خەڵکی هەڵبخات. پیرەمێردەکە پێش ئەوەی بگاتە سترێنگنێس، لە نێوەی ڕێدا دابەزیوە. گیردا ناوی ئەو وێستگەیە نازانێت. لەناو نیمچە دارستانێکدا بووە.

ئەم گوتوبێژە تەلەفۆنییە تۆمار کرا، پاشان خرایە سەر کاغەز و بە فاکس بۆ گەورە لێکۆڵەرە پۆلیسەکە، کە لە هۆتێلی مالمشۆپین دابەزیبوو، ڤڕێ کرا.

## شەشەم

**دووشەممە، ٢٠٠٥/٥/٢، سێشەممە، ٢٠٠٥/٥/٣**

جانتاکە پڕ بوو لە سەفتە ئەسکەناسی پێنجسەد کرۆنی. یولیوس بە پەلە لە مێشکی خۆیدا حیسابێکی لامسەرلایی کرد: دە ڕیز بە پانی، پێنج ڕیز بە بەرزی، پازدە دەستە لە هەر ستوونێکدا. ئەوسا گوتی: ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، دەکاتە سی و حەوت ملیۆن و نیو کرۆن.

ئاللان گوتی: پارەیەکی مۆڵە، پارەیە نە گاڵتە!

گەنجەکە، لەناو ساردخانەکەوە هاواریکرد: دەرم بێنن هەی حەرام زادانە.

گەنجەکە، لەناو ساردخانەکەدا خەریک بوو شێت دەبوو، هاواری دەکرد و لەقەی بە دەرگاکەدا دەکێشا، هەڵوەستەیەکی دەکرد و دووبارە هاواری دەکردەوە. ئاللان و یولیوس، پەشۆکابوون، دەبوایە هزر و بیریان کەمێک کۆ بکەنەوە، بەڵام بەو هەموو هاتوهاوارەوە ئەوەیان بۆ نەدەکرا. ئەنجام ئاللان گەییە ئەو قەناعەتەی کاتی ئەوە هاتووە گەنجەکە کەمێک هێور بکەنەوە، بۆیە ماتۆڕی ساردخانەکەیان هەڵکرد. لە زەرفی چەند چرکەیەکدا ڕەوشی گەنجەکە خراتر بوو، کەمێک خۆی هێور کردەوە تا بتوانێت حەواسی جەم و جۆر بکاتەوە و بیری خۆی بکاتەوە. هەڵبەتە بیرکردنەوە کارێک نەبوو ئەو حەزی لێ بکات، یان پێی ڕاهاتبێت؛ بەتایبەتی لە کاتێکدا تووشی ژانەسەرێکی توند بووبوو، لەناو ژوورێکی سارددا گیرۆدە بووبوو، کە ساتبەسات ساردتر دەبوو. دوای سێ و دوو کردنێکی کەم لەگەڵ خۆیدا، گەییە ئەو باوەڕەی هاتوهاوار و داد و بێداد و هەڕەشە یان هەوڵدان بۆ ئەوەی بە تۆپزی خۆی لەو کێشە و ئاریشەیە دەرباز بکات، ڕەنگە فایدەی نەبێت. تاقە چار ئەوە بوو، هانا بۆ دەرەوە ببات؛ ئەوە بوو بە تەلەفۆن پەیوەندیی بە سەرۆکەکەیەوە بکات، ئەمە بیرۆکە و ڕێگە چارەیەکی ئێجگار ترسناک بوو، بەڵام ڕێگەکانی دیکەش لەمە ترسناکتر بوون.

گەنجەکە، یەک-دوو خولەکێک وەستا، ساردخانەکە ساتبەسات ساردتر دەبوو، ئەنجام تەلەفۆنەکەی لە بەرکی دەرهێنا، بەڵام شەبەکە نەما.

***

ئێوارە، بوو بە شەو. شەو، ڕۆژ بووەوە. ئاللان، چاوی هەڵهێنا، نەیدەزانی لە کوێیە، واتە خەو بردبوویەوە و لە خەوەکەیدا مردبوو؟ دەنگێکی گڕی نێرانە، کە لە دەنگی هەڕەی داربڕینەوە دەچوو، بەیانیت باشی لێ کرد و پێی ڕاگەیاند دوو هەواڵی پێیە: یەکێکیان خۆشە و ئەوی تریان ناخۆشە. ئاللان حەزی دەکرد کامیان لە پێشدا بژنەوێت؟

لێ ئاللان لە پێش هەموو شتێکدا دەیویست بزانێت لە کوێیە و چما لەوێندەرە؟ ئەژنۆکانی دەئێشان، ئەمە ئەوەی دەگەیاند هێشتا زیندووە. ئەدی ئەو... مەگەر سوار... ئەو پیاوە ناوی یولیوس بوو؟

نها ئاللان بێدار بووبووەوە، بەرەبەرە پازلەکان یەکیان دەگرتەوە، لەسەر دۆشەکێک و لە ژووری نووستنەکەی یولیوس خەوتبوو. یولیوسیش لەبەر دەرگا

وەستابوو و پرسیارەکەی دووبارە کردەوە: دەتەوێت هەوەڵ جار هەواڵە خۆشەکە بژنەویت یان هەواڵە ناخۆشەکە؟

ئالالان گوتی: هەواڵە خۆشەکە، پیاو دەتوانێت هەواڵە ناخۆشەکان ببوێرێت.

- دەی باشە.

یولیوس پێی ڕاگەیاند هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە بەرچایی لەسەر خوانەکە ئامادەیە. قاوە، سەندەویچ، گۆشتی برژاوی کەڵەکێوی، هێلکە کە لە دراوسێکانی وەرگرتبوو. تەسەور بکە ئالالان جارێکی دی دەیتوانی تێشتێک بخوات، تێشتەکەی تەنها سوپ و شۆربا نەبێت! بەڕاستی هەواڵێکی خۆش بوو. وەختایەک لە دەوری خوانی مووبەقەکە ڕۆنیشت، هەستی کرد ئامادەیە گوێی لە هەواڵە ناخۆشەکەش ببێت.

یولیوس، برێک دەنگی نەوی کرد و گوتی: هەواڵە ناخۆشەکە، ئەمەیە دوێشەو مەست بووین، بیرمان چووبوو ماتۆڕی ساردخانەکە بکوژێنینەوە.

ئالالان گوتی: ئێ؟

- ئێ... هەڵبەتە تا نها ئەو کابرایە ڕەق بووەتەوە و مردووە، یان هەوەڵ جار مردووە، پاشان ڕەق بووەتەوە.

ئالالان بە نیگەرانییەوە لا ملی خوراند. بیری لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ هەواڵی ئەو خەمساردی و بێموبالاتییە ئەوە دەهێنێت، خەفەتی بۆ بخوات و ژیانی خۆی تاڵ بکات یان نا.

ئەوسا گوتی: هاوڕێی ئازیز، دەبێت ئەوە بڵێم ئەم هێلکانەت زۆر باش کوڵاندووە، نە زۆر توندە و نە زۆر شل.

***

ئارونسونی گەورە لێکۆڵەری پۆلیس، بە مەزاجێکی خراپەوە، دەوروبەری سەعات هەشت بێدار بووەوە. بە ڕای ئەو مەسەلەی ونبوونی پیرەمێردێکی سەدساڵە، چ بە ڕاست و چ بە درۆ، نەدەبوا بە کەسێکی گەورە وەکو ئەو بسپێرن.

ئارونسون، بلەز ئاوێکی بە خۆیدا کرد، خۆی گۆڕی، دابەزییە خوارەوە تا لە ژێرزەمینی هۆتێلی پیلیڤنادا قاوەڵتی بکات. بەدەم ڕێگەوە تووشی کارمەندی پێشوازی بوو، ئەو فاکسەی دایێ کە دوێشەو دوای داخستنی بەشی پێشوازی گەیبوو. دوای یەک سەعات، گەورە لێکۆڵەرەکەی پۆلیس، ئارونسون، گۆشەیەکی تازەی دۆسیەکەی بۆ ڕوون بووەوە. دوای سەعاتێک پاش ئەوەی ڕونی هولتی بە ڕەنگزەردی و پەشۆکاوی لە کابینەی بلیتفرۆشی وێستگەکە بینی، ئەوسا بایەخ و گرنگیی ئەو

فاکسـەی بـۆ دەرکەوت کە لە پۆلیسـی دەڤەرسـتانەکەوە هـاتبوو. دوای مـاوەیەکی کەم ڕونـی هولـت، هەرەسـی هێنـا و چیرۆکـی بـویەرەکەی لە سـیری تـا پیـازی بـۆ گەورە لێکۆڵەرەکە، بۆ ئارونسون گێڕایەوە.

دوای مـاوەیەکی کەم هەواڵێک لە سکیلسـتوناوە هـات کە گـوایە دوێشـەو، پاسـێکی کۆمپانیای پاسڕانی فلێن دیار نەماوە. ئایا ئارونسـون دەیتوانی بە تەلەفۆن قسـە لەگەڵ جسیکا بیورکماندا بکات؛ ئەو ئافرەتەی لەگەڵ شۆفێری پاسەکەدا دەژیا، ئەو شـۆفێرەی وا دیار بوو ڕفێنراوە، پاشان ئازاد کرابوو؟

ئارونسـون گەورە لێکـۆڵەری پـۆلیس، بـۆ هـۆتێلی پیلیڤنـا گەڕایەوە تـا بەدەم خـواردنەوەی قـاوەیەکەوە. هەمـوو ئەو داتایـانەی تـازە گەیبـوون، بـداتە دەم یەکەوە. پاشان سەرنج و تێبینییەکانی بەم جۆرە تۆمار کرد:

پیرەمێردێک بە نـاوی ئاللان کارلسـون، بەبێ پرسـی نشیمەنەکەی خۆی لە خـانەی پیران هەڵدێت، کەمێک بەر لە یادکردنەوەی سەدساڵەی لەدایکبوونیدا، لە هـۆڵی خـانەکە هەڵدێت. ئەم کارلسونە، لەچاو تەمەنی خۆیدا، لە ڕووی بەدەنییەوە ڕەوشـی باش بـووە، بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەوەیە توانیویەتی لە پەنجەرەکەوە دابەزێت، لەوە دەچێت یەکێک لە دەرەوەی خانەکەوە یارمەتیی دابێت، بەڵام بەڵگە و لێکۆڵینەوەکانی دواتر ئەوە نیشـان دەدات کە پیرەمێرد خۆسەری ئەو کارەی کردووە و کەس یـارمەتیی نەداوە. ئەمە جگە لەوەی خاتوو ئالیس ئەنگولاند، بەڕێوەبەری خانەکە شایەدی دەدات: ڕاستە ئاللان پیرە، بەڵام شیر حەرام و فێڵبازێکە، وێنەی نییە، هەر کارێکی بوێت، بێ سێ و دوو دەیکات.

بەگـوێرەی کەشـفەکانی سـەگی پـۆلیس، کارلسـون، دوای ئەوەی لە پەنـجەرەکەوە دابەزیـوەتە نـاو بـاخچەی گـوڵە وەنەوشـەکان، بە ناوەنـدی مالمشـۆپیندا ڕۆیشـتووە و خۆی گەیاندووەتە هۆڵی چاوەڕوانی گەراج و وێستگەی پاسـەکان. لەوێش بە شـایەدیی ڕونی هولت، کارلسـون ڕێک چووە بۆ بەر پەنـجەرەی کابینەی بلیتبڕین. پێدەچێت بە لارەلار بۆ بەر پەنجەرەکە چووبێت، چونکە ڕونی هولت، سـەرنجی دابوو کە کارلسـون بە هەنگاوی کورت ڕێی کردبوو و سۆلی لە پێ دابوو نەک پێڵاو.

بەگوێرەی گوتەکانی دیکەی ڕونی هولت، کارلسـون، بەنیـاز بـووە بە زووتـرین کـات لە مالمشۆپین دەرباز ببێت و هەڵێت. ئیدی بەرەو کوێ و بە چی بڕوات، ئەمەی بە لاوە گرنگ نەبووە.

بە ڕێکەوت، جسیکا بیورکمانیش کە دۆستی شۆفێری پاسـەکە؛ لینـارت ڕامنەر بـوو، لە هەمان ماڵدا دەژیان هەمان قسەی ڕونی هولتی دووبارە کردبووەوە. تا نها پرسوجۆ لەگەڵ شۆفێری ناڤبریدا نەکراوە، چونکە کۆمەڵێک حەبی خەوی خواردووە. پێدەچێت

قسەکانی بیورکمان دروست بن. کارلسون، پێشەکی برێک پارەی دابوو و بلیتێکی لە ڕامنەر کڕیوە. ئیدی پارەکەی تا وێستگەی بیرینگێ بەشی کردبوو. ئەمە بە ڕێکەوت وا بووە! بۆیە هیچ ماقوول نییە، وا بیر بکەینەوە شتێک یان کەسێک لەوێندەر چاوەڕوانی بووبێت.

خاڵێکی دیکەش هەیە کە مایەی سەرنجە. بلیتفرۆشەکە بیری نییە کە کارلسون، پێش ئەوەی سواری پاسی بیرینگێ بێت ئاخۆ جانتای پێ بوو یان نا، بەڵام هەر زوو لە سۆنگەی ڕەفتاری زبریی نەفەرێکەوە کە وا دیار بوو ئەندامی باندە تاوانکاریەکەی 'هەرگیز جارێکی دی' بوو، ئەو حەقیقەتە کەشف بوو.

لەو چیرۆکەدا کە جیسیکا بیورکمان توانیبووی لە هاوڕێ کوڕەکەی دەربیهێنێت، هیچ هەواڵێک لە جانتاوە نەبوو، بەڵام لەو فاکسەدا کە پۆلیسی ستان (پارێزگا) ناردبووی، ئەگەری ئەوەی دانابوو ڕەنگە کارلسون –هەڵبەتە بە نەباوەڕییەوە– جانتاکەی لە ئەندامەکەی باندی 'هەرگیز جارێکی دی' دزی بووبێت.

باقیی چیرۆکەکەی جسیکا بیورکمان و ئەو فاکسەی لە سکیلستوناوە هاتبوو، ئەوەمان پێ دەڵێن کارلسون سەعات سێ و بیست خولەکی دوانیوەڕۆ، چەند خولەکێک زیاتر یان کەمتر لە وێستگەی بیرینگێ دابەزیبوو، پاشان یارۆی ئەندامی باندی 'هەرگیز جارێکی دی' چوار سەعات دواتر لە هەمان وێستگە دابەزیبوو و هەر یەکەیان ڕووی کردبووە شوێنێکی نادیار. یەکەمیان پیاوێکی سەد ساڵانە و جانتایەک لە دووی خۆی ڕادەکێشێت، نەفەری دووەم نزیکەی هەفتا و پێنج ساڵە و لە نەفەری یەکەم بچووکترە. پاشان گەورە لێکۆڵەری پۆلیس، ئارونسون دەفتەری یاداشتەکانی داخست و دوا قومی قاوەکەی خواردەوە. سەعات دە و بیست و پێنج خولەکی بەیانی بوو.

قۆناغی دواتر: وێستگەی بیرینگێ.

***

یولیوس بەدەم بەرچایی خواردنەوە، ئاللانی لە هەموو ئەو کارانە ئاگادار کردەوە، کە بەیانی زوو ئەنجامی دابوون، ئاللان هێشتا لە غورابی خەودا بوو. یەکەم کاری ئەو بویەرە خراپە بوو کە لە ساردخانەکەدا ڕووی دابوو: کاتێک یولیوس، ئاگادار بووەوە پتر لە دە سەعات بەسەر پلەی سفری سەرمای ساردخانەکەدا بووریوە، لۆسەیەکی لەگەڵ خۆیدا بردووە و دەرگای ساردخانەکەی کردەوە. خۆ ئەگەر گەنجەکە هێشتا لە ژیاندا بایە، بێگومان لە حاڵێکدا نەدەبوو بتوانێت ڕووبەڕووی یولیوس ببێتەوە و لە هەنبەر لۆسەکەی دەستیدا بەرەڤانی بکات. بۆیە، لۆسەکە و بەکارهێنانی هیچ

زەرووڕەتێکـی نەبـوو؛ لە زیـادە بـوو. گەنــجەکە لەســەر ســندووقێکی بـۆش و بەتــاڵ هەڵکوڕمــابوو، لە لەقەفرتــێ و هەڕ و گیـڤ کەوتبـوو. ئــازای بەدەنــی بەســتبووی، لە وردەســەهۆڵدا دەبریسـکایەوە، نیگـا مـردەڵە و بێگـانەکەی بڕیبـووە خـاڵێکی نادیـار. بە کورتییەکەی لە کەڵەکێوییەکی سەربڕدراو دەچوو.

بە بۆچوونی یولیوس ئەمە شتێکی زۆر خراپ بوو، بەڵام هیچ چارێکی دیکە نەبوو. نەدەکرا کابرایەکی جەربەزەی وەکو ئەو ئازاد بکرێت. یولیوس مەکینەی فرێزەرەکەی کوژاندەوە و دەرکی ساردخانەکەی خستە سەر پشت.

دروســـتە کە گەنـــجەکە مردبـــوو، بەڵام پێویســـتی بەوە نەدەکـــرد لەوەی پتـــر بە بەستراوی و ڕەقبوونەوەوە بمێنێت. یولیوس بۆ ئەوەی ئەوێندەر گەرم ببێت، وجاخی مـووبەقەکەی داگیرسـاندبوو، ئەوسـا سـەرێکی پارەکـانی دابـوو. ئەو سـی و حەوت ملیۆنەی دوێشەو بە پەلە ژماردبووی دروست نەبوو، ژمارەی دروست پەنجا ملیۆن کرۆن بوو.

ئاللان دانیشتبوو و بە وردی گوێی لە یولیوس دەگرت. هێندەی لە بیری بێت، هیچ بەیانییەک بەو ئیشتیاوەوە قاوەڵتی نەکردبوو، بە درێژایی ئەو ماوەیە بێدەنگ بوو، تا یولیوس باسی پارەکەی هێنایە ئاراوە.

"دابەشکردنی پەنجاملیۆن، بەسەر دوودا، زۆر لە دابەشکردنی سی و حەوت ملیۆن ئاسانترە، ڕێک بێ هیچ کەم و کەسرێک دەردەچێت؛ فیت وەکو یەک. بێزەحمەت ئەو خوێیەم پێ دەدەیت؟

یولیـوس خـوێیەکەی پـێ دا و گـوتی ئەگەر پێویسـت بکـات دەکرێـت سـی و حەوت ملیـۆن بە ئاسـانی بەسـەر دوودا دابەش بکرێت، بەڵام هەق بە ئـاللانە کە دابەشـکردنی پەنجاملیۆن ئاسانترە.

یولیـوس، تەواو جیـددی بـوو. لە دەوری مێـزی مـووبەقەکە و لە هەنـبەر ئاللانـدا ڕۆنیشت و گوتی ئێستا باشترین کاتە بۆ وەی بۆ هەتاهەتایە ئەو وێستگە تەرک کراوە بەجێ بهێڵن. ئیدی پیاوە گەنجەکە هیچ خەتەرێکی بەسەریانەوە نەمابوو، بەڵام لە کوێ بزانرێت کە خەڵکانی دی لەدووی نەدەهاتن؟ لەگین بوو لە هەر ئان و ساتێکدا سـەر و کەلـلەی دە گەنجـی تـازە لە بەردەم مـووبەقەکەدا پەیـدا ببێـت و بە هەمـان نەفەسـی ئەوەوە، کە تەنها دەنگی بڕابوو، بکەونە هاتوهاوار.

ئاللانیش هەمـان ڕاوبۆچوونی هەبوو، بەڵام بە یولیوسـی گـوت کە تەمەنـی زۆرە و ناتوانێت وەکـو جـاران زۆر بجووڵێت. ئیـدی یولیـوس بەڵێنـی دا ڕێگەیەک بـدۆزێتەوە کەمترین پیادەڕەویی تێدا بێت. بەهەرحـاڵ دەبوایە هەرچۆن بووە هەڵبێن و لەوێندەر

دوور بکەونەوە، بەڵام دەبوایە تەگبیرێکی جەستەکەی ناو ساردخانەکە بکەن، نەدەکرا، تەرمێک لەو گۆڕە و دوای خۆ بەجێ بهێڵن.

لە تێشتخواردن بوونەوە؛ کاتی ڕۆیشتن هاتبوو. یولیوس و ئاللان، تەرمی گەنجەکەیان لە ساردخانەکەوە هێنایە نێو مووبەقەکە، لەسەر کورسییەکیان دانا، تا پشوویەک بدەن.

ئاللان، سەراپای گەنجەکەی بە نیگا دابێژت و ئەوسا گوتی:

"پێیەکانی لەچاو ئەم بەژن و باڵا بەرزەیدا زۆر بچووک نین؟ چیتر پێویستی بەم پێڵاوانە نییە و نابێت، وا نییە؟

یولیوسیش گوتی هەرچەندە بەیانیان لەم کاتەدا هەوای دەرەوە ساردە، ئەگەری تەزینی سەری قامکی پێیەکانی ئاللان زۆر زیاتر بوو لە تەزینی قامکی گەنجەکە. ئاللان پێی وا بوو پێڵاوەکان بەپێی ئەم دەکات، بۆیە دەبوا بە هەشتاو بڕوات و لە پێیان بکات، بێدەنگی نیشانەی ڕازیبوونە.

پێڵاوەکان بۆ ئاللان کەمێک گەورە بوون، بەڵام پێڵاوی زۆر بەهێز بوون، بۆ هەڵهاتن یەکاویەک بوون، زۆر لە جووتێک سۆلی کۆنی سەر فەرشان باشتر بوون.

هەنگاوی دووەم ئەوە بوو تەرمی گەنجەکە بەرنە هۆڵەکە، پاشان لە پلیکانەکانەوە بیبەنە خوارەوە. وەختایەک خۆیان گەیاندە سەر شۆستەکەی دەرەوەی وێستگە تەرک کراوەکە، دوو پیرەمێردەکە بە پێوە و گەنجەکە درێژاودرێژ ڕاکشابوو، ئاللان لە یولیوسی پرسی نها دەیەوێت چیتر بکات.

یولیوس گوتی: 'بۆ هیچ کوێ مەڕۆ'، پاشان ڕووی کردە تەرمی گەنجەکە و گوتی: لەگەڵ تۆشمە.

پاشان لە شۆستەکەوە دابەزی و بەرەو هۆدەیەکی زەخیرەیی ئەوسەری ڕێلێکی لاوەکیی وێستگەکە ڕۆیی.

یولیوس دوای تۆزێک بە خۆی و تەرەزینەیەکەوە لە هۆدە زەخیرەکەوە هاتە دەرەوە. گوتی: ئەمە مۆدێلێکی کلاسیکە، هیی ساڵی ١٩٥٤، فەرموون سواری ئەم تەرەزینەیە بن.

یولیوس خۆی لە پێشەوە ڕۆنیشت، ئەرکی قورسی پایدەر لێدانەکەی گرتە ئەستۆی خۆی. ئاللانیش ڕێک دوای ئەوەوە سوار بوو، پێیەکانی خستنە سەر پایدەرەکان و هەر بە درۆوە گوێ بە گوێی پێیەکانی یولیوس، دەیجووڵاندن و بەرز و نزمی دەکردنەوە. تەرمەکەشیان لەسەر کورسییەکی دەستەڕاست دانا، سەریان خستبووە سەر دەسکی گسکێک، عەینەکێکی ڕەشیان لەچاو کردبوو، تا نیگا بێت گیانەکانی کابرای گەنج دیار نەبێت.

پێنج خولەکی دەویست بۆ سەعات یازدە کە جەماعەت وەڕێ کەوتن، دوای سێ خولەکان، ئۆتۆمبێلێکی ڤالڤۆی شینی تۆخ گەیـیە ویستگە چۆڵ و تەرککراوەکەی بیرینگێ، گەورە لێکۆڵەرەکەی پۆلیس، یۆران ئارونسون دابەزی.

ڕواڵەتی ویستگەکە دیار بوو، کە شوێنێکی چۆڵ و تەرک کراوە، بەڵام دەبوایە گەورە لێکۆڵەرەکە، بەر لەوەی بۆ گوندی بیرینگێ بڕوات، لەگەڵ خەڵکیدا بکەوێتە پرسوجۆ، چاوێکی بەنێو بینایەکەدا بگێڕایە.

ئەوسا ئارونسون بە پارێزەوە پێی نایە سەر سەکۆی بەر بینایەکە، چونکە سەکۆکە لە قایم نەدەچوو، دەرگاکەی کردەوە و بە دەنگی بەرز گوت: ماڵێ، کەس لە ماڵ نییە؟

کاتێک هیچ وەڵامێک نەدرایەوە، بە پلیکانەکاندا سەر کەوت و گەییە نهۆمی یەکەم. پێدەچوو ئەو شوێنە ئاوەدان بێت. لە قاتی خوارەوە چەند پشکۆیەک لەنێو وجاخی مووبەقەکەدا دەبریسکانەوە. پاشماوەی تێشتی دوو نەفەر بەسەر مێزەکەوە دیار بوو. جووتێک سۆلی کۆنەی سەر فەرشان لە ئەرزەکە کەوتبوون.

باندی 'هەرگیز جارێکی دی' لە هەوەڵەوە، بە فەرمی خۆی وەکو یانەیەکی ماتۆڕ سواری ناساندبوو، بەڵام لەڕاستیدا هەموو ئەندامانی ئەو باندە، گەنجانێک بوون کە پێشینەی تاوانکارییان هەبوو و پیاوێکی ناڤسال ڕابەرایەتیی دەکردن کە دۆسیەیەکی سەنگینی تاوانکاری هەبوو. هەر هەموو ئەندامانی باندەکە، خەڵکانی تاوانکار بوون و کەللەی تاوانکارییان لەسەردا بوو.

ڕابەری باندەکە ناوی پێر گونار گێردین بوو، بەڵام کەس نەدەوێرا جگە لە 'سەرۆک' بە هیچ ناوێکی دی ناوی ببات، چونکە ئەوە بڕیاری خودی سەرۆک بوو. سەرۆک، باڵای نزیکەی دوو مەتر دەبوو، کێشی نزیکەی دووسەد و سی کیلۆ بوو، هەر کاتێک یەکێک دژی وەستابوونەوە، یەکسەر هەڵیدەکێشایە چەقۆ.

سەرۆک، لە هەوەڵەوە بە کارێن تا ڕادەیەک بچووک و سووکەوە دەستی پێ کردبوو. لەگەڵ شەریکێکی خۆیدا لە وڵاتانی دیکەوە میوە و سەوزەواتیان بۆ سوێد دەهێنا، پاشان ناوی ئەم وڵاتانەیان دەگۆڕی کە شتەکانیان لێوە دەهێنا، تا بەو کارە هەم باج بە دەوڵەت نەدەن، هەم قازانجی پتر لە بەکاربەر بکێشنەوە.

تاقە ئاریشەی سەرۆک لەگەڵ شەریکەکەیدا ئەمە بوو کە ویژدانی ئەو کابرایە زۆر و وەکو پێویست نەرم نەبوو. سەرۆک بەتەما بوو نەخشەی خەتەرتر بکشێت. بۆ نموونە دەیویست مادە خوراکییەکان بە مادەی حافیزە بپارێزێت، بیستبووی لە هەندێک دەڤەری ئاسیادا، لەو ڕێگەیەوە، میوەکانیان دەپاراست. سەرۆک، لێ بڕابوو

کفتەنێرگزیی سویدی، لە ڕێگەی دەریاییەوە کە هەرزانتر بوو، لە فلیپینەوە هاوردە بکات، کە ئەگەر بڕێک مادەی حافیزەی لێ دابا هەنگێ کفتەنێرگزییەکە تا سێ هەیڤان، لە پلەی سەد دەرەجەی سیلیزیش هەر بە تازەیی دەمایەوە.

بەو شێوەیە کفتەنێرگزییەکە هێندە هەرزان دەکەوت کە ئەگەر شەریکەکەی مارکەی 'سوێد'شی لێ نەدابا دەیتوانی بە قازانجێکی زۆر بیفرۆشێت. سەرۆک پێی وا بوو تەنانەت مارکەی 'دانیمارکی'ش بەس بوو و دەیتوانی خێرێکی باش بکات، بەڵام شەریکەکەی قاییل نەبوو. بە ڕای ئەو مادەی حافیزە و فووماليديهايدا، تەنها بۆ مۆمیاکردنی جەستە بەکەڵک دەهات، نەک بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی قیمە.

ئیدی بەو ئاوایە جووتە شەریک لێکدی جیا بوونەوە و هەریەکە بە ڕێی خۆیدا ڕۆیی و ئیدی مەسەلەی کفتەنێرگزییەکە و حافیزە فەرامۆش کرا. ئیدی سەرۆک هەستی کرد زۆر بە ئاسانی دەتوانێت کڵاوێکی ئەسکی لەسەر بکات، بڕوات و دزی لە جیددیترین هەڤڕکی بازرگانیی خۆی بکات. جیددیترین هەڤڕکی وان کۆمپانیای هاوردەکاری میوەی سویدی ئەی بی ستۆکهۆڵم بوو.

سەرۆک، لەچاو تروکانێکدا، بە کۆمەکی کێردێک و یەک هاواری تووڕە: "ئادەی ئەو پارانەم وێدە دەنا...!" لەناکاودا بوو بە خاوەنی چل و یەک هەزار کرۆن. باشە کاتێک پیاو بتوانێت ئەو پارە مۆڵە لە کەفلە کونێکدا و بێ هیچ زەحمەتێک بەدەست بهێنێت، ئیدی بۆچی خۆی ئەزیەت بدات و میوە هاوردە بکات؟

بەو شێوەیە قۆناغ و ڕەوتی ژیانی تازەی دەست پێ کرد. چەرخی ڕۆژگاریش بەدڵی ئەو دەگەڕا. سەرۆک بە درێژایی ئەو بیست ساڵەی لە کاری دزیدا بەسەری بردبوو، تەنها یەک-دوو جار، بە ناچاری و بۆ ماوەی زۆر کورت چووبووە مەرەخەسی.

بەڵام نها، دوای پتر لە بیست ساڵ، سەرۆک هەستی دەکرد پێویستە بیر لە کارێن گەورەتر بکاتەوە. دوو موریدی گەنجیشی پەیدا کردبوو. سەرۆک خوازراوی، بەر لە هەموو شتێک سەر و نازناوی بێمانای بۆ هەریەکێکیان هەڵبژاردبوو (ناوی خوازراوی یەکەمیان بورغی بوو و هیی دووەمیان سەتڵ). ئیدی سەرۆک توانیبووی بە کۆمەکی وان دوو ئۆپەراسیۆنی دزی سەرکەوتوو ئەنجام بدات، پەلاماری دوو زرێپۆش، پارەگوێزانەوەی دابوو و ڕووتی کردبوونەوە.

بەڵام لە پەلاماری زرێپۆشی سێیەمدا، هەرسێکیان گیران و حوکمی چوار ساڵ و نیو دران و لە پتەوترین زیندانىدا توند کران. لەوێ، لە زینداندا سەرۆک بیرۆکەی دامەزراندنی باندی 'هەرگیز جارێکی دی'ی بۆ هات. ئەم باندە، لە هەوەڵەوە بریتی بوو

لە پەنجا ئەندام، بەسەر سێ گرووپدا دابەش کران: دزی، مادەی هۆشبەر، ڕێگری و سەرانەسەندن. سەرۆک بەو نیازە ناوی 'هەرگیز جارێکی دی' لە باندەکە نابوو، کە باندێکی تاوانکاری هێندە پیشەیی و کارامە و مکوومی لێ دەربچێت کە هەرگیز جارێکی دی پێ لە تەختەی چرووک نەنێن و نەکەونە زیندانی مەحکەمەوە، باندی 'هەرگیز جارێکی دی' ببێت بە 'ڕیال مادرید'ی دنیای تاوان و تاوانکاریی سیستماتیک (سەرۆک مەفتوونی یاریی تۆپی پێ بوو).

لە سەرەتاوە پرۆسەی وەرگرتنی ئەندام لە زینداندا، بە باشی چووبووە پێشەوە، بەڵام پاشان نامەیەکی دایکی سەرۆک، بە ڕێکەوت کەوتبووە دەستی زیندانییەکان و دەستاودەستی کردبوو، هەموو پرۆژەکەی خراپ کردبوو. دایکی لە بەشێکی نامەکەیدا داوای لە پێر گونار گێردین بچووک کردبوو دەبێت لە زینداندا ئاگادار بێت، دۆستایەتیی خەڵکانی خراپ نەکات، پێویستە ئاگای لە وزە هەستیارەکانی بێت، پاشان نووسیبووی چاوەڕوانە تا ئەو لە زیندان ئازاد بێت، تا جارێکی دی گەمەی 'گراڤ و گەنج'ی لەگەڵدا بکات.

دوای ئەو نامەیە، ئیدی سەرۆک ئەو هەیبەت و باوەی جارانی نەما، تەنانەت کە دوو یوگسلاڤییشی لە ڕیزی وەرگرتنی فراڤیندا بەر چەقۆ دابوو، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی وەکو شێت و شبرێکی دڕ، دادی نەدا. ئیدی لە هەیبەت کەوتبوو، لەو سی کەسەی تا ئێستا لە باندەکەی خۆیدا ڕێکی خستبوون، بیست و حەوت کەسیان کشانەوە و وازیان هێنا. ئەو سیانەی مابوونەوە، بریتی بوون لە بورغی، سەتڵ و کابرایەکی فەنزویلایی بە نێوی خوزیە ماریا ڕودریگز کە ژێراوژێر عاشقی سەرۆک بووبوو، هەرچەندە وێرەکی 'جورئەت' ئەوەی نەبوو ئەم ڕازە بە هیچ کەسێک، تەنانەت بە خودی سەرۆکیش بڵێت.

ناوی کابرای فەنزویلاییان، بە ناوی پایتەختی وڵاتەکەیەوە ناو نا: کاراکاس. سەرۆک چەندی هەڕ و گێڤ کرد، چەندی جنێو و سخێفانی دا، سوودی نەبوو، هیچ کەسێک پەیوەندیی بە باندەکەیەوە نەکرد. ئەنجام خۆی و هەر سێ داشدارەکەی لە زیندان ئازاد بوون.

سەرۆک لە هەوەڵەوە خولیای ئەوەی کەوتە سەر بە یەکجارەکی دەستبەرداری باندی 'هەرگیز جارێکی دی' ببێت و بەردێکی بخاتە سەر، بەڵام ئەزقەزا کابرای فەنزوێلایی هاوڕێیەکی کۆلۆمبی هەبوو زۆر بێویژدان بوو، بادانەوە و ئاوخواردنەوەی بە لاوە یەک بوو، کۆمەڵێک دۆستی گومانلێکراوی بە دەورەوە بوو. دوای یەک-دوو بویەران دەستیان تێکەڵاو کرد تا سوێد لە ڕێگەی باندی 'هەرگیز جارێکی دی' بوو بە ڕێگەی بازرگانیی مادەی هۆشبەری دەڵالانی کولومبیایی بۆ ئەورووپای ڕۆژهەڵات.

مامەڵەکان بەرەبەرە گەورە و گەورەتر دەبوون، ئەنجام نە پێویست بە سەرانسەسێنی و ڕێگری، نە بە دزی ما و نە کەسیش هەبوو ئەو کارانە بکات.

***

سەرۆک، لە ستۆکهۆڵم، لەگەڵ سەتڵ و کاراکاسا ئەنجوومەنی جەنگی دامەزراند. دیار بوو بورغوو، بەڵایەکی بەسەر هاتبوو، بڕیار بوو، ئەو گەوجە کە متمانەی پێ درابوو، گەورەترین مامەڵەی باندەکە ئەنجام بدات. سەرۆک، بەیانی پەیوەندیی بە ڕووسەکانەوە کردبوو، سوێندیان بۆ خواردبوو کە کاڵاکەیان وەرگرتووە و پارەکەیان داوە. گوتبوویان ئەگەر نوێنەری 'هەرگیز جارێکی دی' بە جانتاکەوە هەڵهاتبێت، ئەوە نە خەتای ڕووسەکانە و نە کێشەی وانە.

سەرۆک، قەناعەتی کردبوو کە ڕووسەکان ڕاست دەکەن. ماقوولە بورغو تەماع گرتبێتی و بە پارەکەوە هەڵهاتبێت؟ نەخێر، ئەمە ناچێتە ئەقڵەوە. بورغو لەوە کەودەنتر بوو ئەو کارانە بکات، بەڵام کێ دەزانێت، لەوەشە لەوە زیرەکتر بێت کە...

هەڵبەتە دەبێت کەسێک بەو مامەڵە گەورەیەی زانیبێت و لە مالمشۆپین خۆی لە بۆسە نابێت و چاوەڕوانی هەلی لەبار بووبێت، یان لە گەڕانەوەی بورغودا بۆ ستۆکهۆڵم، دەرفەتی لێ هێنابێت، کوشتبێتی و جانتاکەی بردبێت، بەڵام چ کەسێک؟ سەرۆک ئەو پرسیارەی لە ئەنجوومەنی جەنگ کرد، بەڵام بەرسڤی گونجاوی دەست نەکەوت.

بەڵام سەرۆک نەحەپەسا، چونکە لەمێژ بوو دەیزانی داشدارەکانی هەر سێکیان گەمژەن.

بەهەرحاڵ سەرۆک ئەمری بە سەتڵ کرد، دەستبەکار بێت، دەربچێت و بکەوێتە سۆراغی بورغوو، چونکە پێی وا بوو سەتڵ بە هەموو حەماقەتێکی خۆیەوە، لە کاراکاس گەوجتر نەبوو. بۆیە ئەگەری زیاتر هەبوو بورغووی گەوج و بگرە جانتا پارەکەش بدۆزێتەوە.

– سەتڵ، بڕۆ بۆ مالمشۆپین، بە وریاییەوە گوێ هەڵبخە، بەڵام ئەو قەمسەڵەیە لەبەر مەکە، پیرەمێردێکی سەد ساڵە گوم بووە و پۆلیس بە سەرانسەری شاردا بڵاو بووەتەوە.

***

یولیوس و ئاللان و تەرمەکە کە بەسەر تەرەزینە و عەرەبانەکەوە بوون، هێشتا بەنێو بێشەکەدا دەڕۆیشتن. لە ڤیدکارا، بۆ نەگبەتی تووشی جووتیارێک بوون. کابرای جووتیار مژوولی سەردانی بەروبوومەکانی بوو کە ئەو سیانە بە خۆ و عەرەبانەکەیانەوە بەسەردا هاتن.

یولیوس گوتی: بەیانیت باش.

ئاللان گوتی: ڕۆژێکی خۆشە.

تەرمەکە و جووتیارەکە هیچیان نەگوت. لێ وەختایەک ئەوان بە ڕێی خۆدا دەڕۆیشتن و دوور کەوتنەوە، جووتیارەکە ماوەیەکی زۆر لە دواوە هەر سەیری دەکردن، بەڵام تا عەرەبانەکە لە کارخانەی ئاسن تواندنەوەکەی ئەو ناوە نزیکتر دەبووەوە، یولیوس نیگەرانتر دەبوو. وای دانابوو لە ڕێگەدا بە لای دەریاچەیەکدا ڕەت دەبن و هەنگێ دەتوانن تەرمەکە فڕێ بدەنە دەریاچەکەوە و لە کۆڵیان دەبێتەوە، بەڵام چ دەریاچەیەک لەئارادا نەبوو، بەڵام یولیوس بەر لەوەی پتر فریای نیگەرانی بکەوێت، عەرەبانەکە بۆ ناو حەوشەی کارخانەکە غل بووەوە. یولیوس ڕێک لە کاتی خۆی ستۆپی گرت، تەرمەکە بە پێشدا کەوت و سەری دای بە دەسکێکی ئاسندا.

ئاللان گوتی: ئەگەر لە هەلومەرجێکی دیکەدا باین، ئەم جەزرەبەیە زۆر بەئازار دەبوو.

یولیوس گوتی: هەڵبەتە مردنیش سوودی خۆی هەیە.

پاشان یولیوس لە عەرەبانەکە دابەزی و خۆی دایە پەنای دارکاژێک تا تەمەشایەکی ئەو دەوروبەرە بکات. دەرگا گەورەکانی کارخانەکە ئەو دەرگایانەی بەسەر قاوشەکانی کارخانەکەدا دەکرانەوە، لەسەر پشت بوون، بەڵام مەیدان و حەوشەکە لە چۆڵ دەچوون. یولیوس تەمەشای سەعاتەکەی کرد، سەعات دوازدە و دە خولەک بوو. ئیدی زانیی وەختی نانخواردنی نیوەڕۆیە. کۆنتەینەرێکی گەورەی لە مەیدانەکەدا بەدی کرد و بە ئاللانی گوت بەنیازە بۆ ئەوێندەر بڕوات تا چاوێ بگێڕێت و بزانێت ڕەوشەکە چۆنە. ئاللانیش هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست و داوای لێ کرد ئاگای لە خۆ بێت کە ون نەبێت.

هەڵبەتە کارەکەی یولیوس زۆریش پڕ مەترسی نەبوو، چونکە کۆنتەینەرەکە هەر سی مەترێک دوور بوو، کە بە حاویەکەدا بۆ چەند چرکەیەک سەر کەوت، لەبەر چاوی ئاللان ون بوو. کە یولیوس بۆ لای عەرەبانەکە گەڕایەوە بە ئاللانی گوت نها دەزانێت دەبێت چ لە تەرمەکە بکەن.

کۆنتەینەرەکە تا نیوە پڕ بوو لە بۆریی پۆڵایین، هەر یەکێک لە بۆرییەکان خرابوونە ناو سندووقێکی دارینەوە. گواستنەوەی تەرمەکە بۆ ناو یەکێک لە بۆرییەکان کە تەقریبەن لە کۆتایی کۆنتەینەرەکەدا بوو، یولیوسی تەواو شەکەت کرد، بەڵام کە سەری سندووقەکەی نایەوە و ئەدرەسی سەر سندووقەکەی خوێندەوە، ئۆخژنی لە دڵ و دەروون گەڕا: ئەدیس ئەبابا.

ئاللان گوتی: ئەگەر چاوەکانی بکاتەوە دەتوانێت زۆر وڵاتان ببینێت.

یولیوس گوتی: بجمێ، نابێت زۆر لەم ناوە بمێنینەوە.

کـارەکە بە باشـی بەڕێـوە چـوو. بەر لەوەی کـاتی فـراڤین کۆتـایی بێـت، جـووتە پیرەمێـرد، دووبـارە گەڕانەوە ژێـر دار کـاژەکە. وەختـایەک ئەوان سـواری عەرەبـانەکە بـوون تـا ئیسـراحەت بـکەن، بەرەبەرە جموجـۆڵ لە مەیـدانی کارخـانەکەدا پەیـدا بـوو. شۆفێری بارهەڵگرێک چەند بۆرییەکی دیکەی خستە ناو حاویەکەوە و پڕی کرد. ئەوسا دەرگای کۆنتەینەرەکەی داخست، قفڵی دا، کۆنتەینەرێکی دیکەی هێنا و کەوتە پڕکردنی بە بۆری دیکە.

ئـاللان، نەیـدەزانی لەو کارخـانەیەدا چ دروسـت دەکرێـت. یولیـوس دەیزانـی ئەو کارخـــانەیە کـــۆنە، مێژوویەکـــی هەیە، بـــۆ ســـەدەی هەڤـــدەیەم دەگەڕێـــتەوە. لەو سەردەمانەشـدا ئەم کارخـانەیە، تـۆپ و مەترەلۆزیـان بـۆ هەر لایەک کە بەنیـاز بـوون درێژە بە شەڕی سی ساڵە بدەن و کوشتار زیاتر بکەن، دروست دەکرد.

ئـاللان، پێـی وا بـوو خەڵکی سـەدەی هەڤدەیەم پێویسـتیان بەیەکدیکوژی نەبـوو، ئەگەر کەمێک ددانیان بەخۆدا گرتبا، ئەنجام هەر هەموویان دەمردن.

یولیـوس گـوتی ئەم قسـەیە بـۆ خەڵکی هەمـوو دەوران و سـەردەمەکان دروسـتە. ئەوسا گوتی کاتی پشـوو تەواو بووە، ئیدی وەختی ئەوەیە بڕۆن و خۆیان لە چاوی خەڵکـی ون بـکەن. نەخشـەکەی یولیـوس زۆر سـادە بـوو: ئەوە بـوو بە دووقـۆڵی ئەو مەودا کورتەی تـا ناوەندی شـاری ئۆکێش تەی بکەن، لەوێ بڕیـار بدەن لە هەنگاوی دواتردا چ بکەن.

***

گەورە لێکۆڵەری پۆلیس، ئارونسون بینای کۆنە وێستگەکەی بیرینگێ گەڕا، جگە لە جووتێک سۆلی سەر فەرش کە لەگین بوو، هیی کابرا سەد ساڵییەکە بێت، هیچی تری نەدۆزیـیەوە، ئەو سـۆلانەی لەگەڵ خـۆدا بـرد تـا بە کارمەنـدان و بەرپرسـانی خـانەی پیرانی نیشان بدات.

لێـرە و لەوێ، ئـاو بە زەمیـنەی مـووبەقەکەوە ڕژابـوو، ڕێچـکەی تەڕی گەیبـووە ساردخانەیەکی گەورەی دەرگا کراوە کە ماتۆڕەکەی کوژابووەوە، بەڵام پێ نەدەچوو ئەم شتە بایەخێکی ئەوتۆی هەبێت.

ئەوسا ئارونسون، چوو بۆ گوندی بیرینگێ تـا پرسـوجۆ و تـاقیق لە ماڵەکان بکات. تەنها سێ ماڵ ئاوەدان بوو، ڕۆنیشـڤانانی هەر سێ مـاڵەکە پێیـان ڕاگەیاند، کەسێک بە نێوی یولیوس یونسن لە نهۆمی یەکەمی بینای وێستگەکەدا دەژی. ئەم یولیوس یونسنە بابـایەکی دزی تەڵەکەبـازە و کەس خۆشـی ناوێـت و حەشـر و نەشـری لەگەڵیـدا نییە،

کەس لە دوێشــەوەوە تــا نهــا نە هــیچ شــتێکی دیتــووە، نە هــیچ ســەر و ســەدایەکی نەژنەوتووە، بەڵام هەموویان لەوەدا هاودەنگ بوون کە کەس خێر لە یولیوس نابینێت.

یەکێک لە دراوسێکان لەوانی دی تووڕەتر بوو، گوتی: لە ڕەشچاڵی توند بکەن.

گەورە لێکۆڵەرەکە بە ڕاوێژێکی ماندوو گوتی: ئاخر بە چ تۆمەتێک؟

بە تۆمەتی ئەوەی شەوان لە کولانە مریشەکەکانی مە، هێلکان دەدزێت. بە تۆمەتی ئەوەی زستانی پار، خزاکەکەی منی، کە تازە کڕیبووم دزی و بۆیەی کرد و دەیگوت هیـی خـۆیەتی. بە تـۆمەتی ئەوەی بە نـاوی مـنەوە داوای کتێبـان دەکـات، ئەوسـا لە سندووقی پۆستەکەی منی دەردەهێنێت و هەنگێ دەبێت من پارەکەی بدەم. بە تۆمەتی ئەوەی هەوڵی ئەوەی دابوو ڤۆدگای خۆماڵی، کە بە دزییەوە دروستی دەکات، بە کوڕە چوارده ساڵانەکەی من بفرۆشێت، بە تۆمەتی ئەوەی کە...

گەورە لێکۆڵەرەکە گوتی: باشـە، باشـە لە زینـدانی توند دەکەم، بەڵام دەبێت جارێ بیدۆزمەوە.

***

ئەوسـا ئارونسـون بـۆ مالمشـۆپین زڤـڕییەوە و هێشـتا لە نێـوەی ڕێـگە بـوو، کە مۆبـایلەکەی لێـی دا. جووتیارێک بوو کە زانیارییەکی گرنگی پێ بوو. لە تەلەفۆنەکەدا گوتی نزیکەی سەعاتێک لەوەوپێش تۆمەتبارێکی هێلکەدز، کە لە دەڤەرەکەدا بەناوبانگە بە تەرەزینەیەکەوە (تەرەزیـنە: عەرەبـانەیەکی بچـووکە زیـاتر بـۆ تەفتیشـی سـکەی شەمەندەفەر بەکار دێت) لە قوڵی سکە کۆن و تەرککراوەکەی بیرینگێ – ئاکرەوە، بە لای مەزراکەی ئەودا تێپەڕیبـوو. جـگە لە خـۆی کـابرایەکی پیرەمێـرد و جانتـایەک و گەنجێکی بە عەینەکی ڕەشەوە لەگەڵدا بوو، پێدەچوو گەنجەکە بەرپرس بێت؛ هەرچەندە بە گوتەی جووتیارەکە بە توێی گۆرەوییەوە بووە.

گەورە لێکـۆڵەرەکە گـوتی: تێنـاگەم. ئەوسـا هێنـدە بـلەز بە ئۆتـۆمبێلەکەی پێچـی کردەوە، کە سۆلەکان، کە لەسـەر کوشـنەکەی پێشـەوە بـوون، کەوتـنە سـەر زەمینەی ئۆتۆمبێلەکە.

***

دوای چەنـد سـەد مەترێـک، ئـاللان تەواو خـاو بـووەوە، دەتگـوت بەسـەر بەفـردا دەڕۆیشت. گلەیی نەدەکرد، بەڵام یولیوس هەستی کرد ئەژنۆکانی ئاللان خراپ بوون، لە دوورەوە چاوی بە سەندەویچفرۆشـێک کەوت. یولیـوس بە ئـاللانی گـوت ئەگەر تـا

لای سەندەویچفرۆشەکە تەحەموول بکات، لە کیسەی خۆی سەندەویچی بۆ دەکڕێت، لەوێوە تەگبیرێکی حاڵی خۆیان دەکەن و ئامێرێکی گواستنەوە پەیدا دەکەن. ئاللان وەڵامی دایەوە لە ژیانیدا گوێی بە کێشەی بچووک نەداوە، گلەیی نەکردووە و ئێستاش گلەیی ناکات، دڵنیا بوو بە سەندەویچێک دێتەوە تایم.

یولیوس زیاتر پێی هەڵگرت، ئاللایش بە شەلەشەل دوای کەوت. وەختایەک ئاللان گەییە سەندەویچفرۆشەکە، یولیوس تەقریبەن نیوەی سەندەویچەکەی خۆی هەڵمەقووت کردبوو. سەندەویچی برژاو ئاوی لە زار دەزایاند. ئەمە هەموو ماجەراکە نەبوو.

یولیوس گوتی: ئاللان، وەرە مەرحەبای بێنی بکە. بێنی شۆفێرە تایبەتییە تازەکەی ئێمەیە.

بێنی خاوەنی دەکەی سەندەویچفرۆشییەکە، پیاوێکی دەوروبەری پەنجاساڵان بوو، نەک هێشتا قژی نەوەریبوو، بەڵکو قژەکەی هێندە زۆر بوو، لە پشتەوە وەکو کلکی ئەسپ بەستبووی. یولیوس لە زەرفی دوو خولەکدا کاری بوو سەندەویچێک، شەربەتێکی پرتەقاڵ و ئۆتۆمبێلە مارسیدسە زیوینە مودێل ١٩٨٨کەی بێنی و خودی بێنی بە سەد هەزار کرۆن بکڕێت.

ئاللان، تەمەشایەکی سەندەویچفرۆشەکەی کرد، ئەنجام پرسی: یانی تۆشی کڕی؟ یان هەر بە کرێی گرتوویت؟

بێنی بەرسڤی دایەوە: ئۆتۆمبێلەکەتان کڕیوە و شۆفێرەکەیتیان بەکرێ گرتووە. لە هەوەڵەوە بۆ ماوەی دە ڕۆژان دە خزمەتودا دەبم، پاشان پێم وایە دەبێت ڕونین و گەنگەشەی مەسەلەکە بکەین. ئەم پارەیە هەقی سەندەویچەکانیشی لەگەڵە. سەندەویچێکی برژاوت بۆ بێنم؟

ئاللان، حەزی دەکرد، ئەگەر بکرێت سەندەویچێکی کوڵاو بخوات. پاشان ئاللان گوتی: سەد هەزار کرۆن بۆ ئەم ئوتومبێلە کۆنە زۆر زۆرە، بە شۆفێرەکەشیەوە هەر زۆرە. ئەگەر بتەوێت ئەم مامەڵەیە هەندێک ماقوول بێت، دەبێت یەک بوتڵ شیری کاکاویش سەرباقی بدەیت.

بێنی یەکسەر قایل بوو، ئیدی دەکەکەی بەجێ هێشت و ڕۆیشت، چونکە یەک بوتڵ شیر و کاکاوی زیاتر یان کەمتر، فەرقێکی ئەوتۆی نەدەکرد، ئەوەی نەدەهێنا مامەڵەکەی لەسەر پەک بخرێت. بەهەرحاڵ کار و کاسبییەکەی وی هیچ ڕەونەقێکی نەبوو، بیرۆکەی دانانی دەکەیەکی سەندەویچفرۆشی لە گوندێکی بچووکدا، لە ئیجادی بیرۆکەیەکی باش و سەرکەوتوو نەبوو.

بێننی پێی گوتن لەڕاستیدا بەر لەوەی ئەو دوو ئاغا بەڕێزەش پەیدا بن، ئەو لە دڵی خۆیدا لە سێ و دووی ئەوەدا بووە کارێکی باشتر بدۆزێتەوە، بەڵام هەرگیز ئەوەی بەبیردا نەهاتبوو ببێت بە شۆفێری تایبەتی.

ئاللان کە گوێی لەو قسانەی دوایی یارۆی سەندەویچفرۆش بوو، پێشنیازی کرد بێننی یەک کارتۆن شیر کاکاو بخاتە سندووقی ئۆتۆمبێلەکەوە.

یولیوسیش لای خۆیەوە، بە بێننیی گوت کڵاوی شێفکارییەکەی دابکەنێت و خێرا لە دەکەکەی وەدەر بکەوێت، چونکە دەبوایە بە هەشتاو بکەونە ڕێ. هەروەها یولیوس بەڵێنی دا لە نزیکترین دەرفەتدا کڵاوی شۆفێری تایبەتیی بۆ بکڕێت.

بێننییش کە پێی وا بوو گەنگەشەکردن لەگەڵ خاوەن کاردا ئەرکی ئەو نییە، دەمودەست بە گوێی یولیوسی کرد. یەکسەر کڵاوی شێفکارییەکەی خستە تەنەکەی خۆڵەکەوە، یەک کارتۆن شیر و کاکاوی خستە سندووقی ئۆتۆمبێلەکەوە، لێ یولیوس، ڕژد بوو لەسەر ئەوەی جانتاکە لەسەر کوشنەکەی دواوە، لە تەنیشت خۆیەوە دابنرێت. ئاللانیش دەیتوانی لە پێشەوە، لە تەنیشت بێننییەوە دابنیشێت و بە کەماڵی ئیسراحەت لاق ڕابکێشێت.

بەو جۆرە تاقە سەندەویچفرۆشەکەی ئاکر ڕۆیی و لە پشت سوکانی مارسیدسەکەوە ڕۆنیشت. ئەو مارسیدسەی تا چەند خولەکێک لەوەوپێش هیی خودی بێننی بوو، نها بە حوسن و ڕەزای خۆی بەو دوو ئاغایەی فرۆشتبوو، کە لەگەڵ ویدا لە ئۆتۆمبێلەکەدا بوون.

بێننی پرسیی: بەڕێزینە نها بۆ کوێ تەشریف دەبەن؟

یولیوس گوتی: باکوور چۆنە؟

ئاللان، گوتی: ئەرێ باکوور باشە. باشوورش خراپ نییە.

یولیوس گوتی: کەواتە باژۆ بەرەو باشوور.

بێننی گوتی: کەواتە باشوور خۆت بگرە وا هاتین.

***

دوای دە خولەکێک گەورە لێکۆڵەری پۆلیس؛ ئارونسون گەیە ئاکر. بە ڕێڕەوی کۆنە سکەکەدا ڕۆیبوو، لە پشت کارخانەکەوە تەرەزینەیەکی کۆنی دۆزییەوە، بەڵام تەرەزینەکە هیچ نیشانە و سەرەداوێکی ڕوونی نەدەگەیاند. کرێکارەکان لە مەیدانی کارخانەکەدا مژووڵی بارکردنی بۆرییە گەورەکان بوون. شتاقیان هاتنی تەرەزینەکەیان نەبینیبوو. لێ دوای فراڤین دوو پیرەمێردیان بینیبوو کە بەسەر ڕێگەکەدا دەڕۆیشتن.

یەکێکیان جانتایەکی گەورەی لەدووی خۆی ڕادەکێشا. بەرەو بەنزینخانەکە و دەکەی کابرای سەندەویچفرۆش ڕۆیبوون.

ئارونسون دووبارە پرسییەوە ئاخۆ دڵنیان دوو نەفەر بوون نەک سێ، بەڵام کرێکارەکان کەسیان نەفەری سێیەمیان نەبینیبوو.

ئارونسون، کاتێک ئۆتۆمبێلەکەی بەرەو بەنزینخانەکە و دەکەی سەندەویچفرۆشەکە داژۆت، بیری لەم زانیارییە تازانە دەکردەوە، بەڵام تەنها سەردەرکردن لەو هەموو بویەرە، لە هەموو کاتێک ئاڵۆزتر بووبوو. هەوەڵ جار لای دەکەکە وەستا. برسیی بووبوو، بۆیە ئەم ڕێکەوتە ڕێکەوتێکی باش بوو، لە کاتێکی زۆر باشدا گەیبووە ئێرە، بەڵام دەکەکە (کۆشک، دووکانۆچکە) داخرابوو. ئارونسون لە فکران ڕاچوو؛ ڕەنگە بەڕێوەبردنی دەکەیەکی سەندەویچفرۆشی لەم دەشتە چۆڵ و دوورەدەستەدا کارێکی زەحمەت و بێهودە بێت. ئەوسا بەرەو بەنزینخانەکە درێژەی بە ڕێگەی خۆ دا. خەڵکەکەی ئەوێندەریش نە هیچیان بینیبوو و نە هیچیان بیستبوو، بەڵام ئارونسون توانیبووی بە لای کەمەوە لەوێ سەندەویچێک بکڕێت، هەرچەندە تامی بەنزینی دەدا.

ئارونسون دوای ئەم فراڤینە خێرایە، سەری مۆڵێک و گوڵفرۆشێک و نووسینگەیەکی موڵک فرۆشی دا. پاشان، ڕێگەی بە یەکبەیەکی ئەو خەڵکانە دەگرت کە بە خۆ و سەگەکان یان عەرەبانەی منداڵەکانیانەوە، یان لەگەڵ مێردەکانیان، یان لەگەڵ ژنەکانیاندا هاتبوونە دەرەوە و پرسیاری لێ دەکردن، لێ شتاقیان دوو پیاو یان سێ پیاویان بە جانتایەکەوە نەبینیبوو. جێپێیەکان تا نێوان کارخانەی ئاسنەکە و بەنزینخانەکە دیار بوو، لەوە بەدواوە دیار نەمابوون. ئیدی ئارونسون بڕیاری دا بۆ مالمشۆپین بگەڕێتەوە. بە لای کەمەوە جووتێک سۆلی سەر فەرشی پێ بوو، کە دەبوا چاودێریی خاوەنەکەی بکات و بیدۆزێتەوە.

***

ئارونسون هەر لەناو ئۆتۆمبێلەکەیەوە پەیوەندیی بە سەرۆکی پۆلیسی دەڤەرەکەوە کرد، لە وردودرشتی بویەرەکەی ئاگادار کردەوە. هەڵبەتە سەرۆکی پۆلیسی دەڤەرەکە سوپاسی کرد، چونکە سەعات دوو لە هۆتێلی بیلیڤنادا کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیی هەبوو، تا تەنها هیچ هەواڵ و نووچەیەکی تایبەتی لا نەبوو کە باسی بکات.

سەرۆکی پۆلیس، جۆرە بەهرەیەکی نمایشی تێدا بوو، بە تەبیعەت سوێرەقسە بوو؛ حەزی لە کورتبڕی نەبوو. تەنها گەورە لێکۆڵەری پۆلیس، ئارونسون، ئەوەندەی زانیاری پێ دابوو کە بەشی کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەی ئەو دوانیوەڕۆیەی بکات.

ئەوە بــــوو ســــەرۆکی پۆلیســــی دەڤەرەکە لە کۆنفرانســــە ڕۆژنــــامەوانییەکەی پاشنیوەڕۆیدا، هەموو شتێکی گوت. ئارونسون تەنانەت فریا نەکەوت بگاتە مالمشۆپین و نەهێڵێت لە خەت دەربچێت (خۆ ئەگەر فریای گەڕانەوەش کەوتبا، هەر نەیدەتوانی ڕێگەی لێ بگرێت). سەرۆکی پۆلیس ڕایگەیاند پۆلیس گەییوەتە ئەو ئاکامەی دیارنەمانەکەی ئاللان کارلسون، بریتییە لە بارمتەگیری، ئەمە هەمان ئەو زانیارییەیە کە دوێنێ وێب سایتی ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵی ئاماژەی بۆ کردبوو. بە گوتەی سەرۆکی پۆلیس، نها پۆلیس کۆمەڵێک بەڵگە و داتای دەست کەوتووە کە ئاللان حاڵی حازر لە ژیاندا ماوە و لە دەستی گرووپێکی تاوانکاریدایە.

هەڵبەتە ئەو قسانە کۆمەڵێک پرسیاریان لێ کەوتەوە، بەڵام سەرۆکی پۆلیس بەوپەڕی کارامەیی خۆی لە وەڵامی هەموو پرسیارەکان دزییەوە. سەرۆکی پۆلیس گوتی تاقە شتێک کە دەتوانێت بە میدیای ڕابگەیەنێت ئەمەیە هەمان ڕۆژ، دوای نیوەڕۆ، کە کارلسون و ئەوانەی ڕفاندبوویان، لە گوندە چکۆلەکەی ئاکر بینراون. ئەوسا داوای لە باشترین دۆستانی پۆلیس، واتا جەماوەری خەڵک کرد، ئاگادار بن، ئەگەر بچووکترین شتیان بینی، خێرا خەبەری پۆلیس بدەن.

مخابن تیمی تەلەڤیزیۆنی نەمابوونەوە تا گوێیان لە وتارە نمایشییەکەی سەرۆکی پۆلیس بێت. ئەگەر ئان ئارونسونی تەمەڵ تۆزێک زووتر هەواڵی ڕفاندنەکەی ئاللانی بە سەرۆکی پۆلیس دابوایە، بێگومان تیمی تەلەڤیزیۆنیش دەمایەوە، بەڵام هەر باش بوو نووچەگەهانی ڕۆژنامەکانی ئێکسپرێسێن و ئافتوون بلادێت و پەیامنێری ڕادیۆیەکی لۆکاڵی لەوێ بوون، واتە نوێنەری زۆربەی میدیا سەرانسەرییەکان لەوێ بوون. لە بەشی پشتەوەی هۆڵی نانخواردنی هۆتێلەکە کەسێکی دی وەستابوو، کە بە لای سەرۆکی پۆلیسەوە ئاشنا نەبوو، واتا دەکرا نوێنەر و پەیامنێری ئاژانسی نیشتمانی بێت؟

سەتڵ، نوێنەری هیچ ئاژانسێک نەبوو، بەڵام تەواو دڵنیا بوو بورغوو هەموو پارەکەی بردووە و لە شار دەرچووە، بەمەش ئیدی چووەتە خانەی مردوانەوە.

***

وەختایەک گەورەلێکۆڵەری پۆلیس؛ ئارونسون گەیشتەوە هۆتێلی بیلیفنا، پەیامنێرەکان بڵاوەیان لێ کردبوو. ئارونسون، لە ڕێگەی خۆیەوە سەرێکی بە خانەی پیراندا کردبوو، لەوێ دڵنیایان دابوو سۆلەکان هیی ئاللانە (ئالیس، بەڕێوەبەری خانەکە بۆنی سۆلەکانی کردبوو، پاشان بە قێزوبێزەوە سەری ئەرێی لەقاندبوو.)

ئارونسون، گەورەلێکۆڵەری پۆلیس، لە بەدبەختیی خۆیدا، لە قاوشی هۆتێلەکەدا تووشی سەرۆکی پۆلیس دەبێت. سەرۆکیش هەر لەوێ باسی کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەی بۆ دەکات و داوای لێ دەکات مەتەڵ و لەگەزی تاوانەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە، هەڵبەتە بە شێوەیەک کە لەگەڵ داخۆیانە ڕۆژنامەوانییەکەی ئەودا تێک بکاتەوە.

ئەوسا سەرۆکی پۆلیس ڕۆیی بە لای کاری خۆیەوە. ئاخر زۆر سەرقاڵ و مژووڵ بوو. بۆ نموونە نها باشترین کات بوو دادسێنێک بۆ ئەم دۆسیە دیاری بکات.

ئارونسون بە فنجانێک قاوەوە دانیشت تا جارێکی دی بیر لە کێشەکە بکاتەوە، دووبارە تاوتوێی بکات. بڕیاری دا پەیوەندیی نێوان سێ سەرنشینەکەی تەرەزینەکە بدۆزێتەوە. ئەگەر قسەکانی کابرای جووتیار سەبارەت بە پەیوەندیی کارلسون و یونسن بە نەفەری سێیەمی سەر تەرەزینەکەوە هەڵە بێت، لەو حاڵەدا ئەگەری بە بارمتەگرتن لەئارادا بێت.. سەرۆکی پۆلیسیش لە پرێس کۆنفرانسەکەیدا ئاماژەی بۆ شتێکی لەو بابەتە کردبوو، بەڵام چونکە سەرۆک بە دەگمەن قسەیەکی دەکرد کە دروست دەربچێت، ئەمە ڕێک پێچەوانەی ئەگەری ڕفاندنەکە دەردەچوو. وێڕای ئەوەش خەڵکانێک کارلسون و یونسنیان دیتبوو، کە بە جانتاکەوە لەنێو ئاکردا سوڕابوونەوە.

لێرەدا پرسیار ئەوە بوو ئایا پیرەمێردەکان، کارلسون و یونسن، توانیویانە بە هەر جۆرێک بووە، ئەو ئەندامە گەنجەی باندی 'هەرگیز جارێکی دی' سەرنگون بکەن و لەنێوی بەرن؟

ئەم بیرۆکەیە نەدەچووە ئەقڵەوە، بەڵام مەحاڵ نەبوو. ئارونسون بڕیاری دا دووبارە داوای سەگە پۆلیسییەکە لە سکیلستونا بکاتەوە. دەبوایە سەگەکە و پۆلیسە ڕاهێنەرەکەی، سەرانسەری ڕێگەکە لە کێڵگە و مەزراکانەوە تا کارخانەی ئاسن توانەوەکەی ئاکر، تەی بکەن و بیپشکنن. یارۆی ئەندامی باندی 'هەرگیز جارێکی دی' لەو بەینەدا ون بووبوو. کارلسون و یونسنیش لە بەینی کارخانەی ئاسنەکە و بەنزینخانەکەدا، واتە لە مەودایەکی دووسەدمەتریدا ون بووبوون، دیار نەبوو ئاسمان هەڵیکێشابوون یان زەوی قووتی دابوون. بە جۆرێک ون بووبوون کەس هەستی پێ نەکردبوون. تاقە ئاوەدانی ئەو بەینە دووکانۆچکەیەکی سەندەویچفرۆشی داخراو بوو.

مۆبایلەکەی ئارونسون لێی دا. پۆلیس هەواڵێکی تازەی پێگەیشتبوو. ئەم جارە پیرەمێردی سەدساڵە لە میولبی بینرابوو. پێدەچوو یارۆی پیرەمێرد لە لایەن کابرایەکی ناقساڵەوە، کە قژی وەکو کلکی ئەسپان لە پشت سەریەوە بەستبوو، لە پشت سوکانی مارسیدسێکی زیوینەوە دانیشتبوو، ڕفێنرابێت.

هاوکارەکەی ئارونسون گوتی: دەتەوێت لێکۆڵینەوە لەمە بکەین؟

ئارونسون، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: نەخێر.

ساڵانی دوورودرێژی ئەزموون، توانا و بەهرەی ئەوەی بە ئارونسون بەخشیبوو بتوانێت هەواڵی دروست لە هەواڵ و زانیاریی نادروست جیا بکاتەوە؛ کە هەموو شتەکان لە تەمومژدا نقوم بووبوون، تاقە شتێک کە مایەی ئارامی و سەبووریی دڵی بوو، ئەو توانا و بەهرەیەی بوو.

***

بێننی، لە میولبی وەستا تا بەنزین تێبکات. یولیوس، بە پارێزەوە جانتاکەی کردەوە، ئەسکەناسێکی پێنجسەد کرۆنیی دەرهێنا تا پارەی بەنزینەکە بدات.

پاشان یولیوس، کە پێیەکانی سڕ بووبوون، بڕیاری دا لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزێت و سڕیی پێیەکانی دەربکات، بۆیە داوای لە ئاللان کرد لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا وەمێنێت و ئاگای لە جانتاکە بێت. ئاللان کە زۆر ماندوو بوو، بەڵێنی دا لە جێی خۆی نەجووڵێت.

دوای کەمێک بینیی گەڕایەوە و لە پشت سووکانەکەوە ڕۆنیشت. دوای تۆزێک یولیوسیش زڤڕییەوە. مارسیدسەکە بەرەو باشوور نشێو بووەوە.

دوای تۆزێک دەنگی خشەخشی شتێک لە کوشنەکەی دواوە هات، یولیوس، پاکەتێک نوقڵ و نەباتی سەرهەڵپچڕاوی بۆ ئاللان و بێننی ڕاگرت. گوتی: تەمەشا بکەن چیم لە گیرفانمدا دۆزییەوە.

ئاللان، بە سەرسامی برۆکانی هەڵبڕی: ئێمە کە پەنجاملیۆن کرۆنمان لە جانتاکەدا پێیە، ئەوجاش تەنازولت بۆ دزینی پاکەتێک نقوڵ و نەبات کرد؟

بێننی پرسیی: ئەو جانتایە پەنجاملیۆن کرۆنی تیایە؟

ئاللان گوتی: وا بزانم.

یولیوس گوتی: پەنجای تەواو نییە، چونکە سەدهەزار کرۆنمان دا بە تۆ.

ئاللان گوتی: پێنجسەد کرۆنیشمان دا بە بەنزین.

بێننی، بۆ چەند ساتێک بێدەنگ بوو.

-کەواتە ئەنگۆ لە جانتاکەدا چل و نۆ ملیۆن و هەشتسەد و نەوەد و نۆ هەزار و پێنجسەد کرۆنتان هەیە؟

ئاللان گوتی: لە ژمارە و بیرکاریدا مێشکێکی باشت هەیە.

دووبارە بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان، تا ئەنجام یولیوس هاتە قسان و گوتی ڕەنگە باشتر وا بێت هەموو شتێک بۆ شۆفێرە تایبەتییەکەیان بگێڕنەوە. ئەگەر بێننی حەزی کرد گرێبەستەکەی هەڵبوەشێنێتەوە، کێشە نییە.

***

تەنها بەشی بویەر و چیرۆکەکە کە بە لای بێننییەوە قابیلی هەرسکردن نەبوو، ئەو بەشە بوو کە بەشەرێک لە سەرمادا ڕەق کرابووەوە، پاشان بۆ هەناردەکردن بەستەبەند کرابوو، بەڵام لە لایەکی دیکەوە خۆیا بوو ئەو بویەرە، بە ڕێکەوت ڕووی دابوو. هەرچەندە دەوری ڤۆدگاش لە بویەرەکەدا هەبووە. بێننی، هەرگیز ئەهلی ئەو جۆرە خواردنەوانە نەبوو.

شۆفێرەکە کە تازە دەستبەکار بووبوو، لە زەینی خۆیدا کەمێک بیری لە بویەرەکە کردەوە، لە کۆتاییدا گەیشتە ئەو ئەنجامگیرییەی ئەو پارەیە لە بنەڕەتدا لە دەستی خەڵکانی خراپدا بووە، نها بە لای کەمەوە کەوتووەتە دەستی خەڵکانێک کە ڕەنگە خێرێکیان بۆ بەشەرییەت هەبێت... پێی وا بوو دەستلەکارکێشانەوە، لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربووندا، کارێکی هەڵەیە.

بەو ئاوایە بێننی، بەڵێنی دا لەگەڵیداندا بمێنێتەوە، پاشان پرسی ئەو دوو پیرەمێردە، چ بەرنامەیەکیان بۆ قۆناغی داهاتوو هەیە و بەتەمای چین. تا ئەو کاتە نەیدەویست ئەو پرسیارە بکات، چونکە بە باوەڕی ئەو فزوڵیەت و کونجکاوی سیفەتێک نەبوو شایستەی شۆفێری تایبەتی بێت، بەڵام نها هەستی دەکرد بە خۆیشی تا ڕادەیەک لەو پیلانەوە گلاوە.

ئاللان و یولیوس هەردووکیان ددانیان بەوەدا نا هیچ نەخشە و بەرنامەیەکیان نییە. ڕەنگە بکارن تا دنیا تاریک دەبێت، بە هەمان ئاڕاستەدا بڕۆن و شەوێک لە شوێنێک لا بدەن و لەوێ زیاتر گەنگەشەی بەرنامە و نەخشەی دواتریان بکەن.

بێننی گوتی: پەنجاملیۆن. بزەیەکی بۆ کرد و ئۆتۆمبێلەکەی دایە گێڕی یەک و خۆی بۆ دەرچوون ئامادە کرد.

ئاللان، ژمارەکەی بۆ ڕاست کردەوە: چل و نۆ ملیۆن و هەشتسەد و نەوەد و نۆ هەزار و پێنجسەد کرۆن.

پاشان ئاللان یولیوسی سوێند دا دەستبەرداری دزی بێت؛ چونکە دزی لە خوێنیدا بوو. یولیوس گوتی ئەمە کارێکی ئاسان نییە، چونکە دزی لە خوێنیدایە، جگە لە دزی هیچ کارێکی دی لەدەست نایەت، بەڵام ئەنجام بەڵێنی دا، یولیوس، لەوە دڵنیا بوو کەسێکی بێبەڵێن نییە، لەو کەسانەیە کە بەڵێنێکی دا، دەیباتە سەر.

بە بێدەنگی درێژەیان بە سەفەرەکەیان دا. زۆری نەبرد ئاللان خەوی لێ کەوت. یولیوس نوقڵێکی دیکەی خوارد. بێننییش لە بن لێوانەوە گۆرانییەکی دەچڕی کە ناوەکەی بیر نەدەهاتەوە.

***

هەر کە پەیامنێرانی میدیاکان، بە هەواڵەکەیان زانی، ئیدی ناتوانن دەستبەرداری بن تا لە بنجوبناوانی نەکەن، تا قوڕی بنی دەرنەهێنن. زۆری نەبرد پەیامنێرەکان، توانییان وێنەیەکی ڕوون و ڕەوانی بویەرەکەیان بەدەست هێنا، وێنەیەکی ڕوونتر لەوەی سەرۆکی پۆلیسی دەڤەرەکە لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەی پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا ڕوونی کردبووەوە. ئەم جارەیان ڕۆژنامەی ئێکسپرێس، لەدەست پێشکەرییەکی خۆیدا، ڕونی هولتی بلیتفرۆشی دۆزییەوە، پەیامنێری ڕۆژنامەی ناڤبری چووبووە ماڵەوە بۆ لای و قەولی بە ڕونی دابوو گورپەیەک بۆ پشیلە تەنهاکەی ڕۆنی پەیدا بکات. ئیدی پەیامنێرەکە توانیبووی قەناعەتی پێ بکات لەگەڵیدا بۆ هۆتێلی سکیلستونا بچێت و شەو لەوێ بمێنێتەوە، تا بەو جۆرە دەستی پەیامنێرە هەڤڕکەکانی نەگاتە ڕونی. ڕونی، لە سەرەتاوە دەترسا قسە بکات، چونکە هێشتا هەڕەشەکانی کوڕە گەنجەکە زۆر بە ڕوونی لە گوێیدا دەزرینگایەوە. لێ پەیامنێرەکە قەوڵی دا ناوی ئەو (هولت) ئاشکرا نەکات، دڵنیای کردبووەوە مادامێکی پۆلیس بە بویەرەکەی زانیوە و خۆی لێ بە خاوەن کردووە، هیچ مەترسییەک بۆ وی (ڕونی) چێ نابێت.

بەڵام ڕۆژنامەی ئێکسپریس هەر بە 'هولت'ەوە نەوەستا، بەڵکو شۆفێری پاسەکە و چەند کەسێکی خەڵکی گوندی ئاکر و جووتیارەکەی ڤیدکارش کەوتنە تۆڕی ڕۆژنامەکەوە. هەموو ئەو خەڵکانە دەکرا ببن بە ماک و هەوێنی چەند وتارێکی گەرموگوڕی سبەینێی ڕۆژنامەکە. هەڵبەتە، مەرج نەبوو هەموو ئەو زانیارییانە دروست بن، بەڵام ئەو کارەی پەیامنێرەکە کردبووی، بۆ ئەو ڕۆژە و دەرهەق بەو هەلومەرجە، کارێکی ئێجگار گرنگ بوون.

***

مارسیدیسە ڕەنگ زیوییەکە بەردەوام دەڕۆیی، ڕێگەی دەپێچایەوە. ئەنجام یولیوسیش خەوی لێ کەوت. ئاللان لە کوشنەکەی پێشەوە بەدەم خەوەوە دەیپرخاند. یولیوس لەسەر کوشنەکەی پاشەوە سەری نابووە سەر جانتا ڕەقەکە و خەو بردبوویەوە. لەم بەینەدا بێنی هەوڵی دەدا باشترین ڕێگە بگرێتە بەر. ئەنجام بڕیاری دا لەسەر شاڕێگەکە لا بدات و بەرەو باشوور، خۆی بە قووڵایی بێشەکانی سۆملاند بکات، بە ئومێدی ئەوە بوو، لەوێ شوێنێکی باش بۆ مانەوەی شەویان پەیدا بکات.

ئاللان، بێدار بووەوە و پرسی ئایا وەختی خەوتن نەهاتووە؟ ئەو گفتوگۆیەی ئەوان، یولیوسیشی بەئاگا هێنایەوە، یولیوس کە تەماشای دەوروبەری کرد و بینیی هەر چوار لایان بێشەیە، پرسی لە کوێین؟

بێنی بەرسڤی دایەوە، لە پازدە کیلۆمەتری باکووری ڤیکخیۆ. گوتی کاتێک بەڕێزان لە غورابی خەودا بوون، ئەم بیری لە ڕێگەکە کردبووەوە و گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی لەبەر کۆمەڵێک سەدەمی ئەولەهی (ئەمنی) باشتر وایە شوێنێکی چەپەک و دوورەدەست بۆ مانەوەی شەویان بدۆزنەوە. مەرج نەبوو کەسانێک چاودێرییان بکەن، بەڵام کە پیاو جانتایەکی دزیاری لە پەنجاملیۆن کرۆنی پێ بێت، چۆن لە خۆی دڵنیا دەبێت؛ بۆیە بێنی لەو ڕێگەیە لای دا کە دەچوو بۆ ڤێکخیۆ، ڕووی کردە شوێنێکی دوورەدەست بە نێوی ڕووتنێ، بەڵکو لەوێندەر هۆتێلێکی چکۆلەیان دەست بکەوێت و شەوی تیا ڕۆژ بکەنەوە.

یولیوس گوتی: بیرۆکەیەکی زیرەکانەیە، بەڵام زۆریش نا.

یولیوس، پاشان مەبەستی خۆی ڕوون کردەوە. لەگین بوو لە ڕووتنێ لە باشترین حاڵەتدا هۆتێلێکی چکۆلەی کۆنیان دەست بکەوێت و کەس هەر پێی نەزانێت، بەڵام لەناکاودا شەوێک سێ کەسایەتی، بەبێ حیجزی پێشوەختە پەیدا ببن، ئەمە دەبێتە مایەی سەرنجی هەموو دێهاتییەکان، بۆیە باشتر وا بوو لە هەمان بێشەدا مەزرایەک یان ماڵێکی گوندیاتی پەیدا بکەن، ئەگەر بە بەرتیلیش بووە بۆ شەوێک ژوورێک بگرن، هەر لەوێش نان بخۆن.

بە لای بێنییەوە، بۆچوونەکەی یولیوس لۆژیکی بوو، بۆیە لە یەکەم ڕێگەی قیرتاونەکراوەوە پێچی کردەوە.

دوای تەیکردنی ڕێگەیەکی پێچاوپێچی چەند کیلۆمەتری، کە دنیا تازە خەریک بوو تاریک دەبوو، پیاوەکان سندووقێکی پۆستەیان لە کەنار شەقامەکەدا بینی، سندووقەکە لەسەری نووسرابوو: 'مەزرای دەریاچە' ڕێگەیەکی باریکتر بە لای سندووقەکەدا لای دەدا، کە پێدەچوو بۆ مەزراکە بڕوات. وا دەرچوو دوای سەد هەنگاوێک گەیشتبنە خانوویەک، خانوویەکی دێهاتییانەی دوونهۆمی بوو، لە خشتی سوور دروست کرابوو، چوارچێوەی پەنجەرەکانی سپی بوون. تەویلەیەکیش لە پاڵ خانووەکەدا هەبوو. کەمێک لەولاترەوە، لە کەناردەریاچەکەدا، ژوورۆچکەیەک هەبوو، کە پێدەچوو کاتی خۆی عەمار و کۆگا بووبێت.

پێدەچوو شوێنەکە ئاوەدان بێت. بێنی مارسیدسەکەی ڕێک لەبەر دەروازەی مەزراکەدا ڕاگرت. پاشان ژنێک کە لە هەوەڵی چلساڵیدا بوو، لە دەرگای پێشەوە

دەهـاتە دەرەوە، قـژی سـوور و لـوول بـوو، جلێکـی وەرزشـیی لەبەردا بـوو لە قـژەکەی سوورتر بوو، سەگێکی شیڤەری لەگەڵدا بوو کە لە دوایەوە دەهات.

هەر سـێ پیـاوەکە لە مارسیدسـەکە دابەزیـن، یولیـوس چـاوی بـڕیە سـەگەکە، پـێ نەدەچـوو بیەوێـت پەلاماریـان بـدات. لەڕاسـتیدا نیگـای سـەگەکە، کونجکـاوانە و زیـاتر دۆستانە بوو.

ئیدی یولیوسیش دڵنیا بووەوە و نیگای لە سەگەکە گواستەوە. ئەوسـا بە ئەدەبەوە ئێوارەباشـی کـرد و بە ژنەکەی گـوت ئەگەر دەکرێـت، دەیانەوێـت ئەو شـەوە لەوێنـدەر بمێننەوە، ئەگەر بکرێت هەر لەوێش شتێک بخۆن.

ژنەی تاین، نیگایەکی ئەم گرووپە هەڤدژەی کرد: پیرەمێردێک، پیاوێکی دی، کەمێک لەوەی یەکەم باشـتر... پیـاوێکی دی هەنـدێک شـیکپۆش و تەمەنیشـی گونجـاو بـوو. قژەکەی وەکو کلکی ئەسپ لە پشت سەریەوە بەستبوو! ژنەکە لەبەر خۆوە بزەیەکی بۆ کرد، یولیوس وای مەزەندە کرد گوم گەشتەی خۆیان دۆزیوەتەوە. لـێ ژنەکە پاشـان گوتی: ئەم وێرانەیە هۆتێل نییە.

ئاللان، ئاهێکی هەڵکێشا، پڕ بەدڵ حەزی دەکرد شتێک بخـوات، پاشـان بخەوێت. نها کە بڕیـاری دابـوو کەمێـک زیـاتر بـژی، ژیـانی بە لاوە قورسـتر بووبـوو. خـۆزگەی بە خانەی پیران دەخواست، بە لای کەمەوە لەوێ بەردەوام ئازای بەدەنی نەدەئێشا.

یولیوسـیش نائومێد دیـار بـوو، بەڵام بـۆ ئەو ژنەی ڕوون کـردەوە خـۆی و هاوڕێکـانی ڕێگەیـان گـوم کـردووە و مانـدوون. هەڵـبەتە ئامـادەن کرێـی مـانەوەی ئەو شـەوەیان بە زیادەوە بدەن، ئەگەر جێگەی خەویان دەست بکەوێت، دەتوانن قیروسیا لە خواردن بکەن.

یولیوس گوتی: ئەگەر جێگەی خەوتنمان بۆ دابین بکەیت ئامـادەین بـۆ هەر نەفەرێـک هەزار کرۆنت وێ بدەین.

ژنەکە گوتی: هەزار کرۆن؟ چما ئەنگۆ هەڵهاتوون؟

یولیوس وەڵامی پرسیارە هۆشمەندانەکەی ژنەکەی بوارد و جارێکی دی دووبارەی کردەوە کە ڕێگەیەکی دوورودرێژیان بڕیوە، بە خـۆی دەیتوانی درێژە بە ڕێگە بـدات، بەڵام لەبەر ئاللان کە زۆر پیرە، لایان داوە.

ئاللان، بە ڕاوێژێکی بەزەییئامێزەوە گوتی: دوێنێ سەدەمینساڵیادی لەدایکبوونم بوو.

ژنەکە، بە ڕاوێژێکی ترسئامێزەوە گوتی: سەدساڵی؟ ئەیەڕۆ؟!

ئەوسا کەمێک بێدەنگ بوو، ئەنجام گوتی: قیروسیا، ڕەنگە بتوانن ئەمشەو بمێننەوە، بەڵام مەسەلەی هەزار کرۆنەکە فەرامۆش بکەن. وەکو گوتم، نە ئەم کـاولە هـۆتێلە و نە منیش هۆتێلدارم.

بێننی، بە میهرەبانییەوە تەمەشای ژنەکەی کرد. تا نها هیچ ژنێکی نەبینیبوو لە ماوەیەکی وا کورتدا ئەو هەموو جنێوە بدات. ئەو جۆرە ئاخاوتنەی بە لاوە خۆش بوو.
گوتی: جوانیّ! دەتوانم تۆزێک نەوازشی سەگەکەت بکەم؟

ژنەی تاین گوتی: جوانیّ؟ چما کوێری؟ مەترسە، نەوازشی بکە 'گێلە' سەگێکی میهرەبانە. هەریەکەتان دەتوانن لە یەکێک لە ژوورەکانی نهۆمی دووەمدا بخەون. سەرەوە ژووری زۆری تیایە. لێفەکان خاوێنن، بەڵام ئاگادار بن، مەرگەمووشم ڕشتووە. دوای یەک سەعاتی دی خواردنیش ئامادە دەبێت و دێتە سەر مێزەکە.

پاشان ژنەکە بە لای ئەواندا بووری و چوو بۆ تەویلەکە. 'گێلە'ش وەفادارانە بەگەڵی کەوت. بێننی بەئەدەبەوە لە ناوی ژنەکەی پرسی. ژنەش بەبیّ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە بەرسڤی دایەوە کە ناوی گونیلایە، بەڵام پێی وایە 'جوانیّ باشترە، هەر بەو ناوەم گاز بکە'. بێننی بەڵێنی پیّ دا.

بێننی گوتی: وا بزانم، عاشق بووم.

ئاللان گوتی: من تەنها ئەوەندە دەزانم کە زۆر ماندووم.

ڕێک لەو کاتەدا، دەنگێکی بەرز لای تەویلەکەوە بەرز بووەوە، دەنگەکە هێندە گەورە بوو کە ئاللان بە هەموو ماندوویەتییەکی خۆیەوە ڕاپەڕی. لە دەنگی حەیوانێکی زەبەلاح دەچوو کە بەدەم ئازارێکی زۆرەوە ببۆڕێنێت.

جوانیّ گوتی: ئارام بە سونیا، بەخێر نەیەمەوە وا هاتم.

## حەوتەم
## ١٩٢٩ – ١٩٣٩

ڕەوشی ماڵە چکۆلەکەی یکسهولت زۆر خراپ بوو، بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە ئاللان لەژێر چاودێریی پرۆفیسۆر لوندبریدا بوو، ئاغاتمەی بنمیچ و قەد دیوارەکان بەری دابوو، لەسەر ئەرزەکە کەوتبوو، تەوالێتە خاریجییەکە وێران بووبوو، یەکێک لە پەنجەرەکانی مووبەقەکە، بەدەم بایەکەوە دەشەکایەوە، دەکرایەوە و دادەخرایەوە.

ئاللان، چونکە تەوالێتەکە خراپ بووبوو، چوو لە دەرەوەی خانووەکە دەستی بە ئاو گەیاند. پاشان چوو لە مووبەقە تەپوتۆزاوییەکە ڕۆنیشت. پەنجەرەکەشی دانەخست. برسیی بوو، بەڵام خۆی گرت و ناو گەنجەکە بۆ خواردن بگەڕێت، چونکە دڵنیا بوو، خواردنی ناو گەنجەکە دادی نادات.

ئاللان، لەو خانووەدا لەدایک بووبوو و گەورەش بووبوو، بەڵام لە ژیانیدا لەویٚ، بە ئەندازەی ئێستا هەستی بە نامۆیی نەکردبوو، واتا کاتی ئەوە هاتبوو ڕابردوو لە بیر بکات و بیر لە ئایندە بکاتەوە؟ بێگومان.

ئاللان، سەرەتا چەند لوولە دایناميتی دەرهێنا و سەرقاڵی کارێک بوو تیایدا مەعلان بوو. ئەوسا چەند ئامێرێکی بەنرخی لە عارەبانەکەی پاشکۆی پاسکیلەکەی بار کرد. لە بومەلێڵی ئێوارەی ڕۆژی سێیەمی هەیڤی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٩دا، ئەو شوێنەی بەجیٚ هێشت و کەوتە ڕیٚ.

دایناميتەکە، بەگوێرەی بەرنامەکە، ڕێک دوای نیو سەعات تەقییەوە. خانووە چکۆلەکە تەقییەوە و هەر پارچەیەکی بە لایەکدا بە ئاسماندا چوو، چێڵی دراوسێکەیان دووبارە بەراویتە بوو.

دوای یەک سەعات ئاللان، لە زیندانی مەخفەری پۆلیسی فلێن توند کرا، لە سایەی بۆڵەبۆڵی کرووکی سەرۆکی مەخفەری ناڤبریدا شامی دەخوارد. مەخفەری پۆلیسی فلێن، تازە یەکەمین ئۆتۆمبێلی پۆلیسیان وەرگرتبوو، بۆیە دەستگیرکرنی کابرایەک کە خانووەکەی خۆی تەقاندبووەوە، کارێکی دژوار نەبوو. تاوانەکەی ئەم جارەی ئاللان ئاشکراتر بوو؛ هیچ چەندوچوونێکی هەڵنەدەگرت.

کرووکی سەرۆکی مەخفەرەکە، بە ڕاوێژێکی دەسەڵاتدارانەوە گوتی: بێموبالاتی و تەخریب.

ئاللان گوتی: بێزەحمەت ئەو نانەم پیٚ دەدەیت؟

نەخێر، سەرۆکی مەخفەرەکە لەوانە نەبوو ئەو کارانە بکات. لەجیاتی ئەو کارە داگژایە سەروگوێلاکی یاریدەدەرە داماوەکەی خۆی کە لە بێشەخسیەتیی خۆیدا، بەدەم داواکەی تۆمەتبارە گەنجەکەوە چووبوو و شێوی بۆ بردبوو. ئاللان، لەم بەینەدا لە شامکردن بووەوە و قاییل بوو بۆ ژوورەکەی خۆی ببەنەوە.

ئاللان پرسی: ئەریٚ ڕۆژنامەی ئەمڕۆتان نییە؟ مەبەستم ئەوەیە شتێک هەبێت، بەر لە نووستن بیخوێنمەوە.

وەڵامی سەرۆکی مەخفەرەکە ئەوە بوو گڵۆپی بنمیچەکەی تەمراند و دەرگای سالوولەکەی (ژووری ئینفرادی) شەق دا بەیەکدا و دایخست. بۆ بەیانی یەکەم کاری ئەوە بوو، تەلەفۆنی بۆ شێتخانەکەی ئوپسلا کرد تا بێن و ئاللان کارلسون ببەن.

بەڵام هاوکارانی برنارد لوندبری قسەکانی ئەویان بەهەند وەرنەگرت. بە باوەڕی وان چارەسەری ئاللان کارلسون تەواو بووبوو، نها خەڵکانێکی دی هەبوون دەبوا بخەسێنرێن، پاشان شیکردنەوەی دەروونییان بۆ بکرێت. خۆزگە سەرۆکی مەخفەرەکە دەیزانی، ژمارەی ئەوانە چەند زۆرن کە دەبوا کۆمەڵگەیان لیٚ پاک بکرێتەوە: جوولەکە، قەرەج، زنجی و

قولەڕەشان، شێت و شبران و زۆرانی دی. ئەم بویەرەی ڕێزدار کارلسون خانووەکەی خۆی تەقاندبووەوە، نەیدەکردە بەڵگەی بنجبڕ تا دووبارە بۆ ئوپسالای بنێرنەوە. چما خەڵکی ئازاد نەبوون لەوەی چ لە خانووەکانیان دەکەن؟ ئێمە لە وڵاتێکی ئازاددا دەژین، مەگەر وا نییە؟

کرووک، بەرپرسی مەخفەرەکە، گۆشی تەلەفۆنەکەی داخستەوە. هەرگیز سەری لە ئاخاوتنی ئەو کەسانە دەرنەدەکرد کە لە شارە گەورەکاندا دەژیان. نها ژێوان بوو لەوەی دوێشەو ڕێگەی بە کارلسون نەدابوو بە سواری پاسکیلەکەی بڕوات.

لەبەر ئەمە بوو ئاللان کارلسون، دوای بەیانییەکی پڕ لە دان و سان، دووبارە سواری پاسکیلە عەرەبانە دارەکەی بووەوە و کەوتەوە ڕێ، ئەم جارەیان خواردنی سێ ڕۆژی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، هەمووی لە پاکەت نابوو، پەتۆیەکی دووبەریشی پێ بوو کە ئەگەر سەرما زۆری بۆ هێنابا، دەیتوانی سوودی لێ بدینێت. ئاللان، دەستی خاترخوازی بۆ کرووکی سەرۆکی مەخفەرەکە هەڵبڕی، بەڵام سەرۆکی مەخفەرەکە (مەخفەر: بنکەی پۆلیس) سڵاوەکەی نەسەندەوە. ئەوسا ئاللان پێچی کردەوە و بەرەو باکوور کەوتە ڕێ، چونکە ئەم ئاڕاستەیەش هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئاڕاستەکانی دیدا نەبوو.

دوای نیوەڕۆ، ڕێگەکە ئاللانی گەیاندە هالیفورتاس، ئەو مەسافەیە، بۆ سەفەری یەک ڕۆژ سەروو زیاد بوو. ئاللان، لە داوێنی سەوزەزارێکدا لای دا، پەتۆکەی لەسەر سەوزەگیایەکە ڕاخست، ئەوسا یەکێک لە پاکەتە خۆراکەکانی هەڵپچڕی. لەو دەمەدا پاروویەک نان و سالامی دەجوو، چاوی بەو دەڤەرە پیشەسازییەدا گێڕا کە بە ڕێکەوت بۆ گەشتەکەی هەڵیبژاردبوو. لە دەرەوەی کارخانەکەدا کۆمەڵێک لوولەتۆپی بینی کە پێدەچوو لە کارخانەی ڕیختەگەرییەوە هێنابێتیان. دوور نەبوو ئەوانەی تۆپیان دروست دەکرد، بۆ ئەوەی دڵنیا بن ئاخۆ تۆپەکانیان بە باشی کار دەکەن، پێویستیان بە کەسێک هەبێت. بۆیە پێویستی بەوە نەبوو، لەوەی پتر بە سواری پاسکیل و بە پایەدرلێدان لە یکسهوڵت دوور بکەوێتەوە. شوێنەکانی دیکەش وەکو هێلفۆشنێس بوون، ئەگەر لە شوێنەکانی دی کار هەبێت، ڕەنگە لێرەش کار پەیدا ببێت.

پێدەچوو ئەم گریمانەیەی مادامێکی لەوێ لوولەتۆپ هەبوو، بێگومان کار بۆ ئەو پەیدا دەبێت، گریمانە و بۆچوونێکی هەندێک ساویلکانە بێت، بەڵام دوای چاودێریکردن، دەرکەوت هەق بەو بوو. دوای گفتگۆیەکی کەم لەگەڵ بەڕێوەبەری کارخانەکەدا، گفتوگۆیەک کە هەندێک وردەکاریی ژیانی ڕابردووی خۆی لێ پەڕاند، وەکو شارەزای واری تەقاندنەوە، دامەزرا.

ئاللان، لە دڵی خۆیدا گوتی بێگومان ئەم کارەی پێ خۆش دەبێت.

***

کارخـانەی تۆپسـازی هێلفۆشـنێس، لە ڕەوشـێکی باشـدا نەبـوو، ڕۆژبەڕۆژ زیـاتر بازاڕی کەساد دەبوو، بەردەوام گرێبەستەکانی هەڵدەوەشێنرایەوە و وەزیری بەرگری لە پـاش جەنگـی جیهـانیی یەکەمەوە بـودجەی لەشـکری کەم کردبـووەوە، گوسـتافی پێنجەم، شـای وڵات لە کۆشـکی پاشـایەتیدا ڕۆنیشـتبوو و لێوی دەکرۆشـت. وەزیـری بەرگـری کە ئەهلـی شـیکردنەوە و تـاووتوێکردنی مەسـەلەکان بـوو، گەیشـتبووە ئەو ئەنجـامگیرییەی دەبـوایە سـوێد لە سـەرەتای جەنـگەکەوە پـڕچەک کرابـا، بەڵام ئەم پڕچەککردنە، دە ساڵ دوای جەنگەکە بە کەڵکی وڵات نەدەهات.

لێکەوتەکانی ئەم سیاسەتە بۆ تۆپسازیی هالفورسناس ئەمە بوو کە بودجە زیاتر بۆ بەرهەمێن ئاشتیئامێز دەچوو و کرێکارەکانی کارخانەکە کارەکانیان لە دەست دا...

بەڵام ئاللان بێکار نەبوو، چونکە پەیداکردنی پسـپۆڕ و شـارەزای بواری تەقەمەنی کـارێکی ئاسـان نەبوو. ئەو ڕۆژەی سـەروکەللەی ئاللان پەیدا بوو، باسـی پسـپۆڕی و شارەزایی خۆی لە جۆرەها داینامیتدا بۆ بەڕێوەبەری کارخـانەکە کرد، بەڕێوەبەر هەر حەپەسـا، بـاوەڕی بە گـوێ و چـاوی خـۆی نەدەکـرد. یـارۆی بەڕێـوەبەر تـا ئەو ڕۆژە، پشـتی بە تـاقە پسـپۆڕەکەی کارخـانەکە بەهێـز بـوو، دیـارە ئەمە کـارێکی بـاش نەبـوو، چونکە یارۆی پسپۆڕ بابایەکی بێگانە بوو، بە ئاسـتەم سـوێدیی دەزانـی، ئـازای بەدەنـی یەکپـارچە مـووی ڕەش بـوو، ئەمە جگە لەوەی یـارۆی بەڕێـوەبەر زۆر متمـانەی پێـی نەبوو، بەڵام هیچ چارێکی دیکەی نەبوو.

بەڵام ئاللان ڕەنگی پێستی بە لاوە گرنگ نەبوو، بۆیە بیروبۆچوونەکـانی پرۆفیسـۆر لوندبری بە لاوە نـامۆ بـوو. لە لایەکی دیکەوە حەزی دەکرد بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا کەسـێکی ڕەشپێسـت بـدینێت. وەختـایەک هەواڵـی هـاتنی جوزفین بیکری بۆ سـتۆکهۆڵم خوێنـدەوە، زۆر بە تاسـەوە بـوو ئەو بـدینێت، بەڵام تـەنهـا تەنهـا هاوکـارە ئەسـمەرە ئەسپانییەکەی، واتە ستیپانی، کە ئەویش پسپۆڕی داینامیت بوو، بەدەستەوە بوو.

ئـاللان و سـتیبان، بە باشـی پـێکەوە سـازان، هەردووکیـان لە یەک ژووری خەوگەی کارخانەکەدا، کە لە دەوروبەری کارخانەکە بوو، دەژیـان. ستیبان، سـەربوردەی پڕ ئازار و بەسوێی خۆی بۆ ئاللان گێڕایەوە. لە ئاهەنگێکدا لە مەدرید ئاشـنایەتیی لەگەڵ کیژێکدا پەیدا کردبـوو، ژێراوژێـر پەیوەنـدییەکی پـاک و بـێگەردی لەگەڵ بەرقەرار کردبـوو، غافـڵ لەوەی ئەمە کیـژی میگویـل پریمـودی ڕیڤیـرای سـەرۆکوەزیرانی ئەسـپانیا بـوو. جەنـابی سەرۆکوەزیران لەو پیاوانە نەبوو قسەی لەگەڵدا بکرێت. وڵاتی بە کەیفی دڵـی خـۆی بەڕێوە دەبرد، پاشان لە ڕووی ناچارییەوە بەگوێی دەکرد. بە بۆچـوونی ستیبان، وشـە و زاراوەی سەرۆکوەزیر، هاوواتای دیکتاتۆر بوو، لێ کیژەکەی پریمودی ڕیڤیرا کێشە بوو.

خەزووری گریمـــانەیی ئاینـــدەی ســـتیبان، بە هـــیچ جۆرێـــک نەیـــدەتوانی ئەســـڵی پرۆلیتارییـانەی ماڵبـاتی سـتیبان قبـووڵ بکـات. ئیـدی لە یەکەمـین و تاقەدیـداری ئەو دوانەدا، بە ستیبانی گوت دوو ڕێگەی لە بەردەمە: یەکەمیان سـەری خـۆی هەڵبگرێت و لە قەڵەمـڕەوی ئەسـپانیا دوور بکەوێـتەوە، دووەمیـان ئەوەیە هەر لەوێـدا بکرێـت بە قوربانیی یەک گوللە.

پاشـان وەختـایەک پریمـودی ڕیڤیـرا، دەمـانچەکەی ئامـادە دەکـات، سـتیبان بڕیـاری خۆی دابوو و ڕێگەی یەکەمی هەڵبژاردبوو. پاشـان تەماشـایەکی کیژێی کردبوو کە لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا وەستابوو و هۆن هۆن دەگریـا، ئەوسـا بە بێدەنگی لە ژوورەکە وەدەر کەوتبوو.

سـتیبان بیـری کـردەوە بـۆ دوورکەوتـنەوە لە ئەسپانیا، باشـتر وایە ڕوو لە بـاکوور بکـات. ئیـدی بەرەو بـاکوور کەوتبـووە ڕێ. ئەنجـام زۆر دوور کەوتەوە، گەیشـتبووە شـوێنێک، دەریاچەکـانی لە زسـتاندا دەیانبەسـت. ئیـدی لەو کـاتەوە لە سـوێدا جێگیـر بووبوو. سێ ساڵێک بوو لە کارخانەی تۆپسازییەکەدا دامەزرابوو. هەڵبەتە بە کۆمەکی دیلمانجێـک کە قەشـــەیەکی کاتۆلیـک دەبێـت، خـوا لێـی ببوورێـت، ئەم پیـاوە بەدرۆوە گوتبووی ستیبان، لە وڵاتی خۆیدا، لە ئەسپانیا پسپۆڕی تەقەمەنی و داینامیت بووە، کە خۆی لەڕاستیدا بە زۆری تەماتەی چنیوەتەوە.

ســتیبان، دوای ئەوە، بەرەبەرە زمــانی ســوێدیی فێــر بووبــوو، شــارەزاییەکی تــا ڕادەیەک باشی لە تەقەمەنی و داینامیتدا پەیدا کردبوو. نها، بە بـوونی کەسـێکی وەکو ئاللان، دەیتوانی ببێت بە پیشەکارێکی تەواو عەیار.

***

ئاللان لە خەوگەی کرێکاراندا زۆر ئاسوودە بـوو. دوای سـاڵێک لە سـتیبانەوە فێری کەمێک ئەسـپانیی بـوو. دوای دوو سـاڵ بە ڕەوانـی بە زمـانی ئەسـپانی قسـەی دەکـرد، بەڵام ســێ دانە ســاڵی پــێ چــوو و ســتیبان هەر نەیتــوانی، نوســخە ئەســپانییەکەی سۆسیالیزمی نێودەوڵەتی بەسـەر ئاللاندا بسەپێنێت. هەرچییەکی لەتوانادا هەبوو کـردی، بەس بۆ ئەوەی ئاللان بێتە ڕەدا، بەڵام سوودی نەبوو، ئاللان لەو کەسانە نەبـوو کـاری تێبکرێت. هەرچەنـدی دەکـرد، نەیـدەتوانی لە سـڕیی ئەم لایەنەی شـەخسـیەتی باشـترین دۆستی خۆی (واتە ئاللان) تێبگات. مەسـەلەکەش ئەمە نەبوو بۆ نموونە ئاللان بۆچـوون یان باوەڕێکی پێچەوانەی هەبێت و لەگەڵ ئەودا گەنگەشـەی بکـات. نەخێـر، ئـاللان هـیچ جۆرە بۆچوون و باوەڕێکی نەبوو.

ئاللانیش هەمان کێشەی هەبوو. ستیبان دۆستێکی باش بوو. هیچ گوناهێکی نەبوو کە زەینی بەو سیاسەتە دوابڕاوە ژەهراوی بووبوو. هەڵبەتە ستیبان تاقە کەس نەبوو کە ئالوودەی ئەو سیاسەتە بووبوو.

چەندین وەرز و بۆنە هاتن و ڕۆیین، تا وەرچەرخانێکی تازە لە ژیانی ئاللاندا ڕووی دا. هەموو شتێک لەو زەمانەوە دەستی پێ کرد کە ستیبان، هەواڵی پێ گەیشت کە پریمودی ڕیڤیرا لە سەرۆکوەزیری ترۆ کراوە و لە وڵات هەڵهاتووە. ئیدی ئەسپانیا چاوەڕوانی دیموکراسیی ڕاستەقینە، تەنانەت سۆسیالیزمیش بوو. ستیبان نەیدەویست ئەم دەرفەتە لەدەست بدات.

ستیبان، بڕیاری دا هەرچی زووترە بۆ وڵات بزڤڕێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، چونکە سیۆر پێر ئالبین گەیبووە ئەم باوەڕەی چیتر شەڕ ڕوو نادات، ڕۆژبەڕۆژ بازاڕ و فرۆشی کارخانەی تۆپسازی کەسادتر و کەم و کەمتر دەبووەوە. ستیبان، دڵنیا بوو هەر دوو پسپۆڕەکەی واری دینامیت، هەر ڕۆژێک فنیش بکرێن، دەکرێن. ئاللان، چ نەخشە و بەرنامەیەکی بۆ ئایندە هەبوو؟ ئایا دڵی پێوە بوو لەگەڵ ستیباندا بۆ ئەسپانیا بڕوات؟

ئاللان مودەتێک بیری لەم بابەتە کردەوە. لە لایەکەوە حەزی لە هیچ جۆرە شۆڕشێک نەبوو، چ لە ئەسپانیا و چ لە هەر شوێنێکی دی. ئەگەری ئەوەش هەبوو شۆڕشی ئەسپانیاش ئاڕاستەیەکی پێچەوانە وەربگرێت. لە لایەکی دیکەوە، ئەسپانیا شوێنێک بوو دەکرا پێی بگوترێت هەندەران. ڕێک وەکو هەر وڵاتێکی دی جگە لە سوێد. بەهەرحاڵ ئاللان، کە لە ژیانیدا زۆر شتی لەمەڕ هەندەران خوێندبووەوە، نها کاتی ئەوە هاتبوو بە واقیعی سەفەر بۆ هەندەران بجەڕبێنێت. دوور نەبوو لە ڕێی سەفەرەکەیدا تووشی یەک-دوو ڕەشپێستیش بێت. بەهەرحاڵ وەختایەک ستیبان بەڵێنی دا لە سەفەرەکەیاندا بە لای کەمەوە تووشی یەک ڕەشپێست دەبن، ئیدی ئاللان ملی بۆ سەفەرەکە دا. پاشان جووتەدۆست سەبارەت بە کۆمەڵێک بابەتی پراکتیکی گەنگەشەیان کرد، لە میانەی گەنگەشەکەیانەوە گەیینە ئەو ئەنجامگیرییەی خاوەنی کارخانەکە بابایەکی 'کەودەنی کەڵەکبازی حەرامخۆرە' (ڕێک بەو جۆرەیان وەسف کرد) شایەنی ئەوە نییە ئەو جووتە بە خەمیەوە بن. چاوەڕوانیان کرد تا کرێی ئەو هەفتەیەیان وەربگرن، ئەوسا بەبێ پرس و بە دزییەوە بڕۆن.

ئەوە بوو ستیبان و ئاللان، یەکشەممەی هەفتەی داهاتوو بەیانی زوو، سەعات پێنج لەخەو ڕابوون، عەرەبانەیان لە پاسکیلەکانیان بەست، سوار بوون و بەرەو باشوور بەڕێ کەوتن، کە ئەنجام لەوێوە دەگەیشتنە ئەسپانیا. ستیبان، بەنیاز بوو لەسەر ڕێگەوە، بەروبوومی پێشاوی ئەو بەیانییەی خۆی لە بوتڵێک بکات و لەبەرماڵی خاوەن

کارخانەکەدا دای بنێت، ڕێک وەکو ئەو بوتڵەشیرەی هەموو بەیانییەک لەبەر ماڵەکەی خاوەن کارخانەکەدا دادەنرا. ئاخر ستیبان، ماوەیەکی زۆر بوو لە لایەن خاوەن کارخانەکە و هەردوو کوڕە هەرزەکارەکەیەوە بە 'مەیموون' بانگ دەکرا. داخی ئەوەی هەر لە دڵدا مابوو.

ئاللان بە ستیبانی گوت: تۆڵەسەندنەوە کارێکی باش نییە. تۆڵەساندن وەکو سیاسەتە، شتی خراپ، خراپتری لێ دەکەوێتەوە، پاشان دەگاتە خراپترین و هەرە خراپ.

لێ ستیبان سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەو کارە بکات. تەنها لەبەر ئەوەی هەر دوو قۆڵت تۆزێک تووکن بن و نەتوانیت بە زمانی خاوەنی کارخانەکە قسان بکەیت، مانای ئەوە نییە بە مەیموون بانگت بکەن، وا نییە؟

ئاللان ناچار بوو قایل بێت. ئیدی جووتەدۆست گەیینە بڕیارێکی گونجاو. ئیدی ستیبان بەوەندە ڕازی بوو میز بکاتە شووشەی شیرەکەی بەردەمماڵی خاوەن کارخانەکەوە.

هەر ئەو بەیانییە، چەند شایەتێک هەواڵیان بۆ خاوەن کارخانەکە هێنا ئاللان و ستیبان، بە سواری دوو پاسکیلی عەرەبانەدارەوە دیتووە بەرەو باشوور، بۆ قۆڵی کاترینهوڵم، بگرە دوورتریش پەل بوونەتەوە. ئیدی خاوەنی کارخانەکە بە خۆیشی خۆی ئامادە کرد تا لە هەفتەی داهاتووەوە ژمارەی کارمەندەکانی کەم بکاتەوە. لە بانێژەی ڤێلایەکی زۆر گەورە و جوان؛ هەر شایستە و قابیلی خەڵکی دەوڵەمەند و خودان کارخانە بێت، دانیشتبوو، سیگریدی خزمەتکار، بەوپەڕی حورمەت و ڕێزەوە پەرداخێک شیری بۆ هێنابوون، کە بە پسکیتی بادەمیەوە دەیخوارد. لەناکاودا دڵی خاوەن کارخانەکە تێک هەڵهات، پسکیتەکە لە دەمیدا تامێکی ناخۆشی دەدا. پسکیتەکە تامی ئەمۆنیای دەدا.

خاوەنی کارخانەکە بڕیاری دا چاوەڕوانی تەواوبوونی ڕێوڕەسمی کڵێساکە بکات، پاشان سیگرید دەربکات. ئیدی لەو ماوەیەدا پەرداخێکی دیکەی شیر بخواتەوە، تا تامی ناخۆشیی پسکیتەکەی لە زار بڕەوێتەوە.

***

بەو جۆرە ئاللان، خۆی لە ئەسپانیا بینییەوە. سێ دانە هەیڤیان پێ چوو، تا ئەورووپایان تەی کرد و لە ئەسپانیا گیرسانەوە. ئیدی لە ڕێگەدا هێندەیان ڕەشپێستان بینی، کە ئاللان بە خەیاڵیش وێنای نەدەکرد. ئاللان، دوای دیتنی یەکەمین ڕەشپێست، ئیدی هیچ تاسەیەکی دیتنیانی نەما. بۆی دەرکەوت جگە لە ڕەنگی پێستیان، هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ خەڵکی دیکەدا نییە. هەڵبەتە جیاوازییەکی دیکەشیان هەبوو،

ئەویش ئەوە بوو بە زمانێکی سەیر قسەیان دەکرد. جا چ قەیدییە؟ خۆ سپیپێستەکانیش لە باشووری سوێدەوە بەرەو خوار بە زمانانی سەیر دەئاخفن. ئاللان، لەفکران ڕاچوو، لەگینە پرۆفیسۆر لوندبرییش بە منداڵی لە بابایەکی ڕەشپێست ترسابێت.

ئاللان و دۆستەکەی سەرەنجام گەیینە وڵاتێک کە لە هەرا و هەنگامە و ئاژاوەدا نقووم بووبوو. پاشا بۆ ڕۆما هەڵهاتبوو، سیستمی کۆماری جێگەی سیستمی پاشایەتیی گرتبووەوە، چەپەکان خوازیاری شۆڕش بوون، ڕاستەکان لەبەر ڕۆشنایی بویەرەکانی ڕووسیای ستالینیدا، لە شۆڕش دەترسان، واتا دەشیا هەمان شت لە ئەسپانیاش دووبارە ببنەوە؟

ستیبان، بۆ ساتێک ئەوەی بیر چووەوە کە دۆستەکەی، بە هیچ جۆرێک فرِی بە سیاسەتەوە نییە، بۆیە هەوڵی دا ئاللان بکات بە لایەنگری شۆڕش. لێ ئاللان ملی نەدا، عادەتی وا بوو خۆی لەو شتانە هەڵنەقورتێنێت. ئەو مەسەلانە بە لای ئاللانەوە ئاسایی بوون، هێشتا حاڵی نەدەبوو لەوەی بۆچی خەڵک ڕێک پێچەوانەی ئەوە دەبن کە هەبوو.

کودەتا سوپاییە ناکامەکەی ڕاستەکان، مانگرتنی گشتیی چەپەکانی لێ کەوتەوە. پاشان هەڵبژاردنێکی سەرانسەری ئەنجام درا. چەپەکان سەر کەوتن، ڕاستەکان پەست و تووڕە بوون، یان بە پێچەوانەوە بوو؟ ئاللان، دڵنیا نەبوو، لە ئەنجامدا شەڕی ناوخۆ دەستی پێ کرد.

ئاللان، نها لە وڵاتێکی بیانی بوو، هیچ چارێکی نەبوو جگە لەوەی دووی دۆستەکەی بکەوێت. ستیبان، پەیوەندیی بە سوپاوە کرد، وەختایەک فەرماندەی فەسیلەکەی زانی کە لە تەقاندنەوەی شتاندا کارامەیە، یەکسەر کردی بە عەریف.

دۆستەکەی ئاللان بە شانازییەوە جلکی فەرمیی لەبەر کرد، بە تاسەوە چاوەڕێی یەکەمین شەڕ بوو تا بەشداریی تێدا بکات. ئەمر بۆ فەسیلەکەیان هات کە دوو پردی دۆڵی ئاراگون بتەقێننەوە و داوا لە دەستەکەی ستیبان کرا پردی یەکەم بتەقێننەوە. ستیبان زۆر دڵی بەو متمانەیە خۆش بوو، کە بەو درابوو، لە خۆشیدا هەستا، چووە سەر تاوێرێک، تفەنگەکەی بە دەستی چەپ بەرز کردەوە و هاواری کرد: مردن بۆ فاشیزم، مردن بۆ هەموو...

ستیبان، نەیتوانی قسەکەی تەواو بکات، چونکە شتێک کە پێدەچوو یەکەمین گوللە هاوەنی دوژمن بێت، هات و لایەکی سەری و شانێکی برد بە حەوادا. ئاللان، لە کاتی ئەم بویەرەدا، تەنها پازدە مەترێک لە ستیبانەوە دوور بوو، بۆیە بەختی هێنا و گیانی بە پارچەکانی بەدەنی دۆستەکەی پیس نەبوو؛ ئەو پارچانەی کە لە دەوری ئەو تاوێرەی کە ستیبان بەوپەڕی حەماقەتەوە لەسەری وەستابوو، بڵاو بووبوونەوە.

یەکێـک لە سـەربازەکانی دەسـتەکەی سـتیبان لە هـۆڕژنی گریـانی دا. ئـاللانیش لای خـۆیەوە چـاوێکی بە دەوروبەری خۆیـدا گێڕا، تـا بزانێت پاشـماوەی دۆسـتەکەی چیی بەسـەر هـاتووە، گەیـیە ئەو قەنـاعەتەی شـتێکی ئەوتـۆی لـێ نەمـاوەتەوە بە کەڵکـی کۆکردنەوە بێت.

ئـاللان، بەدەم نوسـتالیژایەکی ڕاسـتگۆیانەوە لە دڵـی خۆیـدا گـوتی: "دەبـوا لە هێلفۆشـنێس مابـایەتەوە." پڕبەدڵ حەزی دەکـرد، نهـا لە یکسـهوڵت بـاو لەبەر مـاڵەکەی خۆیدا خەریکی دارشکاندن با.

***

ئەو گوللەهـاوەنەی سـتیبانی کوشـت، پێدەچوو یەکەم گولله هـاوەنی شـەڕەکە بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە دوا گوللەهاوەن نەبوو.

ئـاللان، بڕیـاری دا بـۆ وڵاتەکەی خـۆی بگەڕێتەوە، بەڵام کـاتێکی بە خـۆ زانـی هەر چوار لای نوقمی شەڕ بووبوو. وێڕای ئەوەش گەڕانەوە بۆ سـوێد و بە پێیـان کـارێکی گەلێک دژوار بوو، لەوێش کەس چاو لە ڕێی ئەو نەبوو.

ئیدی ئاللان، چوو فەرماندەی فەسیلەکەی ستیبانی دۆزییەوە، وەکو شـارەزاترین و باشـترین پسـپۆڕی داینـامیتی سەرانسـەری ئەورووپـا خـۆی پـێ ناسـاند. ئـاللان گـوتی ئامـادەیە بە نانەسـک، واتە لە هەنبەر سـێ ژەمە خـواردنی ڕۆژانە و بڕێـک خـواردنەوە، بایی ئەوەی پێی مەست و خەیـاڵ بێت، هەر پردێـک یـان هەر دامودەزگـایەکی ژێرخـان، بۆ فەرماندەی فەسیلەکە بتەقێنێتەوە.

فەرمانـدەی فەسـیلەکە، خەریـک بـوو ئەمـری گوللەبـارانکردنی ئـاللان بـدات؛ چـونکە ئاللان، بەوپەڕی کەللەڕەقی، ئامادە نەبوو سـردوودی ستایشـی سۆسـیالیزم و کۆمـاری بڵێـت، لەوەش وەتـر ئەوە بـوو، سـوور بـوو لەسـەر ئەوەی بە جلکـی مەدەنیـیەوە لە سـوپادا خـزمەت بکـات. ئـاللان، بەم جـۆرە پاکـانەی بـۆ ئەو هەڵوێسـتەی خـۆی دەکـرد: مەرجێکـی دیکەشـم هەیە... ئەگەر بڕیـار بێـت مـن پردەکانتـان بـۆ بتەقێـنمەوە، بە جـلە تایبەتییەکانی خۆمەوە ئەو کارە دەکەم، دەنا دەتوانیت بە خۆت پردەکان بتەقێنیتەوە.

تا ئەو کاتە هیچ فەرماندەیەکی سوپایی ڕێگەی نەدابوو، بابایەکی سڤیلی نە سـوپایی وەکو ئاللان بەو شـێوازە توندە قسـەی لەگەڵ بکـات و مەرجـی بەسـەردا بسـەپێنێت... تـاقە کێشـەی فەرمانـدەکەی لەمەڕ مە، ئەمە بـوو، کە تاقـانە پسـپۆڕەکەی داینـامیتی ئەو، نهـا تەقیبـووەوە و پارچەکانی بەسەر گرد و تاوێرێکی ئەو نزیکانەوە بووبوو بە ئاردی نێو دڕوان.

لە کاتێکدا فەرمانـدەی فەسـیلەکە، لەسـەر کورسـییەکی سـەربازیی مەیدانیدا، کە قەد دەکـرا و دەنوشـتێنرایەوە، دانیشـتبوو و بیـری لە ئاینـدەی نزیکـی ئـاللان دەکـردەوە، کە

دامەزراندن یان سێدارە بوو، یەکێک لە سەردەستەکان، دەمی لە پەنا گوێی نا و لە بن لێوانەوە گوتی ئەو عەریفە گەنجە نەگبەتەی پارچەپارچە بوو، هەموو جارێک دەیگوت ئەو کابرا سویدییە سەیروسەمەرەیە، شارەزاییەکی ئێجگار باشی لە دینامیت و مادەی تەقاندنەوەدا هەیە.

ئەو قسەیە کردیە کارێک، یارۆی فەرماندە بڕیاری خۆی بدات.

سنیور کارلسون یەکەم: بژی، دووەم: ڕۆژی سێ ژەم خواردنی پێ دەدرێت، سێیەم: بۆی هەیە جلکی تایبەتیی خۆی لەبەر بکات، چوارەم: بۆی هەیە وەکو هەموو سەربازەکانی دی، ناوبەناو لە کاتی هەبووندا، بڕێکی گونجاو مەی بخواتەوە. ئەویش لە هەنبەر ئەمەدا، دەبێت هەموو ئەو شتانە بتەقێنێتەوە کە فەرماندەکان داوای لێ دەکەن. ئیدی دوو سەربازی پیادەی ئەسپانی ڕاسپێردران، کە بە وردی چاودێریی ئەو کابرا سویدییە بکەن، چونکە دوور نەبوو سیخوڕی دوژمن بێت.

هەیڤان بوورین و بوون بە ساڵان، ئاللان، هەر تەقینەوەیەکی لێ داوا دەکرا، مووبەموو ئەنجامی دەدا. هەڵبەتە ئەم کارە مەترسیی خۆیشی هەبوو. ئاللان، زۆر جار ناچار دەبوو بە سینگەخشکێ خۆی بگەیەنێتە ئەو شوێنەی بڕیار درابوو بتەقێنرێتەوە. ئەوسا دەبوو، بۆمبی تەوقیتکراو بنێتەوە. دوای ئەوە دەبوایە بە زیکزاک خۆی بگەیاندایە جێگەیەکی ئەمن و ئەمان. دوای سێ هەیڤان یەکێک لە جووتە چاودێرەکەی ئاللان کوژرا (یارۆ، بە هەڵە و بە سینگەخشکێ ڕاستەوخۆ، خۆی بە ئۆردووگای دوژمندا کردبوو) پاش شەش هەیڤان، چاودێرەکەی دیکەش بە مەرەدی چاودێریی یەکەم چوو (هەستابوو تا کێشمانێکی خۆی بدات، ڕێک لەو کاتەدا، لە ناوقەدەوە بووبوو بە دوو لەتەوە.) یارۆی فەرماندە کە بینیبووی سنیور کارلسون، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کاری خۆی ئەنجام دەدات، بە پێویستی نەزانیبوو، دوو چاودێری دیکە، لە جێگەی دوانەکەی دی دابنێت.

ئاللان، لەگەڵ ئەوەدا نەبوو خەڵکانی زۆر لە خوتوخۆڕایی بێنە کوشتن. بۆیە هەمیشە هەوڵی دەدا، بەر لەوەی هەر پردێک بتەقێنێتەوە، کەس لەسەر پردەکە نەبێت. سەبارەت بە دوا پرد کە بەر لە کۆتایی شەڕەکە تەقاندیەوە، هەمان ڕێسای ڕەچاو کرد. وەختایەک هەموو کارەکانی تەواو کرد، بەرەو هەندێک دەوەنانی پشت یەکێک لە پایەکانی پردەکە کشایەوە. بینیی دەورییەکی دوژمن، ڕێک بەرەو ڕووی ئەو دەهاتن. کابرایەکی کورتەباڵایان لەگەڵدا بوو، کە میدال و نیشانانێکی زۆری بە بەرۆکەوە بوو. دەورییەکە لە دیوەکەی تری پردەکەوە دەهاتن، ئاگایان لەوە نەبوو کۆماری خوازەکان

لەو دەوروبەرەن. دەورێـیەکەی دوژمـن، بەرەو ئەو چارەنووسـە دەچـوون، کە سـەری ستیبان و هەزاران ئەسپانیایی دیکەی خواردبوو.

لێ ئاللان سەبری سوا. لە پەنا دەوەنەکانەوە هـاتە دەرەوە و بەدەست ئاماژەی بۆ کـردن. ڕوو لە کـابرای میـدال بە بەرۆک هـاواری کـرد: مەیەنە پێشـەوە تـا پـردەکە نەتەقیوەتەوە، هەمووتان فەوتوفەنا نەبوون، لەم ناوە دوور بکەونەوە!

کابرای میدال دار، شۆک بوو، پیاوەکانی بە ڕاکێش‌ڕاکێش بردیان و تا ژێر ئەو دەوەنانەی ئاللان خۆی لەژێریاندا شاردبووەوە، نەوەستانەوە. لەناکاودا لوولەی هەشت چەک کرایە ئاللان، خـۆ ئەگەر ڕێـک لەو کـاتەدا پـردەکە نەتەقیبـاوە، ئەگەر زۆر بـوو، بە لای کەمەوە یەکێـک لەو چەکانە یارۆی سویدی 'ئاللان'ی بەر دەستڕێژی گولله دابا. گوشاری تەقینەوەی پردەکە یارۆی کورتەباڵای هەڵدایە سـەر ئـاللان. ئیدی لەم هەرا و هەنگامەیەدا هیچ کەسێک لە گرووپەکەی کابرای کورتەباڵا، نەوێرا تەقە بە ئاڕاستەی ئاللاندا بکات؛ لە ترسی ئەوەی نەبا بەر فەرماندە کورتەباڵاکەیان بکەوێت. ئەمە جگە لەوەی بۆیان دەرکەوت ئاللان کەسێکی سڤیلە. کە تەپوتـۆز و دووکەڵەکە نیشـتەوە، ئیدی کەس لەگەڵ ئەوەدا نەبوو ئـاللان بکوژێت. یـارۆی کورتەبـاڵای میدال بەقەد تەوقەی لەگەڵ ئاللاندا کرد، گوتی جەنەڕاڵێکی ڕاستەقینە دەزانێت چۆن منەتباری و سوپاسـگوزاری خـۆی نیشـان بـدات، نهـا باشـترین کـار ئەوەیە مەفـرەزەکە بـۆ دیـوەکەی دی پاشەکشـە بکـات. خـۆ ئەگەر فریـادڕەس و ڕزگارکەرەکەشـیان بەگەڵیـان بکەوێـت، ئەوا پـا و پێڵاوی لەسـەر چاویـانە و هەر کە بگەنەوە ئەوبەر، ئەوا جەنەڕاڵ، ئـاللان دەعـوەتی خـواردنی ئێوارە دەکات.

جەنەڕاڵ گـوتی: پائیـا ئانـدالوز (جـۆرە خـواردنێکی ئەسـپانییە، بـریتییە لە بـرنج، زەعفەران، مریشک یان ماسی) دەخۆین. شێفەکەم، کوک، خەڵکی باشوورە، تێدەگەیت؟

بەڵـێ، ئـاللان تێگەیشـت. ئـاللان، دەیزانـی ژیـانی فەرماندەی گشـتی ڕزگـار کردبـوو. ئـاللان دەیزانـی جلە تـایبەتییە، چڵکنەکەی بە قـازانجی ئەو شـکابووەوە. زۆر بـاش بـوو جلکی ڕەسمی سوپایی لەبەر نەبوو. ئاللان دەیزانی دۆستەکانی لە دووریی چەند سـەد مەترێکەوە، لەسەر گردەکەوە، بە دووربین هەموو بویەرەکەیان دیتووە و ئیدی وەختـی ئەوە هاتووە لە ڕای سەلامەتیی خۆی سەنگەر بگۆڕێت، پەیوەندیی بە بەرەکەی دیکەی جەنگەکەوە بکات؛ جەنگێک کە ئاللان نەیدەزانی ئامانج و سوودی چییە.

ئاللان برسیی بوو، بۆیە گوتی: بەڵـێ، ببـوورە جەنەڕاڵـی مـن، پائیـا شـتێک نییە پیـاو بتوانێـت ڕەفـزی بکـات، خـۆ ئەگەر یەک-دوو پێـک شـەرابی سووریشـی لەگەڵـدا بێـت، هەزاری خێر و دووی بەرەکەت؟

***

ئاللان، کاتی خۆی، دە ساڵ لەوەوپێش، کە داوای پێشکەش کردبوو تا لە کارخانەی تۆپسازیی هێلفۆشنێس دابمەزرێت، بە خۆی ویستبووی لە سیڤییەکەیدا هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە نەکات کە مودەتی چواردانە ساڵ لە نەخۆشخانەی شێتاندا بووە، پاش ئەوەش خـــانووەکەی خـــۆی تەقانـــدووەتەوە. ڕەنـــگە هەر لەبەر ئەوەش بە ئاســـانی لە چاوپێکەوتنەکە دەرچووبێت، دەستبەکار بووبێت.

کاتێک ئاللان، سەرگەرمی گفتوگۆ بوو لەگەڵ جەنەڕاڵ فرانکودا، بیری لەو بابەتە دەکردەوە. لە لایەکەوە نەدەبوو درۆ بکات. لە لایەکی دیکەوە، قازانجی ئاللان لەوەدا نەبوو بە جەنەڕاڵ بڵێت ئەو بۆمبی ژێر پردەکەی ناوەتەوە و بە درێژایی سێ ساڵی ڕابردوو، بە جلی مەدەنییەوە خزمەتی سوپای کۆماریخوازەکانی کردووە.

ئاللان، لەو کارانە کە کردبوونی شەرمەزار نەبوو، بەڵام سەبارەت بەم هەڵوێستە تازە و تایبەتییەی هەر هیچ نەبێت ئێوارەخوان و خواردنەوەیەکی باشی تیا بوو، بۆیە دەشیا بە شێوەیەکی کاتی ئەو حەقیقەتە فەرامۆش بکات.

ئیدی ئاللان، بە فەرماندەی گشتیی گوت لە دەستی کۆمارییەکان هەڵهاتووە و لەنێو ئەو دار و دەوەنانەدا خۆی شاردووەتەوە. ئاللان گوتی خۆشبەختانە، بە چاوی خۆی بینیبووی چۆن پردەکەیان بۆمباڕێژ کردبوو، بۆیە توانیبووی جەنەڕاڵ ئاگادار بکاتەوە. هۆی ئەمەش کە لە ئەسپانیا و لە ناوجەرگەی شەڕدا سەری دەرهێنابوو، دۆستێکی بووە، کە لە میگول پریمو ڕیڤیرای ڕەحمەتییەوە نزیک بوو. ئیدی ئەو دۆستەی بە گوللەهاوەنی دوژمن کوژرابوو، ئاللان ناچار بووە هەوڵی ئەوە بدات هەرچۆنێک بووە گیانی خۆی بپارێزێت، بۆیە بە دیلی کەوتووەتە دەست کۆماریخوازەکان، پاشان توانیبووی هەڵبێت.

ئاللان، پاشان بلەز بابەتەکەی گۆڕی و گوتی باوکی لە هەوادارانی نزیکی دەرباری تزار نیکولا بووە و لە شەڕێکی نابەرانبەرا لەگەڵ ڕابەری بەلشەویکەکاندا، واتە لەگەڵ لینیندا، شەهید بووە.

شێویان لە خێوەتی فەرماندەیی خوارد. ئاللان تا زیاتری دەخواردەوە بە ئاو و تاوی زیاترەوە باسی قارەمانێتییەکانی بابی دەکرد. جەنەڕاڵ فرانکو لەڕادەبەدەر کەوتبووە ژێر کاریگەریی قسەکانی ئاللانەوە. یەکەم لەبەر ئەوەی ژیانی ئەوی ڕزگار کردبوو، پاشان دەرکەوت فریادڕەسەکەی کوڕی یەکێک لە نزیکەکانی تزار نیکولای دووەم بووە.

زیافەت و دەعوەتەکە نایاب بوو. وا دیار بوو شێفە ئەندەلوسییەکە لە ترسی گیانی خۆی، باشترین خۆراکی لێ نابوو، خواردنەوە کلاشەی دەکرد، پەیتا پەیتا پێک بە

سـەلامەتیی ئـاللان، بـابی ئـاللان، تـزار نیکـۆلای دووەم و ماڵبـاتی تـزار هەڵـدەدرا. لە ئەنجامدا، جەنەڕاڵ و ئاللان، بە ڕادەیەک مەست بوون، وەکو دوو هاوڕێی گیانیبەگیانی نـاوی یەکیـان دەبـرد، نەک وەکـو جەنەڕاڵێـک و کـابرایەکی ڕووتە. جەنەڕاڵ، ئـاللانی لەئامێز گرت و بەو دەقەوە خەو بردییەوە.

وەختـایەک جـووتە هـاوڕێی گیانیبەگیـانی بێـدار بـوونەوە، شـەڕ تەواو بووبـوو... جەنەڕاڵ فرانکو جڵەوی حکومەتی تـازەی ئەسـپانیای گـرتە دەسـت و داوای لە ئـاللان کرد ببێت بە سەرۆکی پاسەوانەکانی ئەو.

ئـاللان، سوپاسـی ئەو لـوتفەی ئەوی کـرد و گـوتی ئەگەر فرانسیسـکو ڕوخسـەتی بدات، ئێستا باشترین کاتە بۆ ئەوەی بۆ وڵاتی خۆی بزڤرێتەوە. فرانسیسکو نەک هەر ڕێگەی پێ دا، بەڵکو پارێزنامەیەکی ڕەهای فەرماندەی گشتیی پێ دا: "لە هەر شـوێنێک ئاللانگارییەکت هاتە ڕێ ئەم پارێزنامەیە نیشان بدە و هەقت نەبێت" ئەوسـا سـکورتێکی شـاهانەی بەگەڵ خسـت تـا بـۆ لیشـبۆنەی بـبەن. جەنەڕاڵ، دەیزانـی لە لیشـبونەوە، کەشتیانی زۆر بەرەو باکووری ئەورووپا دەڕۆن.

پاشـان دەوکەوت کەشـتی لە لیشـبۆنەوە بـۆ هەر شـوێنێکی دنیـا هەبـوو. ئـاللان، لە لەنگەرگـایەکەدا وەسـتا، مـاوەیەک لەفکـران ڕاچـوو. ئەوسـا پارێزنـامەکەی جەنەڕاڵـی پیشانی کاپتنی کەشتییەک دا، کە ئاڵای ئەسپانیای بەسـەرەوە بوو. بە پەلە ڕێگەیـان دا سواری کەشتییەکە بوو و کەس داوای کرێی لێ نەکرد.

لەڕاسـتیدا ئەم کەشـتییە بـۆ سـوێد نەدەچـوو، بەڵام ئـاللان لەو دەمەدا کە لە لەنگەرگـاکەدا وەسـتابوو، لە خـۆی پرسـی چ ئیشـێکی لە سـوێد هەیە؟ ئەنجـامیش هـیچ وەڵامێکی گونجاوی دەست نەکەوت.

**هەشتەم**

**سێشەممە ٥/٣، چوارشەممە ٢٠٠٥/٥/٤**

پاش پرێس‌کۆنفرانسەکەی دوای نیوەڕۆ، سەتڵ بە خۆ و بوتڵێک بیرەوە دانیشت و لەفکـران ڕۆچـوو. چەنـدی دەکـرد و دەکۆشـا سـەری لە مەسـەلەکە دەرنەدەکـرد، واتـا بورغـوو کەوتـووەتە ڕفانـدنی پیرەمێردانـی سەدسـاڵە؟ یـان ئەم دوو مەسـەلەیە هـیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نەبوو؟ بیرکـردنەوە سـوودی نەبـوو، جگە لە سەرئێشـە هـیچ بەرهەمێکی دیکەی نەبوو، بۆیە سـەتڵ دەسـتبەرداری بیرکردنەوە بوو، لەجیاتی ئەوە

تەلەفۆنی بۆ سەرۆک کرد و پێی ڕاگەیاند هیچ هەواڵێکی تازە لەگۆڕێ نییە. سەرۆکیش ئەمری کرد کە لە مالمشۆپین وەمێنێت و چاوەڕوانی فەرمانی تازە بێت.

کە گوتوبێژە تەلەفۆنییەکە تەواو بوو، سەتڵ و بوتڵە بیرەکەی بە تەنها مانەوە. ڕەوشەکە زۆر ئاڵۆز بوو، سەتڵ وەختایەک سەری لە ڕەوش و بویەرەکانی دەوروبەر دەرنەکردبا، تووڕە دەبوو؛ ئەمەش دەبووە مایەی ئەوەی دووبارە تووشی ژانەسەر بێت. بۆیە لە زەینی خۆیدا کەوتە وەردەوەدانی ڕابردوو و کاوێژکردنەوەی دەورانی گەنجایەتیی خۆی.

کاروانی ژیانی تاوانکاریی سەتڵ لە براوسەوە دەستی پێ کردبوو؛ کە لە نیشمەنی ئێستای ئاللان و دۆستەکانیەوە زۆر دوور نەبوو. سەتڵ لە براس هەندێک کەسی وەکو خۆی دۆزیبووەوە و لەوێ یانەیەکی ماتۆڕسوارییە بە نێوی 'زبری= ڤویولنس' دامەزراندبوو. سەتڵ بە خۆی سەرۆکایەتیی یانەکەی دەکرد، ئەو بڕیاری دەدا کە کیهە کۆشکی سیغارفرۆشی دواتر، دەبێت جگەرەکانی تالآن بکرێت؟ هەر ئەویش ناوی 'ڤویولنس'ی ئینگلیزی (نەک سویدی) بۆ باندەکەی دانابوو. هەر خۆیشی داوای لە ئیزابیلای دۆستی کردبوو، ناوی باندی ماتۆڕسوارییەکەیان، بە پشتی ئەو دە قەمسەڵەیەوە بدورێت کە تازە دزیبوویان. ئیزابیلاش، هیچ کاتێک لە قوتابخانەدا بە باشی فێری ڕێنووس نەبووبوو. تەنانەت ڕێنووسی سویدییشی باش نەبوو، چ جای ڕێنووسی ئینگلیزی.

ئەنجام ئەوە بوو ئیزابیلا، لەجیاتی وشەی ڤویولنس وشەی ڤیلونی (کەمانچە) بە پشتی قەمسەڵەکانەوە دووریبوو، جا چونکە باقیی ئەندامانی یانەکەش خوێندەوارییان لە ئیزابیلا زۆرتر نەبوو، بۆیە شتاقیان هەستیان بەو هەڵەیە نەکردبوو.

ئیدی کاتێک ڕۆژێک بەرپرسانی هۆڵی کۆنسێرتی ڤێکخیۆ، دەعوەتنامەیەکیان بۆ باندی براس ناردبوو، لە دەعوەتنامەکەدا هاتبوو، بە حوکمی ئەوەی ئەندامانی گرووپی ڤیلون، بە ئاشکرا بایەخ بە موزیکی کلاسیک دەدەن، بۆیە حەز دەکەین، ئەگەر مەیلیان لێیە و حەز دەکەن، لەگەڵ ئۆرکێسترای موزیکافیتای شاردا بەشداریی چالاکییەکی زیندوو بکەن، ئەوا ئامادەین لە خزمەتیاندا بین. هەڵبەتە هەموو ئەندامانی باندەکە سەریان لەم دەعوەتنامەیە سوڕما.

سەتڵ بەمە ناڕەحەت بوو، دیار بوو کەسێک ویستوویەتی پێی ڕابوێرێت. ئیدی شەوێک لەجیاتی ئەوەی بچێتە سەر کۆشکێکی (دوکانۆچکە، کابینە) ڕۆژنامەفرۆشی، چووبوو بۆ ڤێکخیۆ، تا لە دەرگاوە کەرپوچێک بسرەوێنێتە ناو هۆڵی کونسێرتەکە. مەبەستی ئەوە بوو بەرپرسانی هۆڵەکە تەمێ بکات و فێریان بکات ڕێزی خەڵکی بگرن.

هەمـوو شـتێک بە باشـی و ئاسـایی بـووری، بەڵام تـاقە کێشـە ئەوە بـوو تاکێـک لەدەست کێشەکانی سەتڵ لەگەڵ کەرپووچەکەدا ڕۆیی و کەوتە نـاو هۆڵەکەوە، چونکە ئـاژیری هـۆڵەکە یەکسـەر کەوتە لێدان، سـەتڵ هەسـتی کـرد، هەوڵـدان بـۆ هێنـانەوەی دەستکێشەکەی کارێکی عاقڵانە نییە و تاکە دەستکێشێک ئەوە ناهێنێت.

هەڵـبەتە ونکردنـی تـاکە دەستکێشـەکە کـارێکی بـاش نەبـوو. سـەتڵ ئەو هەمـوو ڕێگەیەی بە مـاتۆڕ بڕیبـوو تـا گەیبـووە ڤێکخیـۆ، هەر ئەو شـەوە و لە گەڕانەوەدا بـۆ براس، دەستێکی بەتەواوی تەزیبوو؛ چایی بوو. ڤیروسیا لەمە، بۆ نەگبەتیی ئیزابیلای دۆسـتی، نـاو و ئادرەسـی سـەتڵی لە دیـوی نـاوەوەی دەستکێشـەکە دا نووسـیبوو، تـا ئەگەر ون بوو، خاوەنەکەی بناسرێتەوە. ئیدی پۆلیس بۆ بەیانی یارۆی گومانلێکراویـان دۆزییەوە، سەتڵیان دەستگیر کرد و درایە دادگا.

سـەتڵ، لە لێکـۆڵینەوە و پرسـوجۆیەکەدا، داوای کردبـوو بە چـاوی عەتـفەوە لە تاوانەکەی بڕوانن، چونکە خەتاکە لە بنەڕەتدا هیی بەڕێوەبەرایەتیی کۆنسێرتەکە بووە، کە ئەویان پەست و تووڕە کردووە. ئەوسا چیرۆکی ئەمەی چۆن وشـەی ڤویـولنس بە هەڵە بووە بە ڤیلون، لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بووەوە و سەتڵ بوو بە گەپجاڕی خەڵکی لە سەرانسـەری براسـدا. ئیـد سـەتڵ لە داخـدا بڕیـاری دا لەمەودوا کە چـوونە سـەر هەر کوشـکێکی ڕۆژنامەفرۆشـی، هەر بەوە واز نەهێـنن تەنهـا دەرگـاکەی بشـکێنن، بەڵکـو ئاگریشی تێ بەر بدەن. بە ڕێکەوت خـاوەنی کۆشـکەکەی دواتـر کـابرایەکی دوو ڕەگـی تـورکی—بولگـاری بـوو، کە لە گۆشـەیەکی کۆشـکەکەی نووسـتبوو، تـا دزەکـان لەقافـدا بگرێت. کەچـی بە جرەجـر، بە پچرپچـر، بە سـەلامەتی لە ئـاگرەکە دەربـاز بووبـوون. هەڵبەتە سەتڵ بەر لەوەی بڕوات بۆ سەر کۆشکەکە لە دڵی خۆیدا گوتبووی، بەو شەوە تـۆف و سـاردە، لەدەسـتکردنی تـاکە دەستکێشـێک باشـتر بـوو لەوەی هەر هیچـی لەدەستدا نەبێت، بۆیە تاکە دەستکێشەکەی لەدەست کردبوو و ڕۆیبوو بۆ ئەنجامـدانی کارەکەی (هەڵبەتە ئەم تاکەش وەکو تـاکەکەی دی، لە نـاوەوە نێو و ئادەرسـی تەواوی سەتڵی لەسەر نووسرابوو) ئیدی ئەم تاکەشی لە شوێنی بویەرەکە گوم کردبوو، دوای مـاوەیەکی نە زۆر دوور، کـاتێکی بە خـۆ زانـی، بە دەستبەسـەری بـۆ زینـدانیان دەبـرد، ئەمە یەکەم جار بوو پێی بۆ زیندان دەکرایەوە.

لەوێ، لە زیندان ئاشنایەتیی لەگەڵ 'سەرۆک'دا پەیدا کرد.

سەتڵ، دوای تەواوکردنی ماوەی زیندانییەکەی، بڕیاری دابوو بۆ هەمیشـە لە بـراس بـڕوات و ئیـزابیلای دۆسـتی بـۆ هەمیشـە بەجـێ بهێڵێت، چونکە وای وێنـا دەکـرد ئەو دووە؛ براس و ئیزابیلا، سەرچاوە و مایەی هەموو نەگبەتیی ئەون.

بەڵام باندی ڤویولنس، لە دوای ئەویش هەر مایەوە و درێژەی بە چالاکییەکانی خۆی دەدا. هەموو ئەندامەکانی، هەمان ئەو قەمسەڵانەیان بە هەمان ڕێنووسی هەڵەکەی پشتیانەوە لەبەر دەکرد، بەڵام یانەکە ماوەیەک بوو شێوازی کارکردنی خۆی گۆڕیبوو. ئێستا ئۆتۆمبێلانیان دەدزی و دەستکاریی عەدادەکانیان دەکرد. سەرۆکی تازەی گرووپەکە کە برابچووکی سەتڵ بوو، هەمیشە دەیگوت: جوانترین شتی ئۆتۆمبێل ئەوەیە پیاو سەیری کیلۆمەترەکەی بکات و لەناکاودا ببینێت ئۆتۆمبێلەکەی نیوەی مەسافە ڕاستییەکەی تەی کردووە.

سەتڵ، ناوبەناو پەیوەندیی بە برا بچووکەکەی و دۆستە کۆنەکانیەوە دەکرد، بەڵام هیچ ئارەزوویەکی گەڕانەوەی نەبوو.

سەتڵ، نها کە بیری لە ڕابردووی خۆی دەکردەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: چ پۆخڵەواتێک بوو.

گۆڕینی دید و بیرکردنەوە دژوار و وەبیرهێنانەوەی ڕابردوو دژوارتر، وا چاکە بیرەیەکی دیکەشی بەسەردا بکات و ژوورێک لە هەمان هۆتێلدا بگرێت و چاوەڕوانی فەرمانی تازەی سەرۆک بکات.

***

دنیا تەواو تاریک بووبوو، کە گەورە لێکۆڵەری پۆلیس، ئارونسون لەگەڵ سەگەوانەکە و دێڵە سەگەکەدا کە ناوی کیکی بوو؛ سەگی پۆلیسی بوو، گەیشتنە گونی ئاکر؛ بە پای پیادە لە فیدکارەوە بەسەر کۆنە سکەکەدا هاتبوون.

بە درێژایی ڕێگەکە، دێڵەکە هیچ کاردانەوەیەکی نەنواندبوو. ئارونسون، کەوتبووە گومانەوە کە ڕەنگە سەگەکە وا بزانێت هاتوونەتە گەشت و گەڕان و بۆ ماموریەتێکی هەستیار نەهاتوون، بەڵام کە گرووپە سێنەفەرییەکە گەیە ئاستی تەڕەزینە بەجێهێڵراوەکە سەگەکە گوێی قوت کردەوە و لە جێی خۆی وەستا. ئەوسا دەستێکی بەرز کردەوە و دەستی بە وەڕین کرد، ئارونسون سووکە ئومێدێکی پەیدا کرد. پرسی: ئەم هەڵوێستە هیچ مانایەک دەگەیەنێت؟ سەگەوانەکە (ڕاهێنەری سەگەکە) گوتی: هەڵبەتە، سەدی سەد.

ئەوسا ڕوونی کردەوە کیکی بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی خۆی ئاماژەی جۆراوجۆر بەکار دەهێنێت.

ئارونسون، کە ساتبەسات پتر سەبری سەرڕێژ دەبوو، ئاماژەی بۆ لای سەگەکە کرد، کە لەسەر سێ لاق وەستا و دەوەڕی، گوتی: دەی باشە دەیەوێت چیمان پێ بڵێت.

سەگەوانەکە گوتی: دەیەوێت بڵێ ئەم عەرەبانەیە تەرمێکی بەسەرەوە بووە.
– تەرمی مردوو؟ تەرم؟
– تەرم.
گەورەلێکۆڵەری پۆلیس، ئارونسون، بە خەیاڵ هێنایە بەرچاوی خۆی چۆن ئەندامێکی باندی 'هەرگیز جارێکی دی' ئاللان کارلسونی داماوی سەد ساڵەی کوشتبوو، بەڵام ئەم زانیارییە تازەیە تێکەڵ بە زانیارییەکانی پێشووتری بوو.
لە کاتێکدا هەستی بە ئاسوودەییەکی سەیر کرد، لە بن لێوانەوە گوتی: دەبێت مەسەلەکە پێچەوانە بێت.

***

جوانێ، گۆشتی کوڵاو، پەتاتە، توترک و بیرەی هێنا، پاشان سەروو پێک کۆکتێلی پێ دان. میوانەکان برسی بوون، لێ دەیانویست لە هەوەڵەوە بزانن ئەو دەنگەی لە تەویلەکەوە هات، دەنگی چ حەیوانێکە.
جوانێ گوتی: سونیا بوو. فیلەکەی من.
یولیوس گوتی: فیل؟
ئاللان گوتی: فیل؟
بێننی گوتی: بەڵێ، من هەستم کرد دەنگی فیل بوو.
کەونە سەندەویچفرۆشەکە لە یەکەم نیگاوە دووچاری ڤیان بووبوو. نها، بۆ جاری دووەمیش هەستی بە هیچ گۆڕانێک نەکرد. ئەم ژنە دەمپیس و جنێوفرۆشە قژسوورە تۆکمەیە، دەتگوت ڕاستەوخۆ لە ناوجەرگەی ڕۆمانێکی خەیاڵییەوە هاتووە!
جوانێ، بەیانییەکی زووی هەیڤی ئاب فیلی بەدەم دزینی سێوەوە لە حەوشەی ماڵەکەیدا کەشف کردبوو. ئەگەر ئەم حەیوانە زمانی هەبوایە، بێگومان دەیگوت کە پێشوو بە دزییەوە لە ڤێکخیۆ، لە سێرکەکەی هەڵهاتووە، تا شتێک بۆ خواردنەوە پەیدا بکات، چونکە فیلەوانەکەش لەجیاتی ئەنجامدانی کارەکەی خۆی، بە هەمان مەبەست بۆ ناو شار چووبوو.
لەگەڵ تاریکبوونی دنیادا مافیلەکە گەیبووە کەنارەکانی دەریاچەی هیلگا، بڕیاری دا جگە لە شکاندنی تینوویەتیی خۆی، کارێکی دیکەش بکات، مافیلەکە بیری لەوە کردبووەوە ئەگەر مەلەیەک بکات، ڕەنگە خراپ نەبێت و ئیدی یەکڕاست خۆی بە ئاوە تەنکەکەی دەریاچەکەدا کردبوو.

بەڵام لەناکاودا بۆی دەرکەوت ئاوەکە زۆریش تەنک نییە، بۆیە ناچار بووبوو، پشت بە توانای سروشتیی خۆی لەگەڵ مەلەکردندا ببەستێت. هەڵبەتە بیرکردنەوەی فیلان وەکو هیی بەشەران ماقوول نییە. ئەم فیلە نموونەیەکی زیندووی ئەو حاڵەتە بوو؛ بڕیاری دابوو لەجیاتی ئەوەی پێچ بکاتەوە و بە چەند مەترێک بگاتەوە کەنارەکە نزیکەی سێ کیلۆمەتران بە مەلە بڕوات و خۆی بگەیەنێتە ئەوبەری دەریاچەکە و بچێتە سەر ئەرزەکە.

لۆژیکی مافیلەکە دوو ئەنجامی لێ کەوتەوە. ئەنجامی یەکەم ئەوە بوو پۆلیس و بەرپرسانی سێرکەکە یەکسەر مردنی فیلەکەیان ڕاگەیاندبوو. ئەوانەی زۆر بە درەنگەوە کەوتبوونە چاودێریی فیلەکە و بەدەم چاودێریکردنەوە گەیبوونە کەناری هیلگا، لەوێ بۆیان دەرکەوتبوو فیلەکە خۆی بە ئاوەکەدا داوە و قووڵیی ئاوەکەش پەنجا مەتر دەبێت. ئەنجامی دووەم ئەوە بوو فیلەکە هێشتا زیندوو بوو و بە تاریکی و بێ ئەوەی عەبدەل بەشەر هەستی پێ بکات، خۆی بە باخی سێوەکەی جوانێدا کردبوو.

هەڵبەتە جوانێ ئەو کاتە بەوەی نەزانیبوو. پاشان کە لە ڕۆژنامەی لۆکاڵیدا هەواڵێکی خوێندبووەوە گوایە مافیلێک لە سێرک هەڵهاتووە و ون بووە، ئیدی هەموو شتێکی بۆ دەرکەوتبوو. مەگەر لەو کاتەدا چەند فیلی سەرگەردانی دی دەشیا لەو دەڤەرەدا هەبن؟

لەوە دەچوو ئەو فیلەی گوایە مردبوو، هەر هەمان فیلە زیندووەکە بێت.

جوانێ، یەکەم کارێک کە کردی ئەوە بوو ناوێکی لە حەیوانەکە نا. ئیدی بە ناوی سونیا هیدن براتی گۆرانیبێژی دڵبەندی خۆیەوە ناوی نا سونیا. دوای ئەوە ناچار بوو چەندین ڕۆژ لەگەڵ سونیا و سەگە ئیلزاسییەکەیدا (گێلە) گفتگۆ بکات تا ئەو جووتە حەیوانە یەکدی قبووڵ بکەن و پێک بێن.

زستان هات، کار و پیشەی جوانێ بوو بەوەی خواردن بۆ سونیا پەیدا بکات، کە وەکو فیلەکەی جاران هەرچییەکت بخستایەتە بەر دەیماشیەوە. خوا بەوە ڕەحمی کردبوو بابی جوانێ تازە مردبوو و یەکملیۆن کرۆنی بۆ تاقە کیژەکەی لە پاش بەجێ مابوو (بابی جوانێ، کە بیست ساڵ لەوەوپێش خانەنشین بووبوو، کارخانەی برسسازییەکەی فرۆشتبوو و دەستی بە پارەکەیەوە گرتبوو).

ئیدی جوانێش لە ڕووتنێ، کە لە کلینیکێکی لۆکاڵیدا کاری دەکرد، دەستبەرداری کارەکەی بوو تا لە ماڵەوە وەمێنێت و وەکو دایکێک، سەرپەرشتیی سەگ و فیلەکەی بکات.

بەهار هات، سونیا، خواردنی خۆی لە گیا و پەلکی درەختان پەیدا دەکرد. لەو سەروبەندەدا، ڕۆژێک مارسیدسێک خۆی بە ماڵەکەیدا کرد، ئەمە یەکەم جار بوو، دوای

بابە، کە دوو ساڵ بوو چووبووە بەر دلۆڤانی خوا، گۆڕەکەی پڕ لە نوور و ڕوحی شاد بێت، خەڵکانێک هاتبوونە دیدەنیی کیژەکەی.

جوانێ لەو کەسانە نەبوو بەگژ قەدەر و چارەنووسدا دەچنەوە. بۆیە هەرگیز ئەوەی بەبیردا نەهاتبوو سونیا و مەسەلەی وی لە غەریبان وەشێرێت.

ئـــاللان و یولیـــوس، بە بێـــدەنگی دانیشـــتبوون، هەوڵیـــان دەدا لە ســـەربورد و چیرۆکەکەی جوانێ حاڵی ببن. لێ بێننی گوتیبەڵام ئەو بۆڕەیە چی بوو؟ هەست دەکەم سونیا ئازاری هەیە؟

جوانێ بە چاوانی ئەبڵەقەوە لێی ڕوانی: خوا لە زارت نەڕوونێت، چۆنت زانی؟

بێننی، پاروویەکی تەپاندە زاریەوە تا دەرفەتی بیرکردنەوە بەدەست بهێنێت، پاشان گوتی: من نیمچە بەیتاڵێکم، بە کورتی باسی خۆم بکەم یان درێژی؟

هەمـوو قاییـل بـوون کە بە درێـژی چیـرۆک و سـەربوردەی خـۆی بگێـڕێتەوە. لـێ جوانێ ڕژد بوو لەسـەر ئەوەی جارێ لەگەڵ بێننیدا بـۆ گەوڕەکە بـڕوات تـا ئەو نیمچە بەیتاڵە معایەنەی دەستی چەپی مافیلەکە بکات، کە ئازاری هەبوو.

ئاللان و یولیـوس بە دووقـۆڵی لەسـەر مێـزەکە مـانەوە و هەردووکیـان بیریـان لەمە دەکردەوە ئاخر چۆن دەبێت بابایەکی بەیتـاڵ، بە قژێکی کلک ئەسپئاسـاوە، ڕۆژی بەم ڕۆژگـارە بگـات و بێت لە دوورتـرین خـاڵی دوورەدەسـتی دنیـا، لە سـتانی سـۆرملاندا دووکـــانۆچکەیەکی سەندەویچفرۆشـــی ناکـــام بکـــاتەوە. ئـــاخر بەیتـــاڵی لە کـــوێ و سەندەویچفرۆشی لە کوێ؟ بەڕاستی دەور و زەمانەیەکی غەریبە!

بێننی بە متمانەی تەواوەوە، دەستی سـونیای پیـر و دامـاوی موعـایەنە کرد. کاتی خـۆی لە دەورەی پراکتیکیی خوێندکاریدا لەو جۆرە کارانەی کردبوو. سـەیری کـرد چقڵێـک چـووە بەژێر نینۆکی دووەمی پێی سونیادا و ئاوساوە. جوانێ هەوڵی دابـوو چقڵەکە لە پێـی سـونیا دەربهێنێت، بەڵام نە توانا، نە کارامەیی ئەو کارەی نەبوو، بەڵام ئەم کارە بـۆ بێننـی لە یەک-دوو خـولەک زیـاتری نەخایاندبوو. هەوڵـی دەدا بە قسـە سـونیا هێـور بکـاتەوە و ئەوسـا بە پلایسێک چقڵەکەی دەرهێنا، بەڵام دەستی فیلەکە زۆر ئاوسابوو.

بێننی گوتی: پێویستمان بە نزیکەی یەک کیلۆ ئەنتی بایۆتیک هەیە.

جوانێ گوتی: تۆ بەس بڵێ چیمان پێویستە، پەیداکردنی لەسەر من.

بەڵام پەیـداکردنی ئەنتـی بایۆتیـک، بەو مانـایە بـوو دەبـوا بەو نیوەشـەوە بـۆ شـاری ڕووتنێ بڕۆن.

بینـی و جـوانێ، بـۆ بەســەربردنی پاشـماوەی شــەوبێرییەکە گەڕانەوە سـەر مێـز و ئێوارە خوانەکە.

ئەوسا هەموو بەوپەڕی ئیشتیاوە شێویان خوارد، بیرە و جۆرەها خواردنەوەیان بەسەردا کرد، بەڵام بێننی لەجیاتی مەی و بیرە، شەربەت و خۆشاوی خواردەوە. ئەوسا گواستیانەوە بۆ ژووری نشیمەن و لەسەر قەنەفەی نەرم نۆڵ و لە دەوری ئاگردانەکە دانیشتن. هەنگێ داوایان لە بێننی کرد بۆیان بگێڕێتەوە کە چۆن بووە بە نیمچە بەیتاڵ.

هەموو شتێک لەو کاتەوە دەستی پێ کردبوو کە بێننی و بووسێی برای کە یەک ساڵ لەم گەورەتر بوو، دەورانی منداڵیی خۆیان لە ئێنخێدێ، ڕێک لە باشووری ستۆکهۆڵم گوزەراندبوو. چەند هاوینێکیان لای هاپۆفرانک – یان لە فراسێ بەسەر بردبوو. هاپۆفرانک، کە هەمیشە بە 'فراسێ' بانگیان دەکرد، بازرگانێکی سەرکەوتوو بوو، کاری جۆراوجۆری دەکرد. لە کاروانچێتییەوە بیگرە تا دەگەییە کڕین و فرۆشتنی چەو و لم. جگە لە خواردن و خەوتن، گەورەترین لەزەتی ژیانی وی کارکردن بوو. هاپۆ چەند ناکامییەکی ئاشقێنییشی جەڕباندبوو، چونکە هەموو ئەو خانمانەی ئاشنایەتییان لەگەڵیدا پەیدا دەکرد، دوای ماوەیەکی کەم لێی بێزار دەبوون. هاپۆ تەنها کاری دەکرد، کاری دەکرد، نانی دەخوارد و دەخەوت (ڕۆژانی یەکشەممەش خۆی دەشۆرد).

بەهەرحاڵ، بابی بێننی و بووسێ، چەند هاوینێکی دەیەی شەستەکان کوڕەکانی بۆ دالارنا، بۆ لای برا بچووکەکەی خۆی (هاپۆ فراسێ) دەنارد، تا هەوایەک بگۆڕن، چونکە هاپۆ زۆر زوو ڕاهێنانی پێ کردن و منداڵەکانی خستە سەر کەسارە گەورەکەی ناو کانە بەردەکەی خۆی. هەرچەندە کارەکە سەخت بوو، بەڵام کوڕەکان لە کارەکەیان ڕازی بوون، بە درێژایی دوو مانگی هاوین، لەجیاتی هەوای پاکوخاوێن، هەوای پڕ گەرد و تۆزیان هەڵدەمژی.

شەوانیش هاپۆفراسی ئامۆژگاریی دەکردن و زیاتر وەعزی ئەخلاقیی دادەدان، لە یەکبینە هانی دەدان: کوڕینە دەبێت ئاگاتان لە خوێندنەکەتان بێت، بە باشی کۆشش بکەن، دەنا لە کۆتاییدا وەکو من دەردەچن.

هەڵبەتە لەو قۆناغ و سەردەمەدا نە بێننی و نە بووسێ، لایان وا نەبوو لە کۆتاییدا وەکو هاپۆفراسی دەربچن، چارەنووسێکی خراپ بێت. هەڵبەتە بەر لەوەی هاپۆ فراسێ بکەوێتە بەر بەردهاڕەکە (کەسارەکە) و بە هەڵە خۆی بکوژێت.

لێ هاپۆفراسی هەمیشە گلەیی و گازندەی لە کەمسیواتیی خۆی هەبوو، بە حاڵ دەیزانی بە سوێدی بنووسێت، لە بیرکاریدا کۆڵەوار بوو، یەک وشە ئینگلیزیی نەدەزانی. خۆ ئەگەر کەسێک پرسیاری پایتەختی نەرویجی لێ کردبا، بە تۆبزی

ئوسلۆی بیری دەکەوتەوە. تاقە کارێک کە هاپۆ تیایدا مەعلان و کارامە بوو، کار و کاسبی بوو. ئەنجام بوو بە حەماڵی پارە کۆکردنەوە.

ئەمەی کە هاپۆ لە کاتی مردنەکەیدا چەندی پارە هەبوو، کەس ئەوەی بە دروستی نەدەزانی. کاتێک هاپۆ مردبوو، بووسێ تەمەنی نۆزدە ساڵان و بێننی دەوروبەری هەژدەساڵان بوو. ڕۆژێک پارێزەرێک تەلەفۆنی کردبوو و گوتبووی نێوی بووسێ و بێنییش لە وەسیەتنامەکەی هاپۆفراسیدا هاتووە، بەڵام مەسەلەکە بڕێک ئاڵۆزە و پێویستە لەگەڵیاندا دانیشێت.

بێننی و بووسێ، چووبوون بۆ دیدەنیی پارێزەرەکە و بۆیان دەرکەوتبوو هەر کاتێک خوێندنی زانکۆیان تەواو کرد، پارەیەکی مۆڵ، بڕەکەی دیاری نەکرابوو، چاوەڕوانی هەر یەکێکیانە.

مەسەلەکە هەر بەوەوە نەوەستابوو، چونکە پارێزەرەکە ڕاسپێردرابوو بە درێژایی ماوەی خوێندنی جووتەبراکە، مانگانە، سەر و مووچەی باشیان پێ بدات (مووچەیەک کە بەگوێرەی هەڵاوسانی گشتی زیاد بکرێت)، بەڵام ئەگەر خوێندن تەرک بکەن، مووچەکەیان دێتە بڕین، هەروەها وەختایەک زانکۆشیان تەواو کرد، مووچەکەیان بێتە بڕین، چونکە ئەو کاتە دەگەنە تەمەن و ئاستێک کە بتوانن خۆیان بەخێو بکەن.

وەسیەتنامەکە خاڵی دیکەشی تیا بوو. هەندێک وردەکاریی کەم دابێژێک ئاڵۆز، بەڵام ناوەڕۆکی وەسیەتنامەکە ئەمە بوو کە جووتەبرا کاتێک دەوڵەمەند دەبوون، کە هەردووکیان خوێندنی زانکۆ تەواو بکەن.

بووسێ و بێننی، یەکسەر چوونە دەورەیەکی حەوتهەفتەیی کاری لەحیمکارییەوە، پارێزەرەکەش دڵنیای کردنەوە بەگوێرەی وەسیەتنامەکە، ئەوەندە بەس بوو. "هەرچەندە بە مەزەندەی من هاپۆفرانکی ئەنگۆ لە دڵی خۆیدا، بەتەمای خوێندنی لەوەش زیاتر بووە".

لە ناوەڕاستی ئەو خولی فێرکارییەدا، دوو بویەر ڕووی دا. یەکەمیان ئەوە بوو بێننی سەرەنجام لەدەست ئەمر و نەهییەکانی براکەی وەڕز بوو. هەمیشە ئەوە حاڵی بوو، بەڵام ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو بە برا گەورەکەی بڵێت هەردووکیان گەورە بووبوون و پێویستە بۆ خۆی کەسێکی دی بدۆزێتەوە تا فەرمانی بەسەردا بکات. بویەری دووەم ئەوە بوو بێننی هەستی کرد هەرگیز نابێت بە لەحیمچییەکی باش، هیچ بەهرەیەکی بۆ مومارەسەی ئەو کارە نییە. جووتەبرا ماوەیەک لەو بارەیەوە گەنگەشەیان کرد، ئەنجام بێننی چووە بەشی ڕووەکناسی لە زانکۆی ستۆکهۆڵم. بە گوتەی پارێزەرەکە، دەقی وەسیەتنامەکە ڕێگەی گۆڕینی بابەتی خوێندنەکە دەدات بە مەرجێک دابڕانی تیا نەبێت.

بووسـێ، دەورەی فێرکـاریی بەشـی لەحیمکـاریی تەواو کـرد، بەڵام تـاقە پـولێکی لە پارەکەی مامی وەرنەگرت، چونکە بێننیی برای هێشتا هەر دەیخوێند. ئیدی پـارێزەرەکە، بەگوێرەی وەسیێتنامەکە، یەکسەر مانگانەکەی بووسێی بڕی.

هەڵـبەتە ئاسـاییە ئەم بـابەتە بەینـی جـووتەبرا تێـک بـدات و دژایەتییـان بکەوێـتە نێوانەوە، کاتێک بووسێ، بە سەرخۆشی مـاتۆڕە تـازەکەی بێننیی تێکوپێک شکاند (ئەو مــاتۆڕەی کە بێننــی بە پاشــەکەوتی مانگــانەکەی کڕیبــووی) ئیــدی گــوو چــوو بە برایەتییەکەیان و هیچ پەیوەندییەکیان لە نێواندا نەما.

پاشـان بووسێ، بە هەمـان نەفەس و شـێوازی هاپۆفراسییەوە دەستی بە مـامەڵە و کاروکاسبی کرد، هەرچەندە توانا و بەهرەی ئەوی نەبوو. پاش ماوەیەک گواستیەوە بۆ ڤێسـتەریۆتالاند، تـا هەم دەرفەتـی کـار و کاسـبیی تـازە پەیـدا بکـات، هەم لەگەڵ بـرا نەفرەتییەکەیدا، لەگەڵ بێننیدا تێک نەگیرێت. بێننی چەنـدین سـاڵ لە دنیـای خوێنـدن و زانکۆدا مایەوە. هەڵبەتە مانگانەکەی پارەیەکی مۆڵ بوو. بێننی کەوتبووە سەر فێڵەکەی، پێش وەختی تاقیکردنەوەکـان بەشـەکەی دەگۆڕی و دەچووە بەشـێکی تـازە و ژیـانێکی خۆش و باشی بەسەر دەبرد، برا ملئەستوور و گەوجەکەشـی ناچـار بـوو چاوەڕوانی بەشە میراتەکەی خۆی بکات.

بێننـی، سـێ سـاڵی بەو حـاڵەوە بەسـەر بردبوو، ئیدی پـارێزەرەکە نهـا پیر بووبـوو، پەیوەندیی پێوە دەکات و پێی دەڵێت پارەی وەسـیێتنامەکە تەواو بووە، چیتر مانگـانەی پـێ نادرێت. هەڵـبەتە ئاسـاییە ئەو پـارەیەش بڕیـار بـوو دوای تەواوکـردن بەسـەریاندا دابەش بکرێــت، تەواو بووبــوو. نهــا جــووتەبرا دەیــانتوانی مەســـەلەی میــراتییەکە بەتەواوەتـی لە بیـر بـکەن. ئەوە قسـەی پـارێزەرەکە بـوو کە نهـا تەمەنـی لە سـەرووی نەوەد ساڵەوە بـوو، لە تۆ وایە تەنهـا بۆ ئەوە مـابوو ئەو وەسـیێتنامەیە جێبەجێ بکـات، چـونکە دوو هەفـتە دوای ئەو پەیوەنـدییە، بەسـەر کورسـییە بـزۆزەکەیەوە و لە بەردەم تەلەڤیزیۆنەکەیدا مرد.

هەمـوو ئەم واریقاتـانە، چەنـد هەفـتەیەک لەمەوپـێش ڕوویـان دابـوو. ئیـدی بێننـی، لەناکـاودا خـۆی لە حاڵێکدا بینیبـووەوە کە هەرچۆنێک بـووە دەبێت کارێک بـۆ خـۆی بدۆزێتەوە. وێڕای ئەوەی بێننی یەکێک بوو لە باشـترین خوێندەوارانی وڵاتـی سـوێد، بەڵام لەناکاودا بۆی دەرکەوتبوو بازاڕی کاری ئەم وڵاتە هیچ پەیوەندییەکی بە ژمارەی سـاڵانی خوێنـدنی ئەوەوە نییە، بە پێچەوانەوە هەمـوو مـایلبوون، کە دوا نمرەکـانی ئەو بـزانن. بێننـی، کە بە لای کەمەوە لە دە بەشـی زانکـۆدا خوێنـدنی تەواو کردبـوو، نهـا لە ڕای بژێــویی ژیانــدا، دووکــانۆچکەیەکی سەندەویچفرۆشــی کردبــووەوە. وەختــایەک

پارێزەرەکە هەواڵی تەواوبوونی پارەی میراتەکەی بە جووتەبرا دابوو، بڕیار بوو بە دووقۆڵی بچنە لای پارێزەرەکە، بەڵام بووسێ هەندێک قسەی کردبوو، کە بێننی پەست بووبوو و بەدەم ژوانەکەوە نەچووبوو.

کاتێک حاڵ و حیکایەتەکەی بێننی گەییە ئێرە، یولیوس خەمی ئەوەی لێ نیشت نەبادا پرسیارەکانی جوانێ بگاتە ئەمەی چ شتێک لەگەڵ یولیوس و ئاللاندا کۆی کردووەتەوە، بەڵام جوانێ، هێندەی بیرە و مەزە تێتڕاندبوو، کە پرسیاری ئەو وردەکارییانەی نەکرد. جوانێ کەمێک سەری قورس بووبوو، ئەمە جگە لەوەی تەمەنێکیشی بەڕێ کردبوو.

جوانێ، بە چاوانی ڕەخشانەوە پرسی: باشە، بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە، جگە لە بەیتاڵی چ کارێکی دی فێر بوویت؟

بێننییش، ڕێک وەکو یولیوس، تەواو بەئاگا بوو، کە نابێت وردەکاریی بویەرەکان بە دووروودرێژی بگێڕێتەوە، بۆیە مەمنوونی جوانێ بوو کە ئاڕاستەی قسە و باسەکانی گۆڕیبوو. بێننی گوتی هەموو بەشەکانی لە بیر نەماوە، بەڵام کەسێک پتر لە سی ساڵ لەسەر ڕەحلەی زانکۆ دابنیشێت، بە باشی ئەرکەکانی خۆی ئەنجام بدات، ئاساییە دەتوانیت زۆر بەش بخوێنێت. ئیدی بێننی نیمچە بەیتاڵ، نیوەپزیشک، نیمچە ئەندازیار، نیمچە ڕووەکناس، مامۆستای زمان، نیمچە مامۆستای وەرزش، نیمچە دیرۆکنووس و نیمچە پسپۆڕ بوو لە چەندین بەشی دیکەدا. هەروەها چەند دەورەیەکی جۆراوجۆری کورتمەوداشی بینیبوو. جاری وا هەبوو، لە یەک کاتدا دوو دەورەی دەبینی. پاشان بێننی یەکێک لە پسپۆڕییەکانی دیکەی خۆی بیر کەوتەوە. لەناکاودا هەستایە سەر پێیان، لە هەنبەر جوانێدا وەستا و شیعرێکی عاشقانەی زۆر ڕۆمانسیی سوێدیی خوێندەوە:

لە ژیانی هەژارانە و تاریکمەوە
لە شەوی تەنیایی دووروودرێژمەوە
گۆرانی بۆ تۆ دەڵێم
ئەی ژیانم
ئەی خەزنە درەوشاوەکەم

دوای شیعرەکە هەموان بێدەنگ بوون. جوانێ لە کاتێکدا لە شەرمدا سوور بووبووەوە، لەبن لێوانەوە چەند جنێو و سخێفێکی نامەفهوومی دا.

بێننی ڕوونی کردەوە: 'شیعری ئێریک ئاکسێل کارلفێلدت'. دەخوازم بەم وشانەی ئێریک سوپاسی دەعوەت و میوانپەروەرییەکەت بکەم. وا بزانم پێم نەگوتن کە نیمچە ئەدیبیشم.

وەختایەک بێننی پێشنیازی بۆ جوانێ کرد کە بە دووقۆڵی لەبەر ئاگرەکەدا سەما بکەن، بڕێک زیادەڕۆیی کردبوو، چونکە جوانێ لەزبلەز وەڵامی نەخێری دایەوە؛ گوتی پێویستە سنوورێک بۆ ئەم حەماقەتکارییانە دابنرێت، لێ یولیوس هەستی کرد جوانێ ئەم پێشنیازەی پێ خۆش بوو. پاشان جوانێ زنجیری جلە وەرزشییەکانی هەڵکێشا و بە دەست سافی کرد تا ڕواڵەتی جوانتر لە بەرچاوی بێننی بەرجەستە ببێت.

پاش ئەوە ئاللان، شەوباشی لێ کردن و ڕۆیی بخەوێت. لێ سێ نەفەرەکەی دی دەیانویست قاوە یان کۆنیاک بخۆنەوە. یولیوس بە گەرمی پێشوازیی لە پێشنیازی قاوەخواردنەوەکە کرد، لێ بێننی تەنها مەیلی لە نیو فنجان بوو.

ئیدی یولیوس، جوانێی بە پرسیاران دەربارەی مەزراکەی و گوزەرانی داگرتەوە. ئەم کارەی تا ڕادەیەک لە ڕووی فزوڵیەت و کونجکاوییەوە بوو، بەڵام لەڕاستیدا مەبەستی ئەمە بوو، کە ڕێگە لە جوانێ بگرێت لێیان نەپرسێت کێن، کێوە دەڕۆن، بۆ ئەم کارە دەکەن، بەڵام نیگەرانییەکەی نابەجێ بوو، چونکە جوانێ، تازە سەری گەرم بووبوو، چەناگەی بەربووبوو، باسی منداڵیی خۆی دەکرد، باسی ئەو پیاوەی دەکرد جوانێی بە هەژدەساڵی خواستبوو. پاشان هەر ئەم پیاوە دوای دە ساڵان ژنومێردایەتی، جوانێی بە شەق لە ژیانی خۆی وەدەر نابوو (ئەم بەشەی دوایی بویەر و واریقاتەکە جنێو و سخێفی زیاتر لەخۆ گرت) باسی ئەوەی دەکرد منداڵی نەبووبوو، باسی مەزرای دەریاچەی دەکرد، کە ئەم مەزرایە نشیمەنی هاوینەی داک و بابی بوو تا ئەوەی حەوت ساڵ لەمەوپێش داکی مردبوو، باوکیشی ئێرەی بەم دابوو، باسی ئەو میراتییەی کرد کە بەرەبەرە خەریک بوو کەم دەبووەوە، باسی ئەوەی کرد کە کاتی ئەوە هاتووە لێرە بڕوات.

جوانێ گوتی: من تەمەنم چل و سێ ساڵە، واتە نیوەی ڕێگەی گۆڕستانم تەی کردووە.

یولیوس گوتی: ئێجگار واش نییە

***

سەگەوانەکە ڕێنمایی تازەی بە ئاژەڵەکە دا، کیکییش بەدەم بۆنکردنەوە لە عەرەبانەکە دوور کەوتەوە. گەورە لێکۆڵەرەکەی پۆلیس؛ ئارونسون، بە ئومێدی ئەوە بوو، تەرمەکە لەو دەوروبەرانە وەدۆزێت، بەڵام کیکی پاش ئەوەی مەودای سی مەترێکی لەنێو بێشەکەدا تەی کرد، کەوتە سوڕانەوە بە دەوری خۆیدا، پێدەچوو سەری لێ شێوابێت. پاشان نیگایەکی پاڕانەوەئامێزی ڕاهێنەرەکەی کرد. ڕاهێنەرەکەش (سەگەوان) ئەم ڕەفتارەی سەگەکەی شرۆڤە کرد و گوتی: کیکی دەڵێت، نازانێت تەرمەکە کێوە براوە.

هەڵبەتە سەگەوانەکە، مانای دروست و تەواوی پەیامەکەی نەگەیاندبووە گەورەلێکۆڵەرەکە. گەورەلێکۆڵەرەکە، ئارونسون وەڵامەکەی وا لێک دایەوە سەگەکە هەر کە لە عەرەبانەکە دوور کەوتەوە، ئیدی شوێنەواری تەرمەکەی ون کردووە، بەڵام ئەگەر کیکی زمانی هەبوایە، بێگومان دەیگوت تەرمەکە پێش ئەوەی سڕگوم بکرێت، چەند مەترێک بەسەر ئەرزەکەدا ڕاکێشراوە. ئەوسا لەگین بوو گەورەلێکۆڵەرەکە، واتە ئارونسون چاودێریی ئەوە بکات ئاخۆ لە زەرفی چەند سەعاتی ڕابردوودا، هیچ بارێک لە کارخانەی ئاسنەکەوە دەرچووە یان نا. هەنگێ وەڵامیان دەدایەوە: تەنها یەک کامیۆنی عەرەبانەدار، بەرەو مینای گوتنبرگ دەرچووە. لەو حاڵەدا پۆلیسی ئاگادار دەکردەوە و کامیۆنەکەیان لەسەر شا ڕێگەکە ڕادەگرت و دەیانپشکنی، بەڵام تازە هیچ، تەرمەکە لە سنوورەکانی سوێد دەرباز بووبوو و دیار نەمابوو.

پاش نزیکەی سێ هەفتە، پاسەوانی کەشتییەکی میسری لەسەر ئەو کەشتییە بارهەڵگرە دەبێت کە تازە لە باشووری کەناڵی سوێس دەرچووبوو، هەست بە بۆنێکی زۆر ناخۆش دەکات. ئەنجام کابرای پاسەوان تەحەمولی بۆنەکەی نەکرد، پارچەقوماشێکی تەڕ کرد و لە دەم و لووتی خۆیەوەی پێچا. پاشان سەدەم و سەرچاوەی ئەو بۆنەی لە یەکێک لە سندووقە دارەکاندا دۆزییەوە: تەرمێکی نیمچە ڕزیو بوو.

کەشتیوانە میسرییەکە، ماوەیەک دەبیرەوە چوو. خۆ نەدەکرا دەستەوەستان دابنیشێت و بۆنی تەرمەکە باقیی سەفەرەکەیان لێ حەرام بکات. ئەمە جگە لەوەی لە جیبوتی ڕادەگیرا و دەپشکنرا و پۆلیس پرسوجۆیان لەگەڵدا دەکرد، هەموان دەزانن پۆلیسی جیبوتی چەند قیرسیچمە و چیرەدرێژن.

ماقوول نەبوو بە خۆی دەستکاریی تەرمەکە بکات. ئەنجام یارۆی پاسەوان بڕیاری خۆی دا، یەکەم جار هەر شتێکی بەکەڵک لە گیرفانەکانی تەرمەکەدا بوو، دەریهێنان، ئەدی چۆن، خۆ دەبوا ئەویش هەقی ئەم کارە شتێکی دەست بکەوێت. ئەوسا تەرمەکەی لەسەر کەشتییەکەوە هەڵدایە ناو دەریاکەوە.

بەو جۆرە، ئەو شتەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان گەنجێکی کەتەی قژدرێژی قژزەردی ڕدێنئاڵۆزکاو بوو، قەمسەڵەیەکی جینزی لەبەر بوو، لە پشتەکەی نووسرابوو 'هەرگیز جارێکی دی' شڵپ خرایە دەریای سوورەوە و بوو بە خۆراکی ماسیان.

***

ئەو گرووپەی لە مەزرای دەریاچە بوون، کەمێک بەر لە نیوەشەو بڵاوەیان لێ کرد، بوون بە دوو بەشەوە. یولیوس چوو بۆ نهۆمی سەرەوە تا بنوێت. بێنی و جوانێش

دوای چەند سەعاتێک سواری مارسیدسەکە بوون و چوون بۆ دەرمانخانەی ڕووتنێ. لە نیوەی ڕێدا بوون کە سەیریان کرد، ئاللان لە کوشنەکەی دواوە خۆی وەبن پەتۆیەک داوە و خەوتووە. ئاللان، بێدار بووەوە و گوتی کاتێک هاتبووە دەرەوە تا هەوایەکی تازە هەڵبمژێت، سەرنجی دابوو ناو ئوتومبێلەکە باشترین شوێنە بۆ خەوتن، چونکە هەڵگەڕان بە پلیکانەکانیماڵەکەدا، بۆ ئەژنۆکانی وی کە ڕۆژانی دوورودرێژ و سەختیان گوزەراندبوو، برێک زەحمەت و دژوار بوو.

ئاللان گوتی: خۆ پیاوێکی نەوەد ساڵە نیم.

ئیدی لەم گەشتە شەوانەیەدا گرووپە دوو نەفەرییەکە بوو بە گرووپێکی سێنەفەری، بەڵام ئەمە گرنگ نەبوو. پاشان جوانێ بە دوورودرێژی نەخشەکەی خۆی بۆ باس کردن. دەبوایە سەرەتا سوود لەو کلیلە وەربگرن کە جوانێ لە کاتی دەستلەکارکێشانەوەکەیدا بیری چووبوو بۆ بەرپرسانی دەرمانخانەکەی بگێڕێتەوە، واتە بەو کلیلە دەرگای دەرمانخانەکە ڤەکەن و بچنە ژوورەوە. کاتێک چوونە ژوورەوە، سوود لە کۆمپیوتەرەکەی دکتۆر ئیرلاندسون وەربگرن و بە ناوی ئەوەوە ڕەچەتەیەکی ئەنتی بایۆتیک بۆ جوانێ بنووسن. بۆ ئەو کارەش پێویستیان بە پاسوۆردەکەی دکتۆر ئیرلاندسون هەبوو، کە هەڵبەتە ئەمەش کێشە نەبوو، چونکە بە گوتەی جوانێ ئەم دکتۆر ئیرلاندسونە، نەک هەر بابایەکی ڕوحزل بوو، بەڵکو زۆریش قەلپیاو بوو، چونکە دوو ساڵ لەوەوپێش، وەختایەک سیستمی کۆمپیوتەری تازەیان دانابوو، جوانێ، دکتۆری فێری ئەوە دەکرد چۆن ڕەچەتەی ئەلەکترۆنی ئامادە بکات، هەر ئەمیش پاسۆردی بۆ دانابوو.

مارسیدسەکە گەییە شوێنی مەبەست، واتە ئەو شوێنەی بڕیار بوو تاوانەکەی لێ ئەنجام بدرێت. بێننی، ئاللان و جوانێ دابەزین، بەر لە ئەنجامدانی تاوانەکە، چاوێکیان بە دەوروبەردا گێڕا تا بزانن کەس لەو ناوە هەیە یان نا. ڕێک لەو کاتەدا ئۆتۆمبێلێک بە هێواشی بەوێدا تێپەڕی، شۆفێرەکە، سەری لە بوونی ئەو سێ نەفەرە لەو شوێنەدا سوڕما، ئەوانیش سەریان لە دیتنی ئۆتۆمبێلەکە سوڕما. بەڕاستی دیتنی تاقە کەسێک، بەو درەنگانی شەوە و لە ڕووتنێدا، زۆر سەیر بوو، چ جای چوار کەس.

بەڵام ئۆتۆمبێلەکە ڕۆیی و دوور کەوتەوە، دووبارە بێدەنگی و تاریکی باڵی بەسەر ڕووتنێدا کێشایەوە. جوانێ لە دەرگای کارمەندەکانەوە کە لە پشت دەرمانخانەکەوە بوو، کردنیە ژوورەوە. پاشان بە سێقۆڵی چوونە ناو عیادەکەی دکتۆر ئیرلاندسونەوە. جوانێ کومپیوتەرەکەی هەڵکرد و بە ناوی دکتۆرەوە داخلی تۆڕەکە بوو. هەموو شتێک بەگوێرەی نەخشەکە دەچووە پێشەوە. جوانێ، لە خۆشیدا بزەی دەهاتێ و لە کەوڵی

خۆی نەدەحەجمی، بەڵام لەناکاودا دەمرێژێکی دووورودرێژی جنێو و سخێفانی لە زار دەرچوو. دیار بوو جوانێ تازە بۆی دەرکەوت: ناکرێت بەو ئاسانییە ڕەچەتەیەک بنووسرێت و تیایدا داوای یەک کیلۆ ئەنتی بایۆتیک بکرێت.

بێننی گوتی: بنووسە ئەریترومایسین، ڕیڤامپین و جنتامایسین، لە هەر یەکێکیان سێسەد گرام، بەوە دەتوانین، لە چەند سوچێکەوە بەگژ هەوکردنەکەدا بچین.

جوانێ، نیگایەکی ستایشئامێزی بێننیی کرد. ئەوسا داوای لە بێننی کرد دابنیشێت و بە ئەسپایی ئەو ناوانەی پێ بڵێت. بێننی بەگوێی کرد و جگە لە ناوی دەرمانەکانی پێشوو، ناوی چەند دەرمانێکی دیکەی پێ گوت، چونکە پێی وا بوو هەبوونی دەرمانی زیادە سەر ناشکێنێت و ڕەنگە جارێک لە جاران پێویستیان پێی بێت.

چەند بە ئاسانی چووبوونە ناو دەرمانخانەکەوە، بەو ئاوایەش بە دزییەوە هاتنە دەرەوە. بەبێ هیچ بویەرێکی تایبەتی بۆ ماڵ گەڕانەوە. بێننی و جوانێ یارمەتیی ئالالنیان دا لە پلیکانەکان سەر بکەوێت. سەعات نزیکی دوو و نیوی بەیانی بوو کە دوا گڵۆپی مەزرای دەریاچە کوژایەوە.

***

زۆربەی خەڵکی ئەو دەڤەرە کرِوکپە، لە دوای سەعات دەی شەوەوە دەخەوتن، بەڵام لە براسدا، کە لە مەزرای دەریاچەوە دوور نەبوو، کابرایەکی گەنج لەناو جێگەکەیدا گینگڵی دەدا و حەزی دەکرد جگەرەیەک بکێشێت. ئەم گەنجە برا بچووکەکەی سەتڵ و سەرۆکی تازەی گرووپی ڤویولنس بوو. سێ سەعات لەوەوپێش دوا جگەرەی خۆی کێشابوو. ئێستا خەریک بوو بۆ جگەرەیەک کامی دەکرد، هەزار و یەک جنێوی سەر بە کوڵەکەی بە خۆی دەدا کە چما بەر لە داخستنی دووکانەکان، جگەرەی نەکڕیبوو.

لە سەرەتاوە بەتەما بوو جڵەوی خۆی بگرێت و تا بەیانی ددان بە خۆیدا بگرێت، بەڵام لە نیوەشەو بە دواوە ئیدی حەجمانی لەبەر برِا. لەو کاتەدا دەورانی کۆنی وەبیر هاتەوە کە چۆن خەڵکی بە لۆسەیەکەوە دەچوونە سەر دووکانۆچکەی ڕۆژنامەفرۆشییەکان و دەیانبڕی، بەڵام لە براسدا، کە ئەو بۆ خۆی ناو و ناوبانگێکی هەبوو ئەم کارە کردنی نەبوو، چونکە بەر لەوەی دزییەکە کەشف ببێت، هەموو گومانیان لەو دەکرد. بۆیە دەبوایە ئەم کارە لە شوێنێکی دوور لێرە بکات، بەڵام هێندە تامەزرۆی جگەرە بوو، کە ناچار بوو بیر لە چارەیەک بکاتەوە. چارە هەر ئەوە بوو بچێت بۆ ڕووتنێ، کە هەر چارەکە سەعاتێک لە براس – وە دوور بوو. ئیدی بۆ ئەوەی نەبێتە مایەی سەرنج و نەناسرێتەوە، جلی

ئاسـایی لەبەر کـرد و کەمێـک دوای نیوەشــەو بە ڤـالڤۆ کـۆنە دووسـەد و چـلەکەیەوە بە ئــارامی بەنــاو کــۆلان و شــەقامەکانی شــاردا کەوت. کاتێـک کە بەبەر دەرمانخــانەکەدا تێدەپەڕی، سێ کەسی بەسـەر شۆستەکەوە بینی، زۆری پێ سـەیر بـوو: ژنێکی قژسـوور، پیاوێک بە قژێکی درێژەوە کە لە پشتەوە بە شێوەی کلکەئەسپ بەستبووی، پیرەمێردێکی زورهانیش لە پشتیانەوە وەستابوو.

برایەکەی سـەتڵ زۆر بیری لەم مەسـەلەیە نەکردەوە (کابرایەک بوو زۆر بیری لە هیچ مەسەلەیەک نەدەکردەوە، دەتوانرێت بگوترێت هەر بیری نەدەکردەوە). بە هێواشـی بە ئۆتۆمبێلەکەی ڕۆیی و لە پاڵ درەختێکی کەنار دووکانۆچکەیەکی ڕۆژنامەفرۆشیدا وەستا. واتە ئەو شوێنەی لە بنەڕەتدا بۆی هاتبوو، بەڵام هەرچییەکی کرد نەیتوانی بە لۆسـە دەرگـاکەی بشـکێنێت، چـونکە خـاوەن دووکـانەکە بە جۆرێـک دەرگـاکەی قـایم کردبـوو کە بە لۆسـە نەشـکێت و نەکـرێتەوە. ئیـدی یـارۆی گەنـج، دەسـت لە گونـان شۆڕتر، بە ئۆتۆمبێلەکەی بۆ ماڵ زڤڕییەوە.

***

ئـاللان، کە بەیـانی دەوروبەری یـازدە لەخەو ڕابـوو، هەسـتی کـرد زۆر بەکەیـف و بەدەمـاخە. لە پەنـجەرەکەوە ڕوانـیە دەرەوە و دیمەنـی ئەو بێشــەیەی بینـی کە دەوری دەریـاچەکەی دابـوو. دیتنـی ئەو دیـمەنە سـورملاندی وەبیـر هێنـایەوە. هەسـتی کـرد ڕۆژێکی خۆشی لە پێشە. جلەکەی لەبەر کرد، هەر ئەو جلەی هەبوو، لەفکران ڕاچـوو، هەستی کرد نها توانـای ئەوەی هەیە جلەکانی بگۆڕێت و جلی تـازە بکڕێت. نە ئەو، نە یولیوس و نە بێننی شتاقیان نەپەژرابوون، تەنانەت فلّچەی ددانیش لەگەڵ خۆدا بهێنن.

ئـاللان، گاڤێـک لە سـەرێ‌ڕا هـاتە خـوارەوە، یولیـوس و بێننـی مژوولّـی خـواردنی قـاوەلّتی بـوون. بێننـی، زۆر نووسـتبوو، لـێ یولیـوس زووتـر ڕابووبـوو و بـۆ پیاسـە و پیـادەڕۆیی چووبووە دەرەوە. جوانێ قـاپ و ئامـان و پەرداخەکـانی دانـابوو، نـامەیەکی نووسیبوو کە ئەوان چۆن خزمەتی خۆیان بکەن. جوانێ، بە خۆی بۆ ڕووتنێ چووبـوو. لە نامەکەدا بۆی نووسیبوون ئاگادار بن، هەندێک خواردن بۆ گێڵەش بهێڵنەوە.

ئاللان، بەیانیت باشی لێ کردن، ئەوانیش وەڵامیان دایەوە. ئەوسا یولیوس، گوتی بە ڕای وی هەقە شــەوێکی دیـکەش لە مەزرای دەریـاچە بمێنــنەوە، چـونکە ناوچەکــانی دەوروبەری زۆر جوان و ئەفسووناوین. ئاللان پرسیی: ئایا شۆفێرە تایبەتییەکەیـان لەم بڕیارەدا دەوری هەبووە.

یولیوسیش گوتی ئەلهەقی بێننی هەزار و یەک بەڵگەی هێنابووەوە کە وا چاکە تا کۆتایی وەرزی هاوین، لە مەزراکەدا وەمێنن، بەڵام بڕیاری کۆتایی، بڕیاری ئەو خۆی بوو، بەڵام نها بەتەما بوون کێوە بچن؟ پێویست بەوە نەبوو زیاتر بیر لەو مەسەلەیە بکەنەوە؟ ئەوەی بۆ مانەوە پێویست بوو، ئەوە بوو دەبوایە چیرۆکێکی گونجاو و قەناعەتبەخش دەربارەی خۆیان دروست بکەن کە کێن و دەیانەوێت کێوە بچن. هەڵبەتە مانەوە ڕەزامەندیی جوانێشی دەویست.

بێننی، بە بایەخەوە گوێی لە گفتوگۆکەی ئاللان و یولیوس دەگرت، دیار بوو حەزی دەکرد شەوێکی دیکەش لەوێندەر وەمێنن. هەستی وی دەرهەق بە جوانێ، لە دوێنێوە تا نها کاڵ نەبووبووەوە. بە پێچەوانەوە کاتێک بینی بۆ تێشتخواردن هاتبووە خوارەوە و جوانێی نەبینیبوو، بەتەواوەتی پەست بوو، بەڵام جوانێ، لە نامەکەیدا ئەوەشی نووسیبوو 'زۆر سوپاس بۆ مەزەکەی دوێشەو' باشە مەبەستی ئەو شیعرە بوو کە بێننی لەبەر خوێندبوویەوە؟ خۆزیا زوو دەگەڕایەوە!

دوای یەک سەعات ئەوسا جوانێ بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بە حەوشەدا کرد. وەختایەک لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزی، بێننی سەیری کرد لە دوێشەو جوانتر بووە. لەجیاتی جلەوەرزشییەکەی، فوستانێکی سووری لەبەر کردبوو، پێدەچوو سەرێکی ئاڕایشتگاشی دابێت. بێننی، بە تاسەمەندییەوە، چەند هەنگاوێک بە پیریەوە چوو و بە دەنگی بەرز گوتی: جوانەکەم! بەخێر بێیتەوە!

ئاللان و یولیوس، لە دوای بێننییەوە بوون، بە دیتنی ئەم دیمەنە ناسکە هاتنە جۆش و بزەیان کەوتە سەر لێو، بەڵام بە دیتنی ڕەفتاری جوانێ، بزەکەی سەر لێویان ئاوا بوو. جوانێ، بەبێ موبالاتی یەکەم جار بە لای بێننیدا، پاشان بە لای جووتە پیاوەکەی تردا تێپەڕی. پاشان لەسەر پلیکانەکەی مەزرای دەریاچەدا وەستا، ئاوڕی دایەوە و گوتی: نمەک حەرامینە! هەموو شتێک دەزانم! نها دەمەوێت پاشماوەی حاڵ و حیکایەتەکە ببیستم. هەر ئێستا هەمووتان لە ژووری دانیشتن کۆ ببنەوە!

دوای ئەو قسەیە خۆی بە ماڵەکەدا کرد و لە چاو ون بوو.

بێننی پرسی: ئەگەر پێشوەختە هەموو شتێکی زانیوە، ئیدی دەیەوێت چیتر بزانێت؟

یولیوس گوتی: بینی، بێدەنگ بە، هیچ مەڵێ.

ئاللان گوتی: منیش دەمویست ئەوە بڵێم.

ئەوسا هەرسێکیان خۆیان بەقەدەر سپارد و وەژوور کەوتن.

***

جوانێ، ڕۆژەکەی بەوە دەست پێ کرد هەندێک گیای تازە درویێنەکراوی خستە بەردەم سونیا. ئەوسا بڕیاری دابوو کەمێک دەست بە خۆیدا بهێنێت و بە خۆی ڕابگات. هەڵبەتە لە دڵی خۆی حەزی دەکرد لە بەرچاوی بێننیدا، هەندێک جوان و بەدەو بنوێنێت. تەنانەت جلە سووره وەرزشییەکەشی، بە فوستانێکی زەردی ئاچوخ گۆڕیبوو و قژە لوولەکەی خاو کردبووەوە، لەملاو اوە کردبووی بە پرچ. هەروەها سووکە میکیاجێکی کردبوو، بۆنی لە خۆی دابوو. پاشان سواری فۆکس فاگۆنەکەی بووبوو بۆ ڕووتنێ چووبوو تا خۆراک و ئازووقە بکڕێت.

گێلە، لە پێشەوە لە تەنیشت شۆفێرەکەوە، واتە لە تەنیشت جوانێوە دانیشتبوو، دەم و قەپۆزی خۆی دەلستەوە. دوای گەڕانەوە و دابەزین لە ئۆتۆمبێلەکە، جوانێ ئاوڕی دابووەوە و وەستابوو تا بزانێت ئایا 'گێلە'ش مانشێتی ڕۆژنامەکەی دیتووە.

ڕۆژنامەی ئیکسپریس کە لە دەرەوەی سوپەر مارکێتەکە دایاننابوو و دوو وێنە لە لاپەڕەی یەکەمیدا بڵاو کرابووەوە، وێنەکەی پاینی لاپەڕەکە هیی یولیوسی پیر بوو، وێنەکەی سەرەوەی لاپەڕەکە هیی ئاللانی زورهان بوو، مانشێتی ڕۆژنامەکەش ئەمە بوو: باندێکی تاوانکاری، پیرەمێردێکی سەدساڵەیان ڕفاندووە، پۆلیس لەمڕۆوە کەوتووەتە هەوڵی دەستگیرکرنی سەرۆکی بەدناوی ئەم باندە.

جوانێ ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو، بیری بە هیچ کوێ ڕانەدەگەی. زۆر تووڕە بوو، یەکسەر دەستبەرداری کڕینی ئازووقەکەی بوو، چونکە ئەو سێ شەیتانە فێڵبازە دەبوا ئەمڕۆ، بەر لە فراقین، لە ماڵەکەی وەدەر بکەون! لێ جوانێ، پێش ئەوە هەوەڵ جار چووبووە دەرمانخانە تا ئەو دەرمانانە بکڕێت کە دوێشەو بێننی پێی گوتبوو بیکڕێت. پاشان نوسخەیەکی لە ڕۆژنامەی ئیکسپریس کڕیبوو، تا وردەکاریی زیاتر لەمەڕ ڕووداوەکە بزانێت.

لێ تا زیاتری دەخوێندەوە، زیاتر تووڕە دەبوو، بەڵام یەکخستنەوەی هەموو پەرەگرافەکانیشی بە لاوە ئاسان نەبوو. ئایا بێننی ئەندامی باندی 'هەرگیز جارێکی دی' بوو؟ یولیوس سەرۆکە بەدناوەکەی باندەکە بوو؟ کێ کێی ڕفاندبوو؟ خۆ ئەو سێیانە زۆر کۆک و تەبا دیار بوون!

ئەنجام، تووڕەبوونەکەی جوانێ سەری کرد و بەسەر کونجکاوی و فزولییەتەکەیدا زاڵ بوو. بەهەرحاڵ هەرچییەک ڕووی دابوو، ڕووی دابوو؛ گرنگ ئەوە بوو ئەویان فریو دابوو. هێشتا ئەو کەسە لەدایک نەبووبوو کە بکارێت گونیللا بیۆرکلوند فریو بدات، پاشان وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت، جوانکیلەکەم! هاهاها!

جوانێ، سواری ئۆتۆمبێلەکەی بووەوە. جارێکی دی هەواڵی ڕۆژنامەکەی خوێندەوە: "لە سەدەمین ساڵیادی لەدایکبوونیدا، ڕۆژی دووشەممە، ئاللان کارلسون، لە خانەی پیرانی مالمشۆپین دیار نەماوە. پۆلیس نها بۆی دەرکەوتووە ئەم پیرەمێردە، لە لایەن باندی تاوانکاریی 'هەرگیز جارێکی دی'وە ڕفێنراوە. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی دەستی ڕۆژنامەی ئێکسپرێس کەوتووە، دەستی سەرۆکی باندی ناوبراو، یولیوس یونسن، لەم کارەدایە".

دوای ئەوەش هەندێک زانیاری و قسەی شایەتحاڵان بە شێوەیەکی بێسەروبەر و شێواو بڵاو بووبووەوە: "ئاللان کارلسون، لە وێستگەی پاسەکانی مالمشۆپین بینرابوو، پاشان سواری پاسی ستڕێنگنێس بووبوو. ئەم بابەتەش یەکێک لە ئەندامەکانی باندی 'هەرگیز جارێکی دی'ی تووڕە کردبوو. "بەڵام ڕاوەستە با بزانم: پیاوێکی سوورەی قژزەردی سی و چەند ساڵە..." ئەم وەسفە لە بێننیدا نییە. جوانێ کەمێک هێدی بووبووەوە.

بەڵام جوانێ، وەختایەک ئەوەی لە ڕۆژنامەکەدا خوێندەوە کە دوێنێ ئاللان کارلسون بەسەر تەرەزینەیەکی پشکنینی سکەی شەمەندەفەرەوە لە ناوجەرگەی بێشەی سۆرملاند بینراوە. سەرۆکی باندە دزەکە، یولیوس یونسن، کە ئەندامی باندی 'هەرگیز جارێکی دی'ش بوو، زۆر لە ئاللان پەست و تووڕە بوو، بەسەر هەمان عەرەبانەوە بینراوە. کاتێک ئەو شتانەی خوێندەوە، هێندەی دی سەری لێ شێوا. ڕۆژنامەی ئێکسپرێس، نەیتوانیبوو بە وردی و دروستی ماهیەتی پەیوەندیی نێوان ئەو سیانە ڕوون بکاتەوە، بەڵام بەگوێرەی گریمانە سەرەتاییەکان، ئاللان کارلسون کەوتبووە چنگی ئەو دوانەی دیکە و گرفتار بووبوو. ئەمە ڕاوبۆچوونی جووتیارێکی وەکو تنگروتی خەڵکی ڤیدکار بوو.

ئێکسپرێس هەواڵێکی گەرماوگەرمی دیکەشی بڵاو کردبووەوە، بە گوتەی کرێکاری بەنزینخانەیەکی ئەو دەوروبەرە، ڕۆژی پێشوو خوودانی دووکانۆچکەیەکی سەندەویچفرۆشی، بە نێوی بینی لیونبرگ، بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێک لە دووی خۆی بەجێ بهێڵێت، دیار نەمابوو، شوێنی دیارنەمانەکەی ئەویش لە نزیکی ئەو شوێنە بوو کە دوایەمین جار پیرەمێردە سەدساڵەکە و سەرۆکی باندە دزەکەی لێ بینرابوون.

جوانێ، ڕۆژنامەکەی قەد کرد و خستیە دەمی 'گێلە'وە. ئەوسا بەرەو ماڵ و مەزراکەی خۆی لە بێشەکەدا، کەوتە ڕێ. نها جوانێ وەکو ڕۆژی ڕووناک لای عەیان بوو میوانەکانی بریتین لە پیرێکی سەدساڵە، دزێکی پیشەیی، خودان دووکانچەیەکی سەندەویچفرۆشی. سەندەویچفرۆشەکەیان پیاوێکی قۆز و جوان بوو. ڕۆشنبیرییەکی پزیشکی و نۆژداریی باشی هەبوو، بەڵام ئەوێ جێگەی ئاشقێنێ و ڕۆمانسیات نەبوو.

لە ڕێگەدا، بۆ ماوەیەک خەمینی جێگەی تووڕەیی لە دڵی جوانێدا گرتەوە، بەڵام هەر کە بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە خۆی بە حەسارێدا کرد، دووبارە تووڕەییەکەی بۆ هاتەوە.

***

جوانێ، ئیکسپرێسەکەی لە دەمی 'گێلە' دەرهێنا، لاپەڕەی یەکەمی کردەوە کە وێنەی ئاللان و یولیوسی تیا بوو. بەر لەوەی بە دەنگی بەرز بابەتەکە بخوێنێتەوە، دەستی بە جنێودان و سخێفان کرد. ئەوسا داوای ڕوونکردنەوەی لێ کردن و سوێندی لێ خواردن، ڕوونکردنەوەکەیان هەرچییەک بێت، دەبێت لە زەرفی پێنج خولەکدا، هەرسێکیان لە ماڵەکەی بڕۆن و چی دەبێت با ببێت. ئەوسا ڕۆژنامەکەی قەد کردەوە و خستیەوە دەمی 'گێلە'. هەردوو باسکی لەسەر سینگی تێک ئاڵاند و بە ڕاوێژێکی ساردوسڕ گوتی: ئێ؟

بێنێی ڕوانییە ئاللان و ئاللان ڕوانییە یولیوس. یولیوس بە سەرسوڕمانەوە بزەیەکی بۆ کرد. گوتی: سەرۆکی باندی دزان، من دزێکی تەڕدەست و پیشەییم! ئەمە خراپ نییە!

لێ ئەو قسەیە کاری لە جوانێ نەکرد. خۆی لە بنەڕەتدا سوورە بوو، وەختێک بە یولیوسی گوت ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکیان بۆ ئەوە نەبێت، بەو زوانە دەبێت بە سەرۆکی باندێکی تێهەڵدراو، هێندەی دی سوور بووەوە. پاشان هەمان شتی کە پێشتر بە خۆی گوتبوو، بەو میوانانەی کە هەموویان لە ژوورەکە بوون، گوت: کوڕ نییە لە مەزرای دەریاچەدا کڵاو لەسەر کانیلا بیورکلاند بنێت، پاشان وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت. جا بۆ ئەوەی قسەکەی خۆی بسەلمێنێت، کۆنەتاپڕێکی لەسەر دیوارەکە هەڵگرت. هەڵبەتە تاپڕەکە کاری نەدەکرد، جوانێ بە خۆیشی ئەوەی دەزانی، بەڵام دەیتوانی ئەگەر پێویستی کردبا، وەکو داردەست بەکاری بهێنێت و مێشکی سەرۆکی باندەکە، یارۆی سەندەویچفرۆش و پیرەمێردە فەرتوسەکەی پێ داغان بکات.

زۆر زوو بزەکەی سەر لێوی یولیوس یونسون ئاوا بوو. بێنێییش وەکو ئەوەی لە جێی خۆیدا چەقیبێت، بەبێ جووڵە وەستابوو و هەردوو بازووی بە قەدیدا شۆڕ بووبوونەوە. دیار بوو دەرفەتی عاشقێنییەکەی، بە خێرایی ئاوا دەبوو. لێرەدا ئاللان هاتە پێشەوە و داوای لە جوانێ کرد دەرفەتێکیان پێ بدات دابنیشن تا بیرێک لە ڕەوشی خۆیان بکەنەوە، ئەوسا مۆڵەتی لە جوانێ خواست ڕێگەی بدات لە ژوورەکەی تەنیشتەوە، قسە لەگەڵ یولیوسدا بکات. جوانێ بەدەم کەمێک خوتە و بۆڵەوە ڕازی بوو، بەڵام داوای لە ئاللان کرد نەخەڵەتابێت بیر لە فێڵ و دەهۆیان بکاتەوە. ئاللان

بەڵێنی دا شتی وا نەکات. ئەوسا قۆڵی بە قۆڵی یولیوسدا کرد و بۆ مووبەقەکەی برد و دەرگای لەسەر خۆیان داخست.

ئاللان، لە یولیوسی پرسیی هیچ بیرۆکەیەکی پێیە. هەڵبەتە بیرۆکەیەک کە وەکو جارەکانی پێشوو، نەبێتە سەدەمی تووڕەبوونی زیاتری جوانیٚ.

یولیوس، گوتی بە باوەڕی وی تاقە ڕێگەی دەربازبوون لەو کێشەیە ئەوەیە بە هەر شێوەیەک بووە، جوانیٚ بکەن بە شەریکی بەشێکی ئەو پارەیەی لە جانتاکەدا بوو. ئاللانیش قاییل بوو، بەڵام ئەمەش زۆر خراپە، هەر ڕۆژەی کەسێکی تازە بەوە بزانێت ئەوان جانتایەکیان دزیوە، خاوەنەکەیان کوشتووە، پاشان تەرمەکەیان خستووەتە بۆرییەکی ئاسنەوە و بۆ ئەفریقایان هەنارده کردووە.

یولیوس، لەو قەناعەتەدا بوو ئاللان هەندێک موبالەغە دەکات. تا نها تەنها یەک کەس لەم ڕێگەیەدا گیانی خۆی لەدەست دابوو، ئەویش شایستەی ئەوە بوو. خۆ ئەگەر بیانتوانیبا تا ڕەوشەکە ئارام دەبێتەوە لە شوێنێکدا خۆ بشارنەوە، ئیدی پێویستی بەوە نەدەکرد چ کەسێکی دی تووشی هەمان چارەنووس ببێتەوە.

هەنگیٚ ئاللان گوتی ئەو بەش بە حاڵی خۆی بیرۆکەیەکی دیکە و تازەی هەیە. بە باوەڕی وی باشتر وا بوو ناوەڕۆکی جانتاکە بەسەر چوار کەسدا دابەش بکەن: ئاللان، یولیوس، بێننی و جوانیٚ. لەم حاڵەدا ترسی ئەوە نەدەما ئەو دوو کەسەی دوایی خەبەریان لیٚ بدەن. بەو جۆرە دەتوانن تا کۆتایی هاوین لەویٚ؛ لە مەزرای دەریاچە بمێننەوە. هەنگیٚ ئیدی گرووپی ماتۆڕسوارەکانیش دەست لە چاودێریکردنیان هەڵدەگرن. هەڵبەتە ئەگەر چاودێرییەک لەئارادا بووبێت، کە باشتر وا بوو وا فەرز بکەن لەئارادا بووە.

یولیوس ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی: "بیست و پێنج ملیۆن لەبری چەند مانگێک مانەوە، خواردن و شۆفێرێک." بەڵام ئەنجام بە پێشنیازەکەی ئاللان قاییل بوو.

کۆبوونەوەی مووبەقەکە تەواو بوو. ئاللان و یولیوس بۆ ژووری دانیشتن گەڕانەوە. ئاللان داوای لە جوانیٚ و بێننی کرد سی چرکەیەکی دی تەحەمموول بکەن، لەم بەینەدا یولیوس ڕۆیی و جانتاکەی لە سەریٚڕا، بە ڕاکێش ڕاکێش هێنا، خستیە سەر مێزە درێژکۆڵەکەی ناوەڕاستی ژووری دانیشتنەکە و کردیەوە: من و ئاللان بڕیارمان داوە ئەمە بە یەکسانی بەسەر هەرچوارماندا دابەش بکەین.

جوانیٚ گوتی: یا مەسیح!

یولیوس گوتی: دابنیشە تا بۆتی ڕوون بکەمەوە.

وەکو چۆن هەرسی ئەو بەشەی چیرۆکەکە کە پەیوەست بوو بە تەرمەکەوە، بۆ بێنی زەحمەت بوو، بەو ئاوایە بۆ جوانێش زەحمەت بوو، بەڵام چیرۆکی دابەزینی ئاللانی لە پەنجەرەکەوە، ماڵئاوایی ئەوی لە ژیانی ڕابردووی، زۆر پێ خۆش بوو: دەبوایە منیش دوای چواردە ڕۆژ لە شووکردنم بەو کابرا دەبەنگە، هەمان کارم بکردایە.

دووبارە ئارامی بۆ مەزرای دەریاچە گەڕایەوە. جوانێ و گێلە، جارێکی دی ڕۆیشتن بۆ بازاڕ تا خواردن و ئازووقە و هەندێک پێویستی ماڵ بکڕن. جوانێ خواردن، خواردنەوە، جلوبەرگ، دەرمان و زۆر پێویستی دیکەی کڕی. بەهای هەر هەموو شتەکانی بە یەک سەفتە ئەسکەناسی پێنجسەد کرۆنی دا.

***

گەورە لێکۆڵەرەکەی پۆلیس، ئارونسون پرسوجۆی لەگەڵ شایەتێکدا کرد؛ ژنێک بوو لە تەمەنی پەنجا و چەندساڵیدا، لە بەنزینخانەی میولبی کاری دەکرد. گوتەکانی ژنەکە، بە حوکمی شوێنی کارەکەی و شێوازی گێڕانەوەی ئەو شتانەی بینیبووی، جێگەی متمانە بوو. تەنانەت لەو وێنانەشدا کە بە بۆنەی ئاهەنگی هەشتایەمین ساڵیادی یەکێک لە ساڵمەندانی خانەی پیراندا، یەک-دوو هەفتەیەک لەوەوپێش گیرابوو، ئاللانی ناسیبووەوە. وێنەکان، ئەوانە بوون پێشتر بەڕێوەبەری خانەکە، ئەلیس لوتفی کردبوو نەک هەر بە پۆلیس، بەڵکو بە ڕۆژنامەکانیشی دابوو.

نها گەورەلێکۆڵەری پۆلیس، ئارونسون، ناچار بوو لە دڵی خۆیدا دان بەوەدا بنێت دوێنێ سەبارەت بە سەرەداوێک خەمساردی و بێموبالاتیی کردبوو، بەڵام تازە خەفەتخواردن سوودی نەبوو. دەبوا تەکەز لەسەر شیکردنەوەی بابەتەکە بکات. لە ڕوانگە سەرەتاییەکەوە دوو ئەگەر هەبوو: یان جووتە پیرەمێردەکە و کابرای سەندەویچفرۆش مەزڵێکی دیاریکراویان دابووە چاو، یان خوابەختەکی ڕێگەی باشووریان گرتبووە بەر. ئارونسون، زیاتر بە لای ئەگەری یەکەمدا دایدەشکاند، چونکە چاودێریکردنی کەسێک کە مەزڵی دیار بێت، ئاسانتر بوو، بەڵام سەردەرکردن لە کاری ئەو خەڵکانە دژوار بوو. لە لایەکەوە هیچ دیار نەبوو چ پەیوەندییەک لە نێوان ئاللان کارلسون و یولیوس یونسندا هەبوو، لە ئالییەکی دییەوە، بینی لیونبرگ و ئەوان کوجا مەرحەبا. ڕەنگە لیونبرگ و یونسن، جۆرە ئاشنایەتییەکیان هەبێت، چونکە لە نزیکی یەکدی دەژیان، بەڵام ئەو ئەگەرەش هەبوو کە ئەوان 'لیونبرگ'یان ناچار کردبێت، بە ئۆتۆمبێلەکەی بیانبات. ئەم ئەگەرش هەبوو کە ئەو دوانە پیرەمێردە سەد ساڵەکەیان وادار کردبێت کە بەگەڵیان بکەوێت، هەرچەندە ئەم ئەگەرە، بە دوو دەلیل ڕەت دەکرایەوە، یەکەم: ئەمە بوو کە ئاللان کارلسون، لە وێستگەی بیرینگێ لە پاس دابەزیبوو و

پێدەچێت بە ویستی خۆی بۆ لای یولیوس یونسن چووبێت، دووەم: بەگوێرەی ئیفادەی شایەتەکان وا دیارە ئاللان کارلسون و یونسن زۆر تەبا بووبن، ئەلف: کاتێک لە جەنگەڵ و بێشەکەدا بەسەر عەرەبانەکەوە بوون، با: کاتێک بە دوو قۆڵی لە کارخانەی ئاسنەکە دەردەچن.

بەهەرحاڵ، هەرچییەک ڕووی دابوو بە لایەک، بەڵام خانمە کرێکارەکەی بەنزینخانەکە بە چاوی خۆی دیتبووی مارسیدسە زیوینەکە بە شارێگەکەدا بەرەو تراناس ڕۆییبوو. دروستە کە بیست و چوار سەعات بەسەر ئەو بویەرەدا بووریبوو، بەڵام هەر هێشتا باڵکێش و مایەی سەرنج بوو. کەسێک کە بەرەو باشوور بڕوات، کاتێک بە سەمتی میولبیدا پێچ بکاتەوە، بیەوێت و نەیەوێت هەندێک لە مەزلە گریمانەییەکانی خۆی دەپەڕێنێت. وا دیارە مەزلیان ئۆسکاشهامن بووبێت و لەوێندەرەوە بۆ گراڤی گوتلاند چووبن، بەڵام لە لیستی ناوی نەفەرەکانی کەشتییەکە، هیچ ئاماژەیەک بۆ ناوی وان نەبوو. ئیدی ئەوەی دەمایەوە تەنها باکووری سمۆلاند بوو، کە لەو حاڵەدا مارسیدسەکە خێراترین ڕێگەی بۆ ئەوێندەر تەی نەدەکرد، بەڵام ئەگەر پیرەمێردەکان و یارۆی سەندەویچفرۆش هەستیان بەوە کردبێت، کە چاودێری دەکرێن و لەدوویان بن، هەنگێ لۆجیکی بوو، پەی بەوە ببرێت چما ڕێگە لاوەکییەکانیان هەڵبژاردبوو.

یەکێک لەو بەڵگانەی کە دەبووە بایسی ئەوەی گەورە لێکۆڵەر، ئارونسون، دەربازبوونی ئەو دوو نەفەرە لە مەرزەکانی وڵات بە دوور بزانێت، ئەمە بوو کە پاسپۆرتیان نەبوو، بۆیە ئەگەری دەرچوونیان لە وڵات کەم بوو. بەڵگەی دووەم ئەمە بوو هاوکارانی ئارونسون، بە تەلەفۆن هەر هەموو بەنزینخانەکانی باشوور، باشووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای میولبییان بە مەودای چوارسەد-پێنجسەد کیلۆمەتر ئاگادار کردبووەوە. هیچ کەسێک مارسیدسێکی زیوینی بە سێ نەفەری باڵکێشەوە نەبینیبوو. هەڵبەتە ئەگەری ئەوە هەبوو لە بەنزینخایەکی گومناودا بەنزینیان فوول کردبێت، بەڵام خەڵکی عادەتەن ڕوو دەکەنە بەنزینخانەیەک کە بەناوبانگ بێت و هەموو خزمەتگوزارییەکی تیا بێت، چونکە دوای ماوەیەک پێویستیان بە کیسەیەک چپس، سۆدایەک یان سەندەویچێک دەبێت، کە جاری پێشوو لە میولبی ئەمەیان کردبوو.

ئارونسون، لە کاتێکدا لە دڵی خۆیدا پیرۆزبایی لە خۆی دەکرد، لە بن لێوانەوە دەیگوت: ترانۆس، ئێکخیۆ، نێسخیۆ، ڤێتلاندا، ئۆسێدا... و ئەو دەوروبەرە.

پاشان برۆکانی وێک هێنایەوە: باشە کێوە چوون؟

***

بەیانی، وەختایەک سەرۆکی باندی ڤیویولنس، دوای شەوێکی ناخۆش لەخەو ڕابوو، یەکسەر چوو بۆ بەنزینخانەکە تا جگەرە بکڕێت. لەوێ، لە دەرەوەی دەرگای بەنزینخانەکە، مانشێتی ڕۆژنامەکان دەتگوت بانگی دەکەن. وێنەی سەر

لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی ئیکسپرێس... وێنەی هەمان پیرەمێرد بوو، کە دوێشەو لە ڕووتنێ بینیبووی.

هێندەی پەلە کرد بیری چوو جگەرە بکڕێت، بەڵام نوسخەیەکی لە ڕۆژنامەکە کڕی. کە خوێندیەوە زیاتر حەپەسا. ئەوسا تەلەفۆنی بۆ سەتڵی برا گەورەی کرد.

بویەری نهێنیئامێزی ونبوون و بە ڕواڵەت ڕفاندنی پیرەمێردە سەدسالییەکە بوو بە داستانی سەر زاری خەڵکی. پتر لە یەکملیۆن و نیو تەمەشاڤان، کە یەکێک لەوانە خودی پیرەمێردە سەدساڵییەکە و هاوڕێکانی بوو لە مەزرای دەریاچەدا، ئەو هەواڵەیان بینیی کە لە تەلەڤیزیۆنەوە بڵاو کرایەوە، لەڕاستیدا هەر هەمان ئەو بابەتە و ناوەڕۆکە بوو کە ڕۆژنامەی ئێکسپرێس بڵاوی کردبووەوە.

ئاللان، گوتی: ئەگەر نەمزانیبا باسی منە، زۆر بۆ ئەو پیرمێردە ناڕەحەت دەبووم.

لێ جوانێ، نیگەران بوو، باوەڕی وا بوو پێویستە ئاللان، یولیوس و بێننی تا ماوەیەکی زۆر خۆ وەشێرن. لە ئێستاش بەدواوە دەبێت مارسیدسەکە بەکار نەهێنرێت، لە پشت گەوڕەکەوە ڕابگیرێت و کەس سواری نەبێت. دەبوا بۆ ڕۆژی دواتر ڕۆیشتبا ئەو پاسە گەورەیەی کڕیبا کە لەمێژ بوو چاوی تێبڕیبوو، چونکە هەندێک لە کورسییەکانی لا برابوون، لە تەنیشتەوە دەرگایەکی چەکمەجەیی گەورەی بۆ کرابوو، ئیدی بۆ بارکردنی، بارێن گەورە یەکاویەک بوو. لەگین بوو لە ئایندەیەکی نزیکدا ناچار بن هەڵبێن، لەو حاڵەدا هەموویان پێکەوە؛ بە سونیاشەوە، دەیانتوانی بێخەم و خەیاڵ بڕۆن.

## نۆیەم
## ١٩٣٩ – ١٩٤٥

لە یەکێ ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٩دا، کەشتییەکەی ئاللان، کە ئاڵای ئەسپانیای هەڵکردبوو، گەیيە نیویۆرک. ئاللان لە دڵی خۆیدا گوتبووی ڕەنگە خراپ نەبێت چاوێ بەو وڵاتە گەورەیەدا بگێڕێت کە کەوتبووە ڕۆژئاوای ئەورووپاوە، پاشان بە هەمان کەشتی بگەڕێتەوە، بەڵام ڕێک لە هەمان ڕۆژدا یەکێک لە دۆستە ئازیز و دڵسۆزەکانی جەنەڕاڵ فرانکۆ پەلاماری پۆڵەندای دا و دووبارە ئاگری شەڕ لە ئەورووپا هەڵگیرسایەوە. کەشتییە ئەسپانیاییەکە دەستی بەسەردا گیرا و خرایە خزمەتی هێزی دەریایی ئەمریکاوە، تا جەنگەکە ساڵی ١٩٤٥ کۆتایی هات.

هەموو نەفەر و کارمەند و خزمەتگوزارەکانی سەر کەشتییەکە نێردران بۆ بنکەی کۆچبەریی دوورگەی ئەلیس. لەوێ هەمان چوار پرسیار لە یەکبەیەکی

ڕێبوارەکان کرا: ١- ناو؟ ٢ – نەژاد؟ ٣ – پیشە، ٤- مەبەستی سەفەر بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؟

هەموو هاوسەفەرەکانی ئاللان، هەڵبەتە لە ڕێگەی دیلمانجێکی ئەسپانییەوە، گوتیان دەریاوانی ئاسایین و هەنووکە کەشتییەکەیان حیجز کراوە، ئیدی هیچ شوێنێک شک نابەن بۆی بڕۆن. دوای ئەوە هەموویان لە ئەمریکا وەرگیران و پێیان گوترا تا دەتوانن هەوڵی ئەوە بدەن کار بدۆزنەوە و خۆیان بژێنن.

بەڵام چیرۆکەکەی ئاللان، لەوانی دی جیاوازتر بوو. ناوێکی هەبوو کە دیلمانجە ئەسپانیاییەکە تەنانەت نەیدەتوانی بیدرکێنێت؛ گوتی خەڵکی سوسیایە، لەوەش گرنگتر ئاللان ددانی بەوەدا نا پسپۆڕی بواری تەقەمەنی و دینامیتە، هەموو کارێکی لەو بوارەدا جەڕباندووە، لە دروستکردن و فرۆشتنی تەقەمەنییەوە بیگرە تا دەگاتە کارکردن لە کۆمپانیای تۆپسازی و بەشداریکردن لە شەڕی ناوخۆی ئەسپانیان.

ئەوسا نامەکەی جەنەڕاڵ فرانکۆی دەرهێنا و نیشانی دان. دیلمانجە ئەسپانییەکە کە زۆر ترسابوو، ناوەڕۆکی نامەکەی بۆ ئەفسەری کارگێڕیی بنکەی کۆچبەرییەکە، پاچڤە کرد، ئەفسەرەکەش یەکسەر بەرپرسەکەی خۆی ئاگادار کردەوە، ئەمیش سەرووی خۆی ئاگادار کردەوە.

هەوەڵ جار ئەفسەرە بچووکەکە و دوو ئەفسەرە گەورەترەکە گەیینە ئەو بڕیارەی دەبێت ئەم فاشیستە سوێدییە یەکسەر بۆ ئەو شوێنە بگێڕنەوە کە لێوەی هاتبوو.

ئاللان، گوتی: ئەگەر بتوانن کەشتییەک بۆ گەڕانەوەی من بدۆزنەوە، من بە مەمنوونییەوە دەگەڕێمەوە.

ئەم پێشنیازە پراکتیکی نەبوو، بۆیە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئاللاندا بەردەوام بوو. ئەفسەری بنکەی کۆچبەری، تا زیاتر ئاللانی دەدواند و قسەی لێ دەردەهێنا، مەسەلەی فاشیستبوونی یارۆی سوێدی کاڵتر دەبووەوە. ئاللان، کۆمۆنیستیش نەبوو، کەسێکی سۆسیال-ناسیونالیستیش نەبوو. ئاللان جگە لەوەی شارەزا و پسپۆڕێکی دینامیت و تەقەمەنیان بوو، هیچی دی نەبوو. مەسەلەی ئاشنایەتی و دۆستایەتیی لەگەڵ جەنەڕاڵ فرانکۆدا، بە ڕادەیەک ڕێکەوتەکی و گاڵتەبازارانە بوو، کە گومان لە واقیعیبوونی نەدەکرا، چونکە ئەو جۆرە چیرۆکە مەحاڵ بوو دەستکرد بێت.

گەورەبەرپرسی بنکەی کۆچبەری تیا مابوو و نەیدەزانی چی لە ئاللان بکات، بۆ ئەوەی لەکۆڵ خۆی بکاتەوە بڕیاری دا ئاللان بۆ یەک-دوو مانگێک لە زینداندا توند بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەو یەک-دوو هەیڤە بوون بە چەندین ساڵ، گەورە بەرپرسی بنکەی کۆچبەری، ئاللانی بەتەواوەتی لە بیر کرد. سەرەنجام ڕۆژێک هەمان

گەورەبەرپـرس کە بە بـۆنەی جەژنـی پـاکەوە چووبـووە دیـداری برایەکـی لە مەزرا و بـاخە خانەوادەگییەکەیـان لە کونکتیکـت، جـارێکی دی ئـاللانی بیـر کەوتەوە. برایەکـی گەورەبەرپرسـەکە سـەرقاڵی ئەوە بـوو جـۆرە عەبـوەیەک بـۆ سـوپا دروسـت بکـات. هەڵبەتە کاتێک براکەی گەورە بەرپرسـەکە زانیی دەتوانێت سـوود لە کۆمەکی کەسـێک کە پێدەچوو لە لایەنگرانی فرانکۆوە بووبێت، وەربگرێت؛ زۆر دڵخۆش نەبوو، بەڵام لە لـوس ئـالاموس، نیـو مەکسـیکۆ، لەڕادەبەدەر پێویسـتیان بە هەر پسـپۆڕێکی ئەو بـوارە هەبـوو، بـۆیە ئەمە باشـترین دەرفەت بـوو سـووکەکارێک بە ئـاللان بسـپێرن و گەورەبەرپرسەکەی بنکەی کۆچبەری، لە هەڵوێستە دژوارەکەی دەرباز ببێت.

ئیدی سەرۆکی بنکەی کۆچبەری گوتی ئەوە ئەوپەڕی چاکەیە لەگەڵ ئەودا. ئەوسـا جووتەبرا، بە دووقۆڵی بەر بوونە خواردنی قەلەمونەکە.

پاش ماوەیەک، زستانی ساڵی ١٩٤٣، ئاللان بۆ یەکەم جار سواری فڕۆکە بوو. بۆ کوێ؟ بۆ تـاقیگەی نەتەوەیی ئەمریکی لە لـوس ئـالاموس. لەوێش هەر زوو دەرکەوت ئـاللان، یەک وشـە ئینگلیـزی نازانێـت. ئیـدی ملازمێـک کە زمـانی ئەسـپانیایی دەزانـی، ڕاسپێردرا لێکۆڵینەوە لە ئـاللان بکـات، تـا بزانێت ڕادەی شـارەزایی وی چەنـدە. داوا لە ئـاللان کـرا هاوکێشـەیەکی کیمیـایی بەهێزتـرین تەقەمەنـی و دینامیـت بـۆ مـلازمەکە بنووسێت. ملازمەکە، نووسینەکانی ئاللانی خوێندەوە، ڕایگەیاند ئـاللان بەهـرە و توانـای داهێنـــانی هەیە، بەڵام عەبوەکـــانی ئـــاللان، تەنـــانەت توانـــای تەقانـــدنەوەی یەک ئۆتۆمبێلیشیان نەبوو.

ئاللان، گوتی: هەڵبەتە تیایانـدا هەیە دەتـوانن ئۆتۆمبێلێک بە خـۆی و شـۆفێرەکەیەوە بتەقێننەوە. بە خۆم تاقیم کردووەتەوە.

بەهەرحـاڵ ڕێ بە ئـاللان درا بمێنێتەوە، لە هەوەڵەوە لە دوورتـرین خـاڵی تـاقیگەکە دانرا، بەڵام بەرەبەرە بە تێپەڕبوونی مانـگ و سـاڵان، وەختـایەک ئـاللان کەم کەم کەوتە ئەوەی بە ئینگلیـزی قسـان بکـات، زیـاتر ڕێگەیـان پـێ دا بـۆ بەشـەکانی تـری تـاقیگەکە بـڕوات. ئـاللان، کە کەسـێکی زۆر ورد و بەسـەرنج بـوو، بە تێپەڕبـوونی ڕۆژان، فێـری چۆنێتیی دروستکردنی عەبواتی ئەوتۆ بوو، زۆر لەو عەبوانەی خۆی دروستی دەکـردن و ڕۆژانی یەکشەمموان لە چاڵەکەی پشت مـاڵەکەی خۆیـدا تـاقیی دەکـردنەوە، بەهێزتـر بـوون. شـەوان وەختـایەک، زۆربەی گەنجەکـان، لە تـاقیگەکەی لـوس ئالاموسـەوە دەردەکەوتـن و بـۆ ڕابـواردن دەچـوون بـۆ ناوشـار، ئـاللان، بە دزییەوە لە تـاقیگەکەدا دەمایەوە و فێری شتی تازەی دنیای دینامیت و تەقەمەنی دەبوو.

***

شەڕ لە ئەورووپادا، ڕۆژبەڕۆژ گەرمتر دەبوو، بەڵام ئاللان، تەنها جاربەجارێک هەواڵی جەنگەکەی دەژنەوت، چونکە سەرقاڵی فێربوونی زانست بوو، هەڵبەتە ئەو زانستەی ئاللان وەکو شاگردێک فێری دەبوو، تینوویەتی ئاللانی نەدەشکاند، زۆر کەم بوو. زانستە تازەکە دەربارەی مەوادی کیمیایی باوی وەک نیترۆگلیسرین و نەتەراتی سۆدیۆم –کە تەنها بە کەڵکی ئاماتۆران دەهات– نەبوو، بەڵکو دەربارەی پەیوەندیی غەریب و عەجیبی نێوان ئەتۆمانی وەکو هایدرۆجین و یۆرانیۆم بوو، مەوادێک بوون کە زۆر لەوە ئاڵۆزتر بوون ئاللان بە پێشبینییش پێشبینیی بکات.

ساڵی ١٩٤٣، ئیدی چاودێرییەکی توندی ئەو لە کاری خرایە سەر تاقیگەی لوس ئالاموس. سەرکۆمار ڕۆزڤێلت ئەرکێکی نهێنیی بە زانایان سپاردبوو کە بۆمبێکی گەورەی بۆ دروست بکەن: بۆمبێک کە بە مەزەندەی ئاللان، دە تا بیست پردی ئەسپانی بە کەڕەتێک بتەقێنێتەوە. جا ئاللان بە حوکمی ئەوەی لە نهێنیترین چالاکیدا پێویستیان بە کۆمەکی وی هەبوو، ئیدی لە تاقیگەکەدا بەتەواوی ناسرابوو، بۆیە لە ڕووی ئەولەکارییەوە (ئەمنی) ڕێگەی پێ درا، سەر بە هەموو بەشەکانی تاقیگەکەدا بکات.

ئاللان لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئەو ئەمریکاییانە بەڕاستی دەیانزانی چی دەکەن. لەجیاتی خۆیان بەو مەوادە کۆن و باوانەوە خەریک بکەن کە ئاللان پێیان ڕاهاتبوو و شارەزایی تیایاندا هەبوو، ئەو زانایانە بۆ کردنەوەی ئەو قفڵانەی گەردیلەی ئەتۆمانی پێکەوە دەبەست، کۆمەڵێک ڕێگەیان دۆزیبووەوە و هەوڵی ئەوەیان دەدا بۆمبێک دروست بکەن توانایەکی وێرانکەری ئەوتۆی هەبێت، کە دنیا پێشتر شتی وای بە خۆوە نەدیتبێت.

زانایانی ئەمریکایی ساڵی ١٩٤٥، بە نزیکەیی گەیشتنە ئەو مەبەستە. ئیدی باسکارەکان (بە ئاللانیشەوە) فێری ئەوە بوون چۆن کارلێکی ئەتۆمی بخولقێنن، بەڵام نەیاندەزانی چۆن کۆنترۆڵی بکەن. ئەو کێشەیە بوو بە مەراقی ئاللان. شەوان کە لە تاقیگەکە کاری دەکرد، هەوڵی دەدا مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەیەدا بکات؛ کێشەیەک کە کەس داوای لێ نەکردبوو کاری لەسەر بکات. سەرەنجامیش توانیی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات.

بەهاری ئەو ساڵە، هەموو هەفتەیەک، گەورەبەرپرسانی سوپا، دەچوونە دیدەنیی فیزیکزانە بەنێوبانگەکان، بە ڕێبەری زانایەک بە نێوی جی ڕوبرت ئۆپنهایمەر. ئاللانیش قاوەی بۆ تێدەکردن و گوێی بۆ قسەکانیان هەڵدەخست.

ئیدی زاناکان لەو نێوانەدا، دەستیان بە سەر و قژی خۆدا دەهێنا و داوایان لە ئاللان دەکرد، قاوەی دییان بۆ بهێنێت. بەرپرسە سوپاییەکانیش بەدەم خوراندنی سەریانەوە، داوایان لە ئاللان دەکرد، قاوەی تریان پێ بدات. ئیدی زاناکان و گەورە سوپاییەکان

بەدەست ئەو کێشەیەوە دۆش دامابوون. پەیتا پەیتا قاوەیان دەخواردەوە و ئیدی ڕەوشەکە، هەفتە دوای هەفتە بەو ئاوایە دەبووری. ئاللانیش ژێراوژێر کاری لەسەر کێشەکە دەکرد و لای خۆیەوە گەیبووە ئەنجام، بەڵام هەستی دەکرد کاری پێشخزمەت نییە ڕێنمایی بداتە گەورەی شێفان کە چۆن خواردن ئامادە بکات. بۆیە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی لای خۆی هێشتەوە. تا ئەوە بوو، جارێک، لە خۆوە هەڵیدایە و گوتی: ببورن، باشە ئێوە چما ئەتۆمی (گەردیلە) یۆرانیۆمەکە ناکەن بە دوو بەشی یەکسانەوە؟

کاتێک خەریک بوو قاوەی بۆ ڕوبرت ئۆپنهایمەر تێدەکرد، خۆبەخۆ، بێ ئەوەی بە دەستی خۆی بێت، ئەو پرسیارەی لە زار دەرچووبوو.

ئۆپنهایمەر گوتی: چی چی؟

ئۆپنهایمەر، بە ڕادەیەک لە قسەی پێشخزمەتەکە حەپەسا، کە بە باشی لە قسەکەی حاڵی نەبووبوو.

ئیدی ئاللان هیچ چارێکی نەما جگە لەوەی لەسەر قسەکەی بەردەوام بێت: باشە، ئێوە یۆرانیۆمەکە بەسەر دوو بەشی یەکساندا دابەش بکەن، هەر کاتێک ویستتان لێکیان بدەن، هەنگێ هەر کاتێک ویستتان بتەقێتەوە، دەتوانن بیتەقێننەوە.

ئۆپنهایمەر، گوتی: دوو بەشی یەکسان؟

لەو دەمەدا، زۆر بیری بە خەیاڵدا هات، بەڵام تەنها هێندەی بە زماندا هات کە بڵێت: دوو بەشی یەکسان.

– هەڵبەتە پرۆفیسۆر لێرەدا خاڵێک هەیە، مەرج نییە ئەم دوو بەشە دەقاودەق یەکسان بن. گرنگ ئەوەیە ئەو دوو بەشە، لە کاتی پێکادانەدا بە ئەندازەی پێویست گەورە بن.

ملازم لویس، کە ئەو زەمانەتی ئەوەی کردبوو گوایە ئاللان گونجاوە بۆ ئەوەی وەکو یاریدەدەر دەستبەکار بێت، بە جۆرێک سوور بووەوە، لە تۆ وایە دەیەوێت کابرای سوێدی بکوژێت. لێ یەکێک لەو زانایانە کە لە دەوری مێزەکە ڕۆنیشتبوو، بە میهرەبانییەکی تایبەتییەوە گوتی: باشە چۆن ئەو دوو بەشە لە یەک بدەین؟ کەی؟ لە هەوادا؟

– بەڵێ پرۆفیسۆر، تەقاندنەوەکەی ئاسانە. کێشەکە لەوەدایە ناتوانیت ساتی تەقینەوەکە کۆنترۆڵ بکەیت و دیاریی بکەیت، بەڵام کۆمایەکی (کتلە) هەستیار کە کرابێت بە دوو بەشەوە، دەبێت بە دوو کۆمای ناهەستیارەوە، دروستە؟ هەڵبەتە پێچەوانەش پێچەوانەیە، چونکە دەشێت لە دوو کۆمای ناهەستیار، یەک کۆمای هەستیار بەدەست بهێنرێت.

ئۆپنهایمەر گوتی: باشە پێشنیازی تۆ بۆ پێکدادانی ئەم دوو بەشە یەکسانە چییە بەڕێز... ببوورە، تۆ کێیت؟

ئاللان گوتی: من ئاللانم.

– بەڵێ جەنابی ئاللان، ئێمە چۆن ئەو دوو بەشە یەکسانە بەیەکدا بدەین؟

ئاللان گوتی: بە تەرەقەیەکی تەقاندنەوەی سادەی کۆن. من لەو بارییەوە مەعلانم، بەڵام دڵنیام ئێوەش دەتوانن دروستی بکەن.

مامۆستایان و پسپۆڕانی فیزیا، بەتایبەتی و زانایانی گەورەی سوپایی، خەڵکانی گەمژە نین. ئۆپنهایمەر، لە زەرفی چەند چرکەیەکدا هەموو هاوکێشە و فۆرموولەکانی لە زەینی خۆیدا، گێژە و بێژە کرد و گەییە ئەو قەناعەتەی زۆر لەگینە بۆچوونەکەی یارۆی پێشخزمەت دروست بێت. جا بیهێنە بەرچاوی خۆت چۆن دەشێت کێشەیەکی ئەوها ئاڵۆز، چارەسەرێکی بەو ڕادەیە سادەی هەبێت! عەبوە و تەرەقەیەکی سادەی کۆن، بە پشتی بۆمبێکەوە ببەسترێت و لە دوورەوە کۆنترۆڵی بکەیت، بۆ ئەوەی کۆمایەکی ناهەستیاری یۆرانیۆمی ٢٣٥ بگەیەنێتە کۆمایەکی ناهەستیاری دیکە و یەکسەر بگۆڕێت بۆ کۆمایەکی هەستیاری گەورە. نیۆترۆنەکان دەکەونە جووڵە، ئەتۆمی یۆرانیۆمەکە دەشکێنن، ئیدی کارلێک و کاردانەوەیەکی زنجیرەیی دەکەوێتە کار.

ئۆپنهایمەر، لەو کاتەدا بەکاوەخۆ گوتی: بوم!

ئاللان گوتی: تەواو پرۆفیسۆر، کێشەکەت چارەسەر کرد. کەس قاوەی دەوێت؟

ڕێک لەو ساتەدا، ئەو دەرگایە کرایەوە کە دەچوو بۆ ژووری نهێنییەکە، ترومانی جێگری سەرکۆمار خۆی کرد بە ژووردا، ئەمە یەکێک بوو لەو دیدارە دەگمەنانەی هیچ کاتێک پێشوەختە نایەتە ڕاگەیاندن.

جێگری سەرکۆمار، بە هەموو ئەو خەڵکانەی کە دەستەونەزەر لەبەری هەستابوون، گوت: دابنیشن.

تەنانەت ئاللانیش دانیشت. ئاللان، وای بۆ دەچوو وەختایەک جێگری سەرکۆمار ئەمر بە دانیشتن بکات، باشتر وایە دابنیشێت.

جێگری سەرکۆمار، داوای ئەنجامی ڕەوشەکەی لە ئۆپنهایمەر کرد. ئۆپنهایمەر، دووبارە هەستایە سەر پێیان و ئەوەی لەو کاتەدا بە بیریدا هات ئەوە بوو، بەڕێز ئاللان، ئەو پیاوەی لە گۆشەیەکدا دانیشتبوو، تۆزێک لەوەوپێش، دوا کێشەی سەبارەت بە چۆنێتیی کۆنترۆڵکردنی تەقاندنەوەکە، چارەسەر کردبوو. چارەسەرەکەی جەنابی ئاللان، هێشتا نەجەربێنرابوو، لێ ئۆپنهایمەر بە نوێنەرایەتیی هەموو ئەوانەی لەوێ

ئامادە بوون، ڕایگەیاند ئەو ساتە چووە مێژووەوە و دەتوانن لە زەرفی سێ مانگی داهاتوودا، یەکەمین تەقینەوەی ئەزموونی ئەنجام بدەن.

جێگری سەرکۆمار، چاوێکی بە ئامادەبواندا گێڕا و هەموویان سەریان لەقاند. ئەنجام ملازم لویس توانیی هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵبکێشێت. ئەنجام نیگای جێگری سەرکۆمار لەسەر ئالان گیرسایەوە.

-بەڕێز ئالان، پێم وایە تۆ قارەمانی سەردەمی ئێمەیت. حەز دەکەم بەر لەوەی بۆ واشنتۆن بگەڕێمەوە نانێک بخۆم، نافەرموویت نانێکم لەگەڵدا بخۆیت؟

ئالان، دوای کەمتر لە دە ساڵ، پاش ئەو دەعوەتەی کە جەنەڕاڵ فرانکۆ لە ئەسپانیا کردبووی، نها بیری لەوە دەکردەوە ڕەنگە خەسڵەتی هاوبەشی جیهانی ئەوە بێت، ئەگەر یەکێک کارێک بکات و بەدڵی وان بێت، دەعوەتی خواردنی بکەن، بەڵام هیچی نەگوت، سوپاسی جێگری سەرکۆماری کرد، پاشان بە دووقۆڵی لە ژوورەکە وەدەر کەوتن. ئۆپنهایمەر بە خەیاڵی ڕەحەت، هەڵبەتە لە هەمان کاتدا پەست لە ژووری کۆنفرانسەکە مایەوە.

ئیدی بە ئەمری جێگری سەرکۆمار، خواردنگە مەکسیکییە دڵخوازەکەی ناوەڕاستی لوس ئالاموس بۆ ترومان و ئالان قۆرخ کرابوو. تەنها دە-دوازدە پاسەوانی شەخسی، لە گۆشە کەنارەکانی خواردنگەکە بڵاو بووبوونەوە.

بەرپرسی پاسەوانەکان، بە ترومانی گوت کە بەڕێز ئالان ئەمریکایی نییە و لە ڕووی تەناهی و ئەمنییەوە نابێت بە تەنها لەگەڵ جێگری سەرکۆماردا دابنیشێت، بەڵام ترومان گوێی بە ناڕەزایەتییەکەی بەرپرسی پاسەوانەکانی نەدا و گوتی جەنابی ئالان ئەمڕۆ کارێکی هێندە نیشتمانپەروەرانەی بۆ ئەنجام داوین، کە لە دەستی نیشتمانپەروەرترین کەس نایەت.

جێگری سەرکۆمار، بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بوو. لەجیاتی ئەوەی بۆ واشنتۆن بڕوات، یەکسەر دوای شێو بڕیاری دا بۆ جۆرجیا بڕوات، چونکە سەرکۆمار ڕۆزڤێڵت، لەوێ لە نەخۆشخانەیەکی ئیفلیجی منداڵان خەوتبوو. ئیدی هاری ترومان، بە پێویستی زانی ئەو مژدەیە بە سەرکۆمار بدات، کە بێگومان بەو هەواڵە زۆر خۆشحاڵ دەبێت.

ترومان لیستی ڤەخارنەکانی دایە ئالان و بە ڕووخۆشییەوە گوتی: من خواردنەکان هەڵدەبژێرم و تۆش خواردنەکان هەڵبژێرە.

ترومان، ئاوڕی لە یارۆی پێشخزمەت دایەوە کە دەستەونەزەر وەستابوو، ئەوسا لیستێکی دوورودرێژی جۆرەها تاکو، ئەنچیلادا، تورتیلا و سالسای ڕاسپارد.

-ئەدی خواردنەوە ئەزبەنی؟

ئاللان گوتی: دوو بوتڵ تەکیلا.

هاری ترومان بە پێکەنینەوە پرسیی ئایا ئاللان دەیویست سەرخۆشی بکات. ئاللان بەرسڤی دابووەوە، ساڵی ڕابردوو ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو مەکسیکییەکان جۆرە خواردنەوەیەک دروست دەکەن بە ئەندازەی خواردنەوەی ئەسکەندەناڤی بەقوەتە. ئەوسا پێشنیازی کرد ئەگەر جەنابی سەرکۆمار مەیلیان لە خواردنەوە نییە، دەتوانن شیر بخۆنەوە.

ترومان گوتی: نا، من قەولم دا.

ئەوسا دووپاتی کردەوە کە لیمۆ و خوێش بهێنن.

دوای سێ سەعاتان، ئەو دوو پیاوە، بە هاری و ئاللان یەکیان بانگ دەکرد، کە نیشانەی ئەوە بوو، دوو قاپ تەکیلا چ باندۆرێکی گەورەیان لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەیە. ئاللان، بۆ ترومانی گێڕایەوە چۆن سەری زلی شارەکەیانی تەقاندووەتەوە، پاشان چۆن ژیانی جەنەڕاڵ فرانکۆی ڕزگار کردبوو. جێگری سەرکۆماریش لای خۆیەوە ئاللانی بە لاسایيکردنەوەی ڕەفتارەکانی سەرکۆمار ڕۆزڤێلت، کە هەوڵی دەدا لەسەر کورسییە بزۆزەکەی بجووڵێت، سەرگەرم کرد.

لە کاتێکدا ئاللان و ترومان، لە گەرمەی شادی و خۆشیدا بوون، سەرۆکی پاسەوانەکان، بە ئەسپایی هاتە لای جێگری سەرۆککۆمار و بەگوێیدا چپاند: ئەزبەنی، دەتوانم دوو قسەت عەرز بکەم؟

جێگری سەرکۆمار، بەبێ موبالاتییەوە گوتی: بڵێ.

– حەز دەکەم بە تەنێ بیت ئەزبەنی.

– نەعلەتی، تۆ چەند لە همفری بوگارت دەچیت! ئاللان تۆ ئەو کابرایەت بینیبوو؟

یارۆی سەرپاسەوان، کە نها زۆر نیگەران دیار بوو، گوتی: قوربان...

جێگری سەرکۆمار، بە ڕاوێژێکی توندەوە گوتی: بڵێ، بزانم چیت دەوێت؟

–ئەزبەنی، مەسەلەکە پەیوەندیی بە سەرۆک ڕۆزڤێڵتەوە هەیە.

جێگری سەرکۆمار، بەدەم قاقاوە گوتی: بڵێ، ئەو پیرەبزنە چییەتی؟

–قوربان، مرد.

**دەیەم**

**دووشەممە، ٢٠٠٥/٥/٩**

سەتڵ، چواردانە ڕۆژ، لە دەرەوەی سوپەر مارکێتەکەی ڕووتنێ دانیشت، بە ئومێدی ئەوە بوو بورغووی هاوکاری خۆی بدۆزێتەوە، ئێ بەڵکو سۆراخێکی پیرەمێردە

سەدساڵییەکەش بزانێت، هەواڵێکی ژنە قژسوورەکە، یان ئەو پیاوەی قژی لە شێوەی کلکە ئەسپدا (کە ئەوە تاقە نیشانەی ئەو بوو) بزانێت، یان ئۆتۆمبێلە مارسیدسەکە بدۆزێتەوە. هەڵبەتە دانیشتن لەوێ و چاوەڕوانکردن، بیرۆکەی خۆی نەبوو، بەڵکو بیرۆکەی سەرۆک بوو. سەتڵ یەکسەر سەرۆکی لەو گفتوگۆ تەلەفۆنییە ڕێکەوتەکییەی کە لەگەڵ براکەیدا کردبوو، ئاگادار کردبووەوە. برا بچووکەکەی کە سەرۆکی باندی ڤویولنس بوو لە براس، بە چاوی خۆی کالەمێرە سەدساڵییەکەی لە نیوەشەودا لەبەر دەرمانخانەیەک لە سمولاند بینیبوو. ئیدی سەرۆک فەرمانی کردبوو یەکێک لە بەردەم سوپەر مارکێتە هەرە بەناوبانگەکەی شاردا، ئێشک بگرێت. بە باوەڕی سەرۆک کەسێک کە بە نیوەشەو لە ڕووتنێدا بسوڕێتەوە، مانای وایە دەبێت لەو ناوەوە نزیک بێت، هەر کەسێک بێت، دەبێت درەنگ یان زوو، بۆ کڕینی خواردەمەنی بێت بۆ سوپەر مارکێتەکە. ئەوە بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی بێ چەند و چوون بوو. سەرۆک، بە خۆڕایی نەبووبوو بە سەرۆک. لێ ئەو بویەرە هیی پێنج ڕۆژ لەوەبەر بوو. نها سەتڵ خەریک بوو بەرەبەرە نائومێد دەبوو.

ئیدی ئەو تەرکیز و فۆکەسەی جارانی نەبوو. بۆیە کاتێک ژنێکی قژسوور، لەجیاتی مارسیدسێکی زیوین، بە فوکس ڤاگۆنێکی سوورەوە خۆی بە گەراجی سوپەر مارکێتەکەدا کرد، سەتڵ هەر هەستی پێ نەکرد. لێ ژنەکە، ڕێک بە بەردەم سەتڵدا چوو بۆ کۆگاکە. ئەم جارە سەرنجی سەتڵی ڕاکێشا. دڵنیا نەبوو هەمان ئەو ژنە بێت کە ئەو چاودێریی دەکرد، بەڵام بە تەمەن و قژەکەیدا، هەمان ژن بوو.

سەتڵ، تەلەفۆنی بۆ سەرۆک کرد کە لە ستۆکهۆڵم بوو. سەرۆک زۆر بە سارد سڕی هەواڵەکەی وەرگرت، سەرۆک زیاتر لە خەمی ئەوەدا بوو بورغوو بدۆزێتەوە، یان بە لای کەمەوە هەواڵی کالەمێرە نەفرەتییەکە بزانرێت، ویڕای ئەوەش سەرۆک فەرمانی بە سەتڵ کرد ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبێلەکە لای خۆی تۆمار بکات، ژێراوژێر، چاودێریی ژنە قژسوورەکە بکات و بزانێت کێوە دەچێت. پاشان دووبارە تەلەفۆن بۆ سەرۆک بکاتەوە.

***

گەورە لێکۆڵەرەکەی پۆلیس، ئارونسون، چوار ڕۆژی ڕابردووی لە هۆتێلێکی ئوسیدا بەسەر بردبوو. بە بۆچوونی خۆی دەبوایە لە شوێنێکی نزیکی مەڵبەندی بویەرەکان وەمێنێت، تا شایەتێکی دی پەیدا دەبوو.

بەڵام هیچ هەواڵێکی تازە پەیدا نەبوو. ئارونسون بەنیاز بوو بۆ شارەکەی خۆی بگەڕێتەوە کە یەکێک لە هاوکارەکانی لە سکیلستوناوە پەیوەندیی پێوە کرد، کە لە ڕێگەی ئەو مایکە نهێنییەوە کە لە ژوورەکەی بیرگوناگردینی سەر بە گۆبەنی سەرۆکی باندی 'هەرگیز جارێکی دی' نابوویانەوە، هەندێک زانیاریی تازەیان دەست کەوتووە.

گردین، کە بە سەرۆک ناوی ڕۆیبوو، بەر لە چەند ساڵێک بە سەدەمی ئەوەی ڕێکخراوێکی تاوانکاریی دامەزراندبوو، لە زیندانێکی بەزەبت و زاگون توند کرابوو، کەناڵە میدیاییەکان بەمەیان زانیبوو، ناو و وێنەکەیان بڵاو کردبووەوە، بەڵام پاشان ئەو ڕێکخراوە، بە هۆی نامەیەکەوە کە دایکی بیرگونارگردین، بۆی ناردبوو، هەڵوەشایەوە، بەڵام ئەو بەشەی چیرۆکەکە هەرگیز نەگەییە گوێی کەناڵە میدیاییەکان.

گەورە لێکۆڵەرەکە، ئارونسون، پێریّ دەستووری دابوو ژێراوژێر گویّ لە تەلەفۆنەکەی گردین بگیرێت و نها زانیاریی تازەیان بەدەست هێنابوو، دەقی وتووبێژە تەلەفۆنییەکە تۆمار کرابوو، پاشان خرابووە سەر کاغەز و ئەوسا بە فاکس بۆ ئوسیدا نێردرا:

– هەلو؟

– بەڵێ، خۆمم.

– هەواڵی تازە؟

– ڕەنگە هەبێت. من لە دەرەوەی سوپەر مارکێتەکە دانیشتبووم، لەناکاودا ئافرەتێکی قژسووری ناقساڵ هات و خۆی بە سوپەر مارکێتەکەدا کرد هەندێک شت بکڕێت.

– تەنها ژنەکە بوو؟ ئەدی بورغووی لەگەڵدا نەبوو؟ ئەدی کالە مێرە سەدساڵییەکە؟

– نەخێر تەنها ژنەکە بوو، ئیدی نازانم ئەگەر...

– بە مارسیدس هاتبوو؟

– ئەهـا، ڕاستی دەرفەتم نەبوو بزانم، بەڵام هیچ ئۆتۆمبێلێکی مارسیدس لە گەراجەکەدا نییە، لەوەیە بە ئۆتۆمبێلێکی دیکە هاتبێت.

(پێنج چرکە بێدەنگی)

– هەلاو؟

– بەڵێ، هێشتا لێرەم. خەریکە بیر دەکەمەوە. هەڵبەتە دەبێت کەسێک...

– بەڵێ، بەڵام من تەنها.

– بێگومان لە سمولاند تەنها یەک ژنی قژسوور نییە...

– بەڵام، تەمەنی هەمان ئەو تەمەنە بوو کە...

– بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆت چاودێریی بکە، ژمارەی تابلۆکەی بنووسە. ئاگادار بە هیچ کارێکی گەوجانە نەکەیت، بەڵام دوور و نزیک پەیجۆری بکە بزانە بۆ کویّ

دەڕوات، هەوڵ بدە کەس نەتبینێت، پاشان هەر زانیارییەکی تازەت دەست کەوت جوابم لێ بگێڕەوە.

(پێنج چرکە بێدەنگی).

– حاڵی بوویت؟

– ئا، ئمم، بەڵێ. هەر هەواڵێکی تازەم دەست کەوت، یەکسەر تەلەفۆنت بۆ دەکەم...

– جاری داهاتوو، تەلەفۆن بۆ مۆبایلە فرییەکەم بکە. پێم نەگوتبوویت بۆ هەر ئیشێکی عەمەلی تەلەفۆن بۆ ئەو هێڵە بکە؟

– با، ئەدی بڕیار نەبوو تەنها کاتێک تەلەفۆن بۆ ئەو ژمارەیە بکەم، کە کارەکەمان پەیوەندیی بە ڕووسەکانەوە هەبێت؟ باوەڕم نەدەکرد، ئێستا بەکاری بهێنیت تا...

– هەی کەودەن.

(یەک–دوو پرتەوبۆڵەی بەدوودا هات و ئیدی گفتوگۆکە قوت بوو.)

گەورە لێکۆڵەرەکە، ئارونسون، دەقی گفتوگۆکەی خوێندەوە، پاشان هەوڵی دا زانیارییە تازەکان بداتە دەم زانیارییەکانی پێشووتر.

ئەو 'بورغوو'ەی ناوی هێنرابوو، دەبێت بنگیت بایلوند بێت، کە ئەندامێکی ناوداری باندی 'هەرگیز جارێکی دی' بوو، کە ئەگەری ئەوە هەبوو نها مردبێت. ئەو کەسەش کە تەلەفۆنی بۆ گردین کردبوو، دەبێت هنریک هولتن (سەتڵ) بێت کە لە سمولاند، چاودێر و سۆراغی بورغووی دەکرد. نها بەڵگە و نیشانەکان ئەوەیان دەنواند ئارونسون، کەوتووەتە سەر ڕێگە دروستەکە:

وەکو پێشتر بۆی چووبوو، ئاللان کارلسون، لە سمولاند بوو. هاوڕێکانی بریتی بوون لە یولیوس یونسن، بینی لیونبرگ و ئۆتۆمبێلە مارسیدسەکەی، لەگەڵ ژنێکی قژ سوورا کە تەمەنی دیار نەبوو، بەڵام پێ نەدەچوو گەنج بێت، چونکە لە گفت وگۆیەکەدا بە قەیرە ناوبرابوو، و لە لایەکی تریشەوە کەسێکی وەکو سەتڵ دەیزانی کە بە ژنی دان عەمر ناگوترێ قەیرە.

لە ستۆکهۆڵم، لە باندی 'هەرگیز جارێکی دی'دا پێیان وا بوو 'بروغوو'ش لەگەڵ ئەو گرووپەدایە. باشە ئەوە بەو مانایە بوو کە بورغوو لە باندەکەی خۆی هەڵگەڕاوەتەوە؟ دەنا بۆچی پەیوەندیی بە باندەکەی خۆیەوە نەدەکرد؟ هەڵبەتە لەبەر ئەوە نەبوو کە مردبوو، بەڵام سەرۆک ئەمەی نەدەزانی، بۆیە باوەڕی وا بوو بورغوو، لەگەڵ ئەو گرووپەدا لە سمولاند خۆی شاردووەتەوە، بەڵام ئەم ژنە قژسوورە لە کوێوە هاتبووە ناو ئەم جەماعەتەوە؟

بۆیە ئارونسون داوای کرد لە ئەسلۆفەسلی ماڵباتێن ئالالان، بێنێ و یولیوس بکۆڵرێتەوە. دوور نەبوو یەکێک لەوانە، خوشکێک، دۆتمامێک، یان خزمێکیان لە سمولاند هەبێت و بە ڕێکەوت قژی سوور بێت؟

سەتڵ گوتبووی: بەڵام بە گوتەی... تەمەنی هەبوو.

بە گوتەی کێ؟ ئەو کەسە چیی گوتبوو؟ یانی ئەو کەسەی چووبوو بۆ سمولاند و چاودێریی ئەو گرووپەی کردبوو، پاشان تەلەفۆنی کردبوو و خەبەری بە سەرۆک دابوو کێ بوو، حەیفێ کە زووتر ئینساتیان نەخستبووە سەر تەلەفۆنەکەی سەرۆک.

هەڵبەتە، سەتڵ تا نها چاودێریی ژنە قژسوورەکەی کردووە، یان کە بۆی دەرکەوتووە، ئەو ژنە کەسێکی دیکەیە ئیدی وازی لە چاودێریکردنی هێناوە یان... نها سەتڵ بە شوێنی خۆشاردنەوەی ئالالان کارلسون و هاوڕێکانیدا دەزانێت و لەو حاڵەدا زۆری پێ ناچێت کە سەرۆکیش بۆ سمولاند دەڕوات و قسە لە ئالالان و هاوڕێکانی دەردەهێنێت، کارێکی وەها دەکات کە ددان بەوەدا بنێن، بورغوو و جانتاکەی چ بەڵایەکیان بەسەردا هاتووە.

ئارونسون، تەلەفۆنی بۆ کونی ڕانلید، کە داواکاری گشتیی سکیلتونا بوو، کرد. ڕانلید، لە سەرەتاوە زۆر گوێی بە قسەکانی نەدا، بەڵام وەختایەک ئارونسون، وردەکاریی زیاتری دۆسیەکەی بۆ شرۆڤە کرد، دۆسیەکە زیاتر سەرنجی ئەویشی ڕاکێشا.

داواکاری گشتی، ڕانلید گوتی: مەهێڵە گردین و جەماعەتەکەی لە چنگت دەرباز بن.

***

جوانێ بە دوو کیسەوە لە سوپەر مارکێتەکە وەدەر کەوت، کیسەکانی خستە سندووقی فۆکس ڤاگۆنەکەیەوە و بەرەو ماڵ گەڕایەوە. سەتڵیش دوور و نزیک دوای کەوت. وەختایەک گەیشتنە شارێگەکە، سەتڵ تەلەفۆنی بۆ سەرۆک کرد (تەلەفۆنی بۆ مۆبایلە فرییەکەی سەرۆک کرد) تا مۆدێل و ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلەی پێ بدات کە ژنە قژسوورەکە لێی دەخوڕی. ئیدی بەڵێنی دایە هەر کە ژنەی تاین گەیشتەوە مەزڵ، ئەم دووبارە پەیوەندیی پێوە بکاتەوە.

هەردوو ئۆتۆمبێلەکە لە سنووری ڕووتنێ دەرباز بوون، بەڵام زۆری نەبرد ئۆتۆمبێلەکەی ژنە قژسوورەکە لای دایە سەر شەقامێکی خاکی کە هەر چەو و بەرد بوو. سەتڵ ئەو شەقامەی پێشتر بینیبوو. جارێک لە پێشبڕکێی ئۆتۆمبێلاندا، بەوێدا تێپەڕیبوو. سەتڵ لەو پێشبڕکییەدا دوا کەس بوو، چونکە کیژەکەی دۆستی، کە

نەخشـــەخوێنی ڕێـگەکە بـوو، لە ناوەڕاســتی پێشــبڕکێکەدا زانیبــووی نەخشــەکەی بە بەرەواژی گرتووە.

شەقام خاکێکە، وشک بوو. ئۆتۆمبێلەکەی ژنە قژسووورەکە تەپوتۆز و گەردەلوولی دنیای لە دوای خۆیەوە بە ئاسماندا دەکرد. ئیدی سەتڵ دەیتوانی بەبێ خەم، بێ ئەوەی ترســی ئەوەی هەبێــت ببینرێــت، دوور و نزیــک دوای بکەوێــت. لــێ دوای چەنــد کیلۆمەترێک، لەناکاودا تەپوتۆزەکەی نەما. حەیفێ!

سەتڵ، لە سەرەتاوە زۆر ترسا، لێ پاشان وەخۆ هاتەوە. بێگومان ئەو قەیرەیە، لە پێچێکی ئەو نزیکانە لای داوە. گەڕایەوە، دوای کەمتر لە کیلۆمەترێک، لای سندوقێکی پۆستەوە، باریکەڕێیەکی بینی کە بە دەستە ڕاستدا دەکرایەوە، سەتڵ دڵی خۆش بوو، بێگومان ژنەکە لەوێوە لای دابوو.

ئەگەر حیسابی چۆنێتی و خێرایی بویەرەکان بکەیت، بۆت دەردەکەوێت سەتڵ، زۆر پەلەی کردبوو. زۆر بلەز خۆی بەو باریکەڕێگەیەدا کرد کە ئەوسەری دیار نەبوو. هەر زوو ئەوەشی بیر چووەوە کە دەبێت زۆر وریا بێت تا کەس نەیبینێت.

خێرایی ئۆتۆمبێلەکەی سەتڵ زۆر زۆر بوو، بەبێ ئەوەی بە خۆ بزانێت شەقامەکە کۆتایی هات و گەیشتە حەوشێکی کراوە. خۆ ئەگەر کەمێک خێراتر بوایە، لەگین بوو نەتوانێت ستۆپ بگرێت و ڕاستەوخۆ لەو پیرەمێردەی دابا کە خەریک بوو خواردنی بە فیلێک دەدا؟

***

ئــاللان، زۆر زوو دۆســتایەتیی لەگەڵ ســونیادا پەیــدا کردبــوو. ئەو دووە خــاڵی هاوبەشــی زۆریــان هەبــوو. یەکەمیــان ڕۆژێــک لە ڕۆژان لە پەنــجەرەیەکەوە وەدەر کەوتبوو و ئیدی ژیانی تەواو گۆڕابوو، دووەمیشیان خۆی بە دەریاچەکەدا کردبوو و هەمان چارەنووسی یەکەمی بەسەر هاتبوو. هەردووکیان، بەر لەم بویەرە، بە دنیادا گەڕابــوون و زۆر شــوێنیان بینیبــوو. ئەمە جگە لەوەی چرچولۆچەکــانی دەموچــاوی سونیا، ڕێک لە چرچولۆچیی دەموچاوی پیاوێکی زورهانی سەدساڵە دەچوو.

سونیا، نمایشی سێرکی خۆی بۆ هەموو کەسێک نەدەنواند، کەچی لەخۆڕا، خۆشیی بەم پیرەمێردەدا چووبوو. ئاللان میوەی دەدایە سونیا قورتمی دەخوراند، دۆستانە دەیدواند. سـونیا لە زۆربەی قســەکانی ئـاللان حـاڵی نەدەبـوو، بەڵام بە لای سـونیاوە خۆش بوون، کەیفی پێیان دەهات. کاتێک پیرەمێرد داوای لە سونیا دەکرد دابنیشێت، سونیاش بەگوێی دەکرد و دادەنیشت، کە داوای لێ کردبا پێچ بکاتەوە، بە خۆشییەوە

بەگوێی دەکرد. سونیا، تەنانەت ئەوەشی بە ئاللان نیشان دا کە چۆن دەتوانێت هەستێتە سەر هەردوو پاشووی و بوەستێت. هەرچەندە پیرەمێرد، نەیدەزانی چۆن داوای ئەو کارەی لێ بکات. سونیا، لە پاداشتی ئەم کارەدا یەک-دوو سێوی وەردەگرت، کەمێک قورتمیشی بۆ دەهاتە خوراندن. سونیا لەو فیلانە نەبوو بکوژرێت.

بە درێژایی ئەو مودەتەی ئاللان خواردنی بە سونیا دەدا، جوانێش لەگەڵ بێننی و گێلەدا لەسەر پلیکانەی بانێژەکەدا دانیشت و قاوەی دەخواردەوە. تۆزێک خواردنی بە گێلە دەدا و سووکە نەوازشێکی دەکرد. تەمەشای دۆستایەتیی ئاللان و سونیایان دەکرد و یولیوسیش دەچوو بۆ دەریاچەکە و ڕاوەماسیی دەکرد.

شەپۆلی گەرمای بەهار بەردەوام بوو، یەک هەفتەی تەواو بوو کە دنیا هەتاو بوو، شارەزایانی کەشناسی، پێشبینیی ئەوەیان کردبوو بەرزبوونەوەی گەرما بەردەوام دەبێت.

بێننی، سەرباری هەموو بەهرە و تواناکانی دیکەی، نیمچە ئەندازیارێکش بوو، ئیدی بە جۆرێک دەستکاریی بۆدی پاسەکەی جوانێی کرد کە بە ئاسانی جێگەی سونیای تیا ببێتەوە. کاتێک جوانێ زانیی یولیوس تەنها دز نەبووە، بەڵکو پێشتر بازرگانیی داروتەختە بووە و ئاشنایەتیی لەگەڵ چەکوش و بزماردا هەیە، بە گێلەی گوت ئەم هاوڕێ تازانە زۆریش خەڵکانی خراپ نین. زۆر چاکی کردبوو جێی کردبوونەوە و دەستی بە ڕوویانەوە نەنابوو. دەستکاریکردنەکەی ناو پاسەکە، بەگوێرەی نەخشەکەی بێننی، بۆ یولیوس وەکو ئاوخواردنەوە بوو، تەنها عەسرانێکی پێوە بوو. ئەوسا هەر بۆ تاقیکردنەوە سونیا و ئاللان، چەند جارێک چوونە ناو پاسەکە و دابەزینەوە. وا دیار بوو سونیا ناو پاسەکەی پێ خۆش بوو. هەڵبەتە جێگەکەی برێک تەنگ بوو، بەڵام دوو جۆرە خواردنی بۆ دانرابوو، یەکێکیان لە بەردەمیدا و ئەوی تریان لە دەستە چەپیدا، ئاویشی لە دەستەڕاستدا بۆ دانرابوو. زەمینەی پاسەکەیان لای پاشەڵی ئاژەڵەکەوە کەمێک لێژ کردبوو، بۆ ئەوەی پاشەڕۆکەی بڕژێتە ئەو چاڵاییەوە کە لە کۆتایی پاسەکەدا دروستیان کردبوو. ئەو چاڵاییەیان پڕ کردبوو لە کا، تا بە درێژایی ڕێگە، ئەو پاشەڕۆیەی دەیکرد، بکەوێتە ژێر کایەکەوە.

لەجیاتی هەواکێش دوو ڕیز کونیان کردبووە ئەمبەر و ئەوبەری پاسەکە. دەرگایەکی شووشەی سکەییان لە پشت کابینەی شۆفێر و نەفەرەکانەوە دروست کردبوو تا سونیا لە کاتی ڕۆیشتنی پاسەکەدا بتوانێت ئاللان و خاوەنەکەی خۆی بدینێت. بە کورتی پاسەکەیان کردبوو بە فارگۆنێکی زۆر چاک و گونجاو بۆ گواستنەوەی فیلەکە.

گرووپەکە، تا زیاتر ساز دەبوون بۆ دەرچوون، ئەندامەکانی مەیلی سەفەریان کەمتر دەبوو. ئیدی بە ژیانی مەزرای دەریاچەکە ڕاهاتبوون و لایان خۆش بوو. بەتایبەتی بۆ بێننی و جوانێ لەوانی دیکە خۆشتر بوو، چونکە لە سێیەمین شەوەوە گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی مادامێکی بتوانن لە یەک ژووردا بنوون، حەیفە چەرچەف و لێفەی دوو ژووری جیا چڵکن بکەن. شەوان هەموان لەبەر موغەیرییەکە ڕۆدەنیشتن و بەدەم خۆشترین خواردن و خواردنەوەوە گوێیان لە بەشە باڵکێشەکانی ژیانی ئاللان کارلسون دەگرت.

بەیانیی ڕۆژی دووشەممە، مووبەق و یەخچاڵەکە تا ڕادەیەک لە خواردن و ئازووقە خاڵی بوو، ئیدی وەختی ئەوە هاتبوو جوانێ بۆ ڕووتنێ بڕوات تا خواردن و ئازووقە بکڕێت. لەبەر هەندێک هۆی ئەولەکاری، بە ئۆتۆمبێلە فوکس ڤاگۆنە کۆنەکەی چوو بۆ بازاڕ. مارسیدسەکەیان لە پشت گەوڕەکەوە شاردبووەوە. جوانێ یەک کیسەی پڕ کرد لەو شتانەی بۆ خۆی و پیاوەکان پێویست بوو و کیسەیەکیشی پڕ کرد لە سێوی تازەی ئەرجەنتینی بۆ سونیا کە بۆ ماڵ گەڕایەوە، کیسە سێوەکەی دا بە ئاللان و باقیی شتەکانی لە مووبەقەکەدا دانا. ئەوسا سەبەتەیەک شلیکی بەلچیکی هەڵگرت و بە پلیکانەکاندا بۆ بانێژەکە سەر کەوت کە بێننی و گێلە لەوێ بوون. یولیوسیش لەوێ بوو. تازە لە ڕاوەماسی بووبووەوە و خەریکی پشوودان بوو.

ڕێک لەوکاتەدا ئۆتۆمبێلێکی فورد موستانگ، بلەز خۆی بە حەوشەکەدا کرد و لەزگ بوو ئاللان و سونیا بەژێرەوە بکات.

سونیا، لە هەر هەموویان ئارامتر بوو، بە جۆرێک هۆشوگۆشی لای ئەو سێوەی دی بوو کە ئاللان خەریک بوو دەیدایە، کە تاڕادەیەک نە هیچی بینیی و نە گوێی لە هیچ بوو، یان هەستی بە هەموو شتێک کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی لە گەرمەی خۆنواندندا بوو، خۆی لە گێلی دا، وەختایەک سوڕایەوە و پشتی کەوتە ئاللان و میوانە تازەکە، لە جێی خۆی وشک بوو.

دووەم کەس کە خۆی شلوێ نەکرد ئاللان بوو. ئاللان لە ژیانی خۆیدا هێندە لە مردن نزیک بووبووەوە، نها کە ئۆتۆمبێلە فۆردەکە بەو تیژییە ڕووی تێکردبوو، هیچ نەیترساند.

سێیەمین کەس کە شلوێ نەبوو گێلە بوو. گێلە وا پەروەردە و بەخێو کرابوو ئەگەر بێگانەیەک ڕووی کردە حەوشەکە، نە غار بدات و نە بوەڕێت، بەڵام گوێیەکانی قوت کردنەوە، چوار چاو کەوتە تەمەشاکردن و چاوەڕوان بوو تا بزانێت چیتر ڕوو دەدا.

بەڵام جوانێ، یولیوس و بێننی لە جێی خۆ ڕاپەڕین و بەڕیز وەستان و چاوەڕوان بوون تا بزانن چی ڕوو دەدات.

سەتڵ، کە تۆزێک پەشۆکابوو، بە زەحمەت لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزی، ئەوسا لەو جانتایەی سەر کوشنەکەی دواوە بۆ دەمانچەکەی گەڕا. لە پێشدا لوولەی دەمانچەکەی کردە فیلەکە، ئەوسا ڕووی کردە ئاللان و ئەو سێ نەفەرەی بە ڕیز لە بانێژەکەدا وەستابوون. بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، گوتی: دەست هەڵبڕن!

–دەست هەڵبڕین؟

بە لای ئاللانەوە ئەوە گەوجانەترین قسە بوو کە لەم ساڵانەی دواییدا بیستبووی. ئەم کابرایە بەتەما بوو چی ڕوو بدات؟ واتا ئەو، کابرایەکی سەدساڵە، سێوێکی تێبسرەوێنێت؟ یان ئەو ژنە لاوازەی کە لە بانێژەکە وەستابوو، شلیک بارانی بکات؟ یان...

– باشە، باشە، دەستتان چی لێ دەکەن بیکەن، بەڵام نەخەڵەتابن کڵاوم بکەنە سەر.

– کڵاو؟

– دەمت دابخە، گۆڵەپیری زۆڵ! کوا ئەو جانتا میراتییە، لە کوێیە؟ ئەو کابرایەی جانتاکەی پێ بوو لە کوێیە؟

جوانێ لەفکران ڕاچوو، دە فەرموو دەی، ئەوەش بەخت و ناوچەوانی مە لە ژیاندا. کەس وەڵامی نەدایەوە. هەموو خەریک بوون مێشکی خۆیان دەگوشی تا چارەیەک بدۆزنەوە. بە جۆرێک مێشکی خۆیان دەگوشی کە گوێت لە جیرەجیرِی مێشکیان دەبوو، تەنها سونیا، بێخەم و خەیاڵ، ڕووی لەو واقیعە درامییە وەرگێڕابوو و هەستی دەکرد نها کاتی ئەوەیە کەمێک خۆی بەتاڵ بکاتەوە، هەڵبەتە پێشبینیی ئەوەی فیلێک بیەوێت خۆی بەتاڵ بکاتەوە، بۆ کەسێک کە خۆی لەوە بێت، شتێکی زەحمەت نییە.

سەتڵ گوتی: هەی بۆگەن.

چەند هەنگاوێک لە پاشەڕۆ و باوبژی سونیا دوور کەوتەوە، گوتی: هەی سەرتان بخوات ئاخر ئێوە بە ملی شکاوتان فیلتان بۆچییە؟

دیسان کەس بەرسڤی نەدایەوە، بەڵام گێلە لەوەی پتر خۆی پێ نەدەگیرا. ئەو ئاژەڵە بەستەزمانە هەستی کردبوو ڕەوشەکە هەرگیز ئاسایی نییە. بۆیە حەزی دەکرد بە ئارەزووی خۆی دابگژێتە سەر و گوێلاکی ئەو کابرا بێگانەیە. گێلە هەرچەند داب و نەریتی ئەو ماڵەی دەزانی، بەڵام ڕوو لە یارۆی بێگانە دەستی بە وەڕین کرد. سەتڵ، کە تازە هەستی بە بوونی گێلە، لە بانێژەکەدا کردبوو، خۆبەخۆ دوو هەنگاوێک کشایەوە. دەمانچەکەی بە جۆرێک بەرز کردەوە وەک ئەوە بوو بیەوێت تەقە بکات.

لەو دەمەدا، بیرۆکەیەکی تازە بە مێشکی سەد ساڵەی ئاللاندا هات. هەڵبەتە بیرۆکەیەکی ترسناک بوو، ئەگەری ئەوە هەبوو لە کاتی ئەنجامدانیدا بکوژرێت، مەگەر لە بنەڕەتدا کەسێکی نەمر بێت. ئاللان، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بزەیەکی

ساویلکانە نیشتە سەر لێوی. یەکڕاست بەرەو ڕووی ئەو کابرا شەقاوەیە چوو. بە ڕاوێژێکی کز و داماوانە گوتی: دەمانچەیەکی جوانت هەیە. دەمانچەی ڕاستییە؟ دەتوانم دەستی لێ بدەم؟

بێنی، یولیوس و جوانێ هەموو وایان مەزەندە دەکرد یارۆی کالەمێر خەڵەفاوە.

بێنی هاواری کرد: ئاللان بوەستە!

سەتڵ گوتی: ئەرێ، نەیەیتە پێشەوە دەنا دەتکەم بە قوربانیی یەک فیشەک، هەی پیری حەرامزادە.

لێ ئاللان، بە هەنگاوی لەرزۆک و سستەوە هەر دەچووە پێشەوە.

سەتڵ، هەنگاوێک کشایە دواوە، بە هەڕەشەوە لوولەی دەمانچەکەی تێکرد، پاشان... کاری خۆی کرد.

ئەگەر تا ئێستا هەرگیز پێت بە شیاکەی تازەی فیلدا نەنابێت، دەزانیت لەم حاڵەدا ناتوانیت هاوسەنگیی بەدەنی خۆت ڕابگریت. سەتڵ ئەمەی نەدەزانی، بەڵام زۆر زوو بەمەی زانی. پێی خزی و هەوڵی دا بە دەستەکانی خۆی بگرێتەوە، بەڵام خۆی پێ نەگیرایەوە و بە تەریقییەوە بە پشتدا کەوت.

ئاللان، وەکو دوا بەشی نەخشە بوێرانەکەی گوتی: دابنیشە سونیا، دابنیشە!

جوانێ، کە لەناکاودا هەستی کرد چ شتێک لە حاڵی ڕوودانداییە، هاواری کرد: نا سونیا، دامەنیشە.

سەتڵ، کە بە پشتدا لەسەر شیاکەی فیلەکە کەوتبوو، هاواری کرد: هەی بۆگەن.

سونیا کە پشتی لە هەموویان بوو، بە ڕوونی گوێی لە فەرمانەکەی ئاللان بووبوو. کالەمێر زۆر لەگەڵیدا میهرەبان بوو، فیلەکەش (سونیا) حەزی دەکرد بەگوێی بکات. هەرچەندە خاوەن و بەخێوکەرەکەی دەستووری دابوو دانەنیشێت، بەڵام سونیا، خۆی لە گێلی دا و وەکو ئەوە بوو گوێی لەو دەستوورە نەبووبێت.

ئیدی سونیا دانیشت. پاشەڵی کەوت بەسەر شتێکی گەرم و نەرمدا. لەو کاتەدا دەنگێکی کزی پانبوونەوە هاتە گوێ، پاشان سووکە هاوارێک بیسترا، بەڵام دواتر، بێدەنگییەکی تەواو بەرپا بوو. نها سونیا ئامادە بوو سێوێکی دیکە وەربگرێت.

یولیوس گوتی: ژمارە دووش فت.

جوانێ گوتی: ئەی مەسیحی پیرۆز، ئەمە چ حەیاچوونێکە!

بێنی گوتی: یەع.

ئاللان گوتی: سونیا هانێ ئەوەش سێوێکی دی.

بەڵام هنریک (سەتڵ) هولتن، بۆ هەتاهەتایە بێدەنگ بوو.

سەرۆک، سێ سەعات چاوەڕوانی پەیوەندیی دواتری سەتڵی کرد. پاشان گەیشتە ئەو ئەنجامگیرییەی هەبێت و نەبێت بەڵایەک بەسەر ئەو گەمژە و هیچ لەباردا نەبووەدا هاتووە. سەرۆک تیا مابوو و سەری لەوە دەرنەدەکرد چما پیاوەکانی بەگوێرەی دەستوور و ڕێنماییەکانی ئەو کار ناکەن.

ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو، بە خۆی و ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ بویەرەکەدا بکات و کۆتایی پێ بهێنێت. بەر لە هەر شتێک چوو بە سۆراخی ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلەوە کە سەتڵ پێی دابوو. هەر زوو، لە زەرفی چەند خولەکێکدا، بە کۆمەکی ئیدارەی نیشتمانیی تۆماری ئۆتۆمبێلانەوە، بۆی دەرکەوت ئەو تابلۆیە هیی ئۆتۆمبێلێکی فوکس ڤاگۆنی پاساتی سوورە. ئۆتۆمبێلەکە هیی گونیلا بیورکلوندە، کە ئاکنجی مەزرای دەریاچەیە، لە شاری ڕووتنێی سمولاند.

## یازدەیەم
## ١٩٤٥ – ١٩٤٧

ئەگەر کەسێک یەک قاپ تەکیلای خواردبێتەوە و لەناکاودا بە هەواڵێک، وەخۆ بێتەوە و وەکو ئەوە بێت هیچی نەخواردبێتەوە، ئەوا ئەمە ڕێک لە جێگری سەرکۆمار، هاری ترومان ڕووی دا. هەواڵی مەرگی لەناکاوی سەرکۆمار ڕۆزڤێلت، کردیە کارێک ترومان ناچار بێت ئێوارەخوانە خۆش و بەلەزەتەکەی لەگەڵ ئاللاندا، بە نیوەچڵی بەجێ بهێڵێت و یەکسەر بە فڕۆکە بۆ واشنگتۆن بڕوات. ئاللان بە تەنها مایەوە و ناچار بوو لەگەڵ گەورە پێشخزمەتی خواردنگەکەدا، لەسەر فاتورەکە بکەوێتە گەنگەشە. سەرەنجام گەورە پێشخزمەتەکە بە قسەکانی ئاللان قاییل بوو کە سەرکۆماری ئایندەی ئەمریکا هێندەی ئیحتوبار هەبوو کە دوایی پارەی خواردنەکەی بۆ ڤرێ بکات و نها ئەدرەسەکەشی بۆ هەموان مەعلووم بوو.

هەنگێ ئاللان هەستا، هەر بە مەبەستی هەواگۆڕکێ، بە پێیان بەرەو تاقیگەکە ڕۆی. لەوێ، لە تاقیگەکە، دووبارە وەکو قاوەچی کەوتە قاوەدانان بۆ گەورەترین زانایانی ئەمریکایی بوارێن فیزیا، بیرکاری و کیمیا، هەرچەندە نها لە هەنبەر ئاللاندا، هەستیان بە سووکەعەزابێکی ویژدانی دەکرد. کەشی تاقیگەکە وەکو جاران خۆش نەبوو، ئاللان دوای چەند هەفتەیەک بیری لەوە دەکردەوە لەوێ بڕوات، بەڵام تەلەفۆنێک لە واشنتۆنەوە هەموو کێشەکانی یەکلایی کردەوە:

– های ئاللان. من هاڕیم.

– کیهە هاڕی؟
– ترومانم ئاللان. هاری ترومان. هەتیو سەرکۆمارم.
– ئەها، خۆشحاڵم! خۆزگەم بەو شەوە، شیوێکی خۆشمان پێکەوە خوارد، مەمنوونم جەنابی سەرۆک. ئومێدەوارم ناچار نەبووبیت بە خۆت فڕۆکەکە باژویت.
نەخێر، سەرکۆمار بە خۆی فڕۆکەکەی لێ نەخوڕیبوو. ویڕای دژواریی ڕەوشەکە، لەسەر کورسییەک و لەنێو فڕۆکەکەدا خەو بردبوویەوە و دوای پێنج سەعاتان، وەختایەک فڕۆکەکە نیشتبووەوە، ئەوسا بێدار بووبووەوە.
نها هاری ترومان، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە بووبووەوە کە لە ڕۆژئاوە مابوونەوە، بۆ چارەسەری یەکێک لەو کێشانە پێویستی بە یارمەتیی ئاللان هەبوو، هەڵبەتە ئەگەر لە توانای ئاللاندا بوایە.
هەڵبەتە لە توانای ئاللاندا بوو، ئیدی بۆ ڕۆژی دواتر ئاللان بۆ هەمیشە تاقیگەی نیشتمانیی لوس ئالاموسی بەجێ هێشت.

***

ئۆفیسی هێلکەیی، بەو ئەندازەیە هێلکەیی بوو کە ئاللان وێنای کردبوو. ئاللان، نها لەو ئۆفیسەدا لە بەرانبەر هاوپیاڵەکەی شەوەکەی خواردنگەی لوس ئالاموس دانیشتبوو. بۆی دەرکەوت سەرۆک کێشەی لەگەڵ خانمێکدا هەبوو کە لەبەر هەندێک سەدەمی سیاسی نەیدەتوانی ئەو ژنە فەرامۆش بکات. ژنەکە نێوی سونگ می لینگ بوو. نەیدەزانی ئاخۆ ئاللان ناوی بیستبوو یان نا؟
ئێ، ئەو خانمە، هاوسەری چیانگ کای شیکی ڕابەری حیزبی کومنتانگی ئەنتی کومونیستی چین بوو. ژنێکی زۆر جوان و بەدەو بوو، لێرە، لە ئەمریکا خوێندبووی، یەکێک لە دۆستە هەرە نزیکەکانی هاوسەری سەرۆک ڕۆزڤێڵت بوو. لە هەر شوێنێک دەرکەوتبا هەزاران کەسی لەدەور خڕ دەبوونەوە. تەنانەت جارێک لە کونگرێسی ئەمریکاش وتاری دابوو. ئێستا هەمان خانم، وەکو سێبەر دووی سەرکۆمار ترومان کەوتبوو و بە هیچ کلۆجێک لێی نەدەبووەوە، تا دڵنیا بێت کە ترومان، هەموو ئەو بەڵێنانەی سەرۆک ڕۆزڤێڵت سەبارەت بە دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم دابووی جێبەجێ دەکات یان نا.
ئاللان گوتی: دەبوایە بە مەزەندە بمزانیبا کە مەسەلەکە پەیوەندیی بە سیاسەتەوە هەیە.
هاڕی ترومان گوتی: پیاو کە سەرکۆمار بوو، ناکرێت خۆی لە سیاسەت و کاری سیاسەت ببوێرێت.

لەو سەروبەندەدا و بۆ ماوەیەکی کەم، جۆرە ئارامییەک لە نێوان حیزبی کومینتانگ و کۆمۆنیستەکاندا بەرقەرار بوو، چونکە هەردوو لایان لەپێناوی یەک بەرژەوەندیی هاوبەشدا، لە مەنشوریا دەجەنگین، بەڵام زۆری نەدەبرد ژاپۆنییەکان ڕادەست دەبوون و دووبارە شەڕی ناوخۆیی لە چین دەستی پێ دەکردەوە.

ئاللان پرسیی: چوزانیت ژاپۆنییەکان بەو زوانە ڕادەست دەبن؟

ترومان گوتی: دەبێت تۆ لە پێش هەموو کەسێکەوە ئەوە بزانیت.

ئەوسا بە پەلە بابەتەکەی گۆڕی.

ئیدی سەرکۆمار، دەستی بە باسی ڕەوشی چین کرد، کە بە لای ئاللانەوە زۆر ناخۆش بوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتی دەزگا سیخوڕییەکان، کۆمۆنیستەکان لە شەڕی ناوخۆدا زۆر باڵادەستتر بوون و لە ئۆفیسی خزمەتگوزارییە ستراتیژییەکاندا، پرسیار و گومان و گەنگەشەیەکی زۆر سەبارەت بە ستراتیژیەتی سوپایی چیانگ کای شک هەبوو. کای شک فۆکەسی لەسەر شارەکان بوو، بۆیە گوندەوارەکان بووبوون بە مەیدانی کراوە لە بەردەم بانگەشەی کۆمۆنیستەکاندا. هەڵبەتە ئەگەری ئەوە هەبوو ئەمریکاییەکان بە زوویی ماوی ڕابەری کۆمۆنیستەکان لەنێو ببەن، بەڵام ئەم مەترسییەش هەبوو کە بیروباوەڕەکانی ماو لەنێو جەماوەری خەڵکدا بڵاو ببێتەوە. تەنانەت سونگ می لینگش بە هەموو قیرسیچمەییەکی خۆیەوە، گوتبووی دەبێت لەو بارەیەوە کاری جیددی بکرێت. بۆیە بڕیاری دابوو لەسەر ڕێبازی سوپایی تایبەتیی خۆی بەردەوام بێت.

سەرکۆمار، دووبارە بای دایەوە سەر شرۆڤەکردنی ستراتیژی سوپایی، لێ ئاللان، ئیدی گوێی لێ نەدەگرت. بە حەواسپەرتییەوە کەوتە تەمەشاکردنی گۆشە و کەنارانی ژوورە هێلکەییەکە و لە دڵی خۆیدا دەیپرسی ئایا شووشەی پەنجەرەکان گوللە نەبڕن؟ ئایا ئەم دەرگایەی دەستە چەپ بە کوێدا دەکرێتەوە؟ ئەوسا بیری لەوە کردەوە مەحاڵە ئەم فەرشە گەورەیە بۆ پاککردنەوە و شۆردن ببرێتە دەرەوە. سەرەنجام گەییە ئەو قەناعەتەی باشتر وایە قسەکان بە سەرکۆمار ببڕێت، نەبا سەرکۆمار لەناکاودا، پرسیارێکی لێ بکات، تا بزانێت ئاخۆ گوێی لە قسەکانی گرتووە یان نا.

ببوورە هاری، تۆ بە کورتی چیت لە من دەوێت، دەتەوێت چ بکەم؟

– وەکو گوتم، مەبەست ئەوەیە ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی فیکر و دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان، لە گوندەوار و دەڤەرە دوورەدەستەکانی چین بگیرێت.

– باشە دەتەوێت من چی بکەم؟

– سونگ می لینگ، پێی لێ کردووینەتە کەوشەوە کە چەکوچۆڵی زیاتر بدەینە چین.

– باشە، تۆ بە کورتی چیت لە من دەوێت، دەتەوێت چی بکەم؟

وەختایەک ئاللان، پرسیارەکەی سێبارە کردەوە، سەرکۆمار بۆ ساتێک بێدەنگ بوو و ئەوسا گوتی: دەمەوێت بۆ چین بڕۆیت و چەند پردێک بتەقێنیتەوە.

ئاللان، گەشایەوە و گوتی: بۆ لە هەوەڵەوە ئەمەت نەگوت؟

– دەبێت تا دەتوانیت پردان بتەقێنیتەوە، تا ڕێگەی پەیوەندیی کۆمۆنیستەکان ببڕدرێت...

– زۆر چاکە، کە دەتوانم وڵاتێکی تازە ببینم.

– دەمەوێت ڕاهێنانی تەقاندنەوەی پردان بە لایەنگرانی سونگ می لینگ بکەیت.

– کەی بڕۆم؟

***

هەرچەندە ئاللان لە کاری تەقاندنەوە و تەقەمەنیدا کارامە و مەعلان بوو، زۆر بە خێرایی و بە سەرخۆشی بووبوو بە دۆستی گیانیبەگیانی و دڵسۆزی سەرکۆماری ئایندەی ئەمریکا، بەڵام لە ناخدا هەر سویدی بوو. خۆ ئەگەر ئاللان، کەمترین خولیای سیاسیی هەبوایە، لەگین بوو لە سەرکۆمار بپرسێت چما ئەوی بۆ ئەم کارە هەڵبژاردبوو. ئەگەر ئەو پرسیارەی کردبا، بێگومان سەرکۆمار ڕاستگۆیانە وەڵامی دەدایەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەیدەتوانی بە ئاشکرا پشتیوانی لە دوو پرۆژەی هاوتەریب و لە هەمان کاتدا هەڤدژ لە چیندا بکات. ئەمریکا بە فەرمی پشتیوانی لە چیانگ کای شک و حیزبی کومنتانگی دەکرد. نها ویلایەتە یەکگرتووەکان بەتەما بوو، یەک کەشتیی دینامیت و تەقەمەنی بۆ تەقاندنەوەی پردان بە دزییەوە بۆ چین ڤڕێ بکات. ئەو کەسەی بە گوشاری خۆی بووبووە مایەی ئەوەی ئەم کۆمەکە لە لایەن ئەمریکاوە دابین بکرێت، ژنێکی جوانی ئەژدیهائاسای (هەڵبەتە لە ڕوانگەی سەرکۆمارەوە) نیمچەئەمریکایی بوو، بە نێوی سونگ می لینگ. لە هەموو ئەمەش خراتر ئەوە بوو ترومان نەیدەتوانی هەموو ئەو ڕێکەوتنانەی لە بۆنەیەکی چاخواردنەوەی نێوان سونگ می لینگ و خانم ئیلیانور ڕۆزڤێڵتدا کرابوو، هەڵبوەشێنێتەوە. چ حەیاچوونێک بوو! ئیدی نها تاقە چارەسەری ترومان ئەوە بوو ئاللان کارلسون و سونگ می لینگ بەیەکدی بناسێنێت. ئیدی بەمە سەرکۆمار، ئەو ئەرکەی لەکۆڵ خۆی دەکردەوە.

کاری دواتری سەرکۆمار، زیاتر مۆرکی تەشریفاتی هەبوو، چونکە پێشوەختە بڕیاری خۆی دابوو. واتە پێویستی بەوە نەبوو بە خۆی زەنگی ئۆکەی لێ بدات. لە

دوورگەیەکی ڕۆژهەڵاتی فیلیپین، تاقمی فڕۆکەیەکی بی ٥٢ حازروبزر ئامادەی چرای سەوزی سەرکۆمار بوون. پێشتر هەموو تاقیکردنەوەکان ئەنجام درابوون. ئەگەری هیچ خەتا و هەڵەیەک نەبوو.

ڕۆژی دوایی ١٩٤٥/٨/٦ بوو.

***

وەختایەک ئاللان کارلسون، بۆ یەکەم جار سونگ می لینگی بینی، ئەو خەیاڵپڵاوەی شتێکی تازە لە ژیانیدا ڕوو دەدات، کە ڕووی هەڵێنا، ئەو چاوە ڕەشەی کاڵ بووەوە. ئاللان، ڕوخسەتی پێ بوو کە لە سویتی (جناح) هۆتێلێکی واشنتۆندا ئەو خانمە بدینێت. دوای ئەوەی توانیی قەناعەت بە چەندین ڕیز پاسەوانێن شەخسی بکات، ئەنجام گەییە لای خانمی ناڤبری. ئاللان، لە بەردەمیدا ڕاوەستا، دەستی برد تەوقەی لەگەڵدا بکات و گوتی: مەدام چۆنیت؟ من ئاللان کارلسونم.

سونگ می لینگ، تەوقەی لەگەڵ ئاللاندا نەکرد. بە قامکێک ئاماژەی بۆ لای کورسییەکی نزیک کرد و گوتی: دابنیشە.

ئاللان بە درێژایی سالان، بە جۆرەها شت تۆمەتبار کرابوو، جۆرەها ناوی لێ نرابوو، لە فاشیستەوە بیگرە تا شێت، بەڵام هەرگیز وەکو سەگ مامەڵەی لەگەڵدا نەکرابوو. بیری لەوە دەکردەوە، گلەیی لە خولکوخوو و پێشوازیی ئەو خانمە بکات، بەڵام، فزوڵیەتی ئەوەی بزانێت ئایندە چیی بۆ حەشار داوە، کردیە کارێک کە گوێ بە هەڵوێست و ڕەفتاری ئەو ژنە نەدات. ئەمە جگە لەوەی کورسییەکەی زۆر خۆش بوو.

وەختایەک ئاللان ڕۆنیشت، سونگ می لینگ، دەستی بە کارێک کرد کە ئاللان زۆری بە لاوە ناخۆش بوو، کارەکە ڕوونکردنەوە و شرۆڤەی هەندێک پرسی سیاسی بوو. خانم لە قسەکانیدا ئاماژەی بۆ سەرکۆمار ڕۆزڤێلت، وەک کەسی پشتپەردەی هەموو ئەو کارانە کرد. ئەم بابەتە بە لای ئاللانەوە نامەفهوم و ئالۆز بوو. هەڵبەتە گومان لەوەدا نەبوو کەسێک لەگۆڕا بێت، ناتوانێت ڕابەری ئوپەراسیۆنێکی سوپایی بکات.

سونگ می لینگ، باسی گرنگیی ڕاگرتنی پێشڕەوی کۆمۆنیستەکانی کرد، باسی گرنگیی ئەوەی نابێت ڕێگە بدرێت ئەو ماوتسی تۆنگە قەشمەرە، ژەهری سیاسیی خۆی بە هەموو دیار و دەڤەرەکاندا بڵاو بکاتەوە. ئەوسا گوتی -هەڵبەتە ئەم خاڵە بە لای ئاللانەوە غەریب بوو- کە هاوسەرەکەی خۆی، چیانگ کای شک، هیچ شتێک لەم بارەیەوە نازانێت و بە خۆیشی نازانێت چ دەکات.

ئاللان گوتی: ئەدی پەیوەندیی ڕۆمانسییانەتان چۆنە؟

سونگ می لینگ گوتی ئەو مەسەلەیە هیچ پەیوەندییەکی بە کەسێکی گچکەی وەکو ئەوەوە نییە. سەرۆک ڕۆزڤێلت کارلسونی هەڵبژاردبوو تا ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی خانم سونگدا کار بکات، لە ئێستا بەدواوە تەنها وەختێک هەقی قسەکردنی هەیە کە پرسیارێکی لێ بکرێت، دەنا بۆی نییە فزە بکات.

ئاللان لەو قسەیە تووڕە نەبوو، وەکو ئەوە بوو وشەی 'کم' لە فەرهەنگی ئەودا نەبێت. ئیدی دەرفەتی هێنا و گوتی: دوا شتێک کە من دەربارەی ڕۆزڤێلت بیستوومە، ئەمە بوو کە مردووە، خۆ ئەگەر دوای ئەمە شتێکی تازە ڕووی دابا، بێگومان ڕۆژنامەکان بڵاویان دەکردەوە. من کە ئەم کارە دەکەم، لەسەر داوای سەرکۆمار ترومان دەیکەم، ئەگەر بڕیاری بێت جەنابت، بەڕێزت بەردەوام ئاوا تووڕە بیت، ئەوا من لەم کارەدا زیادەم، نەبوونم لە بوونم زۆر باشترە. خۆ هەموو کاتێک دەتوانم بۆ چین بڕۆم، بەقەد تووکی سەری خۆم پردم تەقاندوونەوە.

لەو کاتەوە کە دایکی سونگ می لینگ، هەوڵی دابوو ڕێگری لە زەماوەندی کچەکەی لەگەڵ بابایەکی بوزیدا بکات، هەڵبەتە ئەمە کۆنە، بۆ ساڵانێک لەوەوپێش دەگەڕێتەوە، ئیدی لەوساوە تا ئێستا کەس بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ سونگ می لینگدا نەکردبوو. وێڕای ئەوەش پاشان دایکی تەوازی بۆ هێنابووەوە، چونکە ئەو زەماوەندە سونگی گەیاندبووە لوتکەی نێوبانگ.

سونگ می لینگ، ناچار وەستا و بیری کردەوەی . وا دیار بوو ئەم جارە ڕەوشەکەی بە دروستی هەڵنەسەنگاندبوو. تا ئێستا بە هەر ئەمریکاییەکی گوتبوو دۆستی نزیکی سەرکۆمار ڕۆزڤێلت و خانمی یەکەمی وڵاتە، یارۆی ئەمریکی لەرزی لێ هاتبوو. نها دەبوو چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم کابرایەدا بکات کە ڕێک پێچەوانەی هەموو ئەوانی دی بوو؟ ئاخر ئەم ترومانە هیچە، ئەم پیاوە ترۆیەی لە کوێ پەیدا کردبوو؟

سونگ می لینگ، لەو کەسانە نەبوو، بە ئاسانی دۆستایەتیی لەگەڵ کەسدا بگرێت، بەڵام ئەم جارەیان ئامانج و مەبەستەکەی لە تەبع و تەبیعەتی گرنگتر بوو. بۆیە ناچار بای دایەوە و تاکتیکی خۆی گۆڕی. گوتی: وا بزانم بیرمان چوو بە دروستی خۆمان بە یەکدی بناسێنین.

بە شێوازی ڕۆژئاواییان دەستی درێژ کرد تا تەوقە لەگەڵ ئاللاندا بکات؛ درەنگگەیشتن باشترە لە هەرگیز نەگەیشتن.

ئاللان، کەسێکی بوغزن نەبوو، ڕقی لە کەس هەڵنەدەگرت، بۆیە تەوقەی لەگەڵدا کرد و بزەیەکی بۆ کرد، بەڵام ئاللان، بە شێوەیەکی گشتی باوەڕی بەو قسەیە نەبوو کە

درەنگ گەیشتن باشترە لە هەرگیز نەگەیشتن. بۆ نموونە بابی ئەو ڕێک یەک ڕۆژ بەر لە شۆڕشی ڕووسیا، بووبوو بە لایەنگری تەواو عەیار و دڵسۆزی تزار نیکولا.

***

دوای دوو ڕۆژ ئاللان، لەگەڵ سونگ می لینگ و بیست پاسەوانی شەخسیی ئەودا، بەرەو لۆس ئانجلۆس کەوتنە ڕێ. لەوێ کەشتییەک چاوەڕوانی دەکردن تا لەگەڵ بارە دانامیتەکەدا بۆ شانگهایان ببات.

ئاللان، دەیزانی ناتوانێت بە درێژایی ئەو سەفەرە دەریاییە دوورودرێژە کە بە ئۆقیانووسی ئارامدا دەیانکرد، خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی سونگ می لینگ بشارێتەوە، چونکە لە کەشتییەکەدا پەناوپاساری زۆر نەبوو، تا خۆی تیا وەشێرێت. بۆیە بڕیاری دا بیر لەو کارە نەکاتەوە. کاتێک کاپتنی کەشتییەکە خوڵکی کرد هەموو ئێوارەیەک لەگەڵ ئەودا شێو بخۆن، ئاللان قایل بوو. لایەنی باشی ئەم کارە خواردنی باش بوو. لایەنە خراپەکەشی ئەوە بوو، هەر هەردووکیان لەسەر خوانەکە نەبوون، ناچار بوون هاوڕێیاتی سونگ می لینگیش بکەن. دەتگوت جگە لە باسی سیاسەت، هیچ باسێکی دی نازانێت.

پیاو ڕاست بڵێت ئەم کارە لایەنێکی نەرێنیی دیکەشی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو خواردنەوەی باش نەبوو. لەجیاتی ڤۆدگا، جۆرە خواردنەوەیەکی کهولی کە 'لیکور'یان پێ دەگوت و تامی مۆزی کاڵی دەدا، پێشکەش دەکرد. ئیدی ئاللان، هەرچییەکیان بۆ دەهێنا دەیخواردەوە، بەڵام لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە ئەمە یەکەم جارە، ناچار دەبێت شتێک بخواتەوە، کە بە کەڵکی خواردنەوە نەدەهات. ئاخر خواردنەوە دەبێت بە خێرایی لە گەرووی بەشەرەوە دابچۆڕێت بۆ ناو گەدە، نەک بە مەڵاشووی بەشەرەوە بلکێت.

بەڵام پێدەچوو سونگ می لینگ، زۆری حەز لەو لیکۆرە بێت، شەوان تا زیاتری دەخواردەوە، بەدەم چەنەبازییە سیاسییە لەبنەنەهاتووەکانییەوە، گفت و لفتی نەرمتر و خۆمانیتر دەبوو. ئاللان، لە میانی ئەو شێوانەوە و بەدەم سەفەری ناو ئۆقیانووسی ئارامەوە، زۆر بە ئاسانی کۆمەڵێک زانیاریی بەدەست کەوت. بۆ نموونە، ئەو ماوە لیبۆکە و کۆمۆنیستەکانی، دەیانتوانی بە ئاسانی لە شەڕە نێوخۆییەکەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، هۆیەکەشی ئەوە بوو چیانگ کای شک؛ هاوسەری سونگ می لینگ، کە سەرۆکی شارەوانیی گشتی، هێزەکانی کومنتانگ بوو، کەسێکی زۆر بێتوانا بوو و حاڵی حازر بە مەبەستی دان و سانی ئاشتی لەگەڵ ماودا چووبوو بۆ شاری چونگ

کینگ، لە باشووری چین. کە ئەمە بە بۆچوونی کارلسون و یارۆی کاپتن، گاڵتەبازاڕ بوو، ئاخر دان و سان لەگەڵ بابایەکی کۆمۆنیستدا؟ چ سوودێکی هەبوو یان دەبوو؟

سونگ لینگ، دڵنیا بوو دان و سانەکە سەر ناگرێت. سیخوڕەکانیشی خەبەریان دابوو کە بەشێکی زۆری سوپا و لەشکری کۆمۆنیستەکان لە چیا و کۆجارە دوورەدەستەکانی دەڤەری سیچواندا کە زۆر لە شاری چونگ کینگەوە دوور نییە، دامەزراون و چاوەڕوانی فەرمانی ماون. نۆکەرانی دەستەبژێری سونگ می لینگ و خودی خۆیشی، لەو باوەڕەدا بوون لیبۆک و هێزەکانی، دواتر لە سەمتی باکووری ڕۆژهەڵاتەوە، بەرەو شانزی و هنان پێشڕەوی دەکەن، تا خۆیان بۆ خەڵکی بنوێنن.

ئاللان، هەوڵی دەدا هیچ نەڵێت، تا ئێوارە محازەرە سیاسییەکەی خانم زۆر درێژە نەکێشێت، بەڵام کاپیتانەکەی کەشتییەکە کە پیاوێکی بەئەدەب بوو، لە ناچاریدا پەیتا پەیتا پرسیاری دەکرد و بەدەم پرسیارکردنەوە لێکدا لێکدا پەرداخەکەی سونگ می لینگی پڕ دەکرد لە لیکور.

کاپتن بۆ نموونە دەیپرسی مەترسیی ڕاستەقینەی ماوتسی تۆنگ چییە؟ چ هەڕەشەیەکی لە حکومەت دەکرد؟ حیزبی کومنتانگ، کارێکی وەهای کردبوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یارمەتیی بدات، بۆیە بە باوەڕی کاپتن، حیزبی کومنتانگ لە ڕووی سوپاییەوە زۆر لە کۆمۆنیستەکان باڵادەستتر بوو.

ئەو پرسیارە بووە بایسی ئەوەی محازەرە ناخۆشەکەی ئەو شەوە، یەک سەعات، لەوانەی شەوانی پێشوو، زیاتر بخایەنێت.

سونگ می لینگ، ڕوونی کردەوە مێردە داماوەکەی بە ئەندازەی یەک گاجووتیش عەقڵی نییە، گایەکە لەو گوڕە. لە مەسەلەی دەوڵەتڕانیدا گایەک زۆر لەو باشترە. چیانگ کای شک، تەنها یەک بۆچوونی بێمانا و هەڵەی هەبوو، ئەویش بریتی بوو لە کۆنترۆڵکردنی شارە گەورەکان.

سونگ می لینگ بەتەما نەبوو لە شەڕدا ڕووبەڕووی ماو ببێتەوە. چۆن دەیتوانی بەو نەخشە بچووکەوە کە بە کۆمەکی ئاللان و چەند پاسەوانێکی شەخسییەوە، دایناوبوو، ڕووبەڕووی ماو ببێتەوە؟ بیست نەفەرێک کە چەکی پێویستیان پێ نەبوو، هەڵبەتە بە ئاغای ئاللانەوە دەبوون بە بیست و یەک کەس، چۆن دەیانتوانی بچنە شەڕی هێزێکی کارامەی کۆجاڕی سیچوانەوە... ئەمە کاری کردەنی نەبوو.

قۆناغی یەکەمی نەخشەکەی ئەو، ئەمە بوو کە ڕێگەی چالاکی و پێشڕەویی ئەو قەشمەرە بگرێت، نەهێڵێت سوپای کۆمۆنیستەکان بە دیار و دەڤەرە جیاوازەکاندا بڵاو ببنەوە. هەنگاوی دواتریش ئەمە بوو کە مێردە داماوەکەی حاڵی بکات پێدڤیە ئەم هەڵە

بقۆزێتەوە و هێزەکانی بەرەو گوندەواران ببات، بۆ خەڵکی چینی بسەلمێنێت حیزبی کومنتانگ دەتوانێت ئەوان لە مەترسیی کۆمۆنیزم بپارێزێت نەک بە پێچەوانەوە. سونگ می لینگ، ڕێک وەکو یارۆی قەشمەر، پەی بە حەقیقەتێک بردبوو کە چیانگ کای شک، ئەقڵی پێ نەدەشکا. ئەو حەقیقەتە ئەوە بوو ڕابەرایەتیی خەڵکی وەختێک مەیسەر دەبێت، کە ئەو خەڵکە لە پشتت بن.

جاری وا هەیە مریشکێکی کوێریش دەنکەگەنمێک لەسەر ئەرز دەدۆزێتەوە، چیانگ کای شک زۆر چاکی کردبوو کە داوای لە نەیارەکانی خۆی کردبوو بۆ دان و سان بێنە چونگ کینگ، چونکە ئەگەر بەخت یاری وان بوایە، لەگەڵ داڕووخانی دان و سانەکەدا، کاتێک سونگ می لینگ لەگەڵ ئالان کارلسون و ئەو چەند پاسەوانەدا کە لەگەڵیدا بوو، دەگەیشتنە چین، کە قەشمەر و هێزەکانی هێشتا لەوێ، لە باشووری ڕووباری یانگتسی دەبوون.

لەو حاڵەدا ئالان دەیتوانی پردەکان بتەقێنێتەوە، بەم کارە باندۆرێکی زۆر بکاتە سەر ڕەوشەکە. بەو جۆرە قەشمەر و هێزەکانی ماوەیەکی زۆر لە کۆسارەکانی نزیکی تبت گیریان دەخوارد.

"خۆ ئەگەر ئەوان تا ئەو کاتە لە ڕوبارەکە پەڕی بنەوە، بە ئاسانی دەتوانین دووبارە بەرنامەڕێژی بکەینەوە. لە چیندا پێنجهەزار ڕووبار هەن، ئەو مێمڵە ڕوو لە هەر کوێیەک بکات ڕووبارێکی دێتە ڕێی."

ئالان، دەبیرەوە چوو، بابایەکی قەشمەری مێمڵ لە حاڵی شەڕدا بوو لەگەڵ کەسێکی ترسنۆکی قەلەزراوی بێتوانادا کە بە ئەندازەی گاجووتێکیش عەقڵی نەبوو، ئەژدیهایەکی مەستی لیکوری مۆزی سەوز کەوتبووە بەینیانەوە.

ئالان، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە گوتی: هەڵبەتە من زۆرم مەبەستە ببینم چارەنووسی ئەم کارە دەگاتە کوێ. کاپتن هەڵبەتە هیچ مەبەستێکم نییە و ئەم قسەیەشم پەیوەندیی بە قسەکانی پێشوومانەوە نییە، ئەرێ تۆزێک ڤۆدگا شک نابەیت، کە شوێنەواری ئەو شەربەتە سەوزەی پێ بشۆرمەوە و ڕایبماڵێتە خوارەوە؟

نەخێر، بەداخەوە کاپتن هیچ خواردنەوەیەکی دیکەی لا نەبوو، بەڵام ئەگەر کارلسون، حەزی لەوە بوو تامی دەمی بگۆڕێت، هەمان خواردنەوە بە تامی دیکەش هەبوو: لیکور بە تامی لیمۆ، بەتامی کرێم، لیکور بە تامی نەعنا...

ئالان گوتی: ببوورە، کەی بە مەزەندەی تۆ دەگەینە شەنگەهای؟

***

ئاللان کارلسون و هێزێکی بیست نەفەری لە پاسەوانەکانی سونگ می لینگ بە سواری بەلەمێکی دیکە بە ڕووباری یانگتسیدا بەرەو سیچوان دەڕۆیشتن تا نەخشەکەیان سەبارەت بەو کۆمۆنیستە لەخۆباییە، سەبارەت بە ماوتسی تۆنگ، جێبەجێ بکەن و ژیان و دنیایان لێ بکەن بە چەرمی چۆلەکە. ئەوان لە ١٩٤٥/١٠/١٢دا، واتە کاتێک دان و سانەکە وەکو پێشبینی کرابوو، ناکام بووبوو؛ کەوتبوونە ڕێ.

زۆر بە خاوی دەڕۆیشتن، چونکە پاسەوانەکانی سونگ می لینگ، دەگەینە هەر بەندەرەوەک دەیانویست بوەستن و کەمێک ڕابوێرن. هەڵبەتە بەندەر و مینای زۆریش لە ڕێ بوو. لەوانە: نانجینگ، پاشان وهو، ئانکینگ، جیوجیانگ، وهان، یویانگ، وایوو، فنگجی، وانگژیان، جونگکینگ و وژو. لە هەر وەستانێکشدا، هەرچییەکیان بە خەیاڵدا هاتبا دەیانکرد: بەدمەستی، ژنبازی و هەر بێئەخلاقییەک پێشبینی نەکرێت.

چونکە ئەو جۆرە ژیانە خەرجی و پارەیەکی زۆری دەوێت، ئیدی بیست پاسەوانەکەی سونگ می لینگ، لەناو کەشتییەکەدا باجێکی تازەیان لەسەر ڕێبوارەکان دانا، ئەو جووتیارەی بیویستبا بەرهەمەکانی لە هەر بەندەرێکدا داگرتبا، ئەگەر پێنج یوان باج و سەرانەی نەدابایە، پاسەوانەکانی سونگ ڕێگەیان پێ نەدەدا، خۆ ئەگەر هەر کەسێک ناڕازی با، ئەوا دەیانکردە قوربانیی گوللەیەک.

ئەو دەرامەتەی لەم باجە تازەیە دەست دەکەوت، لە تاریکترین و بەدناوترین گەڕەکی هەمان شاردا خەرج دەکرا، هەڵبەتە ئەو گەڕەکە ناوزڕاوانەش بە زۆری لە نزیکی بەندەرەکان بوون. ئاللان لەفکران ڕاچوو؛ ئەگەر سونگ می لینگ، قەناعەتی وا بوو پشتیوانی خەڵک زۆر مەبەست و زەرووریيە، دەبوایە هەوڵی ئەوە بدات ئەم پەیامە بە هێزەکانی بەردەستی خۆی بگەیەنێت، بەڵام سوپاس بۆ خوا، ئەم کێشەیە کێشەی سونگ می لینگ بوو، نەک هیی ئاللان.

دوو مانگی پێ چوو تا ئاللان و بیست سەربازەکە گەیشتنە دەڤەری سیچوان، تا ئەو کاتە هێزەکانی ماوتسی تۆنگ، لەمێژ بوو، ئەو دەڤەرەیان بەرەو باکوور بەجێ هێشتبوو. هەڵبەتە بە دزییەوە، بە دڵ و نەهالی کوێستانەکاندا نەڕۆیبوون، بەڵکو یەکڕاست خۆیان بە دۆڵەکەدا کرد و ڕووبەڕووی ئەو تاقە فەوجەی حیزبی کومنتانگ بوونەوە کە گوایە بۆ بەرگری لە شاری وای بین، لەوێندەر هێڵرابوونەوە.

زۆری نەبرد شاری وای بین خەریک بوو دەکەوتە دەست کۆمۆنیستەکان. لەو شەڕەدا سێهەزار و پێنجسەد سەربازی کومنتانگ کوژران، لەو ژمارەیە بە کێمانی دووهەزار و پێنجسەد کەسیان بۆیە کوژرابوون، لەبەر مەستی و سەرخۆشی شەڕیان

پێ نەکرابوو. لە هەنبەر ئەوەدا تەنها سێسەد کەس لە کۆمۆنیستەکان، کە بە ڕواڵەت لە حاڵەتی ئاساییدا بوون، کوژرابوون.

وێڕای ئەوەش، شەڕی وای بین، بۆ حیزبی کومنتانگ سەرکەوتنێکی گەورە بوو، چونکە لەنێو ئەو پەنجا دیلەی کۆمۆنیستەکاندا، گەوهەرێکی ڕاستەقینە هەبوو. زۆر بە هاسانی دەکرا چل و نۆ دیلەکەی دی گوللەباران بکرێن و تەرمەکانیان فڕێ بدرێتە چاڵێکەوە، بەڵام دیلی پەنجایەمین، نا! نەفەری پەنجایەمین ئەکتەری خشکوک جیانگ ژینگ بوو، کە مارکسیست—لینینیستێکی تەمام عەیار بوو، لەوەش گرنگتر هاوسەری سێیەمی ماوتسی تۆنگ بوو.

***

ئیدی یەکڕاست گەنگەشە و مشتومڕێکی دووورودرێژ لە نێوان فەرماندەی هێزەکانی کومنتانگ کە لە لایەکەوە لە وای بین جێگیر بوون، لەلایەکی دییەوە لە نێوان پاسەوانەکانی سونگ می لینگدا چێ بوو. گەنگەشەکە لەسەر ئەوە بوو بە بەرپرسیارێتیی ئەستێرە دیلەکە؛ جیانگ ژینگ لە ئەستۆی کێیە. تا ئەو کاتە، فەرماندەی فەوج، جیانگ ژینگی لە زیندان توند کردبوو، چاوەڕوانی گەیشتنی ئەو کەشتییە بوو کە پیاوەکانی سونگ می لینگی بەسەرەوە بوو.

ئیدی لە ترسی ئەوەی نەبا خودی سونگ می لینگ، لە کەشتییەکەدا بێت، نەیوێرابوو، جگە لە زیندانیکردنی ئەستێرەی ناقبری هیچ کارێکی دی بکات، چونکە سونگ لەو خەڵکانە نەبوو، کە بێفەرمانی بکرێت.

بەڵام پاشان دەرکەوت سونگ می لینگ لە تایبەیە، ئەمە بۆ فەرماندەی هێزەکانی حیزبی کومنتانگ لە شاری وای بین هەلێکی زێڕین بوو. زەمینەی بۆ چارەسەری ئەو بویەرە خۆش و ئاسان دەکرد. بە بۆچوونی ئەو دەبوایە جیانگ ژینگ بە هۆڤییانەترین شێواز غەسپ و زەوت بکرێت، ئازار و ئەشکەنجە بدرێت و ئەگەر ما بە فیشەکێک سارد بکرێتەوە.

پاسەوانەکانی سونگ می لینگ سەبارەت بە زەوتکردنەکە، نەک لارییان نەبوو، بگرە لە کارەکەدا ئامادەی بەشداریکردنیش بوون، بەڵام هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نەبوون جیانگ ژینگ بکوژرێت. دەبوایە ببرێت بۆ لای سونگ می لینگ، یان چیانگ کای شک تا یەکێک لەو دوانە چارەنووسی دیاری بکەن. ئەو سەربازانەی ئەزموونی نێونەتەوەییان هەبوو، بە ڕاوێژێکی ئامۆژگاریئامێزەوە، بە فەرماندەکەی وای بینیان گوت ئەمە کاری گەورە سیاسەتوانانە، واچاکە لێی گەڕێ بۆ ئەوان.

فەرمانـدەکە، بە نـابەدڵییەوە بەڵێنـی دا هەر ئەو ڕۆژە، دوای نیـوەڕۆ، گەوهەرەکە، ڕادەستی پیاوەکانی سونگ می لینگ بکات. ئیدی کۆبوونەکە تەواو بوو، پاسـەوانەکان بڕیاریان دا بە بۆنەی سـەرکەوتنیانەوە ئاهەنگ بگێڕن و مەی بخۆنەوە، بڕیار بوو لە گەڕانەوەدا لەگەڵ گەوهەرەکەدا ڕابوێرن!

دوا دان و سان، لەسـەر ئەو کەشتییە ئەنجام درا کە ئاللان و پاسـەوانەکانی لە ڕێگەی دەریـاوە هێنـابوو. ئـاللان نهـا سـەری لەوە سـوڕمابوو لە زۆربەی قسـەکانی ئەوان حـاڵی دەبوو. لەو کاتەدا پاسـەوانەکان، لە شـارە جۆراوجۆرەکاندا دەچوونە ڕابواردن. ئاللان، لە بەشی دواوەی کەشتییەکە لەگەڵ کوڕیژگەیەکی شاگردا بە نێوی ئاهمینگ دادەنیشت، کە بە ڕێکەوت دەرکەوتبوو کوڕیژگەکە توانایەکی ئێجگار زۆری لە واری فێرکردنی زماندا هەیە. ئاهمینگ لە زەرفی دوو مانگدا کارێکی وەهای کرد ئاللان بتوانێت بە زمانی چینی مەبەستی خۆی دەرببڕێت (هەڵبەتە بە هەموو جنێو و سخێفەکانەوە.)

***

ئـاللان، هەر لە منـداڵییەوە، بەوە ڕاهـاتبوو لەو خەڵکـانە بەگومـان بێـت کە لە کـاتی گونجاودا ناخۆنەوە. تازە تەمەنی بووبوو بە شەش ساڵان، ڕۆژێک بابی دەستی نـابووە سەرشانی و پێی گوتبوو: کوڕم ئاگات لە کەشیشـان بێت، ئاگات لەو خەڵکانە بێت کە ڤۆدگا ناخۆنەوە، لە هەموو کەس زیاتر سڵ لەو کەشیشانە بکەوە کە ڤۆدگا ناخۆنەوە.

بابی ئاللان، بەگوێرەی هەمان بۆچوونی خۆی، ڕۆژێک لە حاڵەتێکی نائاسـاییدا، بە مست بەر بووبووە سـەروگوێلاکی ڕێبـوارێکی بێتـاوان، ئیدی لەسـەر ئەوە یەکڕاست لە ئیدارەی هێڵـی ئاسـن دەرکرابوو. ئەو بویەرە بووە بایسـی ئەوەی داکی ئـاللان، ئەم ئامۆژگـارییەی کوڕەکەی بکات: ئاللان، ئاگات لە خۆت بێت، لە خەڵکانی مەست نزیک مەبەوە.

ئاللان، دەبوایە بە قسەی داکی بکات.

کـوڕیژگەکە گەورە بـوو، ئەوسـا بۆچوونەکـانی خۆیشـی ئـاوێتەی ئامۆژگارییەکـانی داک و بابی کرد. ئاللان، قەناعەتی وا بوو کەشیشان و سیاسەتوانان بە هەمـان ئەندازە سـەخیفن، ئیدی کەمترین فەرقی نەدەکرد کە ئەو خەڵکانە کۆمۆنیسـت، یـان فاشیسـت، یان کەپیتالیست یـان هەر گرووپێکی سیاسـیی دیکە بن، بەڵام لەم بۆچـوونەدا هـاوڕای بابی نەبوو کە خەڵکانی متمانەپێکراو شـەربەتی میوە ناخۆنەوە.

لەوەدا هـاوڕای دایکـی بـوو کە بەشـەر چەنـد کەمـیش بخـواتەوە، دەبێـت ئاگـای لە ڕەفتاری خۆی هەبێت.

لە واری پراکتیکیدا، هەمـوو ئەو بابەتـانە بەو مانـایە بـوو کە بە درێژایـی سـەفەرە دەریـاییەکە، ئـاللان بچـووکترین پەیوەنـدیی بە سـونگ مـی لینـگ و بیسـت پاسـەوانە هەمیشـە مەسـتەکەیەوە نەبـوو (لەڕاسـتیدا نۆزدەیـان مـابوونەوە، چـونکە یەکێکیـان لە کەشتییەکە بەر بووبووەوە و خنکا). هەروەهـا نە لە دوور و نە لە نزیک بەشداریی لە زەوتکردنی ئەو ژنە دیلەدا نەکرد کە سـەربازەکان بردبوویـانە پێچوپەناکانی ژێرەوەی کەشـتییەکە، بە لایەوە گرنـگ نەبـوو ئەو ژنە کۆمۆنیسـت بێـت یـان نـا، یـان ژنـی هەر کەسێک بێت.

ئیدی ئاللان، بڕیاری دا دیلەکە لەگەڵ خۆیدا ببات و لە کەشتییەکە هەڵبێت. ئاللان، دۆستەکەی، واتە کوڕێژگە شاگردەکەی لە نەخشە و بڕیارەکەی خۆی ئاگادار کردەوە و بە شەرمەوە داوای لێ کرد هەندێک خواردن بۆ ژنە دیلەکە ئامادە بکات تـا لە ڕێگە پەکیان نەکەوێت. ئاهمینگ قاییل بوو، بەڵام بەو مەرجەی ئەویش لەگەڵ خۆیاندا ببەن.

هەژدە نەفەر، لە نـۆزدە پاسـەوانەکەی سـنگ مـی لینـگ، لەگەڵ شـێف و کـاپتنی کەشـتییەکەدا چووبـوون بـۆ نـاو شـاری وای بین تـا ڕابوێرن. سـەربازی نۆزدەیەم بە تووڕەیی لە بەردەم ئەو پەیژەیە ڕۆنیشتبوو کە دەچوو بۆ سـالوولەکەی چیانگ ژینگ لە خوارەوە.

ئاللان، لە تەنیشت پاسەوانەکەوە ڕۆنیشت و پێشنیازی کرد پێکەوە شتێک بخۆنەوە. پاسـەوانەکە گـوتی چـونکە بەرپرسـیارێتیی چـاودێریی گرنگتـرین زینـدانی وڵات بەو سپێردراوە، ڕەنگە بۆ وی دروست نەبێت، کە شتێک بخواتەوە.

ئاللان گوتی: منیش لەگەڵتدام، بەڵام پێکێک هیچ نییە، وایە؟

سەربازەکە کەمێک دەبیرەوە چوو و ئەوسا گوتی: نا، پێکێک کێشە نییە.

دوای دوو سـەعاتان، ئـاللان و پاسـەوانەکە سـەرووبوتڵیان تەواو کردبـوو، لەم مـاوەیەدا کـوڕێژگە شـاگردەکە، خـۆی بە مـووبەقەکەدا کردبـوو و خـواردەمەنیی دنیـای هێنابوو. ئاللان کەمێک سـەری قورس بووبوو، بەڵام پاسـەوانەکە هەر لەوێ و بەسـەر کەشتییەکەوە بێهۆشوگۆش خەوی لێ کەوتبوو.

ئـاللان، نیگـایەکی ئەو سـەربازەی کـرد کە بە بێهۆشـی لە بەر پێیـدا لاڵ و پـاڵ لێـی کەوتبوو، گـوتی: هەرگیـز هەوڵ مەدە لە خـواردنەوەدا بـۆڕی بابـایەکی سـوێدی بدەیت، مەگەر بە خۆت فنلاندی یان ڕووس بیت.

ئـاللان کارلسـون، پسـپۆڕ و شـارەزای داینامیـت و بۆمبـا، ئاهمینـگ، کـوڕێژگە شـاگردەکە و جیانـگ ژینگـی هاوسـەری ڕابەری کۆمۆنیسـتانی وڵات، کە تـا ئەبەد منەتباری ئەو دوو کەسە بوون، درەنگانی شەو کە دنیا نوقمی تاریکی بوو، بە دزییەوە

لە کەشتییەکە دابەزین و دوای ماوەیەک خۆیان لە هەمان کۆجاڕدا بینییەوە کە جیانگ ژینــگ و هێزەکــانی مێــردەکەی مــاوەیەکی زۆر لەوێنــدەر ئۆردوبەزیــان کردبــوو. خێوەتنشینانی تبتی دەڤەرەکە جیانگ ژینگیان باش دەناسی، بۆیە ئەم سێ هەڵهاتووە، دوای ئەوەی ئەو خواردنەشیان تەواو کرد کە ئاهمینگ لەگەڵ خۆیدا هـانیبووی، خەمی برسێتییان نەبوو. 'تبت'یەکان هەواداری سوپای ئـازادیی میللـی بـوون؛ چونکە باوەڕیان وا بوو هەر کۆمۆنیستەکان لە شەڕی ناوخۆی چیندا سـەر بکەون، ئیدی تبت یەکسـەر سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێت.

پێشـنیازی جیانـگ ژینـگ ئەوە بـوو کە بە سـێ قـۆڵی و بە هەشـتاو بەرەو بـاکوور بڕۆن، ئەوسا بە شێوەیەکی بازنەیی گەورە، بە دەوری ئەو ناوچانەدا بسوڕێنەوە کە لە کـونترۆڵی هێزەکـانی حیزبـی کومنتانگـدا بـوو. دوای پیـادەڕۆییەکی سـێ مـانگە بە چیاوچۆڵەکانـدا، ئەوسـا دەگەنە ژییـان لە دەڤەری شـانزی، ئەو دڵنیـا بـوو ئەگەر بڕێـک خێرا بڕۆن، تا ئەو کاتە مێردەکەشی دەگاتە ئەوێندەر.

ئاهمینگ، کوڕیژگە شاگردەکە زۆر خۆشحاڵ بوو، چونکە جیانگ ژینگ بەڵێنی دابوو دەتوانێـت ببێـت بە بەردەسـتی خـودی مـاو. ئاهمینـگ کە ڕەفتـاری نامرۆڤـانەی پاسەوانەکانی بینیبوو، ژێراوژێر لە دڵی خۆیدا بووبوو بە کۆمۆنیست، نەها کە سەنگەری فیکری خۆی گۆڕیبوو، گۆڕینی پیشەکەی پێ خراپ نەبوو.

ئاللان دڵنیا بوو چالاکیی کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەو پەکی ناکەوێت، بگرە بەبێ ئەو باشـتر بەردەوام دەبێـت، بـۆیە بـاوەڕی وا بـوو ئەگەر بـۆ مـاڵی خـۆی گەڕابـاوە، زۆر باشتر بوو. ئایا جیانگ ژینگ هەمان بۆچوونی پەسەند دەکرد؟

بەڵێ، جیانگ ژینگ ڕازی بوو، بەڵام ماڵ و وڵاتی ئەو سوێد بـوو، سـوێدش ئێجگـار دوور بوو. کارلسون بەتەما بوو چۆن خۆی بگەیەنێتە سوێد؟

ئاللان وەڵامی دابووەوە کەشتی و فڕۆکە زۆر عەمەلین، بەڵام هەڵکەوتەی خراپیی ئۆقیانووسـەکان، کردبوویە کارێـک ئینسـان لە نـاوجەرگەی چینـدا، دەسـتی بە کەشـتی نەگات. لە ئالیەکی دیکەشـەوە تـا نـها هـیچ فڕۆکەخـانەیەکی لەو شـاخوداخانە نەبینیبوو. بەهەرحاڵ ئەگەر هەشبوایە، پارەی کڕینی بلیتی نەبوو.

ئـاللان گـوتی: کەواتە جـگە لە پیـادەڕۆیی هـیچ چـارێکی دیـکەم نییە، کوێخـای ئەو گونـدەی کە بەوپەڕی گەرموگـوڕی پێشـوازیی سـێ کەسـە هەڵهـاتووەکەی کردبـوو، برایەکــی هەبــوو کە تــا ئەو کــاتە کەس بە ئەنــدازەی ئەو ســەفەری نەکردبــوو. لە ڕۆژئاواوە تا کابول و لە باکوورەوە تا ئولان باتور ڕۆیبوو. تەنانەت لە سەفەرێکیان بۆ هیندی ڕۆژئاوا پێیەکی گەیاندبووە ئاوەکانی کەنداوی بنگال، نها دووبـارە بۆ گونـد و

زێدەکەی خۆی ڤەگەڕابووەوە. کوێخای گوند ناردی بەدووی براکەیدا، تا بێت و نەخشەی جیهان بۆ جەنابی کارلسون بکێشێت تا ڕێگەی گەڕانەوەی بوسوێد لا ڕوون ببێت. برایەکەی بەڵێنی ئەو کارەی دا و ڕۆژی دوایی نەخشەکە ئامادە بوو.

پیاو ئەگەر تەواو ئامادە بێت و جلوبەرگی زۆر چاکیشی لەبەردا بێت، پەڕینەوە لە چیاکانی هیمالایا بە کۆمەکی نەخشەیەکی دەستی و قوتبنمایەکەوە، کارێکی ئێجگار دژوارە و غیرەتێکی دەوێت. لەڕاستیدا ئاللان دەیتوانی لە باکووری هیمالایاوە خۆی بە دەڤەری ئارال و دەریای قەزوین بگەیەنێت، بەڵام واقیع و ئەو نەخشەیەی بە دەستی بۆیان دروست کردبوو تێکیان نەدەکردەوە. ئیدی بەو جۆرە ئاللان، خاترخوازی لە جیانگ ژینگ و ئاهمینگ کرد و بە پای پیادە کەوتە ڕێ. دەبوایە لە ڕێگەی تبتەوە بکەوێتە ڕێ و لە چیاکانی هیمالایاوە تێبپەڕێت، پاشان بە هندی ڕۆژئاوایی، ئەفغانستان، ئێران و تورکیادا بەرەو سوێد بڕوات.

دوای دوو مانگەڕێ، ئاللان بۆی دەرکەوت سەمتە هەڵەکەی زنجیرە چیاکانی هیمالایای گرتبووە بەر و باشترین کار ئەوە بوو بگەڕێتەوە و لە هەوەڵەوە سەمتە دروستەکە هەڵبژێرێت. ئاللان دوای چوار هەیڤان (ئەم جارە سەمتە دروستەکەی زنجیرە چیاکانی هیمالایای گرتبووە بەر) بۆی دەرکەوت ڕێکردنەکەی زۆر خاوە. بۆیە لە بازاڕی یەکێک لە گوندە چیاییەکاندا، بە ئاماژە و بەو زمانە چینییە کەمەی فێری بووبوو، کەوتە سەودای وشترێک. ئەنجام ئاللان و وشترفرۆشەکە پێک هاتن. هەڵبەتە ئەم پێکهاتنە وەختێک سەری گرت کە یارۆی فرۆشیار دڵنیا بوو ئاللان بەنیاز نییە کچەکەی ئەو، وەکو بەشێک لە سەوا و مامەڵەکە لەگەڵ خۆیدا ببات.

هەڵبەتە بردنی کیژەکە بۆ ئاللان گرنگ بوو. هەڵبەتە نەک لەبەر سەدەمێن بەدەنی، چونکە ئاللان پێویستی بەو مەسەلانە نەبوو، پێشتر ئەو پێویستییەی لە ژووری نەشتەرگەرییەکەی پرۆفیسۆر لوندبریدا فڕێ دابووە تەنەکەی خۆڵەکەوە. بۆیە حەزی لەوە بوو کیژێک لەگەڵ خۆیدا ببات، تا لە ڕێگەدا بە تەنها نەبێت، چونکە لەگین بوو ژیانی تەنهایی لە هەردە و باسکەکانی تبتدا زۆر ناخۆش بێت.

بەڵام چونکە کیژەکە تەنها زمانی یەکنەوای تبتی بورمەیی دەزانی، کە ئاللان سەری لێ دەرنەدەکرد، بۆیە ئاللان گەییە ئەو قەناعەتەی بڕیاری بێت کیژەکەی بۆ هاودەمی پێویست بێت، ئەوا دەتوانێت هاودەمی و قسە لەگەڵ وشترەکەدا بکات، لەو حاڵەدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان کیژەکە و وشترەکەدا نییە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەری ئەوە هەبوو کیژەکە، لە دڵی خۆیدا بەتەمای هەندێک ئارەزووی سێکسی بێت. جۆری تەمەشاکردنی کیژەکە، ئاللانی گەیاندبووە ئەو ئەنجامگیرییە.

بەو ئاوایە دوو هەیڤی دیکەی لە تەنهاییدا بەسەر برد. ئیدی ئاللان بە لەقەلەق بەسەر وشترەوە دەڕۆی. پاشان تووشی سێ کەسی غەریب بوو کە ئەوانیش بە سواری وشترەوە بوون. ئاللان، بە هەموو ئەو زمانانەی دەیزانی: چینی، ئەسپانی، ئینگلیزی، سوێدی، پێشوازی و خێرهاتنیی کردن. خۆشبەختانە ئینگلیزییەکە کاری خۆی کرد.

ئاللان، بە سێ ئاشنا تازەکەی گوت، کە بە نیازی وڵاتی خۆیەتی (سوێد). سێ زەلامەکە حایر و حەپەساو، بە چاوی ئەبڵەقەوە تێیانڕوانی: یانی ئەم پیاوە دەیەوێت بە سواری وشتر ئەم هەموو ڕێگەیە ببڕێت و بگاتە باکووری ئەورووپا؟

ئاللان گوتی: دەبێت ماوەیەکی کورت سواری کەشتی بم تا لە ئوێرەسوند بپەڕمەوە!

ئەو سیانە نەیاندەزانی ئوێرەسوند لە کوێیە، بۆیە ئاللان گوتی ئوێرەسوند خاڵی یەکانگیری دەریای باڵتیک و ئۆقیانووسی ئەتڵەسە. پاش ئەوەی سێ زەلامەکە دڵنیا بوون ئاللان، پیاوی نۆکەرەکەی ئەمریکا و ئینگلیز، واتە شای ئێران نییە، خولکیان کرد کە بەگەڵ وان بکەوێت. بۆیان ڕوون کردەوە هەرسێکیان لە زانکۆی تاران زمانی ئینگلیزییان خوێندبوو، هەر لەوێندەرش ئاشنایەتییان پەیدا کردبوو. دوای تەواوکردنی خوێندنیش دوو دانە ساڵ لە چیندا ژیابوون، بە هەمان خولیا و کەڵکەڵەی قارەمانی کۆمۆنیستەکان، واتا ماوتسی تۆنگەوە دەژیان، ئێستاش بۆ زێدی خۆیان، بۆ ئێران بەڕێوە بوون.

یەکێک لەو سێ پیاوە گوتی: ئێمە مارکسین. بە ناوی کرێکارانی جیهانەوە خەبات دەکەین، بە ناوی وانەوە لە ئێران و هەموو جیهان شۆڕش بەرپا دەکەین. کۆمەڵگەیەک لەسەر بنەمای یەکسانیی ئابووری و جڤاکی هەموو تیرەی بەشەر ڕۆدەنەین: هەر کەسە بەگوێرەی توانای خۆی و هەر کەسە بەگوێرەی پێویستیی خۆی.

ئاللان گوتی: تێدەگەم هاوڕێ. ئەرێ تۆزێک ڤۆدگای زیادە شک نابەن؟

پێیان بوو، بوتڵەکە لەسەر ئەم وشترەوە بۆ سەر ئەو وشتر دەستاودەستی کرد. ئاللان هەستی کرد بەرەبەرە سەفەرەکەی بە خۆشی لێ دەگوزەرێت.

دوای یازدە هەیڤان، بە درێژایی ئەو ماوەیە، ئەم چوار پیاوە توانییان بە لای کەمەوە سێ چەلان فریای یەکدی بکەون و یەکدی ڕزگار بکەن: چەند جارێک تووشی ڕەنوو بوون، چەتە و ڕێگران ڕێیان پێ گرتن، گیرۆدەی سەرماوسۆڵەی توند بوون، چەندین جار برسێتی بەرۆکی گرتن. دوان لە وشترەکان مردار بوونەوە. ناچار بوون وشتری سێیەم سەر ببڕن و بیخۆن. وشتری چوارەمیان بە بەرتیل دا بە ئەفسەری گومرکی ئەفغانستان، تا نەیانگرێت و ڕێیان بدات بەبێ کێشە ئاودیوی خاکی ئەو وڵاتە ببن.

ئاللان، هەرگیز وێنای نەدەکرد بەو ئاسانییە لە زنجیرەچیاکانی هیمالایا بپەڕێتەوە، بەڵام پاشان هەستی کرد بەخت یاری بووە کە تووشی ئەو سێ کۆمۆنیستە بووبوو. هەرچەندە ئاللان ئەزموونی سەختی زستانانی سویدی هەبوو، ئەگەری ئەوە هەبوو بەرگەی سەرماوسۆڵەی ئەو ڕێگەیە بگرێت، بەڵام گومان لەوەدا نەبوو بەبێ ئەو سێ کەسە بتوانێت لە هەنبەر تۆفانی دۆڵ و نەهالاندا، ڕووبارێن خرۆشاو و سەرمای چل پلەی ژێر سفردا هەڵبکات. ئیدی جەماعەت ناچار بووبوون، لە بەرزایی دووهەزار مەتردا چادر هەڵبدەن و سەبر بکەن تا زستانی ١٩٤٦ – ١٩٤٧ تێبپەڕێت. ئیدی ئەو سێ کۆمۆنیستە، بەتایبەتی کاتێک زانییان ئاللان لە مەسەلەی دینامیت و تەقینەوەدا، شارەزایی هەیە، زۆریان هەوڵ دا بچێتە ڕیزی وانەوە و کاریان لەگەڵدا بکات، بەڵام ئاللان، هێشتا سەرکەوتنی بۆ خواستن و گوتی حەزی لێیە بۆ سوید بگەڕێتەوە و سەرپەرشتیی ماڵەکەی خۆی لە یکسهولت بکات (ئاللان، لەو ساتەدا بیری چووبووەوە هەژدە ساڵ لەوەوبەر بە دەستی خۆی خانووەکەی خۆی تەقاندبووەوە و داری بەسەر بەردیەوە نەهێشتبوو.)

لە ئەنجامدا، سێ پیاوەکە دەستبەرداری ئەوە بوون قەناعەت بە ئاللان بهێنن بزوتنەوەکەی وان دروست و لەسەر هەقە. بە بۆچوونی وان، ئاللان هاوڕێیەکی باش بوو، لەو کەسانە نەبوو، بە تۆزێک بەفر سەغڵەت ببێت و بکەوێتە پرتەوبۆڵە. پاشان پێگەی ئاللان باشتر بوو، چونکە لەو ماوەیەدا کە ئەوان چاوەڕوان بوون دنیا خۆش بکاتەوە و زستان بڕەوێتەوە، ئاللان توانیبووی خواردنەوەیەکی باش لە شیری بزن دروست بکات. کۆمۆنیستەکان، هەرچی سەریان هێنا و سەریان برد، نەیانزانی ئاللان چۆن ئەو کارەی کردبوو. ئیدی هەرچۆنێک بوو خواردنەوەیەکی باش و بەقوەت بوو، نەک هەر گەرمی دەکردنەوە، بەڵکو دەیکردە کارێکیش کە بە ئاسانی تەحەمولی چاوەڕوانی بکەن.

لە بەهاری ساڵی ١٩٤٧دا، توانییان خۆ بگەیەننە بەشی باشووری بەرزترین زنجیرەکێوی جیهان. سێ کۆمۆنیستەکە تا زیاتر لە ئێران نزیک دەبوونەوە، زیاتر حەزیان دەکرد باسی ئایندەی وڵاتەکەیان بکەن. ئیدی کاتی ئەوە بوو بە یەکجارەکی و بۆ هەمیشە بێگانان لە وڵاتی خۆ وەدەر بنێن. ئینگلیزەکان، ساڵەهای ساڵ پشتیوانییان لە شای ئێران کردبوو، ئەوە تاوانێکی گەورە بوو، بەڵام وەختایەک شای ئێران بێزار بوو و تاقەتی چوو لەوەی پتر سەگی دەستەمۆی وان بێت و ناڕەزایی دەربڕییبوو، ئینگلیزەکان سووک و باریک لەسەر تەختی پاشایەتی هێنابوویانە خوارەوە و کوڕەکەیان لە جێی ئەو دانابوو. ئەوە پەیوەندیی نێوان سونگ می لینگ و چیانگ کای

شـکی بیـری ئـاللان خسـتبووەوە، کە لەم دنیـا گەورەیەدا هەنـدێک جـار پەیوەنـدیی خانەوادەگی چەند سەیرە.

هەڵبەتە، دەم چەور کردنی کوڕ، زۆر لە هی باب ئاسانتر بوو، بەو جۆرە ئینگلیز و ئەمریکاییەکـان دەسـتیان بەسـەر نەوتـی ئێرانـدا گـرت. نهـا ئەو کۆمۆنیسـتە ئێرانیـانە، لێبڕابوون بە چاولێکەری و پەیڕەو کردنی ماوتسی تۆنگ، سنوورێک بۆ ئەو ڕەوشـە دابنەن، بەڵام کێشـەکە لەمەدا بوو کە هەندێک کۆمۆنیستی دیکەی ئێرانی، زیاتر مایل بـوون بە لای ئەو جـۆرە کۆمـۆنیزمەدا، کە لە سـۆڤیەتی سـتالینی دا پەیـڕەو دەکـرا. هەروەهـا تەڤگەرێکـی شۆڕشـگێڕانەی ناپەسـەندی دیکەش هەبـوو کە هەمـوو شـتێکی دیکەی تێکەڵ بە ئایین دەکرد.

ئاللان گوتی: جوانە.

هەڵبەتە مەبەستی پێچەوانە بوو.

ئەوانیش بە گوتـارێکی مارکسـییانەی دووردرێژ وەڵامیـان دایەوە، تـا ئەوە نیشـان بدەن ڕەوشەکە لەوە جوانتر و باڵکێشترە کە ئاللان گوتبووی. گوتیان ئەو گرووپە سێ نەفەرییەیان سەر دەکەون یان دەمرن!

ڕۆژی دواتـر، دەرکەوت ئەگەری حـاڵەتی دووەم زیـاترە لە حـاڵەتی یەکەم، چـونکە هەر کە بە چوارقـۆڵی پێیـان نـابووە خـاکی ئێـران، پاسـەوانی سـنوور، گرتبوویـانن. بە داخەوە هەر یەکێک لەو سێ کۆمۆنیسـتە سـەروو کۆپییەکی مانیفێسـتی کۆمۆنیسـتیان (بە زمـانی فارسـی) پـێ بـوو، کە ئەمە بـووە بایسـی ئەوەی یەکسـەر و هەر لەوێـدا گوللەبارانیان بکەن، بەڵام ئاللان، چونکە هیچ ئەدەبیاتێکی پێ نەبوو لە مەرگ خەلەسی. لە لایەکی ترەوە چونکە سەر و سیمای لە فەرەنگیان دەچوو، پێویسـت بـوو چاودێریی زیاتری لەگەڵدا بکەن. لە حاڵێکدا لوولەی تفەنگێک لە پشـتی گیرابـوو، ئـاللان، کڵاوەکەی لەسەری داگرت و بە دڵ سوپاسی ئەو سێ کۆمۆنیستە کوژراوەی کرد کە لەگەڵیداندا بە چیاکـانی هیمالایـادا پەڕیبـوونەوە. هەرچـی دەکـرد نەیـدەتوانی بـاوەڕ بەو حەقـیقەتە بکات کە ڕاستگۆترین دۆستانی بە بەرچاویەوە کوژرابوون.

ئاللان، دەرفەتی ئەوەی نەبوو، لەوە زیاتر پرسە بۆ دۆستەکانی بگرێت.

لە پشـتەوە قۆڵبەسـتیان کـرد و تووڕیـان دایە سـندووقی پشـتەوەی کـامیونێکەوە. ئـاللان لە کاتێکدا لە پەتـۆیەکەوە پێچرابـوو، بە زمـانی ئینگلیـزی داوای کـرد بیبەن بـۆ کونسوولخانەی سوێد لە تاران، یـان ئەگەر سـوێد هـیچ نوێنەرایەتییەکی لەوێندەر نییە، ئەوا بۆ  کونسوولخانەی ئەمریکای ببەن.

بە ڕاوێژێکی هەڕەشەئامێز بەرسڤیان دایەوە: دەمت داخە.

ئاللان، لە مانای ئەو وشانە حاڵی نەبوو، بەڵام هەستی بە هەڕەشە پەنهانەکە دەکرد. پێدەچوو، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش دەمی داخستبایە، زەرەری نەکردبایە.

***

لەوبەری گۆی زەوییەوە، لە واشنتۆنیش سەرکۆمار هاری ترومان بە کێشە و ئاریشەی تایبەتیی خۆیەوە گرفتار بوو. کاتی هەڵبژاردن نزیک بووبووەوە، دەبوایە بەرنامەی سیاسیی خۆی بۆ جەماوەری خەڵک ڕوون بکاتەوە. بۆ ئەم کارەش دەبوایە لە پێش هەموو شتێکدا ئەوە ڕوون بکاتەوە سیاسەتی ئەو چییە، پرسیاری ستراتیژی ئەوە بوو دەیەوێت چۆن پشتیوانی لە زنجییەکانی باشوور بکات؟ دەبوایە بە جۆرێک ڕەفتار بکات کە هەم مودێرن بێتە بەرچاو، هەم سازشپەرێز نەنوێنێت. بەو ئاوایە دەیتوانی خۆشەویستی جەماوەری خەڵک بەدەست بهێنێت.

لە مەیدانە جیهانییەکەشدا ستالین هەبوو، کە دەبوایە بە جۆرێک لە جۆران مامەڵەی لەتەکدا بکات. ستالین توانیبووی کەسانێکی زۆر ئەفسوونی خۆی بکات، بەڵام هاری ترومان لەو خەڵکانە نەبوو.

وێڕای هەموو ئەو پرسانە، نها چین خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی بوو. ستالین، یارمەتیی ماوتسی تۆنگی دەدا و ئیدی هاری ترومانش هیچ چارێکی نەبوو جگە لەوەی پشتیوانی لەو چیانگ کای شکە ناکارامەیە بکات. سونگ می لینگ، تا نها هەر کۆمەکێکی لە ئەمریکاییەکان داوا کردبوو، بۆی جێبەجێ کرابوو، بەڵام دەبوایە ئەمە چیتر بەردەوام نەبێت. ترومان، حەزی دەکرد بزانێت ئاللان کارلسون چیی بەسەر هاتبوو. کە پیاوێکی ناسک و خۆشەویست بوو.

چیانگ کای شک، شکست لە دووی شکستی سوپایی بەسەر دەهات. پرۆژە و نەخشەکەی سونگ می لینگیش بووەوە بە خوری، چونکە ئەو پسپۆڕی دینامیتەی بەگەڵی خرابوو، دیار نەمابوو و ژنەکەی ئەو لێبۆکەشی لەگەڵ خۆیدا بردبوو.

سونگ می لینگ، چەندین جار داوای کردبوو لەگەڵ سەرۆک تروماندا کۆ ببێتەوە، دەیویست بە خۆی دەست بنێتە بینی ترومان و بیخنکێنێت؛ چونکە ئەو ئاللان کارلسونی بەگەڵ خستبوو. لێ ترومان بە هیچ جۆرێک دەرفەتی نەبوو پێشوازی لە سونگ بکات. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بیری ئەوەدا بوو پشت بکاتە حیزبی کومنتانگ. لە چیندا گەندەڵی، هەڵاوسانی توند و قاتوقڕی و نەهامەتی هەمووی بە قازانجی ماوتسی تۆنگ بوو. لە کۆتاییدا چیانگ کای شک، سونگ می لینگ و هەموو هەوادارەکانیان ناچار بوون بۆ تایوان هەڵبێن. بەو جۆرە چین بوو بە وڵاتی کۆمۆنیستەکان.

**دوانزەیەم**

**دووشەممە، ٢٠٠٥/٥/٩**

دۆستانی مەزرای دەریاچە بۆیان دەرکەوت کاتی ئەوە هاتووە سواری پاسەکەیان ببن و بە یەکجارەکی و بۆ هەمیشە مەزراکە بەجێ بهێڵن، بەڵام هەندێک کاری دی مابوو، دەبوایە بەر لە ڕۆیشتن ئەنجامی بدەن.

جوانێ، بارانیە کڵاودارەکەی لەبەر کرد، دەستکێشی لاستیکیی لەدەست کرد، سۆندەی ئاوەکەی کردەوە. بۆ ئەوەی شوێنەواری ئەو شەقاوەیەی کە سونیا خۆی دابوو بەسەریدا و کوشتبووی، بشواتەوە، بەڵام هەوەڵ جار دەمانچەکەی لە دەستی ڕاستی تەرمەکە دەرهێنا و لەبەر هەیوانەکەدا داینا (کە پاشان بیری چوو بیبات). لوولەکەی لە دارسنەوبەرێک بوو کە چەند مەترێک لەولاترەوە بوو. بەشەر لە کوێ بزانێت ئەم جۆرە شتانە لەناکاودا دەتەقن.

وەختایەک تەرمەکەی سەتڵ لە شیاکەی سونیا خاوێن بووەوە، لەژێر کوشنەکەی پاشەوەی فورد موستانگەکەی خۆیدا تاقەتی کرد. هەڵبەتە سەتڵ لەژێر کوشنەکەی دواوە جێی نەدەبووەوە، بەڵام نها بە جۆرێک شێ لدرابوو و چووبووەوە یەک، بەتەواوەتی جێی دەبووەوە.

ئەوسا یولیوس، سواری ئۆتۆمبێلەکەی سەتڵ بوو و کەوتە ڕێ. بێننیش بە سواری ئۆتۆمبێلەکەی جوانێ دوای کەوت. بڕیاریان وا بوو بەتەواوی لە مەزرای دەریاچە دوور بکەونەوە، ڕێک وەکو تاوانکاری ڕاستەقینە بەنزین بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو شەقاوەیەدا بکەن و ئاگری تێ بەر بدەن، بەڵام بۆ ئەو کارە دەبەیەک بەنزینیان دەویست، بۆیە یولیوس و بێننی لە بەنزینخانەیەکی براس وەستان. بێننی چوو تا دەبە و بەنزین بکڕێت و یولیوسیش چوو شیرینییەکی خۆش بکڕێت، بوونی ئۆتۆمبێلێکی فوردی موستانگی نوێ، هەشت سلندەر، بە قوەتی سێسەد ئەسپ لە بەردەم بەنزینخانەیەکی براس، شتێک بوو وەک بوونی فڕۆکەیەکی بوینگ ٧٤٧ لە ناوەندی ستۆکهۆڵمدا، باڵکێش بوو. تەنها یەک سووکە غەفڵەت بەس بوو تا برا بچووکەکەی سەتڵ و یەکێک لە هاوڕێکانی لە باندی ڤویولنس فرسەتیان لێ بهێنن. برا بچووکەکەی سەتڵ، لە پشت سوکانی موستانگەکەوە دانیشت و هاوڕێکەشی چاودێریی ئەو کابرایەی دەکرد کە پێدەچوو خاوەنی موستانگەکە بێت، لە بەردەم دووکانێکی بەنزینخانەکەدا وەستابوو و تەمەشای شیرینەمەنیانی دەکرد. چ ڕێکەوتێکی سەیر بوو! چ شۆفێرێکی گەوج بوو، تەنانەت سویچەکەشی لە ئۆتۆمبێلەکە دەرنەهێنابوو.

***

پاشان کە بێنی و یولیوس لە فرۆشگەکە وەدەر کەوتن، یەکەمیان دەبەیەک بەنزینی تازەی بەدەستەوە بوو، دووەمیان ڕۆژنامەیەکی نابووە ژێر باخەڵی و دەمی پڕ بوو لە نوقڵ و نەبات. سەیریان کرد موستانگەکە نەماوە.

یولیوس گوتی: باشە موستانگەکەم لێرە ڕانەگرتبوو؟

بینی گوتی: با لێرەدا بوو.

یولیوس پرسی: یانی نها کەوتووینەتە کێشە؟

بینی گوتی: بێگومان، کێشەیە و ئەولاتریش.

ئەوسا، سواری پاساتەکە بوون و بۆ مەزرای دەریاچە زقڕینەوە.

***

موستانگەکە ڕەش بوو، دوو هێڵی زەردی ڕەخشان بە سەقفەکەیدا کێشرابوو. ئۆتۆمبێلێکی توحفە و ئێجگار جوان بوو. برا بچووکەکەی سەتڵ و هاوڕێکەی دەیانتوانی بە پارەیەکی مۆڵ بیفرۆشن. ئەم دزییە چەند خوابەختەکی بوو، ئەوەندەش ئاسان بوو. دوای پێنج خولەکان لەم دزییە ڕێکەوتەکییە، ئۆتۆمبێلەکە بە ساغ و سەلامەتی گەیەنرایە گەراجی ئۆتۆمبێلەکانی باندی ڤویولنس و شاردرایەوە.

ڕۆژی دوایی بەر لە هەر شتێک تابلۆی ئۆتۆمبێلەکەیان گۆڕی، پاشان برا بچووکەکەی سەتڵ، ئۆتۆمبێلەکەی بە یەکێک لە دەستیارەکانیدا بۆ ڕێگە، بۆ لای شەریکەدز و تاوانەکانی خۆیان نارد. لەوێ لیتوانییەکانی هاوکاری گرووپی ناوبراو، بە تەزویری ژمارە و مانەفێستی ئۆتۆمبێلەکە، هەمان ئۆتۆمبێلیان بەو ناوەی کە هاوردە کراوە، بە یەکێک لە ئەندامانی ڤویولنسیان دەفرۆشت و بەو جۆرە، بە فێڵ و فەرەج ئۆتۆمبێلە دزراوە نایاساییەکە، دەبوو بە ئۆتۆمبێلێکی یاسایی.

بەڵام ئەم جارە تەقدیر لەگەڵ تەگبیردا نەهاتەوە، چونکە بەرەبەرە بۆنی بۆگەنی لەنێو ئۆتۆمبێلە دزراوەکەوە، کە لە گەراجێکی لانزی دەوروبەری باشووری ڕێگە ڕاگیرابوو، بەرز بووەوە. وەختایەک خاوەنی گەراجەکە کەوتە چاودێریی بۆنەکە، تەرمەکەی لەژێر کوشنەکەی پاشەوەی ئۆتۆمبێلەکەدا دۆزییەوە. پاشان بەدەم جنێودانەوە کەوتە هەڵکەندنی تابلۆی ئۆتۆمبێلەکە و هەر شتێکی دیکە کە بشێت لە ڕێگەیەوە مارکە و جۆر و ئەسڵی ئۆتۆمبێلەکە بناسرێتەوە. ئەوسا کەوتە هەڵوەشاندنەوەی بۆدی و کڕاندنی ڕەنگی ئەو ئۆتۆمبێلەی ڕۆژێک لە ڕۆژان موستانگێکی توحفە بوو و نها بەس قاوغەکەی مابووەوە. ئەوسا خاوەنی گەراجەکە

بابایەکی سەرخۆش و مەی ئالوودەی دۆزییەوە و بە چوار قاپە خواردنەوە ڕازیی کرد ئۆتۆمبێلەکە، بە تەرمەکە و بە هەموو شتەکانی ناویەوە بۆ سکرابخانە بەرێت تا وردوخاشی بکەن.

***

هاوڕێیانی مەزرای دەریاچە، ئامادەی ڕۆیشتن بوون. هەڵبەتە هەموویان کەمێک نیگەرانی موستانگە دزراوەکە و تەرمەکەی ناوی بوون، بەڵام ئاللان گوتی ئەوەی چوو چوو، ئەوەشی دێت دێت. وێڕای ئەوەش ئاللان قەناعەتی وا بوو دزانی ئۆتۆمبێلەکە هەرگیز پەیوەندیی بە پۆلیسەوە ناکەن، پۆلیس لە مەسەلەکە ئاگادار ناکەنەوە، چونکە دزانی ئۆتۆمبێل، حەزیان لە چارەی پۆلیس نییە.

سەعات شەشی ئێوارە بوو، دەبوایە بەر لەوەی دنیا تاریک بێت، بکەونە ڕێ، چونکە پاسەکە گەورە بوو، ڕێگەکەش لە سەرەتاوە باریک و پێچاوپێچ بوو.

سونیا، لە جێگە تایبەتییەکەی خۆی، لەناو پاسەکەدا وەستابوو. هەموو شوێنەوارێکی مافیلەکەیان لە مەزرا و ناو گەوڕەکە بەتەواوەتی پاک کردەوە. فوکس ڤاگۆنەکە و مارسیدسە کۆنەکەی بێننییان بەجێ هێشت، چونکە ئەو دوو ئۆتۆمبێلە لە هیچ کردەیەکی تاوانکاریدا بەکار نەهێنرابوون، ئەمە جگە لەوەی چیتر ئەو دوو ئۆتۆمبێلە بەکاریان نەدەهاتن.

پاسەکە کەوتە ڕێ. جوانێ، لە هەوەڵێڕا دەیویست بە خۆی پاسەکە باژوێت، چونکە زۆر شارەزای پاسئاژوتن بوو. لێ پاشان دەرکەوت بێننی، نیمچەشۆفێری پاس و بارهەڵگرانیشە، ئاژۆتننامەکەی، ئاژۆتننامەی گشتی بوو، بۆی هەبوو هەر جۆرە ئۆتۆمبێلێک باژوێت. بۆیە باشتر وا بوو ئەو پاسەکە باژوێت و پێویستی بەوە نەدەکرد لەوەی پتر یاساشکێنی بکەن.

کاتێک گەیشتنە سندوقی پۆستەکە، بێننی بە دەستی چەپدا پێچی کردەوە. جوانێ گوتبووی لەو ڕێگەیەوە، دوای ماوەیەک، پاش ئەوەی شەقام خاکییەکە دەبڕن، دەگەنە ئابی و ئەوسا دەگەنە ڕێگە خێراکە. تا ئەوێ نیوسەعاتە ڕێگە بوو، دەیانتوانی لەو ماوەیەدا گەنگەشەی بەرنامە و نیازی ئایندەی خۆیان بکەن، کە بە نیازی کوێن.

***

سەرۆک، چوار سەعاتێک لەوەپێش، نیگەران و دڵپەشێو دانیشتبوو، چاوەڕوانی ئەو تاقە نێردەیەی بوو کە هێشتا بێسەروشوێن نەبووبوو پەیوەندیی پێوە بکات. بڕیار بوو

هەر کە کاراکاس لە ئەرکەکەی بگەڕێتەوە، کە هەڵبەتە دیار نەبوو ئەرکەکەی چی بوو، بە دووقـۆڵی بەرەو باشـوور پەل ببـنەوە، بەڵام نە بە ماتۆڕسـواری و نە بە جلکـی فەرمیی گرووپەکەوە. کاتی ئەوە هاتبوو هەندێک وریا و بڕێک بەپارێز بن.

سەرۆک بەرەبەرە کەوتە گومان لە دروستیی ستراتیژیەتی ئارمی 'هەرگیز جارێکی دی' بە پشـتی قەمسـەڵەی ئەنـدامانی یانەکەیـانەوە. لە هەوەڵەوە بەو نیـازە ئەوەیـان کردبـوو کە جۆرە هەسـتێکی دۆسـتایەتی لای ئەنـدامان دروسـت بکـات، هەسـت بە ناسـنامەی خۆیـان بکەن و ببێـتە بایسـی ئەوەی خەڵکـی ڕێـز لە گـرووپ و بانـدەکەیان بگـرن، بەڵام کێشـەکە لەوەدا بوو ژمارەی ئەندامانی گرووپەکە زۆر لەوە کەمتر بوو کە سـەرۆک وێنای دەکرد. بۆیە گرووپێکی چوارکەسی، کە بریتی بوو لە سەتڵ، بورغوو، کاراکاس و خۆی، پێویستی بە قەمسـەڵەی یەک چەشـن نەبـوو. کێشـەی دووەمـی گـرووپەکە، ئەوە بـوو، کە لە هەر کـارێکی تاوانکاریـدا، بە ئـارمەکەدا دەناسـرانەوە. بـۆیە ئەو مـاموریەتەی لە مالمشـۆپین بە بورغوو سپێردرابوو، لەم ڕووەوە تـا ڕادەیەک هەڤدژ و نـاکۆک بـوو: لە ئـالییەکەوە دەبوایە بە دزیـیەوە و بە ئۆتـۆمبێلی نەفەرات بـۆ ئەوێنـدەر بـڕوات، لە ئـالییەکی دیـکەوە دەبـوایە قەمســـەڵەی گـــرووپەکەی بە ئـــارمی 'هەرگیـــز جـــارێکی دی' لەبەر بکـــردایە بـــۆ ئەوەی ڕووسەکانی، لایەنی دووەمی مامەڵەکە (صفقە) بیناسنەوە.

نها کە بورغوو بێسەروشوێن بوو... یـان چ بەڵایەکـی بەسـەر هـاتبوو. نووسـینێک بە پشـتی قەمسـەڵەکەیەوە بـوو، کە بە شـێوەیەک لە شـێوەکان دەیگـوت: هەر پرسـیارێکت هەیە، پەیوەندیی بە سەرۆکەوە بکە.

سەرۆک دەبیرەوە چوو: بە نەفرەت بیت!

دوای نیشـتنەوەی ئەو فەرتەنەیە، دەبێـت هەمـوو قەمسـەڵەکان بسـوتێنێت، بەڵام ئەم کاراکاسـە شـوومە، ملشکاوە کەوتبووە چ گۆڕێکەوە؟ بەگوێرەی قەول و قەرارەکەیـان دەبوایە ئێستا بکەوتنایەتە ڕێ!

دوای هەشت خولەکان کاراکاس پەیدا بوو، گوتی بۆیە دوا کەوت، چونکە چووبوو بۆ بازاڕی سێڤن ئیلێڤن و گوندۆرەیەکی کڕیبوو.

کاراکاس گوتی: هەم خۆشە و هەم تینوویەتی دەشکێنێت.

-هەم خۆشە و هەم تینوویەتی دەشـکێنێت؟ نیوەی گرووپەکە و پەنجـاملیۆن کـرۆن دیار نەماوە، تۆش دەچیت بۆ میوەکڕین؟

کاراکاس گوتی: میوە نییە، سەوزەواتە. لەڕاستیدا هەمان تیرەی ئاروو و ئەو شتانەیە.

سەرۆک خوای نەمـا، پڕی دایە گوندۆرەکە و کێشـای بە سـەری کاراکاسـدا و پیرە گونـدۆرە لە ناوەڕاسـتەوە بـوو بە دوو لەتەوە. کاراکـاس دەسـتی بە گریـان کـرد، گـوتی

نایەوێت لە ئێستاوە ئەندامی گرووپەکە بێت. گوتی لەوەتای بورغوو دیار نەماوە، پاشان سەتڵ دیار نەماوە، جگە لە جنێو و سخێفان هیچی تری لە سەرۆک پێ نەبڕاوە، وەکو ئەوەی خەتای کاراکاس بێت ئەوان دیار نەماون. نا، لە ئێستا بەدواوە دەبوایە سەرۆک بە خۆی مشووری خۆی بخوات، کارەکانی ئەنجام بدات، چونکە کاراکاس خەریک بوو دەچوو تەلەفۆن بۆ تاکسییەک بکات تا بێت و بۆ فڕۆکەخانەی ببات، لەوێندەرەوە ڕاستەوخۆ بۆ ماڵی خۆیان لە کاراکاس بڕواتەوە. لەوێ بە لای کەمەوە دەیتوانی ناوی ڕاستەقینەی خۆی بەدەست بهێنێتەوە.

کاراکاس، بە ئەسپانی گوتی: ناخۆشت کرد، لە تامت دەرکرد!

ئەوسا بە هەشتاو وەدەر کەوت.

***

سەرۆک ئاهێکی هەڵکێشا. هەموو شتەکان خراپ و خراپتر دەبوو. نها کە بیری لە ڕابردوو دەکردەوە، ددانی بەوەدا دەنا و پێی وا بوو وەختایەک بورغوو دیار نەما نەدەبوو داخی خۆی بە سەتڵ و کاراکاس بڕێژێت. کاتێک پاشان سەتڵ دیار نەمابوو، نەدەبوو داخی خۆی بە کاراکاس بڕێژێت. پاشان کە کاراکاس چووبوو گوندۆرەیەک بکڕێت، نەدەبوو گوندۆرەکە لە سەری کاراکاسدا بشکێنێت.

نها، سەرۆک بە تەنها و تەنها باڵ بکەوێتە چاودێری... تەنانەت نەیدەزانی چاودێریی چی بکات. ئایا بورغووی بۆ دەدۆزرایەوە؟ ئایا بورغوو جانتاکەی دزیبوو؟ تۆ بڵێیت بەم ڕادەیە گەمژە بێت؟ ئەدی سەتڵ چی بەسەر هاتبوو؟

سەرۆک ئۆتۆمبێلێکی لەژێر بوو، کە پێگەی جڤاکی ئەوی دەنواند: ئاخر مودێلی بی دەبلیو ئێکس پێنج، زۆربەی کات زۆر بە خێرایی دەیهاژۆت. پۆلیسی نهێنی، لە ڕێگەی ستۆکهۆڵمەوە بۆ سمولاند، چاودێرییان کرد و هەموو سەرپێچییە هاتوچۆییەکانیان تۆمار کرد. دوای تەیکردنی نزیکەی سێسەد کیلۆمەتر، پۆلیس گەییـنە ئەو ئەنجامگیرییەی شۆفێری ئەو ئۆتۆمبێلە بی ئێم دەبلیوەی لە چاودێریدا بوون، ئەگەر سەرپێچییەکانی بدرێتە دادگا، بۆ ماوەی نزیکەی چوارسەد ساڵ لە مۆڵەتنامەی شۆفێری مەحرووم دەبوو، کە ئەو سەرپێچییانە هەرگیز نەدرانە دادگا.

بەهەرحاڵ پۆلیسەکان لەو گەشتەدا لە 'ئۆسێدا'ش تێپەڕین، لەوێ تووشی گەورە لێکۆڵەری پۆلیس ئارونسون بوون، سوپاسی کردن و گوتی بە خۆی چاودێریی یارۆی تۆمەتبار دەکات.

سەرۆک، بە کۆمەکی جەمسەرنماکەی ناو بی ئێم دەبلیوکە، بە ئاسانی ڕێگەی مەزرای دەریاچەی دۆزییەوە، بەڵام تا پتر لەوێ نزیک دەبووەوە، زیاتر پێی بە بەنزیندا دەنا. خێرایی ئۆتۆمبێلەکە کە تا ئەو کاتەش هەر نایاسایی بوو، بە ڕادەیەک زیاد بوو، کە ئارونسون بە زەحمەت دەیتوانی دوور و نزیک دووی بکەوێت. لە لایەکەوە دەبوایە مەودایەکی ئەوتۆ بهێڵێتەوە کە پیرگونارگردین (واتە سەرۆک) هەست نەکات چاودێریی دەکرێت، بەڵام ئێستا نێچیرەکەی خەریک بوو بەرەبەرە دوور دەکەوتەوە. تەنها لە ڕاستەڕێگەکاندا، جار جارێک، لە دوورەوە بی ئێم دەبلیوکەی بەدی دەکرد، تا ئەوە بوو ئەنجام ئۆتۆمبێلەکەی لێ ون بوو!

گردین، کێوە چوو؟ بێگومان لە شوێنێکدا پێچی کردووەتەوە یان...؟ ئارونسون، خێرایی ئۆتۆمبێلەکەی هێواش کردەوە. هەستی دەکرد ئارەقە لە هەنیەی دەڕژێت. هەڵبەتە چاوەڕوانی ئەم ڕەوشە نەبوو.

بە دەستە چەپدا، شەقامێکی لاوەکیی سەخت هەبوو. پێدەچوو بی ئێم دەبلیوکە خۆی بەو شەقامەدا کردبێت، یان ڕاست ڕۆیبێت، پاشان... بۆ ڕووتنێ. ئەم دەڤەرە ناوی ڕووتنێ نەبوو؟ یان تۆ بڵێیت گردین، زووتر پێچی کردبێتەوە؟

بێگومان هەر وای کردووە. ئارونسون پێچی کردەوە، ئەوسا خۆی بە شەقامە لاوەکییەکەدا کرد کە بە مەزەندە گردین بەوێدا ڕۆیبوو.

***

سەرۆک ناچار بووبوو بە هەموو هێزی خۆیەوە ستۆپ بگرێت تا خێرایی ئۆتۆمبێلەکە لە سەد و هەشتاوە بێتە سەر بیست، ئەوسا بە خێرایی چووبووە سەر ئەو شەقام گڵەی جەمسەر نما 'جی. پی. ئێس'ی ناو ئۆتۆمبێلەکە دیاریی کردبوو. نها تەنها یەک-دوو کیلۆمەتری مابوو، بگاتە جێگەی مەبەست.

بە پەنجا مەترێک لەولای سندووقی پۆستەکەی سەر ڕێگەی مەزرای دەریاچەوە، پێچێکی دیکە هەبوو. سەرۆک کە لە پێچەکە نزیک بووەوە، پاشی پاسێکی بینی، لەسەر هەمان ڕێگەی سەرۆک پێچی کردەوە. نها چ بکات؟ کێ لە پاسەکەدا بوو؟ ئاخۆ هیچ کەسێک لە مەزرای دەریاچە مابووەوە؟

سەرۆک، بڕیاری دا چاودێریی پاسەکە نەکات. پاشان پێچی کردەوە و خۆی بە ڕێگەیەکی پڕ پێچوپەنادا کرد، کە گەیاندییە خانوویەکی دێهاتییانە، گەورێکی گەورە، عەمارێک لە کەناری دەریاچەکە و مەزرایەک کە لە ڕەونەق و جوانی کەوتبوو. هیچ

هەواڵێک نە لە سەتڵ، نە لە بورغوو، نە لە کالە مێرەکە و نە لە ژنە قژسوورەکە نەبوو، لە هەموو ئەوەش خراپتر، هیچ نیشانەیەکی جانتا کەوەییە ڕەوڕەوەدارەکەش نەبوو.

سەرۆک، خولەکێکی دیکەشی بە تەمەشاکردنی مەزراکەوە بەسەر برد. کەس لە مەزراکەدا نەبوو، بەڵام دوو ئۆتۆمبێلیان لە پشت گەوڕەکەوە شاردبووەوە: فۆکس ڤاگۆنێکی پاساتی سوور و مارسیدسێکی زیوین.

سەرۆک لە دڵی خۆیدا گوتی: گومان لەوەدا نییە ئێرە ئەو جێگەیەیە کە بۆی هاتووم، بەڵام چەند خولەکێک دوا کەوتووم.

ئیدی سەرۆک بڕیاری دا دوای پاسەکە بکەوێت. ئەمە کارێکی زەحمەت نەبوو. بە شەقامە گڵە پێچاوپێچەکەدا لای دا، لە ماوەی سێ-چوار خولەکێکدا پێیان دەگات. سەرۆک پێی بە بەنزیندا نا، بی ئێم دەبلیوکە لەنێو تەپوتۆزدا ون بوو. سەرنجی ئەوەی نەدا ئۆتۆمبێلێکی ڤالڤۆی شین، بە هەمان ئەو ڕێگەیەدا، کە ئەو پێیدا هاتبوو، بەرەو مەزراکە دەڕۆی.

گەورە لێکۆڵەرەکە، ئارونسون، لە هەوەڵەوە زۆر خۆشحاڵ بوو کە دووبارە گێردینی دۆزیبووەوە، بەڵام کە بینیی گردین بەو خێراییە ئۆتۆمبێلەکەی داژوێت، تەواو لە چاودێریکردنەکەی سارد بووەوە. مەحاڵ بوو بتوانێت بیگرێتەوە. کەواتە باشتر نەبوو بڕوات و چاوێک بە مەزراکەدا بگێڕێت؟ ناوی گونیلا بیورکلاند لەسەر سندووقی پۆستەکە نوسرابوو.

گەورە لێکۆڵەرەکە، ئارونسون لە دڵی خۆیدا گوتی: گونیلا، هیچ بە لامەوە سەیر نابێت ئەگەر تۆ ژنێکی قژسوور بیت.

بەو جۆرە ڤالڤۆکەی ئارونسون خۆی بە حەوشی مەزراکەدا کرد، ڕێک وەکو چۆن نۆ سەعات لەوەوپێش فورد موستانگەکەی هنریک هولتن (سەتڵ) خۆی بە مەزراکەدا کردبوو، یان وەکو چۆن پێش چەند خولەکێک لەوەوپێش بی ئێم دەبلیوکەی گونار گێردین (سەرۆک) خۆی بە مەزراکەدا کردبوو.

ئارونسونیش، ڕێک وەکو سەرۆک، بینیی مەزراکە چۆڵوهۆڵ، کەسی تێدا نییە، بەڵام بە پێچەوانەی سەرۆکەوە، ئارونسون وەختێکی زیاتری بەدەم گەڕان لە پاشماوەی شتانەوە لەوێندەر بەسەر برد. یەکێک لەو شتانە کە دۆزییەوە، ڕۆژنامەیەکی ئەو ڕۆژە بوو کە لە مووبەقەکەدا کەوتبوو، یەکێکی دی کۆمەڵێک میوە و سەوزەی تازە بوو لەناو یەخچاڵەکەدا. کەواتە تاکو ئەمڕۆش هەر لە مەزرایەکەدا بوون. نیشانەیەکی دیکەش مارسیدسەکە و فوکس ڤاگونەکەی پشت گەوڕەکە بوو. یەکێک لە دوو

ئۆتۆمبێلەکان بۆ ئارونسون، گەنگەشە و گفتوگۆی زۆری هەڵدەگرت، ئۆتۆمبێلی دووەم هیی گونیلا بیورکلاند بوو.

دوو سەرەداوی دیکەش هەبوون، کە دەبوا ئارونسون، لە بنجوبناوانیان بکات و کەشفیان بکات. یەکێکیان ئەو دەمانچەیە بوو کە لەسەر پارکێتی بانێژەی خانووی مەزراکە دایاننابوو، ئەو چەکە بۆ لەوێ بوو، چی دەکرد لەوێ؟ جێپەنجەی کێی پێوە بوو؟ بە مەزەندەی ئارونسون هیی سەتڵ هولتن بوو. بە پارێزەوە دەمانچەکەی خستە ناو کیسەیەکی نایلۆنەوە.

سەرەداوی دووەم لەناو سندووقی پۆستەکەدا بوو، کە ئارونسون لە کاتی بەجێهێشتنی مەزراکەدا کەشفی کردبوو. پۆستەی ئەو ڕۆژەی مەزراکە، نووسراوێکی فەرمیی فەرمانگەی ڕەقەمکردنی ترومبیلانی تیا بوو، کە تەکەزی لەسەر ئەوە دەکرد موڵکداری پاسێکی سکانیای زەردی، کەی ١١٣، مودێلی ١٩٩٢ گۆڕابوو.

گەورە لێکۆڵەرەکەی پۆلیس لە دڵی خۆیدا گوتی: ئاوها! کەواتە بە پاس دەڕۆن!

***

پاسەکە بە هێواشی بە شەقامێکی پڕ دارودرەختدا دەڕۆی. زۆری نەبرد بی ئێم دەبلیوکە خۆی گەیاندە پاسەکە، بەڵام سەرۆک لەو شەقامە تەنگ و باریکەدا، هیچ چارێکی نەبوو جگە لەوەی دوای پاسەکە بکەوێت و بیر لەوە بکاتەوە ئاخۆ کێ لە پاسەکەدایە، ئاخۆ جانتایەکی کەوەیی ڕەوڕەوەداریان پێیە یان نا.

گرووپی دۆستان لەناو پاسەکەدا، بێ خەبەر لەوەی چ مەترسییەکی گەورە، لە چەند مەتری پشتیانەوە هەڕەشەی لێ دەکردن، بە خۆشحاڵییەوە باسی ئەو ڕەوشەیان دەکرد کە هاتبووە پێشەوە، هەر زوو گەیینە ئەو ئەنجامگیرییەی ئەگەر شوێنێکیان پەیدا کردبا و بۆ چەند هەفتەیەک خۆیان شاردباوە، زۆری نەدەبرد ڕەوشەکە هێور دەبووەوە. هەڵبەتە بیرۆکەی مانەوەشیان لە مەزراکەی دەریاچە هەر بە هەمان مەبەست بوو، بەڵام ئەو بیرۆکە باشە، بە هاتنی ئەو میوانە ناوەختەی سونیا پلیشاندبوویەوە، ڕێک پێچەوانە بووەوە، ڕیسەکەی لێ کردنەوە بە خوری.

بەڵام کێشەکەی ئێستایان، ئەوە بوو نە ئاللان، نە یولیوس، نە بێننی و نە جوانێ، خزم و دۆستی وەهایان نەبوو پەنایان بدات. ئاخر چۆن دەیانتوانی کەسێک وەدۆزن، ئامادە بێت پاسێکی زەرد بە چوار نەفەر و سەگێک و فیلێک بگرێتە خۆ؟

پاکانە و هەنجەتی ئاللان لەو بارەیەوە کە بۆچی خزم و کەسوکار و دۆست و بناژۆی نەبوون، ئەوە بوو کە تەمەنی سەد دانە ساڵ بوو، هەر یەکێک لە کەسوکار و

ئاشـنا و ڕۆشـناکانی بە هـۆیەک مردبـوون، خـۆ ئەگەر هـیچ هـۆیەکیش بـۆ مردنیـان نەبووبێـت، ئەوا بە هـۆی پیـری و بەسـەرچوونی تەمەنەوە مردبـوون. خەڵکـانێکی کەم هەن، ئەو هەموو ساڵە بژین.

یولیوسیش گوتی پیشەی ئەو دوژمنسازی بووە، نەک دۆستگیری. زۆر حەز دەکات دۆستایەتیی زیاتر و قووڵتر لەگەڵ ئاللان، بێننی و جوانێدا پەیدا بکات، بەڵام تازە نە کات و نە شوێنی ئەو کارە بوو؛ کنگر و ماست بە وەختی خۆی.

جـوانێش ددانـی بەوەدا نـا دوای جیـابوونەوەی لە مێـردەکەی، کەسـێکی زۆر ناکۆمەڵایەتی بووە، بۆیە هیچ کەسێکی نەبوو پەیوەندیی پێوە بکات و داوای یارمەتیی لێ بکات.

مایەوە سەر بێننی، برایەکی هەبوو، وایە؟ تووڕەترین برای هەموو دنیا بوو.

یولیوس، لەفکران ڕاچوو، کە هەوڵێک بدەن بە هەر شـێوەیەک بـووە سمێڵی بـراکەی بێننـی چەور بـکەن. بێننـی بەو پێشـنیازە گەشـایەوە. چەنـدین ملیـۆن کرۆنیـان لە پیـرە جانتایەکەدا پێ بـوو، پارە بـۆ تەنگانەیەکی وا نەبێت بۆچی باشـە! لەوە بـوو نەشـتوانن بووسێ ڕازی بکەن، چونکە زیاتر کەسێکی لەخۆڕازی بـوو تـا پـوولەکی و چـاوچنۆک، بەڵام خەریک بوو ڕێک دەکەوتن. چاری ئەم کێشـەیە لە دەسـتی بێننیدا بـوو، دەیتـوانی بە بـراکەی بڵێـت دەیەوێـت دوای ئەو هەمـوو سـاڵە بە خۆیـدا بچێـتەوە و قەرەبـووی ڕابردووی بۆ بکاتەوە.

وەختـایەک گەییـنە ئەم چارەسـەرە، بێننـی تەلەفـۆنی بـۆ بـراکەی کـرد، بەڵام تەنهـا فریـای ئەوە کەوت خـۆی بناسـێنێت، چـونکە بووسـێ ئاگـاداری کـردەوە سـاچمەزەنێکی پەیـدا کـردووە و ئامـادەیە، ئەگەر بێننـی حەز دەکـات، بە مسـتێک سـاچمە پێشـوازی لە سمت و کەفەڵی برا بچووکەکەی بکات.

بێننـی حەزی نەدەکـرد بەو شـێوەیە پێشـوازیی لـێ بکرێـت، بەڵام چـونکە دەیویسـت، حیسـاب و کیتـابی خـۆی لەگەڵ براکەیـدا پـاک بکـاتەوە، حەزی دەکـرد لەگەڵ چەنـد دۆسـتێکیدا بچێـتە دیـدەنیی بـراکەی، ئەو نـاکۆکییەی لەسـەر پارەکـانی هـاپۆ فراسـی لە نێوانیاندا هەبوو، یەکلایی بکەنەوە.

بووسێ داوای لە بێننی کرد: چەنەچەن مەکە، چیت پێیە ڕاست و ڕەوان بیڵێ و تەواو.

ئەوسا گوتی: چەندت پارە پێیە؟

بێننی گوتی: سێملیۆن چۆنە؟

بووسی، بۆ چەند ساتێک بێدەنگ بوو. لە مێشکی خۆیدا بابەتەکەی هەلاجی دەکرد. بووسێ کە بـراکەی خـۆی بـاش دەناسـی، دڵنیـا بـوو ئەگەر بێننـی شـتەکەی بە جیددی

نەبوایە و هەر بۆ ڕابواردن بوایە، مەحاڵ بوو ئەو تەلەفۆنەی بۆ بکات. وا دیارە برا بچووکەکەیان پیس دەوڵەمەند بووە! سێ‌ملیۆن! بەڕاستی پارەیە! بەڵام کێ دەڵێت لەوەش زیاتری نییە؟

بوسی هەر بۆ تاقیکردنەوە گوتی: ناتوانیت بیکەیت بە چوارملیۆن؟

بەڵام بێننی لێ بڕابوو، هەرگیز ڕێ بە براکەی نەدات جارێکی دی بەسەریدا زاڵ بێت، بۆیە گوتی: ئەگەر دەزانیت دەبین بە بار بە سەرتەوە، دەتوانین بچینە هۆتێلێک.

بوسی گوتی برا بچووکەکەی هەرگیز مایەی زەحمەت نەبووە، بەڵکو مایەی ڕەحمەتە، ئەگەر خۆی و دۆستەکانی بەم ڕازین، پێیان لەسەر سەر و سەر چاوە، زۆریش خۆشحاڵ دەبێت. ئەگەر بێننییش دەیەوێت ناکۆکییەکانی جارانیان بە سێ‌ملیۆن یان ئەگەر حەز دەکات بە سێ‌ملیۆن و نیو بسڕێتەوە، ئەوا هەزاری خێر و دووی بەرەکەت.

ئەوسا بووسێ، ئەدرەسی ماڵەکەی دایە بێننی و لەو باوەڕەدا بوو یەک-دوو سەعاتیان پێدەچێت تا دەگەنە ئەوێ.

بە ڕواڵەت هەموو شتێک، بە ئاسایی دەڕۆی. شەقامکەی بەردەمیان، تەخت و فراوانتر دەبوو.

ئەمە بە دڵی سەرۆک بوو؛ ڕێگەیەکی فراوانتر و تەختتر. بە درێژایی ئەو دە خولەکەی لە پشت پاسەکەوە گیری خواردبوو، بی ئێم دەبلیوکە ئاماژەی دەدایە کە لە ستۆکهۆڵمەوە تا ئەوێ بەنزینی تێنەکردووە، چما پەرژاوە ئەو کارە بکات؟

سەرۆک، لەوە دەترسا لە ناوەندی ئەو بێشەیەدا بەنزینی لێ ببڕێت، ناچار پەکی بکەوێت و لە دوورەوە تەمەشای ڕۆیشتن و ونبوونی پاسەکە بکات. ئەو پاسەی لەگین بوو بورغوو، سەتڵ، جانتاکە یان هەر کەسێکی دی تیا بێت.

ئیدی سەرۆک بە هەمان توانا و ئەنگیزەوە، کە پێی وا بوو کردبووی بە سەرۆکی باندێکی تاوانکاری لە ستۆکهۆڵم. پێی بە بەنزینەوە نا و لە زەرفی چەند چرکەیەکدا لە پاسەکە ڕەت بوو. چل-پەنجا مەترێک ڕۆی، بی ئێم دەبلیوەکەی هێواش کردەوە، ئەوسا ئۆتۆمبێلەکەی پانەوپان لەسەر شەقامکە ڕاگرت، ڕێگەی لە پاسەکە بەستەوە. ئەوسا دەمانچەکەی دەرهێنا و ئامادە بوو ڕووبەڕووی سەرنشینانی ئەو پاسە ببێتەوە، کە چەند چرکەیەک لەوەوپێش، پێشی دابووەوە.

سەرۆک لەچاو دوو هاودەستەکەی دیکەی خۆیدا کە نها لە خانەی مردوان یان نەبواندا بوون، بەهرە و توانای شیکردنەوەی زیاتر بوو. هەڵبەتە بیرۆکەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلەکەی بۆ گرتنی شەقامکە لەوەوە هاتبوو بەنزینی لە تەواوبووندا بوو، بەڵام سەرۆک پێی وا بوو شۆفێری پاسەکە بە دیتنی ئۆتۆمبێلەکەی ئەو دەوەستێت، ئەم

بۆچوونە تەواو دروست و لۆجیکی بوو. ئەنجامگیرییەکەی سەرۆک لەو باوەڕەوە بوو کە کەس ئامادە نییە، بە ئانقەست مل بە کەسانێکی سەر شەقامیەکی گشتییەوە بنێت و گیانی خەڵکی و خۆی بخاتە مەترسییەوە.

بێننی هەر بی ئێم دەبلیوکەی بینی پێی بە ستۆپدا نابوو. لەم بارەیەوە هەق بە سەرۆک بوو، بەڵام سەرۆک بە هیچ جۆرێک حیسابی ئەوەی نەکردبوو ئەگەر پاسێک فیلێکی چەند تۆنی تیا بێت، هەنگێ چ دەبێت، چونکە ئەگەر سەرۆک ئەو حیساب و کیتابەی بکردایە، هەڵبەتە بیری لەوە دەکردەوە ئەو بارە قورس و گرانە چ باندۆرێک لەسەر ستۆپەکە دەکات، بەتایبەتی شەقامکە هێشتا خاکی و بەردەڵان بوو.

لەڕاستیدا بێننی زۆری هەوڵ دا خۆی بە ئۆتۆمبێلەکەدا نەکێشێت، بەڵام کاتێک پاسە پازدە تۆنییەکە بە فیلەکە و هەموو سەرنشینەکانیەوە، وەکو تۆپ خۆی بە بی ئێم دەبلیوکەدا کێشا، خێراییەکەی هێشتا پەنجا کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا بوو، بی ئێمەکە نزیکەی بیست مەتر چوو بە حەوادا و لەو بەرزییەوە کەوتەوە بەسەر دار سنەوبەرێکدا کە تەمەنی هەشتا ساڵ دەبوو.

یولیوس، لە دڵی خۆیدا گوتی: سێ لە چلان. واتە ئەمە سێیەمن کەس.

هەموو سەرنشینە دوو پێیەکانی ناو پاسەکە دابەزین (هەڵبەتە ئەم دابەزینە بۆ هەندێکیان ئاسانتر بوو) تا بی ئێمە وێرانەکە بدینن. کە لەشی زەلامێک بەسەر سوکانی بی ئێمەکەوە بوو، پێدەچوو ئەگەر حەوت ڕوحی هەبووبێت، شتاقیانی بەدەر نەبردبێت. پیاوێک بوو کە هیچ کەسێک لە سەرنشینەکانی پاسەکە نەیاندەناسی. کابرا هێشتا دەمانچەیەکی بەدەستەوە بوو، ڕێک لەو دەمانچەیە بوو کە پێشتر، شەقاوە پیاوکوژەکەی دووەم، هەڕەشەی لە سەرنشینەکانی پاسەکە پێ کردبوو.

یولیوس گوتی: ئەگەر پێیان وا بووە ژمارە سێ ژمارەی خۆش شانسییە، پێم وایە دەبێت بە خۆدا بچنەوە.

بێننی، بە ڕاوێژە تەوسامێزەکەی یولیوس پەست بوو، بەرپەرچی دایەوە ئەوەی لەو ڕۆژەدا شەقاوە و چەقۆکێشێکیان کوشتبوو بەس بوو، بەڵام ئەمڕۆ دووەم کەسیانش کوشتبوو، هێشتا زوو بوو، سەعات نەگەیبووە شەشی ئێوارە، خۆ ئەگەر بەخت یاریان نەبوایە، لەگین بوو تووشی خەڵکی دیکەش ببوایەن.

ئاللان پێشنیازی کرد تەرمەی تاوانباری ژمارە سێ لەو ناوە و لە شوێنێکدا بشارنەوە، چونکە کاتێک بەشەر کەسێک لەناو دەبات، هەق نییە خۆی بە دیاریەوە ماتەڵ ببێت، مەگەر خۆی، بە ئانقەست بیەوێت بە خەڵکی بڵێت ئەو کەسەی کوشتووە. ئاللان پێی وا نەبوو هیچ یەکێک لە دۆستەکانی بەتەمای کاری وا بن.

دوای ئەو قسەیەی ئالالان، جوانێ کەوتە هاوارکردن بەسەر ئەو تەرمەی بەسەر سوکانەکەدا کەوتبوو. هۆی تووڕەبوونەکەی جوانێ ئەوە بوو ئاخر چ کەرێک بەو ئاوایە ترومبێل لە ناوەندی ڕێگەدا ڕادەگرێت، توخوا ئەوە عەقڵە!

وەڵامی جەستەکە، دەنگی پرخەپرخێکی کز و جووڵەیەکی زۆر سستی لاقێکی بوو...

***

تاقە نەخشەی ماقووڵ و لۆژیکی، سەبارەت بە گەورە لێکۆڵەری پۆلیس، ئارونسون، ئەوە بوو بە هەمان ڕێگەدا بڕوات کە نیو سەعاتێک لەوەوپێش سەرۆک پێیدا ڕۆیبوو. هەڵبەتە مەحاڵ بوو بگاتە سەرۆکی باندی 'هەرگیز جاریکی دی'، بەڵام دوور نەبوو لە ڕێگەدا شتێکی باڵکێش ببینێت. هەڵبەتە ڤێکخیۆش زۆر دوور نەبوو، ئارونسونیش پێویستی بەوە بوو هۆتێلێک بدۆزێتەوە، چەند سەعاتێک بخەوێت، ئیسراحەتێک بکات و بیرێک لە ڕەوشەکە بکاتەوە.

ئارونسون، دوای ماوەیەک، چاوی بە بۆدی تێکشکاوی بی ئێم دەبلیویکی ئێکس پێنجی نوێ کەوت، کە لە دارسنەوبەرێکی گەورەی دابوو. هەڵبەتە ئارونسون بە چاوی خۆی دیتبووی گێردین بە چ خێراییەک لە مەزرای دەریاچەوە دەرچووبوو، بۆیە لە هەوەڵەوە هیچ پێی سەیر نەبوو گێردین تامپۆنی کردبێت، بەڵام وەختایەک لە نزیکەوە تەمەشای بۆدیە تێکشکاوەکەی کردبوو، چیرۆکێکی تری بەبیردا هاتبوو.

یەکەم، ئۆتۆمبێلەکە کەسی تیا نەبوو. کوشنی شۆفێرەکە یەکپارچە خوێن بوو، هیچ هەواڵێک لە شۆفێرەکەوە نەبوو. دووەم، لای چەپی ئۆتۆمبێلەکە، زۆر خراپ تێک قوپا بوو، لێرەولەوێ پەڵەبۆیەی زەردی پێوە بوو. وا دیار بوو شتێکی گەورەی زەرد بەوپەڕی خێرایی، خۆی بە ئۆتۆمبێلەکەدا کێشابوو.

ئارونسون لە بن لێوانەوە بە خۆی گوت: بۆ نموونە پاسێکی سکانیای کەی ١١٣ی زەردی مودێلی ١٩٩٢.

هەڵسەنگاندنی مەسەلەکە ئاسان بوو، وەختایەک ئارونسون بینیی تابلۆی ژمارەی سکانیاکە، لەسەر دەرگای دواوەی بی ئێمەکە نەخش بووبوو، مەسەلەکە هێندەی دی ئاسان بوو.

ئارونسون، ئەوەندەی بەس بوو ئەو ژمارەیە لەگەڵ ئەوەی ناو نووسراوی گۆڕینی موڵکداری ئۆتۆمبێلی فەرمانگەی ڕەقەمکردنی ترومبیلاندا بەراورد بکات تا هیچ گومانێکی نەمێنێت و بگاتە یەقین.

گەورە لێکۆڵەری پۆلیس، ئارونسون، هێشتا بەتەواوەتی سەری لە ڕەوشەکە دەرنەدەکرد، بەڵام شتێک هەبوو؛ تاقە یەک شت کە هەرچەندە زۆر باوەڕکردنی نەبوو، بەرەبەرە ڕوون و ڕوونتر دەبووەوە: وا دیار بوو کالەمێرە سەدساڵییەکە و هاوڕێکانی لە خەڵک کوشتن و شاردنەوەی تەرمەکانیاندا زۆر کارامە و مەعلان بوون.

## سیانزەیەم

## ١٩٤٧ – ١٩٤٨

گومان لەوەدا نەبوو ئاللان شەوانێکی زۆر خۆشتری لەو شەوانە جەڕباندبوو، کە بە ڕێگەی تارانەوە، بەدەمدا لە پاشی کامیۆنێکدا بەسەر بردبوو. دنیا سارد بوو، شەرابی شیری بزنیش نەبوو کە گەرمی بکاتەوە. خۆ ئەگەر هەشبوایە، زۆر زەحمەت بوو بتوانێت سوودی لێ وەربگرێت، چونکە هەر دوو دەستی لە پشتەوە بەسترابوو.

بۆیە کە کامیونەکە گەییە جێ، ئاللان زۆر خۆشحاڵ بوو. ئاخروئۆخری دانی ئێوارە بوو کە کامیۆنەکە لە بەردەم دەروازەی سەرەکیی بینایەکی گەورەی قاوەیی لە ناوەندی تاراندا وەستا.

دوو سەرباز یارمەتیی یارۆی بێگانەیان دا هەستێتە سەرپێیان، ئیدی جلەکانیان لە تەپوتۆز و پیستر لە تەپوتۆز تەکاند. ئەوسا پەتەکەی دەستی ئاللانیان کردەوە، دەستیان دایە تفەنگەکانیان تا ئێشکی بگرن.

ئەگەر ئاللان فارسیی زانیبا، دەیتوانی تابلۆ زەردەکەی سەر دەرگای ئەو بینایە، بخوێنێتەوە کە ڕێی کەوتبووە ئەوێندەر. لێ ئاللان فارسی بەڵەد نەبوو. ئەوەشی بە لاوە گرنگ نەبوو. ئەوەی بۆ ئاللان گرنگ بوو، ئەوە بوو ئاخۆ کەسێک هەبوو تێشتی پێ بدات، یان فراڤین. حەزی لە هەردووکیان بوو.

لێ سەربازەکان، زۆر چاکیان دەزانی ئەو کۆمۆنیستە گومانلێکراوەیان لە کوێوە هێنابوو. کاتێک ئاللانیان لە دەرگایەکەوە دەڵەک دایە ژوورەوە، یەکێک لە سەربازەکان خاترخوازی لە ئاللان کرد، ئەوسا بە زمانی ئینگلیزی و بەدەم تەوسخەنێکەوە، هێڤی سەرکەوتنی بۆ خواست.

ئاللان، سوپاسی سەربازەکەی کرد، هەرچەندە زۆر چاک دەیزانی سەربازەکە، زیاتر ئەو قسەیەی بە تەعلیق بوو. ئەوسا هەستی کرد ئیدی دەبێت ئاگای لە بویەرەکانی دەوروبەری خۆی بێت.

ئەفسەری ئەو گرووپەی ئاللانیان دەستگیر کردبوو، بە فەرمی ئاللانی بە کەسێکی هاوپلەی خۆی سپارد. دوای ئەوەی زانیاریی تەواو لە ئاللان وەرگیرا و تۆمار کرا، گواستیانەوە بۆ ڕەشچاڵێکی کۆتایی ڕاڕەوێکی نزیک.

ئەم زیندانە لەچاو ئەو زیندانانەی ئاللان لەو دواییانەدا بینیبووی، وەکو بەهەشت وا بوو. چوار قەڕەوێڵە بە ڕیزی یەکەوە بوون، هەر قەرەوێڵەیەک پەتۆیەکی دوو بەری بەسەرەوە بوو، گڵۆپ بە بنمیچەکەوە هەڵواسرابوو، دەستشۆڕێک بە بەلووعەی ساغەوە لە سووچێکی زیندانەکەدا هەبوو، لە سووچێکی دیکەدا سەتڵێکی گەورەی قەپاغدار هەبوو. ئیدی یەک کاسە شۆربا و سوراحییەک ئاویان بە ئاللان دا، تا برسێتیی خۆی بڕەوێنێتەوە و تینوێتیی خۆی بشکێنێت.

سیان لە قەرەوێڵەکان چۆڵ بوون، چوارەمیان پیاوێکی بە پشتدا لەسەر ڕاکشابوو. دەستەکانی تێک ئاڵاندبوون و چاوی نوقاندبوون. وەختایەک ئاللان وەژوور کەوت، کابرا خەوتبوو، بێدار بووەوە و لە جێی خۆی هەستا. کابرایەکی لاوازی بەژنزراڤ بوو، یەخەیەکی سپیی قەشەیی لە مل بەستبوو، کە ڕەنگەکەی ڕێک پێچەوانەی جلە ڕەشەکانی تری بوو. ئاللان، دەستی درێژ کرد تا تەوقەی لەگەڵدا بکات، گوتی بە داخەوە زمانی لۆکاڵیی ئەوێ نازانێت. ئەوسا پرسی ئایا جەنابیان یەک-دوو وشەیەکی ئینگلیزی دەزانن؟

کابرای ڕەشپۆش، بۆی ڕوون کردەوە ئینگلیزی دەزانێت، چونکە لە ئۆکسفۆرد لەدایک بووبوو، لەوێ پەروەردە بووبوو و لەوێندەر خوێندبووی. خۆی ناساند، ناوی کیڤن فیرگوسنە و بابایەکی قەشەی سەر بە کڵێسای ئینگلستانە. کیڤن، دوازدە ساڵی لە ئێراندا بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕوحانی سەرگەرداندا بەسەر بردبوو، تا ڕێگەی هیدایەتیان پێ نیشان بدات. ئەوسا پرسیی ئەدی ئاللان لە چ حاڵێکدایە؟

ئاللان، بەرسڤی دایەوە، لە ڕووە ماددییە ڕەهاکەوە، ئەویش سەرگەردان و گومڕایە، چونکە کۆنترۆڵی بەسەر دۆخی ئێستای خۆیەوە نەبوو، بەڵام مەبەستی ئەوە نەبوو لە لایەنی ڕوحییشەوە گومڕا بوو. ئاللان، لە باری ئایین و مەزهەبەوە باوەڕی وا بوو هەر کەسێک بەتەواوەتی باوەڕی بە شتێک نەبێت، مەزەندە و گومان دادی نادات.

پاشان کە بینیی بابە فیرگوسن، لە ئانوساتدایە دەست بە وەعزێکی دووردودرێژ بکات، خێرا گوتی ئەگەر جەنابی قەشە مەرحەمەت بفەرموون و ڕێگەی ئەو بدەن بە دڵی خۆی بکات، نە مەسیحی ئانگلیکانی بێت و نە هیچ جۆرە مەزهەبێکی دی، پیاوەتییەکی گەورەی لەگەڵ دەکات، منەتباری دەکات.

بەڵام بابە فیرگوسن، لەو خەڵکانە نەبوو بە ئاسانی کۆڵ بدەن. کەچی بڕیاری دا تەنها ئەم جارە جۆرە سازشێک بکات و زۆر لەسەر قسەی خۆی ڕژد نەبێت. پێی وا بوو ڕەنگە باشتر وا بێت بەرانبەر ئەو تاقە پیاوە کە -لە پاڵ خودادا- دەیتوانی لەو ڕەوش و دۆخە خراپە ڕزگاری بکات، زۆر سەختگیری نەکات. دەبوایە زۆر لەسەر بەمەسیحیکردنی ئالالان ڕژد نەبێت.

بابە فیرگوسن، بڕیاری دا لەو بارەیەوە جۆرە سازشێک لەگەڵ ئالالاندا بکات. ئەوسا سووکە هەوڵێکی دا باوەڕ بە ئالالان بکات ڕێی بدات، بە لای کەمەوە هەندێک باسی سیانەی پیرۆزی بۆ بکات، چونکە ئەو کارە هیچ زەرەرێکی بۆ جەنابی کارلسون نەبوو. جا بە ڕێککەوت بابەتی سیانەی پیرۆز، یەکێک بوو لە سی و نۆ پرەنسیپەکانی باوەڕی ئەنگلیکانی.

ئالالان وەڵامێکی دایەوە کە قەشەکە تەنانەت نەیدەتوانی پێشبینیی بکات کە ئەو بابەتە؛ بابەتی سیانەی پیرۆز بە لای ئالالانەوە چەند بێبایەخە.

ئالالان گوتی: لەنێو هەر هەموو پرەنسیپەکانی سەر ڕووی زەویدا، سیانەی پیرۆز، شتێکە کە بچووکترین بایەخ بە زانینی نادات و کەم و زۆر بە لایەوە گرنگ نییە.

بابە فیرگوسن، دەبیرەوە چوو، چەند کارێکی گەوجانە بوو کە قەولی بە کارلسون دابوو لە بارەی مەزهەب و ئایینەوە سەر نەکاتە سەری: "دیارە خودا لە یەک ژووردا کۆی کردووینەوە، مەبەستێکی هەبووە."

ئیدی، ئەم بابەتە بوو بە کێشە لە نێوان ئەو و ئالالاندا.

بابە فیرگوسن گوتی: ئەمە باش نییە، ڕەنگە هەردووکمان بەڕێوە بین بۆ دیداری خودای خۆمان، ئەگەر قەولم نەدابا کە سەر نەکەمە سەرت، ئەوا ئەمەشم پێ دەگوتیت، نها باشترین کاتە بۆ تۆ کە پەنا بۆ ئیمانی دروست بهێنیت.

ئالالان، تەمەشایەکی جیددیی قەشەکەی کرد، بەڵام هیچی نەگوت. قەشەکە بۆی ڕوون کردەوە هەردووکیان لە زینداني دەستبەسەرداگرتنی فەرمانگەی ئاسایشی نیشتمانین، واتا لە زیندانی فەرمانگەی ئاسایشدان. ڕەنگە جەنابی کارلسون وا بزانێت جێگەکەیان ئەمن و ئەمانە، بەڵام لەڕاستیدا پۆلیسی نهێنی، تەنها لە خزمەتی شادا بوو، ئەمن و ئەمانی ئەوی مەبەست بوو. مەبەست لە دامەزراندنی ئەو هێزە، بڵاوکردنەوەی ترس بوو لەنێو جەماوەری خەڵکدا، تا ملکەچ و گوێڕایەڵ بن. هەروەها ڕاوەدوونان و لەنێوبردنی سۆسیالیستان، کۆمۆنیستان و ئیسلامییەکان و هەر خەڵکێکی دیکەی ئاژاوەگێڕ بوو.

-وەکو قەشەی ئەنگلیکانی؟

قەشە فیرگوسن وەڵامی دایەوە سەبارەت بە قەشەی ئەنگلیکانی شتێک نەبوو مایەی ترس و نیگەرانی بێت، چونکە لە ئێراندا ئازادیی ئایینییان هەبوو، بەڵام ئەگەری ئەوە هەبوو ئەم قەشە ئەنگلیکانییە، پێی لە بەڕەکەی خۆی زیاتر ڕاکێشابێت.

فیرگوسن گوتی: ئەوانەی دەکەونە دەستی پۆلیسی نهێنی، ئایندەیەکی باش چاوەڕوانیان ناکات، من یەک لەباری خۆم دەترسم ئێرە دوا وێستگەی ژیانم بێت.

لەناکاودا خەمێکی زۆر دایگرت.

ئاللان زۆر دڵی بە هاوزیندانییەکەی سووتا، هەرچەندە کابرا بابایەکی قەشە بوو. ئەوسا بۆ دڵدانەوەی قەشەکە گوتی: بەڵکو بتوانین ڕێگەیەک بۆ ئازادبوون و دەرچوون بدۆزینەوە، بەڵام هەموو شتێک بە وەختی خۆی. ئاللان دەیویست بزانێت چما یارۆی قەشە گرفتاری ئەم کێشەیە بووبوو.

بابە فیرگوسن، هەناسەیەکی هەڵکێشا و هەوڵی دا هەستەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات. ئەوسا ڕوونی کردەوە کە کێشەکەی ئەو، ئەوە نەبوو کە لە مردن بترسێت، بەڵکو ئەوە بوو پێی وا بوو هێشتا زۆر کار مابوو دەبوا لەم دنیایە ئەنجامی بدات. یارۆی قەشە هەمیشە ژیانی خۆی دابووە دەستی خودا. خۆ ئەگەر جەنابی کارلسون، بەدەم چاوەڕوانیی ڤەبوونی قاپیی خوداوە، بیتوانیبا ڕێگەیەکی ڕزگاری پەیدا بکات، بێگومان خوداش لەو کارەی وی ناڕەحەت نەدەبوو.

ئەوسا یارۆی قەشە چیرۆکی ژیانی خۆی گێڕایەوە. وەختایەک قەشە تازە خوێندنی تەواو کردبوو، شەوێک خودا هاتبووە خەوی، خودا پێی گوتبوو: بە دنیادا بگەڕێت و مەزهەبی خۆت بڵاوبکەوە.

بەڵام لەوەندە زیاتری نەگوتبوو، بۆیە قەشەکە ناچار بووبوو بە خۆی بڕیار بدات کێوە بڕوات.

پاشان ئوسقوفێکی ئینگلیزی کە دۆستی قەشەکە دەبێت، پێشنیازی ئەوەی بۆ دەکات بۆ ئێران بڕوات؛ ئەو وڵاتەی ئازادیی ئایینی بە زەقی تیا پێشێل دەکرا. بۆ نموونە کۆی مەسیحیانی ئەنگلیکانی لەو وڵاتەدا، لە ژمارەی قامکێن چەند دەستێک تێنەدەپەڕین. کەچی وڵات لە شیعە، سوننە، جوولەکە و جۆرەها مەزهەب و ئایینی عەجیب و غەریبدا جمەی دێت. ڕەوشەکە بە ڕادەیەک خراپ بوو، کە یەک مەسیحی لەو وڵاتەدا نەبوو، ئەوانەشی کە هەبوون، ئەرمەنی یان ئاسوری بوون.

ئاللان گوتی بەوەی نەزانیوە، ئێستا لەمی دەبیستێت و سوپاسی قەشەی کرد بۆ ئەو زانیارییانە.

قەشـە، لەسـەر گێـڕانەوەی چیـرۆکەکە ڕۆی. پەیوەنـدیی نێـوان ئێـران و بەریتانیـای مەزن بـاش بـوو، بە کـۆمەکی دۆسـتەکانی کە لە کڵێسـای ئینگلسـتاندا، پـایە و پۆسـتی باڵایان هەبوو، توانیبووی بە فڕۆکەی فەرمیی ئینگلستان سەفەری ئێران بکات.

ئەم واریقاتە هیی دە ساڵ لەوەوپێش بوو، یانی هیی دەوروبەری ساڵی ١٩٣٥ بوو. لەو بەروارەوە ئیدی کەوتبووە سۆراخی یەکبەیەکی مەزهەب و ئایینە جۆراوجۆرەکان، بەرەبەرە بازنەی چالاکییەکانی فراوانتر کردبوو، لە تارانەوە گەیاندبوویە دەوروبەری تاران. لە هەوەڵەوە تەکەزی لەسەر سروتێن مەزهەبە جیاوازەکان کردبوو. بە دزییەوە خـۆی بە مـزگەوت، کڵێسـا و پەرسـتگە جۆراوجۆرەکانـدا دەکـرد، پاشـان چـاوەڕوانی دەرفەتی گونجاوی دەکرد، سرووتەکانی دەبڕی و لە ڕێگەی دیلمانجەوە بانگەشـەی بۆ ئایین و باوەڕی ڕاستەقینە دەکرد.

ئـالالان، ستایشـی وێرەکـی قەشـەکەی کـرد، بەڵام گـوتی گومـانی لە دروسـتیی توانـا عەقڵییەکانی هەیە. هەڵبەتە ئاخر و چارەنووسی هەموو ئەو دیدارانە، نەدەکرا خێر بێت.

بابە فیرگوسنیش ددانی بەوەدا نا بۆ تاقە جارێکیش ئەنجامی کارەکانی خێر نەبووە. هەرگیـز نەیتوانیـوە قسـەکانی خـۆی تەواو بکـات، هەمیشـە خـۆی و دیلمانجەکەیـان لە پەرسـتگەکان وەدەر نـاوە، هەنـدێک جـار لێشـیان داون، بەڵام هـیچ شـتێک لەو شـتانە نەبوونە سەدەم کە جەنابی قەشە، دەستبەرداری هەوڵەکانی خۆی ببێت. یـارۆی قەشـە دەیزانـی تـۆوی وردی ئـایینی ئەنگلیکـانی لە دڵ و ویژدانـی هەمـوو ئەو کەسـانەدا دادەچاند کە دەیبینین.

وێـڕای ئەوەش، نـاو و ناوبـانگی قەشـە، بە جۆرێـک لە هەمـوو شـوێنێک بـڵاو بووبووەوە، کە ئیدی کەس نەبوو وەکو دیلمانج کاری لەگەڵدا بکات. بۆیە یـارۆی قەشـە بـۆ مـاوەیەک دەسـتبەرداری بانگەشـە بووبـوو، زیـاتر فۆکسـی خسـتبووە سـەر ئەوەی فێری زمانی فارسی ببێت. جەنابی قەشە لەو ماوەیەدا مژووڵی فێربوونی زمانی فارسی بووبوو، کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتبووە سـەر چۆن تـاکتیکی کـاری خـۆی بگۆڕێت. پاشـان کە زانیبووی دەکارێت بە فارسی بئاخفێت، ئیدی دەستی بە ئەنجامدانی پرۆژە تازەکەی کردبوو؛ قەشە بڕیاری دابوو لەجیاتی ئەوەی بۆ پەرستگەیان بڕوات و لە بۆنە ئایینییە جیاوازەکاندا بەشداری بکات، بۆ بازاڕان بڕوات. واتـا بـۆ شـوێنانێک بـڕوات کە دەیزانـی ڕێنمایی هەڵەی مەزهەبی لایەنگرانی زۆری هەبـوون، ئەوسـا دەچـووە سـەر سـندوقێکی دارین و دەکەوتە وەعزخوانی.

ئەم تاکتیکە، وەکو ئەو شێوازەی لە ساڵانی یەکەمدا گرتبوویە بەر، نەبووە مایەی کوتەکخواردنی، بەڵام ژمارەی ڕوحانی ڕزگار بوو، زۆر لەوە کەمتر بوون کە جەنابی قەشە چاوەڕوانی دەکرد.

ئاللان لە قەشەکەی پرسی تا نها چەند کەسی خستووەتە سەر ڕێگەی ڕاست و لە ئایینەکانی دی هەڵیگێڕاونەتەوە؟ قەشەکە بەرسڤی دایەوە ئەمە بەندە بە جۆری ڕوانینی ئەو کەسەوە. بابە فیرگوسن لە لایەکەوە توانیبووی لەنێو پەیڕەوانی هەر مەزهەبێکدا کەسێک هەڵبگێڕێتەوە، یانی هەموو دەیانکردە هەشت نەفەر. لە لایەکی دیکەوە لەم چەند مانگەی دواییدا بۆی دەرکەوتبوو ئەگەری ئەوە هەبوو ئەو هەشت نەفەرە، هەموویان ژێراوژێر پیاوی ئەمن بووبن و دووی قەشەکە خرابن، تا سیخوڕیی بەسەرەوە بکەن.

ئاللان گوتی: کەواتە ژمارەی نۆدینەکان لە نێوان سفر و هەشت نەفەردا بوو.

بابە فیرگوسن گوتی: ڕەنگە تاکی تەرازووەکە بە لای سفرەکەدا قورستر بێت تا هەشتەکە.

ئاللان گوتی: لە ماوەی دوازدە ساڵدا؟

قەشەکە زانیبووی ئەنجامی هەوڵ و تەقالاکەی زۆر کەمتر بوو لەوەی بەتەمای بوو، تەواو نەترەی بەر دابوو. ئیدی بۆی دەرکەوتبوو هەرگیز لەم وڵاتەدا هیچ بە هیچ ناکات، چونکە هەرچەندە زۆرێک لە ئێرانییەکان مایل بوون ئایینی خۆ بگۆڕن، بەڵام نەیاندەوێرا ئەو کارە بکەن، ئەمن لە هەموو شوێنێک هەبوو، هەر کەسێک ئایینی خۆی بگۆڕیبا، یەکسەر دۆسییەیەکی بە ناوەوە دەکرایەوە و لە ئەرشیڤی ئەمندا هەڵدەگیرا؛ بۆی دەخرایە دووتوێی نانێکی گەرمەوە، ئیدی دەبوو بە نیشانەیەکی خۆشئەنگافتە.

ئاللان گوتی ڕەنگە ئێستا ئەو یەک-دوو ئێرانییەی قەشە فیرگوسن هەوڵی دابوو ئایینیان بگۆڕێت -وێڕای ئەو بۆچوونەی یارۆی قەشە هەیبوو- بەو دینەی ئێستایان شاد بووبن، یانی جەنابی قەشەش وای بۆ ناچێت؟

جەنابی قەشە بەرسڤی دایەوە تا نها گوێی لە قسەی وا گەوجانە نەبووبوو، بەڵام چونکە بەڵێنی بە کارلسون دابوو، خۆی لە هەر وەعزدانێکی مەزهەبی ببوێرێت، بۆیە نەیدەتوانی بەرسڤی پرسیارەکەی وی بداتەوە. ئایا جەنابی کارلسون، دەیتوانی بەبێ ئەوەی لە خۆڕایی قسەکانی پێ ببڕێت، گوێ لە پاشماوەی سەربوردەکەی وی بگرێت؟

پاشان بابە فیرگوسن کەوتە گێڕانەوەی کە چۆن دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت ئەمن دزەیان کردووەتە ناو کارە بانگخوازییەکەیەوە، بیری لەوە کردووەتەوە تاکتیکی خۆی بگۆڕێت. یارۆی قەشە کەڵکەڵەی گەورەی کەوتبووە سەر.

ئیدی کابرای قەشە ئەو هەشت یاوەرەی کە گومانی ئەوەیان لەسەر بوو ژێراوژێر سیخوڕی ئەمن بن، لە خۆی دوور خستنەوە. ژێراوژێر پەیوەندیی بە تەڤگەری نهێنیی کۆمۆنیستی ئێرانەوە کردبوو. پێی گوتبوون نوێنەری ئیمان و ئایینی دروست و ڕاستەقینەی بەریتانیایە و حەز دەکات بە مەبەستی قسەکردن لەبارەی ئایندەوە بیانبینێت.

ڕێکخستنی ئەم دیدارە ماوەیەکی خایاند، بەڵام یارۆی قەشە لە ئەنجامدا، ڕۆژێک خۆی لە کۆبوونەوەیەکدا، لەگەڵ پێنج ئەندامی گەورەی کۆمیتەی پارتی کۆمۆنیستی ستانی خوراسانی ڕەزەویدا بینییەوە. هەڵبەتە بابە فیرگوسن حەزی دەکرد، لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی تاراندا کۆ ببێتەوە، چونکە پێی وا بوو بڕیاری گرنگ لای ئەوانە، بەڵام ئەم دیدار و کۆبوونەوەیەش وەکو سەرەتایەک خراپ نەبوو.

ئیدی بابە فیرگوسن، نەخشە و بیرۆکە مەزنەکەی خۆی لای کۆمۆنیستەکان باس کردبوو، بەگوێرەی نەخشەی ناڤبری، ئەو ڕۆژەی کۆمۆنیستەکان لە ئێراندا دەسەڵاتیان گرتە دەست، یەکسەر ئەنگلیکانیزم بکرێت بە ئایینی فەرمیی وڵات. ئەگەر کۆمۆنیستەکان ئەو پێشنیازەیان بەدڵ بوایە، ئەوا بابە فیرگوسنیش بەڵێنی دەدا پۆستی وەزارەتی ئایین وەربگرێت، هەر لە سەرەتاوە بە ئەندازەی ژمارەی هەموو خەڵکی وڵات ئینجیل فەراهەم بکات. پاشان دەیانتوانی کڵێساش دروست بکەن، لە سەرەتاوە دەتوانن سوود لە پەرستگەی جوولەکەکان و ئەو مزگەوتانە وەربگرن کە بە بڕیاری فەرمی دەهاتنە داخستن. یەک شت هەبوو کە بابە فیرگوسن دەیویست بیزانێت: بە بۆچوونی هاوڕێیانی کۆمۆنیست، کەی و پاش چەند وەختی دی، شۆڕشی کۆمۆنیستی بەرپا دەبوو؟

ڕێک بە پێچەوانەی وێناکردنی قەشە فیرگوسنەوە، کاردانەوەی کۆمۆنیستەکان زۆر گەرموگوڕ نەبوو. پێیان گوت لە ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمۆنیستیدا، جگە لە کۆمۆنیزم، نە پێشوازی لە ئەنگلیکانیزم و نە لە هیچ جۆرە ئیزمێکی دی دەکرێت. ئیدی گلەییەکی زۆری لێ کرا کە بۆ ئەو مەبەستە ناپەسەندە داوای ئەو دیدار و کۆبوونەوەیەی کردبوو؛ کەس بەو ئاوایە وەختی بەفیڕۆ نەدابوون. ئیدی مەسەلەکەیان خستبووە دەنگدانەوە، بە سێ دەنگی بەڵێ بەرانبەر بە دوو دەنگی نەخێر، بڕیاریان دابوو حەسیرمەیدانێکی باشی بابە فیرگوسن بکەن، ئەوسا سواری شەمەندەفەری بکەن و بۆ تارانی بنێرنەوە. لە ڕاپرسییەکی دیدا بە تێکڕای دەنگ بڕیاریان دابوو بابە فیرگوسن، لەبەر سەلامەتیی خۆی جارێکی دی نەخەڵەتابێت بۆ ئێرە بێتەوە.

ئاللان، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە –بەداوای بوردنەوە لە جەنابی قەشە– گوتی، بە هیچ جۆرێک بە دووری نازانێت یارۆی قەشە شێتی تەواوە. ئاخر دین و کۆمۆنیستان کوجا مەرحەبا! یانی قەشەکە ئەمەی نەدەزانی؟

قەشەکە بەرسڤی دایەوە ئەگەر خوانەناسانی وەکو کارلسون، خۆیان لە هەر کارێکی عەقڵانی و ناعەقڵانی هەڵنەقورتاندبا، زۆر باشتر دەبوو. هەڵبەتە بە خۆیشی دەیزانی ئەگەری سەرکەوتنی ئێجگار کەم بوو.

"جەنابی کارلسون، تۆ بیر لەوە بکەوە ئەگەر ئەم کارە سەری بگرتایە چ دەبوو. هەنگێ پیاو دەیتوانی بروسکەیەک بۆ ئوسقوفی مەزنی کڵێسای کانتربری ڤڕێ بکات و مژدەی پێ بدات پەنجاملیۆن کەس بە یەک کەڕەت بوون بە ئەنگلیکانی."

ئاللان، باوەڕی وا بوو شێتی و بلیمەتی تەنها داوە موویەکیان بەینە، کە دڵنیا نەبوو یارۆی قەشە کامیانە، بەهەرحاڵ بەگومان بوو.

بەهەرحاڵ، دەرکەوت پۆلیسی نهێنی (ئەمن) شا، سیخوڕییان بەسەر کۆبوونەوەکەی یارۆی قەشەدا لەگەڵ کۆمۆنیستانی خوراسانی ڕەزەویدا کردبوو، ئیدی هەر کە بابە فیرگوسن لە شەمەندەفەرەکە دابەزیبوو، لە وێستگەی پایتەختدا گرتبوویان و هەواڵەی دادگایان کردبوو.

بابە فیرگوسن گوتی: ئیدی منیش بە زیادەوە ددانم بە هەموو تۆمەتەکاندا نا، چونکە جەستەی لاواز و مردەلۆخی من بەرگەی ئەشکەنجەی نەدەگرت، لێدانی توند شتێکە و ئەشکەنجە شتێکی دیکەیە.

ئیدی دوای ئەو ددانپێدانانە خێرایە بابە فیرگوسنیان بۆ ئەم زیندانە ناردبوو و نها دوو هەفتە بوو بە کەماڵی ئارامی دەژیا؛ چونکە جێگری سەرۆکوەزیران، کە سەرۆکی ئەمنیش بوو، بە سەفەری کار بۆ لەندەن چووبوو.

ئاللان، بە سەرسامی پرسی: جێگری سەرۆکوەزیران؟

بابە فیرگوسن گوتی: بەڵێ بە گوتەیەکی دی سەرۆکی پیاوکوژان.

سەبارەت بە دامو ەزگای ئەمنیی ئێران دەگوترا هیچ دەزگایەکی دی نییە، بەو ئاوایە ئازاد بێت، هیچ کونترۆڵێکی بەسەرەوە نەبوو. بۆ نموونە تۆقاندنی خەڵکی، یان کوشتنی کۆمۆنیستان، سۆسیالیستان یان ئیسلامییەکان پێویستی بە ڕەزامەندیی سەرۆک نەبوو، بەڵام سەبارەت بە بابەتی نائاسایی، بڕیار، بڕیاری بەرپرسی ئەمن بوو.

شا، پۆستی جێگری سەرۆکوەزیرانی پێ دابوو، بەڵام بە باوەڕی بابە فیرگوسن، ئەو کابرایە لەڕاستیدا میرغەزەب و پیاوکوژ بوو.

"بە گوتەی پاسەوانەکانی زیندان، ئەگەر ڕەوشەکە زۆر خراپ ببێت و پێویست بکات، زیندانی ئەم کەسە بدینێت، وا چاکە کاتێک قسەی لەگەڵدا بکات، وا چاکە 'جێگر'کەی لێ بکاتەوە. هەڵبەتە ئەم حاڵە بۆ پرسەکەی تۆ و منیش هەروایە."

ئاللان، لەفکران ڕاچوو، ڕەنگە قەشە فیرگوسن، ماوەیەکی پتر لەو ماوەیەی ددانی پێدا نابوو، لەگەڵ شانەی نهێنیی کۆمۆنیستەکاندا مابێتەوە، چونکە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: "سی ئای ئەی ئەمریکا، دوای دووەم جەنگی جیهانی هاتووە بۆ ئەم وڵاتە و دامودەزگای ئەمنیی شای دروست کردووە."

ئاللان پرسیی: سی ئای ئەی؟

-بەڵێ، ئێستا وای پێ دەڵێن. جاران پێیان دەگوت ئۆ، ئێس، ئێس، بەڵام هەمان کاری چەپەڵی جاران دەکەن. ئەوان هەموو فرتوفێڵ و ئەشکەنجەیەکیان فێری ئەمنی ئێران کردووە. ئاخر ئەمە چۆن دەبێت، پیاوێک ڕێگە بدات ڕێکخراوی سی، ئای، ئەی هەموو دنیا وێران بکات؟

-مەبەستت سەرکۆماری ئەمریکایە؟

بابە فیرگوسن گوتی: باوەڕ بکە هاڕی، ئیس، ترومان، لە ئاگری دۆزەخدا دەسوتێت.

ئاللان گوتی: یانی باوەڕت وایە؟

***

ڕۆژان دەبوورین. ئاللان، لە سیری تا پیازی چیرۆکی ژینی خۆی بۆ قەشە فیرگوسن گێڕایەوە. یارۆی قەشە، وەختایەک بە جۆری پەیوەندیی هاوزیندانییەکەی لەگەڵ سەرکۆماری ئەمریکادا زانیی، لەوەش خراپتر پەیوەندیی ئەوی بەو بۆمبایانەوە زانی کە بەسەر ژاپۆندا داڕێژرابوو، ئیدی ڕووی لێ وەرگێڕا و قسەی لەگەڵدا نەدەکرد.

ئەوسا یارۆی قەشە ڕووی کردە خودا و کەوتە نزا و پاڕانەوە کە فریای بکەوێت، بەهانایەوە بێت. ئایا خودا، جەنابی کارلسونی ناردبوو تا یارمەتیی بدات، یان شەیتان لە پشت ئەو پرسەوە بوو؟

بەڵام وەڵامی خودا بێدەنگی بوو. کە خودا بێدەنگ دەبوو، فیرگوسن وای لێک دەدایەوە خودا دەیەوێت ئەو بە خۆی چارەیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە. یارۆی قەشە دەیزانی بیرکردنەوەکانی خۆی بە هیچ کوێی ناگەیەنێت، بەڵام چاریشی نەبوو، خۆ نەدەبوو کۆڵ بدات و ڕادەست ببێت.

بابە فیرگوسن، دوو ڕۆژ و دوو شەو بیری کردەوە، گەییە ئەو ئەنجامگیرییەی لە حاڵی حازردا باشترین کار ئەوەیە لەگەڵ ئەو خوانەناسە هاوزیندانییەیدا پێک بێت، بەو ئاوایە بە ئاللانی گوت دەیەوێت قسەی لەگەڵدا بکات.

ئاللانیش گوتی هەرچەندە، لەو ماوەیەدا کە یارۆی قەشە قسەی لەگەڵیدا دابڕیبوو، زۆر ئاسوودە و ئیسراحەت بوو، بەڵام پێی وا بوو ئەم حاڵەتە بۆ ماوەیەکی زۆر سەر ناگرێت، تەنهایی قورسە، دوو کەس لە شوێنێکدا بن، دەبێت قسەیان هەبێت، کە یەکێکیان قسە بکات، ئەوی تریان وەڵامی بداتەوە.

"ئەمە جگە لەوەی ئێمە بەتەماین هەوڵ بدەین لێرە دەرباز بین، ڕەنگە باشتر وا بێت، بەر لەوەی سەرۆکی بکوژ لە لەندەن بگەڕێتەوە ئەو کارە بکەن. بۆیە ماقوول نییە هەر یەکەمان لە سووچێکدا دابنیشین و مۆڕە لەیەکدی بکەین، وایە؟"

بابە فیرگوسنیش هەمان بۆچوونی هەبوو. ڕەنگە پاش گەڕانەوەی سەرۆکی ئەمن، تەنها پرسوجۆیەکی کورتیان لەگەڵدا بکرێت، دوای ئەوە هەردووکیان بە ئاسانی بێسەروشوێن بکرێن. بابە فیرگوسن، بە خۆی بیستبووی ئەو جۆرە کارانە زۆر ئاساییە و وەکو ئاوخواردنەوەیە.

ئەو ژوورەی ئەوانی تێدا دەستبەسەر بوون، لەناو زیندانێکی ڕاستەقینەدا نەبوو کە پاسەوانی باش و کلیل و کلۆمی مەحکەمی هەبێت. بە پێچەوانەوە، تەنانەت هەندێک جار پاسەوانەکانیش، هێندە زەحمەتیان بەخۆ نەدەدا کە دەرگاکان بە باشی قفڵ بدەن، بەڵام ژمارەی ئەو پاسەوانانەی لە بەردەرگای چوونەژوورەوە و چوونەدەرەوەی ژوورەکەدا دەوەستان، هەرگیز لە چوار کەس کەمتر نەبوون، بۆیە ئەگەری ئەوەی ئەگەر ئاللان و قەشەکە، لە ژوورەکە وەدەر بکەون و پاسەوانەکان زەقزەق تەمەشایان بکەن و هەقیان بەسەریانەوە نەبێت، ئێجگار کەم بوو.

ئاللان بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ دەکرا بە هەر جۆرێک بووە ئاژاوە و هەرا و هەنگامەیەکی ئەوتۆ بەرپا بکەن، پاسەوانەکان غافڵگیر ببن و ئەمان دەرفەت بهێنن و بە خشکەیی هەڵبێن؟

ئاللان بۆ بیرکردنەوە لەم پرسە پێویستی بە ئاسوودەیی بوو، بۆیە قەشەکەی ڕاسپارد، هەوڵ بدات لە ڕێگەی پاسەوانەکانەوە بزانێت چەندیان وەخت لە بەردەمە، کەی بەرپرسە بکوژەکەی ئەمن دەگەڕێتەوە؟ قەشەکە، بەڵێنی بە ئاللان دا لە نزیکترین دەرفەتدا ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکاتەوە. لەگین بوو هەر یەکسەر و لەو ساتەدا دەستبەکار بێت، چونکە دەنگێک لە دەرگاکەوە بەرز بووەوە. گەنجترین و میهرەبانترین پاسەوان سەری کێشایە ژوورەوە، و بە ڕاوێژێکی هاوسۆزییەوە گوتی:

-سەرۆک لە لەندەن گەڕاوەتەوە و کاتی لێکۆڵینەوە و پرسوجۆیە. کێتان دەتانەوێت یەکەم جار بێن؟

***

سەرۆکی دەزگای زانیاری و ئاسایشی وڵات زۆر پەست بوو، غەزەبی لێ دەباری. تازە لە لەندەن گەڕابووەوە، ئەوێ کە سەرۆکوەزیران بوو یان بە هەمان پلەی سەرۆکوەزیران بوو، سەرۆکی یەکەیەکی ئیداریی حکومەتی، ئێجگار هەستیاری دەسەڵاتی ئێرانی بوو و ئینگلیزەکان ئەوەیان پێ کردبوو بیخەیتە سەر نان، سەگ بۆنی پێوە ناکات!

شاش، هیچی نەدەکرد جگە لەوەی دڵی ئینگلیزەکان ڕابگرێت. نەوت لە دەستی ئینگلیزان بوو، بەرپرسی دەزگای زانیاری و ئەمن دڵنیا بوو کە دامودەزگاکەی لە هەوڵی ئەوەدا هەر کەسێک لە هەوڵی گۆڕانکاریدا بێت، لە ڕەگوڕیشەوە دەریبهێنن. دیارە ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو، چما کێ لە شا ڕازی بوو؟ نە ئیسلامییەکان، نە کۆمۆنیستەکان، نە کرێکارانی ئێرانیی کۆمپانیای نەوت کە ئامادە بوون، هەفتەی بە یەک جونەیهی بەریتانی کار بکەن و لەو پێناوەدا خۆ بەکوشت بدەن.

کەچی ئینگلیزەکان، لەبری ئەوەی ستایش و ئافەرینی بکەن، سەرکۆنەیان کردبوو.

بەڕێوەبەری ئەمن، دەیزانی ماوەیەک لەوەوپێش، سەبارەت بە کابرایەکی ئاژاوەگێڕی گومناوی بێناونیشان، بە هەڵە زیاد لە پێویست سەختگیری کردبوو. کابرای ئاژاوەگێڕ داوای لە سەرۆک و بەڕێوەبەری ئەمن کردبوو بەری بدات، چونکە تاقە گوناحی ئەوە بوو گوتبووی ڕیزگرتن لەبەر قەسابخانەکە هەقی هەموانە، نەک تەنها هەقی ئەمنەکان.

کابرای سەر بە گۆبەند، پاش ئەوەی سەدەمی گرتنەکەی خۆی ڕوون کردبووەوە، دەست لەسەر سینگ وەستابوو و ئیدی ئامادە نەبووبوو وەڵامی هیچ پرسیارێک بداتەوە. سەرۆکی ئەمن، سەر و سیمای کابرای سەر بە گۆبەندی بەدڵ نەبووبوو (بەڕاستییش لە ئاژاوەگێڕان دەچوو) ئیدی یەک-دوو شێوازی ئەشکەنجەدانی ڕێکخراوی سی، ئای، ئەی، دەرهەق یارۆی سەر بە گۆبەند بەکار بردبوو (سەرۆکی ئەمن لەو بارەیەوە زۆر دڵبەندی داهێنانەکانی ئەمریکاییەکان بوو). دوای ئەوە ئەوسا بۆی دەرکەوتبوو کابرای سەر بە گۆبەند یەکێک بووە لە یارمەتیدەرەکانی سکرتێری کونسوولخانەی بەریتانیا، هەڵبەتە ئەم کارە زۆر خراپ بووە و ئەوپەڕی نەگبەتییە.

چارە ئەوە بوو، لە سەرەتاوە، دەستێک بە سەروسیمای یارۆی یاریدەدەردا بهێنن و ئەوسا ڕێگەی بدەن بڕوات، بە جۆرێک بڕوات یەکسەر کامیۆنێک بیکاتە ژێرەوە و بڕوات و لە جێی بویەرەکە نەمێنێت... مەسەلەکە دیزەبەدەرخۆنە دەبێت. سەرۆکی ئەمن کە زۆر دڵی بە نەخشەکەی خۆش بوو، پێی وا بوو بەو شێوەیە دەیتوانی ڕێ لە سەرهەڵدانی هەر قەیرانێکی دیپلۆماتیک بگیرێت.

بەڵام ئینگلیزەکان، پاشماوەی یاریدەدەرەکەی سکرتێریان کۆ کردەوە، هەموو پارچەکانیان بۆ لەندەن ناردبوو تا بە زەڕەبین تەمەشای پارچەکانی بکەن و پشکنینی بۆ بکەن. پاشان ئینگلیزەکان، داوای سەرۆکی ئەمنیان کردبوو و داوایان لێ کردبوو چۆن یارۆی یاریدەدەری سکرتێری کونسوولخانەکەیان، لە شەقامێکی نزیکی سەرۆکایەتیی ئەمنەوە سەری دەرهێنابوو، پاشان یەکسەر بەو شێوە سامناکە کەوتبووە ژێر کامیۆنێکەوە و هەموو شوێنەواری ئەو ئەشکەنجەیەی لێ سڕدرابووەوە کە پێشتر درابوو.

هەڵبەتە سەرۆکی ئەمن خۆی لە گێلی دابوو و گوتبووی ئاگا و عیلم و خەبەری لە هیچ شتێک نییە، ئیدی شێوازی گەمە دیپلۆماتیکەکە ئاوها بوو، بەڵام یاریدەدەری سکرتێری کونسوولخانەکە بە ڕێکەوت کوڕی فلان لۆرد دەرچووبوو کە ئەویش لای خۆیەوە هاوڕێی نزیکی سەرۆکوەزیرانی تازەی ئینگلستان، وینستون چەرچڵ دەرچووبوو، ئیدی ئینگلیزەکان چووبوون بە چەقی نەفرەت و ئامادەی هیچ سازشێک نەبوون.

بە هۆی هەموو ئەو بویەرانەوە، نها بەرپرسیارێتیی پاراستنی ئەمنیەتی سەردانی هەمان ئەو وینستون چەرچڵە بۆ تاران، کە بڕیار بوو تا چەند هەفتەیەکی دیکە ئەنجام بدرێت لە ڕێکخراوی دەزگای زانیاری و ئاسایشی وڵات وەرگیرابووەوە.

بڕیار بوو لەبری ئەوان، پاسەوانە ئاماتۆرەکانی خودی شا، بەرپرسیارێتیی ئەو دیدارە بگرنە ئەستۆ کە هەڵبەتە بەرپرسیارێتییەک بوو زۆر لە سەرووی توانای ئەوانەوە. ئەو بابەتە بووە بایسی شکاندنی شەوکەت و پایەی سەرۆکی ئاسایش (ئەمن). هەڵبەتە لە هەمان کاتدا دەبووە بایسی ئەوەی لە شاش دوور بکەوێتەوە، کەشێکی باش نەبوو.

سەرۆکی ئاسایش (ئەمن)، بۆ ڕەواندنەوەی ئەو بیرە ژەهراوییانە لە خۆی، یەکێک لەو دوو نەفەرە دژبەرەی حکومەتی، کە لە گرتووخانەدا چاوەڕوان بوون، بانگ کرد. سەرۆک، بەتەما بوو لە ماوەیەکی کورتدا پرسوجۆیەکە تەواو بکات و

خێرا کابرا لەسێدارە بدرێت، پاشان بە بێدەنگی جەستەکەی بێتە سووتاندن، ئەوسا بڕوات بۆ خواردنی فراڤین و بەشکو بۆ دوای نیوەڕۆ فریا بکەوێت بچێت بە سۆراخی دوژمنی دووەمی حکومەتەوە.

***

ئاللان کارلسون داوای کرد ئەو یەکەم کەس بڕوات. سەرۆکی ئاسایش لە بەردەم نووسینگەکەی خۆیدا پێشوازیی لێ کرد، خوڵکی کرد دابنیشێت، پاشان فنجانێکی قاوەی بۆ داوا کرد، جگەرەیەکی پێ دا. هەرچەندە ئاللان، پێشتر بەرخوردی لەگەڵ هیچ سەرۆکئاسایشێکی بکوژدا نەبووبوو، بەڵام هەستی دەکرد ڕەنگە بەرخورد لەگەڵ ئەم جۆرە خەڵکانەدا زۆر لەم سەرۆکەش خراپتر بێت. بۆیە پاشان سوپاسی سەرۆکی کرد قاوەکەی پێشکەش کرد و گوتی ئەگەر جەنابی جێگری وەزیر زویر نەبێت، جگەرەکە ڕەت دەکاتەوە.

سەرۆکی ئاسایش هەمیشە حەزی دەکرد، پرسوجۆیەکانی بە شێوەیەکی شارستانییانە ئەنجام بدات. جا ئێستا چونکە بڕیاری دابوو ئەو کەسەی لەژێر لێکۆڵینەوە و پرسوجۆدا بوو بە زووترین کات لەسێدارە بدرێت، هیچ پێویستی بەوە نەبوو ڕەفتاری هۆڤییانە بنوێنێت. ئەمە جگە لەوەی سەرۆک دەیبینی جۆرە ئومێدێک لە چاوی قوربانییەکانی بەردەستدا پرشنگی دەدا، زۆری کەیف دەهات. بە باوەڕی وی خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی زۆر سادەن.

کەچی ئەم قوربانییەی ئێستا، هیچ ترسێکی پێوە دیار نەبوو. بە جۆرێکیش سەرۆکی ئاسایشی دواندبوو، ڕێک بەدڵی وی بوو، ئەمە بۆ خۆی دەستپێکێکی باش و ئەرێنی بوو.

بە درێژایی لێکۆڵینەوە و پرسوجۆیەکە، ئاللان کە هیچ ستراتیژییەتێکی تایبەتی بۆ خۆ ڕزگارکردن نەبوو، هەندێک دیمەنی ئەم دواییانەی چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ گێڕایەوە کە پسپۆڕ و شارەزای دینامیت و تەقەمەنی بووە، سەرکۆمار هاری ئیس ترومان بە ئەرکێکی مەحاڵ بۆ چینی ناردبوو تا دژایەتیی کۆمۆنیستەکان بکات. پاشان ئاللان بە پای پیادە بەرەو سوێد وەڕێ کەوتبوو، ئێستاش پەشیمانە کە ئێران کەوتبووە سەر ڕێگەی گەڕانەوەی وی و ناچار بووە بەبێ ڤیزا خۆی بە خاکی ئێراندا بکات. ئێستاش بەڵێن دەدات ئەگەر جەنابی سەرۆک ڕێگەی بدات، ئامادەیە یەکسەر لە خاکی ئێران وەدەر بکەوێت.

سەرۆکی ئاسایش زۆر پرسیاری لاوەکیی تری لێ کرد، لەوانە: بۆچی ئاللان لە سەرەتاوە بووبوو بە هاوڕێی ئەو کۆمۆنیستە ئێرانییانە، ئاللانیش بە کەماڵی ڕاستگۆیی

وەڵامـی دایەوە کە بە ڕێـکەوت تووشـیان بـووە و ئیـدی بەڵێنیـان بەیەکدی دابـوو، بـۆ پەڕینەوە لە چیاکانی هیمالایا یارمەتیی یەکدی بدەن. ئاللان لەسـەری ڕۆیبوو، ئەگەر جەنابی سەرۆک بە خۆی بیەوێت هەمـان ڕێگە تەی بکات، هەنگێ دەزانێت نابێت زۆر لەوە بکـۆڵێتەوە کـێ یـارمەتیی دەدات، چـونکە ئەو چیایـانە زۆر سـەخت و دژوار و ترسناکن، بە تەنها تەی ناکرێن.

سەرۆک، بەنیاز نەبوو بە پێیان لەو چیایانە بدات، هەروەها بەتەماش نەبوو ئاللان ئازاد بکات، بەڵام ڕەنگە بیتوانیبا هەندێک سـوود لە پسـپۆڕی بواری دایناميتە، کە ئەزمـوونێکی نێونەتەوەیی هەبـوو، ببینێت؛ پاشـان بـۆ هەتاهەتـایە سـڕگومی بکـات. پاشـان بە ڕاوێژێکـی ئێجگـار سـۆزئامێزەوە لە جەنـابی کارلسـونی پرسـی چ ئەزمـوونێکی لە واری ڕەشـکوژی خەڵکانێکی بەناوبانگ دا، کە پاسەوان و داروەدەستەی زۆریان بەدەورەوە هەبووە و هەیە.

ئاللان، هەرگیز ئەو جۆرە کارەی نەکردبوو، واتـا تەقانـدنەوەی پردێک، زۆر جیـاواز بوو لەوەی پیاو بە تایبەتی دابنیشێت و بیر لەوە بکاتەوە نەخشـە بۆ کوشـتنی کەسـێک بکێشـێت. هیچیش حەزی لەو کـارانە نەبـوو، بەڵام ئێسـتا دەبـوایە کەمێـک بیـر بکـاتەوە. دوور نەبوو ئەم سەرۆک ئاسایشە پیاوکوژە غەدارە مەبەستێکی تایبەتیی هەبێت.

ئاللان کەوتە چینە لە یادگەی خۆی، چونکە بە پەلە بوو، هـیچ نـاوێکی باشـتر لەمەی بەبیردا نەهات: گلین میلر.

سەرۆک گوتی: گلین میلر؟

ئاللان، بیری کەوتبووەوە دوو ساڵ لەوەوپێش کە لە لوس ئـالاموس کـاری دەکـرد، هەر هەموو خەڵکی کە بیستبوویان فڕۆکە سوپاییە ئەمریکاییەکەی ئەو جازیستە گەنجە، گلین میلر، لە یەکێک لە کەنارەکانی ئینگلستاندا ون بووە، هەر هەموویان شۆک بووبوون.

ئاللان، بە ڕاوێژێک وەکو ئەوەی بیەوێت نهێنییەک بدرکێنێت، گوتی:

-ڕێک بڕیار بـوو، مەسـەلەکە وەکـو ڕێکەوتێک بێتە بەرچـاو، لەوەشـدا سـەرکەوتوو بـووم. کـارێکم کـرد هەردوو مـاتۆڕی فـڕۆکەکە لەکـار بـکەون، فـڕۆکەکە لە ناوەڕاسـتی کەناڵی مانش کەوتە خوارەوە و ئیدی ئاوەوئاو چوو و کەس نەیبینیەوە. جەنـابی وەزیـر ئەگەر ڕای منت دەوێت، ئەو چارەنووسە ڕێک پڕ بە پێسـتی ئەو هەڵـهاتووە بـوو کە لە نازییەکان هەڵگەڕابووەوە.

سەرۆکی ئاسایش کە تەواو حەپەسابوو، پرسیی: باشە گلین میلر نازی بوو؟

ئاللان سـەری ئەرێی بۆ لەقاند (هەڵـبەتە لە دڵـی خۆیـدا داوای بـوردن و گەردنئـازایی لە هەموو کەسوکاری گلین کرد) سـەرۆک لای خـۆیەوە هەوڵـی دەدا ئەم هەواڵە هەرس بکات. خۆ ئەم جازیستە نێودارە، پیاوی هیتلەر بوو.

ئاللان، وای بۆ دەچوو، نها باشترین وەختە، تا سەرۆکی بکوژ پرسیاری تری دەربارەی چۆنێتیی کوشتنی گلین میلر نەکردووە، بە خۆ جڵەوی ئیدارەدانی گفتوگۆیەکە بگرێتە دەست.

-ئەگەر جەنابی سەرۆکوەزیران، نیازێکی وای هەیە، من ئامادەم بەوپەڕی نهێنی، شەڕی هەر جۆرە کەسێکی لەکۆڵ بکەمەوە، بە مەرجێک پاشان وەکو دوو دۆست خاترخوازی لە یەکدی بکەین.

سەرۆکی ئاسایش هێشتا شۆکی کەشفی ئەو پیاوە بوو کە لە پشت کوشتنی 'سرینا دای تریفەی مانگ'ەوە بوو، بەڵام لەو پیاوانەش نەبوو بە ئاسانی فریو بخوات. هەڵبەتە بەنیازیش نەبوو سەبارەت بە ئایندەی ئاللان، هیچ سەودا و مامەڵەیەک بکات.

سەرۆکی ئاسایش کە بەسەر مێزەکەدا دانەویبووەوە، تا قونکە جگەرەکەی لە فنجانە نیوە پڕەکەی ئاللاندا بکوژێنێتەوە، گوتی: گەر من بمەوێت یەکێک لەنێو بەرم، تۆ ڕێک بەگوێرەی ویستی من ئەو کارە دەکەیت. پاشان من بیر لەوە بکەمەوە کە ئەگەر بکرێت، نەهێڵم تۆ بکوژرێیت.

ئاللان گوتی: بەڵێ، ڕێک مەبەستم ئەوە بوو، هەرچەندە بە باشی و ڕوونی مەبەستی خۆم دەرنەبڕی.

***

پرسوجۆیەکەی ئەم بەیانییە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی سەرۆکی ئاسایشەوە، وەکو جارەکانی پێشوو، دەرنەچووبوو. سەرۆکی ئاسایش لەجیاتی شەڕی دوژمنێک لەکۆڵ حکومەت بکاتەوە، پرسوجۆیەکەی بۆ کاتێکی دی داخستبوو، تا بە شێنەیی بیر لە مەسەلەکە بکاتەوە. دوای فراقین سەرۆکی ئاسایش و ئاللان کارلسون دووبارە یەکیان دیتەوە و نەخشەکەیان کێشا.

نەخشە و بەرنامەکە وا بوو کە لە ماوەی مانەوەی وینستون چەرچڵدا لە مەعیەتی پاسەوانە شەخسییەکانی شادا، چەرچڵ بێتە کوشتن، بەڵام ئەم کارە دەبوایە بە جۆرێک ئەنجام بدرێت کە هیچ کەسێک پەی بەوە نەبات دەستی دەزگای زانیاری و ئاسایش لەو کارەدایە، چ جای سەرۆکی دەزگای ئاسایش، چونکە گومان لەوەدا نەبوو ئینگلیزەکان زۆر بە وردی بەدواداچوونیان بۆ ئەو پیلانە دەکرد، بۆیە دەبوو هیچ هەڵەیەک لە کارەکەدا نەکرێت. ئەگەر ئەم پیلانە سەری بگرتایە، ئەنجامەکەی لە هەموو ڕوویەکەوە بە قازانجی سەرۆکی ئاسایش (ئەمن)دا دەشکایەوە.

یەکەمین و گرنگترین دەسکەوتی ئەوکارە ئەمە بوو کە سەرۆکی ئاسایش دەمی ئەو ئینگلیزە لەخۆباییانە دابخات. واتا هەمان ئەو ئینگلیزانەی کە بەرپرسیاریەتی پاراستنی گیانی چەرچڵیان، لە ماوەی مانەوەیدا لە ئێران، لە سەرۆکی ئاسایش سەندبووەوە. ئەمە جگە لەوەی دوای ئەو شکستە، بێگومان داوا لە سەرۆکی ئاسایش دەکرا، کە سەرپەرشتی ڕێکخستنەوە و پۆلێنکردنی پاسەوانە شەخسیەکانی شا بکات. پاشانیش، کە ئاریشەکە ئارام دەبووەوە پێگە و پایەی سەرۆکی ئاسایش کە نها زۆر لاواز بووبوو، دەهاتەوە تایم و بەهێزتر دەبوو.

سەرۆکی ئاسایش و ئاللان، بە جۆرێک دانیشتن و نەخشەیان کێشا وەکو ئەوەی دوو دۆستی گیانیبەگیانی بن، بەڵام وێڕای ئەوەش هەر جارێک سەرۆکی ئاسایش هەستی دەکرد، جەوەکەی بەینیان زۆر خۆمانی بووە، سووتووی جگەرەکەی دادەتەکاندە ناو فنجانەکەی ئەوەوە.

سەرۆکی ئاسایش بە ئاللانی گوت تاقە ئۆتۆمبێلی گوللەنەبڕی ئێران، لە گەراجەکەی ژێرزەمینەکەی ژێر ئەوانداية، ئۆتۆمبێلەکە جۆری دی ستو – سویربانە، ئۆتۆمبێلی تایبەتی بوو. ڕەنگی سوورێکی شەرابی بوو، ئێجگار جوان بوو. ئەگەری ئەوە هەبوو، کە پاسەوان و گاردەکانی شا، بەو زوانە داوای ئەو ئۆتۆمبێلە بکەن، تا چەرچڵی لە فڕۆکەخانەوە، بۆ کۆشکەکەی شا، پێ بگوازنەوە.

ئاللان گوتی، ڕەنگە کەپسولێکی هەندێک بەقوەت لەژێر شاسیی ئۆتۆمبێلەکەدا دابنرێت، بەس بێت بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر ببێت، بەڵام ئاللان، دەبوایە ئەوە ڕەچاو بکات کە جەنابی سەرۆکوەزیر نایەوێت هیچ شوێنەوارێک هەبێت، کە لە ئەنجامدا ببێتە مایەی کەشفبوونی ئەو. بۆیە ئاللان پێشنیازی کرد دوو تەگبیری تایبەتیی بگیرێتە بەر.

یەکەم دەبێت کەپسولەکە، لە هەمان پێکهاتەی ئەو کەپسولانە بێت، کە کۆمۆنیستەکانی ماوتسی تۆنگ لە چین بەکاریان دەهێنا، ئاللان شارەزاییەکی باشی لەو کەپسول و عوبوانەدا هەبوو، دڵنیا بوو دەتوانێت کارێک بکات کە بویەری تەقینەوەکە، وەکو چالاکییەکی کۆمۆنیستەکان بێتە بەرچاو.

دووەم ئەوە بوو دەبوا بۆمبەکە لە بەشی پێشەوەی دی سوتووکە بەهێز بکەن، بە جۆرێک نەدەبوو یەکسەر بتەقێتەوە، دەبوایە بە جۆرێک دابنرێت کە هەوڵ جار بکەوێتە سەر ئەرزەکە و دوای ئەوە بە کەمتر لە چرکەیەک بتەقێتەوە. لەو ماوە کورتەدا ئۆتۆمبێلەکە بە ئاستەمێک دەچووە پێشەوە، ڕێک لەو شوێنەدا کە وینستون چەرچڵ

دانیشــتبوو جــگەرەی دەکێشــا، تەقیــنەوەکە ڕووی دەدا. بەو جــۆرە ژێــری ئۆتــۆمبێلەکە هەڵدەتەکا و چەرچڵی هەواڵەی ئەو دنیا دەکرد و چاڵێکی گەورەی دەکردە ئەرزەکە.

"بەو جۆرە کارێک دەکەین کە هەموو خەڵکی وا بیر بکەنەوە بۆمبەکە لە ئەرزەکە دانــراوەتەوە، کەس بیــری بە لای ئەوەدا نەچێت کە بــۆمبەکە خــراوەتە ژێــر شاســی ئۆتۆمبێلەکە، ئایا ئەم فێڵە بچووکە بەدڵی جەنابی سەرۆک وەزیرە؟

سەرۆکی ئاسایش، نەرمە پێکەنینێکی شادمانیی بۆ کرد و جگەرەکەی کە تازە پێی کردبوو، خستە ناو فنجانە قاوەکەی ئالالانەوە کە تازە بۆیان هێنابوو. ئالالان، گوتی جەنابی سەرۆکوەزیر بۆی هەیە هەرچییەکی دەوێت بە جگەرەکەی خۆی و فنجانە قاوەکەی ئەوی بکات، ئازادی ئازادە، بەڵام ئەگەر تەپڵەکەکەی سەر مێزەکەی خۆی بەدڵ نییە، ئەوا ئەگەر ڕوخسەتێکی کورت بە ئالالان بدات، دەتوانێت بڕوات و تەپڵەکێکی نوێ بۆ سەرۆکوەزیر بکڕێت.

سەرۆکی ئاسایش، قسەکانی ئالالانی سەبارەت بە تەپڵەکەکە پشتگوێ خست، بەڵام یەکســـەر نەخشـــەی تەقانـــدنەوەکەی بەگەن کـــرد و داوای لیســـتێکی تەواوی ئەو پێویستییانەی لێ کرد کە بۆ کارەکە پێویست بوون.

ئالالان، لە کەمترین ماوەدا لیستی ئەو نۆ مادەیەی پێ دا کە بۆ دروستکردنی بۆمبەکە پێویست بوو. ئالالان جگە لەو نۆ مادەیە، مادەی دەیەمیشی زیاد کرد کە بریتی بوو لە نیترۆگلیسیرین، چونکە پێی وا بوو ڕەنگە بە کەڵکی بێت، مادەی یازدەیەمنیش بریتی بوو لە شووشەیەک مەرەکەب.

ئالالان، جگە لەوانە داوای لە جەنابی ســەرۆکوەزیر کــرد یەکێــک لە نزیکتــرین هاوکاری خۆی بەگەڵ بخات تا لە کڕینی شتەکاندا یارمەتیی ئالالان بدات، هەروەها داوای لە هاوزیندانییەکەی خۆیشی قەشە فیرگوسن کرد تا کاری دیلمانجی بۆ بکات.

سەرۆکی ئاسایش، لە بن لێوانەوە پرتەپرتێکی کرد کە زۆری پەلە بوو، هەرچی زووترە لە شەڕی یارۆی قەشەدا بخەلەسێت، چونکە بە تەبیعەت حەزی لە چارەی قەشان نەدەکرد، بەڵام ئێستا وەختی نەبوو. دووبارە قونکەسیغارەکەی لە فنجانە قاوەکەی ئالالاندا کوژاندەوە تا تێیبگەیەنێت کاتی مقابەلەکە تەواو بووە و ئەوە وەبیر ئالالان بهێنێتەوە کە ئەم سەرۆکە.

***

ڕۆژان دەبوورین، هەموو شتێک بەگوێرەی نەخشەکە دەچووە پێشەوە. سەرۆکی گاردەکانی شا پەیوەندیی کرد و گوتی چوارشەممەی داهاتوو دێت بۆ ئۆتۆمبێلە 'دی –

سوتو'کە. قسەکانی زیاتر فەرمانکردن بوو تا داواکاری. سەرۆکی ئاسایش لە داخدا دەکولا، بەڵام لەڕاستیدا تەواو لەگەڵ نەخشەکەی ئاللاندا تێکی دەکردەوە. باشە ئەگەر سەرۆکی گاردەکان، پەیوەندیی نەکردبا کە دێت بۆ ئۆتۆمبێلەکە چی ڕووی دەدا؟ بەهەرحاڵ، بڕیار بوو سەرۆکی گاردەکان بە سزای حەقی خۆی بگات.

ئاللان، تەنها دەیزانی چەند ڕۆژی لە بەردەمە بۆ دروستکردنی بۆمبەکە. بۆ نەگبەتی ئەنجام بابە فیرگوسنیش بوو بە شەریکی نەخشەکە. نەک هەر لە کوشتنی وینستون چەرچڵدا، سەرۆکوەزیری پێشوو، دەبوو بە شەریک، بەڵکو بەڵگەی تەواویشی بەدەستەوە بوو، کە خۆیشی دوای ئەو کارە زۆر نازی. بابە فیرگوسن قەت لەو باوەڕەدا نەبوو ڕۆژێک لە ڕۆژان وەکو بکوژ لە بەردەم خودادا بوەستێت.

بەڵام ئاللان، قەشەکەی هیور کردەوە و بەڵێنی پێ دا هەر دوو کێشەکە چارەسەر بکات. یەکەم دەرفەتێکی باش ڕەخسابوو کە ئاللان و قەشەکە هەردووکیان بتوانن هەڵبێن، دووەم مەرج نەبوو هەڵهاتنی وان، بە مردنی ئەو بێتە دی.

بەڵام ئەنجامدانی نەخشەکە، پەیوەندیی بەوەوە هەبوو قەشەکە لە کاتی دیاریکراودا، بەگوێی ئاللان بکات. قەشەکە بەڵێنی دا ئەو چ بڵێت ئەم بە قسەی بکات. ئاللان تاقە ئومێدی ڕزگاربوونی قەشەکە بوو، چونکە خودا هێشتا وەڵامی دوعاکانی ئەوی نەدابووەوە؛ دوعاکانی لە لای خودا گیرا نەبووبوو. یەک مانگ بەسەر ئەو ڕەوشەدا بووریبوو. ئاخۆ خودا، لەبەر ئەوەی کە قەشە هەوڵی دابوو هاوپەیمانی لەگەڵ کۆمۆنیستاندا ببەستێت، لێی تووڕە بووبوو؟

***

چوارشەممە هات. ئۆتۆمبێلە دی – سوتوەکەیان ئامادە کردبوو. بە ڕێکەوت ئەو بۆمبەی خستبوویانە ژێر شاسیی ئۆتۆمبێلەکە گەورەتر لە ئەندازەی پێویست دەرچووبوو، بەڵام وێڕای ئەوەش وایان تاقەت کردبوو، ئەگەر کەسێک گومانی کردبا و بیشیپشکنیایە، بۆمبەکە هەر نەدەبینرا. ئاللان، جۆری کارکردنی کونترۆڵەکەی لە دوورەوە، بە سەرۆکی ئاسایش نیشان دا و بە وردی بۆی شرۆڤە کرد کە لە کاتی تەقینەوەی بۆمبەکەدا چ ڕوو دەدات. سەرۆکی ئاسایش بزەیەکی شادمانیی بۆ کرد. پاشان هەژدەمین جگەرەی ئەو ڕۆژەی لە فنجانە قاوەکەی ئاللاندا کوژاندەوە.

ئاللانیش فنجانێکی دیکەی کە لە پشت سندووقی ئامێرەکانیەوە شاردبووەوە، دەرهێنا. پاشان بەگوێرەی ستراتیژیەتی نەخشەکەی خۆی، فنجانەکەی لە قەراخ مێزێکی کەناری ئەو پلیکانەیە دانا کە دەچوو بۆ ڕاڕەو و گرتووخانەکە. پاشان ئاللان، بە

شێنەیی بازووی قەشـەکەی گرت و لە گەراجەکە وەدەر کەوتن. سـەرۆکی ئاسـایش بە دەوری ئۆتـۆمبێلەکەدا دەسـوڕایەوە، دەسـوڕایەوە و نـۆزدەیەمین جگەرەی ئەو ڕۆژەی پێ کرد، بە خۆشحاڵییەوە بیری لەوە دەکردەوە بەو نزیکانە چ ڕوو دەدات.

قەشــەکە، بەوەدا کە ئـالان تونـد بـازووی گرتبـوو، حـاڵی بووبـوو مەسـەلەکە زۆر جیددییە، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بە موو لە ڕێنماییەکانی جەنابی کارلسون لا نەدات.

بە بەردەم زیندانەکەیانـدا بـوورین و گەییـنە ژووری پێشـوازی، کە گەییـنە ئەوێ ئاللان تەنانەت لە هەنبەر پاسەوانە چەکدارەکانیشدا نەوەستا، لە کاتێکدا تونـد بـازووی قەشەکەی گرتبوو و بە بەردەم واندا ڕەت بوو. پاسەوانەکان بەبووبی ئاللان و یـارۆی قەشـە ڕاهـاتبوون. هەرگیـز بیریـان بـۆ ئەوە نەدەچـوو بیـر لە هەڵهـاتن بـکەنەوە... بـۆیە هەندێک سەیر بوو کاتێک ئەفسەری بەرپرس دەنگی دان:

-بوەستن! بۆ کوێ دەچن؟

ئاللان، لە ئاستانەی ئەو دەرگایەدا وەستا کە بۆ دەرەوە دەچوو، بە سـەرسـامییەکی زۆرەوە گوتی: ئێمە ئازادین کە بڕۆین. مەگەر جەنابی سـەرۆکوەزیر پێی نەگوتوون؟

بابە فیرگوسن ترسا، هەوڵی دا بە کەپوو بڕێک ئۆکسجین هەڵبمژێت تا نەبورێتەوە.

ئەفسـەرەکە بە ڕاوێژێکی تونـدەوە گوتی: لە شـوێنی خۆتـان نەجـووڵێن، تـا بە خـۆم ڕەزامەندیی جەنابی سەرۆکوەزیر وەرنەگرم، بۆتان نییە بۆ هیچ شوێنێک بڕۆن.

ئەوسا فەرمانی بە سـێ پاسـەوانە چەکدارەکە کرد کە بە وردی ئاگایان لە کارلسـون و قەشــەکە بێـت. ئەوسـا بە خـۆی لە ڕاڕەوەکەوە بەرەو گەراجەکە ڕۆی، تـا تەکەز لەســەر ڕەزامەندیی سەرۆکی ئاسایش بکات.

ئاللان بزەیەکی بە ڕووی قەشەکەدا دا تا ورەی بەرز بکاتەوە و ئەوسا گوتی بەم زوانە هەموو شتێک بە دڵی ئێمە دەبێت. مەگەر پێچەوانە ڕوو بدات و هەموو شتێک بتەقێتەوە.

جا لەبەر ئەوەی سـەرۆکی ئاسایش، نە مۆڵەتی بە ئاللان و قەشەکە دابوو بڕۆن، نە نیازی شتی وەهاشی هەبوو، بۆیە زۆر لە یارۆی ئەفسـەر تووڕە بووبوو.

"چـی؟ لە بەردەرگـا وەسـتاون و بەبـێ شــەرمی درۆ دەکەن؟ ئەمەیـان لـێ بەســەر ناچێت..."

ســەرۆکی ئاســایش، بە دەگـمەن جنێـوی دەدا. هەمیشــە هەوڵــی دەدا لەو ڕووەوە سەنگین بێت، ڕێزی خۆی دەگرت، بەڵام ئەوا زۆر تووڕە بوو، بەتەواوەتـی شـپرزە بـوو. وەکـو خـووی هەمیشــەیی خـۆی، قـوونکی جگـەرەکەی خسـتە نـاو فنجـانە قـاوەکەی کارلسونە نەگریسەکەوە، تا ئەوسا بۆ لای پلیکانەکان بڕوات.

یان بە گوتەیەکی دی وای نیاز بوو، چونکە لە فنجانە قاوەکە هێوەتر نەڕۆی، چونکە فنجانەکە ئەم جارەیان قاوەی تیا نەبوو، لەجیاتی قاوە نیتروگلیسیرینی خالیسە و مەرەکەبی ڕەشی تیا بوو. لەناکاودا تەقینەوەیەکی گەورە ڕووی دا و سەرۆکی ئاسایش و ئەفسەرە بەرپرسەکە، پارچەپارچە بوون. ئیدی دووکەڵێکی سپی لە گەراجەکەوە بۆ دەرەوە بەرز بووەوە؛ لە ڕاڕەوەکەوە بەرەو ئەو ڕاڕەوەی دی هات کە ئاللان و قەشەکە و هەرسێ پاسەوانەکە لەوسەریدا وەستابوون.

ئاللان، بە قەشەکەی گوت: وەختی ڕۆیشتنە.

بە دووقۆڵی لە دەرگاکەوە بۆی دەرچوون.

سێ پاسەوانەکە هێشتا هێندەیان ئاگا بەخۆوە بوو کە نابێت بهێڵن کارلسون و قەشەکە هەڵبێن، بەڵام لە زەرفی کەمتر لە دەیەکی چرکەیەک —لە ئەنجامی ئەوەوە کە گەراجەکە بووبوو بە دەریایەک لە ئاگر– بۆمبی ژێر (دی – سوتو)کەش، واتە هەمان ئەو بۆمبەی بۆ وینستون چەرچڵ دانرابوو، تەقییەوە. تەقینەوەی بۆمبەکە، ئاللانی دڵنیا کرد، کە کارەکەی بە باشی سەری گرتووە، ئیدی هەموو بیناکە لەناکاودا خوار بووەوە، کاتێک نهۆمی خوارەوە لە ئاگردا دەسووتا، ئاللان، قسەکەی پێشووی گۆڕی و بە قەشەکەی گوت:

- خێراکە، ئیدی دەبێت بە غاردان بۆی دەربچین.

هەوای تەقینەوەکە دوان لە پاسەوانەکانی بە دیوارەکەوە نووساند و ئاگریان تێ بەر بوو، پاسەوانی سێیەم بۆی دەرکەوت ئیدی مەحاڵە بتوانێت هۆش و بیری خۆی کۆنترۆڵ بکات و ئاگای لە زیندانییەکان ببێت. بۆ چەند چرکەیەک حایر و حەپەساو بە خۆیشی نەیدەزانی چی ڕووی داوە، بەڵام پاشان بۆ ئەوەی بە هەمان مەرەدی هاوڕێکانی تری نەچێت، ئەویش قووچانی. ئاللان و قەشەکە بە لایەکدا غاریان دەدا. پاسەوانەکەش بە لایەکی دیدا غاری دەدا.

***

پاش ئەوەی ئاللان، بە شێوازی تایبەتیی خۆی کارێکی وەهای کرد لەگەڵ یارۆی قەشەدا، لە فەرماندەیی ئاسایشدا هەڵبێن و دەرباز بن، نها نۆرەی قەشە بوو، کە ڕۆڵ ببینێت. قەشەکە، شوێنی زۆربەی کونسوولخانە و کونسوولخانە دبلۆماسییەکانی دەزانی، بۆیە ئاللانی گەیاندە کونسوولخانەی سوێد. کاتێک گەیینە کونسوولخانەی ناڤبری، ئاللان، بە گەرمی یارۆی قەشەی لەئامێز گرت تا سوپاسی بکات. پاشان لە کابرای قەشەی پرسی بەتەمای چییە؟ کونسوولخانەی بەریتانیا لە کوێیە؟

قەشـەکە وەڵامـی دایەوە زۆر دوور نیـیە، بەڵام چمـا بـۆ ئەوێ بـڕوات؟ خـۆ ئەوان هەموویان ئەنگلیکانین. نـا، یـارۆی قەشـە بیری لە سـتراتیژیەتێکی دی کردبـووەوە. ئەو پەندەی ئەو لە ماوەی ئەو سـەعات و هەندەی دواییەدا وەریگرتبوو، ئەوە بوو پێدەچوو هەمـوو شـتێک لە دەزگاکـانی ئەولەهـی و ئاسایشـی نـاوخۆوە دەسـت پـێ بکـات، هەر لەوێـش کۆتـایی پـێ بێـت. بـۆیە یـارۆی قەشـە دەبێـت ئەو ڕێکخـراو و دەزگـایە لە بنجوبنـاوانەوە، لە نـاوەوە بگۆڕێـت. ئەگەر بیتوانیبـا، هەمـوو ئەوانەی لە دەزگـا ئەولەهییەکانا کاریان دەکرد، بهێنێتە سەر مەزهەبی ئەنگلیکانی، هەنگێ گۆڕینی ئـایین و ئۆلی خەڵکانی دی زۆر ئاسان دەبوو، وەکو ئاوخواردنەوەی لێ دەهات.

ئـاللان بە قەشـەکەی گـوت ئەگەر لە ئاینـدەدا گەیـیە ئەم ئەنجـامگیرییە، کە بـۆ خودناسی پێویستی بە جێگەیەک هەیە، ئەوا لە سوێددا شێتخانەیەکی باش شک دەبات.

قەشەکە بەرسڤی دایەوە کە بە هیچ کلۆجێک نیازی ناشوکری نییە، بەڵام ئیدی بۆ هەتاهەتایە گوم گەشـتەی خۆی دۆزیبووەوە و نها کـاتی ئەوە هـاتبوو خـاترخوازی لە ئاللان بکات. قەشەکە بڕیاری دابوو لەو تاقە سەربازەوە کە دەربـاز بووبوو؛ ئەوەی بە ئاڕاسـتەکەی دیکەدا هەڵهـاتبوو، دەسـت پـێ بکـات. کوڕێکی بـاش و هـێمن و گـوێڕایەڵ بوو، ڕەنگە بشێت بخرێتە سەر ڕاستەڕێگەی ئیمان.

قەشەکە زۆر بە جیددی گوتی: "خاترێ تە... و کەوتە ڕێ."

ئاللان گوتی: جارێ بە دوعا.

وەسـتا، تەمەشـای ڕۆیشـتن و دوورکەوتـنەوەی قەشـەکەی کـرد. هەنگـێ دەبیـرەوە چوو، ئەم دنیایە هێندە شێتە، لەگینە یارۆی قەشـە، لەو ڕێگەیەی کە گرتبوویە بەر، بە سەلامەتی دەرباز ببێت.

بەڵام ئـاللان زۆر هەڵە بـوو. یـارۆی قەشـە ئەو پاسـەوانەی کە گێژگێـژ لە پـارکێکی شــاردا، لە نــاوجەرگەی تارانــدا دەســوڕایەوە، دۆزیــیەوە؛ هەردوو دەســت و قــۆڵی پاسەوانەکە سووتابوو، تفەنگە ڕیزەکەی کە لەسەر پێ بوو، بەدەستەوە بوو.

قەشــەکە گــوتی: "ئـێ کـوڕی خـۆم، ئەمە لێرەیـت!" هەنگـێ بەرەوڕووی چـوو، تـا لەئامێزی بگرێت.

پاسەوانەکە هاواری کرد: ئەمە تۆیت!

ئەوسا بیست و دوو گوللەی لە سینگ و بەرۆکی قەشـەکەدا خـاڵی کـرد. خـۆ ئەگەر فیشەکی تەواو نەبوایە، لەگین بوو زیاتریشی پێوە بنێت.

***

ئـــاللان، لەبەر شـــێوەزارە لۆکـــاڵییە ســـوێدییەکەی، ڕێـــگە درا بچێـــتە نـــاو کونسووڵخانەکەوە، بەڵام پاشان ڕەوشەکە ئاڵۆز بوو، چونکە ئاللان هیچ بەڵگەیەکی پێ نەبوو کە ناسنامەکەی بسەلمێنێت، لەبەر ئەوە کونسووڵخانە نەدەیتوانی پاسپۆرتی پێ بدات، نە یارمەتیی بدات کە بۆ سوێد بزڤڕێتەوە. ئیدی بیرکڤیست، سکرتێری سێیەمی کونسـووڵخانەکە گـوتی سـوێد لەو دواییـانەدا ژمـارەی ناسـنامەی تـازەی بە هەمـوو هاووڵاتیانی خۆی داوە، ئەگەر جەنابی کارلسون، لەبەر هەر هۆیەک چەند ساڵێک لە وڵات نەبووبێت، ئیدی لە تۆماری سیستمی ئیداریی سوێددا، ژمارە و ناوێک نییە بە ناوی ئاللان کارلسونەوە.

ئاللان، لە وەڵامی ئەو قسەیەدا گوتی وێڕای ئەوەی نها لە سوێددا، هەموو کەسێک لەجیاتی نـاو ژمارەیەکیشـیان هەیە، ئەو هەر ئـاللان کارلسـونەکەی خەڵکـی گونـدی یکسـهوڵتی دەڤەری فلێنە، هەر واش دەمێنێتەوە، ئەوەی نها دەیویست ئەوە بـوو کە جەنابی سکرتێری سێیەم لوتف بکات و مامەڵەی ناسنامەی بۆ ئامادە بکات.

بیرکڤیســـت، ســـکرتێری ســـێیەم لەو کـــاتەدا بـــاڵاترین بەرپـــرس بـــوو لە کونسووڵخانەکەدا. ئەو تاقە کەسێک بوو کە نەیتوانیبوو لەو کۆنفرانسە دیبلۆماسییەدا، کە لە ستۆکهۆڵم بەڕێوە دەچوو، بەشدار بێت. ئیدی وا دیار بوو لە بەدبەختیی ئەودا، کە هەموو شتەکان لەناکاودا و بە جارێک ڕوویان دابوو. وا دیار بوو ئەوەی سەعاتێک لەوەپێش ڕووی دابوو، بەشێکی تاران لە ئاگردا دەسووتا، بەس نەبوو: نها سەرباری ئەوەش سەروسیمای کابرایەک پەیدا بووبوو، دەیگوت گوایە سوێدییە. هەڵبەتە هەندێک نیشانەی ڕاستگۆیی بە قسەکانیەوە دیار بوو، بەڵام لەو حاڵەتانەدا پابەندی بە یاساوە پێویسـتی بـوو، تـا ئاینـدەی پیشـەکەی بیرکڤیسـت نەکەوتبـایە مەترسـییەوە. بـۆیە بیرکڤیست، سکرتێری سێیەم قسەکەی خۆی دووبارە کردەوە، کە تا جەنابی کارلسون نەتوانێت ناسنامەی خۆی بسەلمێنێت، بە هیچ جۆرێک پاسپۆرتی پێ نادرێت.

ئاللان گوتی بۆی دەرکەوتووە جەنابی سکرتێری سێیەم کابرایەکی زۆر کەللەڕەقە، بەڵام ئەگەر هێلێکی تەلەفۆن هەبێت، ڕەنگە بتوانێت هەموو کێشەکان چارەسەر بکات.

سکرتێری سێیەم تەلەفۆنی هەبوو، بەڵام تەلەفۆن بۆ شـوێنی دوور زۆری تێدەچوو. کارلسون بەنیاز بوو تەلەفۆن بۆ کێ بکات؟

ئـاللان، خەریـک بـوو، لە یـارۆی سـکرتێری سـێیەم بێـزار دەبـوو، بـۆیە وەڵامـی ئەو پرسـیارەی نەدایەوە و لەجیـاتی ئەوە ئەم پرسـیارەی کـرد: باشـە، لە سـوێد هێشـتا پێـر ئالبین سەرۆکوەزیرانە؟

سکرتێری سێیەم بە واقی وڕەوە گوتی: نەخێر، تاگێ ئێر لاندێر سەرۆکوەزیرە. پاییزی ڕابردوو سەرۆکوەزیر هانسون مرد، بەڵام بۆچی...

"دەتوانیت کەمێک بێدەنگ بیت تا لەم کێشەیە دەبینەوە؟"

ئاللان، تەلەفۆنی بۆ کۆشکی سپیی واشنتۆن کرد، پەیوەندییەکەیان دایە نووسینگەی سکرتێری تایبەتیی سەرکۆمار، خانمی سکرتێر کارلسونی بە باشی بیر مابوو، زۆر جار باسی بەخێری ئەوی لە زاری سەرکۆمارەوە بیستبوو. نهاش ئەگەر کارلسون، کارەکەی پێویستی بێت، دەتوانێت سەرکۆماری بۆ بێدار بکاتەوە. جەنابی کارلسون، ئەوەی ڕاستی بێت ئێستا لە واشنتۆن سەعات هەشتی بەیانییە، سەرۆککۆمار ترومان کەسێکی زوو ڕاب نییە.

دوای ماوەیەکی کەم، سەرکۆمار ترومان کە تازە لەخەو ڕابووبوو، هاتە سەر تەلەفۆن و بۆ چەند خولەکێک، گفتوگۆیەکی گەرموگوڕ لە نێوانیاندا بەردەوام بوو. لە هەوەڵەوە چاکوخۆشی و ئەحواڵپرسییەکی باشیان کرد، پاشان ئاللان، شەکوای حاڵی خۆی بۆ کرد و داوای کردبوو ئاخۆ سەرکۆمار ترومان دەتوانێت چاکەیەکی لەگەڵدا بکات؟ تەلەفۆنێ بۆ ئێر لاندێر، سەرۆکوەزیری تازەی سوێد بکات، تێیبگەیەنێت ئاللان کێیە و خەڵکی کوێیە، تا لاندێریش تەلەفۆن بۆ بیرگڤیست، سکرتێری سێیەمی کونسووڵخانەی سوێد لە تاران بکات و پێی بڵێ بلەز پاسپۆرت بۆ ئاللان دەربکات.

هاری ترومان گوتی هەڵبەتە ئەو کارە دەکات، بەڵام داوای لە ئاللان کرد، بێزەحمەت ناوی سکرتێری سێیەمەکەی بە وردی بۆ حونجە بکات، تا بتوانێت بە دروستی بینووسێت.

ئاللان، بە سکرتێری سێیەم بیرگڤیستی گوت: سەرۆککۆمار هاری ترومان، دەیەوێت بزانێت ناوەکەی تۆ چۆن حونجە دەکرێت، باشتر وایە خۆت ئەوەی پێ بڵێیت.

پاش ئەوەی بیرگڤسیتی سکرتێری سێیەم، بەدەم سەرەگێژکێ و ڕاوێژێکی خەواڵووەوە پیتبەپیتی ناوەکەی خۆی بۆ سەرکۆماری ئەمریکا دووبارە کردەوە، گوشی تەلەفۆنەکەی دانایەوە تا هەشت خولەک ورتەی لە زار نەهاتە دەر. ئەوسا سەرۆکوەزیران لاندێر تەلەفۆنی بۆ کونسوولخانەکە کرد و ئەم دەستوورانەی بە بیرگیڤستی سکرتێری سێیەم دا: ١- یەکسەر پاسپۆرتێکی دیبلۆماسی بۆ ئاللان کارلسون دەربکەن.

٢ – بە پەلە و بێ دواکەوتن، جەنابی کارلسون بۆ سوێد بەڕێ بکەنەوە.

بیرگیڤست، سکرتێری سێیەم گوتی: بەڵام ژمارەی ناسنامەی نیشتمانیی نییە.

سەرۆکوەزیر ئەرلندەر گوتی: من پێشنیاز دەکەم تۆ بە خۆت ئەو کێشەیە چارەسەر بکەیت جەنابی سکرتێری سێیەم. مەگەر خۆتان بتانەوێت ببنە سکرتێری چوارەم یان پێنجەم..

بیرگیڤست گوتی: بەڵام هیچ پۆستێکمان بە ناونیشانی سکرتێری چوارەم و پێنجەم نییە.

"ئێستا مەبەستت لەم قسەیە چییە؟"

***

وینستون چەرچڵی قارەمانی جەنگ بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٤٥ی بەریتانیادا دەرنەچوو، وا دیار بوو خەڵکی بەریتانیا پێویستیان بەو نەمابوو.

بەڵام چەرچڵ کەوتە بیری تۆڵەکردنەوە، بەدەم سەفەری دنیاوە چاوەڕوانی دەرفەتی گونجاو بوو. بە مەزەندەی سەرۆکوەزیری جاران، بەرپرسی حیزبی کرێکاران کە تەنها دەسەڵاتی بەریتانیای بەدەستەوە بوو، بەرنامەیەکی ئابووریی تازەی لەو وڵاتەدا پیادە دەکرد، لە هەمان کاتدا هەموو ئیمپراتۆریەتی بەریتانیای بەدەستی کەسانێک سپارد کە توانای بەڕێوەبردنی وڵاتیان نەبوو.

بۆ نموونە ڕەوشی هیندی بەریتانی ببینە کە تەنها بەرەو دابەشبوون دەچێت. موسوڵمانان و هیندۆسەکان پێک نایەن و پێکەوە هەڵناکەن. ئەو گاندییە نەفرەتییەش چوارمشقی لەناویاندا دانیشتووە و مانی گرتووە و دەم بە خواردنەوە نادات، چونکە لە هیچ شتێک ڕازی نییە، ئاخر ئەوە چ ستراتیژیەتێکی جەنگییە؟ باشە بەریتانیا بەو هەموو بۆردوومان و هێرشە ئاسمانییەی نازییەکانەوە بۆسەر لەندەن دەیتوانی تا کەنگێ درێژە بەو ستراتیژە بدات؟

ڕەوشی ئەفریقای ڕۆژهەڵاتی بەریتانیا هێشتا خراپ نەبوو، ئەگەر کار وا بڕوات. زۆری پێ ناچێت ئەفریقاییەکانیش بڕیارێک دەدەن ببنە ئاغای خۆیان.

چەرچڵ چاک دەیزانی دنیا دەوران دەورانە، بەڵام وێڕای ئەوەش بەریتانییەکان پێویستیان بە فەرمانڕەوایەک هەیە کە بتوانێت بە کارامەیی وڵات بەڕێوە ببات و مشووریان بخوات. بەریتانییەکان پێویستیان بە سۆسیالیستێکی ئاگری ژێر کای وەکو کلیمنت ئەتلی نەبوو.

چەرچڵ سەبارەت بە هیندستان دەیزانی بەریتانیا شەڕەکەی دۆڕاندووە. ساڵانێک بەریتانیا ملی بەو شکستە دابوو. بۆیە تەنها لەسەر بەریتانییەکان بوو، لە دەورانی دووەم جەنگی جیهانیدا، بە لای کەمەوە هەندێک ئاماژە سەبارەت بە خۆیبوونی ئاینده بۆ هندییەکان بنێرن، تا بەریتانییەکان ناچار نەبن لەو شەڕ و ململانێیەی مان و نەمانەدا، بە کێشەی شەڕی ناوخۆی هندییەکانیشەوە مژووڵ و سەرقاڵ بن.

بەڵام بەریتانییەکان، لە زۆر شوێنانی دیکەدا هێشتا دەرفەتی زۆریان هەبوو، کە ئەم شەپۆلی خۆیبوونە ڕابگرن. بەرنامەی چەرچڵ بۆ ئەم پاییزە ئەوە بوو سەفەری کینیا بکات و ڕەوشی ئەوێندەر هەڵبسەنگێنێت، بەڵام دەبوا هەوەڵ جار لە تاران لا بدات و چایەک لەگەڵ شادا بخواتەوە.

بۆ نەگبەتیی چەرچڵ کاتێک گەییە تاران، کە ڕەوشەکە زۆر شلۆق بوو. ڕۆژی پێشوو، لە دەزگای ئاسایشی وڵاتدا تەقینەوەیەک ڕووی دابوو، نەک هەموو بیناکە ڕووخابوو، بەڵکو بەتەواوی سووتاشبوو. وا دیار بوو سەرۆکە کەرەکەی ئاسایشیش لە ئاگرەکەدا سووتابوو. واتە هەمان ئەو کەسە دەستوپێسپییەی پێشتر سەبارەت بە کارمەندێکی بێگوناهی کونسوولی ئینگلیستان، شێوازی زۆر توندی بەکار بردبوو.

مردنی سەرۆکی ئاسایش خەسارەتێکی گەورە نەبوو، بەڵام تاقە ئۆتۆمبێلە گوللەنەبڕەکەی شاش لەنێو ئاگرەکەدا سووتابوو، ئەم مەسەلەیە بووە بایسی ئەوەی دیدارەکەی چەرچڵ لەگەڵ شادا زۆر لەوە کورتتر بێت کە چەرچڵ بەتەمای بوو. لەبەر هەندێک هۆی ئەولەهی (ئەمنی) دیدارەکە لە فڕۆکەخانەدا ئەنجام درا.

وێڕای ئەوەش دیدارەکە بە باشی بەڕێوە چوو. بە گوتەی شا، ڕەوشەکە کۆنترۆڵ کرابوو. تەقینەوەکەی ناوەندی دەزگای زانیاری و ئاسایش، مایەی نیگەرانی بوو، تا نها سەدەمی ئەو تەقینەوەیە نەزانرابوو. کوژرانی سەرۆکی ئاسایش بە لای شاوە گرنگ نەبوو. وا دیار بوو کابرا بەرەبەرە کارایی خۆی لەدەست دەدا.

بۆیە ڕەوشەکە لە باری سیاسییەوە هێمن بوو. بڕیار بوو بە زووترین کات کەسێکی تازە بۆ دەزگای زانیاری و ئەولەهی دابنێن. ئەوسا ئامار و دۆکیۆمێنتەکانی کۆمپانیای نەوتی ئێران و ئینگلیزیان تاووتوێ کرد. نەوت بۆ هەردوو وڵاتی ئێران و بەریتانیا سەروەت و سامانێکی خەیاڵیی فەراهەم دەکرد. بەتایبەتی بۆ بەریتانیا؛ بەڵام ئەوە هەق بوو، چونکە تاقە بەشداریی ئێران لە پیشەسازیی نەوتدا فەراهەمکردنی هێزی هەرزانیی کار و فەراهەمکردنی خودی نەوتەکە بوو.

لە سەفەری گەڕانەوەدا بۆ لەندەن، وینستون چەرچڵ بە پاشکۆی سوپایی سوێدی، کە لە هەمان فڕۆکەدا بوو، گوت: باشە ئاشتی و ئاوەدانی لە ئێراندا بەرکەماڵە.

ئاللان، بەرسڤی دایەوە: خۆشحاڵم کە دەبینم ئەنگۆ لە ڕەوشی ئێران ڕازین جەنابی چەرچڵ.

ئەوسا لەسەری ڕۆی کە بە دیدی وی حاڵی بەدەنیی وینستون چەرچڵ زۆر باشە.

***

ئاللان، پاش لادانێکی کەم لە لەندەن، سەرەنجام لە فڕۆکەخانەی برومان ستۆکهۆڵم دابەزی و دوای یازدە ساڵان پێی نایەوە خاکی سوێد. ئاخر و ئۆخری دیسامبەری ساڵی ١٩٤٨ بوو، دنیا وەکو هەموو ساڵێک لەو مانگەدا سارد بوو. کوڕێکی گەنج لە هۆڵی پێشوازیی فڕۆکەخانەکەدا چاوەنۆڕی ئاللان بوو، گوتی یاریدەدەری سەرۆکوەزیر ئەرلندەرە و جەنابی سەرۆکوەزیر حەز دەکات لە نزیکترین کاتدا، ئەگەر مومکین بێت، چاوی بە ئاللان بکەوێت.

ئاللان، بیری کردەوە مومکینە و زیاترش، بۆیە بە کەماڵی ئارەزوو دوای یاریدەدەرەکەی سەرۆکوەزیران کەوت. یارۆی گەنج بە غرورەوە داوای لە ئاللان کرد سواری ئۆتۆمبێلە نوێیە حکومەتییەکە ببێت: کە ڤاڵڤۆیەکی ڕەشی درەخشانی پی ڤی ٤٤٤ بوو. یارۆی یاریدەدەر کە زۆر حەزی لە ئۆتۆمبێلان بوو، لە ئاللانی پرسی: تا ئێستا ئۆتۆمبێلی ئەوەندە جوانت دیتووە جەنابی کارلسون، هێزی چل و چوار ئەسپی هەیە.

ئاللان بەرسڤی دایەوە: هەفتەی بووری دی سوتو یەکی سووری شەرابیم بینی، کە ئێجگار عەنتیکە بوو، بەڵام ئۆتۆمبێلەکەی تۆ نها لەوە باشترە.

بەدەم ڕێگەوە گەیشتنە ناوەڕاستی شاری ستۆکهۆڵم. ئاللان، بە سۆز و گودازەوە دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی. هەستی بە شەرمەزاری دەکرد کە تا ئەو کاتە پایتەختی وڵاتەکەی خۆی نەبینیبوو. ئەلهەقی شارێکی جوان بوو، یەکپارچە ئاو و فوارە و پرد بوو، کە هیچیان نەتەقێنرابووەوە.

سەرۆکوەزیران، بە بەکارهێنانی وشەی جەنابی کارلسون، پێشوازیی لە ئاللان کرد، پاشان گوتی: زۆر شتم لەبارەی تۆوە بیستووە.

ئەوسا یاریدەدەرەکەی لە ژوورەکە کردە دەرەوە و دەرگاکەی داخست.

ئاللان داوای ئەوەی نەکردبوو، بەڵام لە بیری بوو تا نها هیچی لەبارەی سەرۆکوەزیران تیک ئەرلندەرەوە نەژنەوتبوو. ئاللان تەنانەت نەیدەزانی ئاخۆ سەرۆکوەزیران چەپڕەوە یان ڕاستڕەو. بێگومان سەر بە لایەنێک لەو دوو لایەنە بوو. ئاللان، بە لای کەمەوە ئەوە لە ژیانەوە فێر بووبوو کە هەموو خەڵکی ڕژدن لەسەر ئەوەی سەر بەم لایەن یان ئەو لایەن بن.

بەهەرحاڵ سەرۆکوەزیران هەرچییەک دەبێت با ببێت، ئازادە. نها ئەوەی بۆ ئاللان گرنگ بوو، ئەوە بوو بزانێت سەرۆکوەزیران چیی دەویست.

ئیدی دەرکەوت سەرۆکوەزیران، بە خۆی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆککۆمار ترومانندا کردبوو. ماوەیەکی زۆر باسی ئاللانی لەگەڵدا کردبوو. بۆیە نها سەرۆکوەزیران هەموو شتێکی سەبارەت بە ئاللان دەزانی، هەموو شتێکی دەربارەی...

لێ سەرۆکوەزیر پاش ئەوە بێدەنگ بوو. هێشتا نەبووبوو بە ساڵێک کە پۆستی سەرۆکوەزیرانی وەرگرتبوو. هێشتا زۆر شت هەبوو، دەبوایە فێری ببێت، بەڵام وێڕای ئەوەش شتێک هەبوو کە بە باشی فێری بووبوو: لە هەندێک هەلومەرجی تایبەتیدا، باشترین کار نەزانینە، یان بە کێمانی باشترین کار ئەمەیە پیاو نەهێڵێت خەڵکی بزانن کە چ شتیەلێک دەزانێت.

لەبەر ئەمە بوو سەرۆکوەزیران ڕستەکەی تەواو نەکرد. دەبوو ئەو قسانەی سەرکۆمار ترومان دەربارەی ئاللان گوتبووی، بۆ هەتاهەتایە لە نێوانی هەردووکیاندا دەرنەچێت. بۆیە سەرۆکوەزیران ڕاستەوخۆ چووە سەر بابەتەکە: من دەزانم تۆ لات پاڵەوانی خوای، هیچ شتێک نییە، لەپێناویاد بۆ سوێد گەڕابیتەوە. بۆیە کارێکی وەهام کردووە، لەبری ئەو خزمەتەی تۆ بە خەڵکی سوێدت کردووە، پارەیەکت پێ بدرێت... یانی ئەم دەهەزار کرۆنە، دیارییە بۆ تۆ، فەرموو.

زەرفێکی پڕ لە ئەسکەناسی دا بە ئاللان و داوای لێ کرد وەسڵەکەی بۆ واژۆ بکات، دەبێت هەموو شتێک تۆمار بکرێت.

"زۆر مەمنوونتانم جەنابی سەرۆکوەزیران، وا بزانم دەتوانم بەم پاداشتە گەورەیە، هەندێک جلوبەرگی نوێ بکڕم و شەوێک لە هۆتێلێکی پاکوخاوێن بەسەر بەرم، تەنانەت بتوانم دەم و ددانیشم لە ئوگوستی ١٩٤٥ەوە تا ئێستا بۆ یەکەم جار بە دەرمان و فلّچە بشۆم.

لەو کاتەدا کە ئاللان خەریک بوو باسی جلەکانی ژێرەوەی خۆی دەکرد، سەرۆکوەزیران قسەکەی پێ بڕی و گوتی ئەو پارەیە هیچ مەرجێکی لەگەڵدا نییە، بەڵام چونکە لەو سەروبەندەدا لە سوێددا، کار لەسەر شەقکردنی ئەتۆم دەکرا، پێی باش بوو جەنابی کارلسون، سەرێکی پسپۆڕانی ئەو بوارە بدات.

مەسەلەکە ئەمە بوو، کە لە پاییزی ڕابردوودا، سەرۆکوەزیرانی پێشوو بە سەکتەی دڵ مردبوو، کۆمەڵێک کاری گرنگ و کەڵەکەبووی بۆ سەرۆکوەزیران ئەرلندەر بەجێ هێشتبوو، نها ئەرلندەر نەیدەزانی چ خاکێک بەسەر خۆیدا بکات. بۆ نموونە سوێد، سەبارەت بە بۆمبی ئەتۆمی دەبێت چ هەڵوێستێکی هەبێت؟ فەرماندەی سوپا هەمیشە بە گوێیدا دەخوێنێت کە وڵاتەکەیان دەبێت خۆی لە هەنبەر مەترسیی کۆمۆنیزمدا بەهێز بکات، چونکە تەنها وڵاتێکی بچووکی وەکو فنلەندا لە نێوان سوێد و ستالیندا هەبوو.

ئەم پرسە دوو لایەنی هەبوو. لە لایەکەوە فەرماندەی سوپا لەگەڵ کیژی ماڵێکی خانەدان، دەوڵەمەند و ڕۆشنبیردا زەماوەندی کردبوو، وا باو بوو هەندێک جار دەبوو بە هاوپیاڵەی پاشای سوێد و پێکەوە دەمێکیان تەڕ دەکرد، بەڵام ئەرلندەری سۆشیاڵ-

دیموکرات، مەحاڵ بوو تەحەمووولی ئەم بیرۆکەیە بکات کە گوستافی پێنجەم بۆی هەبێت خۆی لە سیاسەتی هێزێن بەرگریی سوێد هەڵبقورتێنێت.

لە لایەکی دیکەوە ئەرلندەر ئەم ئەگەرەشی دادەنا کە لەوەیە هەق بە فەرماندەی سوپا بێت. ستالین و کۆمۆنیستەکان، جێگەی متمانە نەبوون، هەر کاتێک بیر لەوە بکەنەوە سنووری بەرژەوەندییەکانیان، بەرەو ڕۆژئاوا فراوان بکەنەوە، ئەوا سوێد لە بن‌دەستیاندایە.

دەزگای لێکۆڵینەوەی سوپای سوێد لەو دواییانەدا چەند پسپۆڕێکی واری ئەنەرژیی ئەتۆمیی خۆی بۆ کۆمپانیا تازە دامەزراوەکەی هێزی ئەتۆمی ئۆ. ب گواستبووەوە. نها پسپۆڕەکان لەو کۆمپانیایەدا سەرگەرمی لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتە بوون کە لە بویەرەکەی ناکازاکی و هیرۆشیمادا چ جۆرە تەقینەوەیەک ڕووی دابوو. بەهەرحاڵ ئەرکی گشتیی وان ئەمە بوو کە لێکۆڵینەوە لە ئایندەی هێزی ئەتۆمی لە ڕوانگەی وڵاتی سوێدەوە بکەن. هیچ کاتێک ئەم ئامانجە بە ڕاشکاوی باس نەکرابوو، بەڵام سەرۆکوەزیران دەیزانی مەبەست لەو دەستەواژە ئاڵۆزە، ئەگەر هەندێک سادە بکرێتەوە، شتێکی لەم بابەتەیە: ئێمە، ئەگەر پێویست بێت، چۆن بۆمبی ئەتۆمیی خۆمان دروست بکەین؟

نها بەرسڤی ئەم پرسیارە لە بەردەم سەرۆکوەزیراندا ڕۆنیشتبوو.

لاندێر ئەم مەسەلەیەی بە باشی دەزانی، بەڵام گرنگ ئەوە بوو هیچ کەس نەزانێت ئەو ئەمە دەزانێت. سیاسەت ئەوەیە مرۆڤ بزانێت پێ لە کوێ دادەنێت؛ پێ لە تەختەی چرووک نەنێت.

ئیدی ڕۆژی پێشتر سەرۆکوەزیران ئەرلندەر پەیوەندیی بە دکتۆر زیگڤارد ئێکلوندی سەرۆکی بەشی لێکۆڵینەوەی دەزگای ئەنەرژیی ئەتۆمیی ئۆ. ب کردبوو و داوای لێ کردبوو ئالان کارلسون دەعوەت بکات و گفتوگۆیەکی وردی لەگەڵدا بکات، بەتەواوەتی پرسیارپێچی بکات و بزانێت ئاخۆ بە کەڵکی ئەوە دێت بەشداری لە چالاکییەکانی ناوەندە ئەتۆمییەکەدا بکات یان نا.

دکتۆر ئێکلوند، هەرگیز بەوە خۆشحاڵ نەبوو سەرۆکوەزیران خۆی لە کاروبارەکانی پرۆژە ئەتۆمییەکە بکات بە ساحێب. تەنانەت گومانی ئەوەشی دەکرد لەگینە ئالان، سیخوڕی سۆسیال-دیموکراتەکان بێت، بەڵام وێڕای ئەوەش، هەرچەندە سەرۆکوەزیران هیچ شتێکی دەربارەی توانا و بەهرەکانی ئالان نەگوتبوو، ئێکلوند بەڵێنی دا دیداری لەگەڵدا بکات. ئەرلندەر کە گوتبووی دکتۆر ئێکلوند بە وردی ئالان پرسیارپێچ بکات، بەتایبەتی فۆکەسی لەسەر وشەی 'بە وردی' کردبوو.

ئـاللانیش لای خـۆیەوە گـوتی ئەگەر ئەم مەسـەلەیە دەبێـتە مـایەی شـادمانیی سەرۆکوەزیران، ئامادەیە گوتوبێژ و دیدار لەگەڵ دکتۆر ئیکلوند، یان هەر دکتۆرێکی دیکەدا بکات.

***

ئاللان کە بڕی دەهەزار کرۆنەکەی بە لاوە زۆر بوو، ژوورێکی لە باشترین هۆتێلدا بەکرێ گرت.

کارمەندی بەرپرسی پێشوازیی میوانان لە گراند هۆتێل، کە چاوی بە سەروسیما و ڕواڵەتـی چڵکنـوپڵکن و شـەپرێوی ئـاللان کەوت، کەوتە گومـانەوە، لـێ کە پاسـپۆرتە دبلۆماسییەکەی پێ نیشان دا، ئیدی گومانەکانی ڕەوینەوە.

کارمەنـدی پێشـوازییەکە گـوتی: قوربـان، هەڵـبەتە ژوورمـان بـۆ ئێـوەی جەنـابی پاشکۆی سوپایی هەیە. دەتەوێت پێشەکیی کرێیەکە بدەیت یان حیسابەکە بۆ وەزارەتی دەرەوە فڕێ بدەین؟

ئاللان گوتی: لە پێشەوە باشترە، دەتەوێت لە پێشەوە پێت بدەم؟

کارمەنـدی پێشـوازیی هـۆتێلەکە ئیکلامێکـی کـرد و گـوتی: نەخێـر قوربـان، نەخێـر جەنابی پاشکۆی سوپایی.

ڕەنگە ئەگەر ئەو کارمەندەی بەرپرسی پێشـوازیی هـۆتێلەکە بیتوانیبا ئایندە ببینێت، بێگومان بە شێوەیەکی جیاواز وەڵامی ئەو پرسیارەی دەدایەوە.

***

دکتۆر ئیکلوند ڕۆژی دواتر لە ئۆفیسەکەی خۆیدا، لە ستۆکهۆڵم پێشوازیی لە ئـاللان کـرد کە خـۆی شـۆردبوو، کەمێـک بە خـۆی ڕاگەیبـوو و جلێکـی باشـی لەبەر کردبـوو. دکتـۆر ئیکلونـد، ڕێـک وەکـو سـەرۆکی ئاسایشـەکەی تـاران، قـاوەی بـۆ بانـگ کـرد و جـگەرەی پـێ دا (هەڵـبەتە دکتـۆر ئیکلونـد، جـگەرەکەی لە تەپڵەکەکەی بەردەم خۆیـدا دەکوژاندەوە).

دکتۆر ئیکلوند بەو شێوازەی سەرۆکوەزیران، سەبارەت بە دۆزینەوەی کادیران بۆ پرۆژە ئەتۆمییەکە ڕازی نەبوو. ئـاللانیش لای خۆیەوە هەستی بەو گرژی و نـاڕەزاییە کـرد کە بـاڵی بەسـەر ئۆفیسـەکەدا کێشـابوو. بـۆ سـاتێکی کورت یەکەم دیداری خـۆی لەگەڵ سۆنگ می لینگدا بیر کەوتەوە. خەڵکی بۆیـان هەیە بە کەیفی دڵـی خۆیـان بکەن، بەڵام ئاللان پێی وا بوو پێویستە مرۆڤ، تا دەتوانێت هێدی و هێمن بێت.

دیداری نێوان ئەو دوو پیاوە زۆری نەخایاند: جەنابی کارلسون، سەرۆکوەزیران داوای لێ کردم بە وردی پرسیارپێچیت بکەم، تا بزانین ئاخۆ بۆ کارکردن لە دەزگاکەی مەدا گونجاویت یان نا. منیش دەمەوێت هەمان کار بکەم، هەڵبەتە بە یارمەتیی ئێوە.

- بەڵێ، ئاساییە.

بە دیدی ئاللان، زۆر لۆژیکی بوو جەنابی دکتۆر بیەوێت هەموو شتێک دەربارەی ئەو بزانێت و ئەم بە 'وردی' پرسیارپێچکردنەش لە جێی خۆیدایە. بۆیە جەنابی دکتۆر بۆی هەبوو زۆر ئاسایی پرسیاری خۆی بکات.

دکتۆر ئیکلوند گوتی: ئێ، دەتوانین لە ئاستی خوێندن و شادەتنامەی ئێوەوە دەست پێ بکەن...؟

ئاللان گوتی: ئەوەندە نییە شانازیی پێوە بکرێت، هەمووی سێ ساڵم خوێندووە.

دکتۆر بە سەرسامییەوە گوتی: سێ ساڵ! جەنابی کارلسون مەحاڵە بە سێ ساڵ خوێندن لە زانکۆ بتوانیت ببیت بە کیمیازان، فیزیکزان، یان ماتماتیکزان.

- نا، تەنها سێ ساڵ، من لە تەمەنی دە ساڵیدا خوێندن و قوتابخانەم تەرک کردووە.

دکتۆر ئیکلوند زۆری هەوڵ دا جڵەوی خۆی بگرێت و تووڕە نەبێت. ئەم پیاوە هیچی نەخوێندووە! با بزانین خوێندن و نووسین دەزانێت؟

- جەنابی کارلسون، تۆ هیچ ئەزموونێکی پیشەییت هەیە، کە لەگەڵ ئەم کارەدا کە ئێمە لێرە، لە ئاژانسی وزە و ئەنەرژی ئەتۆمی ئۆ. ب ئەنجامی دەدەین، تێک بکاتەوە؟

- "بەڵێ، تا ڕادەیەک." ئاللان ئەو ئەزموونەی هەبوو، ماوەیەک لە ئەمریکا، لە سەنتەری لوس ئالاموسدا، لە نیومەکسیکۆ کاری کردبوو.

لێرەدا ڕووی دکتۆر ئیکلوند گەشایەوە. کەواتە ئەرلندەر لە خۆڕایی ئەم پیاوەی بۆ لای دکتۆر نەناردبوو. ئەوەی لە لوس ئالاموسەوە هاتبووە دی، لە کەس شاراوە نەبوو. باشە، جەنابی کارلسون لەوێ چ کارێکی کردبوو؟

ئاللان گوتی: قاوەم دەگێڕا.

دکتۆر ئیکلوند گوتی: قاوە؟

دووبارە چارەی تێک نا.

- بەڵێ، هەندێک جار چاشم دەگێڕا. ئیدی یاریدەدەر و پێشخزمەتی گشتی بووم.

- قەت جارێ لە جاران بەشداریت لە بابەتی دابەشبوونی ئەتۆمیدا کردووە؟

ئـاللان گـوتی: نەخێـر. نزیکتـرین ئەزمـوونی مـن لەو بـارەیەوە ئەوە بـوو لە کۆبوونەوەیەکدا دەبوا قاوەیان بۆ ببەم، بە ڕێکەوت هەندێک شتم گوت.

"باشـە، جەنـابی کارلسـون لەو کۆبـوونەوەیەدا کە لەڕاسـتیدا دەبـوا قـاوە بگێڕێت، هەندێک قسانی کردبوو... پاشان چی ڕووی دا؟

-قسەکەیان پێ بڕیم و... داوایان کرد لە ژوورەکە بچمە دەرەوە.

دکتـۆر ئیکلونـد، لە سەرسـامیدا حەپەسـابوو، زمـانی بەسـترابوو، واتـا بەڕاسـتی سەرۆکوەزیران ئەرلندەر باوەڕی وا بوو بابایەک کە لە تەمەنی دەساڵیدا قوتابخانەی تەرک کردبوو، دەیتوانی لە دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیدا یارمەتیی سوێد بدات؟

دکتۆر ئیکلوند، باوەڕی وا بوو، زۆر زەحمەتە سەرۆکوەزیران بتوانێت یەک ساڵ لەو پۆستەدا بباتە سەر، ئەوجا بە ئاللانی گوت ئەگەر هیچ قسەیەکی دیکەی نییە، دیدارەکەیان لێرەدا تەواو دەبێت. دکتـۆر ئیکلونـد، بـاوەڕی وا بـوو حـاڵی حـازر، لە دەزگاکەیاندا هیچ پۆستێکی خاڵی بۆ جەنابی کارلسون نییە. ڕاستە ئەو بەردەست و پێشخزمەتەی کە لە سەنتەری ئەنەرژیی ئەتۆمیی ئۆ. ب قاوەی بۆ ئەکادیمیستەکان دەگێڕا، قەت لە سەنتەری ئالاموسدا کاری نەکردبوو، بەڵام بە بۆچوونی دکتۆر ئیکلوند ئەو خانمە بە باشی کاری خۆی ئەنجام دەدا. ئەمە جگە لەوەی خانم گریتا لە کاتی دەستبەتاڵیدا، ژوور و ئۆفیسەکانیشی گسک دەدا و پاکی دەکردنەوە، کە ئەم کارەی لە زیادە دەکرد و دەبوایە ئەمەی بۆ لەبەرچاو بگیرێت.

ئـاللان، سـاتێک بە بێدەنگی دانیشـت. لە سـێ و دووی ئەوەدا بـوو ئایـا بە دکتـۆر ئیکلوند بڵێت بە پێچەوانەی هەموو ئەکادیمیستەکانی ژێردەستی ئەو، تەنانەت خانم گریتاش، تەنها ئەو دەیزانی چۆن بۆمبی ئەتۆمی دروست دەکرێت، بەڵام ئاللان گەییە ئەو باوەڕەی دکتـۆر ئیکلونـدیک، ئەقڵـی بەوەدا نەشـکێت کۆمەڵێک پرسـیاری دیـی لـێ بکات، شایستەی ئەوە نییە ئەم یارمەتیی بدات. قاوەکەی گریتاش تامی چڵکاوی دەدا.

***

ئاللان، لە سەنتەری ئاژانسی ئەنەرژیی ئەتۆمی کاری دەست نەکەوت، گوایە هیچ مەرج و بەهرەیەکی تیا نەبوو. لێ وەختایەک ئاللان لەسـەر تەختێکی نـاو باخێکی بەردەم هۆتێل گراند دانیشـت، هەسـتی بە ئارامییەکی تەواو دەکـرد. لەوبەری ئـاوەکەوە دیمەنێکی جـوانی کۆشکی پاشایەتیی لێوە دیار بوو. چۆن دەبوو هەست بە ئارامی نەکات؟

هێشتا پارەیەکی زۆری لەو پارەیە پێ مابوو کە سەرۆکوەزیران لوتفی کردبوو و پێی دابوو. ژوورێکی بۆ ماوەیەک لە هۆتێلێکی خۆشدا گرتبوو. هەمـوو شـەوێک شـێوی

لە هـۆتێلەکە دەخـوارد. لەم ڕۆژەدا، واتـا لە سـەرەتاکانی هەیڤـی یەکـدا، دانیشـتبوو، هەتـاوەکە لەسـەر و چـاوی دەدا و ئـۆخژنی لە دڵ و دەروونیـدا دەگێـڕا و ئەعـزای ئەندامی گەرم دەکردەوە.

هەڵبەتە، ژێری هەندێک سارد بوو، بۆیە کە پیاوێک هات و لە تەنیشتیەوە ڕۆنیشت، ئاللان پێی سەیر بوو.

ئـاللان زۆر بە ڕێـزەوە بە زمـانی سـوێدی ئێوارەباشـی لە کـابرا کـرد. پیـاوەکە بە ئینگلیزی بەرسڤی دایەوە: ئێوارەت باش جەنابی کارلسون.

## چواردەیەم

**دووشەممە، ٢٠٠٥/٥/٩**

وەختـایەک گەورە لێکـۆڵەرەکە، ئارونسـون لە سکیلسـتونا، ڕاپۆرتەکـانی خـۆی بە داواکـاری گشـتی کـونی ڕانیلید دا، داواکـاری گشـتی یەکسـەر فەرمـانی دەسـتگیرکردنی ئاللان کارلسون، یولیوس یونسون، بینی لیونبرگ و گونیلا بیور کلاندی دەرکرد.

ئارونسون و داواکاری گشتیی دۆسیەکە، لەوسـاوە کە پیرەمێردە سەدسـاڵییەکە، لە پەنـجەرەکەوە دەرچووبـوو و دیـار نەمـابوو، هەمیشـە لە پەیوەندیـدا بـوون. داواکـاری گشتی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەیجوریی ئەو دۆسیەیەی دەکرد. تەنها بیری لە ئەگەرێکی سـەیر دەکردەوە: ئەگەری ئەوەی بتوانێت بە تـۆمەتی کوشـتن، یـان بە لای کەمەوە بە تـۆمەتی کوشـــتنی نائەنقەســـتی دوو نەفەر، هەرچەنـــدە هێشـــتا تەرمـــی هـــیچ کوژراوێـــک نەدۆزرابووەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی دەربکات. لە مێژووی دادڤانی سـوێددا یەک-دوو دۆسیەی لەو بابەتە هەبوون، کە پێدەچوو ڕێگەی ئەو کـارە بـدەن، بەڵام ئەو کـارە پێویسـتی بە بەڵـگە و دۆکیـۆمێنتی ئـاوارتە و داواکـارێکی گشـتیی زۆر کـارامە و لەزەبـر هەبـوو. سـەبارەت بە داواکـاری گشـتی کـونی ڕانیلیـد، هـیچ کێشـەیەکی لەگەڵ مەرجـی دووەمـدا نەبـوو، سـەبارەت بە مەرجـی یەکەمـیش بڕیـاری دابـوو زنجیـرەیەک بەڵـگەی حاشاهەڵنەگر کۆ بکاتەوە کە یەکدی تەواو بکەن.

ئارونسون، سەبارەت بەو ڕەوشەی هاتبووە ئاراوە، هەستی بە جۆرە نائومێدییەک دەکـرد. هەڵـبەتە ڕزگـارکردنی پیـاوێکی سـەد سـاڵە لە چنگـی بانـدێکی تاوانکـاری زۆر خۆشـتر بـوو لەمەی تەنهـا ناچـار بـوو، لەپێنـاوی ڕزگـارکردنی تاوانبارەکانـدا، لە هەنـبەر پیاوێکی سەدساڵەدا دۆش دابمێنێت.

ئارونسون لە دڵی خۆیدا پرسیی: باشە، لە کاتێکدا هیچ تەرمێکمان نەدۆزیوەتەوە، ئایا دەتوانین ئەوە بسەلمێنین ئاللان کارلسون و هاوکارەکانی دەستیان لە مەرگی بویلوند، هولتن و گێردیندا هەبووە؟

لە خوای دەویست بەرسڤی ئەو پرسیارەی 'نەخێر' بێت.

داواکاری گشتی (حاکم) کونی ڕانیلید گوتی: یۆران خۆت سەغڵەت مەکە، تۆ ئەو پیرەمێردە گەمژەیەم بۆ دەستگیر بکە، هەنگێ بە خۆت دەبینیت چۆن ددان بە هەموو شتێکدا دەنێت. خۆ ئەگەر زۆر هۆشیار بێت و هیچ نەڵێت، ئەوا گومانت لەوە نەبێت هاوکارەکانی قسەی هەڤدژ دەکەن و هەرچییەکمان پێویست بێت، دەستگیرمان دەبێت.

ئەوسا داواکاری گشتی و گەورە لێکۆڵەرەکە بە دووقۆڵی و جارێکی دی بە دۆزەکەدا چوونەوە. حاکمەکە ستراتیژی خۆی ڕوونکردەوە.

بە بۆچوونی حاکم، ئەوان نەیاندەتوانی هەموو ئەو گومانلێکراوانە بە تۆمەتی کوشتن لە زینداندا توند بکەن، بەڵام تۆمەتێن دیکەش هەبوون، لەوانە: کوشتنی بە ڕێکەوت، بەشداریکردن لەم تاوان و لەو تاواندا، زەمینەخۆشکردن بۆ مردن، یان پەنادانی بکوژێک. تەنانەت یاساشکێنییش سەبارەت بە تەرم، دەکرا بە تاوان لەقەڵەم بدرێت، بەڵام داواکاری گشتی بۆ سەلماندن و ساغکردنەوەی ئەم تاوانانە پێویستی بە کاتی زیاتر بوو تا بیری لێ بکاتەوە.

چونکە هەندێک لە گومانلێکراوی دۆسیەکە، دوای ئەنجامدانی کوشتنەکان، تێکەڵی بویەرەکە بووبوون، بۆیە مەحکوومکردنیان دژوارتر بوو. داواکاری گشتی بەنیاز بوو فۆکەس لەسەر ئەو کابرایە بکات، کە بە درێژایی ئەو ماوەیە لە ناوجەرگەی بویەرەکەدا بوو: واتە ئاللان کارلسونی سەد ساڵە.

داواکاری گشتی ڕانیلید بە سوعبەتەوە گوتی: لەو حاڵەدا پێم وایە دەتوانین داوای حوکمی هەتاهەتایی بۆ بکەین.

جارێ کابرای پیرەمێرد هەنجەت و بیانوو و ئەنگیزەی خۆی هەبوو بۆ کوشتنی بویلوند، هولتن و گیرین، ئەنگیزە و هاندەرەکەشی ئەمە بوو کە ئەگەر ئەو کارەی نەکردایە، لەوە بوو بویەرەکە پێچەوانە ببێتەوە. واتە بویلوند، هولتن و گێردین یارۆی پیرەمێردیان بکوشتایە. حاکم بەڵگەی ئەوەی لەدەستدا بوو کە ئەو سێ زەلامە ئەندامی باندی 'هەرگیز جارێکی دی' بوون، باندی ناوبراویش زیاتر بە لای توندوتیژی و زۆرداریدا مایل بوو، بەڵام ئەمە بەو مانایە نەبوو یارۆی پیرەمێرد بتوانێت بڵێت بە ناوی بەرەڤانی لە خۆی ئەوانی کوشتووە، چونکە لە نێوان کارلسوندا لە لایەک، ئەو سێ ئەندامەی باندەکە لە لایەکی دیکەوە، جانتایەک هەبوو کە ناوەڕۆکەکەی بۆ یارۆی

داواکـاری گشـتییش مەعلـووم نەبـوو. هەر لە سـەرەتای بویەرەکـانەوە کێشـەی ئەم جانتایە لەئارادا بوو. ئیدی کابرای پیرەمێرد دەیتوانی ڕێگەیەکی تر بگرێتە بەر و ئەو سێ کەسە نەکوژێت، دەیتوانی جانتاکە نەدزێت، یان کە دزیی، بە لای کەمەوە بیداتەوە.

ئەمە جـگە لەوەی کە داواکـاری گشـتییەکە، دەیتـوانی لە ڕێـگەی پەیوەنـدیی جوگرافییەوە پەیوەندیی نێوان کارلسـون و ئەو سێ کـوژراوە بسـەلمێنێت. کوژراوی یەکەم ڕێک وەکو جەنابی کارلسون لە وێستگەی بیرینگێ لە پاس دابەزیبوو، هەرچەندە دابەزینـی وان لە دوو کـاتی جیـاوازدا بـوو. ڕێـک بە پـێچەوانەی جەنـابی کارلسـون و هاوڕێیەکەیەوە، کوژراوی ژمارە یەک، لە دوای ڕۆیشتنی عەرەبانە (تەرەزینە) کە ئیدی لە هـیچ شـوێنێک نەبینرابـوو، بەڵام کەسـێک لەوێ بووبـوو بە تەرم و شـوێنەواری لە پاش بەجێ مابوو. هەڵبەتە دیار بوو ئەو کەسە کێ بوو. یارۆی پیرەمێرد و یونسونی دز، لە ئاخروئۆخری هەمان ڕۆژدا بە زیندوویێتی بینرابوون.

پەیوەندیی جوگرافیی نێوان کارلسـون و کـوژراوی ژمـارە دوو زۆر دیـار نەبـوو. ئەو دوانە هەرگیـز بە یەکەوە نەبینرابـوون، بەڵام بـوونی ئۆتـۆمبێلێکی مارسیدسـی زیـوین لە لایەک و بەجێمـانی دەمانچەیەک لە لایەکی دیکەوە ئەوەیان بۆ داواکاری گشتی ڕانیلید – پاشان بۆ دادگا– ڕوون کردەوە، کە کارلسون و هولتنی کوژراو؛ واتە هەمان ئەو کەسـەی ناوە نهێنییەکەی سەتڵ بوو، هەردووکیان لە مەزرای دەریاچە لە سمولاندا بوون. هەڵبەتە هێشـتا مـۆری پەنـجەی هـولتن، بەسـەر دەمـانچەکەوە سـاغ نەبووبـووەوە. لێ داواکـارە گشتییەکە لەو باوەڕەدا بوو ئەو مەسەلەیە بە زووترین کات ساغ دەبێتەوە.

پەیـدابوونی لەناکـاوی ئەو دەمـانچەیە نیعمەتـی خـوا بـوو. ئەمە نەک هەر ئەوەی دەسـەلماند کە سـەتڵ هـولتن لە مەزراکەدا بـووە، بەڵکـو بەڵگەیەکـی حاشـاهەڵنەگری سەدەمی کوشتنی کوژراوی دووەمیش بوو.

سەبارەت بە سەلماندنی بوونی کارلسون لە مەزرای ناڤبریدا، دەیانتوانی لە ڕێگەی پشـکنینی 'DNA'ەوە بە ئاسـانی بـگەنە ئەنجـام. هەڵـبەتە پیرەمێـرد چووبـووبێتە هەر شوێنێک، ئاسەواری 'DNA' خۆی لەوێ بەجێ هێشتووە. ئیدی ئەم هاوکێشـە و فرمۆلە لای داواکاری گشتی دروست بووبوو: سەتڵ + کارلسون = مەزرای دەریاچە!

ئیدی پشکنینی 'DNA'کەش دەریدەخست ئەو خوێنەی ناو ئۆتۆمبێلە بی ئێم دەبلیوە پلیشاوەکە هیی کوژراوی سێیەم (واتە پێر گونـار گێردین)ە، کە بە سـەرۆک ناسـرابوو. دەیـانتوانی بە زووتـرین کـات ئۆتـۆمبێلەکە بپشـکنن، بێگومـان ئەم کـارەش دەیسـەلماند کارلسـون و یـارانی لەوێ بـوون و مـۆرکی پەنجەیـان بەسـەر هەمـوو شـتێکەوە بەجێ هێشتووە. دەنا چۆن تەرمەکەیان لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا دەرهێناوە؟

بەو ئاوایە داواکاری گشتی، ڕانیلید، دەیتوانی لە ڕێگەی کات و شوێنەوە سەرەداوی ئەنگێزە و پەیوەندیی نێوان کارلسون لە لایەک و سێ کوژراوەکەی دی لە لایەکی ترەوە بدۆزێتەوە.

یارۆی گەورە لێکۆڵەران ڕیسکی کرد و پرسیی ئایا حاکم دڵنیا بوو کە سێ قوربانییەکە، بەڕاستی کوژرابوون، واتە لە ژیاندا نەمابوون؟

داواکاری گشتی، هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی سەبارەت بە ژمارە یەک و بە ژمارە سێ پێویستیان بە ڕوونکردنەوە نەبوو، سەبارەت بە ژمارە دوو داواکاری گشتی دەبوایە چاوەڕوانی بڕیاری دادگا بێت، چونکە کە کوشتنی ژمارە یەک و ژمارە سێ ساغ بووەوە، دووەمیش بە قەرینە ئاشکرا دەبێت.

داواکاری گشتی، بە ڕاوێژێکی تەوسامێزەوە پرسیی: ڕەنگە جەنابی لێکۆڵەر تۆ باوەڕت وا بێت ژمارە دوو، بە حوسن و ڕەزای خۆی چەکەکەی ڕادەستی ئەو کەسانە کردووە کە دۆستەکانیان کوشتبوو، پاشان خاترخوازیی لێ کردوون، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی سەرۆکەکەی کردبێت کە بڕیار بووە دوای چەند سەعاتێک بگاتە ئەوێندەر؟

یارۆی لێکۆڵەر، بە ڕاوێژێکی بەرگریکارانە گوتی: نا، لەو باوەڕەدا نیم.

داواکاری گشتی بە ئارونسونی گوت خۆیشی کەمێک لە بەڵگەکانی بەگومانە، بەڵام ئەوەی لە مەسەلەکەدا لۆژیکی بوو، پەیوەستەگیی زنجیرەی بویەرەکان بوو. حاکم هیچ چەک و ئامێرێکی کوشتنی لە بەردەستدا نەبوو (هەڵبەتە جگە لە پاسە زەردەکە)، بەڵام بەرنامەکە ئەوە بوو کە جارێ کارلسون بە تۆمەتی کوشتنی، کوژراوی ژمارە یەک دەسگیر بکەن.

"بە کێمانی ئەو پیرەمێردە بە تۆمەتی کوشتنی بە ئانقەست، یان بە تۆمەتی شەریکبوون لە کوشتندا زیندانی دەکەم. هەر کە بتوانم ئیدانەی بکەم، ئەوانی دیکەش دەگرین. ئیدی بە بەڵگەی زیاتر یان کەمتر هەموویان ئیدانە و مەحکووم دەکەین".

داواکاری گشتی نەیدەتوانی تۆمەتباران تەنها بەو هەنجەتە بگرێت کە لەگین بوو، لە پرسوجۆدا، ئیفادەی هەڤدژ بدەن، بەو بیانووەوە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەوە نەخشەی 'ب'ە، چونکە هەموویان تازەکار بوون. پیرەمێردێکی سەد ساڵە، دزێکی خوێڕیلە، سەندویچفرۆشێک و ژنێک؛ ئاخر ئەو بەختڕەشانە چۆن دەیانتوانی تەحەمولی گوشاری ژووری لێپێچینەوە و پرسوجۆ بکەن؟

"ئارونسون، بڕۆ بۆ ڤێکخێۆ، لەوێ لە هۆتێلێکی باشدا ژوورێک بگرە. من ئەمشەو هەندێک نووچە و هەواڵ دەدەمە میدیاکان کە وا پێدەچێت پیرەمێردە سەد ساڵەکە

ماشێنی کوشتار بێت، ڕۆژی دواتر زوو زۆر زانیاریت پێ دەگات کە ئەویان لە کوێ دیتووە. هەنگێ دەتوانی بڕۆیت و بەر لە فراقین دەستگیری بکەیت".

**پانزەیەم**

**دووشەممە، ٢٠٠٥/٥/٩**

"برای ئازیزم، ئەمەش سێ ملیۆنەکەت. دەمەوێت بەم بۆنەیەوە سەبارەت بە پارەکەی هاپۆفراس داوای بووردنت لێ بکەم".

بێننی پاش دیتنی براکەی، بوب، دوای سێ ساڵ دابڕان یەکسەر چووبووە سەر ئەسڵی بابەتەکە. تەنانەت بەر لەوەی فریای تەوقەکردن و ئەحواڵپرسی بکەون، بێننی کیسە پارەکەی دایە براکەی. پاشان لە حاڵێکدا براکەی هێشتا وەکو پێویست پشووی وەبەر نەهاتبووەوە، بە ڕاوێژێکی جیددی لەسەری ڕۆی:

"نها دەمەوێت دوو شتت پێ بڵێم. یەکەمیان ئەمەیە کە ئێمە پێویستمان بە یارمەتیی تۆ هەیە، چونکە بەڕاستی فەرتەنەیەکمان ناوەتەوە ئەوسەری دیار نییە. دووەمیان ئەوەیە ئەو پارەیەی پێمان داویت، هیی خۆتە و هەقی خۆتە. خۆ ئەگەر بتەوێت جوابمان بکەیت، دەتوانیت، ئەو پارەیە هەر هیی خۆتە."

جووتەبرا، لەژێر ئەو تاقە گڵۆپە ساغەی پاسە زەردەکەی بەردەم ماڵە زۆر گەورەکەی بووسێدا وەستابوون: مەزرای کلۆکەر گۆد، لە دەشتی ڤێستیۆتە، لە دووری چەند کیلۆمەتری باشووری ڕۆژئاوای شارۆچکەی مالمشۆپین.

بووسێ، دەبیرەوە چوو، پاشان گوتی چەند پرسیارێکی هەیە. بەڵێنی دا لەبەر ڕۆشنایی وەڵامەکانی براکەی بڕیار دەدات کە میوانەکانی ڕابگرێت یان نا، بێننی سەری ڕەزامەندیی بۆ لەقاند.

بووسێ گوتی: "زۆر چاکە، ئەو پارەیەی هەنووکە داتە من، بە شێوەیەکی ئابڕوومەندانە پەیدا کراوە؟"

بێننی گوتی: نەخێر، بە هیچ جۆرێک.

-ئەدی پۆلیس چاودێریی دەکات؟

بێننی گوتی: پۆلیس و دزانش، بەڵام زیاتر دزان لە دووماننن.

- ئەم پاسە چی بەسەر هاتووە؟ پێشەکەی داغان بووە.

- بەوپەڕی خێرایی لە دزێکمان دا.

- کابرا مرد؟

– نـا، بە داخەوە نەمـرد. نهـا لە پاسـەکەدا خەوتـووە. مێشـکی شـڵەقاوە. قەفەسـەی سینگی شکاوە، لاقێکی شکاوە، ڕانی ڕاستی برینێکی گەورەی تێبووە. حاڵی باش نییە، بەڵام ڕەوشی جێگیرە.

– ئەویشتان لەگەڵ خۆتاندا هێناوە؟

– بەڵێ، زۆر خراپ تووش بووین.

– هیچ شتی دی هەیە کە پێویست بێ من بیزانم؟

– تەنهـا ئەوە هەیە، کە بەدەم ڕێـگەوە دوو دزی دیکەشـمان کوشـتووە. دوان لە هاوڕێیـانی هەمـان یـارۆی کە نهـا لە پاسـەکەدا کەوتـووە. ئەمـانە هەوڵیـان دەدا ئەو پەنجاملیۆنەمان لێ بسێنن کە بە ڕێکەوت دەستمان کەوتبوو.

– پەنجاملیۆن؟

– پەنجاملیۆن، هەڵبەتە هەندێک خەرجیی لێ دەربکە، یەکێک لەوانە کڕینی ئەم پاسە بوو.

– باشە بۆ بە پاس دەگەڕێن؟

– ئاخر فیلێکمان هەیە، لە پاشەوەی پاسەکەماندا داناوە.

– فیل؟

– ناوی سونیایە.

– فیل؟

– نەژادی ئاسیاییە.

– فیل؟

– فیل.

بووسێ چەند چرکەیەک کڕ بوو ئەوسا گوتی: فیلەکەش دزیارییە؟

–نا، ناشێت بگوترێت دزیارییە.

بووسێ دووبارە کڕ بووەوە، ئەوسـا گوتی: بۆ شـێو مریشـکی بـرژاو و پەتـاتەی بە تەنوورمان هەیە. باشە؟

بێننی گوتی: دڵنیام باشە.

دەنگی پیاوێکی پیر لەناو پاسەکەوە هات کە پرسی: شێوەکە خواردنەوەشی لەگەڵە؟

***

وەختـایەک دەرکەوت لاشـە وێـران و داغـانەکەی نـاو پاسـەکە هێشـتا مـاوە و نەمـردووە، بێننـی یەکسـەر فەرمـان بە یولیـوس کردبـوو، بـڕوات لە پشـت کورسـیی شـۆفێری پاسـەکەوە، جانتـای داوودەرمانەکـان بێننـێ، بێننـی گوتبـووی دەزانێـت بەم

کارەی سەرئێشە بۆ ئەندامانی گرووپەکە چیێ دەکات، بەڵام بە حوکمی ئەوەی فشە دکتۆرییەکی دەزانی، دەبوایە پابەندی هەندێک ئەخلاقیاتی پزیشکی ببێت. بۆیە نەیدەتوانی بە خەیاڵیش، خەیاڵ لەو بکاتەوە، کە دەستەوئەژنۆ دابنیشێت، چاوەڕوانی ئەوە بکات، ئەو جەستەیەی ناو پاسەکە هێندەی خوێن لەبەر بڕوات تا دەمرێت.

دوای دە خولەکان دووبارە کەوتبوونەڕێ، جەستە نیوە گیانەکەیان لەناو ئۆتۆمبێلە داغانەکە دەرهێنابوو، بینی معایەنەی کردبوو، ئیدی بەو داو دەرمانانەی ناو جانتاکە، هەندێک دەرمانی کردبوو. ئیدی توانیبووی خوێنی برینە گەورەکەی سەر ڕانی ڕابگرێت.

دوای ئەوەش ئاللان و یولیوس، ناچار بووبوون، بچنە بەشی دواوەی پاسەکە، بچنە لای فیلەکە، تا لە کوشنەکەی دواوەی شۆفێرەکەوە جێگەی جەستە نیوە گیانەکەی یارۆی بریندار ببێتەوە. جوانێش وەکو پەرستار بەدیار جەستە نیوەگیانەکەوە دانیشتبوو. بێنی پێشتر دڵنیا بووبوو کە لیدانی دڵ و گوشاری خوێنی قوربانییەکە لە ئاستێکی ماقوولدایە. ئەوسا دەرزییەکی مۆرفینی لێ دابوو، بۆ ئەوەی قوربانییەکە بتوانێت بەو هەموو برینەشەوە کەمێک بخەوێت.

پاش ئەوەی جەمعی دۆستان بۆیان دەرکەوت دەتوانن لای بووسێ بمێننەوە، بێنی جارێکی دی، جەستە نیوەگیانەکەی معایەنە کردەوە. قوربانییەکە هێشتا لە غورابی خەودا بوو، بێنی بڕیاری دا جارێ وازی لێ بهێنن و نەیگوازنەوە.

ئەوسا خۆیشی چوو بۆ لای جەماعەت، کە هەموویان لە مووبەقە گەورەکەی ماڵەکەی بووسێدا خڕ بووبوونەوە. لەو ماوەیەدا خانەخوێیەکەیان خەریکی ئامادەکردنی خواردن بوو، دۆستان یەک یەک بویەرە خەمناکەکانی ئەم ڕۆژانەی دواییان بۆ گێڕایەوە. هەوەڵ جار ئاللان دەستی بە گێڕانەوە کرد، پاشان یولیوس، دواتر بێنی، کە جوانێش یارمەتیی دا، ئەوسا بێنی باسی ئەوەی کرد چۆن بی ئێمەکەی شەقاوەی سێیەمان داغان کرد.

هەرچەندە بووسێ، تۆزێک لەوەوپێش بە دوورودرێژی بویەری کوشتنی دوونەفەری دیکەی ژنەوتبوو، چۆن گرووپی دۆستان بویەرەکەیان شاردبووەوە و یاسای وڵاتی سویدیان پێشێل کردبوو، بەڵام هێشتا خاڵێک هەبوو کە حەزی دەکرد لێی دڵنیا ببێت: "ئەوەی من لێتان حاڵی بووم، ئەوەیە فیلێکتان هەیە و لەناو پاسەکەدایە".

جوانێ گوتی: وایە، پێویستە سبەی بەیانی، کەمێک لە پاسەکە داببەزێت.

ئیدی بووسێ هیچ قسەیەکی نەبوو بیکات. بە بۆچوونی وی یاسا شتێکی دەگوت و ئەخلاقیات شتێکی دی. پێویستی بەوە نەبوو زۆر بیر بکاتەوە، ئەوەندە بەس بوو،

تەمەشایەکی کارە بچووکەکانی خۆی بکات، تا بزانێت چۆن لە زۆر ڕووەوە، بێیاسایی کردبوو. خۆیشی بە سەربەرز دەزانی.

پاشان لە دەمی دەرچوو و بە بێننیی گوت: ئەم کارەت هەندێک لەو بەڵایە دەچێت کە بەسەر میراتییەکەی خۆماندا هێنات، بەڵام بە پێچەوانەوە.

بێننی بەرپەرچی دایەوە: ئەرێ، ئا. کێ ماتۆڕسکیلە نوێیەکەی منی داغان کرد؟

بووسێ گوتی: من بۆیە ئەو کارەم کرد چونکە تۆ وازت لە دەورەی لەحیمکاری هێنابوو.

بێننی گوتی: ئاخر بۆیە وازم هێنا، چونکە تۆ هەمیشە فەرمانت بەسەرمدا دەکرد.

وا دیار بوو بووسێ دەیویست وەڵامی وەڵامەکەی بێننی بداتەوە و لێیان ببێت بە وەڵامەجەنگێ، بەڵام ئاللان گەنگەشەکەی بە جووتەبرا بڕی و گوتی بە حوکمی ئەوەی دنیای زۆر دیتووە، ئەگەر شتێک لە ژیانەوە فێر بووبێت، ئەوەیە گەورەترین کێشە لە گەنگەشەوە چێ دەبێت: "تۆ کەریت، نەخێر تۆ کەریت، نەخێر تۆ کەریت." باشترین چارەسەر لەو حاڵەدا ئەوەیە بوتڵێک ڤۆدگا بهێنن و ڕابردوو فەرامۆش بکەن، بەڵام ئێستا کێشەکە لەوەدا بوو بێننی دەمی بە خواردنەوەوە نەدەدا، ئەهلی خواردنەوە نەبوو. هەڵبەتە ئاللان دەیتوانی بەشەکەی بێننییش لەئەستۆ بگرێت، بەڵام پێی وا بوو بەو جۆرە کارەکەیان باندۆرێکی ئەوتۆی لەسەر کەمکردنەوەی ناکۆکیی نێوان جووتەبرا نەدەکرد.

بووسێ پرسیی: واتا بوتڵێک ڤۆدکا دەتوانێت شەڕی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین ڕابگرێت؟ ناکۆکیی وان ڕەگوڕیشەی لە ئینجیلدایە.

ئاللان بەرسڤی دایەوە: سەبارەت بەو ناکۆکییە تایبەتییەی کە تۆ ئاماژەت پێ کرد، ڕەنگە پێویست بە بوتڵێک زیاتر هەبێت، بەڵام کێشەکە وەکو پرەنسیپ هەر دەمێنێت.

بێننی پرسیی: باشە ئەگەر من شتێکی دیکە بخۆمەوە نابێت؟

بەرەبەرە هەستی دەکرد نەخواردنەوەی ئەو دەبێتە مایەی ئەوەی دنیا بەرەو وێرانی بڕوات.

ئاللان، بەو کرانەوەیە خۆشحاڵ بوو. ناکۆکییەکەی نێوان جووتەبرا ڕەوییەوە. گوتی ئەو ڤۆدگایەی بۆ ئەو بابەتە کارایی خۆی هەبوو، دەشیا بۆ چارەسەری کێشە و ناکۆکییانی دیکەش بەکار ببرێت.

لێ بووسێ گوتی: با جارێ لیکور (خواردنەوە) بوەستێت، چونکە خواردنەکە ئامادەیە.

مریشک ڕاستەوخۆ لەسەر تەباخەکە داگیرابوو، لەگەڵ پەتاتەی برژاودا، لەگەڵ بیرەدا بۆ خەڵکە بەتەمەنەکان و خواردنەوەیەکی غازی بۆ برا بچووکەکەی. لە کاتێکدا

ئەوان لە مووبەقەکەدا مژووڵی شێوخواردن بوون؛ بیر گونار گێردین (سەرۆک) بەئاگا هاتەوە. سەری دەئێشا، هەناسەی بە باشی دەرنەدەچوو، پێدەچوو باسکێکی شکابێت، چونکە بە شتێک لە ملی کرابوو کە هەوڵی دا لە پاسەکە دابەزێت، زامەکەی ڕانی ڕاستی کولایەوە و کەوتە خوێندەلاندن. سەیری کرد دەمانچەکەی خۆی لە داشبولی پاسەکەدا دانراوە. لەو وایە هەموو خەڵکی دنیا، جگە لەو، کۆمەڵێک گەمژەن.

کاریگەریی مورفینەکە هێشتا بەری نەدابوو، بۆیە هەر چۆنێک بوو بەرگەی ئازارەکەی دەگرت، بەڵام تەرکیزی بۆ نەدەکرا. بە شەلەشەل کەوتە ڕێ و تەمەشای یەکبەیەکی پەنجەرەکانی دەکرد. ئەنجام دڵنیا بوو هەموو خەڵکەکە، تەنانەت بە سەگە ئیلزاسییەکەشەوە، لە مووبەقەکەدا کۆ بوونەتەوە. پاشان بۆی دەرکەوت دەرگاکەی پشتی مووبەقەکە، ئەوەی دەیڕوانیە باخەکە، قفڵ نەدراوە. سەرۆک بە شەلەشەل خۆی بەژووردا کرد، دەمانچەکەی بە دەستی چەپی گرتبوو، بە ڕاوێژێکی پڕمتمانەوە گوتی: ئەو سەگە لە عەمارەکەدا ببەستنەوە دەنا تەقەی لێ دەکەم. هەنگێ تەنها پێنج فیشەکم پێ دەمێنێت، کە هەر یەکەتان، یەکێکی پێ دەبڕێت.

سەرۆک، بە خۆیشی واقی وڕمابوو چۆن بەو باشییە خۆی کۆنترۆڵ کردبوو. جوانێ، وەختایەک گێلە (سەگەکە)ی بۆ عەمارەکە دەبرد، کە دەچووە دەرەوە، لەجیاتی هەست بە ترس بکات، زیاتر ناڕەحەت دەهاتە بەرچاو. گێلە حەپەسابوو، کەمۆکەیەکیش نیگەران بوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە ڕەوشەکە ڕازی بوو. پێدەچوو ئەو ئاژەڵە هەستی بەوە کردبێت ئەمە تەنها حەپسکردنیەتی لە عەمارەکەدا، چونکە لەم حاڵەتانەدا دەشیا خراتریش بەسەر سەگێکدا بهێنرێت.

نها، هەر پێنج دۆستەکە بەڕیز لە مووبەقەکەدا وەستابوون. سەرۆک پێی گوتن ئەو جانتایەی لە سووچێکی مووبەقەکەدا دانراوە، هیی ئەوە، بەنیاز بوو کە ڕۆی لەگەڵ خۆیدا بیبات. ئەگەری ئەوە هەبوو چاوپۆشی لە یەک-دوویەکیان بکات و نەیانکوژێت، کە هەڵبەتە ئەمەش پەیوەندیی بە وەڵامی ئەوانەوە، سەبارەت بە پرسیارەکانی ئەوەوە هەبوو، چەندیان لە ناوەڕۆکی جانتاکە خەرج کردبوو.

ئاللان یەکەم کەس بوو کە هاتە جواب. گوتی ئەوەی ڕاستی بێت چەند ملیۆنێک لە ناوەڕۆکی جانتاکە کەم بووبوو، بەڵام یارۆی دەمانچەبەدەست، پێدەچوو بەوە ڕازی بێت، چونکە بە هەموو حاڵ و حیسابێک دوان لە دۆستەکانی یارۆی دەمانچەبەدەست مردبوون، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند ئەم پارەیەی ناو جانتاکە بەسەر خەڵکانی کەمتردا دابەش دەکرا.

سەرۆک پرسی: سەتڵ و بورغوو مردوون؟

بووسێ لەناکاودا، بە ڕاوێژێکی سەیر گوتی: بایک (نێزە)؟ ئەمە تۆیت! کە لەمێژە نەمدیویت!

بیر گونار گێردین (نێزە) بە سەرسامی گوتی: بووسێ نەگریس!

ئەوسا بووسێ و گێردین لە ناوەندی مووبەقەکەدا یەکتریان لەئامێز گرت.

ئالالان گوتی: وا بزانم لەم کێشەیەش بە سەلامەتی دەرباز دەبم.

***

گێلەیان لە عەمارەکە ئازاد کرد. بێنیی، برینەکەی بایکی دەرمان کرد، خوێنەکەی وەستا، بووسێ قاپێکی دیکەی لەسەر مێزەکە دانا.

بایک گوتی: کوا چەتاڵێکم بدەیە. بەهەرحاڵ ناتوانم دەستی ڕاستم بجووڵێنم.

بووسێی نەگریس گوتی: جاران لە چەقۆوەشاندندا زۆر تەڕدەست بوویت.

بایک و بووسێ، سەردەمانێک دۆستی گیانیبەگیانی بوون و لە کاری میوەفرۆشیدا شەریک بوون. بایک هەمیشە کەسێکی بزێو و بێحەوسەڵە بوو. کەسێک بوو حەزی دەکرد لەپڕێ ببێ بە کوڕێ.

ئەنجام زەمانێ کە بایک (نیزە) سوور بوو لەسەر ئەوەی لە فلیپینەوە گۆشتی سوێدی هاوردە بکەن و فورمالینی لێ بدەن و مودەتی بەکارهێنانی گۆشتەکە لە سێ ڕۆژەوە بۆ سێ هەیڤان درێژ بکەنەوە (یان بۆ سێ ساڵ درێژی بکەنەوە، لە ڕێگەی زیادکردنی ڕێژەی فورمالینەکەوە) ئیدی کەوەوە لێکدی جودا بووبوونەوە.

ئیدی بووسێ گوتبووی "بەسە، واز لەم کارانە بهێنە" بووسێ ئامادە نەبوو خواردن تێکەڵ بە مادەیەک بکات کە ببێتە مایەی مردنی خەڵکی.

بایک پێی وا بوو بووسێ موبالەغە دەکات. چەند مادەیەکی کیمیایی لەناو خواردندا کەسی نەدەکوشت. خۆ سەبارەت بە فورمالین بە هیچ جۆرێک شتی وا نەبوو.

سەرەنجام جووتەبرادەر، بە شێوەیەکی دۆستانە لێکدی جیا بووبوونەوە.

بووسێ چوو بۆ ڤێستەر یۆتالاند و بایک (نێزە) دەستی دایە دزی لە کۆمپانیایەکی هاوردەکاریی میوە و لەم کارەدا بە جۆرێک سەرکەوتنی بەدەست هێنا، کە بڕیاری دا دەستبەرداری هاوردەکردنی گۆشت ببێت و دزی بکات بە پیشە.

بووسێ و بایک، لە هەوەڵەوە ساڵی جارێ دوو جار پەیوەندییان بەیەکەوە دەکرد، بەڵام دوای چەند ساڵێک بەتەواوەتی لێکدی دابڕان، تا ئەو شەوە کە بایک لەناکاودا، بە لارە لار لە مووبەقەکەی بووسێدا پەیدا بوو. تووڕەوتڕۆ، ئاگر لە چاوی دەبووەوە، بەڵام بایک، هەر کە چاوی بە دۆستەکەی دەورانی گەنجایەتیی خۆی کەوت،

تـووڕەییەکەی نیشـتەوە. ئەوسـا لە تەنیشـت بووسـێ و لە دەوری مێـزەکە دانیشـت. هەڵبەتە ئەم کارە مەسەلەی کوشتنەکەی بورغوو و سەتڵی زۆر نەدەگۆڕی. دەیانتوانی ڕۆژی دواتر بویەری جانتاکە و کێشەکانی دی چارەسەر بکەن. لێ نها، تەنها لە خەمی خواردنەکەدا بوون.

بیر گونار گێردین (نێزە) گوتی: بە سەلامەتیتان!

ئەوسا بورایەوە و بەدەمدا کەوت بەسەر قاپە خواردنەکەیدا.

***

ئەوانی دی سەروچاویان خاوێن کردەوە و ئەوسا ئەویان بۆ ژووری میوان برد و لەسەر قەرەوێڵەیەک پاڵیان خست. بێنی معایەنەی کرد و مۆرفینێکی دیکەی لێ دا تا بتوانێت تا ڕۆژی دواتر بخەوێت.

پاش ئەوە، کاتی ئەوە هات بە کەماڵی ئیسراحەت مریشک و پەتاتە بەتەنوورەکەیان بخۆن، زۆریش لەزەتیان لێ بینی!

یولیوس گوتی: ئەم مریشکە بە ڕاستی بەلەزەت بوو.

ئەوسا هەموان گوتیان بەعەمراتیان مریشکی وا بەلەزەتیان نەخواردووە. ئەوسا پرسییان باشە ڕازی ئەم تام و لەزەتە چ بوو؟

بووسێ بۆی گێڕانەوە لە پۆلاندەوە مریشکی فرێش هاوردە دەکات (نەک مریشکی ئەیاغ، بەڵکو مریشکی نمرە یەک) ئەوسا نزیکەی یەک چارەکە لیتر ئاوی بە بەهاراتی بە دەرزی دەکردە ناو مریشکەکەوە. ئەوسا دووبارە دەیجەماندەوە. ئیدی بەو وردە دەستکارییانەوە وەها خۆش دەبوو، دەیتوانی بڵێ مریشکی سوێدییە.

لە کۆتاییدا گوتی: ئیدی ئەم مریشکانە بەو بەهاراتە زۆر بەتامتر دەبن، بەو ئاوەی تێیدەکەم دوو هێندە قورستر دەبن، لەبەر ئەوەی بە مریشکی سوێدی ناوبانگ دەردەکەن، دوو هێندە بازاڕیان گەرمتر دەبێت.

وێڕای ئەوەی بووسێ، کارەکەی لە ئاستێکی بچووکدا دەست پێ کردبوو، بەڵام لەناکاودا کارەکەی بەتەواوەتی پەرەی سەندبوو، بووبوو بە کارێکی بازرگانیی گەورە و خەڵکی هەموو ڕمووەدەی مریشکەکانی ئەو بووبوون.

بووسێ، لەبەر هەندێک هۆی ئەولەهی، مریشکی بە کۆمفرۆشانی لۆکاڵی نەدەفرۆشت، چونکە لەگین بوو یەکێک لەو خەڵکانە بێت و ببینێت لە دەرەوەی مەزراکەی بووسێدا تاقە مریشکێکش نییە خەریکی چینە بێت یان ددانی لەبەردا بێت.

بووسـێ گـوتی وەختـایەک گوتبـووی جیـاوازیی نێـوان یاسـا و ئەخلاقیـات هەیە، مەبەسـتی ئەوە بـووە چمـا پۆلاندییەکان لە پەروەردەکـردن و کوشـتنەوەی مریشـکاندا، کارەکەیان لە کاری سوێدییەکان زۆر باشتر بوو؟ کوالیتیی شتێک نەبـوو کە پەیوەنـدیی بە ئاقارێن جوگرافییەوە هەبێت، وایە؟

بووسێ گوتی: خەڵکی گەمژەن؛ لە فەڕەنسادا گۆشتی فەڕەنسی پەسەندە، لە ئەڵمانیا گۆشـتی ئەڵمـانی. هەمـان شـت لە سـوێدیش بـاوە. لەبەر ئەوە مـن هەنـدێک حەقـیقەت دەشارمەوە کە لە قازانجی هەموانە.

ئاللان، بە جیددی گوتی: ئەمەت لە زیرەکییە.

بووسـێ گـوتی هەمـان کـاری لەگەڵ ئەو شووتییانەشـدا دەکـرد کە هەڵـبەتە نەک لە پۆلانـداوە، بەڵکـو لە ئەسـپانیا و مەغـریبەوە هـاوردەی دەکـرد. بە خـۆی حەزی دەکـرد بڵێـت ئەو شـووتییانە ئەسـپانیاین، چـونکە کەس بـاوەڕی نەدەکـرد ئەو شـووتییانە لە خۆڤـدێ ناوەڕاسـتی سـوێدەوە هێنـرابن، بەڵام لەبەر ئەوەی بیانفرۆشـێت، بە دەرزی چارەکە لیترێک شەکراوی دەکردە هەر شووتییەکەوە.

"ئەم کـارە کێشـی شـووتییەکەی دوو هێنـدە زیـاد دەکـرد کە لە قـازانجی مـن بـوو، تامەکەی دوو هێندە زیاد دەکرد کە لە قازانجی کڕیار بوو."

ئاللان، دووبارە و بە جیددی گوتی: ئەمە نیشانەی زیرەکیتە.

بە دیدی جوانێ، بێگومان کڕیارانێک هەبوون کە لەبەر هۆی پزیشکی، بۆیان نەبووە چارەکە لیترێک شەکراو بخۆن، زۆریش خراپ بووە بۆیـان، بەڵام هیچی نەگوت. ئەمە جگە لەوەی تامی شووتییش، ئەگەر لە تامی مریشک خۆشتر نەبووبێت، کەمتر نەبووە.

***

گەورە لێکۆڵەرەکە، یۆران ئارونسون، لە سووچێکی خواردنگەکەی هۆتێل ڕۆیـاڵ لە ڤێکخیۆ ڕۆنیشتبوو، خەریک بوو مریشکی کوردون بلوی دەخوارد. گۆشـتی مریشـکەکە کە لە ڤێستەر یۆتالاندەوە هاوردە نەکرابوو، وشـک و بێتام بـوو. لێ ئارونسـون گیـانی بەوە بوو بە بوتڵێک شەرابی باشەوە خواردی.

بێگومـان داواکـاری گشـتی، تـا نهـا هەنـدێک هەواڵـی بە گـوێی ڕۆژنامەڤانانـدا دابـوو، بـۆیە ڕۆژی دوایـی خێڵـی پەیـامنێران دەکەوتـنە ڕێ. پێدەچـوو گەلێـک لەو زانیارییـانەی دەگەیشـتنە داواکـاری گشـتیی ڕانیلیـد، دەربـارەی ئەو شـوێنانەی پاسـە زەردەکەی بە پێشـە داغـانەکەیەوە تێـدا بینرابـوو، دروسـت بـن. جـا نهـا کە ئەو چـاوەڕوانی ئەو زانیارییـانە بـوو، ئارونسـونیش دەیتـوانی لە هـۆتێلەکە بمێنێـتەوە. هـیچ کـارێکی دیکەی

نەبوو: نە ماڵ و منداڵ، نە دۆست و بناژۆ، نە هیوایەتێکی ماقوولی هەبوو. کاتێک ئەم تاقیب و تاقیبکارییە سەیروسەمەرەیە کۆتایی پێ هات، بێگومان ئارونسون دەبوایە بیرێک لە خۆی بکاتەوە و ژیانی خۆی بگۆڕێت.

ئارونسون ئەو شەوەی بە پێکێک جن و تۆنیکەوە بردە سەر، بەدەم خواردنەوەوە دانیشتبوو، داخی بۆ ژیانی خۆی دەخوارد. بە خەیاڵ، هەڵیدەکێشایە دەمانچە فەرمییەکەی و پیانیستەکەی لە لەوەڕ دەخست، کە لە بارەکەدا پیانۆی دەژەند. ئەگەر ئارونسون، ئەو شەوە جڵەوی خۆی بگرتایە و هیچی نەخواردباوە، بیری لە زانیارییەکانی لای خۆی بکردباوە، بێگومان مەسەلەکەی بە جۆرێکی دی دەبینی.

هەر هەمان شەو، لە نووسینگەی ڕۆژنامەی 'ئیکسپریس'دا گەنگەشەیەکی کورتی زمانەوانی لەسەر مانشێتی سەرەکیی ڕۆژی دواتری ڕۆژنامەکە کرا. لە ئەنجامدا سەرنووسەر گەییە ئەو باوەڕەی هەرچەندە کوشتنی یەک کەس بە قەتڵ دەژمێردرێت و کوشتنی دوو کەس، بە قەتڵی دوو چەنانە دەژمێردرێت، بەڵام بۆ کوشتنی سێ کەس، ناشێت، زاراوەی کۆمەڵکوژی وەکو هەندێک لە هاوکارەکانی پێشنیازیان دەکرد، بەکار بێت، بەڵام ئەنجام مانشێتێکی گونجاوی دۆزییەوە: پیرمێردە ونبووە سەدساڵەکە گومانی کوشتنی سێ کەسی لێ دەکرێت.

***

شەوبێرییەکە لە مەزرای کلۆکەرێدا، بە خۆشیی هەموانەوە تا درەنگانی شەو بەردەوام بوو. ئیدی یەکبەیەک چیرۆکی خۆشیان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە. چیرۆکەکەی بووسێ لە هیی هەموویان باشتر بوو کە لەناکاودا ئینجیلێکی هێنا، پاشان گێڕایەوە چۆن بە ڕێکەوت و خۆبەخۆ لە ئەلفەوە تا یای ئەو کتێبەی خوێندبووەوە. ئاللان پرسیی چۆن بووسێ توانیبووی بەرگەی ئەو ئەشکەنجە شەیتانییە بگرێت، بەڵام پێدەچوو مەسەلەکە شتێکی دیکە بووبێت. هیچ لایەنێکی دەرەکیی بووسێ ناچار بەو کارە نەکردبوو. بووسێ لە کونجکاویی خۆیدا ئەو کارەی کردبوو.

ئاللان گوتی: من یەک لە باری خۆم دڵنیام کە هیچ کاتێک بەم ئەندازەیە کونجکاو نابم.

یولیوس، بە ئاللانی گوت ئەرێ دەتوانیت ئەوەندە قسەکەی بووسێ نەبڕیت، تا بتوانن گوێیان لە سەربورد و چیرۆکەکەی ببێت. ئاللانیش کڕ بوو. بووسێ بەم جۆرە درێژەی بە چیرۆکەکەی دا:

ڕۆژێک، پێش چەند مانگێک، برادەرەوەک کە لە کۆمپانیای خۆڵ و خاشاکدا لە دەرەوەی خۆڤدێ کاری دەکرد، تەلەفۆنی بۆ کردبوو. ئەم دوانە لە مەیدانی پێشبڕکێی

ئەسپاندا ناسیاوییان پەیدا کردبوو. ئەم پیاوە کە دەیزانی بووسێ کەسێکی سەرڕاست و بەویژدان نییە، هەمیشە لە فرسەتێک دەگەڕێت، کە سەرچاوەی دەرامەت و دەسکەوتێن تازە پەیدا بکات.

لەو دواییانەدا یەک بالەی نیوتەنی کتێبانی بۆ سەنتەری تەدویر ناردبوو، تا لەوێ بسوتێنرێن. گوتبوویان ئەو کتێبانە، بەرهەمی ئەدەبی نین، بەڵکو کتێبی تەلەف و خراپن، کە بە ڕواڵەتیش خراپ و بێکەڵک دیار بوون. ئیدی برادەرەکەی بووسێ لێی بووبوو بە مەراق کە بزانێت ئەو کتێبانە چین. ئیدی بالەکەی هەڵپچڕیبوو، بینیبووی بالەکە ئینجیلی تیایە (هەڵبەتە دۆستەکەی بووسێ، چاوەڕوان بوو، کتێبی دیکەی تێدا بێت.)

بووسێ گوتی: هەڵبەتە ئەم ئینجیلە، لە ئینجیلە ئاساییەکان نەبوو.

بۆ ئەوەی هەموو ئامادەبوان باوەڕی پێ بکەن، یەکێک لەو ئینجیلانەی هێنا تا هەموویان بە چاوی خۆ ببینن. "ئینجیلێن زۆر ناسک، بە پەڕەی تەنک و بە بەرگی چەرمی ئەسڵی و پیتی زێڕکفت و ئەو شتانە... تەمەشا بکەن؛ پێڕستێن کەسایەتییەکان، نەخشەی ڕەنگین، پاشکۆ و...".

برادەرەکەی بووسێ، وەکو ئەوانەی نها لە مەزراکەدا بوون، بە دیتنی ئەو ئینجیلە حەپەسابوون و لەجیاتی ئەوەی کتێبەکان بکەنەوە بە هەویری کاغەز، تەلەفۆنی بۆ بووسێ کردبوو، پێشنیازی کردبوو، کتێبەکان بە دزییەوە لە سەنتەری تەدویرەکە ببەنە دەرەوە و لەبری ئەوە... بۆ نموونە هەزار کرۆن بە بووسێ بدات.

بووسێ، بلەز ئەو دەرفەتەی قۆستبووەوە و هەر ئەو ڕۆژە، بۆ دانی ئێوارە نیو تەن ئینجیلی ناوازە، لە عەماری ماڵەکەیدا تاقەت کرا، بەڵام چەندی هەوڵ دابوو، بۆی ڕوون نەبووبووەوە کە هەڵە و کێشەی ئەو کتێبانە لە چیدا بوو. خەریک بوو شێت دەبوو. ئیدی شەوێک لەبەر موغەیرییەکەی ژووری نشیمەندا دانیشتبوو و دەستی بە خوێندنەوە کردبوو. "لە سەرەتاوە..." دەستی پێ کردبوو و لەسەری ڕۆیبوو. هەر بۆ دڵنیایی خۆی ئینجیلە کۆنەکەی خۆیشی هێنابوو، کە لە کاتی پێویستدا، بچێتەوە سەری. هەبێت و نەبێت دەبێت لە شوێنێکدا هەڵەیەکی چاپی هەبێت، دەنا بۆچی ئەم کتێبە ناوازە و پیرۆزانە تەلەف دەکرێن؟

بووسێ، شەوەهای شەو، لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بووبوو، عەهدی کۆن و تازەی خەتم کردبوو، لەگەڵ ئینجیلە کۆنەکەی خۆیدا بەراوردی کردبوو، بەڵام هیچ هەڵەیەکی نەدۆزیبووەوە. شەوێک گەیبووە بەشی کۆتایی، پاشان گەیبووە لاپەڕەی کۆتایی و ئایەتی کۆتایی. هەڵەکە؛ هەڵەیەک کە چاوپۆشیی لێ نەدەکرا، لەوێدا بوو، هەر ئەوەش بووبووە بایسی ئەوەی خاوەنەکەی ناردبووی بۆ تەلەفکردن.

پاشـــان بووســـێ، سەروونوســـخەی دا بە هەمـــووی ئەوانەی لە دەوری مێـــزەکە ڕۆنیشتبوون، ئەوانیش هەموو تەمەشای دوا لاپەڕەیان کرد و لە قاقای پێکەنینیان دا.

بووسێ خۆشحاڵ بوو بەوەی هەڵەی چاپەکە کەوتبووە کۆتایی ئینجیلەکەوە. هەر بە لاشیەوە گرنگ نەبوو بزانێت چما ئەو هەڵەی چاپە ڕووی دابوو. کونجکاوییەکەی ڕەوییبووەوە. لەوەتای قوتابخانەی تەواو کردبوو، ئەمە یەکەم جاری بوو، کتێبێک لەم سـەرەوە تـا ئەوسـەر بخـوێنێتەوە. تەنـانەت بەدەم خوێنـدنەوەیەوە، کەمێکیش دینـدار بووبوو. هەڵبەتە بووسێ، لەوانە نەبوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری مەزرای کلۆکەرێدا زۆر گوێ بە خـوا و گوتەکـانی خـوا بـدات، تەنـانەت لە کـاتی پڕکـردنەوەی کەشـفنامەی باجەکانیشـیدا، حیسـابی بۆ خـوا نەدەکـرد، کەچـی نهـا بە شـێوەیەکی تەواو جیـاوازەوە، ژیانی خۆی بە باب، کوڕ و ڕوحـی قـودس سپاردبوو. بێگومـان هـیچ یەکێک لەو سـیانە لەوە تـووڕە و نـیگەران نەبـوون کە بووسێ، لە یەکشـەممەی بـازاڕدا مێزێکـی دادەنـا و ئینجیلی بەو هەڵە بچووکەوە دەفرۆشت، وایە (هەر نوسـخەیەکی بە نەوەد و نۆ کرۆن، ماشەڵڵا لەو داشکاندنە!).

بەڵام ئەگەر بووسێ، بایەخی بە بابەتەکە دابا، وێڕای هەموو هەڤدژییەکان، بە باشـی دەربـارەی ئەو بـابەتە گەنگەشـەی کردبـا، ڕەنگە لە پـاش گێڕانەوەی ئەو پێشـهاتە، بەم جۆرە لەسـەر قسەکانی بۆ دۆستەکانی، ڕۆیشتبایە:

لە دەوروبەری ڕۆترادامـدا، پیتچنێک دووچـاری جـۆرە قەیرانێکـی شـەخسـی بووبـوو. کـابرای پیـتچن، چەنـد سـاڵێک لەوەوپـێش چووبـووە سـەر ئـۆل و مەزهەبـی جەمـاعەتی 'شـاهیدانی یەهـوە'، بەڵام کاتێک بە مەسـەلەکەی زانیبوو، بە دەنگـی بەرز لەو بـارەیەوە پرسـیاری کردبـوو، بە مورتەدیـان لەقەڵەم دابـوو و دەریـانکردبوو. ئەو زانیبـووی ڕابەرانی ئەو ئۆلە لە فاسیلەی نێوان سـاڵانی ۱۷۹۹ تـا ۱۸۰۰، چـواردە چەلان پێشـبینیی هەستانەوەی مەسیحیان کردبوو، بەڵام هەر چواردە جارەکە بە درۆ کەوتبوونەوە.

کـابرای پیـتچن، دوای ئەوە پەیوەنـدیی بە کڵێسـای جەژنـی پەنجـایەمینەوە کردبـوو، ڕێنمایی و ئاموچیارییەکانی ئەو کڵێسایەی سـەبارەت بە ڕۆژی پەسـلان بەلاوە پەسـەند بـوو، بە ئیسـراحەت بـابەتێن وەک سـەرکەوتنی یەکجـارەکیی خـودا بەسـەر شـەڕدا، گەڕانەوەی مەسیح (بەبێ دیاریکردنی زەمـانێکی خویـا)ی پێ قـووت دەچـوو، یـان چۆن هەمـوو خەڵکـانی دەورانـی منـداڵی کـابرای پیـتچن، لەوانە بـابی، لە ئـاگری دۆزەخـدا دەسووتێن، هەموو ئەو بابەتەی پێ قووت دەچوو.

بەڵام ڕابەرانی ئەو کڵێسایەش یارۆی پیتچنیان دەرکردبوو. پارەی یەک مـانگی ئەو نەزر و نیـازەی کڵێسـای نـاقبری کـۆی کردبـووەوە، لای کـابرای پیـتچن دانرابـوو، ون

بووبوو. لابرای پیتچن، سوێندی بە هەموو موقەدەساتی دنیا خواردبوو کە ئاگا و عیلم و خەبەری لەو پارەیە نییە. ئەدی مەرجی مەسیحیەت ئەوە نییە کە لێبوردە بن؟ باشە ئەو کە ئۆتۆمبێلەکەی خراپ بووبوو، بۆ وەی کارەکەی لەدەست نەچێت، پێویستی بە ئۆتۆمبێل بوو، لەو حاڵەدا چیی بکردایە، چ خاکێکی بەسەر خۆیدا بکردایە؟

پیتچنەکە، کە زۆر بەو بابەتە ڕەنجابوو، دەستی بە کاری پیتچنیی ئەو ڕۆژەی خۆی کردبوو، کە لە بەدبەختیی خۆی و بە شێوەیەکی تەواو خوابەختەکی بریتی بوو لە چاپکردنی دووهەزار نوسخەی ئینجیل! لە سوێدەوە ڕاسپێردرابوو. ئەوەندەی یارۆی پیتچن ئاگادار بوو، سوێد ئەو وڵاتە بوو کە بابی، لە تەمەنی شەشساڵیی ئەوەوە، ماڵباتەکەی بەجێ هێشتبوو، پەنای بردبووە ئەوێندەر و هێشتا هەر لەوێندەر دەژیا.

یارۆی پیتچن، بە چاوانی ڕۆندکبارەوە، بەش بەشی ئینجیلەکەی لەسەر قورقوشمی تایبەت بە کاری چاپکردن، ڕێک خستبوو. وەختایەک گەیبووە دوابەشی (واتە بەشی سفری مکاشەفات)، کابرا کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دابوو. ئاخر مەسیح بۆ دەبێت مەیلی گەڕانەوە بۆ سەر زەویی هەبێت؟ بۆ سەر زەوییەک کە شەڕ تیایدا بۆ هەمیشە بەسەر خێردا زاڵە، ئاخر سوودی گەڕانەوەی مەسیح چییە؟ ئەدی ئینجیل...؟ هەمووی فشە بوو! بەو جۆرە کابرای پیتچن، شەکەت و ماندوو، بە مێشکی داڕووخاوەوە، شتێکی بچووکی بۆ دوا بەشی کتێبی پیرۆزی سوێدی زیاد کردبوو. کابرای پیتچن، زمانی بابی خۆی بە باشی بیر نەمابوو، بەڵام چیرۆکێکی خەیاڵیی لە بیر بوو کە بە ڕێکەوت زۆر بە باشی لەگەڵ ئەو بەشەدا تێکی دەکردەوە و دەگونجا، ئیدی دوو ئایەتی کۆتایی کتێبی پیرۆز و ڕستە زیادەکەی کابرای پیتچن بەم جۆرە چاپ بوون:

٢٠ – شایەتەکە دەڵێت: بێگومان من بەم زوانە دێم. ئامین. وەرە ئەی مەسیحی خواوەند.

٢١ – ڕەحمەتی خواوەندی مە، عیسا مەسیح لە هەمووتان بێت، ئامین.

٢٢ – چەپکێک گوڵ و چەپکێک نێرگز، مەرگتان نەبینین هەرگیزاوهەرگیز.

***

شەوبێرییەکە لە مەزرای بیلرنیگر تا پاسێکی شەو بەردەوام بوو. ڤۆدگا و خۆشەویستیی برایانە فراوان بوو. ئەگەر بێنی کە ئەهلی خواردنەوە نەبوو، هەستی بە درەنگبوونی کاتەکە نەکردبایە، ڕەنگە کۆڕ و بەزمەکە هەر بەردەوام بوایە. هەنگێ بە هەموو ئامادەبوانی گوت کاتی ئەوە هاتووە بڕۆن بخەون، چونکە زۆر کار هەبوو دەبوایە سبەی ئەنجام بدرایە، بۆیە باشتر وا بوو هەموان ئیسراحەت بکەن.

ئالان گوتی: ئەگەر من کەسێکی کونجکاو بام، زۆرم حەز دەکرد بزانم ئەو پیاوە، بەدەمدا کەوتە ناو قاپە خواردنەکەیەوە، کە بێدار ببێتەوە لە چ حاڵێکدا دەبێت.

## شانزەیەم

## ١٩٤٨ – ١٩٥٣

ئەو پیاوەی لەسەر هەمان کورسیی پارکەکە لە تەنیشت ئالانەوە دانیشتبوو، بە زمانی ئینگلیزی گوتبووی 'ئێوارەت باش جەنابی کارلسون' ئالان، لەمەوە گەیبووە دوو ئەنجامگیری. یەکەمیان کە ئەم پیاوە سوێدی نەبوو، دەنا بە زمانی سوێدی ئێوارەباشی دەکرد. دووەمیان ئەمەبوو کە ئالانی دەناسی، چونکە بە ناو، ناوی بردبوو.

پیاوەکە سەر و سیمایەکی شیکی هەبوو. کڵاوێکی کەوەیی لەسەر بوو کە خەتێکی ڕەشی پێوە بوو. پاڵتۆیەکی کەوەیی لەبەر و جووتێک پێڵاوی ڕەشی لە پێدا بوو. بە سەر و سیمادا زیاتر لە بازرگان دەچوو. ڕوخساری دۆستانە بوو، پێدەچوو شتێکی لە مێشکدا بێت، بۆیە ئالان بە ئینگلیزی گوتی: تۆ بڵێیت، بە ڕێکەوت ژیانم وەرچەرخانێکی تازە بەخۆوە ببینێت؟

کابرا بەرسڤی دایەوە کە ئەگەری ئەم گۆڕانە دوور نییە، بەڵام پاشان بە ڕاوێژێکی دۆستانە لەسەری ڕۆی کە ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بە خودی ڕێزدار ئالان خۆیەوە هەیە. لەڕاستیدا ئەو خودان کارەی کە کابرا کاری لای دەکرد، مایل بوو کە جەنابی کارلسون ببینێت و پێشنیازی کارێکی بۆ بکات.

ئالان، بەرسڤی دایەوە کە حاڵی حازر، ڕەوشی باشە، بەڵام هەڵبەتە ناتوانێت تا کۆتایی تەمەن بەو ئاوایە لەسەر تەختێکی ناو پارکێکدا، بێخەم و خەیاڵ لێی دابنیشێت. باشە هیچ کێشەیەک هەبوو ئەگەر ناوی خودانکارەکەی ئەوی پرسیبا؟

بە لای ئالانەوە، بە بەڵێ یان بە نەخێر، وەختێک ئاسانە کە بزانێت چ شتێکت لێ داوا دەکرێت، ئایا ئەو کابرایە لەمەدا ئەوەی قبووڵە؟

پیاوەکە، سەدی سەد لەگەڵ قسەکەی ئالاندا بوو، بەڵام چونکە خودانکارەکەی پیاوێکی زۆر تایبەتی بوو، ڕەنگە حەز بکات بە خۆی، خۆی بە ئالان بناسێنێت.

"لێ ئەگەر تۆ لاریت نەبێت، من ئامادەم هەر ئێستا بۆ لای خودان کارەکەمت ببەم".

ئالان گوتی بۆ نا. هیچ لارییەکم نییە. کابرا لەسەری ڕۆی کە ڕێگەکە برێک دوورە. ئەگەر جەنابی کارلسون گەرەکیەتی شتەکانی لە ژووری هۆتێلەکەدا کۆ بکاتەوە. ئەویش لە هۆڵەکەی هۆتێلەکەدا چاوەڕوانی دەکات. لەڕاستیدا کابرا دەیتوانی بە ئۆتۆمبێل، کارلسون

بـۆ هـۆتێلەکە بگەڕێنێـتەوە، چـونکە ئۆتـۆمبێلەکەی لەو کـاتەدا بە شـۆفێرەکەیەوە لەوێ چاوەڕوانیان بوو.

ئۆتۆمبێلەکەش شـیک بـوو. فۆردێکی سـیدانی سـووری ئـاخر مودێل بـوو. شـۆفێرێکی تـایبەتیی لەگەڵـدا بـوو! شـۆفێرەکە پیـاوێکی کـڕ و کەمـدوو بـوو، مـامەڵە و بەرخـوردی بە ئەندازەی ئەو پیاوە خۆشبەرخوردە نەرم و دۆستانە بوو.

ئاللان گوتی: وا بزانم دەتوانین چاوپۆشـی لە چوونی مـن بۆ ژووری هۆتێلەکە بکەین، من عادەتم وایە لە سەفەردا باری خۆم قورس نەکەم.

کابرای خۆشبەرخورد گوتی: باشە، بە کەیفی خۆت.

ئەوسا، دەستێکی بە پشتی شۆفێرەکەدا کێشا (واتا با بڕۆین).

بە دالارۆدا کەوتـنە ڕێ، دالارۆ کەوتبـووە باشـووری پـایتەختەوە، سـەفەرەکەیان بە شـەقامێن پێچاوپێچـدا، یەک سـەعاتی خایانـد. ئـاللان و کـابرای خۆشـخوو، بەدەم ڕێگەوە، باسـی زۆر بـابەتی جیاوازیـان کـرد. کـابرای خۆشـخوو، سـەبارەت بە شـکۆداری بێپایـانی ئۆپراکـان قسـەی کـرد و ئـاللانیش باسـی ئەوەی بـۆ کـرد چـۆن لە چیاکـانی هیمالایـادا پەڕیوەتەوە و ڕەق نەبووەتەوە.

کاتێـک سـیدانە سـوورەکە خـۆی بە گونـدێکی بچـووکی کەناراوێکـدا کـرد، خـۆر ئـاوا بووبـوو. گونـدەکە لە هاوینانـدا پـڕ دەبـوو لەو گەشـتیارانەی دەهـاتنە دیـدەنیی زنجیـرە دوورگەکانی ئەوێندەر، لە هاویناندا لە گەشتیاران جمەی دەهات، بەڵام زستان، کڕوکپ و بێدەنگ، لە چۆڵەوانی دەچوو.

ئاللان گوتی: کەواتە لێرە دەژین، مەبەستم خودانکارەکەتە.

پیاوە خۆشخووەکە گوتی: لەناو گوندەکەدا نا.

شۆفێرەکە هیچی نەگوت. ئاللان و پیاوە خۆشـخووەکەی لە نزیکی بەنـدەرەکە داگرت و ڕۆی. کابرای خۆشـخوو بەر لەوەی ئۆتۆمبێلەکە بڕوات، پاڵتۆیەکی فەرووی لە سـندوقەکەی پاشــەوەی ئۆتـۆمبێلەکە داگـرت و بە شـێوەیەکی دۆسـتانە دای بە شــانی ئاللانـدا، داوای بوردنی لێ کرد کە ناچارن بەو سەرمای زستانە ماوەیەکی کورت بە پێیان ڕێ بکەن.

ئاللان، پیاوێک نەبوو، دڵ بە بویەرەکانی ئایندەی نزیک خۆش بکات (یان لەمبارەیەوە بترسێت). بە دیدی وی ئەوەی ببێت، دەبێت. ئیدی هیچ بیرکردنەوەیەک فایدەی نەبوو.

وێڕای ئەمەش کاتێک یارۆی خۆشخوو، ئاللانی لە ناوەندی گوندەکە دوور خستەوە و لەو سـەرمای سـەهۆڵبەندانە و لەو تاریکەشـەوە بەرەو ئەو دوورگـانەی بـرد کە لە تاریکیدا نقووم بووبوون، واقی وڕما.

کابرای خۆشخوو و ئاللان هەر ڕۆیشتن. کابرای خۆشخوو هەندێک جار لایتەکەی لەو شەوە زستانییەدا هەڵدەکرد، تا ڕێگەکە ڕووناک بکاتەوە و ئەوسا لەسەر جەمسەرنماکەی ڕایدەگرت، تا ڕێگە دروستەکە بدۆزێتەوە. کابرا بە درێژایی ڕێگەکە چ قسەیەکی لەگەڵ ئاللاندا نەکرد، لەجیاتی ئەوە، بە زمانێک کە ئاللان تا ئەو کاتە گوێی لێ نەبووبوو، خێرا خێرا ژمارەی هەنگاوەکانی دەژمارد.

دوای پازدە خولەک پیادەڕۆیی، بە خێراییەکی زۆر لەناو ئەو بۆشاییەدا کابرای خۆشخوو گوتی ئاخری گەیشتن. شوێنەکە نقومی تاریکی بوو، تەنها لە دوورگە و گراڤێکی دوورەدەستدا، تروسکاییەک، دەدرەوشایەوە. لەناکاودا ئەرزەکەی (یان سەهۆڵەکە)ی ژێر پێیان هەرەسی هێنا.

***

پێ دەچوو کابرای خۆشخوو، لە ژماردنی هەنگاوەکانیدا بەهەڵە چووبێت، یان کاپتنی ژێر دەریاییەکە، لەو شوێنە نەبێت کە دەبوایە لێی بێت. بەهەرحاڵ هۆیەکە هەرچییەک بووبێت، لەناکاودا ژێر دەریاییەکی نزیکەی سەد مەتری، لە نزیکی ئاللان و کابرای خۆشخووەوە، هاتە سەر ئاوەکە.

هەردووکیان بە پشتدا کەوتن، لەزگ بوو بکەونە ناو سەهۆڵاوی دەریاکەوە، بەڵام زۆری نەبرد فریای ئاللان کەوتن و بە پەیژەیەکدا خۆی بەناو ژێر دەریاییەکەدا کرد و گەرمی بووەوە.

ئاللان گوتی: نها، دەرکەوت، ئاقڵ ئەو کەسەیە بیر لەوە نەکاتەوە چ بویەرێک ڕوو دەدات. ئاخر من دەبوایە چەندم بیر کردباوە تا بمزانیایە ئەمەی ئەمڕۆ ڕووی داوە، بەم جۆرە ڕوو دەدات؟

لێرەدا کابرای خۆشخوو، گەییە ئەو باوەڕەی ناچار نییە لەوە پتر بێدەنگ بێت و شتەکان پەردەپۆش بکات. بە ئاللانی گوت نێوی یولی بوریسۆڤیچ پوپوڤە و کار بۆ یەکێتیی سۆڤیەت دەکات. ئەوسا گوتی نە کەسێکی سوپاییە و نە سیاسەتوانە، بەڵکو بابایەکی فیزیکزانە کە بۆ ستۆکهۆڵم نێردراوە تا قەناعەت بە جەنابی کارلسون بهێنێت لەگەڵیدا بۆ مۆسکۆ بڕوات. بۆیە ئەم ئەرکە بە یوریسوڤیچ پوپوڤ سپێردرابوو، تا لە حاڵێکدا ئەگەر کارلسون نەهاتە ڕەدایە، یوریسوڤیچ پوپوڤ، بە حوکمی ئەوەی فیزیکزان بوو، بتوانێت قەناعەتی پێ بکات. واتە دەتوانرێت بگوترێت یوریسوڤیچ پوپوڤ و ئاللان کارلسون لە زمانی یەکدی تێدەگەیشتن.

ئاللان گوتی: بەڵام من فیزیکزان نیم.

"ڕەنگە وا بێت، بەڵام بەگوێرەی سەرچاوەکانی لای ئێمە، تۆ شتێک دەزانیت کە من حەز دەکەم بیزانم".

- بەڕاست؟ ئەو شتە چییە کە من دەیزانم؟

- "بۆمبا، جەنابی کارلسون، بۆمبایە".

***

یوریسوڤیچ پوپوڤ و ئاللان ئیمانۆئێل، زۆر زوو ڕمووودەی یەکدی بوون، یەکیان چووە دڵەوە. یوری کە بینیی ئاللان ڕازییە بەبێ ئەوەی بزانێت کێوە دەچێت و بۆ دەچێت، بەگەڵی بکەوێت، زۆر دڵخۆشی کرد، ئەمە بۆ خۆی جۆرە بێموباڵاتی و سەرکێشییەک بوو کە لە خودی یوریدا نەبوو. سەبارەت بە ئاللانیش ئەم واقیعەی زۆر بە لاوە خۆش بوو کە قسەی لەگەڵ کەسێکدا دەکرد کە هەوڵی نەدەدا باوەڕی سیاسی و ئۆلی خۆی بەسەریدا بسەپێنێت، ئەم هەڵوێستەی بە لاوە پەسەند بوو.

لە لایەکی دیکەوە ئەوەش دەرکەوت یوریسوڤیچ پوپوڤ و ئاللان کارلسون خاڵێکی دیکەی هاوبەشیان هەیە: هەردووکیان ئەهلی ڤۆدگا بوون. شەوی بووری، یوریسوڤیچ پوپوڤ، بەدەم چاودێریکردنی ئاللان ئیمانۆئیلەوە لە هۆڵی نانخواردنی گراند هۆتێل، دەرفەتی هێنابوو تا جۆرەها خواردنی سوێدی تاقی بکاتەوە. هەوەڵ جار وای هەست کردبوو خواردنەوەی سوێدی زۆر وشکە و تامە شیرینەکەی خواردنەوەی ڕووسی تیا نییە، بەڵام دوای یەک-دوو پێکان پێی ڕاهاتبوو، پاشان دوای یەک-دوو پێکی دی خۆبەخۆ بەدەمیدا هاتبوو کە: "نا، خراپ نییە."

پاشان یوریسوڤیچ پوپوڤ، یەک بوتڵ 'ستولیشنیا'ی هەڵگرت و گوتی: "بەڵام ئەمە باشترە". پاشان لەگەڵ ئاللان ئیمانوئیلدا دانیشتن و هۆڵی نانخواردنی ئەفسەرانی ژێر دەریاییەکەیان بۆ خۆ حیجز کرد: "نها هەریەکەمان سەر و پێک هەڵدەدەین."

ئاللان گوتی: "باشە، هەوای دەریا ئینسان ماندوو دەکات."

دوای یەکەمین پێک، ئاللان ڕژد بوو لەسەر ئەوەی بە جۆرێکی دی یەکدی بانگ بکەن. واتە ئەگەر هەر جارێ کارێکی بە یوریسوڤیچ پوپوڤ بوایە و پێی گوتبا یوریسوڤیچ پوپوڤ، ئەمە کارێکی سەخت بوو. خۆ سەبارەت بە خۆیشی، حەزی نەدەکرد بە ئاللان ئیمائیلون بانگی بکەن، چونکە لەوەتای لە ویزهوڵت، قەشەکە غوسڵی تەعمیدی کردبوو، کەس ناوی ناوەڕاستی ئەوی بەکار نەبردبوو.

ئاللان گوتی: لە ئێستا بەدواوە تۆ یوری و منیش ئاللانم. دەنا لەم کەشتییە دادەبەزم.

یوری گوتی: ئاللانی ئازیز شتی وا نەکەیت، چونکە ئێستا لە قووڵایی هەفتسەد پێی دەریاکەداین. وەرە پەرداخەکەت تەژی بکەوە.

یوریسوڤیچ پوپوڤ، بابایەکی سۆسیالیستی تەواو عەیار بوو، هیچ شتێکی بە لاوە لەوە گرنگتر نەبوو کە لە خزمەتی سۆسیالیزمی سۆڤیاتیدا بێت. هاوڕێ ستالین، پیاوێکی سەختگیر و بەزەبر بوو، بەڵام یوری دەیزانی ئەگەر بە دڵسۆزی خزمەتی ڕژێم بکەیت، هیچ ترسێکت لەسەر نییە و نابێت. ئاللان گوتی بەتەما نییە خزمەتی هیچ ڕژێمێک بکات، بەڵام سەبارەت بە کێشەی دروستکردنی بۆمب، دەیتوانی یەک-دوو زانیاری بە یوری بدات، بەڵام ئاللان دەیویست پەرداخێکی دیکە لەو مەشرووبە بخواتەوە، ئەو مەشروبەی کە بەبێ سەرخۆشیش ناوی لەسەر زمان قورس بوو. خاڵێکی دیکەش لەئارادا بوو: دەبوایە یوری بەڵێن بدات نابێت بە هیچ جۆرێک باسی سیاسەت بکات.

یوری لە ناخی دڵەوە سوپاسی ئاللانی کرد کە بەڵێنی دایە هاوکاریی بکات و ڕێکوڕەوان گوتی جەنەراڵ بیریا، بەرپرسی یوری، قەولی دابوو ئەگەر هاوکارییەکانی ئاللان، دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیی لێ بکەوێتەوە، ئامادەیە سەدهەزار دۆلاری ئەمریکیی پێ بدات.

ئاللان گوتی: کێشەمان نابێت.

***

لەو ماوەیەدا ئاللان و یوری لە هەموو ئاشێکیان دەکرد، باسی زەمین و زەمانیان دەکرد (هەڵبەتە دەربارەی هەمو شتێک جگە لە سیاسەت و ئایین) بەرە بەرە بوتڵەکە کەم و کەمتر دەبووەوە. هەرچەندە بابەتی بۆمبی ئەتۆمی بە ڕۆژانی ئایندەوە پەیوەست بوو، بەڵام یەک-دوو قسەشیان لەو بارەیەوە کرد. ئاللان لە هەوەڵەوە بڕیاری دا یەک-دوو زانیاریی سادە بە یوری بدات، پاشان چەند زانیارییەکی دیکەی پێ بدات.

یوریسوڤیچ پوپوڤ، گەورەفیزیکزان، لە بن لێوانەوە گوتی: هممممم وا بزانم تێگەیشتم...

ئاللان گوتی: بەڵام من حاڵی نەبووم. تۆزێکی دی باسی ئۆپراکەم بۆ بکە، بە ڕای تۆ هاتوهاواری ئۆپرا زۆر نییە.

یوری بزەیەکی کرد، جورعەیەکی گەورەی هەڵدا، هەستا و هەڵیکردە گۆرانی. هەرچەندە مەست بوو، بەڵام گۆرانییەکی فۆلکلۆری کۆنی هەڵنەبژارد و لەبری ئەوە 'نیسون دورما'، 'کەس بۆی نییە بخەوێت'ی ئۆپرای توراندوتی پوچینی هەڵبژارد.

وەختایەک یوری لە گۆرانییەکە بووەوە، ئاللان گوتی: بەڕاستی جوان بوو.
یوری بە خۆشییەوە گوتی: نیسون دورما = کەس بۆی نییە بخەوێت.

***

ئیدی کەس بۆی هەبوو بخەوێت یان نەخەوێت، زۆری نەبرد خۆیان کرد بە دوو کابینەی تەنیشت هۆڵی نانخواردنەکەدا و خەوتن. کە لەخەو ڕابوون، ژێردەریاییەکە لە بەندەری لینینگرادا لەنگەری گرتبوو. لە بەندەرەکەدا ئۆتۆمبێلێکی لیموزین چاوەڕوانیان بوو، تا بۆ لای جەنەراڵ بیریایان ببات لە کرملین.
ئاللان گوتی: سانت پترسبورگ، بتوگراد، لینینگراد... تا نها نەتانتوانیوە، سەبارەت بە ناوێک ڕێک بکەون؟
یوری گوتی: بەیانی تۆش باش.

***

یوری و ئاللان، لە کوشنەکەی دواوەی لیموزین هامبەر پولمەنەکە دانیشتن و لە لینینگرادەوە، بۆ مۆسکۆ کە یەک ڕۆژە ڕێ بوو کەوتنە ڕێ. جامێکی بزۆز، کابینەی شۆفێرەکەی لە بەشی دواوەی ئۆتۆمبێلەکە جیا دەکردەوە، واتە لەو بەشەی ئاللان و دۆستە تازەکەی لێی دانیشتبوون. بەشی دواوەی ئۆتۆمبێلەکە سەلاجەیەکیشی تیا بوو.
سەلاجەکە هەم ئاوی تیا بوو، هەم ساردەمەنیی گازی، هەم جۆرەها ئەلکهولی تیا بوو، کە حاڵی حازر بە کەڵکی ئەم دوو ڕێبوارە نەدەهات. قاپێ شیرینی سوور و یەک سینیی چکلێتی نایابیشی تیا بوو. ئۆتۆمبێلەکە و تەرتیبە ناوخۆییەکەی نموونەیەکی جوانی ئەندازەی سۆسیالیستی بوو، بەڵام ئەفسووس هەر هەمووی لە بەریتانیاوە هاوردە کرابوو.
یوری، باسی ڕابردووی خۆی بۆ ئاللان کرد. کە قوتابی، ئیرنست ڕوترفوردی براوەی خەڵاتی نۆبڵ و فیزیکزانی ئەتۆمیی بلیمەت و ئەفسانەیی خەڵکی نیوزیلاند بووە. هەر لەبەر ئەوە بوو یوریسوڤیچ پوپوڤ بە ئینگلزییەکی ڕەوان و بێگرێ قسەی دەکرد. پاشان ئاللانیش باسی سەرکێشی و ڕیسکەکانی خۆی لە ئەسپانیا، ئەمریکا، چین، هیمالایا و ئێران بۆ یوریسوڤیچ پوپوڤ (کە ساتبەسات پتر واقی وڕدەما) کرد.
یوری پرسیی: باشە، دوایی قەشە ئەنگلیکانییەکە چیی بەسەر هات؟
ئاللان گوتی: نازانم، یان هەموو فارسەکانی کردوون بە ئەنگلیکانی یان مردووە. لەم دوو ئەگەرە بەدەر نییە.

یوری بە ڕاشکاوی گوتی: ئەمە بڕێک دەشوبهێتە سەر بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی ستالین لە یەکێتیی سۆڤیەتدا. هەرچەندە ئەم کارە، کارێکی ئەنتی-شۆڕشگێڕییە، بەڵام ئەگەری ئەوەی ئینسان بە سەلامەتی دەرباز بێت، زۆر کەمە.

لەو ڕۆژە تایبەتییەدا و لە حوزووری ئەو هاوڕێ تایبەتییەدا، پێدەچوو، ڕاشکاوی یوری بەتەواوی سەرڕێژ بووبێت. گرێی دڵی خۆی کردەوە و و دیدی شەخسیی خۆی سەبارەت بە جەنەراڵ بیریا کردەوە، کە لە بەرپرسی دەزگای زانیاری و ئەولەهیەوە، لەناکاودا کرابوو بە بەرپرسی پرۆژەی دروستکردنی بۆمبای ئەتۆمی. بیریا، شەرم و حەیای لا نەبوو، بە هیچ جۆرێک کۆی لە مێبازی و منداڵبازی نەدەکردەوە، ڕقی لە هەر کەسێک هەڵگرتبا، ئەگەر نەیکوشتبا، ئەوا هەواڵەی بێگارە زیندانانی دەکرد.

"هەڵبەتە خەڵکانی نەخوازراو دەبێت پەرچ بکرێن، بەڵام دەبوایە بەگوێرەی بنەمای شۆڕشگێڕانەی دروست نەخوازراو بن. دەبێت ئەوانەی خزمەتی ئامانجەکانی سۆسیالیزم ناکەن، لەکۆڵ بکرێنەوە! بەڵام نەک ئەوانەی خزمەتی ئامانجەکانی جەنەراڵ بیریا ناکەن، نەخێر ئاللان، ئەمە زۆر بێزەوەرە. جەنەراڵ بیریا، بە هیچ جۆرێک نوێنەری ڕاستەقینەی شۆڕش نییە، بەڵام ناشکرێت ئەمە بخرێتە ئەستۆی هاوڕێ ستالین. من تا نها شەرەفی دیداری هاوڕێ ستالینم پێ نەبڕاوە، بەڵام بەرپرسیارێتیی هەموو وڵاتەکەی لە عۆیەدایە، دەتوانرێت بگوترێت بەرپرسیارێتیی کیشوەرێکی لەئەستۆدایە. جا ئەگەر بەو هەموو بەرپرسیارێتی و پەلەپەلییە، بەرپرسیارێتییەکی گەورەتر لە توانای جەنەراڵ بیریای بە ملیدا بێت... هەق بە هاوڕێ ستالینە! جا ئاللان گیان نها دەمەوێت شتێکی زۆر گرنگت پێ بڵێم. من و تۆ، ئەمڕۆ پاشنیوەڕۆ، ئەم شانازییەمان پێ دەبڕێت کە نەک هەر جەنەراڵ بیریا، بەڵکو خودی هاوڕێ ستالینیش بدینین! بۆ شێو دەعوەتی ئەوین!"

ئاللان گوتی: منیش حەز دەکەم، بەڵام تا ئەو کاتە دەبێت چ بکەین؟ ئایا دەبێت بەم شیرینییە سوورە، خۆمان بخافڵێنین؟

***

یوری، لە ڕێگە، لە شارۆچکەیەکی سەر ڕێگە لیموزینەکەی ڕاگرت و دوو سەندەویچیان بۆ ئاللان کڕی. ئەوسا درێژەیان بە سەفەرەکەیان دا. ئاللان بەدەم خواردنی سەندەویچەکانەوە بیری لە جەنەراڵ بیریا دەکردەوە کە بەگوێرەی وەسفەکانی یوری، کەسێک بوو لە بەڕێوەبەری ئەمنەکەی ئێران دەچوو، ئەو بەڕێوەبەرەی تازە لە تاران کوژرابوو.

یورییش لە جێی خۆی دانیشتبوو و هەوڵی دەدا کەسایەتیی هاوکارە سوێدییەکەی هەڵبسەنگێنێت. ئەم سوێدییەی بڕیار بوو بەو زوانە ببێت بە هاوسەفەرەی ستالین، بە خۆی گوتبووی ئەوەی پێ خۆشە، بەڵام یوری دەبوایە بیپرسیایە ئاللان تاسەمەندی دیداری جەنابی ڕابەر بوو، یان تاسەمەندی خواردنەکە.

ئاللان، دبلۆماسییانە گوتی: ئینسان بەبێ خواردن ناژی. ژیان بە خواردنەوە بەندە.

ئەوسا کەوتە ستایشی تامی سەندەویچە ڕووسییەکان. ئەرێ یوری ئازیز دەکرێت یەک-دوو پرسیارت لێ بکەم؟

"هەڵبەتە ئاللانی ئازیز، بە دڵی خۆت پرسیار بکە. بە هەموو توانایەکی خۆمەوە وەڵامت دەدەمەوە."

ئاللان گوتی ئەوەی ڕاستی بێت وەختایەک یوری خەریک بوو سەبارەت بە سیاسەت چەنەی دەدا، ئەو گوێی لێ نەدەگرت، چونکە بە هیچ جۆرێک کەیفی بە سیاسەت نەدەهات. ئەوەشی باش لە بیر مابوو کە دوێشەو بەڵێنی لە یوری وەرگرتبوو باسی سیاسەت نەکات.

بەڵام ئاللان، لە میانی قسەکانی یورییەوە، هەندێک لە ناکامی و لاوازییەکانی جەنەراڵ بیریای بۆ دەرکەوتبوو. ئاللان وای هەست دەکرد، لە ژیانی خۆیدا، تووشی زۆر کەسی لەو بابەتە خەڵکە بووبوو. بە بۆچوون و لێکدانەوەی ئاللان، جەنەراڵ بیریا، کەسێکی بەزەبر و بێڕەحم بوو. لە لایەکی دیکەوە، کە بیری دەکردەوە بە لیموزین و کۆمەڵێک تەشریفاتی ترەوە، پێشوازیی کراوە، ئەمە بۆ خۆی مامەڵە و قەدرزانییەکی گەورە بوو.

ئاللان ئەوسا پرسیی: باشە چما جەنەڕاڵ بیریا، بەوپەڕی سادەیی نەیڕفاندووم، تا هەرچییەکی دەویست بەزۆر لەژێر زمانمی دەربهێنێت. ئەوکاتە پێویست بەوە نەبوو ئەو هەموو شیرینییە سوور و چکلێتە نایابە و سەدهەزار دۆلار و شتەکانی دی بەفیڕۆ بدات.

یوری گوتی کارەساتباری ئەو قسەیەی ئاللان لەوەدا بوو تا ڕادەیەک ڕاست بوو. جەنەڕاڵ بیریا، جارەهای جار بە ناوی شۆڕشەوە خەڵکانی بێ سووچ و تاوانی ئەشکەنجە دابوو. لێ نها بە دید و بۆچوونی یوری... هەرچەندە بە زەحمەت دەیتوانی مەبەستی خۆی دەرببڕێت... مەسەلەکە ئەمە بوو کە... دەرگای سەلاجەکەی کردەوە، هەرچەندە هێشتا سەعات نەبووبوو بە دوازدەی نیوەڕۆ، بیرەیەکی دەرهێنا تا کەمێک ببوژێتەوە... مەسەلەکە ئەمە بوو کە جەنەڕاڵ بیریا لەو دواییانەدا بۆی دەرکەوتبوو ئەم ستراتیژەی بەکەڵک نایەت. لەو ماوانەدا پسپۆڕ و شارەزاییەکی ڕۆژئاواییان لە سویسرا ڕفاندبوو و هێنابوویان بۆ لای جەنەڕاڵ بیریا، بەڵام ئەنجام خراپ کەوتەوە. یوری عوزرخوایی کرد و گوتی نایەوێت درێژە بەو قسانە بدات، بەڵام ئاللان دەبوایە

باوەڕی بە قسەکانی ئەو بکردایە: ئەو پەندەی کە ڕووسەکان لەو شکستەی دواییەوە فێری بووبوون، ئەمە بوو، کە هەرچەندە لەگین بوو ئەم شێوازە بازاڕی بێتە بەرچاو، بەڵام بەگوێرەی بڕیاری دەسەڵاتدارانی باڵاتر، لە ئێستا بەدواوە دەکرا بۆ وەدەستهێنانی زانیارییان لەمەڕ دروستکردنی بۆمبای ئەتۆمی، لە بازاڕەکانی ڕۆژئاوادا، بەگوێرەی یاسای خستنەڕوو و خواست، بێتە کڕین. بەرنامەی دروستکردنی چەکی ئەتۆمیی سۆڤیاتی لە هەیڤی نیسانی ١٩٤٢ەوە بە نامەیەکی فیزیکزانی ئەتۆمی سۆڤیاتی، گیورگی نیکولایوفیچ فلایورون بۆ ستالین دەستی پێ کردبوو. ئەو زانا سۆڤیاتییە لەو نامەیەدا ئاماژەی بۆ ئەم خاڵە کردبوو کە لە ساڵی ١٩٣٨ەوە، هاوکات لەگەڵ کەشفی ئینشتاری (شەقبوون) ئەتۆمیدا، ئیدی لە هیچ بڵاوکراوەیەکی وڵاتانی ڕۆژئاوادا، نە بە زارەکی و نە بە نووسین، هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەم بابەتە نەکراوە.

هاوڕێ ستالینیش کەسێکی بێئەزموون نەبوو. ستالینیش وەکو فلایوروفی فیزیکزان، گەیبووە ئەو باوەڕەی بێدەنگیی سێ ساڵە، دەربارەی شەقبوونی گەردیلەی ئەتۆم، ئەوە دەگەیەنێت کەسێک، پەی بە شتێک بردووە کە دەبێت بە نهێنی بمێنێتەوە. بۆ نموونە وەکو ئەوەی کەسێک، خەریکی دروستکردنی بۆمبێکی ئەتۆمی بێت، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی زۆر بە خێرایی، ڕووسەکان گوتەنی کشومات لە یەکێتیی سۆڤیەت بکرێت.

بۆیە نەدەبوو کات بەفیڕۆ بدرێت. ئەمە جگە لەوەی هیتلەر و ئەڵمانیای نازی پێوە بوون هەندێک بەشی خاکی سۆڤیەت داگیر بکەن، هەموو ناوچەکانی ڕۆژئاوای ڕووباری ڤۆلگا، کە مۆسکۆش دەگرێتەوە، لە حاڵی کەوتندا بوو، ڕەوشەکە بە ڕادەیەک خراپ بوو کە مەترسیی داگیرکردنی ستالینگرادیش لەئارادا بوو!

شەڕی ستالینگراد، بۆ ستالین بووبوو بە خەمی شەخسی. وێڕای ئەوەی نزیکەی یەکملیۆن و پێنجسەد هەزار کەس کوژرابوون، لە ئەنجامدا سوپای سوور سەر کەوتبوو و مژوولی ئەوە بوو پاشەکشە بە هیتلەر بکات و سەرەنجام شەڕ گەیبووە بەر سەنگەرەکانی ناو ئەڵمانیا.

ستالین، تا پێش دەستپێکی پاشەکشەی ئەڵمانەکانیش، بەتەمای هیچ ئایندەیەک نەبوو، نە بۆ خۆی نە بۆ میللەتەکەی. لە هەمان سەروبەندا، لێکۆڵینەوەی سۆڤیەتی لەمەڕ شەقبوونی ئەتۆمیدا ئەنجام دەدرا.

هەڵبەتە بۆمبی ئەتۆمی شتێک نەبوو بە ئاسانی و لە شەو و ڕۆژێکدا دروست بکرێت. لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەی ئەتۆمیی سۆڤیەتی بەردەوام بوو، بەڵام هێشتا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنابوو، کە کاتێکیان بە خۆ زانی لە نیومەکسیکۆدا یەکەم تاقیکردنەوەی ئەتۆمی ئەنجام درا.

ئەمریکاییەکان پێشبڕکێیەکەیان بردەوە، بەڵام ئەمە سوپرایز نەبوو، چونکە ئەوان زۆر زووتر لە ڕووسەکان دەستبەکار بووبوون. پاش تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکەی بیابانی مەکسیکۆ، دوو تەقاندنەوەی ئەتۆمیی ڕاستەقینە ئەنجام درا: یەکێکیان لە هیرۆشیما و ئەوی تریان لە ناکازاکی. ترومان بەو کارە گوێی ستالینی با دابوو و بە دنیای نیشان دابوو جیهان بە دەستی کێوەیە. هەڵبەتە هەر کەسێک بە ئاستەم ستالینی ناسیبا، دەیزانی ستالین لەو کەسانە نییە بە ئاسانی ئەو بابەتەی پێ قووت بچێت و کۆڵ بدات.

هاوڕێ ستالین بە جەنەڕاڵ بیریای گوتبوو: ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن.

جەنەڕاڵ بیریا دەیزانی فیزیکزان، کیمیازان و ماتماتیکزانەکانی بەردەستی خۆی لە قوڕ چەقیون، ئەگەر نیوەشیان بۆ بێگارە زیندانانی گولاگیش بنێرێت، کێشەکە هەر چارەسەر نابێت. ئەوانەش کە خەریکی لێکۆڵینەوە بوون، هیچیان دیار نەبوو، خۆ لە ئێستاشدا مەحاڵ بوو، بەرنامە و نەخشەی ئەمریکاییەکان بدزرێن.

بۆیە تاقە چارەسەر ئەوە بوو زانیاری لەمەڕ بۆمبی ئەتۆمی لە دەرەوەڕا بهێنن و ئەو لێکۆڵینەوە و کەشفانەی پێ دەوڵەمەند بکرێت کە بە دزییەوە لە شاری ساروفدا ئەنجام دەدران، ساروف، لە چەند کیلۆمەتری باشووری ڕۆژهەڵاتی مۆسکۆ بوو، جا چونکە جەنەڕاڵ بیریا هەمیشە لە خەمی ئەو کارەدا بوو، بە سەرۆکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی نهێنیی سۆڤیەتی گوت: ئالبیرت ئەنیشتاینم بۆ بڕفێنن.

سەرۆکی دەزگای سیخوڕیی سۆڤیەتی، حایروحەپەساو گوتی: بەڵام ئاخر... ئالبێرت ئەنیشتاین...

جەنەڕاڵ بیریا گوتی: ئالبرێت ئەنیشتاین، زیرەکترین مێشکی دنیایە. دەتەوێت داواکەی من جێبەجێ بکەیت یان دەتەوێت بەرەو پیری مەرگی خۆت بڕۆیت؟

سەرۆکی دەزگای سیخوڕی کە تازە لەگەڵ ژنێکدا ئاشنایەتیی پەیدا کردبوو، ئەو ژنە دین و دنیای بوو، بێگومان نەیدەویست بە پیری مەرگی خۆیەوە بچێت. بەر لەوەی فریا بکەوێت، ئەو بە جەنەڕاڵ بیریا بڵێت، جەنەڕاڵ گوتی: ئەو کێشەیە حەل بکەن!

***

هەڵبەتە ڕفاندن و ڤڕێکردنی ئەنیشتاین بۆ مۆسکۆ، بە هیچ جۆرێک کارێکی ئاسان نەبوو. بەر لە هەر شتێک دەبێت بیدۆزینەوە، ئەنیشتاین لە ئەڵمانیادا لەدایک بووبوو، پاشان بۆ ئیتالیا و سویسرا ڕۆیبوو، ئەنجام لە ئەمریکا ئاکنجی بووبوو. دوای ئەوە، بەردەوام لە سەفەردا بوو... حاڵی حازر ماڵی لە نیوجرسی بوو، بەڵام بە گوتەی ئەو سیخوڕە ڕووسانەی لەو دیار و دەڤەرەدا بوون، ماڵەکەی لە چۆڵ دەچوو. کەچی

جەنەڕاڵ بیریا حەزی دەکرد ئەنیشتاین لە ئەورووپا بێتە ڕفاندن. هەڵبەتە ڕفاندنی خەڵکانی ناودار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پەڕاندنەوەیان بە ئۆقیانووسی ئەتڵەسی کارێکی زۆر ئاسان نەبوو.

بەڵام ئەو پیاوە نها لە کوێندەر بوو؟ ئەنیشتاین، کە سەفەری لەبەر بوایە، بە کەسی نەدەگوت بەنیازی کوێیە، بۆیە هەمیشە، بە چەند ڕۆژ لە هەر ژوانێک دوا دەکەوت.

ئیدی سەرۆکی دەزگای سیخوڕیی سۆڤیەتی، لیستێکی، بە ناوی ئەو شوێنانەوە ئامادە دەکرد کە ئەگەری ئەوە هەبوو ئەنیشتاین بۆی بچێت، ئەوسا خەفیی و سیخوڕانی بڵاو کردەوە تا چاودێریی ئەو شوێنانە بکەن. ماڵەکەی ئەنیشتاین لە نیوجرسی و ماڵی نزیکترین برادەریشی لە جنێف بوو. وەشانکارەکەی لە واشنتۆن بوو، دوو برادەری دیکەشی هەبوون یەکێکیان لە بازل و ئەوی دیان لە کلیفلاندی ئۆهایو بوو.

مایەی ئەم کارە، چاوەڕوانییەکی بەسەبر بوو کە چەند ڕۆژێکی خایاند، بەڵام پاشان کابرایەک بە بارانییەکی کەوەیی، ئێخە هەڵدراو و کڵاوێکەوە پەیدا بوو. کابرا بە پای پیادە هات، هاتبوو بۆ ماڵی میشێل بیسو لە سویسرا، بیسو نزیکترین دۆستی ئەنشتاین بوو. لە زەنگی دەرگای دابوو، خودی بیسو دەرگای لێ کردبووەوە و بە گەرمی پێشوازیی کردبوو. ژنومێردێکی پیریش لەوێ بوون، کە دەبوایە زیاتر لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت.

ئەو سیخۆڕەی چاودێریی شوێنەکەی دەکرد، پەیوەندیی لەگەڵ هاوڕێیەکی تری خۆیدا کرد لە دووری دووسەد کیلۆمەتر لە بازل مژووڵی چاودێریی جێگەیەکی دی بوو و بۆ ئێرەی بانگ کردبوو. دوای ئەوەی چەندین سەعات لە پەنجەرەکانەوە تەمەشای ژوورەوەیان کردبوو و بەراوردی وێنەکانی لای خۆیان بە سیما و ڕوخساری خەڵکەکەی ناو خانووەکەیان کردبوو، جووتە سیخوڕ گەیبووە ئەو باوەڕەی ئەو کەسە خودی ئالبێرت ئەنیشتاین بووە و هاتبووە دیدەنیی باشترین دۆستی خۆی. ژنومێردە پیرەکەش خوشک و زاوای ئەنیشتاین بوون. واتە کۆبوونەوەیەکی خێزانی بوو!

ئالبێرت، دوو ڕۆژی تەواو لەو ماڵەدا لەگەڵ برادەرە دڵسۆز و خوشک و زاواکەیدا مابووەوە. سیخوڕەکان، لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا بە وردی چاودێریی ماڵەکەیان کردبوو. پاشان بارانییەکەی لەبەر و دەستکێشەکانی لە دەست و کڵاوەکەی لەسەر کردبوو، بە هەمان شێوە بە ماتەمات لە ماڵەکە وەدەر کەوتبوو.

بەڵام هێشتا لە سووچی چوارڕێیانەکە تێنەپەڕیبوو کە گرتبوویان و پەستابوویانە پاشەوەی ئۆتۆمبێلەکەوە، ئەوسا بە کلوروفۆرم بێهۆشیان کردبوو. پاشان لە ڕێگەی

نەمساوە بۆ هەنگاریایان بردبوو کە لەو دەور و زەمانەدا، پەیوەندییەکی دۆستانەی ئەوتۆی لەگەڵ سۆڤیەتدا هەبوو، کاتێک ڕووسەکان داوایان کردبوو، فڕۆکەکەیان بۆ وەرگرتنی بەنزین لە فڕۆکەخانەی پیکس بنیشێتەوە، هیچ ڕێگرییەکیان نەکردبوو. فڕۆکەکە دوو هاوولاتیی سۆڤیەت و پیاوێکی مەست و خەواڵووی تیا بوو، دوای ئەوەی بەنزینی وەرگرت، یەکسەر هەستا و بەرەو شوێنێکی نادیار فڕیبوو.

ڕۆژی دوایی، لە ناوەندی دەزگای ئەمنیی مۆسکۆ، بە سەرۆکایەتیی ڕاستەوخۆی جەنەڕاڵ بیریا، ئالبێرت ئەنیشتاین خرابووە بەر پرسوجۆوە. پرسیارە سەرەکییەکە ئەوە بوو ئایا ئەنیشتاین دەیەوێت لەبەر خاتری گیانی خۆی هاوکارییان بکات، یان دەیەوێت بەرگری بکات کە هەڵبەتە بە قازانجی کەس نەبوو.

بەداخەوە، وا دیار بوو، حاڵەتی دووەمی هەڵبژاردبوو و ئالبێرت ئەنیشتاین، گوتبووی لە هەموو ژیانیدا، بۆ ساتێکیش بیری لە تەکنیکی شەقبوونی ئەتۆم نەکردووەتەوە (هەرچەندە، لای هەموان مەعلووم بوو ئەو زۆر پێشتر و ساڵی ۱۹۳۹، لەگەڵ سەرکۆمار ڕۆزڤێڵتدا دەربارەی ئەم بابەتە قسەی کردبوو، هەمان گفتوگۆ پرۆژەی مانهاتنی لێ کەوتبووەوە) لەڕاستیدا ئەنیشتاین ئامادە نەبوو تەنانەت ددان بەوەشدا بنێت ئالبێرت ئەنیشتاینە.

بەوپەڕی کەللەڕەقییەوە پێی لەسەر ئەوە داگرتبوو برا بچووکی ئالبێرت ئەنیشتاینە، واتە هێربرت ئەنیشتاینە، بەڵام ئالبێرت ئەنیشتاین برای نەبوو و تەنها یەک خوشکی هەبوو. بۆیە ئاسایی بوو کە ئەم کڵاوە نەچێتە سەر بیریا و لێکۆڵەرەکانی، دروست لەو کاتەدا کە دەیانویست پەنا ببەنە بەر زەبروزەنگ، لە شەقامی حەوتەمی نیۆیۆرکدا، بویەرێکی باوەڕنەکردەنی ڕووی دابوو.

لەوێ، لە هۆڵی کارنگیدا، ئالبێرت ئەنیشتاین کۆڕێکی بۆ نزیکەی دووهەزار و هەشتسەد میوانی تایبەتی، سەبارەت بە تیۆری ڕێژەیی گرتبوو، کە دوو سیخوڕی یەکێتیی سۆڤیەتیان تێدا بووبوو. هەڵبەتە بوونی دوو ئالبێرت ئەنیشتاین بۆ جەنەڕاڵ بیریا، هەندێک باوەڕنەکردەنی بوو، هەرچەندە یەکێکیان زۆر دوور بوو، لەوبەری ئۆقیانووسی ئەتڵەس بوو، بەڵام زۆر زوو بەدیار کەوت کە ئەو کەسەی لە هۆڵی کارنگی محازەرەی دابوو، ئەنیشتاینی ڕاستەقینەیە، ئەدی ئەم نەگریسە کێ بوو؟

وەختایەک جەنەڕال بیریا هەڕەشەی لە ئالبیرت ئەنیشتاینە درۆیینەکە کرد، کە بەڵایەکی ئەوتۆی بەسەردا دەهێنێت، کەس خۆزیای پێ نەخوازێت، ئەویش قەولی دا هەموو شتێک بە جەنەڕاڵ بڵێت.

ئەنیشتاینە درۆیینەکە گوتی: جەنابی جەنەڕاڵ، ئەگەر بە بەردەوامی قسەکانم پێ نەبڕیت، هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەکەمەوە.

جەنەڕاڵیش بەڵێنی دا، بە هیچ جۆرێک قسەکانی پێ نەبڕێت و هەر کە قسەکانی تەواو کرد و دەرکەوت هەمووی درۆیە، هەنگێ یەک گوللە دەنێت بە تەپڵی سەریەوە.

جەنەڕاڵ بیریا، دەمانچەکەی سوار کرد و گوتی: دەی فەرموو قسەی خۆت بکە و مەهێڵە قسەت پێ ببڕم.

کابرا کە پێشتر گوتبووی هێربێرت ئەنیشتاینە و برای ئالبێرت ئەنیشتاینە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دەستی بە دووبارەکردنەوەی هەمان ئیدیعای پێشووی خۆی کردەوە (کە دوای ئەوە لەزگ بوو بەڕاستی گوللەیەکی پێوە بنرێت).

پاشان کابرا، چیرۆکێکی گێڕایەوە کە ئەگەر ڕاست بووبێت، هێندە چیرۆکێکی خەمناک بوو کە جەنەڕاڵ بیریا، نەیدەتوانی باوەڕ بە خۆی بکات کە بیکوژێت.

هیرمان و پاولین ئەنیشتاین لەڕاستیدا دوو منداڵیان هەبوو: نۆبەرەکەیان ئالبێرت و ئەوی تریان مایا بوو، بەڵام بابا ئەنیشتاین نەیتوانیبوو جڵەوی دەست و ئەندامەکانی دیکەی بەدەنی بگرێت و هەقی بەسەر سکرتێرە جوان و لە هەمان کاتدا (گەوجەکەیەوە) نەبێت کە لە کارخانەی ئەلیکترۆ کیمیایی مونیخدا کاری لەگەڵدا دەکرد، ئیدی هێربێرت زادەی ئەو پەیوەندییە نهێنییە بوو، واتە برای ناشەرعیی ئالبێرت و مایا بوو.

ئیدی، سیخوڕەکانی جەنەڕاڵ بیریا نەهەقیان نەبوو کە بە ئالبێرت ئەنیشتاینیان زانیبوو، هێربێرت، کۆپییەکی تەواوی ئەلبێرت بوو، هەرچەند سیازدە ساڵ لە ئالبێرت بچووکتر بوو، بە داخەوە هێربێرت لە ڕووی هۆش و گۆشەوە کوتومت چووبووەوە سەر دایکی. واتە لە نرخی نەبوودا بوو.

ساڵی ١٨٩٥، کاتێک کە هێربرت دوو ساڵان بوو، ماڵباتەکەی لە مونیخەوە بۆ میلان باریان کردبوو. هێربێرتیش لەگەڵیاندا چووبوو، بەڵام دایکی نەچووبوو. هەڵبەتە بابا ئەنیشتاین، چارەیەکی باشی بۆ دایکی هێربێرت دانابوو، بەڵام ژنەی تاین ملی نەدابوو. دایکی هێربرت ئامادە نەبوو سوسیس بە سپاگێتی بگۆڕێتەوە، یان زمانی ئەڵمانی بە هەر زمانێکی دی بگۆڕێتەوە... بە هەر زمانێک لەو زمانانەی لە ئیتاڵیا قسەیان پێ دەکرد. ئەمە جگە لەوەی منداڵەکەش بۆ خۆی کێشە بوو، هەمیشە برسیی بوو، گرۆی دەگرت و بۆ خواردن دەگریا! بۆیە بە لایەوە گرنگ نەبوو هەر کەسێک هێربێرت بۆ هەر کوێیەک ببات، بەڵام بە خۆی (دایکەکە) بەنیاز نەبوو لە جێی خۆی بجووڵێت.

***

پاشـان داکی هێربێرت پارەیەکی باشـی لە بابا ئەنیشـتاین وەرگرتبوو. ئیدی داکی هێربێرت ناسـیاوی لەگەڵ کۆنتێکی ڕاسـتەقینەدا پەیدا کردبوو کە هـانی دابـوو، هەمـوو پـارەکەی لەو مەکیـنـەیەدا سـەرمایەگوزاری بکـات کە بە نزیکەیـی لە دروسـتکردنی بووبـووەوە. بە فشـەی یـارۆی کۆنت ئەو مەکینەیە دەیتوانی ئـاوی حەیاتێک دروست بکات کە هەموو نەخۆشـییە باوەکان دەرمـان بکات، بەڵام پاشـان یـارۆی کۆنت غەیب بووبـوو و پێـدەچوو ئەکسیرەکەشـی لەگەڵ خۆیـدا بردبێـت، چـونکە داکە دامـاوەکەی هێربێرت، دوای چەند ساڵێک بە نەخۆشیی دەردەباریکە مردبوو.

ئیـدی هێربێـرت بەو ئـاوایە لەگەڵ ئـالبێرتی بـرا گەورە و مایـای خوشـکیدا گەورە بووبوو، بەڵام بابا ئەنیشتاین، بۆ وەی ڕێگە لە لۆمەی خەڵکی بگرێت، هەمیشـە دەیگوت هێربێرت کوڕی براکەیەتی. هێربێرت هـیچ کاتێک نێوانی لەگەڵ ئالبێرتدا خـۆش نەبـوو، بەڵام بەینـی لەگەڵ خوشـکەکەیدا، هەرچەنـدە ناچـار بـوو بە دۆتمـام گـازی بکـات، زۆر خۆش بوو.

هێربێرت لە کۆتاییدا گوتی: بە کورتییەکەی دایکم دەستبەردارم بـوو و بـابم حاشـای لـێ کـردم و لە ڕووی هـۆش و گۆشـەوە، بە ئەنـدازەی قەلێک ئەقڵم هەبـوو. لە ژیانمـدا کارێکی بەسوودم نەکردووە، تەنها بەو پارەیە ژیاوم کە لە بابمەوە بۆم ماوەتەوە. هـیچ بیرێکی ماقوولم بە مێشکدا نەهاتووە.

جەنەڕاڵ بیریـا دەمـانچەکەی داگـرت. چیرۆکەکە تـا ڕادەیەک واقیعـی دەینوانـد، جەنەڕاڵ بیریا زۆر دڵبەندی هێربێرت بوو کە بەو شێوازە ڕوون و ڕەوانە خۆی دەناساند.

نها دەبوایە چ بکات؟ جەنەڕاڵ لەسـەر کورسـییەکەی، لە ژووری پرسـوجۆدا هەسـتا. تا ئێرە بە ناوی شۆڕشـەوە، لەبەر هەندێک سـەدەمی ئەولەهـی (ئەمنـی) بیـری دروست یـان هەڵەبـوونی کارەکـانی وەلاوە نـابوو. بـۆ خـۆی کێشـەی کەم نەبـوو، بـۆیە حەزی نەدەکرد کێشەی دیکەش بۆ خۆی زیاد بکات، ئیدی ڕووی کردە دوو پاسەوانەکەی بەر دەرگا و گوتی: شەڕی ئەمەم لەکۆڵ بکەنەوە. پاشان لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

***

گێڕانەوەی ئەم حاڵ و حیکایەتە حەیابەرەی هێربێرت ئەنیشتاین بۆ هاوڕێ سـتالین کـارێکی ئاسـان نەبوو، بەڵام جەنەڕاڵ بیریـا، خـۆی بەختـی باشـی بـۆ هـات، چـونکە بەر لەوەی ترۆ بکرێت، هەواڵ بڵاو بووەوە ئەمریکاییەکان لە لوس ئـالاموس سـەرکەوتنێکی تازەیان بەدەست هێنابوو.

چەندین ساڵ بوو نزیکەی سەد و سیهەزار کەس کاریان لەسەر پرۆژەی منهاتن دەکرد. هەڵبەتە چەند کەسێکیان وابەستەی شۆڕشی سۆسیالیستی بوون، بەڵام شتاقیان نەگەیبوونە بنجوبناوانی نهێنییەکانی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی، بەڵام زانیارییەکی گرنگیان دەست کەوتبوو، ئەویش ئەوە بوو بابایەکی سوێدی ئەو مەتەڵەی هەڵهێنابوو و ناوی ئەو پیاوەشیان دەزانی!

لە زەرفی دوازدە سەعاتدا، زانییان ئاللان کارلسون لە گراند هۆتێلی ستۆکهۆڵمدا ئاکنجییە و دوای ئەوەی سەرۆکی ڕێکخراوی چەکی ئەتۆمیی سوێد ئاللانی جواب کردبوو و پێی گوتبوو پێویستیان بەو نییە، بۆ خۆی بێئیش و بێکار دەسووڕایەوە.

جەنەڕاڵ بیریا لە دڵی خۆیدا گوتی: نها پرسیار ئەمەیە، ڕیکۆردی جیهانیی حەماقەت بە کێیە؟ بە سەرۆکی دەزگای چەکی ئەتۆمیی سوێدییە یان بە دایکی هێربێرت ئەنیشتاینە.

***

جەنەڕاڵ بیریا، ئەم جارەیان تاکتیکێکی تازەی هەڵبژارد. پێویستە کارێکی وەها بکرێت، بە دۆلارێکی زۆری ئەمریکایی ئاللان کارلسون بهێنرێتە ڕەدا و هاوکاریی ڕووسەکان بکات. کەسێک بۆ ئەو کارە بێتە ڕاسپاردن وەکو ئاللان زانا بێت، نەک سیخوڕێکی دەستوپێسپی گەوج و کەودەن. ئیدی ئەو ئەرکە بە کەسێک سپێردرا کە وەکو شۆفێری تایبەتیی یوریسوڤیچ پوپوڤ، دەستبەکار بوو.

یوریسوڤیچ پوپوڤ بۆ خۆی فیزیکزانێکی متمانەپێکراو بوو، یەکێک بوو لەو کەسانەی لە ئەڵقەی تیمی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی، سەر بە جەنەڕاڵ بیریا کاری دەکرد.

هەموو شتەکان بەپێی نەخشەکە چووبووە پێشەوە. نها یوریسوڤیچ پوپوڤ هاوڕێ لەگەڵ ئاللان کارلسوندا، بەڕێوە بوون بۆ مۆسکۆ و پێدەچوو کارلسون هاتبێتە ڕەدا.

***

لەسەر داوای هاوڕێ ستالین، ئۆفیسەکەی جەنەڕاڵ بیریا، لە مۆسکۆ، لەنێو حەوشەی کۆشکی کرملیندا بوو. جەنەڕاڵ بیریا بە خۆی و لە هۆڵی پێشوازیدا، پێشوازیی لە یوریسوڤیچ پوپوڤ و ئاللان کارلسون کرد.

جەنەڕاڵ بیریا بەدەم تەوقەکردنەوە گوتی: جەنابی کارلسون، زۆر زۆر بەخێر هاتیت.

ئاللان گوتی: زۆر مەمنوون جەنابی جەنەڕاڵ.

جەنەڕاڵ بیریا لەو خەڵکانە نەبوو وەختی خۆی بە دانیشتن و بێهودەگۆییەوە بەفیڕۆ بدات. نا، ژیان زۆر لەوە کورتترە بەشی ئەو شتانە بکات (ئەمە جگە لەوەی بە

خۆیشی کەسێکی زۆر کۆمەڵایەتی نەبوو.) بۆیە بە ئاللانی گوت: جەنابی کارلسون ئایا ئەو ڕاپۆرانەی بە من گەیشتوون، دروستن؟ گوایە تۆ ڕازیت بە سەدهەزار دۆلار، لە واری بابەتی ئەتۆمیدا هاوکاریی یەکێتیی جەماوەری سۆڤیەت بکەیت؟

ئاللان بەرسڤی دایەوە پارەی زۆر بە لاوە گرنگ نییە، بەڵام ئەگەر یوری بوریسوفچ، پێویستی بە هەر کۆمەکێک بێت، ئامادەیە یارمەتیی بدات. ئاللان زۆر خۆشحاڵ دەبوو ئەگەر جەنابی جەنەڕاڵ توانیبای تا سبەینێ سەبر بکات، چونکە ئەو 'ئاللان' زۆر ماندووی سەفەرە دوورودرێژەکەی بوو.

جەنەڕاڵ بیریاش گوتی کە دەزانێت سەفەرەکە بۆ جەنابی کارلسون زۆر سەخت و دژوار بووە، ئەوسا پێی گوت بۆ شێو لای هاوڕێ ستالین دەبن.

دوای ئەوە جەنابی کارلسون دەیتوانی لە باشترین سویتی تایبەت بە میوانان؛ هەر سوێتێ کە کرملین بۆی دابنێت، ئیسراحەت بکات.

***

هاوڕێ ستالین، لە مەسەلەی خواردندا، پیاوێکی خواردە و دەست و دڵ تێر بوو، سفرە و خوان بە جۆرەها خواردن دەڕازایەوە، لەوانە: خاویار، ماسیی سەلەموون، خەیارشۆر، زەڵاتەی گۆشت، سەوزەواتی کوڵاو، شۆربا و سوپی گۆشتی ڕووسی، قەلی گۆشتی گوێرەکە، شەرابی جۆراوجۆر و هەڵبەتە ڤۆدگاش.

خودی هاوڕێ ستالین، ئاللان کارلسونی خەڵکی یکسهوڵت، فیزیکزانی ئەتۆمیی یوریسوڤیچ پوپوڤ، سەرۆکی دەزگای ئەمنیی سۆڤیەتیی جەنەڕاڵ لافرنتی پافلوفیچ بیریا و پیاوێکی گەنجی ئەندام وردیلە لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون. ئەم پیاوە وردیلەیە لە هیچەوە دیار نەبوو، نەک هەر هیچ ناوێکی نەبوو، بەڵکو خواردنەوەشی بۆ دانەنرابوو. ئەم پیاوە دیلمانج بوو، خەڵکانی دەوری مێزەکە حسابی نەبوویان بۆ دەکرد.

ستالین، لە هەوەڵی شێوەکەوە بەکەیف و بەدەماخ بوو. لافرونتی پافلوفیچ، لەو کارانەدا کە پێی دەسپێردران، سەرکەوتوو دەبوو، بەڵام لە مەسەلەی ئەلبێرت ئەنیشتایندا خراپ سەرچیغ چووبوو، هەواڵی ئەو کارەی گەیبووەوە ستالین، بەڵام کارەکە تازە تێپەڕیبوو. ئەنیشتاینی ڕاستەقینە هەر دەماغی هەبوو، بەڵام کارلسون زانیاریی وردتری لا بوو!

ئیدی نازونوزی کارلسون هیچ زەرەرێکی نەبوو، ئاللان زۆر بە کورتی باسی ڕابردووی خۆی بۆ ستالین کرد. چۆن بابی لە سوێد، لەپێناوی سۆسیالیزمدا خەباتی کردبوو، پاشان بە هەمان مەبەست سەفەری ڕووسیای کردبوو، هەڵبەتە ئەم خاڵە،

خاڵێکی پەسەند و ئەرێنی بوو! کوڕەکەشی بەشداریی جەنگی ناوخۆی ئەسپانیای کردبوو، هەڵبەتە ستالین ئەوەندەش گێل نەبوو کە بپرسێت بە قازانجی کام لایەن بەشداریی شەڕی کردبوو.

سەفەری ئەمریکای کردبوو (ستالین لەو باوەڕەدا بوو ئاللان ناچار بووە هەڵبێت) و ئیدی بە ڕێکەوت خۆی لە بەرەی سوێندخۆراندا بینیبووەوە... کە ئەمە هیچ نەبوو؛ قابیلی چاوپۆشین بوو. کە ستالین، بە خۆیشی، لە ئاخروئۆخری شەڕەکەدا هەمان کاری کردبوو.

چەند خولەکێک پاش خواردنی نانی سەرەکی، ستالین فێری گۆرانیی نەخبی سوێدی بوو، هەر جارێک بە سەلامەتیی یەکدی پێکەکانیان هەڵدەبڕی، بە گۆرانییەوە دەیگوت: "ئەم یەکەم گۆرانییە بلێن هوپ فول دڕل لالالا" ئاللانیش لای خۆیەوە ستایشی دەنگ و ئاوازەکەی ستالینی کرد، کە بووە مایەی ئەوەی ستالین باسی خۆی بکات چۆن لە سەروبەندی نەوجەوانیدا لەگەڵ کۆرسدا گۆرانیی گوتووە، هەروەها چۆن لە داوەت و زەماوەندانیدا بە تەنێ گۆرانیی چڕیوە. ئەوسا بۆ ئەوەی قسەکانی خۆی بسەلمێنێت، هەستا و کەوتە سوڕانەوە بە دەوری خۆیدا، بە هەر چوار پەل سەمای دەکرد و گۆرانیی دەچڕی، کە بە باوەڕی ئاللان زیاتر لە ئاوازێن هیندییەوە نزیک بوون، بەڵام جوان بوون!

ئاللان، گۆرانی بەڵەد نەبوو. بە خۆی دەیزانی هیچ کارێکی لەدەست نەدەهات کە بایەخ و بەهایەکی ڕۆشنبیریی هەبێت، بەڵام جەوی ژوورەکە بە جۆرێک بوو، وەک ئەوەی پێویست بێت ئاللان کارێکی گەورەتر لە خوێندنی شیعری 'ئەم یەکەم گۆرانییە.." ئەنجام بدات. تاقە شتێک کە لەو کاتەدا وەبیری هاتەوە شیعرێکی ڤێرنێر فون هێیدینستام بوو، کە مامۆستای گوندەکەیان، منداڵەکانی وادار دەکرد ئەزبەری بکەن.

ئیدی ستالین هاتەوە و لە جێگەکەی خۆی دانیشتەوە، ئاللان لە جێی خۆی هەستا و بە زمانی زکماکیی سوێدی خۆی شیعرەکەی خوێندەوە. ئاللان لە تەمەنی هەشتساڵیدا ئەم شیعرەی لەبەر دەخوێندەوە، لە ماناکەی تێنەدەگەی. کەچی نها هەمان شیعری بەجۆش و خرۆش و سۆز و گودازێکی سەیرەوە دەخوێندەوە:

سوێد، سوێد، ئەی نیشتمان
ئەی زێدی تامەزرۆییمان
ئەیماڵەکەمان لەسەر زەوی
هەنووکە زەنگۆڵەکان کەوتوونەتە زرینگە،
لەوێ کە ئاگر شەوق بە سوپاکان دەداتەوە

ڕووداوەکان بوونەتە ڕابردوو
بەڵام دەست لەنێو دەست
گەلەکەت وەک جاران
هێشتا هەر سوێندی دێرینی وەفاداریت بۆ دووپات دەکاتەوە

ئاللان ئەوکات بە هەشتساڵی هیچ لە مانای ئەو شیعرە حاڵی نەبووبوو، ئێستاش کاتێک بەم ئەزموونەی ئێستایەوە کە خوێندیەوە، پێی وایە هێشتا دوای سیو و حەوت ساڵ دواتریش هەر لێی حاڵی نابێت، بەڵام ئەم بە سوێدی شیعرەکەی خوێندەوە.

دیلمانجە ڕووسی–ئینگلیزییەکە (پیاوە فەرامۆشکراوەکە) بە بێدەنگی لەسەر کورسییەکەی ڕۆنیشتبوو، پیدەچوو، بایەخی کەمتر بووبێتەوە.

پاشان ئاللان (هەڵبەتە دوای تەواوبوونی چەپڵەی دانیشتوان) گوتی ئەوەی لەبەر خوێندیەوە، شیعری ڤێرنێر فون هێیدینستام بوو، بەڵام ئەگەر ئاللان زانیبای ستالین چ کاردانەوەیەکی لەمەڕ ئەو قسەیە دەبێت، ڕەنگە بە هیچ جۆرێک ناوی شاعیرەکەی نەهێنابایە، یان سووکە گۆڕانێکی لە ناوەکە دەکرد.

هاوڕێ ستالین، بە خۆیشی سەردەمانێک شاعیر بوو، شاعیرێکی بەتواناش بوو، بەڵام زۆری زەمانە کردبوویە کارێک، کە عەشقی شیعری هەر لا بمێنێت و زانیاریی لەمەڕ شاعیرانی هاوچەرخ هەبێت.

ستالین بۆ نەگبەتیی ئاللان، زانیاریی زۆری دەربارەی ڤێرنێر فون هێیدینستام هەبوو. ڕێک بە پێچەوانەی ئاللانەوە، زۆر چاک دەیزانی ڤێرنێر فون هێیدینستام چەند ئەڵمانچیاتیی دەکرد. ئاگای لەوە هەبوو ڕودلف هس، دەستەڕاستی هیتلەر، لە دەیەی سییەکاندا، بە خۆی چووبوو بۆ ماڵی هیندنستام و کەمێک پاش ئەو دیدارە، زانکۆی هایدلبرگ شادەتنامەی دکتۆرای فەخری بە هیدنستام دابوو.

هەر هەموو ئەم مەسەلانە یەکانگیر بوون، لەناکاودا مجێزی ستالین تێک چوو.

ستالین پرسیی: یانی جەنابی کارلسون بۆ ئەوە هاتووە تا سووکایەتی بە خانەخوێیە دەست و دڵ تێرەکەی بکات، کە بە باوەشی کراوەوە پێشوازیی کردووە؟

ئاللان دڵنیای کرد بە هیچ جۆرێک ئەو مەبەستەی نەبووە. ئەگەر جەنابی ستالین، بە ناوی ڤێرنێر فون پەست بووە، ئەوا ئاللان لە کانگای دڵەوە داوای بوردن دەکات. زانینی ئەمەش کە ڤێرنێر فون هێیدینستام، چەند ساڵێک بوو مردبوو، لەگین بوو بۆ خۆی مایەی جۆرە فەرامۆشییەک بێت.

ستالین پرسیی: ئەدی ئەم یەکەم گۆرانییە بڵێین هوپ فول درل لالالا ئەمە مانای چییە؟ خۆ ئەمە بەو مانایە نییە کە ستالین بەیعەت بە دوژمنانی شۆڕش بدات؟

ستالین عادەتی وا بوو کە تووڕە بوایە بە ڕاناوی سێیەم کەس خۆی دەناساند.

ئاللان بەرسڤی دایەوە کە پێویستی بە هەندێک کاتە تا بتوانێت بیر بکاتەوە و پاچڤەیەکی باشی "ئەم یەکەم گۆرانییە بڵێن هوپ فول درل لالالا" بۆ سەر زمانی ئینگلیزی بکات، بەڵام جەنابی ستالین با خەیاڵی ئاسوودە بێت کە ئەو شیعرە، تەنها گۆرانییەکی سادەی شادە و هیچی دی.

هاوڕێ ستالین هاواری کرد: گۆرانییەکی شاد؟ یانی جەنابی کارلسون پێی وایە ستالین، لە خەڵکانی شاد دەچێت؟

ئاللان، خەریک بوو بەرەبەرە لە دڵ ناسکییەکەی ستالین بێتاقەت دەبوو.

ڕوخساری ئەو پیاوە گۆشەگیر و پیرە، لە تووڕەییدا سوور هەڵگەڕابوو، بەڵام لەسەر شتێکی زۆر سادە، ستالین بەردەوام بوو: تۆ لە شەڕی ناوخۆی ئەسپانیادا چیت دەکرد؟ ڕەنگە باشتر وا بێت جەنابی مەفتونی هێیدینستام، ئەوە ڕوون بکاتەوە کە لەگەڵ چ بەرەیەکدا بووە!

ئاللان، لەفکران ڕاچوو، تۆ بڵێیت ئەم شەیتانە حاسەی شەشەمی هەبێت؟

ستالین بەو ڕادەیە و بە شێوەیەکی ناماقووڵ تووڕە بووبوو، لۆژیک وای دەخواست ئاللان هەموو شتێکی بۆ ورد بکاتەوە.

"جەنابی ستالین، ڕاستت دەوێت من بەشداریی شەڕم نەدەکرد، لە هەوەڵەوە یارمەتیی کۆماریخوازەکانم دەدا، پاشان لەبەر –چەند هۆیەک– بام دایەوە، سەنگەرم گۆڕی و بووم بە دۆستی دڵسۆزی جەنەڕاڵ فرانکۆ."

ستالین هاواری کرد: جەنەڕاڵ فرانکۆ؟ هێندە بە تووڕەیی ڕابوو، کە کورسییەکەی لە دوایەوە کەوت.

دیار بوو ئەگەری ئەوە هەبوو ستالین لەوەش تووڕەتر بێت. ئاللان لە ژیانی پڕ هەوراز و نشێوی خۆیدا، زۆر بە کەمی کەسێک هەڵکەوتبوو کە هاواری بەسەردا بکات، بەڵام خۆی ئەهلی هاتوهاوار نەبوو، بەرپەرچی هاواری کەسی نەدابووەوە. نەهاش بەنیاز نەبوو وەڵامی ستالین بداتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نەبوو، کە لەو ڕەوش و پێشهاتە پەست نەبووبوو. بە پێچەوانەوە، ئاللان بە شێوازی ئارام و بێدەنگیی خۆی، زۆر بە خێرایی لەو مێردەکە تووڕە و تڕۆیەی کە لەوبەری مێزەکەوە ڕۆنیشتبوو، بێزار بووبوو.

"جەنابی ستالین، هەر ئەوەندە نەبوو. لە چینیش بووم، لەوێ دژی ماوتسی تۆنگ بووم، پاشان چووم بۆ ئێران، لەوێ وینستۆن چەرچلم لە هەولێکی تیرۆریستی ڕزگار کرد.

ستالین هاواری کرد: چەرچڵ ئەو بەرازە قەڵەوە!

ستالین، هەڵوەستەیەکی کرد، پاشان پێکە ڤۆدگاکەی یەکسەری هەڵدا.

ئالان بە تامەزرۆییەوە تەمەشایەکی کرد. خۆزی دەخواست پەرداخەکەی ئەویش تەژی بکەن، بەڵام هەستی نەدەکرد، دەرفەتەکە لەبار بێت بۆ ئەو داخوازییە.

جەنەڕاڵ بیریا و یوریسوڤیچ پوپوڤ، قوڕ و قەپ، فزەیان نەدەکرد، بەڵام سیمای هەردووکیان گۆڕابوو. بیریا بە مۆڕەوە تەمەشای ئالانی دەکرد و یورییش خەمبار دیار بوو.

ستالین، ڤۆدگاکەی قووت دا، پاشان دەنگی نەوی کردەوە، لێ هێشتا هەر تووڕە بوو.

ستالین پرسیی: ئایا ستالین دروست حاڵی بووە؟ تۆ لایەنگری فرانکۆ بوویت، دژی هاوڕێ ماو بوویت... ژیانی ئەو بەرازە لەندەنییەت ڕزگار کردووە و کوشندەترین چەکی دنیات بۆ گەورە شەیتانانی سەرمایەداریی ئەمریکایی فەراهەم کردووە.؟

ئەوسا ستالین لە بن لێوانەوە گوتی: "دەبوایە بمزانیبا..."

لە تووڕەییدا بیری چوو بە ڕاناوی سێیەم کەس قسە بکات "نەهاش هاتوویت خۆت بە یەکێتیی سۆڤیەتی بفرۆشیت؟ سەدهەزار دۆلار، بەهای ڕۆحی تۆ ئەوەندەیە؟ یان لە دانیشتنەکەی ئەمشەودا بەرز بووەتەوە؟

ئیدی ئالان بەنیاز نەما هیچ کۆمەکێک بکات. هەڵبەتە یوری هێشتا هەر پیاوێکی باش بوو، لەڕاستیدا ئەو پێویستی بە کۆمەکی ئالان هەبوو، بەڵام ئەو ڕاستییەش هەبوو، کە هەر ئەنجامێکی هەوڵەکانی یوری لە کۆتاییدا دەبوو بە دەستکەوتی ستالین. بە دیدی ئالان ستالین هاوڕێیەکی ڕاستەقینە نەبوو. بە پێچەوانەوە کەسێکی متمانەپێکراو نەبوو، لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ ئەوە نەدەبوو بۆمبی ئەتۆمی بکەوێتە دەست و بە ئارەزووی خۆی یاریی پێ بکات.

ئالان گوتی: نا مەسەلەکە ئەوە نییە، پارە ئەو شتە نەبوو کە...

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو کە ستالین دووبارە وەکو فیشەکە شێتە چوو بە ئاسماندا: تۆ مشکەتۆپیو، خۆت بە کێ دەزانیت؟ ناکا خۆت بە نوێنەری فاشیزم، نوێنەری سەرمایەداری قێزەونی ئەمریکایی، نوێنەری هەر شتێکی پیس بزانیت کە ستالین لەم دنیایەدا ڕقی لێیەتی، تۆ دەتوانیت بێیتە کرملین و لەگەڵ ستالیندا مامەڵە بکەیت، چەنەبازی بکەیت؟

ئالان پرسیی: ئەوە بۆچی تۆ هەموو شتێک دوو جار دووبارە دەکەیتەوە؟

لێ ستالین درێژەی پێ دا: با پێت بڵێم، یەکێتیی سۆڤیەت ئامادەیە دووبارە بچێتە شەڕەوە، هەڵبەتە شەڕیش دەبێتەوە، تا ئیمپریالیزمی ئەمریکی لەنێو بچێت.

ئاللان پرسیی: ئەوە باوەڕی تۆیە؟

"بۆ ئەو شەڕە و سەرکەوتن لەو شەڕەدا پێویستمان بە بۆمبە ئەتۆمییە نەفرەتییەکەی تۆ نییە! ئەوەی ئێمە پێویستمانە تەنها باوەڕە بە سۆسیالیزم! کەسێک باوەڕی بە سۆسیالیزم هەبێت هەرگیز شکست ناهێنێت، هەرگیز شکست ناهێنێت!

ئاللان گوتی: هەڵبەتە ئەگەر یەکێک پەیدا بێت و بۆمبێکی ئەتۆمی بەسەریدا نەدات.

"من سەرمایەداری لەناو دەبەم! گوێت لێیە؟ یەکبەیەکی سەرمایەدارەکان لەنێو دەبەم! لە تۆوە دەست پێ دەکەم؛ تۆی سەگ، ئەگەر لە دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیدا یارمەتیمان نەدەیت، وەکو سەگ دەتتۆپێنم!"

ئاللان، هەستی کرد توانیویەتی لە ماوەی یەک خولەکدا لە مشکەوە ببێت بە سەگ. ستالینیش لەسەر یەک قسە نییە، چونکە دوای هەموو ئەو قسانەش داوای لە ئاللان دەکرد یارمەتییان بدات.

لێ ئاللانیش لەو کەسانە نەبوو هەر دانیشێت و گوێ لە سخێف و جنێوان بگرێت، هاتبوو بۆ مۆسکۆ تا یارمەتیان بدات، نەک دانیشێت و هاواری بەسەرا بکەن، هەڕ و گیڤی لێ بکەن. ستالین دەبێت خۆی خەمی کێشەی خۆی بخوات.

ئاللان گوتی: بیرم لە شتێک دەکردوە.

ستالین بە تووڕەیی گوتی: لە چی؟

"بۆچی سمێڵت ناتاشیت؟"

بەو قسەیە ڕێوڕەسمی شێوەکە کۆتایی هات، چونکە دیلمانجەکە بورایەوە.

***

هەموو نەخشەکان بەوپەڕی خێرایی گۆڕان. ئەنجام ئەو شەوە ئاللان ناچار بوو نەک لە یەکێک لە سویتە تایبەتەکانی میوانان لە کرملین، بەڵکو لە ژوورێکی بێ پەنجەرەی ژێرزەمینێکی ئەمنی وڵاتدا بخەوێت.

هاوڕێ ستالین لە کۆتاییدا گەیبووە ئەم ئەنجامگیرییەی سۆڤیەت دەبێت یان لە ڕێگەی پسپۆڕەکانی خۆیەوە، ئەوانەی کاریان لەسەر بۆمبی ئەتۆمی دەکرد، یان لە ڕێگەی شێوازە کۆنە سیخوڕییەکانەوە بۆمبی ئەتۆمی بەدەست بهێنێت. ئیدی نەدەبوو هیچ کەسێکی ڕۆژئاوایی بڕەڤێنن، نەدەبوو بۆ مەسەلەی بۆمبی ئەتۆمی، دان و سان لەگەڵ هیچ سەرمایەدار، فاشیستێک یان کاپیتاڵ فاشیستێکدا بکەن.

یوری بەم ڕەوشە زۆر پەست بوو. خەمینی و پەستییەکەی هەر لەبەر ئەمە نەبوو ئەو ئاللانی میهرەبانی هێنابووە ڕەدایە کە بێت بۆ سۆڤیەت و نها مەرگ چاوەڕوانی بوو، بەڵکو زیاتر لەمە نیگەران و ناڕەحەت بوو، کە هاوڕێ ستالین، زۆر بە لاوازی خۆی نواندبوو! خۆ ئەو ڕابەرێکی زیرەک، ڕۆشنبیر بوو، سەماکارێکی باش و دەنگی خۆش بوو. ویڕای هەموو ئەوانەش شێتی تەواو بوو! خۆ ئاللان، بە ڕێکەوت و بە هەڵە شیعری شاعیرێکی هەڵبژاردبوو و لە حوزووری ستالیندا خوێندبوویەوە و ئەمە بووبووە مایەی ئەوەی لە چاوترووکانێکدا، دەعوەت و زیافەتێکی عال و خۆش بگۆڕێت بۆ... کارەساتێک.

یوری، ژیانی خۆی خستە تالوکەوە، بەوپەڕی پارێزەوە، بە پارێزی تەواوەوە، ویستی سەبارەت بە لەسێدارەی نزیکی ئاللان، قسە لەگەڵ جەنەڕاڵ بیریادا بکات، تا بەڵکو ڕێگەیەک بۆ ڕزگارکردنی بدۆزنەوە.

بەڵام یوری، بەهەڵەدا چووبوو، جەنەڕاڵی وەکو پێویست نەناسیبوو. جەنەڕاڵ پیاوێک بوو زۆر بە توندی مامەڵەی لەگەڵ ژنان و منداڵاندا دەکرد، خەڵکی تاوانبار و بێتاوانی ئەشکەنجە دەدا و لەسێدارە دادرا، ئیدی کۆی هیچ جۆرە کارێکی لەو بابەتە کارانە نەدەکردەوە.

ئیدی شێوازی ئەم کابرایە، هەرچەندە قێزەون بوو، بەڵام،جگە لە بەرژەوەندیی یەکێتیی سۆڤیەت، هیچ شتێکی دیکەی بە لاوە گرنگ نەبوو.

- یوریسوڤیچ پوپوڤی ئازیزم نیگەران مەبە، خەمت نەبێت جەنابی کارلسون نامرێت، بە لای کەمەوە جارێک نامرێت.

جەنەڕاڵ بیریا بە یوری گوت کە بەنیازە جارێ ئاللان بە نهێنی ڕابگرێت، تا ئەگەر یوریسوڤیچ پوپوڤ و هاوکارە زاناکانی لە کاری دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیدا ناکام بوون، سوود لە ئاللان وەربگرن.

دیارە ئەم ڕوونکردنەوەیە جۆرە هەڕەشەیەکی پەنهانی لەگەڵدا بوو کە پێدەچوو جەنەڕاڵ بیریا لە دڵەوە زۆری پێ خۆش بێت.

***

ئاللان بەدەم چاوەڕوانی ڕۆژی دادگاییکردنەکەیەوە، لە یەکێک لە ڕەشچاڵە زۆروزەبەندەکانی دەزگای ئەمیندا، زیندانی بوو. هەموو ڕۆژێک نانێک، لالوێچێ شەکر و سێ ژەمە خواردنی گەرمیان (سوپی سەوزەوات، سوپی سەوزەوات و سوپی سەوزەوات) بە ئاللان دەدا.

هەڵبەتە ئەو خواردنەی ئاللان لە کرملین خواردبووی، زۆر لەو خواردنە باشتر بوو کە لە ژووری زیندانەکەدا پێیان دەدا. ئاللان پێی وا بوو، هەرچەندە سوپ و شۆرباکە زۆر بێتام و ناخۆش بوو، بەڵام ئەمەی پێ باشتر بوو؛ بە لای کەمەوە دەیتوانی بە ئارامی خواردنەکەی بخوات و کەس نەبوو لە خوتوخۆڕایی، بەبێ هیچ هۆیەکی خویا، هاتوهاواری بەسەردا بکات.

ئەم ڕەوشە، شەش ڕۆژی خایاند، ئەوسا ئاللان برا بۆ دادگای تایبەتیی دەزگای ئەمن. دادگاکەش وەکو ژووری زیندانەکەی ئاللان، لەناو حەوشە زۆر گەورەکەی دایەرە و دەزگای ئەمن بوو، لە تەنیشت مەیدانی لوبیانکادا بوو، بەڵام دادگاکە بە چەند نهۆمێک لە سەرووترەوە بوو، ئاللان لە هەنبەر قازییەک کە لە پشت کورسیی دادڤانییەوە دانیشتبوو، لەسەر کورسییەک دانیشێنرا. داواکاری گشتی لە دەستەچەپی قازییەوە دانیشتبوو، کابرایەکی گرژومۆن بوو. لە دەستی ڕاستی قازییەکەدا پارێزەری بەرەڤانی ڕۆنیشتبوو، ئەمیش لە گرژومۆنیدا چیوای لە داواکارە گشتییەکە کەمتر نەبوو.

داواکاری گشتی لە هەوەڵەوە هەندێک شتی بە ڕووسی گوت کە ئاللان تەقەی سەری دەهات. پاشان پارێزەری بەرەڤانیش هەندێک شتی دی بە ڕووسی گوت، دیسان ئاللان هیچی لێ حاڵی نەبوو، پاشان قازی بە ئاوایەک سەری دانەواند وەکو ئەوە بوو کە بیر بکاتەوە.

پاشان کاغەزێکی بچووکی وەکو کاغەزی قۆپی لە تاقیکردنەوەدا کردەوە و لەبەر خۆوە خوێندیەوە (دیار بوو بۆ ئەوە بوو هەڵە نەکات). ئەوسا قازی حوکمی دادگای خوێندەوە:

"بەم جۆرە، ئەم دادگا تایبەتییە، جەنابی ئاللان ئیمانۆئێل کارلسون، هاووڵاتیی مەملەکەتی سوید، بە ڕەگەزێکی ترسناک بۆ کۆماری سۆڤیات لەقەڵەم دەدات و حوکمی سێ ساڵ حەپسی لە ئۆردووگای چاکسازی فیلادیفوستک بۆ دەبڕێتەوە."

قازییەکە بە ئاللانی گوت بۆی هەیە تانە لە حوکمەکەی بدات و تەمیزی بکاتەوە. دەتوانێت لەمڕۆوە تا سێ هەیڤی دی تانە پێشکەش بکات، بەڵام پارێزەری بەرەڤانی، بە ناوی ئاللانەوە بە دادگای ڕاگەیاند ئاللان، هیچ داوایەکی تەمیزکردنەوەی نییە. بە پێچەوانەوە زۆر منەتباری دادگایە کە ئەو حوکمە سووکەی بۆ بڕیوەتەوە.

هەڵبەتە هیچ کەس لە ئاللانی نەپرسیبوو ئاخۆ لە دادگا مەمنوون بوو یان نا، بەڵام بێگومان ئەو حوکمەی هەندێک لایەنی ئەرێنی هەبوو. یەکەم ئەوە بوو یارۆی تۆمەتبار دەژیا، کە ئەم حوکمە سەبارەت بە کەسانێک کە بە ڕەگەزی ترسناک پۆلێن دەکران، حوکمێکی دەگمەن بوو. دووەم ئەوە بوو ئاللان بۆ بێگارە ئۆردووگای فلادیفوستک ڤڕێ دەکرا، کە لە ڕووی کەشوهەواوە، لە هەموو ناوچەکانی تری سیبریادا لەبارتر و

قابیلی تەحەمموولتر بوو، واتا کەشوهەوای ئەوێ لە سۆرملاندی زێد و زاگەی ئاللان خراپتر نەبوو. لە کاتێکدا پلەی گەرما، لە دەڤەرەکانی دیکەی باکووری وڵاتی ڕووسیادا دادەبەزی بۆ ١٤، ٢٤، تەنانەت ٣٤ی ژێر سفر.

بەم حیسابە ئاللان بەختەوەر بوو، پاشان لەگەڵ سێ نارازی نەگبەتیی دیکەدا، خرانە ناو فارگۆنێکی کۆنی شەمەندەفەرەوە. ئیدی سەروو سێ پەتۆیان بە هەر زیندانییەکی ناو ئەم فارگۆنە دا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە یوریسوڤیچ پوپوڤی فیزیکزان، سەفتەیەک ئەسکەناسی ڕۆبڵی بە بەرتیل دابوو بە پاسەوانەکان و فەرماندەکەیان تا چاویان لە ئاللان بێت. لە پێشدا فەرماندەی پاسەوانەکان بیری کردبووەوە، زۆر سەیرە کە هاووڵاتییەکی ئەوەندە گەورە لەگەڵ ئەو هەموو خەڵکە ڕەشۆکییەدا بە شەمەندەفەر ڕەوانەی بێگارە ئۆردووگا بکرێت. زۆری بە لاوە سەیر بوو، تەنانەت بیری لەوەش کردەوە بەرپرسانی سەرووی خۆی لەم مەسەلەیە ئاگادار بکاتەوە، بەڵام کە بیری کەوتەوە بە خۆی بەرتیلەکەی قبووڵ کردبوو، ئیدی وای بە باش زانیبوو، بەردێکی بخاتە سەر و هیچ نەڵێت.

لەناو فارگۆنە بارییەکەدا، پەیداکردنی هاودەم بۆ ئاللان کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە تەقریبەن هەموو زیندانییەکان تەنها زمانی ڕووسییان دەزانی، بەڵام یەکێکیان تیا بوو کە ئیتاڵیایی دەزانی، چونکە ئاللانیش زمانی ئەسپانیایی بە باشی دەزانی، دەیانتوانی بە چاکی لە یەکدی حاڵی ببن. واتە بەو ڕادەیەی ئاللان بە جوانی بۆی دەرکەوت ئەو کابرایە زۆر خەمبار و کڵۆڵ بوو، بە ڕای خۆی ئەگەر ترسنۆک نەبا، حەزی دەکرد خۆی بکوژێت؛ مەرگی پێ باشتر بوو لەم ژیانە.

ئاللان، بەگوێرەی توانای خۆی دڵی کابرای دایەوە و گوتی گوێ مەدەیە، ڕەنگە هەر کە شەمەندەفەرەکە گەییە سیبریا، ڕەنگە ڕەوشەکە خۆبەخۆ بگۆڕێت و باش ببێت.

کابرای ئیتاڵیایی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و خۆی کۆنترۆڵ کرد. ئەوسا سوپاسی ئاللانی کرد و تەوقەی لەگەڵیدا کرد. گوتی ئیتاڵیایی نییە، بەڵکو خەڵکی ئەڵمانیایە. ناوی هێربێرت بوو. پێی وا بوو دەکرێت ناوە خێزانییەکەی جێی بایەخ نەبێت.

***

هێربێرت ئەنیشتاین، کابرایەکی بەدبەخت بوو، لە ژیانیدا قەت بۆ تاقە جارێکیش بەخت یاری نەبووبوو. ئەویش وەکو ئاللان، لەسەر هەڵەیەکی کارگێڕی، سێ دانە ساڵ حوکم درابوو و هەواڵەی ئۆردووگای بێگاری کرابوو. واتە بۆ نەگبەتی بە ئاواتەکەی خۆی کە مردن بوو، نەگەیبوو.

ئێستاش، بە هۆی ئەو پەتۆ زیادەیەوە، لە سەهۆڵبەندانەکەی سیبریادا ڕەق نابێتەوە و نامرێت. ئەمە جگە لەوەی ئەم مانگی یەکەی ساڵی ١٩٤٨، خۆشترین مانگی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوو بوو، بەڵام ئاللان پێی گوتبوو ئایندە هەزار و یەک سپرایزی لە خۆدا حەشار داوە، کێ دەڵێت هەزار و یەک دەرگای باشی بە ڕوودا ناکرێتەوە.

بەهەرحاڵ ئەوان بەرەو یەک ئۆردووگای بێگاری دەچوون، خۆ هێربێرت هیچ نەبوایە دەیتوانی بە جۆرێک مل بە بێگارەوە بنێت، تا دەپسا و دەمرد.

تۆ چ دەڵێیت؟

هێربێرت، ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی خۆی دەناسێت، لەوە تەمەڵترە لە کارا بپرسێت، چونکە لە ژیانیدا و تا ئەو کاتە هیچ کارێکی نەکردبوو. لێرەدا ئاللان هەستی کرد دەرگایەک بەڕووی هێربێرتدا کراوەتەوە. لە بێگارە ئۆردووگادا، نەدەکرا بێئیش و بێکار، خوێڕی خوێڕی بسوڕێیتەوە، چونکە پاسەوانەکان، لەو حاڵەدا زیندانییەکەیان بەر گوللە دەدا.

هێربێرت، بەو بیرۆکەیە خۆشحاڵ بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا تەزوویەکیشی بە بەدەندا هات. دەستڕێژی گوللە، باشە ئازاری نەدەبوو؟

***

ئاللان کارلسون، لە دنیادا هیچی نەدەویست. هەموو ئاواتێکی ئەوە بوو قەرەوێڵەیەک، خواردنێکی باش، کارێک کە خۆی پێوە مژووڵ بکات، جار جار پێکێک ڤۆدگای بۆ فەراهەم بکرێت. ئەگەر ئەو پێداویستییانەی بۆ دابین بکرایە، ئیدی لەگەڵ هەموو دۆخ و هەلو مەرجێکدا هەڵیدەکرد. ئۆردووگای فلادیفوستک جگە لە ڤۆدگا، هەموو پێداویستییەکانی دیکەی بۆ ئاللان دابین دەکرد.

لەو سەروبەندەدا، بەندەری فلادیفوستک دوو بەشی کراوە و داخراوی هەبوو. ئۆردووگای چاکسازی گولاگ، حەسارێکی بەرزی دوو مەتری بە دەوردا کێشرابوو، چل خەوگەی قاوەیی تێدا بوو، بە چوار ڕیزی شانبەشانی یەکەوە. حەسارەکە تا بەشی کۆتایی بەندەرەکە دەڕۆی. ئەو کەشتییانەی بڕیار بوو زیندانییەکان بارەکانیان لێ بەتاڵ بکەن، یان لێ بار بکەن، لەناو حەسارەکەدا لەنگەریان دەگرت و کەشتییەکانی دی لە دەرەوەی حەسارەکە لەنگەریان دەگرت.

زیندانییەکان هەموو کارەکانیان ئەنجام دەدا. تەنها دەریاوانانی کەشتییە بچووکە ماسیگیرییەکان، کارەکانی خۆیان دەکرد، هەڵبەتە دەریاوانانی تانکەرە نەوتکێشەکانیش، دەبوایە خۆیان کاری خۆیان ئەنجام بدەن.

جگە لە هەندێک حاڵەتی ئاوارتە، ئیدی هەموو ڕۆژەکانی ئۆردووگای بێگاری فلادیفوستک وەکو یەک بوون. بۆقی بێدارباشی خەوگەکان سەعات شەشی بەیانی لێی دەدا. دوای چارەکە سەعاتێک تێشت دەخورا. کاری ڕۆژانە دوازدە سەعات بوو کە لە سەعات شەش و نیوی بەیانییەوە دەستی پێ دەکرد، شەش و نیوی ئێوارە تەواو دەبوو، لە نیوەڕۆدا نیو سەعاتێک بۆ فراڤین تەرخان دەکرا. زیندانییەکان دوای کاری ڕۆژانە یەکسەر شێویان دەخوارد، پاشان تا سبەی بەیانی لە خەوگاکانیان حەپس دەکران.

خوارن مشە بوو: بەزۆری ماسی بوو، بەڵام بە دەگمەن ماسی وەکو شۆربا پێشکەش دەکرا. ڕەفتاری پاسەوانانی ئۆردووگاکە دۆستانە نەبوو، بەڵام ئەوەندەش هەبوو کە بەبێ هۆ و لە خۆڕایی تەقەیان لە کەس نەدەکرد. تەنانەت هێربێرت ئەنیشتاینیش بە پێچەوانەی حەزی باتینی خۆیەوە، بە زیندوێتی مایەوە. هەڵبەتە ئەو لە هەموو زیندانییەکانی دی کەمتر کاری دەکرد، بەڵام چونکە هەمیشە لەگەڵ ئاللانی ئیشکەری چالاکدا بوو، کەس هەستی بە کەم کاری ئەو نەدەکرد.

ئاللان، لاری نەبوو لەجیاتی دوو کەس کار بکات، بەڵام هەر زوو یاسایەکیان لە نێوانی خۆیاندا دانا: هێربێرت هەقی ئەوەی نەبوو سەبارەت بە نەگبەتییەکانی خۆی گلەیی و خوتەخوت بکات. ئاللان پێشوەختە پەی بەم واقیعە بردبوو، کەمترین کێماسی لە یادگەیدا نەبوو، بۆیە دووبارەکردنەوەی شتەکان هیچ سوودێکی نەبوو.

هێربێرتیش واقیعەکەی قبووڵ کرد و ملی بۆ دا، ئیدی ڕەوشەکە ئاسایی دەڕۆی. ئیدی هەموو شتێک هەبوو تەنها ڤۆدگا نەبێت. ئاللان بۆ ماوەی پێنج ساڵ و سێ هەفتە خۆی لەگەڵ ئەوەشدا ڕاهێنا. پاشان گوتی: نها دڵم مەشرووبی گەرەکە و لێرە دەستم ناکەوێت، بۆیە وەختی ئەوە هاتووە لێرە بڕۆین.

**هەڤدەیەم**

**سێشەممە، ٢٠٠٥/٥/١٠**

نۆ ڕۆژی تەواو بوو دنیا هەتاو بوو، هەرچەندە بەیانیان سارد بوو، لێ بووسێ مێزی قاوەڵتی لە بانێژەکەی دەرەوە ئامادە دەکرد.

بێننی و جوانێ، سونیایان لە پاسەکە داگرت و بردیانە کێڵگەکەی پشت مەزراکەوە. ئاللان و بایک (نێزە) گێردین، لەسەر جۆلانەیەک دانیشتبوون و بەکاوەخۆ خۆیان دەهەژاند. یەکێکیان سەد ساڵ بوو ئەوی تریان وای هەست دەکرد تەمەنی سەد ساڵە.

شتێک لە مێشکیدا دەزرینگایەوە و پەراسووە شکاوەکانی نەیاندەهێشت بە ئاسانی هەناسە بدات. دەستی ڕاستی بە کەڵکی هیچ کارێک نەدەهات، لەوەش خراپتر برینە قووڵەکانی ڕانی ڕاستی بوو. بێننی کە بەوێدا تێپەڕی، پێشنیازی کرد سارغی سەر برینەکەی ڕانی گێردین بگۆڕن، پاشان بیری کردەوە دوو حەبی ئازارشکێنی پێ بدات، ئەوسا ئەو کارە بکات. پاشان ئەگەر شەوێ پێویستی کرد هەنگێ دەیانتوانی مورفین بەکار بەرن.

پاشان بێننی چوو بۆ لای جوانێ و سونیا، ئاللان و بایکی بە تەنها بەجێ هێشتن. ئاللان هەستی کرد، کاتی ئەوە هاتووە بە دووقۆڵی گفتوگۆیەکی جیددی بکەن. ئاللان گوتی زۆر بە داخەوە کە... بورغوو؟ لە جەنگەڵ و لێرەوارەکانی سۆرملاند گیانی لەدەست دابوو و کە... سەتڵ؟ کەوتبووە ژێر فیلەکەوە و گیانی لەدەست دابوو. هەڵبەتە هەم بورغوو و هەم سەتڵ، هەڕەشەیان لەمان کردبوو، بۆیە گوتنی ئەو قسەیە، پێدەچوو کەمۆکەیەک لە تاوانەکەی ئاللان و دۆستەکانی کەم بکاتەوە. ئاخۆ جەنابی بایکیش باوەڕی وا نییە؟

بایک گێردین بەرسڤی دایەوە بە هەواڵی مردنی یاریدەدەر و هاودەستەکانی خەمبارە، بەڵام هیچ پێی سەیر نییە ئەو جووتە بە دەستی پیرەمێردێکی ئەتوار غەریبی سەد ساڵە، یا لە لایەن خەڵکانی ترەوە سووکەیارمەتییەکش درابێت، لەناو چووبن، چونکە هەردووکیان زۆر کەودەن بوون. تاقە کەسێک کە لەوانیش کەودەنتر بوو، ئەندامی چوارەمی باندەکە کاراکاس بوو، بەڵام ئەویش لە وڵات هەڵهاتبوو، بەرەو ئەمریکای باشوور قوچاندبووی. بایک (نێزە) بەڕاستی نەیدەزانی کاراکاس خەڵکی کوێ بوو.

پاشان ڕاوێژی بایک گێردین، خەمناکتر بوو. وا دیار بوو دڵی بە خۆی دەسووتا، چونکە کاراکاس تاقە کەس بوو کە دەیتوانی لەگەڵ کۆکاینفرۆشەکانی کۆلۆمبیادا قسە بکات، چونکە نها بایک (نێزە) نە دیلمانجی هەبوو، نە پیاو، تا بتوانێت درێژە بە کار و چالاکییەکەی بدات.

نها، لێرەدا دانیشتبوو، مەگەر هەر خوا بزانێت چەند ئێسقانی بەدەنی شکابوو، بە خۆیشی نەیدەزانی چ خاکێک بەسەر خۆیدا بکات.

ئاللان، دڵخۆشی دایەوە و گوتی بێگومان مادەی هۆشبەری دی پەیدا دەبن، کە جەنابی بایک مامەڵەیان پێوە بکات. ئاللان زۆری لەمەڕ مادەی هۆشبەر نەدەزانی، بەڵام ئایا نەدەکرا بایک و بووسێ هەر لەم مەزرایەدا بڕێک لەو شتە بڕوێنن؟

بایـک بەرسـڤی دایەوە بووسـێ باشـترین دۆسـتی ژیـانی بـووە، بەڵام بووسـێ نەفرەتیش ئاکار و خووخدەی خۆی هەبوو. وا نەبوایە ئەو و بووسێ تا نها دەبوون بە گەورەترین فرۆشیاری گۆشتی لە قیمەدراوی هەموو ئەورووپا.

بووسـێ گفتوگـۆ خەمئەنگێـزەکەی سـەر جـۆلانەکەی پـێ بـڕین و گـوتی قـاوەڵتی ئامـادەیە. بایـک نهـا بە لای کەمەوە دەیتـوانی بەلەزەتتـرین مریشـکی دنیـا بخـوات، شووتییەکی بەسەردا بکات کە دەتگوت ڕاستەوخۆ لە ئاسمانەوە هێنرابوو.

پاش تێشت، بێننی برینەکەی ڕانی بـایکی دەرمـان کرد، پاشـان بایک گوتی ئەگەر دۆستەکانی لارییان نەبێت، حەز دەکات چاوێ گەرم بکات.

***

ئیدی کاتەکانی دواتر لە مەزرای کلۆکەرێدا بەم جۆرە بووری:

بێننـی و جـوانێ، شـتەکانی نـاو گەوڕەکەیـان بە جۆرێـک ڕێـک خسـتەوە کە بکرێـت جێگەیەکی فراوانتر بۆ سونیا دابین بکەن.

یولیـوس و بووسـێ چـوون بـۆ فالکشـپۆین، تـا ئـازووقە و پێویسـتیانی دی بکـڕن. کاتێـک لەوێ بـوون، چاویـان بە مانشـێتی ڕۆژنامەکـان کەوت، دەربـارەی پیـاوێکی سەدسـاڵە و هاوڕێکـانی، کە شـێتانە بەنـاو وڵات وەربـوون و بێپەروا خەڵکـی دەکـوژن، دەبڕن و دەڕۆن.

ئاللان، دوای قاوەڵتی (تێشت) دووبارە گەڕایەوە بۆسەر جۆلانەکە. نەیدەویست زۆر خۆی بڕەنجێنێت و ماندوو بێت، حەزی دەکرد کاتەکەی لەگەڵ گێلەدا بەسەر بەرێت.

بایکیش لێی خەوت.

بەڵام گاڤێک یولیـوس و بووسـێ لە بـازاڕ گەڕانەوە، بـلەز هەمـوو ئەوانـی دیکەیـان بانگ کرد کە لە مووبەقەکەدا کۆبوونەوەیەکی گەورە بکەن. تەنانەت بایک گێردینیشـیان لەخەو هەستاند.

یولیـوس، بە هەموویـانی گـوت ڕۆژنامەکـان چییـان نووسـیبوو. هەر کەسـێکیش دەیەوێـت وەیخوێنێـت، دەتـوانی دوای کۆبـوونەوەکە بەکـاوەخۆ و بە بێـدەنگی ئەو ڕۆژنامـانە وەخوێنێت، بەڵام بە کـورتی و بە کـوردی فەرمـانی گرتنـی هەر هەموویـان، جگە لە بووسێ کە بە هـیچ جۆرێک نـاوی نەهـاتبوو، دەرچووبوو. هەڵبەتە بـایکیش بە گوتەی ڕۆژنامەکان کوژرابوو.

بایک گێردین گوتی: ئەو بەشـەی دوایی دروست نییە، لێ من هەست دەکەم حاڵم باش نییە.

یولیوس گوتی هەڵبەتە زۆر ترسناکە پیاو تۆمەتی کوشتنی لەسەر بێت، با پاشان درۆش دەربچێت. ئەوسا لەوانی دی پرسیی، کە چ بکەن، ئایا تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەن و شوێنەکەی خۆیانیان پێ بڵێن و قیروسیا با عەدالەت ڕێڕەوی خۆی بگرێت؟

بەر لەوەی کەس وەڵام بداتەوە، بایک گێردین نەڕەیەکی کرد و گوتی مەگەر بەسەر لاشە نیوە گیانەکەی مندا بپەڕنەوە، تا بتوانن تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەن و شوێنەکەی خۆتان کەشف بکەن.

"ئەگەر بتانەوێت کاری وا بکەن، دووبارە دەست دەدەمە دەمانچە، ئەرێ بەڕاست کوا دەمانچەکەم، لە کوێتان داناوە؟"

ئاللان، وەڵامی دایەوە، من هەڵمگرتووە، لە ترسی ئەو هەموو دەرمانە غەریبەی بێننی پێی دەدات، گوتم نەبا کەتنێکی پێ بکەیت، لە جێیەکی ئەمین هەڵمگرتووە. ئایا خۆشت حەز ناکەیت تا ماوەیەکی دیکەش لە هەمان جێگەی ئەمیندا بێت؟

باشە، بایک دەیتوانی ئەم ڕەوشە تەحەمووڵ بکات، بەڵام بەو مەرجەی جەنابی کارلسونیش دەستبەرداری ئەم هەموو ڕەسمییاتە ببێت.

بایک گوتی: من بایکم. بە دەستی چەپ تەوقەی لەگەڵدا کرد.

ئاللانیش گوتی: منیش ئاللانم. بە ناسینتان خۆشحاڵم.

بەو جۆرە بایک بە هەڕەشەی چەک (بەڵام بێ ئەوەی چەکەکەی پێ بێت) بڕیاری دا کەس پەیوەندیی بە پۆلیسەوە یان داواکاری گشتییەوە نەکات. بە تەجرەبە بۆی دەرکەوتبوو عەدالەت هەرگیز ئەوە نەبووە کە خەڵکی بەتەمای بوون. ئەوانی دیکەش لەم بارەیەوە لەگەڵ بۆچوونەکەی ویدا بوون. هەڵبەتە ئەم بڕیارە لەبەر ئەوە نەبوو کە ئەگەر ئەم جارە بە ڕێکەوت عەدالەت وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، چ بەڵایەک بەسەر وان دەهات.

ئەنجامی ئەم کۆبوونەوە کورتە ئەمە بوو کە دەستبەجێ پاسە زەردەکە لەگەڵ شووتییە شەکراوتێنەکراوەکاندا لە ئەمبارە پیشەسازییەکەی بووسێدا حەشار بدرێت. بڕیاری دووەم ئەمە بوو تاقە کەسێک کە بۆی هەبوو بەبێ ڕوخسەتی ئەوانی دی لە مەزراکە بڕوات، بووسێ بوو. واتە ئەو کەسەی لە لایەن پۆلیسەوە چاودێریی نەدەکرا و لە لیستی مردواندا نەبوو.

بەڵام سەبارەت بە هەنگاوی دواتری گرووپەکە دەربارەی ئەوەی چ لە جانتا پارەکە بکەن، گرووپەکە گەیشتنە ئەم بڕیارەی جارێ ئەو بابەتە بخەنە دوایی، یان وەکو بایک گێردین گوتی: من کە بیر لەو بابەتە دەکەمەوە، سەرم دەداتە ژان، کاتێکیش هەناسە

وەردەگرم، تا بڵێم بیر لەوە دەکەمەوە سەرم ژان دەکات، سینگم دەکەوێتە ئێش. من نها ئامادەم پەنجاملیۆن بدەم و حەبێکی ئازارشکێن بکڕم.

بێننی گوتی: فەرموو ئەوە دوو حەب و... بە خۆڕاییش.

***

بۆ گەورە لێکۆڵەر ئارونسون. ڕۆژێکی پڕکار بوو. بە حوکمی ئەو هەموو دەنگۆیانەوە، پەیتاپەیتا پەیوەندییان پێوە دەکرا، دەربارەی ئەو شوێنەی بکوژی سێ کەسەکە و هاوڕێکانی خۆیان تیا حەشار دابوو، بەڵام تاقە هەواڵێک کە ئارونسون باوەڕی بە دروستیی هەبوو، ئەو پەیوەندییە بوو کە گونار لوینلید، یاریدەدەری سەرۆکی ئەمنی یۆنشۆپین، کردبووی؛ لوینلید ڕایگەیاندبوو لەسەر شارێگەکەی نزیکی ڕوسلێت، پاسێکی سکانیای زەردی بینیبوو کە پێشەکەی بەتەواوەتی داغان بووبوو، تەنها یەک لە لایتەکانی پێشەوەی بە ساغی دەرچووبوو. خۆ ئەگەر نەوەکەی لە کوشنەکەی دواوەی ئۆتۆمبێلەکەی دانیشتبوو، لەو کاتەدا نەڕشابێتەوە، بێگومان لوینلید، پەیوەندیی بە پۆلیسی هاتوچۆوە دەکرد و هەواڵی ئەو پاسەی پێ دەدان.

دووەم شەو بوو کە ئارونسون لە باڕی پیانۆی هۆتێل ڕویال کورنر لە ڤێکخیۆ دادەنیشت و دووبارە دووچاری هەمان هەڵە بووەوە کە بە سەرخۆشی، لە زەینی خۆیدا مەسەلەکان هەڵبسەنگێنێت.

ئارونسون لەفکران ڕاچوو: ئەو شا ڕێگەیەی بۆ باکوور دەچێت، واتا دەتانەوێت بۆ سۆرملاند بگەڕێنەوە؟ یان دەتانەوێت خۆتان لە ستۆکهۆڵم تاقەت بکەن؟

پاشان بڕیاری دا سبەینێ لە هۆتێلەکە بڕوات و بۆ شوقە سێ ژوورییە نمناکەکەی لە سکیلستونا بزڤڕێتەوە. ڕونی هولتی وێستگەی پاسەکان بە لای کەمەوە پشیلەیەکی هەبوو کە لەباوەشی بگرێت. بەڵام یۆران ئارونسون هیچ شک نابات. یۆران ئارونسون لەبەر خۆیەوە گوتی و دوایین پێکی بادە تێکەڵ بە کۆلای شەوەکەی هەڵقوڕاند.

**هەژدەیەم: ١٩٥٣**

ئاللان، لە ماوەی ئەو پێنج ساڵ و سێ هەفتەیەدا، ڕووسییەکی باش فێر بووبوو. هەروەها زمانە چینییەکەشی تەواو دەمەزەرد کردبووەوە. بەندەرەکە شوێنێکی جەنجاڵ و قەرەباڵغ بوو، ئاللان دۆستایەتی و ناسیاویی لەگەڵ هەموو ئەو دەریاوانانەدا پەیدا

کردبوو کە هاتوچۆی ئەوێندەریان دەکرد، ئیدی لە ڕێگەی ئەوانەوە ئاگای لە هەموو بویەرەکانی دەرەوە دەبوو.

یەکێک لە بویەر و هەواڵە گرنگەکان ئەمە بوو کە یەکێتیی سۆڤیات پاش یەک ساڵ و نیو لە دیدارەکەی ئاللان لەگەڵ ستالین، بیریا و یوریسوڤیچ پوپوڤیی داماودا، یەکەم بۆمبی ئەتۆمی خۆی تاقی کردبووەوە. لە ڕۆژئاوادا گومانی ڕوودانی سیخوڕێک پەیدا بوو، چونکە بۆمبەکەی سۆڤیەت، کتومت وەکو بۆمبەکەی لوس ئالاموس دروست کرابوو. ئاللان بیری لەمە دەکردەوە کە کاتێک بەژێر دەریاییەکە سەفەریان کردبوو، کە خۆی و یوری لە یەک بوتڵدا ڤۆدگایان دەخواردەوە، ئاخۆ چەندی قسان لەم دەرهێنابووبێت.

ئەوسا بە خۆی گوت: یوریسوڤیچ پوپوڤی ئازیز، وا بزانم تۆ لە هونەری خواردنەوە و گوێگرتندا، گەیشتوویتە پلەی مامۆستایەتی.

ئاللان، ئەوەشی زانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، فەڕەنسا و بەریتانیای مەزن، هەموو ناوچە داگیرکراوەکانی ژێردەستی خۆیان لە ئەڵمانیا، داوەتە دەم یەکەوە و کۆماری فیدراڵیی ئەڵمانیایان لێ دروست کردبوو. ستالینیش تووڕە بووبوو و ئەڵمانیای تایبەتیی خۆی دروست کردبوو. بەو جۆرە نها ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەریەکەیان ئەڵمانیای خۆیان هەبوو کە ئاللان ئەمەی بە شتێکی عەمەلی دەزانی.

پاشای سوێد مردبوو. ئاللان ئەم نوچەیەی لە ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزیدا خوێندبووەوە کە نەیدەزانی چۆن دەستی دەریاوانێکی چینی کەوتبوو، دەریاوانەکەش، ئەو زیندانییە سوێدییەی بیر کەوتبووە کە لە بێگارە ئۆردووگای فلادیفوستک حەپس بوو، ئیدی ڕۆژنامەکەی بۆ هێنابوو. کاتێک ئاللان ئەو هەواڵەی پێگەی کە پاشا یەک ساڵ بوو مردبوو، بەڵام ئەمە هیچی لە مەسەلەکە نەدەگۆڕی. یەکسەر پاشایەکی تازە جێگەی گرتبووەوە. واتە هەمان ڕەوشی جاران لە وڵاتەکەی ئاللاندا بەرقەرار بوو.

لە لایەکی دیکەوە دەریاوانەکانی بەندەر بە زۆری باسی جەنگی کۆریایان دەکرد. هەڵبەتە ئەم مەسەلەیەش سەیر نەبوو. کۆریا هەر دووسەد کیلۆمەترێک لێرەوە دوور بوو.

ئاللان، بۆی دەرکەوت کە بویەری جەنگی کۆریا بەم جۆرە بووە:

کاتێک جەنگی دووەمی جیهانی تەواو بوو، نیمچەدوورگەی کۆریا بەبێ خودانی مابووەوە. ئیدی ستالین و ترومان، برابەش هەریەکە و بەشێکیان داگیر کردبوو، بڕیاریان دابوو هێڵی سی و هەشت ببێت بە سنووری نێوان هەر دوو بەشی باکوور و باشوور. پاشان گەنگەشەیەکی بێئاکام هاتبووە ئاراوە کە کۆریا چۆن خۆی حوکمداری خۆی بکات، بەڵام چونکە ستالین و ترومان دوو دیدی سیاسیی جیاوازیان هەبوو (یانی هیچ خاڵێکی هاوبەشیان لە نێواندا نەبوو) ئیدی کۆریاش بە دەردەکەی ئەڵمانیا چوو.

هەوەڵ جار ئەمریکا کۆریای باشووری دروست کردبوو، پاشان یەکێتیی سۆڤیات، کۆریای باکووری لە هەنبەریدا قوت کردەوە. پاشان ئەمریکایی و ڕووسەکان کۆرياييەکانیان سەرپشک کردبوو کە بۆ خۆیان پێکوەرن.

بەڵام ئەوە هیچ ئاکامێکی خێری نەبووبوو، ئیدی هەریەکێک لە کیم ئیل سونگ لە کۆریای باکوور و سینگمان ڕی لە کۆریای باشوور خۆی بۆ ڕابەری نیمچەدوورگەی کوریا، لەوی تر بە شایستەتر دەزانی. ئیدی شەڕ دەستی پێ کردبوو.

بەڵام دوای سێ ساڵ شەڕ و نزیکەی چوارملیۆن کوژراو، هیچ شتێک نەگۆڕابوو. هێشتا باکوور هەر باکوور و باشوور هەر باشوور بوو. هێشتا هێڵی ٣٨ جیای دەکردنەوە.

***

کاتێک مەسەلەی خواردنەوە هاتە ئاراوە، واتە هەمان فاکتەری هەڵهاتن لە گولاگ، ئاساییترین ڕێگە ئەمە بوو کە ئاللان بە خشکەیی خۆی بە یەکێک لەو کەشتییانەدا بکات کە لەنگەریان لە مینای فلادیفستوک دەگرت، بەڵام بە درێژایی ئەو ساڵانەی ئاللان لەوێندەر بوو، بە لای کەمەوە حەوت کەس هەوڵی هەڵهاتنیان دابوو، هەر حەوتیان دەستگیر کرد و لەسێدارە دران. هەر جارێک شتێکی وەها ڕووی دەدا، هەموو زیندانییەکان خەمبار دەبوون. هێربێرت ئەنیشتاین لە هەموان خەمینتر دەبوو. تەنها ئاللان دەیزانی سەدەمی سەرەکیی ئەزیەتباری هێربێرت ئەمە بوو کە هێشتا لەسێدارە نەدرابوو.

یەکێک لە دژوارییەکانی سواربوونی کەشتی ئەمە بوو کە هەموو زیندانییەکان، یەکپۆش بوون و جلی مقەلەمی ڕەشوسپیی زیندانییان لەبەر بوو. بۆیە مەحاڵ بوو لەناو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا ون بن. ئەمە جگە لەوەی تەنها باریکەڕێگەیەک بۆ سەر کەشتییەکان هەبوو، ئەویش پاسەوانی لێ بوو، سەگی ڕاهێنراو، بۆنیان بەو بارانەوە دەکرد کە بە سلینگ بۆ سەر کەشتییەکان دەگوازرانەوە. هەروەها دۆزینەوەی کەشتییەک کە ئامادە بێت ئاللان بە قاچاغی ببات کارێکی ئاسان نەبوو. زۆرێک لە کەشتییەکان بۆ چین دەڕۆیشتن و هەندێکی دیکەیان بۆ بەندەری ونسان، لە کەناراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆریای باکوور دەچوون. بۆیە ئاسایی بوو ئەگەر کاپتنی کەشتییەکی چینی یان کۆریای باکوور زیندانییەکی گولاگ لەنێو بارەکانیدا بدۆزێتەوە، یان بۆ بەندەرەکەی بگێڕێتەوە، یان تووڕی بداتە ناو دەریاوە (کە ئەنجامی ئەو دوو هەڵوێستە هەمان ئەنجام دەبوو، جیاوازییەکە ئەوە بوو لە هەڵوێستی دووەمدا ڕۆتینیاتی ئیداری کەمتر بوو.)

هەڵهاتن لە ڕێگەی وشکانییەوە ئاسانتر نەبوو، ڕەڤین بەرەو باکووری سیبریا، کە کەشوهەوایەکی ئێجگار سارد و تەزی هەبوو، عەمەلی نەبوو، چوونیش بەرەو ڕۆژئاوا و چینیش سوودی نەبوو. تەنها ڕێگە، ڕێگەی باشوور، بەرەو کۆریای باشوور بوو. بێگومان لەوێ پەنای زیندانییەکی گولاگ کە بە ڕواڵەت ئەنتی کۆمۆنیزم بوو، دەدرا. لێ بەداخەوە کۆریای باکوور لە نێوانی ڕێگەکەدا بوو.

***

ئاللان، پێش ئەوەی بەتەواوەتی بیر بکاتەوە و نەخشەیەکی تەواو بۆ هەڵهاتن بەرەو باشوور دابنێت دەیزانی کۆسپی سەخت و دژواری دێنە ڕێ، بەڵام خۆ نەشدەکرا تا مردن هەر بە ترسەوە بژی و بە عەزرەتی چۆڕێک ڤۆدگاوە سەر بنێتەوە. باشە هەر خۆی، بە تەنها ئەم ڕیسکە بکات یان کەسێکی دیکەش بەگەڵ خۆی بخات؟ لە حاڵەتی دووەمدا دەبوا هێربێرت، هەرچەندە پیاوێکی نەگبەت بوو، بەگەڵ خۆی بخات. لەڕاستیدا ئاللان، گەیبووە ئەو قەناعەتەی لەگینە لە ڕێگەدا سوود لە هێربێرت بدینێت. هەڵبەتە، لە ڕێگەوباندا دوو کەس بیت خۆشترە لەوەی بە تاقی تەنها ملی ڕێگەی هەڵهاتن بگریت.

هێربێرت ئەنیشتاین گوتی: هەڵهاتن؟ بە ڕێگەی وشکانیدا؟ بەرەو کۆریای باشوور؟ لە ڕێگەی کۆریای باکوورەوە؟

ئاللان گوتی: شتێکی لەو بابەتە. جارێ ئەم نەخشەیە عەمەلی دێتە بەرچاو.

هێربێرت گوتی: ئەگەری دەربازبوونمان زۆر زەحمەتە.

ئاللان گوتی: قسەی تۆیە و ڕاست دەکەیت.

هێربێرت گوتی: من هاتووم. لەگەڵتدام.

***

دوای پێنج ساڵ، ئیدی هەموو زیندانیانی ئۆردووگاکە دەیانزانی عەقڵی زیندانی ژمارە '١٣٣'؛ هێربێرت پارسەنگی دەوێت. خۆ ئەگەر بیریشی کردباوە، تەنها دەردەسەریی بۆ خۆی دروست دەکرد.

ئیدی ئەمە بووبووە مایەی ئەوەی پاسەوانەکان بەزەییان پێدا بێتەوە و لە زۆر شتدا چاوپۆشیی لێ بکەن. جگە لە هێربێرت، هەر زیندانییەکی دیکە ئەگەر لە ڕیزی وەرگرتنی خواردندا ڕێک نەوەستابا، لە ئەهوەنترین حاڵەتدا هاواری بەسەردا دەکرا، لە حاڵەتی دووەمدا قۆناغە تفەنگێک بە ورگیدا دەدرا و لە خراپترین حاڵەتدا دەبوایە خواحافیزیی یەکجارەکی بکات.

بەڵام دوای پێنج ساڵ، هێربێرت هێشتا خەوگایەکەی خۆی پێ نەدەزانی. هەموو خەوگەیەکان قاوەیی و بەیەک ئەندازە بوون. ئەم دیاردەیە گێژی کردبوو. هەموو ڕۆژێک خواردن لە نێوان خەوگەی ژمارە سیازدە و چواردەدا دابەش دەکرا، بەڵام زیندانی ژمارە '١٣٣' بەزۆری لە دەوروبەری خەوگەی ژمارە حەوت یان نۆزدە یان بیست و پێنج وێڵ و سەرگەردان دەسوڕایەوە.

پاسەوانانی زیندانەکە هاواریان دەکرد: بە نەفرەت بیت ئەنیشتاین، ڕیزەکە لەوێیە، نەک لێرە. هەموو ڕۆژێک لەوێ دابەش دەکرێت نەک لێرە، ئەی هاوار بۆ فێر نابیت!

ئاللان، باوەڕی وا بوو هەم خۆی و هەم هێربێرت دەتوانن سوود لەم ناوبانگەی هێربێرت وەربگرن. هەڵبەتە دەیانتوانی بە جلەکانی زیندانەوە هەڵبێن، بەڵام، ئەوپەڕی خولەکێ بۆ دوو خولەک دەیانتوانی بەو جلانەوە لە ژیاندا بمێنن.

هەم ئاللان و هەم هێربێرت، پێویستیان بە سەروو دەستێک جلی پاسەوانان هەبوو. تاقە زیندانییەک کە دەیتوانی بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی لەسێدارەدان، لە عەماری جلی پاسەوانەکان نزیک ببێتەوە، زیندانی ئەنیشتاینی ژمارە '١٣٣' بوو.

ئیدی ئاللان، بە دۆستەکەی گوت چ بکات. دەبوایە ئەنیشتاین لە کاتی وەرگرتنی خواردنی نیوەڕۆدا، بە هەڵە ڕۆیشتبا، چونکە ئەو کاتە وەختی وەرگرتنی خواردنی بەرپرسانی عەماری جلوبەرگانیش بوو. لە ماوەی ئەو نیو سەعاتەدا، تەنها یەک پاسەوان لەبەر دەرگای عەماری ناقبری دەمایەوە، ئەویش لە بورجی چوارەمدا و بەدیار ڕەشاشەکەیەوە ئێشکی دەگرت. ئەویش بە حاڵ و ڕەوشی زیندانی ژمارە '١٣٣'ی دەزانی و خۆ ئەگەر هێربێرتیشی دیتبا، تەقەی لێ نەدەکرد، ئەوپەڕی هاواری بەسەردا دەکرد. خۆ ئەگەر ئاللانیش لەم پێشبینییەدا سەرچیغ چووبا، هیچ کێشەیەک ڕووی نەدەدا؛ چونکە هێربێرت، هەمیشە مەرگی بەئاوات دەخواست.

هێربێرت باوەڕی وا بوو، ئاللان بیری لە هەموو شتێک کردووەتەوە و نەخشەیەکی مکوومی دانابوو، بەڵام دەبوا ئەم چ بکات؟ ئایا دەکرا ئاللان بۆی دووبارە بکاتەوە؟

***

هەڵبەتە نەخشەکە بە دروستی جێبەجێ نەکرا. هێربێرت ڕێی هەڵە کرد، بەڵام لەناکاودا بۆ یەکەم جار خۆی لە ڕیزی شوێنی خواردندابەشکردنەکەدا بینییەوە. ئاللانیش لە ڕیز وەستابوو. ئاهێکی هەڵکێشا و زۆر دۆستانە هێربێرتی بەرەو لای عەماری جلەکان نارد، بەڵام ئەوەش سوودی نەبوو. هێربێرت دووبارە ڕێی گوم کرد،

کاتێکی بە خۆ زانی لەبەر جلشۆرخانەکەدا سەری دەرهێنا. باشە لەوێ جگە لە دنیایەک یونیفۆرمی تازە شۆردراو و ئوتوکراو هیچی دی هەبوو؟!

هێربێرت، دوو دەست جلی هەڵگرت و لەژێر پاڵتۆکەیدا شاردنیەوە، دووبارە وێڵ و سەرگەردان بەناو خەوگەکان کەوت. پاسەوانەکەی ناو بورجی چوارەم، هێربێرتی بەدی کرد، بەڵام تەنانەت ئەو زەحمەتەشی وەبەر خۆ نەدا کە هاواری بەسەردا بکات. لەڕاستیدا، پاسەوانەکە وای بۆ دەچوو ئەم قەلپیاوە. ئەم جارە بۆ خەوگەکەی خۆی دەڕۆی.

پاسەوانەکە لە دڵی خۆیدا گوتی: جێی سەرنجە.

پاشان، گەڕایەوە سەر خەیاڵڕێسییەکەی خۆی.

***

نها ئاللان و هێربێرت بووبوون بە خاوەنی جلکی سوپایی خۆیان. بە جل لە دوو سەربازی سەرفرازی سوپای سوور دەچوون. ئیدی تەنها جێبەجێکردنی پاشماوەی نەخشەکە مابوو.

ئاللان، هەستی بەوە کردبوو ژمارەی ئەو کەشتییانەی بەرەو ونسان باریان دەبرد، زۆر بووبوون. یەکێتیی سۆڤیەت بە فەرمی بە قازانجی کۆریای باکوور، خۆی لە شەڕی نیمچەدوورگەی کۆریاوە نەگلاندبوو، بەڵام چەک، تەقەمەنی، کەرەستە و تفاقی جەنگیی زۆر بە شەمەندەفەر بۆ بەندەری فلادیفستوک دەنێردرا، پاشان هەر هەمووی لە کەشتیان بار دەکران و بەرەو یەک شوێن وەڕێ دەکەوتن. هەڵبەتە هیچ داتا و زانیارییەک دەربارەی مەقسەدی کەشتییەکان نەدەدرا، بەڵام ئاللان، ئەقڵی بەوەدا دەشکا پرسیار لە دەریاوان و کەشتیوانەکان بکات. خۆ هەندێک جار، ناواخنی بارەکانیش دەبینرا، بۆ نموونە ناقیلە و نەفەربەری ناحەز و تەنانەت تانکیش، بەڵام هەندێک جاری دی بارەکان تەنها سندووقی گەورەی دارین بوون.

ئاللان، پێویستی بە تاکتیکێک هەبوو تا بتوانێت لە ڕێگەیەوە حەواسی پاسەوانەکان پەرت بکات، ڕێک وەکو ئەو تاکتیکەی شەش ساڵ لەوەوپێشی تاران. ئاللان، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پەندە ڕۆمانییە کۆنەی کە دەڵێت هەمیشە لەدووی کارێک برۆ کە توانای کردنیت هەیە. پێی وا بوو ڕەنگە پێویستی بە هەندێک گەمەی ئاگرین و تەقەمەنی هەبێت. لێرەدا ئەو سندووقە دارینانەی وەبیر هاتەوە کە بۆ ونسان قڕێ دەکران. ئاللان هەرچەندە دڵنیا نەبوو، بەڵام بە مەزەندەی خۆی زۆرێک لەو سندووقە دارینانە داینامیت و تەقەمەنییان تێدا بوو. خۆ ئەگەر یەکێک لەو سندووقانە لە دەوروبەری ئەسکەلەکەدا گڕ بگرێت و تەقینەوەیەکی گەورە ڕوو بدات. هەنگێ ئاللان و هێربێرت

هەلیان بۆ هەڵدەکەوت کە بخزێنە پەنایەکەوە و یونیفۆرمی سوپای سۆڤیەتی لەبەر بکەن، ئەوسا ئۆتۆمبێلێک پەیدا بکەن، هەڵبەتە ئۆتۆمبێلێک کە سویچی لەسەر بێت و تەنکییەکەی فوول بێت لە بەنزین و خاوەنەکەی لەو دەور و مەکانە نەبێت. ئەوسا دەبێت دەروازەکان بە فەرمانی ئاللان و هێربێرت بکرێتەوە. هەنگێ لە بەندەرەکە و دەڤەری گولاگ دەرباز دەبوون، ئیدی کەس گومانی لێ نەدەکردن، نە کەس هەستی بە دیارنەمانی ئۆتۆمبێلەکە دەکرد، نە کەس دەکەوتە چاودێرییان. هەموو ئەم کارانە دەبوو بەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە گەورەکەیان ئەنجام بدرێن، کێشە گەورەکەیان ئەوە بوو چۆن بچنە ناو کۆریای باکوورەوە، لەوەش گرنگتر چۆن لەوێندەرەوە، لە باکوورەوە بۆ باشوور دەرباز بن.

هێربێرت گوتی: ڕەنگە من هەندێک گێل و گەمژە بم، بەڵام بە دیدی من نەخشەکەت زۆر تەواو نییە.

ئاللان بە ناڕەزاییەوە گوتی: نا، تۆ گێل نیت، گریمان پیچەک گێلی بەڵام سەبارەت بەم بابەتە هەق بە تۆیە، بەڵام هەرچی سەر دەهێنم و سەر دەبەم، دەگەمە ئەو باوەڕەی نابێت هیچ دەستکارییەکی ئەم نەخشەیە بکەین، با وەکو خۆی وەمێنێت، ئیدی شتەکانی دی خۆبەخۆ تەرتیب دەبن.

ئیدی یەکەمین و تاقە هەنگاوی نەخشە و پلانی هەڵهاتنە نهێنییەکە ئەوە بوو ئاگر لە یەکێک لە سندووقەکان بەر بدرێت. بۆ ئەم کارەش دوو شت پێویست بوو. ١ – هەلبژاردنی سندووقێکی گونجاو ٢- شتێک کە بتوانن ئاگرەکەی پێ لە سندووقەکە بەر بدەن. لەو ماوەیەدا چاوەنۆڕی هاتنی کەشتییەکی لەبار بوون، ئاللان، هێربێرتە گێلی بۆ کارێکی دی نارد. هێربێرت، سەلماندی متمانەی ئاللان بەوی نابەجێ نەبووە، چونکە توانیبووی تەرەقەیەک بدزێت و لە پانتۆڵەکەیدا بیشارێتەوە، ئیدی وەختایەک پاسەوانێکی ڕووس هێربێرتی لەو شوێنەدا بینی، کە هێربێرت هەقی نەبوو لەو شوێنانەدا بێت، لەبری ئەوەی هەر لەوێ و لە جێوە گوللەبارانی بکات، یان بە لای کەمەوە بیپشکنێت، دەستی کرد بە بۆڵەبۆڵ و هاوارکردن بەسەر هێربێرتدا، گوتی ئاخر ئەمە کەی ڕەوای هەقە، دوای پێنج ساڵ حەپسکردنی زیندانی ژمارە '١٣٣' هێشتا جێوڕێی خۆی پێ نەزانێت؟ هێربێرت گوتی ببوورە، ئەوسا ساڵانەساڵانە لەوێ دوور کەوتەوە. پاشان بە مەبەستی ڕێگومکێ، خۆی لە گێلی دا و بە ئاڕاستەیەکی هەڵەدا ڕۆی.

پاسەوانەکە هاواری کرد: ئەنیشتاین، خەوگاکەت لە دەستە چەپدایە. ئاخر گەوجاتیت کردووە بە گەمەی منداڵان!

ئاللان، ستایش و ئافەرینی هێربێرتی کرد کە کارەکەی زۆر بە باشی ئەنجام دابوو، بە جـوانی دەوری خـۆی گێڕابـوو. هێربێـرت سـوور بـووەوە، بەدەم وەڵامـدانەوەی ئافەرین و ستایشـەکەی ئاللانەوە گوتی پیاو بە خۆی گێل بێت، بە ئاسـانی دەتوانێت دەوری گێـل بـدینێت. ئـاللان گـوتی، هێربێـرت نازانێـت ئەو دەورەی گێڕابـووی چەنـد زەحمەت بووە، چونکە هەموو ئەو گێلانەی لە ژیانیدا دیتبوونی، هەوڵیـان دەدا، لاسـایی خەڵکانی عاقڵ بکەنەوە.

***

پاشـان ئەو ڕۆژە هـات کە لە گونجـاو دەچـوو. بەیـانییەکی سـاردی ڕۆژی یەکەمـی هەیڤـی مارسـی سـاڵی ١٩٥٣ بـوو، کە شـەمەندەفەرێک هـات. فـارگۆنێکی هێنـدە زۆری بەدواوە بـوو، کە نە بە ئـاللان و نە بە هێربێـرت نەدەژمێـردران. بـارەکەی کەرەسـتە و تفـاقی سـوپایی بـوو. بڕیـار بـوو هەمـوو بارەکـان لە سـێ کەشـتی بـار بکرێت. هەرسـێ کەشتییەکە بەرەو کۆریای باکوور دەچوون. هەشت تانکی تی ٣٤ لەناو بارەکە بـوو، کە لە کەس شاراوە نەبوون. جگە لەو تانکانە، هەمـوو بارەکـانی دی لە سندووقی گەورەی داریـن نرابـوون، هـیچ مـارکە و نووسـینێکیان بەسـەرەوە نەبـوو، بەڵام فاسـیلەی نێـوان تەخـتەی سـندووقەکان، بە ڕادەیەک بـوو کە بشـێت تەرەقەکە بخـرێتە نـاو یەکێـک لە سـندووقەکانەوە و بتەقێنـرێتەوە. بە نیـو ڕۆژ دوای بـارکردنی بارەکـان، ئـاللان لە هەوەڵین هەل و دەرفەتی لەباردا ئەو کارەی کرد.

زۆری نەبـرد دووکەڵێکـی چـڕ لە سـندووقەکەوە بەرز بـووەوە، بەڵام شـوکر دوای چەند چرکەیەک سندووقەکە ئاگری گرت. ئیدی ئاللان، دەرفەتی هێنا تـا هەڵێت و کەس بەسەر تاوانەکەوە نەیگرێت. زۆری نەبرد نـاواخنی سندووقەکە گڕی گرت و ئـاگرەکە سەرباری سەرمای ژێر سفر، بڵێسـەی سەند.

نەخشـەکە وا بوو هەر کاتێک ئاگرەکە گەییە نارنجۆکێکی دەستی، یـان هەر دایناميت و تەقەمەنییەکی دیکەی ناو سندووقەکە، تەقینەوەیەک ڕوو بدات. ئیدی تەقینەوەکە ببێتە بایسـی ئەوەی پاسـەوانەکان وەکـو مریشـکی سـەربڕاو بـکەونە بـاڵەفڕێ، ئـاللان و هێربێرت دەرفەت بهێنن و لەزبلەز بگەڕێنەوە بۆ خەوگاکانیان و جلەکانیان بگۆڕن.

بەڵام کێشـەکە لەمەدا بـوو کە هـیچ شـتێک نەتەقیـیەوە، بەڵام ئەو دووکەڵەی لە سـندووقەکەوە دەردەچـوو، زیـاتر بـوو و کە پاسـەوانەکان خۆیـان لە سـندووقە گڕگرتـووەکە دەبـوارد، فەرمانیـان بە چەنـد زینـدانییەک کـرد ئـاو بە سـندووقە گڕگرتووەکەدا بکەن، دووکەڵەکە هێندەی دی چڕ بووەوە. چەڕە دووکەڵێک بوو چاو

چاوی نەدەبینی. ئەمەش کردیە کارێک کە سێ زیندانی، دەرفەت بهێنن و خۆ بەناو چڕە دووکەڵەکەدا بکەن، بەسەر حەسارە دوو مەترییەکەدا ئاودیو ببن و خۆ بگەیەننە بەشە ئازادەکەی ئەسکەلەکە، بەڵام پاسەوانی ناو بورجەکە پێی زانی. هەر لەوێندەرەوە، بەنێو دووکەڵەکەدا کەوتە دەستڕێژی گوللە بەرەو سێ زیندانییەکە، چونکە فیشەکی ڕاستەقینەی بەکار هێنا بوو، هەرسێ زیندانییەکە سەرو ژمارەیەک فیشەکیان بەر کەوت و کەوتنە سەر زەوییەکە، واتە ئەگەر دەمودەستیش نەمردبان، بێگومان دوای تۆزێکی دی دەمردن، چونکە گوللەکان هەر بەر زیندانییەکان نەکەوتبوون، سندووقێکی ساغیش کە لە سەمتی چەپی سندووقە گڕگرتووەکەدا بوو، چەندین گوللەی بەر کەوتبوو. ئەو سندووقەی ئاللان هەڵیبژاردبوو، هەزار و پێنجسەد پەتۆی سوپایی تێدا بوو، لێ سندووقەکەی تەنیشتی هەزار و پێنجسەد نارنجۆکی دەستیی تیا بوو، چونکە ئەو گوللانەی پاسەوانەکە بەکاری بردبوون، گوللەی فسفۆڕی بوون، کە بەر یەکەمین نارنجۆک کەوتبوو، بۆ خۆی تەقیبووەوە و لە چاوتروکانێکدا هەزار و چوارسەد و نەوەد و نۆ نارنجۆکەکەی دیکەش تەقینەوە. تەقینەوەکە هێندە بەهێز بوو کە چوار سندووقی دیکەش چوون بە ئاسماندا و بە دووریی دەیان مەتر لەنێو حەساری بێگارە ئۆردووگاکە کەوتنەوە.

سندووقی ژمارە پێنج حەوتسەد مینی زەمینی تێدا بوو، زۆری نەبرد تەقینەوەیەکی بەهێزتر لە تەقینەوەی یەکەم ڕووی دا، ئەمەش بووە بایسی ئەوەی چوار سندووقی دیکەش بتەقنەوە.

ئاللان و هێربێرت، مەبەستیان ئەوە بوو ئاشوب و ئاژاوە بەرپا ببێت، کە بەڕاستی بەرپا بووبوو. ئیدی ئاگرەکە تەشەنەی سەند و لەم سندووقەوە سیرایەتی کرد بۆ ئەو سندووق. یەکێک لە سندووقەکان بەنزین و گازۆیلی تێدا بوو. یەکێکی دی تەقەمەنیی تیا بوو، کە تەقینەوەی ئەمیان بوو بە چیرۆکێکی دیکە. دوو بورجی دیدەوانی و هەشت خەوگە، لە ئاگرەکەدا دەسووتان، ئەوسا نۆرەی هاژەکی تەنکیبڕ هات. یەکەمین هاژەک بورجی دیدەوانیی ژمارە سێی برد بە ئاسماندا، مووشەکی دووەم ڕێک بەر دەروازەی ئۆردووگاکە کەوت، دەرگاکە و کابینەی پاسەوانییەکەی تەخت کرد. چوار کەشتی لە بەندەرەکەدا لەنگەریان گرتبوو و چاوەڕوانی بارگیرییان دەکرد. ڕیزی دواتری هاژەکە تانکبڕەکانی دی، گڕی لە هەر چوار کەشتییەکە بەر دا.

پاشان یەک سندوق نارنجۆکی دی تەقییەوە، کە زنجیرەیەک تەقینەوەی دی بەدوادا هات، ئەنجام گەییە دوا سندوقی ئەو ڕیزە سندوقە. بە ڕێکەوت دوا سندوقیش هاژەکی تانکبڕی تێدا بوو، ئەم جارە هاژەکەکان بە لایەکی دیکەدا ڕۆیشتن، بەرەو بەشە

کراوەکەی بەندەرەکە ڕۆیشتن، کە کەشتییەکی نەوتکێش بە خۆ و شەست و پێنج هەزار تەن نەوتەوە خەریکی لەنگەرگرتن بوون. یەکێک لە هاژەکەکان ڕێک بەر پردەکەی نێوان بەندەرەکە و کەشتییەکە کەوت، کەشتییەکە ڕەها بووە نێو دەریاکە. ئەوسا سێ هاژەکی دی بەر بۆدیی کەشتییەکە کەوتن و گەورەترین ئاگر و شەوات چێ بوو.

ئیدی کەشتییە گەورە نەوتکێشەکە، کە لە ئاگرەکەدا دەسووتا، بە ئارامی لە بەندەرەکەوە بەرەو ناوەندی شارۆچکەکە ڕۆی. ئیدی بە درێژایی دوو کیلۆمەتران، هەموو خانووەکانی کەنار بەندەرەکە گڕیان گرت. ئەو ڕۆژە بایەکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە دەهات. ئیدی بە ماوەیەکی کەمتر لە بیست و پێنج خولەک هەموو شاری فلادیفستوک ئاگری گرت.

***

هاوڕێ ستالین، تازە لە نشیمەنە تایبەتییەکەی خۆیدا لە کرایلانسکویا، لەگەڵ دەست و پێوەندەکەی خۆیدا، واتا لەگەڵ بیریا، مالینکوف، بولگانین و خرۆشوفدا، لە شێوی دڵخوازی خۆی بووبووەوە. کاتێک هەواڵی پێ گەیشت فلادیفستوک تەواو بووە. هەواڵەکە بەم جۆرە بوو: شەواتێک لە سندووقی پەتۆ کەوتووەتەوە، ئەوسا تەشەنەی سەندووە و هەر هەموو فلادیفستوکی گرتووەتەوە. ئەم هەواڵە ستالینی بەتەواوەتی شپرزە کرد.

یارە تازە و دڵخوازەکەی ستالین، واتە نیکیتا سیرگیوفیچ خروشوفی چوست و چالاک، مۆڵەتی خواست ئەگەر دەکرێت دوو قسە لەبارەی ئەم بابەتەوە بکات، ستالین بە بێتاقەتییەوە مۆڵەتی بە نیکیتا سیرگیوفیچ دا قسە بکات.

خروشوف گوتی: هاوڕێ ستالینی ئازیزم، پێشنیاز دەکەم وای دابنێن، ئەوەی ڕووی داوە بە هیچ جۆرێک ڕووی نەداوە. پێشنیاز دەکەم فلادیفستوک بەتەواوەتی و بە ڕووی دنیادا دابخرێت. ئەوسا دەتوانین بە شێنەیی شارۆچکەکە سەرلەنوێ دروست بکەینەوە، بیکەین بە بنکەی سەرەکیی ئوستۆڵەکەی ئۆقیانووسی ئارامماان، ڕێک وەکو ئەو نەخشەیەی هاوڕێ ستالین بەتەمای بوو، بەڵام گرنگترین شت ئەمەیە بڵێین ئەو بویەرەی ڕووی داوە، بە هیچ جۆرێک ڕووی نەداوە، چونکە پێچەوانە، لاوازیی خۆمان نیشان دەدات. ئایا هاوڕێ ستالین حاڵی عەرزم هەن؟ هاوڕێ ستالین بەم پێشنیازە ڕازییە؟

***

ستالین، هێشتا هەر شپرزە بوو. سەرخۆشیش بوو، بەڵام ستالین سەرێکی بۆ لەقاند و گوتی ئارەزووی ستالین ئەمەیە کە خودی نیکیتا خروشوف سەرپەرشتیی ئەم بابەتە بکات، ئەوەی ڕووی دابوو، بە هیچ جۆرێک ڕووی نەداوە. دوای ئەو قسەیە ستالین گوتی: وەختی ئەوە هاتووە بچێت تاوێک بخەوێت، هەست دەکات حاڵی باش نییە.

جەنەڕاڵ بیریا لەفکران ڕاچوو، فلادیفستوک! باشە ئەمە ئەو شوێنە نەبوو کە کابرا پسپۆڕە سوێدییە فاشیستەکەم بۆی ناردبوو کە لەوێ وەمێنێت تا ئەگەر ئێمە خۆمان نەمانتوانی بۆمبی ئەتۆمی دروست بکەین، سوود لەو بدینین؟ هەر بیرم نەمابوو. وەختایەک یوریسوڤیچ پوپوڤی خۆمان، توانیبووی بە بلیمەتیی خۆی کێشەکە چارەسەر بکات، دەبوایە هەقی ئەم شەیتانەم لە قولەمستی نابوایە. هەرچەندە ئێستاش ئەگەری ئەوە هەبوو بووبێتە خۆڵەمێش، کە هەڵبەتە پێویست نەبوو هەموو شارەکەش لەگەڵ خۆیدا وێران بکات.

ستالین، لە بەردەرگای ژووری نووستنەکەیدا بە کارمەندەکانی گوت ئەگەر دنیاش خراپ بوو کەس بەئاگای نەهێنێتەوە. ئەوسا دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست، لە قەراخ قەرەوێڵەکەی ڕۆنیشت، بەدەم بیرکردنەوەوە کەوتە ترازاندنی دوگمەکانی کراسەکەی.

فلادیفستوک... ئەو شارەی کە بە بڕیاری ستالین بڕیار بوو بکرێت بە بنکەی سەرەکیی ئوستولی سۆڤیەتی ئۆقیانووسی ئەتڵەسی! فلادیفستوک... ئەو شارەی بڕیار بوو، لە هێرشی تازەی جەنگی کۆریادا، ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت! فلادیفستوک... چیتر بوونی نەبوو!

ستالین، بەشی ئەوە ئاگای لە خۆ بوو لە خۆی بپرسێت ئاخر چۆن لە پلەی ژێر سفری سەرمادا، سندوقێکی پڕ لە پەتۆ ئاگر دەگرێت؟ بێگومان کەسێک دەستی لەو کارەدا هەبووە و ئەو خوێڕییە لەوەیە...

لێرەدا ستالین بەسەردا کەوتە سەر زەوییەکە. ستالین بورابووەوە تا شەوی داهاتوو لەوێدا کەوتبوو، چونکە کە گوتبووی کەس بەئاگای نەهێنێتەوە، چ قوردەت بوو کەسێک بوێرێت بەئاگای بهێنێتەوە.

***

خەوگاکەی ئاللان و هێربێرت، لە پێش هەموو خەوگاکانی دیکەوە گڕیان گرتبوو. ئیدی جووتە دۆست ئەو بەشەی نەخشەکەیان هەڵوەشایەوە کە بە دزییەوە خۆیان بە خەوگەکەیاندا بکەن و جلکی سوپایی لەبەر بکەن. حەسارەکەی دەوری ئۆردووگاکە هەرەسی هێنابوو، بورجەکانی دیدەوانییش، ئەگەر تاکوتەرایەکیان بە پێوە مابوون،

پاسەوانیان تیا نەمابوو. بۆیە دەرچوون لە ئۆردووگاکە ئاسان بوو، بەڵام دواتر چی ڕووی دەدا؟ خـۆ نەشـیاندەتوانی بـارهەڵگرێکی سـوپایی بـدزن و دەربـاز بـن، چـونکە هەمـوو بارهەڵگرەکان لە حاڵی سووتاندا بوون. خۆ نەشدەکرا بڕۆن بۆ شار و ئۆتۆمبێلێک پەیدا بکەن، چونکە هەموو فلادیفستوک لە سووتاندا بوو. زۆربەی ئەو زیندانییانەی لە تەقینەوە و شـەواتەکە ڕزگـار بووبـوون، لە دەرەوەی ئۆردووگـاکە و لەسـەر شـەقامکە کـۆمەڵ بووبـوون، تـا لە تەقیـنەوەی نـارنجۆک و هـاژەکە تانکبڕەکـان و ئەو شـتانەی بە حەواوە دەفـڕین، دوور بـن. چەنـد نەفەرێکـی برێـک ئـازاتر لەوانـی دی، بەرەو بـاکووری ڕۆژئـاوا کەوتبوونە ڕێ، چونکە بە لای هەر ڕووسێکی عاقڵەوە، ڕێگەی باکووری ڕۆژئاوا باشترین ڕێگە بـوو بـۆ هەڵهـاتن. ڕێگەی ڕۆژهەڵات ئـاو بـوو، لە باشـوور جەنگی کۆریـادا بـوو، لە بـاکووریش شـارۆچکەیەک لە حـاڵی سـووتاندا بـوو. واتە تـاقە ڕێـگە، ڕێـگەی سـیبریای بەسـتەڵەک و سەرماوسـۆڵە بـوو، بەڵام پاسـەوان و سـەربازەکان هەسـتیان بەمە کردبـوو، پـێش ئەوەی تەپ و دووکەڵەکە بەتەواوەتـی بـڕەوێتەوە، هەمـوو هەڵاتووەکانیـان دەسـتگیر کرد و یەک یەک هەواڵەی ئەو دنیایان کردن.

تـاقە کەسـانێک کە ڕزگـار بـوون، ئـاللان و هێربێـرت بـوون. ئەوان توانیبوویـان خـۆ بگەیەنـنە هەڵەتەکـانی باشـووری ڕۆژئـاوای فلادیفسـتوک. لەوێ تاوێـک ڕۆنیشـتن تـا پشوویەک بدەن و تەمەشایەکی وێرانکارییەکەی خوار خۆیانەوە بکەن.

هێربێرت گوتی: ئەو تەرەقەیە چ قوەتێکی هەیە.

ئاللان گوتی: مەگەر بۆمبی ئەتۆمی ئەو هێز و کاریگەرییەی هەبێت.

هێربێرت پرسیی: دەی، ئێستا چ بکەین؟

بەو کـزەی سـەرمایە پـڕ بەدڵ حەزی دەکـرد بـۆ ئۆردووگـاکە بگەڕێـتەوە، ئەو ئۆردووگایەی کە نەمابوو.

ئـاللان گـوتی: نهـا بەرەو کۆریـای بـاکوور دەڕۆیـن هـاوڕێی ئـازیز، جـا چـونکە لەم دەوروبەرەدا ئۆتۆمبێل پەیدا نابێت، دەبێت بە پێیان بڕۆین.

باشتر، بۆ خۆ گەرمیش دەبینەوە.

***

کیریل ئافاسیوفیچ مرتسکوف، یەکێک بوو لە فەرماندە هەرە ناودارەکانی سوپای سـوور، زۆرتـرین میـداڵی شـانازی وەرگرتبـوو. لە یەکێتیـی سـۆڤیەتدا بە قارەمـان دەژمێردرا، بە کێمانی حەوت چەلان میداڵی لینینی وەرگرتبوو.

وەختـایەک فەرمانـدەی سـوپای چـوارەم بـوو، لە دەوروبەری لینینگـراد بەرەنگـاری ئەڵمانەکـان بـووەوە، دوای نۆسـەد ڕۆژی ترسـناک، گەمـارۆی سـەر شـارەکەی تێـک

شکاندبوو. بۆیە هیچ سەیر نەبوو دوای ئەو هەموو نیشان و میداڵ و پۆست و پایەیە، پلە و پۆستی مارشاڵی پێ درابوو.

بەڵام کاتێک پاشەکشەی یەکجارەکی و هەمیشەیی بە هیتلەر کرابوو، مرتسکوف بە شەمەندەفەر بەرەو ڕۆژهەڵات نزیکەی نۆهەزار کیلۆمەتری بڕیبوو. بۆ فەرماندەیی هێزەکانی شەرگەی ڕۆژهەڵاتی دوور، پێویستیان بەو بوو، تا هێزەکانی ژاپۆن لە خاکی مەنشوریا وەدەر بنێت. هەڵبەتە وەختایەک ژاپۆنییەکانی ڕاو نا، کەس سەری نەسوڕما.

لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی جیهانیدا، مرتسکوفیش ماندوو بووبوو، چونکە کەس لە مۆسکۆ چاوەڕوانی ئەو نەبوو، ئیدی مرتسکوف لەوێ؛ لە ڕۆژهەڵات مایەوە، چارەنووسی بەوە شکایەوە لە پشت مێزێکی کارگێڕیی سوپادا لە فلادیفستوک دابنیشێت. هەڵبەتە مێزێکی زۆر جوان و نایاب، لە دارساجی ئەسڵ بوو.

***

زستانی ساڵی ١٩٥٣، مرتسکوف لە تەمەنی پەنجا و شەش ساڵیدا بوو، هێشتا لە پشت هەمان مێزەوە بوو، لەوێوە ئامادەیی پەنهان و هەستپێنەکراوی سۆڤیاتی لە جەنگی کۆریادا بەڕێوە دەبرد. هەم مارشاڵ مرتسکوف و هەم هاوڕێ ستالین باوەڕیان وا بوو لە ڕووی ستراتیژییەوە، گرنگ بوو جارێک سوپای یەکێتیی سۆڤیەتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەربازانی ئەمریکاییدا نەکەونە شەڕەوە. هەڵبەتە هەردوولا بۆمبی ئەتۆمییان هەبوو، بەڵام ئەمریکاییەکان زۆر لە پێشتر بوون. هەموو شتێک وەختی لەباری خۆی هەیە، جاریٔ وەختی ئەوە نەبوو سۆڤیەت ئەمریکاییەکان بهاروژێنن. هەڵبەتە ئەمەش بەو مانایە نەبوو سۆڤیات لە جەنگی کۆریادا بێلایەن بێت: دوور نەبوو لە جەنگی کۆریادا براوە بێت، لەڕاستیدا دەبوایە سۆڤیەت لە جەنگی کۆریادا سەر بکەوێت.

نها کە مرتسکوف گەیبووە پلەی مارشاڵی، هەندێک جار بە خۆی ڕادەگەی و ژیانی بە قورسی وەرنەدەگرت. بۆ نموونە لە دەوروبەری کراسکینودا، لە دووری چەند سەعاتی لە فلادیفستوکدا، کوختەیەکی ڕاو و شکاری هەبوو و بەپێی دەرفەت و شیانی خۆی هەوڵی دەدا زستانان زۆربەی کاتی خۆی لەوێندەر بقەتێنێت و هێندەی بتوانێت بە تەنیٔ بێت. هەڵبەتە تەنها گاردەکەی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، چونکە ماقوول نییە بابایەکی مارشاڵ بە خۆی ئۆتۆمبێلەکەی خۆی باژوێت، خەڵکی چییان دەگوت؟

***

مارشاڵ مرتسکوف و گاردەکەی، بە ئۆتۆمبێل هەر سەعاتێکیان مابوو بگەنە فلادیفستوک، کە بینییان لەوسەری شەقام پێچاوپێچەکەی سەر کەنداوەکە لوولەدووکەڵێکی ڕەش چووە بە ئاسماندا.

مەسافەکە هێندە دوور بوو ئەوەی نەدەهێنا لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزن و دووربینەکە لە سندوقی ئۆتۆمبێلەکە دەربهێنن، بە دووربین تەمەشا بکەن. بۆیە مارشاڵ ئەمری بە گاردەکەی کرد، کە بەوپەڕی خێرایی لێ بخوڕێت و بە گاردەکەی گوت لە زەرفی یەک چارەکە سەعاتدا جێیەکی لەبار بۆ وەستان بدۆزێتەوە، تا بتوانن بە باشی کەنداوەکە ببینن.

***

ئاللان و هێربێرت، ماوەیەک بوو بە ڕاستەڕێگە سەرەکییەکەدا دەڕۆیشتن. پاشان لەناکاودا ئۆتۆمبێلێکی پوبیدای کەسکی کەشخەی سوپاییان بەدی کرد کە لە قوڵی باشوورەوە دەهات. جووتە فیرار خۆیان دایە پەنا گردۆڵکەبەفرێک تا ئۆتۆمبێلەکە بە لایاندا تێپەڕی. پاشان ئۆتۆمبێلەکە، خاوی کردەوە و لە پەنجا مەتری وان ڕاوەستا.

ئەفسەرێک کە سینگ و بەرۆکی یەکپارچە نیشان و میداڵ بوو، لەگەڵ گاردەکەیدا لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزین. گاردەکە، دووربینەکەی ئەفسەرەکەی، لە سندووقی دواوەی ئۆتۆمبێلەکە دەرهێنا، پاشان بە دووقۆڵی ڕۆییشتن، تا شوێنێکی لەبار بدۆزنەوە و لەوێندەرەوە بڕواننە ئەو کەناراوەی کە تا ماوەیەک لەوەپێش، لە بەرانبەر بەندەری فلادیفستوک بوو.

ئەم کارە بووە بایسی ئەوەی ئاللان و هێربێرت، بتوانن بە ئاسانی و بە دزییەوە، خۆ بگەیەننە ئۆتۆمبێلەکە، دەست بەسەر دەمانچەی ئەفسەرەکە و تفەنگە ئۆتۆماتیکەکەی گاردەکەدا بگرن و ئەوسا بە ئەفسەرەکە و گاردەکەی بڵێن تازە گرفتار بوون و هیچیان پێ ناکرێت.

ئاللان، ڕوو لەوان گوتی: بەڕێزینە، بە باری زەحمەت نەبێت ڕووت ببنەوە.

***

مارشاڵ مرتسکوف، زۆر تووڕە بوو. تەنانەت ئەگەر پیاو زیندانی بێگارە ئۆردووگاش بێت، حەق نییە بەو ئاوایە ڕەفتار لەگەڵ مارشاڵێکی سۆڤیاتیدا بکات، واتا ئەو جووتە مەبەستیان ئەمە بوو مارشاڵ ک. ئا. مرتسکوف، بە پای پیادە بە جلی ژێرەوە و بە تۆی دەرپێ قوتەوە، خۆی بە شاری فلادیفستوکدا بکات؟ ئاللان وەڵامی دایەوە حاڵی حازر چوونە ناو فلادیفستوک کارێکی زەحمەت بوو، چونکە شارەکە

خەریک بوو دەسووتا، لە لایەکی دیکەشەوە مەبەستی خۆی و دۆستەکەی، واتە هێربێرت ئەوە بوو. هەڵبەتە بەڕێزان لەجیاتی جلەکانی خۆیان، دوو دەست جلوبەرگی خراپی موقەلەمی ڕەشوسپییان وەردەگرت، بەهەرحاڵ تا زیاتر هەنگاوت بەرەو فلادیفستوک، یان هەر ناوێکی تری ئەو وێرانە و چرەدووکەڵە دەنا، نزیکتر دەبوونەوە، زیاتر گەرمیان دەبووەوە.

دوای ئەو قسانە، ئاللان و هێربێرت یونیفۆرمە دزیارییەکانیان لەبەر کرد و جلەکانی خۆیان؛ جلی زیندانییان داکەند و لەوێیان بەجێ هێشت. ئاللان باوەڕی وا بوو، باشتر وا بوو بە خۆی ئۆتۆمبێلەکە باژوێت و هێربێرت دەروی مارشاڵ مرتسکوف بدینێت و ئاللان دەوری گاردەکەی بدینێت. پاشان ئاللان خاترخوازیی لە مارشاڵ کرد و پێی گوت پێویست ناکات ئەوەندە تووڕە بێت، چونکە دڵنیایە تووڕەیی هیچ دەردێکی دەرمان نەدەکرد. ئیدی بەهاری فلادیفستوک بەڕێوە بوو... لەوەشە هەر نەیەت. بەهەرحاڵ ئاللان، مارشاڵی هان دا گەشبین بێت و لەسەری ڕۆی کە هەڵبەتە ئەوە پەیوەندیی بە خودی مارشاڵ خۆیەوە هەیە، ئەگەر حەز دەکات دەتوانێت بە جلی ژێرەوە ڕێ بکات و بە شێوەیەکی نەرێنی بیر بکاتەوە.

ئاللان گوتی: خواحافیز جەنابی مارشاڵ.

پاشان ئاوڕی لە گاردەکەش دایەوە و گوتی: خواحافیزی لە تۆش.

مارشاڵ وەڵامی نەدایەوە و بە مۆڕەوە لە ئاللانی دەڕوانی. ئاللان بە پوبیداکە پێچی کردەوە و لەگەڵ هێربێرتدا بەرەو باشوور نشێو بوونەوە. قۆناغی دواتریان کۆریای باکوور بوو.

***

کاری پەڕینەوە لە سنووری نێوان سۆڤیات و کۆریای باکوور زۆر خێرا و بە ئاسانی جێبەجێ بوو. هەوەڵ جار پاسەوانانی ڕووس بە وریایی وەستان و سڵاوی سوپاییان کرد، پاشان مەرزەوانانی کۆریای باکووریش هەمان کاریان کرد. بەبێ هیچ چەندوچوونێک ڕێگەیان بۆ ئۆتۆمبێلەکەی مارشاڵی سوپای سۆڤیاتی هێربێرت و گاردەکەی 'ئاللان' کردەوە. یەکێک لە دوو مەرزەوانەکەی کۆریای باکوور، کە لەوی دی دڵسۆزتر و بەوەفاتر بوو، کە ئەو دیمەنەی بینی دڵی پڕ بوو و ڕۆندک بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە. مەحاڵ بوو کۆریای باکوور، دۆستی باشتر لە یەکێتیی سۆڤیاتی هەبێت. پێدەچوو مارشاڵ بۆ بەندەری ونسان بڕوات تا دڵنیا ببێت ئەو بارانەی لە فلادیفستوکەوە ڤڕێ کرابوون، بە سەلامەتی گەیونەتە جێ یان نا.

بەڵام ئەم مارشاڵە، بە هیچ جۆرێک لە بیری خێر و بەرژەوەندیی کۆریای باکووردا نەبوو. تەنانەت دڵنیا نەبوو لە چ وڵاتێکدایە. تاقە شتێک کە زەینی مارشاڵی مژووڵ کردبوو، ئەمە بوو چۆن دەرکی داشبوڵی ئۆتۆمبێلەکە بکاتەوە.

***

ئاللان، لە ڕێگەی قسەی دەریاوانانی کەنداوی فلادیفستوکەوە بۆی دەرکەوتبوو جەنگی کۆریا گەییوەتە بنبەست و هەردوولایەنی شەڕەکە گەڕابوونەوە بۆ سەنگەرەکانی جارانی خۆیان؛ واتە بۆ پشت هێڵی سی و هەشت گەڕابوونەوە. کاتێک هێربێرت گوێی لەم هەواڵە بوو، پێشنیازی کرد وەخۆ بکەون و بلەز لە کۆریای باکوورەوە بۆ کۆریای باشوور بپەڕنەوە (هەڵبەتە ئەگەر سنووری نێوانیان زۆر دوورودرێژ نەبێت). هەڵبەتە ئەگەری ئەوەش هەبوو لە کاتی پەڕینەوەدا تەقەیان لێ بکرێت کە ئەمەش زۆر گرنگ نەبوو، بەڵام هێشتا زۆریان مابوو بۆ سنوور، بۆیان دەرکەوت شەڕێکی تەواو عەیار، لە دەروبەریان لەئارادایە. فڕۆکەی ئەمریکایی بە ئاسماندا دەسوڕوانەوە، پێدەچوو هەر شتێک بدینن بوردومانی بکەن. ئاللان بیری کردەوە ڕەنگە بوونی ئۆتۆمبێلێکی سوپایی سەوزی بەرپرسی ڕووسی، بۆ خۆی نیشانێکی زۆر چاک بێت، بۆیە 'بەبێ ئەوەی پرس بە مارشاڵەکەی تەنیشتی بکات' لە شەقامە سەرەکییەکە لای دا و خۆی کرد بە خاکی کۆریای باکووردا. شەقامە بچووک و لاوەکییەکانی گرتە بەر، چونکە لەم شەقامانەدا، هەر کاتێک گوێیان لە گرمەی فڕۆکەی ئەمریکایی ببوایە، دەیانتوانی خۆ لە پەنایەک بنەن.

ئاللان، بەردەوام بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەڕۆیشت و هێربێرتیش بەو شتانە سەرگەرمی دەکرد کە لە جزدانەکەی مارشاڵدا دەیدۆزینەوە. جزدانەکەی لە بەرکی ناوەوەی یونیفۆرمەکەی مارشاڵدا دۆزیبووەوە. جزدانەکە یەک سەفتە ڕۆبڵی خاوێن، ناسنامەکەی مارشاڵ و هەندێک نامەی سەبارەت بە چالاکییەکانی بەندەری فلادیفستوک تێدا بوو.

هێربێرت گوتی: پێدەچێت ئەم مارشاڵە بەرپرسی ئەو شەمەندەفەرە باریە بووبێت.

ئاللان، ئافەرینی ئەو بیرۆکەیەی هێربێرتی کرد، بە باوەڕی وی بیرێکی بەجێ بوو. هێربێرت لە شەرمدا سوور بووەوە.

ئاللان پرسیی: تۆ دەتوانیت ناوی کیریل ئافاناسیوفیچ مرتسکوف ئەزبەر بکەیت؟ بەکەڵکمان دێت.

هێربێرت گوتی: دڵنیام دەتوانم.

***

کاتێک دنیا تاریک داهات، ئالالان و هێربێرت خۆیان بە حەساری مەزرایەکدا کرد، پێدەچوو هیی خەڵکانی دەوڵەمەند بێت. خاوەن مەزراکە و ژنەکەی و هەردوو منداڵەکەی کە چاویان بە میوانە پایەبەرزەکان و ئوتومبێلە کەشخەکەیان کەوت، حایر و حەپەساو لەبەریان هەستان. ئیدی گارد ئالالان، بە زمانی ڕووسی و چینی تەوازی بۆ هێنانەوە کە بەبێ پرس خۆیان بە مەزراکەی واندا کردووە، ئەوسا پرسیاری ئەوەی کرد ئاخۆ شتێکیان بۆ خواردن دەست دەکەوێت. هەڵبەتە بە پارە نەک بە خۆڕایی، دیارە پارەکە بە ڕوبڵ دەدەن، چونکە هیچ پارەیەکی دیکەیان پێ نەبوو.

خاوەن مەزراکە و ژنەکەی تاقە یەک وشەش لە قسەکانی ئالالان حاڵی نەبوون. لێ کوڕە گەورەکەیان، کە دەوروبەری دوازدە ساڵان دەبوو، لە قوتابخانە زمانی ڕووسیی خوێندبوو، قسەکانی ئالالانی بۆ باوکی پاچڤە کرد. دوای ئەوە یەکسەر گارد ئالالان و مارشاڵ هێربێرت خوڵک کران بۆ ژوورەوە.

***

دوای چواردە سەعاتان، ئالالان و هێربێرت ئامادە بوون تا دووبارە بکەونەوە ڕێ. نانی ئێوارەیان لەگەڵ مەزرادار و ژن و منداڵەکانیدا خواردبوو. گۆشتی بەرازی بەبەهارات و بیبەری توون و سیر و برنجەوە دابوونێ و ڤۆدگای کۆریایشیان پێ دابوون! هەڵبەتە ڤۆدگای کۆری نەدەگەییە ڤۆدگای سویدی، بەڵام دوای پێنج ساڵ و سێ هەفتە دووری، ناچاری لە ئەلکول، ئەمە نیعمەتی خوا بوو.

دوای شێو، مارشاڵ و گاردەکەی خوڵک کران کە شەوێک لەوێندەر وەمێنن، ئیدی ژوورێکی گەورەیان بە مارشاڵ هێربێرت دا و یارۆی مەزرادار و هاوسەر و منداڵەکانی لە ژوورێکی دیدا نووستن. ئیدی گاردەکە ناچار بوو لە مووبەقەکەدا بخەوێت.

کاتێک ڕۆژ بووەوە، تێشتیان خوارد، بریتی بوو لە سەوزەواتی کوڵاو و میوەی وشکەوەکراو و چایی. پاشان خودان مەزراکە، کە لە عەمارەکەیدا بەرمیلێک بەنزینی هەبوو، تەنکیی ئۆتۆمبێلەکەی مارشاڵی فوول کرد. ئەنجام یارۆی خودان مەزرا، ڕەفزی کرد پارە لە مارشاڵ وەربگرێت، تا لە کۆتاییدا مارشاڵ تووڕە بوو و بە زمانی ئەڵمانی گوتی: جووتیار، عینادی مەکە، خێرا پارەکە وەربگرە.

یارۆی مەزرادار بە ڕادەیەک ترسا، تەنانەت بەبێ ئەوەی یەک وشە لە قسەکانی هێربێرت حاڵی ببێت، بە گوێی ئەوی کرد.

پاشان ئالالان و هێربێرت دۆستانە دەستی ماڵاواییان بۆ تەکان دا و بەرەو باشووری ڕۆژئاوا درێژەیان بە سەفەرەکەیان دا. لە ڕێگە پێچاوپێچەکەدا تووشی

هیچ ئۆتۆمبێلێکی دیکە نەبوون، بەڵام هاڕەی ترسناکی فڕۆکان بەسەر سەریانەوە بەردەوام بوو.

لە کاتێکدا بەرەبەرە لە پیونگ یانگ نزیک دەبوونەوە، ئاللان وای بەبیردا هات وەختی ئەوە هاتووە نەخشەیەکی تازە بکێشن. ئیدی مەسەلەی پەڕینەوە بۆ کۆریای باشوور، پووچەڵ بووەوە. نەخشەکەیان هاتە سەر ئەوەی بە هەر شێوەیەک بووە، هەوڵی ئەوە بدەن دیدارێک لەگەڵ سەرۆکوەزیر کیم ئیل سونگدا ڕێک بخەن. خۆ هێربێرت مارشاڵێکی سوپای ڕووسی بوو، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەس بوو، بۆ ڕێکخستنی ئەو دیدارە. هێربێرت داوای بوردنی کرد کە لە گەرمەی دانانی نەخشەکەدا قسەکەی بە ئاللان بڕی، بەڵام دەیویست، بزانێت سوودی ئەم دیدارە لەگەڵ کیم ئیل سونگدا چییە.

ئاللان، بەرسڤی دایەوە جارێک خۆیشی نەیدەزانی، بەڵام بەڵێنی دا بە زووترین کات بیری لێ بکاتەوە، بەڵام یەکێک لەو وڵامانەی بە هێربێرتی دایەوە، ئەمە بوو، تا زیاتر لە خەڵکانی گەورە نزیک بن خواردنی باشتریان دەست دەکەوێت، بە ڤۆدگاشەوە.

ئاللان، دەیزانی درەنگ یان زوو، لە ڕێگەوباناندا ڕایاندەگرن و پرسوجۆی تەواویان لەگەڵدا دەکەن، چونکە مەحاڵ بوو، تەنانەت مارشاڵێکیش بتوانێت ئازادانە خۆی بە پایتەختی وڵاتێکدا بکات کە لە حاڵی جەنگدا بێت، کەس بە لای کەمەوە یەک-دوو پرسیاری لێ نەکات. ئاللان یەک-دوو سەعاتی بەوەوە بەسەر برد کە یەک ڕستەی ڕووسی بە هێربێرت ئەزبەر بکات، یەک ڕستەی زۆر گرنگ: من مارشاڵ مرتسکوفی یەکێتیی سۆڤیاتم. بۆ لای ڕابەرەکەتانم ببەن.

لەو سەروبەندەدا پیونگ یانگ لە لایەن دوو بازنەی سوپایی بێرونی و هندورییەوە پارێزگاریی دەکرا. بازنە بێرونییەکە لە دووریی بیست کیلۆمەتری شاردا بوو، بریتی بوو لە تۆپی دژە هەوایی و دوو بازگە لەسەر شەقامکان بوو، بازنە هندورییەکە تاقە مەتەڕیزی پێشەوە بوو، دژی هێرشێن زەمینی. یەکەم جار ئاللان و هێربێرتیان لە یەکێک لە بازگە بێرونییەکان ڕاگرت، سەربازێکی تەواو سەرخۆشی کۆریای باکوور، کە کلاشینکۆفێکی ئامادەی بە شانەوە بوو، چوو بە سۆراخیانەوە، هێربێرت کە ڕاهێنانێکی زۆری لەسەر ڕستە ڕووسییەکەی کردبوو، گوتی: من ڕابەرتانم. من ببەن بۆ لای... یەکێتیی سۆڤیات.

خۆیان و بەختیان سەربازەکە ڕووسی بەڵەد نەبوو، بەڵام لە چینی حاڵی دەبوو. بۆیە گارد (ئاللان) قسەکانی مارشاڵی بۆ پاچڤە کرد و وشەکانی ڕاست کردنەوە.

بەڵام یارۆی سەرباز، کە زۆری خواردبووەوە، هەرچی دەکرد و دەکۆشا نەیدەزانی چ بڕیارێک بدات و چی بکات. ئیدی ئاللان و هێربێرتی بۆ ژووری بازگەکە برد و لەوێندەرەوە تەلەفۆنی بۆ هاوکارەکەی کرد کە هەردوو سەد مەترێک لەوێندەرەوە دوور بوو. ئەوسا لەسەر کورسییەکی شەقوشڕ دانیشت و لە بەرکی یونیفۆرمەکەی یەک بوتڵ ڤۆدگای دەرهێنا (سێیەمین بوتڵی ئەو ڕۆژەی بوو). پاشان قومێکی خواردەوە و لە بن لێوانەوە کەوتە سۆزە. بە نیگایەکی مات و ڕاستەوخۆ چاوی بڕیە سەر و سیمای میوانە ڕووسەکانی.

ئاللان، لە ڕەفتاری هێربێرت لە هەنبەر پاسەوانەکە ڕازی نەبوو، دەیزانی ئەگەر بڕیار بێت هێربێرت دەوری مارشاڵ بدینێت، لە کاتی دیداری کیم ئیل سونگدا، دوای دوو خولەک کەشف دەبن و هەنگی مارشاڵ و گاردەکەی دەگیرێن. ئاللان، لە پەنجەرەکەوە بینیی پاسەوانەکەی دی بەرەو لای وان بەڕێوەیە.

نها، دەبوا پەلە بکەن. ئاللان گوتی: هێربێرت وەرە با جلەکانمان بگۆڕینەوە.

هێربێرت پرسیی: بۆچی؟

ئاللان گوتی: خێراکە، هەر ئێستا ئەو کارە بکە.

بەو جۆرە، بەوپەڕی خێرایی مارشاڵ بوو بە گارد و گاردەکە بوو بە مارشاڵ. سەربازە کۆرییەکە، کە مەستی مەست بوو، چاوە گێژوویژەکانی گێڕا و لەبەر خۆوە هەندێک ورتەورتی نامەفهومی کرد.

دوای چەند چرکەیەک سەربازی دووەم خۆی بە کابینەی بازگەکەدا کرد، کە ئەو ئەفسەرە گەورەیەی بینی، یەکسەر ئیکلامێکی سوپایی بۆ کرد. سەربازی دووەمیش چینی بەڵەد بوو و ئاللان (کە جلکی مارشاڵی لەبەر کردبوو) جارێکی دی گوتی حەز دەکات سەرۆکوەزیران کیم ئیل سونگ بدینێت. بەر لەوەی سەربازی دووەم فریای وەڵامدانەوە بکەوێت، سەربازی یەکەم دەستبەرداری چەنەچەن بوو و شتێکی گوت.

مارشاڵ ئاللان پرسیی: چ دەڵێت؟

سەربازی دووەم گوتی: دەڵێت ئەنگۆ تۆزێک لەمەوبەر جلەکانتان داکەندووە و خێرا لەبەرتان کردووەتەوە.

ئاللان سەرێکی با دا و گوتی: ئەوە ئەنجامی ئەو هەموو ڤۆدگایەیە.

سەربازی دووەم لەجیاتی هاوکارەکەی داوای بوردنی کرد. وەختایەک سەربازی یەکەم ڕژد بوو لەسەر ئەوەی ئاللان و هێربێرت، خۆیان داکەندووە و جلەکانیان گۆڕیوەتەوە، سەربازی دووەم یەکەم جار مستێکی بە دوڕدەویدا کێشا و ئەوسا

فەرمانی پێ کرد دەوی دابخات و فزە نەکات، دەنا بە تۆمەتی سەرخۆشی لە زیندانی توند دەکات.

ئیدی سەربازی یەکەم بڕیاری دا دەمی دابخات (قوڵپێکی دیکەی خواردەوە) و سەربازی دووەم تەلەفۆنی بۆ یەک-دوو جێگە کرد، ئەوجا مۆڵەتی تێپەڕبوونی (بە زمانی کۆری) بۆ پڕکردنەوە. دوو شوێنی مۆڵەتنامەکەی واژۆ و مۆر کرد، ئەوسا دایە دەست مارشاڵ و گوتی: جەنابی مارشاڵ لە بازگەی دووەمدا، ئەم مۆڵەتنامەیە نیشان بدەن. ئیدی دەتانبەن بۆ لای یاریدەدەر، پاشان سەرۆکوەزیران.

ئاللان سوپاسی کرد، ئیکلامێکی سوپایی بۆ کرد و هێربێرتی بە پاڵ وەپێش دا و بۆ لای ئۆتۆمبێلەکە گەڕایەوە.

ئاللان گوتی: چونکە تۆزێک لەمەپێش بوویت بە گاردی من، لە ئێستا بەدواوە دەبێت تۆ ئۆتۆمبێلەکە باژوێت.

هێربێرت گوتی: سەیرە! لەوەتای پۆلیسی سویسرا فەرمانی پێ کردووم کە چیتر شۆفێری نەکەم، هەرگیز شۆفێریم نەکردووە.

ئاللان گوتی: لام وایە باشتر وایە، دەمت دابخەیت و لەوە زیاتر چەنە نەدەیت.

هێربێرت گوتی: من چەپ و ڕاستم بە باشی بۆ جیا ناکرێتەوە.

ئاللان گوتی: وەکو پێم گوتیت باشتر وایە دەمت دابخەیت و هیچ قسەیەک نەکەیت.

هێربێرت، چووە پشت سوکان و درێژەیان بە سەفەرەکەیان دا. بە پێچەوانەی پێشبینیی ئاللانەوە هەموو شتەکان بە باشی دەڕۆیشتن، بە بۆنەی ئەو مۆڵەتنامەیەوە کە پێیان بوو، لە ڕێگەدا بۆ ناو شار، پاشان بۆ کۆشکی سەرۆکوەزیر هیچ لەمپەڕ و کۆسپێکیان نەهاتە ڕێ. هەر کە گەیینە ئەوێندەر، یاریدەدەری یاریدەدەری سەرۆکوەزیر بەپیریانەوە چوو، گوتی یاریدەدەری سەرۆکوەزیر ناتوانێت تا سێ ڕۆژی دیکە بیاندینێت. ئیدی بەڕێزیان دەتوانن لەو ماوەیەدا، لە سویتێکی (جناح) میوانانی کۆشکدا وەمێنن و خواردنی ئێوارەش سەعات هەشت پێشکەش دەکرێت.

ئاللان، بە هێربێرتی گوت: چیم پێ گوتیت؟!

***

کیم ئیل سونگ ساڵی ١٩١٢ لە ماڵباتێکی مەسیحی، دەوروبەری پیونگ یانگ لەدایک بووبوو. ماڵباتی وی، وەکو هەموو ماڵباتەکانی دی لە سایەی ژاپۆنییەکاندا دەژیان. ژاپۆنییەکان، بە درێژایی ساڵانێکی زۆر هەر بەڵایەکیان بوویستبایە بەسەر خەڵکی کۆڵۆنی کۆریایاندا دەهێنا. سەدان هەزار کچ و ژنی کۆریایان بە دیلی

بردبـوو و وەکـو کەنیزەکـی سێکسـی، بە سـوپای ئیمپراتـۆریەتی ژاپـۆن دەدران. پیاوانی کۆریایان بە خورتی دەکرد بە سەرباز تا لەپێناوی ئیمپراتۆردا شـەڕ بکەن و خۆ بەکوشت بدەن، وێڕای ئەوەش ناچاریـان دەکردن نـاوی ژاپۆنی بۆ خۆیـان هەڵبژێرن، هەوڵی فەرهادانەیان دەدا تا زمان و کولتووری کۆری لە بنجوبنـاوانەوە بتوێننەوە و لەناوی ببەن.

بابی کیم ئیل سونگ دەرمانسـازێکی هێدی و هێمن بوو، بەڵام زۆر بە ڕاشکاوی و بە توندی دادەگژایە سەر و گوێلاکی ژاپۆنییەکان. بۆیە ماڵباتەکەیان وایان بە باش زانی ڕوو بکەنە باکوور و بۆ مەغۆلستانی چین بار بکەن.

بەڵام دوای ئەوەی سـوپای ژاپـۆن سـاڵی ١٩٣١ گەیـیە مەغۆلسـتان، ئەو دیـار و دەڤەرەش ئارامیی تیا نەما. ئەو کاتانە ئیدی بـابی کیم ئیل سونگ لە ژیانـدا نەمـابوو، بەڵام دایکی هـانی دابـوو تـا پەیوەندیی بە شـەڕڤانەکانی چینەوە بکات کە بە مەبەسـتی وەدەرنانی ژاپۆنییەکان لە مەنشوریادا، پاشان لە کۆریا دەخەبتین.

کـیم ئیـل سـونگ، وەکـو شـەڕڤانێکی کۆمۆنیسـت ناوبـانگێکی زۆری لە ڕیـزی شـەڕڤانانی چینیـدا بەدەسـت هێنـا. ئیـدی وەکـو پیـاوی تەنگـانە و شـەڕڤانێکی عەگیـد ناوبانگی دەرکردبوو. پاشان کردبوویـان بە فەرماندەی یەکەیەکی تەواو. ئازایانە بەگژ ژاپۆنییەکانـدا چووبـووەوە کە لە ئەنجامـدا تەنهـا خـۆی و چەنـد کەسـێکی کەم لەو یەکەیەدا مابوونەوە.

ئەم بـویەرە هیـی سـاڵی ١٩٤١ و ناوەڕاسـتی جەنگـی دووەمـی جیهـانی بـوو. لە ئەنجامـدا کـیم ئیـل سـونگ ناچـار بووبـوو بەرەو یەکێتیـی سـۆڤیات هەڵبێـت، بەڵام لە سۆڤیەتیش زۆر بە خێرایی پێش کەوتبوو. زۆری پێ نەچووبوو لە سـوپای سـووردا پلەی ڕائیدی وەرگرت، تا ساڵی ١٩٤٥ بەشداریی شەڕی کردبوو.

کۆتـایی شـەڕ بەو مانـایە بـوو کە ژاپـۆن دەبـوایە بە ناچـاری کۆریـا ڕادەسـتی کۆرییەکـان بکـاتەوە. کـیم ئیـل سـونگیش وەکـو قارەمـانێکی نەتەوەیـی لە تـاراوگە بزڤڕێتەوە. نها تەنها کـاری دامەزرانـدنی حکومەت مـابوو. هەڵبەتە خەڵکەکە حەزیان دەکرد کیم ئیل سونگ وەکو ڕابەرێکی مەزن هەڵبژێرن.

بەڵام سـەرکەوتوانی شـەڕ، واتە یەکێتیـی سـۆڤیات و ویـلایەتە یەکگرتووەکـان لە بەرژەوەندیی خۆیـان کۆریایـان دابەش کـرد. لە ویـلایەتە یەکگرتووەکاندا، باوەڕیـان وا بـوو نەدەکـرا بابـایەکی کۆمۆنیسـتی دوو ئاتەشـە وەکـو فەرمانـدەی گشـتیی نیمچەدوورگەی کۆریـا قبـووڵ بکرێـت. بـۆیە ئەوانـیش سـەرۆکی دەوڵەتـی خۆیـان، کە کەسـێکی کۆریـایی دوورخـراوە بـوو، بە فـڕۆکە بـۆ کۆریـا نـاردەوە و حکـومەت و

دەسەڵاتی باشووریان بەو سپارد. پێشبینیی ئەوە دەکرا کیم ئیل سونگ بە دەسەڵاتی کۆریای باکوور ڕازی بێت، بەڵام ئەمە وا دەرنەچوو. شەڕی کۆریا هەڵگیرسا.

کیم ئیل سونگ وا بیری دەکردەوە ئەویش کە توانیبووی ژاپۆنییەکان وەدەر بنێت، بێگومان دەیتوانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ڕێکخراوی نەتەوەکان، لە کۆریا وەدەر بنێت.

کیم ئیل سونگ لە هەر دوو سوپای چین و یەکێتیی سۆڤیاتدا کاری کردبوو، بەڵام نها لەپێناوی بەرژەوەندیی دۆزەکەی خۆیدا دەخەبتی.

ئەو کە ژیانی لە سەفەرێکی پڕ ڕیسک و تالوکە دەچوو، لەم ژیانەدا یەک شت بە باشی فێر بووبوو: ئەمە بوو کە جگە لە خۆی، پشت بە کەس نەبەستێت، بەڵام یەک کەسی لەم ڕێسایە بواردبوو، ئەو کەسەشی بە یاریدەدەری خۆی هەڵبژاردبوو. هەر کەسێک ویستبای سەرۆکوەزیران کیم ئیل سونگ بدینێت، دەبوا لە پێشدا بچێتە لای کوڕەکەی ئەو، واتە بچێتە لای کیم یونگ ئیل.

کیم ئیل سونگ، کوڕەکەی وا گۆش کردبوو: پێویستە کارێک بکەیت هەر کەسێک ویستی تۆ بدینێت، هەفتا و دوو سەعاتان چاوەڕوان بکات، پاشان پێشوازیی بکەیت، تەنها لەو ڕێگەیەوە دەتوانیت دەسەڵاتی خۆت بپارێزیت کوڕی خۆم.

کیم یونگ ئیلیش بە درۆوە گوتبووی: بابە گیان وا بزانم لە مەبەستت تێدەگەم.

پاشان بلەز ڕۆیبوو و لە فەرهەنگدا بۆ مانای ئەو وشەیە گەڕابوو کە لە ماناکەی حاڵی نەبووبوو.

***

سێ ڕۆژ چاوەڕوانی بۆ ئاللان و هێربێرت زۆر نەبوو، چییان نەکرابوو، بکرێت! خواردنی باش، قەرەوێڵەی نەرمونۆڵ لە کۆشکی سەرۆکوەزیری. وێڕای ئەوەش بە دەگمەن فڕۆکەی ئەمریکایی پیونگ یانگیان بۆردوومان دەکرد، چونکە نیشانەی ئاسانتر هەبوون.

بەڵام سەرەنجام دیدارەکە هات. یاریدەدەری یاریدەدەری سەرۆکوەزیر، چوو بەدووی ئاللاندا، بە چەند ڕاڕەوێکی کۆشکدا بۆ نووسینگەی یاریدەدەری سەرۆکوەزیرانی برد. ئاللان، پێشوەختە خۆی ئامادە کردبوو، چونکە پێیان گوتبوو کەسی دووەمی سەرکردایەتی کەسێکی مێرمنداڵە.

کیم یونگ ئیل گوتی: من کوڕی سەرۆکوەزیرانم. کیم یونگ ئیل. من یاریدەدەری باوکمم.

هەرچەندە دەستی کیم یونگ ئیل، لەچاو دەستی ئاللاندا زۆر بچووک بوو، بەڵام زۆر بە توندی تەوقەی لەگەڵدا کرد.

ئاللان گوتی: منیش مارشاڵ کیریل ئافانا سیوفیچ مرتسکوفم. مەمنوونم کە جەنابی کیمی گەنج پێشوازیی کردووم. ئایا جەنابی کیمی گەنج، ڕێگەم دەدەن داوا و ئەرکەکەم عەرزی جەنابیان بکەم؟

کیم یونگ ئیل، مۆڵەتی دا و ئاللانیش دەستی بە درۆڕێسی کرد: مارشاڵ، پەیامێکی بۆ سەرۆکوەزیران پێیە، کە پەیامی ڕاستەوخۆی هاوڕێ ستالین بوو و لە مۆسکۆ هێناویەتی. جا چونکە گومانی ئەوەی هەبوو ویلایەتە یەکگرتووەکان؛ کەمتیارانی سەرمایەدار، دزەیان کردووەتە ناو تۆڕی پەیوەندییەکانی سۆڤیاتەوە (مارشاڵ، مەبەستی نەبوو بە تانی قساندا بچێت، بە ئومێد بوو جەنابی کیمی گەنج لە مەبەستی حاڵی بووبێت.) بۆیە هاوڕێ ستالین بڕیاری دابوو پەیامەکەی لە ڕێگەی کەسێکەوە ڤڕێ بکات. ئیدی ئەم ئەرکە پڕ شانازییە، خرابووە ئەستۆی مارشاڵ و گاردەکەی (کە مارشاڵ وای بە باش زانیبوو لەبەر ئیحتیات لە کۆشک، لە سویتەکە وەمێنێت).

کیم یونگ ئیل، بە گومانەوە ڕوانیە سیمای مارشاڵ ئاللان و ئەوسا وەکو ئەوەی دەقێک بخوێنێتەوە گوتی: ئەرکی وی ئەوەیە کە بە هەر نرخێک بووە، گیانی بابی بپارێزێت.

ئەوسا لەسەری ڕۆی کە بەشێکی تری ئەرکی وی ئەمەیە باوەڕ بە هیچ کەسێک نەکات، بابی ئەو ئامۆژگارییەی کردبوو. بۆیە کیم یونگ ئیل، نەیدەتوانی ڕێگە بە ئاللان بدات بابی (واتە سەرۆکوەزیران) بدینێت، تا لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی مارشاڵ لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتیدا نەکات. کیم یونگ ئیل بەتەما بوو تەلەفۆن لەگەڵ مۆسکۆدا بکات و بپرسێت ئایا بەڕاستی ستالین مارشاڵی ناردبوو.

"هەڵبەتە ماقوول نییە، مارشاڵێک بەو سادەییە لێرە دابنیشێت و ئیعتراز بگرێت، بەڵام وێڕای ئەوەش ڕێ بە خۆم دەدەم شتێک لە خزمەتتاندا عەرز بکەم. ڕەنگە ئەمە دروست نەبێت بە تەلەفۆن پرسیاری دروستی یان نادروستیی شتێک بکرێت".

جەنابی کیمی گەنج، لە مەبەستی ئاللان حاڵی بوو، بەڵام قسەکانی بابیشی لە مێشکیدا دەزرینگایەوە: "کوڕم، متمانە بە کەس مەکە". سەرەنجام کیم چارەیەکی دۆزییەوە. ئەویش ئەوە بوو تەلەفۆن بۆ هاپۆ ستالین بکات، بەڵام بە ڕەمز قسەی لەگەڵدا بکات. کیمی گەنج چەند جارێک هاپۆ ستالینی بینیبوو و هاپۆ ستالین هەمیشە پێی دەگوت: "شۆڕشگێڕی بچووک".

"کەواتە من بە ناوی شۆڕشگێڕی بچووکەوە تەلەفۆن بۆ هاپۆ ستالین دەکەم و لێی دەپرسم ئاخۆ کەسی بۆ دیدەنیی بابم ناردووە؟ لەم حاڵەدا تەنانەت ئەگەر ئەمریکاییەکانیش گوێیان لە قسەکانمان ببێت، باوەڕ ناکەم زیانێکی هەبێت، تۆ چ دەڵێیت مارشاڵ؟"

مارشـاڵ، گەیـیە ئەو بـاوەڕەی ئەم کـوڕیژگەیە زۆر شـەیتانە، باشـە تەمەنـی چەنـدە؟ دە ساڵ دەبێت؟ ئـاللان، بە خۆیشـی زۆر زوو فـامی کردبـووەوە. هەر لەم تەمەنەی کیم یونگ ئیلـدا بـوو کە لە کارخـانەی نیترۆگلیسـیریندا سـەروکاری لەگەڵ دایناميتـدا پەیـدا کردبـوو. ئـاللان، دەبیرەوە چـوو کە پێدەچێت ڕەوشـەکە بە ئاڕاسـتەیەکی خراپدا بڕوات، بەڵام زاتـی نەکرد هیچ قسەیەک بکات. بەهەرحاڵ هەر بویەرێک ڕووی دابا، ڕووی دەدا.

ئاللان گوتی: پێم وایە جەنابی کیمـی گەنـج کوڕێکی زۆر زیـرەکە و ئاینـدەیەکی زۆر چاک چاوەڕوانیەتی.

ئەوسا باقیی ڕەوشەکەی بە قەدەر سپارد.

"بەڵێ هەموان دەڵێن من دەبێت جێگەی بـابم بگـرمەوە. بۆیە ڕەنگە هەق بە تـۆ بێت مارشاڵ. نها کەرەم بکە پیاڵەیەک چایی بخۆوە تا منیش تەلەفۆن بۆ هاپۆ ستالین بکەم.

ئیـدی کـیم چـوو بـۆ لای ئەو مێـزە قـاوەییەی لە سـووچێکی ژوورەکەدا دانرابـوو، ئـاللانیش چـایەکی بـۆ خـۆی تێکـرد. خەریـک بـوو بیـری لەوە دەکـردەوە خـۆی لە پەنـجەرەکەوە هەڵبـداتە خـوارەوە، بەڵام هەر زوو لەو بیـرۆکەیە ژێـوان بـووەوە. لەبەر ئەوەی یەکەم لە نهۆمی چـوارەمی کۆشـکەکەی سـەرۆکوەزیراندا بـوو، دووەم نەدەکـرا هاوڕێکەی بە تەنها بەجێ بهێڵێت.

خـۆ ئەگەر هێربێـرت لە جـێگەی ئەم بـوایە، زۆر خۆشـحاڵ دەبـوو کە خـۆی لە پەنجەرەکەوە هەڵدێرێ (هەڵبەتە ئەگەر وێرابای) بەڵام نها هێربێرت لێرە نەبوو.

کاتێک جەنابی کیم لەناکاودا لە هۆڕژنی گریـانی دا، ڕشـتەی بیرەکـانی ئـاللان پچـڕا، کـیم گۆشـی تەلەفـۆنەکەی دانـا و بە هەشـتاو بەرەو لای ئـاللان ڕۆی: هـاپۆ سـتالین مردووە! هاپۆ ستالین مردووە!

ئاللان، لەفکران ڕاچـوو: ئەم هەمـوو بەخـتە مـاقوول نییە. ئەوسـا گـوتی: وەرە، وەرە کوڕی قۆز، وەرە با هاپۆ مارشاڵ باوەشێکت بکات، وەرە، وەرە.

***

وەختایەک جەنابی کیم کەمێک هێور بووەوە، وەکو ئەوە بوو نەتوانێت وەکو خەڵکانی گەورە ڕەفتار بکات. بەدەم پەڵمە گریانەوە گوتی ستالین چەند ڕۆژێک لەوەوپێش سـەکتەی مێشک لێی دابوو، بە گوتەی ژنەکەی هـاپۆ سـتالین (ڕێک ئەو دەسـتەواژەیەی بەکار هێنـا) هاپۆ ستالین، ڕێک پێش تەلەفۆنەکەی ئاغای کیمە چکۆل مردبوو.

لە کاتێکدا کیمە چکۆل، لەسـەر ئەژنۆکـانی ئـاللان ڕۆنیشـتبوو، ئـاللان زۆر بە ئـاو و تاو کەوتە باسـی دوا دیداری خـۆی لەگەڵ هـاوڕێ سـتالیندا، کە چ شـێوێکی بەشـکۆیان

پێکەوە خواردبوو، چۆن وەکو دوو دۆستی گیانیبەگیانی مامەڵەیان لە تەک یەکدیدا کردبوو. چۆن لە ئاخروئۆخری شەوەکەدا هاوڕێ ستالین، هەڵیکردبووە گۆرانی.

ئەوسا ئاللان، لە بن لێوانەوە، هەمان سترانی گورجی کە ئەو شەوە هاوڕێ ستالین چڕیبووی، گوتەوە. دەتگوت بیرەوەرییەکە لە زەینیدا زیندوو بووبووەوە. کیمە چکۆلیش گۆرانییەکەی ناسییەوە! هاپۆ ستالین، ئەو سترانەی بۆ ویش چڕیبوو. بەو جۆرە ئەو گومانەی تا ئێستا هەبوو، بەتەواوەتی ڕەوییەوە. دەرکەوت هاپۆ مارشاڵ، هەمان ئەو کەسەیە ئیدیعای دەکرد. ئیدی کیمە چکۆل بێگومان کارێکی دەکرد کە بابی (سەرۆکوەزیران)، سبەینێ پێشوازیی هاپۆ مارشاڵ بکات. لێ نها حەزی دەکرد هاپۆ مارشاڵ باوەشێکی ترت بکات.

***

لەڕاستیدا بەو جۆرەش نەبوو کە سەرۆکوەزیران لە ئۆفیسەکەی تەنیشتەوە دانیشتبێت و حوکمی نیوەی وڵاتەکەی بکات. ئەو جۆرە حوکمە زۆر مەترسیدار بوو. نەخێر، هەر کەسێک بیویستبا کیم ئیل سونگ ببینێت، دەبوایە سەفەرێکی دوورودرێژ بکات. بۆیە لەبەر هەندێک سەدەمی ئەولەهی (ئەمنی)ی سەفەرەکە دەبوایە بە زرێپۆشێکی دۆشکەداری ئێس یو ١٢٢ ئەنجام بدرێت، چونکە دەبوا یاریدەدەری سەرۆکوەزیران لەگەڵ میوانەکەدا بێت.

هەڵبەتە، ناوی زرێپۆشەکە بە هیچ جۆرێک خۆش نەبوو، بەڵام مەسەلەکە خۆشی یان ناخۆشی نەبوو، ئاللان بەدەم سەفەرەکەوە بیری لە دوو شت دەکردەوە یەکەمیان ئەوە بوو چی بە کیم ئیل سونگ بڵێت و دووەمیان بەتەمای چی بوو لەو دیدارە.

ئاللان، لە لای یاریدەدەری سەرۆکوەزیران (واتە کوڕەکەی سەرۆکوەزیران) فشەی کردبوو کە گوایە پەیامێکی گرنگی ستالینی پێیە، کە نها لە سایەی بەرەکەتی ئەو سەکتەیەوە کە لێی دابوو، دەربازبوون لەو درۆیە ئاسانتر بووبوو. نها مارشاڵە درۆینە دەیتوانی هەر شتێک بڵێت. ئیدی ستالین مردبوو، نەیدەتوانی بەدرۆی بخاتەوە. بۆیە ئاللان بڕیاری دا بە کیم ئیل سونگ بڵێت ستالین بەتەما بووە دووسەد تانک بۆ کیم ئیل سونگ بنێرێت، تا لە شەڕدا، لەپێناوی کۆمۆنیزمدا، بەکاری بهێنێت، یان سێسەد... دیارە تا ژمارەکە زۆرتر بوایە، سەرۆکوەزیران، خۆشحاڵتر دەبوو.

بەڵام خاڵی دووەم دژوارتر بوو. ئاللان، هیچ حەزی نەدەکرد، دوای دیدارەکەی لەگەڵ کیم ئیل سونگدا بۆ سۆڤیات بگەڕێتەوە.

بەڵام، ئەوەش ئاسان نەبوو، کە داوا لە ڕابەری کۆریای باکوور بکرێت ئاسانکاری بۆ ئاللان و هێربێرت بکات تا سەفەری کۆریای باشوور بکەن. هەروەها مانەوەش لە دەوروبەری کیم ئیل سونگ، کارێکی دروست نەبوو، چونکە دواکەوتن و نەهاتنی تانکەکان، مەترسییەکی گەورە بوو بۆ ئاللان و هێربێرت.

باشە چوون بۆ چین باشتر نەبوو لە چوون بۆ کۆریای باشوور؟

تا ئەو دەمەی ئاللان و هێربێرت جلکی موقەلەمی (خەتخەت) ڕەشوسپیی زیندانیان لەبەردا بوو، وەڵامی ئەو پرسیارە نەخێر بوو، بەڵام نها جلکی زیندانییان لەبەردا نەبوو. نها ئاللان بووبوو بە مارشاڵی یەکێتیی سۆڤیەت، بێگومان دراوسێ هەرە گەورەی کۆریای باکوور، لەجیاتی سەرچاوەی هەڕەشە بێت، گۆڕابوو بۆ مەڵبەندی پشتیوانیی کۆریا، بەتایبەتی ئەگەر ئاللان توانیبای کیم ئیل سونگ فریو بدات و نامەیەکی پشتگیریی لێ وەربگرێت.

کەواتە وێستگەی دواتر چین بوو. ئیدی ئەگەر بە درێژایی سەفەرەکەیان، ڕەوشەکە باشتر نەبوایە، دەبوایە خۆ بە قەدەر بسپێرن، دەیانتوانی جارێکی دی خۆ تاقی بکەنەوە و خۆ لە زنجیرە چیاکانی هیمالایا بدەن.

ئاللان هەستی کرد زیاد لە پێویست بیری کردووەتەوە. یەکەمیان ئەوە بوو بڕیار بوو سێسەد تانک بە کیم ئیل سونگ بدرێت، یان چوارسەد تانکی –پیاو نابێت زۆریش ڕەزیل بێ– پێ بدرێت.

ئەوسا مارشاڵی ساختە دەبوایە داوای لە کیم ئیل سونگ کردبا، لە ڕووی ڤیزا و دابینکردنی ئۆتۆمبێلەوە یارمەتییان بدات تا بچن بۆ چین، چونکە مارشاڵ کاری بە ماوتسی تۆنگ هەبوو. ئاللان زۆر دڵی بەو نەخشەیەی خۆی خۆش بوو. دەمەوئێوارە ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆش بە سەرنشینەکانیەوە کە بریتی بوون لە ئاللان، هێربێرت و کیم یونگ ئیل، خۆی بە حەوشە و حەسارێکدا کرد کە لە ئۆردووگای سەربازی دەچوو.

هێربێرت بە ئومێدەوارییەوە پرسیی: بە ڕای تۆ گەیوینەتە کۆریای باشوور؟

ئاللان گوتی: ئەگەر لە هەموو دنیادا یەک شوێن هەبێت کە کیم ئیل سونگ نەیەوێت، لەوێندەر وەمێنێت و بحەوێتەوە، ئەو شوێنە کۆریای باشوورە.

هێربێرت گوتی: نا، هەر بە خەیاڵمدا هات.

***

هەنگێ زرێپۆشە دە تایەییەکە، لەگەڵ ڕاتەکانێکدا وەستا. سێ سەر نشینەکە بە زەحمەت دابەزین. لە فرۆکەخانەیەکی سوپایی و لە بەردەم بینایەکدا بوون کە لە بارەگای فەرماندەیی دەچوو.

کیمە چکۆل، دەرگاکەی بۆ کردنەوەو پاشان بە ڕێز و حورمەتەوە بەهەشتاو ڕۆی، پێش ئەوان کەوت و دەرگای دووەمی بۆ کردنەوە. دوای ئەوە بە سێقۆڵی خۆیان بە پیرۆزترین شوێنی پیرۆزدا کرد. ژوورەکە مێزێکی گەورەی تیا بوو کە پڕ بوو لە کاغەز. نەخشەیەکی گەورەی کۆریا بە دیوارەکەی پشت مێزەکەوە هەڵواسرابوو، بە دەستی ڕاستدا دوو موبیلەی درێژ دانرابوو. سەرۆکوەزیر، کیم ئیل سونگ لەسەر یەکێک لە موبیلەکان ڕۆنیشتبوو، لەگەڵ میوانەکەیدا، کە لەسەر موبیلەکەی دی دانیشتبوو، قسەی دەکرد. لە لایەکەی دیکەی ژوورەکەوە دوو سەربازی کلاشینکۆف بەدەست، بە حاڵەتی خەبەردار وەستابوون.

ئاللان گوتی: ئێوارەت باش جەنابی سەرۆکوەزیران. من مارشاڵ کیریل ئافاناسیوفیچ مرتسکوفی خەڵکی یەکێتیی سۆڤیاتم.

کیم ئیل سونگ، بە کەماڵی دڵنیایی گوتی: دڵنیام کە ئەو نیت. من مارشاڵ مرتسکوف زۆر بە چاکی دەناسم.

ئاللان گوتی: وای.

دوو سەربازەکە، یەکسەر جووڵان و ڕووی کلاشینکۆفەکانیان کردە مارشاڵی ساختە و گاردە ساختەکەی. کیم ئیل سونگ هێشتا هەر ئارام بوو، بەڵام کوڕەکەی لە تووڕەییدا دەستی بە گریان کرد. پێدەچوو ئەمە دواساتی دەورانی منداڵیی ئەو بووبێت. متمانە بە کەس مەکە! لە باوەشی مارشاڵە ساختەکەدا دانیشتبوو! متمانە بە کەس مەکە! ئیدی هەرگیزاوهەرگیز و جارێکی دی لەم دنیایەدا متمانە بە کەس ناکات.

کوڕێژگەکە بەدەم گریانەوە هاواری بەسەر ئاللاندا کرد: تۆ دەمریت! ئەوسا ڕووی کردە هێربێرت و گوتی: تۆش!

کیم ئیل سونگ، بە هەمان ئارامیی پێشترەوە گوتی: بەڵێ، بێگومان دەمریت! بەڵام جارێ دەبێت بزانین کێ تۆی ناردووە.

ئاللان، ئەمەی زۆر پێ خراپ بوو.

هێربێرت، زۆری پێ باش بوو، ئەمەی لە خوا دەویست.

***

مارشاڵ کیریل ئافاناسیوفیچ مرتسکوف ی ڕاستەقینە و گاردەکەی هیچ چارەیەکیان نەبوو جگە لەوەی بە پێیان پاشماوەی ئەو ڕێگەیە ببڕن کە دەگەییە فلادیفستوک.

دوای چەندین سەعات گەیینە ئەو ئۆردووگایەی سوپای سوور لە دەرەوەی فلادیفستوک دایمەزراندبوو. لەوێ مارشاڵ زیاتر بووە مایەی بێڕێزی، چونکە پێیان وا

بوو زیندانییەکی هەڵهاتووە و ژێوان بووەتەوە و گەڕاوەتەوە، بەڵام زۆری پێ نەچوو ناسیبیانەوە و ئیدی بەگوێرەی پۆست و پایەکەی خۆی ڕەفتاریان لەگەڵدا کرد.

مارشـاڵ مرتسـکوف لە هەمـوو ژیانیـدا تەنهـا یەک جـار چووبـووە ژێـر بـاری بێعەدالەتـی، ئەوەش زەمانێـک بـوو بیریـا (واتە یاریـدەدەرەکەی سـتالین)، ئەوی لە خوتوخـۆڕایی، بێهیچ بەڵـگەیەک دەسـتگیر کردبـوو و ئەشـکەنجەی دابـوو. لەگـین بـوو ئەگەر خودی ستالین فریای نەکەوتبایە، بیریا بیشیکوشتایە.

هەڵـبەتە دەبـوایە مرتسـکوف شـەڕی لەگەڵ بیریـادا ڕابگەیانـدایە، بەڵام لە لایەکەوە جەنگی جیهانی بوو، دەبوایە شـەڕەکەیان ببردبایەوە و لە ئالییەکی دیکەوە بیریا زۆر بەهێـز بـوو. ئیـدی مارشـاڵ ناچـار بـوو ئەو بـویەرە فەرامـۆش بکـات، بەڵام مارشـاڵ مرتسـکوف بەڵێنـی بە خـۆی دابـوو، هەرگیـز ڕێگە نەدات هـیچ کەسـێک سـووکایەتی و بێڕێزیی پێ بکات. بۆیە دەبوایە ئەو دوو نەفەرە بدۆزێتەوە کە ڕووتیـان کردبووەوە و یونیفۆرمەکە و ئۆتۆمبێلەکەیان دزیبوو و تۆڵەیان لێ بکاتەوە.

مارشـاڵ، نەیـدەتوانی یەکسـەر بکەوێـتە چـاودێری و ڕاوەدوونـانی ئەو دوو نەفەرە، چونکە بۆ ئەو کارە پێویستی بە جلکی مارشاڵی هەبوو. پەیداکردنی بەرگدروو لە چادر و خێوەتەکانی ئۆردووگاکەدا زەحمەت بوو. ئەمە جگە لەوەی هێشتا کێشـەی نەبـوونی دەرزی و داویان هەبوو. ئیدی هەموو بەرگدرووەکانی فلادیفستوک و هەموو شـوێنێکی شارەکە وێران بووبوو.

بەڵام دوای سـێ ڕۆژان جلەکـانی مارشـاڵ تەواو بـوون. هەڵـبەتە جلەکـان میـداڵ و نیشانانی پێوە نەبوو، چونکە مارشاڵە ساختەکە بردبوونی و لە جێگەیەکی دیکە پۆزی پێـوە لـێ دەدان. وێـڕای ئەوەش مرتسـکوف کەسـێک نەبـوو دەستەوەسـان بێـت، لەبەر ئەمە پەکی خۆی بخات.

مارشاڵ مرتسکوف هەرچۆنێک بوو توانیی بە هەزار و یەک بەدبەختـی ئۆتۆمبێلێکی پوبیدای دی بۆ خۆی و گاردەکەی پەیدا بکات (هەڵبەتە زۆربەی ئۆتـۆمبێلە سـوپاییەکان لە شـەواتەکەدا تیـا چووبـوون) پـاش پێـنج ڕۆژان لەو بـویەرە، بەیـانییەکی سـەحەری، بەرەو باشـوور کەوتە ڕێ. لە سـنووری کۆریـادا گومـانەکەی مارشـاڵ بـوو بە ڕاسـت. مارشـــاڵێکی دروســـت وەکـــو ئەو بە پوبیـــدایەکی وەکـــو پوبیـــداکەی ئەو، لە ســـنوور پەڕیبووەوە و بەرەو باکوور ڕۆیبوو. لێ مەزرەوانان زانیاریی زیاتریان پێ نەبوو.

مارشـاڵ مرتسـکوفیش گەیبـووە هەمـان ئەنجـامگیری کە پێـنج ڕۆژ لەوەوبەر ئـالالن پێی گەیبوو، کە چوون بەرەو بەرەی شـەڕ خۆکوژی بوو. بۆیە ئەویش بەرەو پیونگ یانگ پێچی کردبووەوە و دوای چەند سـەعاتێک بۆی دەرکەوتبوو بڕیارێکی دروسـتی

دابوو. پاسەوانانی بازنەی دەرەوەی شار بە مارشالیان گوتبوو مارشاڵ مرتسکوف ناوێک لەگەڵ گاردەکەیدا داوایان لێ کردبوون دیدارێکیان لەگەڵ کیم ئیل سونگدا بۆ ساز بکەن، ئەوانیش دیدارەکەیان لەگەڵ یاریدەدەری یاریدەدەری سەرۆکوەزیراندا بۆ ڕێک خستبوون. ئیدی مارشاڵ و گاردەکەی بەرەو پیونگ یانگ درێژەیان بە سەفەرەکەی خۆ دابوو.

ئەو ڕۆژە، دوای فراڤین، مارشاڵ مرتسکوفی واقیعی بە دیداری یاریدەدەری یاریدەدەری سەرۆکوەزیران گەیبوو. بە هەموو توانایەکیەوە کە تەنها لە مارشاڵێکی سۆڤیەتی دەوەشێتەوە، مارشاڵ مرتسکوف توانیبووی زۆر بە خێرایی باوەڕ بە یاریدەدەری یاریدەدەری سەرۆکوەزیران بهێنێت کە هەم سەرۆکوەزیران و هەم کوڕەکەی نها مەترسیی مەرگیان لەسەرە، بۆیە پێویستە یاریدەدەری یاریدەدەری سەرۆکوەزیران، بە پەلە و بێ دواکەوتن، ئەوان بگەیەنێتە بارەگای سەرۆکوەزیران. جا لەبەر ئەوەی کاتی خاوەخاو نەبوو، بە هەمان پوپیدای مارشاڵ ڕۆیشتبوون، واتە بەو ئۆتۆمبێلەی کە چوار هێندەی ئەو نەفەربەرە زرێپۆشەی کە کیم یونگ ئیل و تاوانبارەکان سواری بووبوون، خێراتر بوو.

***

کیم ئیل سونگ بە فیزەوە، بە ڕاوێژێک وەکو ئەوەی بابەتەکەی پێ بالّکێش بێت، گوتی: ئێ؟ تۆ کێیت؟ کێ ناردووتی و مەبەستت لەم فریوکارییە بچووکە چییە و چی بووە؟

ئالّلان هێشتا فریای وەڵامدانەوە نەکەوتبوو لەناکاودا دەرگا ڤەبوو و مارشاڵ مرتسکوفی ڕاستەقینە بە تووڕەیی وەژوور کەوت. هاواری دەکرد ئەو دوو نەفەرەی لە ناوەندی ژوورەکەدا بوون، دوو تاوانبارن لە ئۆردووگای تاوانبارانەوە هەڵهاتوون، نەخشەی غافڵکوژیان بەدەستەوەیە.

بۆ ساتێکی زۆر کورت، ژمارەی مارشاڵ و گاردان، لە بەرچاوی دوو پاسەوانە تفەنگبەدەستەکە، لەناو ژوورەکەدا زۆر بوون، بەڵام هەر کە سەرۆکوەزیران، مارشاڵە تازەکەی، کە مارشاڵە ڕاستەقینەکە بوو، ناسییەوە، ئیدی دوو پاسەوانەکە تەکەزیان لەسەر دوو ساختەچییەکە کرد.

کیم ئیل سونگ وتی: کیریل ئافاناسیوفیچی ئازیز، خۆت سەخڵەت مەکە، ڕەوشەکە کۆنترۆڵە.

مارشاڵ مرتسکوف، هەر کە ئالّلانی بە یونیفۆرمەکەی خۆی، بە هەموو میداڵ و نیشانەکانەوە بینی، خوای نەما و گوتی: تۆ دەمریت.

ئاللان، بەرسڤی دایەوە: بەڵێ، هەموان وا دەڵێن. یەکەم جار کیمە چکۆل ئەوەی گوت، پاشان سەرۆکوەزیران، وا ئێستاش تۆ جەنابی مارشاڵ هەمان شت دەڵێیت، تاقە کەسێک کە خوازیاری مەرگی من نەبووبوو، تۆ بوویت.

ئاللان بەدەم ئەو قسەیەوە ئاوڕی لای میوانەکەی سەرۆکوەزیرانی دایەوە: من نازانم تۆ کێیت، هیوادارم لەم بارەیەوە دید و بۆچوونێکی جیاوازت هەبێت.

میوانەکە بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی: بە دڵنیاییەوە نامبێت. من ماوتسی تۆنگم. ڕابەری کۆماری میللیی چین، هیچ هاوسۆزییەکم لەگەڵ کەسێکدا نابێت کە هەوڵی لەنێوبردنی کیم ئیل سونگی هاوڕێم بدات.

ئاللان گوتی: ماوتسی تۆنگ. شەرەفێکی گەورەیە بۆ من. تەنانەت ئەگەر بڕیار بێت، بەم زوانەش گیانم لەدەست بدەم، تکایە لە بیرت نەچێت سڵاوی من بە ژنە جوانەکەت بگەیەنە.

ماوتسی تۆنگ بە سەرسامی پرسی: تۆ ژنەکەی من دەناسیت؟

-بەڵێ، هەڵبەتە ئەگەر جەنابتان لەم دواییانەدا ژنێکی تازەتان نەهێنابێت، چونکە هەندێک جار ئەو کارەتان دەکرد، من ساڵانێک لەمەوپێش لە دەڤەری سیچوان، جیانگ ژینگم بینی. ماوەیەکی کەمیش لە شاخەکاندا، پێکەوە پیادەڕۆییمان کرد. پێکەوە و لەگەڵ کوڕێکی گەنجدا بەنێو ئاهمینگ.

ماوتسی تۆنگ بە سەرسامی پرسی: تۆ ئاللان کارلسونی؟ فریادڕەسی ژنەکەی من؟

هێربێرت ئەنیشتاین، شتێکی ئەوتۆ حاڵی نەبوو، بەڵام تاقە یەک شتی لا عەیان بوو، ئەویش ئەوە بوو ئاللانی دۆستی، حەوت ڕۆحی هەیە، ئەو مەرگە مسۆگەرەی چاوەڕوانیان بوو، خەریک بوو دەگۆڕا! نەدەبوو بهێڵێت ئەمە ڕوو بدات! ئیدی هێربێرت شۆکزەدە دەستبەکار بوو: من هەڵدێم، دەڕەڤم. تەقەم لێ بکەن، بێمنەت بن تەقەم لێ بکەن!

بەدەم هاوارەوە دەستی بە غاردان کرد، بەڵام بە هەڵە دەرگایەکی کردەوە، ئەودیو دەرگاکە عەماری کەرەستە و تفاقی پاککردنەوە بوو، هێربێرت کەوت بەسەر سەتڵ و ماسیحەیەکدا.

ماوتسی تۆنگ گوتی: ئەم هاوڕێیەت.. پارسەنگی دەوێت، وایە؟

ئاللان گوتی: وازی لێ بهێنە.

***

بوونی ماوتسی تۆنگ لەو ژوورەدا، بە هیچ جۆرێک مایەی سەرسامی نەبوو، چونکە کیم ئیل سونگ، بارەگای سەرکردایەتی لە مەنشوریا دانابوو. واتە لە دەوروبەری شنیانگ لە ستانی لیایونینگ و لە دووریی پێنجسەد کیلۆمەتری باکووری

ڕۆژئاوای پیونگ یانگ. ماو حەزی لێ بوو کاتی خۆی لەو دیار و دەڤەرە بەسەر بەرێت، چونکە جەماوەر و خەڵکی ئەوێ زیاتر داشداریان دەکرد. هەروەها زیاتر کەیفی بە هاوڕێیەتیی دۆستە کۆرییەکەی دەهات.

ئیدی ڕێکخستنی هەموو ئەو کارانەی دەبوا ڕێک بخرێن، هێورکردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی مایل بوون سەری ئاللان بەسەر سینییەوە بدینن، کەمێک درێژەی کێشا.

مارشاڵ مرتسکوف یەکەمین کەس بوو کە دەستی لێبوردەیی بەرەو ئاللان درێژ کرد. ئاخر ئاللانیش وەکو خودی مرتسکوف جەزرەبە دیدەی شێتاتییەکانی جەنەڕاڵ بیریا بوو (ئاللان، لە ترسدا، باسی وردەکاریی سووتاندن و وێرانکردنی هەموو فلادیفستوکی نەکرد) وەختایەک ئاللان پێشنیازی کرد لەگەڵ مارشاڵدا یونیفۆرمەکانیان بگۆڕنەوە تا مارشاڵ ببێتەوە خاوەن میداڵ و نیشانەکانی خۆی. تووڕەییەکەی مارشاڵ ڕەوییەوە؛ بوو بە هەڵم و چوو بە ئاسماندا.

کیم ئیل سونگیش لای خۆیەوە، هیچ بە پێویستی نەدەزانی لە ئاللان تووڕە بێت. لە ئالییەکی دیکەشەوە ئاللان بە هیچ جۆرێک بەو نیازە نەبوو چ ئاسیوێک بە کیم ئیل سونگ بگەیەنێت، تەنها خەمی کیم ئیل سونگ ئەوە بوو هەستی کوڕەکەی بریندار بووبوو، هەستی دەکرد کڵاوی لەسەر نرابوو. کیمە چکۆلە هێشتا لە حەژمەتاندا دەگریا و ڕژد بوو لەسەر ئەوەی دەبێت بە زووترین کات ئاللان، بکوژرێت و بە ئەشکەنجەشەوە بێتە کوشتن. ئەنجام کیم ئیل سونگ، یەک زللەی بە بناگوێی کوڕەکەیدا کێشا و بێدەنگی کرد، هەڕەشەی لێ کرد ئەگەر کڕ نەبێت، زللەیەکی دیکەش دەخوات.

داوا لە ئاللان، مارشاڵ مرتسکوف کرا لەسەر قەنەفەکەی کیم ئیل سونگ دابنیشن و دوای تۆزێک کاتێک هێربێرتی نامراد توانیی خۆی لە کەرەستە و تفاقی پاککردنەوەکان ڕزگار بکات، ئەویش هاتە جەم وان.

کاتێک شێفە بیست ساڵییەکەی ماوتسی تۆنگ بۆ ژوورەکە بانگ کرا، ناسنامەی ئاللان بەتەواوەتی ساغ بووەوە. ئاللان و ئاهمینگ ماوەیەکی زۆر، دەستیان لە ملی یەکدی کرد و یەکیان لەئامێز گرت و ئەوسا ماو فەرمانی بە شێفەکەی (واتە ئاهمینگ) کرد بۆ ناندێنەکە بگەڕێتەوە و تۆزێک هەڕشتە و ماکەرۆنیان بۆ لێ بنێت.

***

ماوتسی تۆنگ لە ڕادەبەدەر سوپاسگوزاری ئاللان بوو کە هاوسەرەکەی ڕزگار کردبوو. ئامادە بوو هەر یارمەتییەکی ئاللان و هاوڕێیەکەی بدات، تەنانەت ئەگەر

خۆیان بیانەوێت، ڕێگەیان بدات لە چینیش بمێننەوە، ماو ژیانێکی پڕ ڕێز و کەرامەتیان بۆ دابین بکات.

بەڵام ئاللان بەرسڤی دایەوە کە تا ئێستا –بە داوای لێبوردنەوە لە ماو– زۆری لە دەستی کۆمۆنیزم چەشتبوو، بۆیە حەزی دەکرد، بتوانێت لە جێگەیەکدا پشوو بدات کە خواردنەوەی تیا بێت، تا دەکرێت لە هەر باس و گەنگەشەیەکی سیاسی بەدوور بێت.

ماو دەیتوانی پۆزشەکەی ئاللان قبووڵ بکات، بەڵام گوتی کارلسون نابێت زۆر دڵی بە ئایندە خۆش بێت، چونکە کۆمۆنیزم لە هەموو دنیادا لە هەڵکشاندایە و زۆری پێ ناچێت هەموو دنیا دەگرێتەوە.

ئاللان پرسیی ئاخۆ بە دیدی بەڕێزان، لە کوێی دنیا، کۆمۆنیزم درەنگتر سەر هەڵدەدات، حەزی دەکرد شوێنێکی هەتاوگری بە کەناراوێن سپی بێت، شوێنێک بێت کە پیاو بتوانێت بە کەماڵی ئیسراحەت پێکەکەی لە خواردنەوەیەکی غەیرەز لیکوری مۆزی سەوزی ئەندەنوسی پڕ بکات.

ئاللان گوتی: پێم وایە پێویستم بە مۆڵەتە، تا نها لە ژیانمدا قەت مۆڵەتم وەرنەگرتووە.

ماوتسی تۆنگ، کیم ئیل سونگ و مارشاڵ مرتسکوف لە نێوانی خۆیاندا گەنگەشەی ئەو بابەتەیان کرد. وەکو ئەگەرێک لەسەر کوبا گیرسانەوە.

پاشان بەڕێزان گەیشتنە ئەو ئەنجامگیرییەی هیچ شوێنێک لە کوبا سەرمایەداریتر نییە. ئاللان، لەسەر ئەو پێشنیازە سوپاسی کردن، بەڵام گوتی بە بۆچوونی وی کارایب زۆر دوورە. ئەمە جگە لەوەی ئێستا بیری کەوتبووەوە نە پارەی پێیە و نە پاسپۆرت، بۆیە دەبێت ئاستی داخوازییەکانی بهێنێتە خوارەوە.

سەبارەت بە پارە و پاسپۆرت، پێویستی نەدەکرد جەنابی کارلسون نیگەران بێت. ماوتسی تۆنگ بەڵێنی بە ئاللان و هاوڕێکەی دا ئەوراقی ساختەیان بۆ بکات، تا بتوانن هەر کوێیەکیان ویست بڕۆن. هەروەها چەند سەفتەدۆلارێکیشی پێ دەدان؛ چونکە بە خۆی دۆلاری زۆر بوو. ئەو دۆلارانە، هەمان ئەو پارەیە بوو کە سەرکۆمار ترومان بۆ حیزبی کومینتانگی ناردبوو، کاتێک ئەندامانی حیزبی کومینتانگ بۆ تایوان هەڵهاتبوون، لە شپرزەیی و پەلەپەلیی خۆیاندا، دۆلارەکانیان بەجێ هێشتبوو، بەڵام ئەمە دروست بوو کە کاریبی، لەوبەری گۆی زەوییەوە بوو، بۆیە باشتر وا بوو بیر لە هەڵبژاردنی شوێنێکی دی بکەنەوە.

لە کاتێکدا ئەو سێ گەورە کۆمۆنیستە، زۆر بە جیددی گەنگەشەی ئەو بابەتەیان دەکرد ئەو کەسەی حەساسیەتی لەمەڕ ئایدۆلۆجیای ئەوان هەبوو، بۆ کوێ بنێرن تا

مۆڵەتەکەی بەسەر بەرێت، ئاللان، لە دڵی خۆیدا، سەبارەت بۆ کۆمەکە داراییەکە، دوعای خێری بۆ هاری ترومان دەکرد.

پاشان پێشنیازی فیلیپین هاتە ئاراوە، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە جێگەیەکی ئەمین و ئارام نەبوو. سەرەنجام ماو، پێشنیازی مالیی کرد. ئاللان گلەیی لە لیکوری سەوزی مۆزی ئەندەنوسی کردبوو، ئەم بابەتە ئەندەنوسی وەبیر ماو هێنابووەوە. ئەندەنووسیا وڵاتێکی کۆمۆنیستی نەبوو، هەرچەندە کۆمۆنیزم لە دەوروبەریدا دەسوڕایەوە.

کۆمۆنیزم لە دەوری هەر شوێنێکدا، جگە لە کوبا، دەسوڕایەوە، بەڵام سەرۆک ماو دڵنیا بوو کە لە بالی، لە هەموو شوێنێکی دی زیاتر لیکوری مۆزیان دەست دەکەوت.

ئاللان گوتی: با بالی بێت. تۆش دێیت هێربێرت؟

هێربێرت ئەنیشتاین کە بە زەحمەت باوەڕی بەوە هێنابوو وا دیارە ئەجەلی نەهاتووە و ماوەیەکی دیکەش دەژی، بە خەمینییەوە سەری ئەرێی بۆ لەقاند. بەڵێ، ئەویش دێت، چما چارەیەکی دی هەبوو، دەیتوانی چ بکات؟

## نۆزدەیەم

### چوارشەممە ٥/١١ تا چوارشەمە ٢٠٠٥/٥/٢٥

قاشقونجەکان و ئەو کابرایەی بە ڕواڵەت مردبوو، شیابوون خۆیان لە مەزراکەی کلۆکەرێ، لە خەڵک و خوا وەشێرن. مەزراکە کەوتبووە سەد مەتری ڕێگە سەرەکییەکەوە. لەوێوە خانوو و عەمارەکەی پشت مەزراکە، دەیانکردە کارێک حەوش و حەساری مەزراکە دیار نەبێت. ئەمە مەیدانێکی فراوان و خۆشی بۆ سونیا فەراهەم کردبوو. سونیا دەیتوانی بە کەماڵی ئیسراحەت، بە مەودا کورتەکەی نێوان عەمارەکە و بێشە بچووکەکەی پشت مەزراکەدا بێت و بچێت.

ژیانی لە مەزراکەدا، بە شێوەیەکی گشتی لە زۆر ڕووەوە ئارام و خۆش بوو. بێنی بە بەردەوامی برینەکانی بایکی دەرمان دەکرد. گێلە مەفتونی تەمەشای دیمەن و ئاسۆی فراوانی دەشتی ڤوستگو بوو. سونیا ژیانی ئەوێندەری لا خۆش بوو؛ چونکە برسیی نەبوو و جوانێی خاوەنیشی ناوبەناو نەوازشی دەکرد و یەک-دوو وشەی خۆشی بە گوێیدا دەدا. لەو دواییانەشدا ئەو پیرەمێردەش بەگەڵیان کەوت کە بە لای سونیاوە، بە هاتنی وی ڕەوشەکە باشتر بووبوو.

سەبارەت بە بێنی و جوانێ، کە لە هەر کەشوهەوایەکدا، هەتاو بە دەرەوە بوو، ئەگەر قاشقونج (قاچاغ) نەبان لەوە بوو هەر ئەو کاتە زەماوەند بکەن. کاتێک مرۆڤ دەگاتە تەمەنێکی دیاریکراو، دیاریکردنی کاتی گونجاوی کاران ئاسانتر دەبێت.

لە هەمان کاتدا، پەیوەندیی برایەتیی بێننی و بووسێ خۆشتر بووبوو. کاتێک بێننی توانیی بووسێ تێبگەیەنێت، هەرچەندە هێشتا لەجیاتی ڤۆدگا، شەربەتی میوەی دەخواردەوە، کە ئیدی گەورە بووە، بە ڕواڵەت نێوانیان برێک خۆشتر بووبوو. بووسێ دڵبەند و سەرسامی زانیارییەکانی بێننیی برای بوو. وا دیارە چوونە قوتابخانە و زانکۆ، کات بەفیڕۆدان نییە. بووسێ دەبیرەوە چوو، کە دەیبینی براکەی لە ڕووی خوێندەوارییەوە، لەو گەورەتر بووبوو، زۆری پێ خۆش بوو.

ئاللانیش، کەسێکی هێور و بێدەنگ بوو. بە درێژایی ڕۆژ لەسەر جۆلانەکەی ڕۆدەنیشت، هەرچەندە کەشوهەوا زیاتر لە کەشوهەوای ئاسایی هەیڤی مایسی سوێد دەچوو. هەندێک جار بایک لە لایەوە دادەنیشت تا کەمێک گفتوگۆ بکەن. لە میانی یەکێک لەو گفتوگۆیانەدا دەرکەوت هەردووکیان هەمان وێنایان سەبارەت بە نیرڤانا هەبوو. هەردووکیان لەم باوەڕەدا بوون کە هارمونی ڕەها و تەواو تەنها لەسەر کورسییەکی کەناراوی ژێر چەترێکدا بەدەست دێت. ئەویش لە کەناراوێکی هەتاوگیری گەرمادا کە خزمەتگوزاران بە بەردەوامی، ڤەخواردنی جۆراوجۆر و باشی بۆ بهێنن. ئاللان بۆ بایکی گێڕایەوە سەردەمانێک لە مالی چەندی خۆش لێ گوزەرابوو، یانی هەمان ئەو سەروبەندەی بەو پارەیەی لە ماوتسی تۆنگی وەرگرتبوو، بۆ تەبدیل هەوا بۆ ئەوێندەر چووبوو، بەڵام سەبارەت بە ناوەڕۆکی پەرداخەکان، واتا پەرداخەکان چییان تێدا بێت، بایک و ئاللان هاوڕای نەبوون. پیرەمێردی سەد ساڵە خوازیاری ڤۆدگا و کۆلا یان ڤۆدگا و شەربەتی ترێ بوو، لە ئاهەنگێن شاددا زیاتر حەزی لە ڤۆدگای ڕووت بوو، بەڵام بایک گێردین، زیاتر حەزی لە ڤەخواردنی ڕەنگاوڕەنگ بوو: باشترینیان ڤەخوارنێکی ئاماڵ زەردی زێڕین بوو، شتێک بوو زیاتر لە زەردەپەڕی ئێواران دەچوو. دەبوایە چەترێکی بچووک لە ناوەندی پەرداخەکەیدا بێت. ئاللان تیا مابوو، ئاخر ئەم بایکە چەتری بۆ چییە. خۆ بە چەترەوە ناتوانێت بیخواتەوە. بایک وەڵامی دایەوە، دروستە ئاللان هەموو دنیا گەڕابوو و بێگومان زۆر زیاتر لە بابایەکی ستۆکهۆڵمی سادەی هەمیشە زیندانی، ژیانی جەڕباندبوو، بەڵام لەوە دەچوو لەم بارەیەوە هیچ شتێک نەزانێت.

***

ئیدی ئەم گەنگەشە دۆستانەیە سەبارەت بە نیرڤانا (ئارامی) ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو. ئەمیان دوو هێندەی ئەویان تەمەنی هەبوو، ئەوی تریان بە کە لەش دوو هێندەی ئەوی تر بوو، کەچی بەو جیاوازییەشەوە زۆر زوو پێک هاتن.

***

بەتێپەڕبـــوونی ڕۆژان، پاشـــان هەفـــتە، ڕۆژنامەڤانـــان گەییـــنە بـــاوەڕ کە ئیـــدی شاردنەوەی ئەو نووچەیە زۆر زەحمەتە. واتە نووچە و هەواڵی کابرایەکی هەڵهاتووی گومانبـار و هاودەسـتەکانی بە کوشـتنی سـێ نەفەر، پاش یەک-دوو ڕۆژان. تەلەڤیزیـۆن و ڕۆژنامـانی سەرانســەری و لۆکـاڵی ئیـدی هـیچ هەواڵێکیـان دەربـارەی ئەو بـویەرە بـڵاو نەکردەوە، چـونکە بەگوێرەی یەک لـۆژیکی هەرچەنـدە کۆن، بەڵام پەسـەند، وەختـایەک بەشەر هیچی پێ نەبێت بۆ گوتن، نابێت قسە بکات.

ڕۆژنامەکانی دانی ئێوارێ، یان بڵاڤۆکە زەردەکانی سوێد، ماوەیەک پیچەک زیاتر لەسەر بویەرەکە چوون، چونکە باوەڕیان وا بوو بەشـەر هیچی بۆ گوتن پێ نەبێت، هەمیشـە کەسـێکت دەسـت دەکەوێـت دیـداری لەگەڵـدا ئەنجـام بـدەیت، بـا بە خۆیشـی نەزانێت چ قسـەیەکی پێ نییە بۆ گوتن. ڕۆژنـامەی ئیکسـپریس مـاوەیەکی زۆر هەوڵـی ئەوەی دا لە ڕێگەی وەرەقی گەمەکردنەوە شـوێنی خۆشـاردنەوەی ئـاللان بدۆزێتەوە، بەڵام پاشـان دەسـتبەرداری ئەو گەمەیە بـوو. ئیـدی باسـکردنی ئـاللان کارلسـون بەس بـوو. بـڕۆ چـاودێریی تەپە گـوویەکی دیـکە بـکە و لـووتی تێـوە بـژەنە... ئەمە قســەی کابرایەکی ئەهلی ڕۆژنامەڤانی بوو. خۆ ئەگەر هەر هیچ نەبوو چیلکەی تێ وەر بدەیت، دەتوانیت وتارێک دەربارەی دواڕژێمی خواردن بنووسیت. ئەمە بابەتێکی هەمیشەییە.

بەو جۆرە هەموو میدیاکان دەیانویست، دەستبەرداری ڕازی ونبوون و دیارنەمـانی یـــارۆی پیرەمێــردی سەدســـاڵە بـــبن، هەڵـــبەتە تەنهـــا یەک شـــت نەبێـــت، لە ڕۆژنـــامە لۆکاڵییەکانـدا، هەواڵـی زۆر و جۆراوجۆر دەربـارەی دیارنەمـانی ئـاللان کارلسـون بڵاو دەبـــووەوە، بـــۆ نمـــوونە کـــونە بـــاجەی بلیتبـــڕین لە گەراجـــی پاســـەکاندا، دەرگـــایەکی ئەولەهیان بۆ دانرابوو، تا لە هەر هێرشێکی ئیحتیمالی بەدوور بن، یان ئەمەی کە خـانم ئـالیس؛ بەڕێوەبەری خـانەی پیـران گەیبووە ئەم بڕیـارەی پێویسـتە ژوورەکەی ئـاللان کارلسون لەو وەربگیرێتەوە و بدرێت بە کەسێکی دی، کە بە "خۆشـخزمەتی، دڵسـۆزی، چاودێریی گەرموگوڕ و میهرەبانیی کارمەندانی خانەکە بزانێت و لەبەرچاوی بێت."

بەڵام لە هەریەکێـک لەو وتـارانەدا کـورتەیەکیش دەربـارەی ئەو ڕاپـۆرانە بـڵاو دەکرایەوە کە پۆلیس و ئاسایش، سەبارەت بە هەڵهاتنی ئاللان کارلسون، لە پەنجەرەی خانەی پیرانەوە، تۆماری کردبوو.

بە ڕێـــکەوت یەکێـــک لە ڕۆژنـــامە لۆکاڵییەکـــان، نووســـەرێکی کـــۆنی 'جێگـــری سەرنووســـەر' هەبـــوو، داینەســـۆرێکی ســـەردەمی دەقیـــانووس بـــوو، بەو نەفەســـەوە دەینووســـی کە هەر هـــاووڵاتییەک بێتـــاوانە، تـــا پـــێچەوانەکەی ســـاغ دەبێـــتەوە. بـــۆیە ڕۆژنـــامەی نـــاڤبری، ســـەبارەت بە بڵاونەکـــردنەوەی وردەکـــاریی زۆر دەربـــارەی

کاراکتەرانی ناو ئەم درامایە، زۆر پابەند بوو. یانی کارلسون تەنها کارلسون بوو، کە دەهاتە سەر یولیوس یونسن بە (پیاوە شەست و حەوت ساڵانەکە) و سەبارەت بە بینی لیونبرگ بە (سەندەویچفرۆشەکە) نا ودەبران.

ئیدی ئەم بابەتەش بووە هۆی ئەوەی پیاوێکی زۆر تووڕە تەلەفۆن بۆ ئۆفیسەکەی ئارونسون بکات. لە تەلەفۆنەکەدا گوتی سەرەداوێکی دەربارەی ئالان کارلسون، گومانبار بە کوشتن لە لا هەیە.

ئارونسونیش گوتی ئەمیش دەقاودەق پێویستی بەو سەرەداوەیە.

ئیدی ئەو پیاوە، هەموو ڕۆژنامەکەی خوێندبووەوە و زۆری بیر لەو بویەرە کردبووەوە، هەرچەندە زانیارییەکانی وی، بە ئەندازەی زانیارییەکانی لای ئارونسون نەبوو، بەڵام پێی وا بوو ئەمن و پۆلیس وەکو پێویست لە دیڤچوونیان بۆ خەڵکانی بێگانە نەکردبوو.

پیاوەکە گوتی: من دڵنیام تۆمەتباری ڕاستی لەنێو بیانییەکاندایە.

ئارونسون گوتی: بیانییەکان؟

-بەڵێ، من نازانم براییمە یان محەمەد، چونکە ڕۆژنامەکە بە ناوی 'سەندەویچفرۆشەکە ناوی دەبات' وەکو ئەوەی خۆمان نەزانین یارۆ تورکە یان عەرەب. هیچ سوێدییەک دەکەی سەندەویچفرۆشی دانانێت. دەکەی سەندەویچفرۆشی تەنها بە کەڵکی بیانی دێت، کە باجی لێ وەرناگیرێت.

ئارونسون گوتی: ئەمە زۆر کەس دەگرێتەوە. خۆ دەشێت مرۆڤ هەم تورک بێت و هەم موسڵمان. یان عەرەبی موسڵمان بێت. ئەمە ئەگەری زۆرە.

-کەواتە یارۆ هەم تورکە و هەم موسڵمان! خراتر! کەواتە دەبێت بەتەواوەتی پێشینەی خانەوادەیی کابرا شەن و کەو بکرێت!ماڵبات و خانەوادەییە نەفرەتییەکەی! هەڵبەتە سەد خزم و خوێشی لەم وڵاتەدا هەیە و هەموویان بە کۆمەکی حکومەت دەژین.

ئارونسون گوتی: سەد خزم و خوێش نا، لەڕاستیدا تەنها یەک برای هەیە...

لەم کاتەدا بیرۆکەیەک بە مێشکی گەورە لێکۆڵەر ئارونسوندا هات. بەر لە چەند هەفتەیەک ئارونسون دەستووری دابوو لێکۆڵینەوەی تەواو دەربارەی ماڵباتێن ئاللان کارلسون، یولیوس یونسن و بینی لیونبرگ بکرێت.

لێکۆڵینەوەکە زیاتر بۆ ئەوە بوو بزانرێت ئاخۆ مێینەیەک؛ ئافرەتێکی قژسوور، لە ماڵباتی ئەوانە، بۆ نموونە خوشک، دۆتمام، کیژ یان نەوەی وان لە سمولاند دەژی؟ ئەم بابەتە پەیوەندیی بە سەردەمی پێش ناسینی گانیلا بیورکلاندەوە هەبوو. ئەنجامی

لێکۆڵینەوەکە زۆر ئەرێنی و بەردار نەبوو. تەنها یەک ناو بەدەست هاتبوو، ئەویش لەو کاتەدا زۆر پەیوەندیی بە مەسەلەکەوە نەبوو، بەڵام ئێستا؟

بینی لیونبرگ، برایەکی هەبوو لە دەرەوەی فالکوپینگ دەژیا. تۆ بڵێیت هەموو ئەوانە خۆیان لەوێندەر شاردبێتەوە. ئەوسا ڕشتەی بیرکردنەوەی گەورە لێکۆڵەرەکە، واتە ئارونسون بە قسەکانی کابرای نووچەگەهانی نەناس پچڕا.

-باشە دەکەی برا سەندەویچفرۆشەکەی لە کوێیە؟ چەند باج دەدات؟ پێویستە ئەم کۆچە بە کۆمەڵە بێتە ڕاگرتن.

ئارونسون گوتی مەمنوونی ئەو کابرایەیە بۆ زانیارییەکانی، هەرچەندە خودانی دەکەکەش ناوی لیونبرگ سەدی سەد سویدی بوو. سەبارەت بەوەی ئەم لیونبرگە موسوڵمان بێت یان نا، ئارونسون نە ئاگای لەمە هەبوو، نە بە لاشیەوە گرنگ بوو بیزانێت.

کابرا گوتی لە قسەکانی ئارونسوندا هەست بە جۆرە بێزکاڵییەک دەکات و قسەکانی بۆنی سۆسیالیزمیان لێ دێت.

"ئەوانەی وەکو من بیر دەکەنەوە زۆرن، ڕۆژبەڕۆژ ژمارەمان ڕوو لە زیادیە. کەسێک نەمرێت لە هەڵبژاردنی ساڵی ئایندەدا دەیبینیت".

قۆمیسەر ئارونسون، بە کابرای گوتبوو بڕۆ سەری خۆت لە دیوار بدە و تەلەفۆنەکەی بەسەریا داخستبووەوە.

ئارونسون، تەلەفۆنی بۆ داواکاری گشتی ڕانلید کرد تا پێی بێژێت بەتەمایە سبەی بەیانی، هەڵبەتە بە ڕەزامەندیی جەنابی داواکاری گشتی، بڕوات بۆ ڤێستەر یۆتالاند، تا چاودێریی ئەو سەرەداوە بکات کە سەبارەت بە پیرەمێردە سەدساڵییەکە و هاودەستەکانی دەستی کەوتبوو (هەڵبەتە ئارونسون بە پێویستی نەزانیبوو بە داواکارە گشتییەکە بڵێت چەند هەفتەیەک لەوەپێش هەندێک زانیاریی دەربارەی برایەکی بینی لیونبرگ دەست کەوتبوو).

داواکارە گشتییەکە، ڕانلید، هیڤی سەرکەوتنی بۆ ئارونسون خواست.

سەعات دەوروبەری پێنجی دوانیوەڕۆ بوو، داواکارە گشتییەکە، واتە ڕانلید، ئارام و هێدی، بەدەم فیکەفیکەوە شتەکانی کۆ دەکردەوە، تا بڕواتەوە. لە دڵی خۆدا بیری لەوە دەکردەوە، ڕەنگە خراپ نەبێت سەبارەت بەو کەیسە کتێبێک بنووسێت: "گەورەترین سەرکەوتنی عەدالەت. بڵێیت ناونیشانێکی باش بێت؟ زۆر گەورە نییە؟" "سەرکەوتنی گەورەی عەدالەت" باشترە، خاکییانەترە. دەقاودەق پڕ بە پێستی کەسایەتیی نووسەرەکەیەتی.

## بیستەم
## ١٩٥٣ – ١٩٦٨

ماوتسی تۆنگ زووبەزوو پاسپۆرتی ئینگلیزیی ساختەی بۆ ئاللان و هێربێرت ئامادە کرد. سەفەری ئاسمانیان لە ڕێگەی شینانگەوە دەستی پێ کرد و بە شانگەهای، هونگ کونگ و مالیزیادا تێپەڕین.

زۆری پێ نەچوو جووتە هەڵهاتووەکەی جارانی گولاگ لە فاسیلەی چەند مەتری ئۆقیانووسی هندی، لە کەناراوێکی سپیواژی ژێر سەیوانێکی هەتاوگیری کەنارێکدا گیرسانەوە.

هەموو شتێک بە باشی و بە دڵی وان دەچووە پێشەوە، ئەگەر کارەکەر و پێشخزمەتە ساویلکەکە، بەردەوام هەڵەی نەکردبایە. هەر کاتێ ئاللان و هێربێرت، داوای خواردنەوەیەکیان بکردایە، ئەوا پێشخزمەکەتە (ئافرەت بوو) شتێکی دیکەی بۆ دەهێنان، هەندێک جار هەر بۆی نەدەهێنان؛ چونکە لە کەناراوەکەدا ڕێگەی گوم دەکرد، بەڵام ئاللان کاتێک سەبری سەررێژ بوو کە داوای کۆکتێلی ڤۆدگا و کۆکاکۆلای کرد (بێزەحمەت با ڤۆدگاکەی زیاتر بێت) کەچی لەجیاتی ئەوە پیسانگ ئامپوون، یان لیکۆری سەوزی مۆزی بۆ هێنا.

ئاللان گوتی لە تام دەرچوو، ویستی بڕوات بۆ لای بەڕێوەبەری هۆتێلەکە و داوای پێشخزمەتێکی دیکە بکات.

هێربێرت گوتی: مەگەر بەسەر تەرمەکەی مندا تێبپەڕیت! "زۆر جوان و بەدەوە!"

پێشخزمەتەکە ناوی نی وایان لاکسمی و تەمەنی سی و دوو ساڵان بوو. تەمەنی شووکردنی تێپەڕیبوو. کیژێکی بەدەو بوو، بەڵام لە ماڵباتێکی خانەدان نەبوو، هەژار و نەدار بوو. بەوە ناسرابوو عەقڵی بە ئەندازەی عەقڵی کوداکێکە، کە بە زمانی بالی مانای قورباقە دەگەیەنێت. ئیدی بەو جۆرە لە دوورگەکەدا، کاتێک کوڕان کچانیان هەڵدەبژارد، یان کچان کوڕانیان هەڵدەبژارد، کەس نەدەچوو بە لای نی وایان لاکسمییەوە. ئەم مەسەلەیە بۆ ئەو خەم نەبوو، هەر بە خەیاڵیدا نەدەهات، چونکە نە لەگەڵ کوڕاندا، نە لەگەڵ کیژاندا ئاسوودە نەبوو، لەڕاستیدا لەگەڵ کەسدا ئاسوودە نەبوو. هەڵبەتە تا ئێستا! یەکێک لەم دوو ڕێبوارە سپیپێستە کە هاتبوونە هۆتێلەکە، هەستێکی گرنگی لا چێ کربوو. نێوی هێربێرت بوو، پێدەچوو وەک بڵێیت... شتێکی هاوبەش لەنێو ئەو و نی وایان لاکسمیدا هەبێت. هێربێرت بە کێمانی سی ساڵێک لەو گەورەتر بوو، بەڵام بە لای نی وایان لاکسمییەوە ئەمە نە کێشە بوو، نە گرنگ،

چـونکە... مەفتـوونی بووبـوو! ئەمە هەسـتێکی دوولایەنە بـوو. هێربێـرت تـا نهـا هـیچ کەسێکی نەبینیبوو، بەو ڕادەیە بە ئەندازەی خۆی گێلۆکە بێت.

کاتێک نی وایـان لاکسـمی تەمەنی گەیبـووە پازدە سـاڵان، بـابی کتێبێکی فێربـوونی زمانی پێ دابوو تا کیژەکەی لە ڕێگەی ئەو کتێبەوە فێری زمانی هۆڵاندی ببێت، چـونکە لەو سەروبەندەدا ئەندەنوسیا کۆلۆنی هۆڵەندا بوو. دوای چـوار دانە سـاڵ خوێندنەوەی ئەو کتێبە ڕۆژێک کـابرایەکی هۆڵانـدی چووبـووە ماڵیـان، نـی وایـان لاکسـمییش زاتـی وەبەر خۆ نابوو و بۆ یەکەم جار هەوڵی دابوو بە زمـانی هۆڵانـدی کە فێربـوونی زۆر سەخت بوو، قسە بکات، بەڵام ئەو پیاوە بە نی وایان لاکسمی گوتبـوو ئەو زمـانەی ئەو قسەی پێ دەکات زمانی ئەڵمانییە. تومەز بابی کە ئەویش زۆر بە هۆش و گۆش نەبوو، بە هەڵە ئەو کتێبەی پێ دابوو.

نها پاش سیازدە ساڵ لەو بـویەرە، هەمـان هەڵە بە شـێوەیەکی چـاوەڕواننەکراوی و سوودمەند ڕووی دابووەوە، چـونکە نـی وایـان لاکسـمی و هێربێرت توانیبوویـان قسـان بکەن و ڤیانی خۆ بۆ یەکدی دەرببڕن. پاش ئەوە هێربێرت داوای لە ئـاللان کـرد نیـوەی ئەو دۆلارانەی وێ بدات کە ماو پێی دابوو. تا بچێت بابی نی وایـان لاکسـمی وەدۆزێت و خوازگـاری کیـژە گەورەکەی لـێ بکـات. بـابی کیـژێ وای دەزانـی هێربێـرت شـۆخی لەگەڵـدا دەکـات. بابـایەکی فەرەنگـی، پیـاوێ سپیپێسـت، بە بەڕکـی پـڕەوە، هـاتبووە خوازگاری گێلترین کیژی ئەو، ئەوەی سەیر بوو، ئەوە بوو کـابرا بە تەنـێ هـاتبوو و لە دەرکەی وانـی دابـوو. ماڵبـاتی نـی وایـان لاکسـمی سـەر بە چینـی سـودرا بـوو، واتە نزمترین چینی، چوار چینەکەی بالی.

بابی کیژێ پرسیی: تۆ دڵنیایت بە هەڵە نەهاتوویت؟ مەبەستت کیژە گەورەکەی منە؟

هێربێرت ئەنیشـتاین وەڵام دەداتەوە، هەرچەنـدە زۆر جـار شـتەکان تـێکەڵ دەکـات و سەرچیغ دەڕوات، بەڵام ئەم جارەیان تەواو دڵنیایە کە بە سەهۆ نەچووە.

***

دوای دوو هەفتە زەماوەندیان کـرد، هەڵبەتە پاش ئەوەی هێربێرت چووبـووە سـەر ئایینی... ئایینێک کە ناوەکەی لە بیر چووبوو، بەڵام ئـایینێ بـوو، کە کەللەی فیل و ئەو شتانەی تیا بوو. بە درێژایی ئەم ماوەیە هێربێرت هەوڵی دابوو نێوی ژنە تـازەکەی فێر ببێت، بەڵام لە کۆتاییدا کۆڵی دابوو.

گـوتی: گیـانەکەم، مـن نـاتوانم نـاوەکەت لەبەر بـکەم. دەکرێت بمبووریـت و قبـووڵ بکەیت بە ئاماندا گازت بکەم؟

–بە هیچ جۆرێک قەیدیێ ناکات هێربێرتی ئازیز. ئاماندا زۆریش جوانە، بەڵام چما ئاماندا؟

هێربێرت گوتی: نازانم، خۆت ناوێکی باشترت لە خەیاڵە؟

نی وایان لاکسمی ناوێکی باشتری لە خەیاڵ نەبوو، بۆیە لەوەدوا بوو بە ئاماندا ئەنیشتاین.

هێربێرت و ئاماندا، خانوویەکیان لە گوندی سانور کڕی کە زۆر لەو هۆتێلەوە دوور نەبوو کە ئاللان لێی ئاکنجی بوو. ئیدی ئاماندا وازی لە کاری پێشخزمەتی هێنا، پێی وا بوو باشتر وایە بە خۆی دەستبەردار بێت، چونکە دڵنیا بوو درەنگ یان زوو هەر دەریدەکەن، چونکە قەت نەیدەتوانی هیچ کارێک بە دروستی ئەنجام بدات. نها هەر ئەوە مابوو، بڕیار بدەن لە ئایندەدا چ بکەن.

'ئاماندا'ش وەکو هێربێرت، هەموو شتەکانی تێکەڵ دەکرد. چەپ دەبوو بە ڕاست، سەر دەبوو بە ژێر، ئێرە دەبوو بە ئەوێ، چونکە ئاماندا قەت نەچووبووە قوتابخانە. خۆ یەکێک لە پێداویستییەکانی قوتابخانە ئەوە بوو ئینسان ڕێگەی قوتابخانەکەی ون نەکات.

ئێستا ئاماندا و هێربێرت، دۆلارێکی زۆریان هەبوو، بۆیە لە هیچ شتێک پەکیان نەدەکەوت. ئاماندا بۆ هاوسەرەکەی ڕوونکردەوە ڕاستە زۆر گێلە، بەڵام کەودەن نییە! ئەوسا بە هێربێرتی گوت کە لە ئەندەنوسیا هەموو شتێک بە پارە دەکڕدرێ، هەر کەسێک پارەی هەبێت، هەرچیەکی بوێ دەستی دەکەوێ.

هێربێرت نەیدەزانی ژنەکەی چیی دەوێت و ئاماندا کە دەیزانی حاڵی نەبوون چ دەردێکی گرانە، ئیدی بە تانی قسەدا نەچوو و گوتی: هێربێرتی ئازیزم، شتێک بڵێ کە حەز دەکەیت هەتبێت.

– مەبەستت ئەوەیە کە... بۆ نموونە توانای ئۆتۆمبێل ئاژۆتنم هەبێت؟

ئاماندا گوتی: بەڵێ، دەقاودەق!

ئەوسا عوزرخوایی کرد و گوتی دەبێت بڕوات، چونکە کاری هەیە، بەڵام بەر لە نانی ئێوارە دەگەڕێتەوە.

ئاماندا، دوای سێ سەعاتان، بۆ ماڵ زڤڕییەوە. ئیدی مۆڵەتنامەیەکی تازەی بە ناوی هێربێرتەوە پێ بوو، بەڵام هەر ئەوەندە نەبوو، شادەتنامەیەکی دیبلۆمی پێ بوو کە ئەوەی نیشاندەدا کە هێربێرت مامۆستای فێرکردنی شۆفێریە و مۆڵەتی فەرمی ئەو کارەی هەیە، پسوولەیەکیشی پێ بوو، ئەوەی نیشاندەدا کە ئاماندا فێرگەی شۆفێری گەڕەکەکەی کڕیوە و ناوەکەی گۆڕیوە و کردوویەتی بە: فێرگەی شۆفێری ئەنیشتاین.

هێربێـرت لەفکـران ڕاچـوو. ئەمە شـتێکی زۆر باشـە، بەڵام... ئەمە نەیـدەکرد بە شۆفێرێکی باشتر، دەیکرد؟ ئاماندا گوتی با، تا ڕادەیەک.

نها هێربێرت، بۆ خۆی پێگەیەکی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو بڕیاری دەدا شـۆفێری باش چییە و خراپ چۆنە. ژیان لەوێ بە جۆرێک بوو کە مەرج نەبوو ڕاست، ڕاست بێت، بەڵکو بەرپرس، چەمکی ڕاستی دیاری دەکرد. ئەو بیگوتبایە ڕاستە، ڕاستیش نەبوایە هەر ڕاست بوو.

ڕووی هێربێرت گەشایەوە. نها لە مەسەلەکە حاڵی بووبوو.

***

فێرگەی شۆفێری ئەنیشتاین، زووبەزوو بوو بە کۆمپانیایەکی سەرکەوتوو. زۆربەی هەرە زۆری خەڵکانی دوورگەکە، ئەوانەی خوازیـاری مۆڵەتنـامەی شـۆفێری بـوون، حەزیان دەکرد لە لای ئەو کابرا سپییپێستە میهرەبانە فێری شۆفێری ببن. هێربێرتیش بـلەز لەگەڵ ئەو کارەیـدا ڕاهـات. بە خـۆی هەمـوو وانە تیۆرییەکـانی دەگـوتەوە. بە شـێوەیەکی دۆسـتانە و فەرمـی ڕوونـی دەکـردەوە شـۆفێر نابێت بە خێرایـی ترومبێـل باژوێت، چونکە تامپۆن دەکات، نابێت زۆریش بە هێواشـی ترومبێل باژوێت، چونکە قەرەباڵغی چێ دەبێت. هەڵبەتە مامۆستا دەیزانی چی دەڵێت.

لە ماوەی شـەش مانگدا، دوو فێرگەکەی تری دوورگەکە لەبەر بێبازاڕی داخران، ئیدی هێربێرت بوو بە تاقە سوارەی مەیدان. هێربێرت ئەم مەسـەلەیەی لە یەکێک لە سەردانە هەفتەییەکانیدا بۆ لای ئاللان بۆ باس کردبوو.

ئاللان گوتی: هێربێرت من شانازیت پێوە دەکەم کە تۆ لەنێو ئەم هەموو خەڵکەدا، پیشـەی فێرکردنـی شـۆفێریت هەڵبـژارد، ئەمە کەم نییە! بەتـایبەتی لێرە کە بە چەپدا ئۆتۆمبێل داژۆن...

هێربێرت گوتی: بە چەپدا؟ چما لە ئەندەنوسیا بە چەپدا شۆفێری دەکەن؟

***

ئاماندا‌ش خۆی مژووڵ کردبوو. هەوەڵ جار دەستی بە خوێندنێکی باش کرد، پاشـان شـادەتنامەی لە بواری ئابووریدا وەرگـرت. ئەم بەزمە چەند هەفتەیەکـی خایانـد، بەڵام پـارەوپوولێکی زۆری تێچـوو، بەهەرحـاڵ لە ئەنجامـدا ئامانـدا شادەتنامەی وەرگرت. نمرەکانیشی بەرز بوون، شادەتنامەکەشی هیی یەکێک لە باشترین زانکۆکانی جاوە بوو.

دوای ئەوەی شادەتنامەی زانکۆیی وەرگرت، پیاسەیەکی دووورودرێژی بە کەناراوی کوتادا کرد، لەفکران ڕاچوو، دەیتوانی چ کارێک بکات تا ماڵباتەکەی دەوڵەمەند بکات؟ هەرچەندە شادەتنامەی لە ئابووریدا هەبوو، بەڵام حیسابی وەکو پێویست نەدەزانی، بەڵام دەبێت هەوڵ بدات... تۆ بڵێیت بتوانێت؟ ئاماندا ئەنیشتاین دەبیرەوە چوو کە بەڵێ، دەتوانم و سەرکەوتووش دەبم.

"خەریکی سیاسەت دەبم!"

ئاماندا ئەنیشتاین حیزبی 'لیبراڵ دیموکراتی ئازاد'ی دامەزراند (باوەڕی وا بوو هەرسێ وشەی لیبراڵ، دیموکرات و ئازاد بە ڕیزی یەکەوە زۆر باش و جوانە. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا شەشهەزار ئەندامی خەیاڵیی پەیدا کرد، هەر هەموویان باوەڕیان وا بوو دەبێت لە هەڵبژاردنی پاییزدا خۆی (ئاماندا) بۆ سەرۆکی شارەوانیی کاندید بکات. سەرۆکی شارەوانیی ئێستا ناچار بوو لەبەر پیری دەستبەرداری پۆستەکەی ببێت، بەڵام پێش ئەوەی ئاماندا بیرۆکەکەی خۆی دەرببڕێت و نیازی خۆی ئاشکرا بکات، سەروکەللەی کاندیدێکی دیکەش بۆ پۆستی سەرۆکی شارەوانی پەیدا بوو. واتە بوون بە دوو کاندید. یەکێکیان پیاوێکی سەر بە تیرەی پیدانا بوو، دووەمیان ژنێک بوو سەر بە تیرەی سودرا. ئەنجامی هەڵبژرادنەکە پێشوەختە بە قازانجی هەڤڕکەکەی ئاماندا یەکلا کرابووەوە، بەڵام ئاماندا دۆلارێکی ئێجگار زۆری هەبوو.

هێربێرت، دژی ئەوە نەبوو کە خۆشەویستەکەی کاری سیاسەت بکات، بەڵام دەیزانی ئاللان، ڕقی لە هەموو جۆرە سیاسەتێکە، بەتایبەتی لە کۆمۆنیزم، چونکە چەند ساڵێک لە گولاگ زیندانی کرابوو.

بە ناڕەحەتییەوە گوتی: یانی بە ناخێری بڕیارە ببین بە کۆمۆنیست؟

نا، بە دیدی ئاماندا نەدەبوون بە کۆمۆنیست، چونکە ئەو وشەیە لە ناوی حیزبەکەدا نەبوو، بەڵام ئەگەر هێربێرت بیەوێت ببێت بە کۆمۆنیست، دەتوانن ئەو وشەیە بۆ سەر ناوی حیزبەکە زیاد بکەن.

ئاماندا گوتی: حیزبی لیبراڵ-دیموکراتی کۆمۆنیستی ئازادی "هەستی کرد زمانی لە کاتی درکاندنی ئەو وشەیەدا باش ناگەڕێت. ڕەنگە هەندێک درێژ بێت، بەڵام خراپ نییە".

بەڵام مەبەستی هێربێرت ئەمە نەبوو. ڕێک پێچەوانەی مەبەست بوو. تا حیزبەکەیان کەمتر خۆی لە مەسەلە سیاسییەکان هەڵبقورتێنێت، باشتر بوو.

پاشان گەنگەشەی تێچووی بانگەشەی هەڵبژاردنەکەیان کرد. بە بۆچوونی ئاماندا، لە دوای هەڵبژاردن پارەیەکی ئەوتۆیان بۆ نەدەمایەوە، چونکە تێچووی سەرکەوتن ئێجگار زۆر بوو. هێربێرت ڕای چ بوو؟

هێربێرت پێی وا بوو، ئاماندا لە ماڵباتی خۆیاندا لە هەموو ئەوانی دی زیاتر سەری لەو کاروبارانە دەردەکرد. هەڵبەتە دەبوا ئەوەش بزانن هەڤرکییەکە زۆر توند نەبوو.

ئاماندا گوتی: دەیسا زۆر چاکە! کەواتە سێ یەکی سەرمایەکەمان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن تەرخان دەکەین، سێ یەکی بە بەرتیل دەدەین بە سەرانی بازنەکانی هەڵبژاردن، سێ یەکی بۆ ناوزڕاندن و بەدناوکردنی هەڤرک و ڕکابەرە سەرەکییەکە تەرخان دەکەین، سێ یەکیشی، ئەگەر ئەنجام بە قازانجی مە نەبوو، بۆ ژیان و گوزەرانی خۆمان هەڵدەگرین. باشە؟

هێربێرت، کەپووی خوراند و هیچ بۆچوونێکی بە مێشکدا نەهات، بەڵام باسی نەخشەکەی ئاماندای بۆ ئاللان کرد. ئاللان دەبیرەوە چوو، سەیرە، ئافرەتێک کە جیاوازیی لیکوری مۆز و ڤۆدگای نەدەکرد، نها بە هەموو عەقڵێکی خۆیەوە، باوەڕی وا بوو دەتوانێت ببێت بە سەرۆکی شارەوانی، تەنها ئاهێکی هەڵکێشا و تەواو. ئیدی ڕیش بووبوو بە ڕیشەوە، چ قەیدییە، ئەوان بە گوێنییەک دۆلاری دیاریی ماوتسی تۆنگەوە دەستیان پێ کردبوو، ئاللان هێشتا پارەیەکی زۆری لە بەشەکەی خۆی پێ مابوو. بەڵێنی بە هێربێرت و ئاماندا دا کە لە دوای هەڵبژاردنیش بڕێک پارەی دیکەیان پێ بدات، بەڵام دوای ئەوە، حەزی نەدەکرد هیچ شتێک دەربارەی ئەو پرۆژانە بژنەوێت کە هێربێرت و ئاماندا سەریان لێ دەرنەدەکرد.

هێربێرت، سوپاسی ئاللانی کرد، سەبارەت بەوەی بەڵێنی دابوو کۆمەکیان بکات. ئاللان، پیاوێکی میهرەبان بوو، هێربێرت عەقڵی بەمەدا دەشکا و ئەمەی لەبەرچاو بوو.

بەڵام پێویستی بە کۆمەکی ئاللان نەبوو. هەڵبژاردنەکە، بە قازانجی ئاماندا کۆتایی هات. لە سەدا هەشتای دەنگەکانی هێنا، خەنیمەکەی تەنها لە سەدا بیست و دووی دەنگەکانی هێنا. ئیدی خەنیمەکەی ئاماندا باوەڕی وا بوو بەشداریی سەدا سەدی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکەدا، خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە هەڵبژاردنەکە عادیلانە نەبووە، بۆیە سکاڵای کرد، بەڵام دادگا سکاڵاکەی ڕەت کردەوە و هەڕەشەی لێ کرد کە ئەگەر بیەوێت ناوی سەرۆکی شارەوانیی هەڵبژێردراو خاتوو ئەنیشتاین بزڕێنێت، ئەوا سزای خراپ چاوەڕوانی دەکات. پێش ڕاگەیاندنی بڕیاری کۆتایی دادگا، ئاماندا بە ڕێکەوت لەگەڵ قازیدا ڕۆنیشتبوو و پێکەوە چایەکیان خواردبووەوە.

***

بە درێژایی ئەو دەورانەی ئاماندا ئەنیشتاین بەرەبەرە، بەڵام بە قودرەت و شیانەوە، دوورگەکەی کۆنترۆڵ دەکرد و هێربێرتی مێردی، خەڵکی فێری شۆفێری دەکرد

(هەڵبەتە ب ەخۆی ئەگەر زۆر زەرووری نەبایە، لە پشت سووکانەوە دانەدەنیشت.) ئاللانیش بە کەماڵی ئیسراحەت، لە کەناراوە درێژەکەدا و لەسەر کورسییەکەی خۆی ڕۆدەنیشت و ڤەخوارنی دڵخوازی خۆی دەست دەکەوت. لەوەتای ئاماندا دەستبەرداری کاری پێشخزمەتی بووبوو، ئیدی ئاللان حەسابووەوە، هەمان ئەو شتەی بۆ دەهێنرا کە ڕایدەسپارد. ئاللان، جگە لەوەی هەر کوێیەکی بەدڵ بوایە، لەوێندەر ڕۆدەنیشت و چ خواردنەوەیەکی ویستبا ئەوەی دەخواردەوە، هەر ڕۆژنامەیەکی نێونەتەوەییشی داوا کردبا، بۆیان دەهێنا و چاوێکی پێدا دەخشاند. ئیدی بریس بوایە خواردنی دەخوارد، خەوی بهاتبایە لە ژوورەکەی خۆیدا دەنووست.

***

ڕۆژان بوون بە هەفتە، هەفتە بوون بە هەیڤان، هەیڤ بوون بە ساڵان و ئاللان لە بێئیشی بێزار نەدەبوو. پازدە ساڵ بووری و هێشتا دۆلارێکی زۆری پێ مابوو. هۆی ئەمەش ئەوە بوو کە لە هەوەڵەوە بڕی دۆلارەکانی ئێجگار زۆر بوو، لەمەش گرنگتر ئەمە بوو کە ماوەیەک بوو هێربێرت و ئاماندا ئەو هۆتێلەیان کڕیبوو کە ئاللان لەوێندەر ئاکنجی بوو. ئیدی لەوە بەدواوە ئاللان تاقە میوانی بە خۆڕایی هۆتێلەکە بوو؛ کرێیان لێ وەرنەدەگرت.

ئاللان، نها تەمەنی بووبوو بە شەست و سێ ساڵ، وێڕای ئەوەش زیاد لە پێویست نەدەجووڵا، ئاماندا لە کاروباری سیاسیدا، ڕۆژبەڕۆژ پتر دەچووە پێشەوە و بەهێز و بەهێزتر دەبوو. زۆربەی خەڵکی خۆشیان دەویست، ئەمە بە ئاشکرا لە ئەنجامی ئەو ڕاپرسییانەوە بەدیار دەکەوت کە دەزگایەکی ئاماری لۆکاڵی ئەنجامی دەدا، خاوەن و بەڕێوەبەری ئەو دەزگایەش یەکێک بوو لە خۆشکەکانی ئاماندا. دەبێت ئەوەش بگوترێت ڕێکخراوی مافی مرۆڤ، دوورگەی بالی، لەنێو وڵاتاندا، وا پۆلێن کرابوو کە کەمترین گەندەڵیی تێدایە. هۆیەکەشی ئەمە بوو کە ئاماندا، بەرتیلی بە هەموو ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوە دابوو و سمێڵی چەور کردبوون.

وێڕای ئەوەی پەیگیری و دیڤچوونی ئەنتی گەندەڵی یەکێک بوو لەو سێ دیاردە و چالاکییەی سەرۆکی شارەوانیی یەکەی ئاماندای گوایە پێ دەناسرایەوە. ئاماندا، تەنانەت وانەی ئەنتی گەندەڵی لە هەموو قوتابخانەکانی بالیدا کردبوو بە ناچاری. لە هەوەڵەوە بەڕێوەبەری یەکێک لە قوتابخانەکانی دنپاسار، نارەزایی دەربڕیبوو، چونکە پێی وا بوو ئەو کارانە ئەنجامی پێچەوانەیان هەیە، بەڵام پاشان کە ئاماندا، ئەو کابرایەی کردبوو بە سەرۆکی قوتابخانەکە و مووچەکەی کردبوو بە دوو هێندە، ئیدی کابرا ملی دابووە خەت و ورتەی لێوە نەهات.

دیاردەی دووەمـی چالاکییەکـانی ئامانـدا، دژبەری کۆمـۆنیزم بـوو. ئامانـدا، بەر لە هەڵبژرادنەکە بڕیاری دابوو حیزبی کۆمۆنیزم هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە حیزبی نێوبراو خەریــک بــوو زۆر گەورە دەبــوو، بەرەو ئەوە دەچــوو، بەرژەوەنــدیی ئەو بخــاتە مەترسییەوە. بۆیە ئەم کارەی ئاماندا کردیە کارێک بە بودجەیەکی زۆر کەمتر، لەوەی ئەگەر حیزبی کۆمۆنیست لەئارادا بوایە، لە هەڵبژاردنەکەدا سەر بکەوێت.

سـێیەمین فـاکتەری سـەرکەوتنەکانی ئامانـدا، بـوونی هێربێـرت و ئـاللان بـوو، لە گوتەکـانی ئەوانەوە بـۆی دەرکەوتبـوو پلەی گەرمـا لە شـوێنانی دیکەی دنیـا، بە هـیچ جۆرێک بە درێژایی سـاڵ سـی پلەی سـەروو سفر نییە. لەو شـوێنەدا کە ئەوان پێیـان دەگـوت ئەورووپـا، کەشـوهەوا ئێجگـار سـارد بـوو، بەتـایبەتی بەشـی بـاکوورەکەی کە ئاللان لەوێندەرەوە هـاتبوو، ئێجگـار سـارد بـوو. ئیدی ئاماندا کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتە سەر مۆڵەتی بیناکردنی هۆتێلی گەشتیاری، لەسەر ئەو ئەرزانە بدات کە تـازە بـۆ خـۆی کڕیبوونی، گوایە بەمە یارمەتیی پەرەسەندنی سەنعەتی گەشتیاری لە دەڤەرەکە دەدات.

لە زۆر شتی دیکەشدا، هەموو هۆش و گۆشی لای ئەوە بوو بەگوێرەی توانا چاوی لە خـزم و کەس و کـارەکەی بێـت. ئیـدی زۆری نەبردبـوو بـاب، داک، خوشـک، مـام، پوورەکان و منداڵەکانیان لە کۆمەڵگەی بالیدا، بوون بە خودانی پۆستی گەورە و چەور. ئەمەش بـووە بایســی وەی ئامانــدا بە لای کەمەوە دوو جـاری دی هەڵبژێـردرێتەوە، هەڵبەتە لە جاری دووەمدا ژمارەی دەنگ و دەنگدەرەکانی زۆر زیاتر بوو.

بە درێژایــی ئەو ســاڵانە ئامانــدا دوو کــوڕی بووبــوو: یەکەمیــانی نــاو نــا ئــاللان ئەنیشتاین (هێربێرت نـاوی ئاللانی هەڵبژاردبوو وەکو وەفـایەک بۆ ئاللانی دۆسـتی تـا هەتاهەتـایە چـاکەی ئەوی لەبەرچـاو بێـت) دووەمیـانی نـاو نـا مـاو ئەنیشـتاین (وەکـو وەفایەک بۆ ئەو گوێنییە دۆلارەی ماوتسی تۆنگ پێی دابوون.)

بەڵام ڕۆژێک هەموو شتێک هەرەسی هێنـا. کاتێـک گـانگوک ئاگونـگ، کێوە گڕکـانییە بەرزەکە، کە نزیکەی سێهەزار مەتر بەرز دەبوو، تەقییەوە و هەڵچوو، هەمـوو شـتێک هەرەسی هێنا. کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەو گڕکانە بۆ ئاللان کە شەست کیلۆمەترێک لە گڕکـانەکەوە دوور بـوو، ئەمە بـوو، کە دووکەڵ بەری هەتـاوی گرتبـوو، بەڵام بـۆ خەڵکی زۆر خراتر بوو. هەزاران کەس مردن و خەڵکانێکی زۆر زیاتر ناچـار بوون لە دوورگەکە هەڵبێن. سـەرۆکی شـارەوانییە تـا ئەوکـاتە خۆشـەویست و گەلەرییەکە، هـیچ بڕیارێکی باشی دەرنەکرد. تەنانەت ئەقڵی بەوە نەشکا کە دەبوایە ژمـارەیەک بڕیـاری پێویست دەربکات.

هەڵچوونی گڕکانەکە بەرەبەرە دامرکایەوە، بەڵام دوورگەکە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە وەکو هەموو بەشەکانی دیکەی وڵات لە هەڵچوون و تەقینەوەی بەردەوامدا بوو. لە جاکارتادا سوهارتو، جێگەی سوکارنۆی گرتەوە و ڕێبەری تازە بەتەما نەبوو وەکو ئەوەی پێش خۆی هیچ چاوپۆشییەک لە کەچڕەوییە جۆراوجۆرە سیاسییەکانی وڵات بکات. ئیدی سوهارتۆ کەوتە ڕاوەدوونانی کۆمۆنیستان، کۆمۆنیستانی ئیفترازی، کۆمۆنیستانی گومانبار، کۆمۆنیستانی ئیحتیمالی، ئەوانەی بە عەمراتیان کۆمۆنیست نەبوون، هەر کەسێکی بێ گوناح کە هەندێک غەریب دیار بوایە. زۆری نەبرد نزیکەی دووسەد بۆ سێسەد هەزار کەس کوژران. هەڵبەتە ژمارە و ئاماری دروست لەبەردەستدا نەبوو، چونکە خەڵکانێکی زۆر لەوانەی بە بنەچە چینی بوون، مۆری کۆمۆنیستیان پێوە نرا و لە کەشتی بار کران و لە ئەندەنوسیا وەدەر نران. وەختایەک ئەو خەڵکانە لە کەناراوەکانی چین دابەزین، وەکو سەرمایەدار مامەڵەیان لەتەکدا کرا.

وەختایەک-دووکەڵی گڕکانەکە ڕەوییەوە، ئیدی تاقە یەک کەس نەبوو لەو دووسەدملیۆن خەڵکەی ئەندەنوسیا، کە لافی کۆمۆنیزم لێ بدات (شیوعییەت بە تاوان دانرابوو) سوهارتۆ کە ئەرکی خۆی تەواو کرد، ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی دەعوەت کرد تا سەروەت و سامانی وڵات لە نێوانی خۆیاندا دابەش بکەن. ئەم کارە بووە مایەی ئەوەی چەرخی ئابووریی وڵات کەمێک بجووڵێت. گوزەرانی خەڵکی پیچەک باش بوو، خودی سوهارتۆ، بە شێوەیەکی باوەڕنەکردەنی دەوڵەمەند بوو، ئەمە بۆ بابایەکی سەرباز کە ژیانی سەربازیی خۆی بە قاچاغچیاتی شەکر دەست پێ کرد، خراپ نەبوو.

***

سەبارەت بە ئاماندا ئەنیشتاین ئیدی سەرۆکی شارەوانی هیچ لەزەتێکی نەما. هەوڵەکانی حکوومەتی جاکارتا، بۆ ئەوەی جەماوەری خەڵک بێنە سەر ڕێگەی دروستی بیرکردنەوە؛ ڕەوشی بیرکردنەوەیان بگۆڕن، بووە بایسی ئەوەی نزیکەی هەشتا هەزار کەسی خەڵکی بالی گیانیان لەدەست بدەن.

هێربێرت، لەو فەرتەنە و هەرا و هەنگامەیەدا خۆی خانەنشین کرد. ئاماندایش هەرچەندە هێشتا تەمەنی نەگەیبووە پەنجا ساڵ، بڕیاری دا ئەویش وەکو مێردەکەی خۆی خانەنشین بکات. نها ماڵباتی وان خودانی موڵک و ماڵی زۆر و هۆتێلان بوون.

ئەو دۆلارانەی بەرەکەتی خستبووە ژیانیانەوە، نها زۆر زیاتر بووبوو. بۆیە جێی خۆی بوو ئاماندا خۆی خانەنشین بکات، بەڵام دوای ئەوە چ کارێکی بکردایە؟

سوهارتۆ، دەستی دایە تەلەفۆن، دوای ئەوەی خۆی ناساند، یەکسەر پرسیی: چۆنە بتکەین بە  کونسووڵ لە پاریس؟

سوهارتۆ، ئاگاداری ئەوە بوو، کە ئاماندا، بە چ جیددییەتێک لە بالی کۆمۆنیستەکانی سەرکوت کردبوو. هەروەها خوازیاری ئەوە بوو لە پۆستە باڵاکانی  کونسووڵخانەکانی ئەندەنوسیادا، ڕەچاوی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو بکرێت (ئەگەر ئاماندا ئەو پۆستەی قبووڵ بکردایە، ئەوا ڕێژەکە دەگەییە بیست و چوار بە یەک).

ئاماندا ئەنیشتاین، لە وەڵامی سوهارتۆدا گوتی: پاریس؟ لە کوێیە؟

***

ئاللان، لە هەوەڵەوە وای وێنا کرد فەوەرانی گڕکانەکەی ساڵی ١٩٦٣، جۆرە خواستێکی خوایی بوو، تا ئەو ئاگادار ببێتەوە کاتی ڕۆیشتنی هاتووە، بەڵام کە دووکەڵ و مژ و دوومانی گڕکانەکە ڕەوییەوە، دووبارە هەتاو بەدەر کەوت، کاروبارەکان هاتنەوە تایم (تەنها ئەوە نەبێت، کە لەبەر هەندێک هۆی نادیار، شەڕی نێوخۆ لە شەقامەکاندا بەرپا بووبوو) ئیدی بەو ئاوایە ئاللان چەند ساڵێکی دی، لەسەر کورسییەکەی دیار کەناراوەکە، بەسەر برد.

پاشان، ئاللان بە فەزڵی هێربێرت باروبنەی پێچایەوە تا لە بالی بڕوات. هێربێرت، ڕۆژێک بە ئاللانی گوت بڕیارە ئەو و ئاماندا بۆ پاریس بڕۆن، ئەگەر ئاللان حەز دەکات لەگەڵیداندا بڕوات، ئەوا دۆستەکانی هێربێرت ئامادەن لەجیاتی ئەو پاسپۆرتە بەریتانییە ساختەیەی ماوەکەی بەسەر چووبوو، پاسپۆرتێکی ساختەی ئەندەنوسیایی بۆ دروست بکەن. هەڵبەتە  کونسووڵی ئایندەش کە بڕیار بوو خاتوو ئاماندا بێت، کارێکی وەهای دەکرد لە  کونسووڵخانەکەیدا، کارێک بۆ ئاللان پەیدا بکات و بێئیش نەبێت. هەڵبەتە نەک لەبەر ئەوەی دەبوا ئاللان کارێک بکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی فەڕەنسییەکان، بە زەحمەت ڕێگەی خەڵکیان دەدا بچێتە وڵاتەکەیانەوە.

ئاللان پێشنیازەکەی هێربێرتی قبووڵ کرد. زیاد لە پێویست ئیسراحەتی کردبوو. ئەمە جگە لەوەی پێدەچوو پاریس شوێنێکی ئارام بێت و ئەو ئاژاوە و فەرتەنەیەی لەو دواییانەدا لە بالی، تەنانەت لە دەوروبەری هۆتێلەکەی ئاللانیشدا بەرپا بووبوو، لەوێ، لە پاریس نەبێت.

دەبوایە لە ماوەی سێ هەفتەی دیکەدا بڕۆن. ئاماندا دەبوایە لە ٥/١دا، لە کونسوولخانەی ناڤبریدا دەستبەکار بێت. ئەو ساڵە، ساڵی ١٩٦٨ بوو.

**بیست و یەکەم**

**پێنجشەممە، ٢٠٠٥/٥/٢٦**

وەختایەک گەورە لێکۆڵەر ئارونسون، خۆی بە مەزرای کلۆکەرێدا کرد، پێر گونار گێردین لە غوڕابی خەودا بوو، سەیر ئەوە بوو ئاللان ئیمانوئێل کارلسون، بە کەماڵی ئیسراحەت لەسەر جۆلانەکەی بانێژە دارینە گەورەکەی خانووەکە دانیشتبوو.

بێننی و جوانێ و گێلە مژوولّی ئەوە بوون ئاو بۆ عەمارەکە بەرن کە نها کرابوو بە گەوری سونیا. یولیوس ڕیشی بەر دابووەوە و گرووپەکە ڕێیان دابوو لەگەڵ بووسێدا بۆ فالکوپینگ بڕۆن، تا خواردن و ئازووقە بکڕن. ئاللان لەسەر جۆلانەکەی خەو بردبوویەوە و تا ئەو کاتەی ئارونسون گەییە دیار سەری بێدار نەبووەوە.

ئارونسون گوتی: پێم وایە تۆ ئاللان کارلسونی؟

ئاللان چاوی هەڵهێنا و گوتی خۆیشی هەر پێی وایە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە نەیدەزانی ئەو کەسەی بە دیاریەوە وەستابوو کێیە. "دەکرێت جەنابیان لوتف بفەرموون و خۆیان بناسێنن؟"

گەورە لێکۆڵەرەکە گوتی: 'بێگومان' پاشان گوتی نێوی ئارونسونە و قۆمیسەری پۆلیسە. گوتی ماوەیەکە چاودێریی جەنابی کارلسونە، ئێستا کارلسون بە تۆمەتی کوشتنی چەند کەسێک دەستبەسەرە. دۆستانی جەنابی کارلسون، جەنابی یونسن، جەنابی لیونبرگ و خانم بیورکلاندیش بە هەمان تۆمەت فەرمانی گرتنیان هەیە. ئاخۆ جەنابی کارلسون دەتوانێت پێمان بڵێت ئەوانە لە کوێن؟

ئاللان هیچ پەلەی وەڵامدانەوەی نەبوو. گوتی بۆ وەڵامدانەوە پێویستی بەوەیە حەواسی جەموجۆر بکاتەوە، چونکە تازە لەخەو بێدار بووبووەوە، ئومێدەوار بوو جەنابی گەورە لێکۆڵەر لێی حاڵی بێت و لە مەبەستی تێبگات. ئینسان ناتوانێت بەبێ ئەوەی بە دروستی بیر بکاتەوە، باسی هاوڕێکانی بکات. بێگومان گەورەلێکۆڵەریش پەی بەمە دەبات.

ئارونسون گوتی ئەرکی ئەو ئامۆژگاری نییە، وا چاکە جەنابی کارلسون پەلە بکات و هەرچییەک دەربارەی هاوڕێکانی دەزانی، بە وی بڵێ. ئەوەی ڕاستی بێت ئارونسونیش زۆر پەلەی نەبوو.

ئاللان کاتێک گوێی لەو قسەیە بوو کەمێک دڵنیایی پەیدا کرد و داوای لە گەورە لێکۆڵەرەکە کرد، لەسەر جۆلانەکە دابنیشێت، تا ئەو بچێت بۆ مووبەقەکە و قاوەیەکی بۆ بهێنێت.

جەنابی لێکۆڵەر قاوەکەت بە شەکر بێت یان بە شیر؟

ئارونسون، لەو کەسانە نەبوو، لەو پۆلیسانە نەبوو، زۆر بە ئاسانی ڕێگە بدات تۆمەتباران لە چنگی دەرباز بن، تەنانەت ئەگەر چوونی تۆمەتبارەکە بۆ مووبەقەکەی تەنیشتیشی بێت، بەڵام سەبارەت بەم تۆمەتبارە جۆرە دڵنیایی و متمانەیەک لەئارادا بوو؛ ئارونسون، لەسەر جۆلانەکەوە بەتەواوی مووبەقەکەی لێوە دیار بوو. بۆیە ئارونسون، سوپاسی خوڵک و مجامەلەکەی ئاللانی کرد. بە ئاللانی گوت: بێزەحمەت بە شیر، بەبێ شەکر.

ئیدی بە کەماڵی ئیسراحەت لەسەر جۆلانەکە ڕۆنیشت.

ئاللانی تازە دەستگیرکراو لە مووبەقەکەدا خۆی مژووڵ کرد (یەک دانە شیرینیی دانیمارکیت بۆ بهێنم؟)

ئارونسون، لەبەر هەیوانەکەدا ڕۆنیشتبوو و تەمەشای ئەوی دەکرد، بە خۆیشی نەیدەزانی بۆ بەو خەمساردییەوە، مامەڵەی لەگەڵ ئەو پیاوەدا دەکرد. وەختایەک یارۆی پیرەمێردی بە تەنها لە هەیوانی ماڵەکەدا بینیبوو، وای وێنا کردبوو بێگومان باوکی بووسێ لیونبرگە و بێگومان پیرەمێرد دەتوانێت ئەو بۆ لای کوڕەکەی ببات. پاشان کوڕەکەی دەیگوت هیچ یەکێک لەو داواکراوانە لەو دەوروبەرە نین، هاتنەکەی ئەویش بۆ ڤێستەر یۆتالاند بەفیڕۆ دەچوو.

بەڵام کاتێک ئارونسون بە ئەندازەی پێویست لە هەیوانەکە نزیک بووبووەوە، بۆی دەرکەوتبوو پیرەمێردی سەر جۆلانەکە خودی ئاللان کارلسونە. ئارونسون بەوپەڕی ئارامی و پیشەییانە ڕەفتاری کردبوو، هەڵبەتە ئەگەر کرابا، ڕێگە بە کابرایەکی تۆمەتبار بە کوشتنی سێ کەس بدرێت، بچێت بۆ مووبەق و قاوە لێ بنێت، بە کارێکی پیشەیی، بزانرێت. لێ ئارونسون نها لەوێ دانیشتبوو، هەستی دەکرد کەسێکی بێئەزموونی تازە کارە. ئاللان کارلسونی سەد ساڵە، وەکو کەسێکی ترسناک نەدەهاتە بەرچاو، بەڵام ئەگەر سەر و سیمای سێ گومانلێکراوەکەی دی پەیدا بوایە، ئارونسون دەبوایە چی بکات. ڕەنگە لەگەڵ بووسێدا پەیدا بن، کە ئەویش دەبوا بە تۆمەتی داڵدەدانی تاوانباران، دەستگیر بکرایە؟

ئاللان، لە مووبەقەکەوە هاواری کرد: بە شیر و بێ شەکر؟ پیاو لەم تەمەنەی مندا زوو شتی بیر دەچێتەوە.

ئارونسون، داواکەی، کە قاوەی بە شیر و بێ شەکر بوو، دووبارە کردەوە. ئەوسا مۆبایلەکەی دەرهێنا تا داوا لە هاوکارەکانی کە لە فالکوپینگ بوون، بکات کە هێزی پشتیوانیی بۆ بنێرن، بە لای کەمەوە پێویستی بە دوو ئۆتۆمبێل بوو.

بەڵام بەر لەوەی ئەم فریای تەلەفۆن بکەوێت، زەنگی مۆبایلەکەی لێی دا، داواکاری گشتی ڕانیلید بوو کە هەواڵێکی گرنگی پێ بوو.

**بیست و دووەمین**

**چوارشەممە، ٥/٢٥ – پێنجشەممە ٢٠٠٥/٥/٢٦**

ئەو دەریاوانە میسرییەی تەرمە گەنیوەکەی بینگ بایلوند (برغوو) دابوو بە ماسیانی دەریای سوور، ئەنجام گەییە جیبوتی تا مۆڵەتە سێ ڕۆژییەکەی لەوێندەر بەسەر بەرێت. جزدانەکەی 'برغوو'ی لە گیرفانی پاشەوەی پانتۆڵەکەی نابوو، هەشتسەد کرۆنی سوێدیی تیا بوو، یارۆی دەریاوان نەیدەزانی بەهای ئەو برە پارەیە چەندە، بەڵام ئومێدی ئەوەی هەبوو بەهایەکی زۆری هەبێت. نها لە شوێنێک دەگەڕا ئەو پارەیە بگۆڕێتەوە.

پایتەختی جیبوتی، هەر بە ناوی وڵاتەکەوە ناو نراوە جیبوتی. شارێکی تازە و زیندوو و پڕ جموجۆڵە. زیندوێتیی جیبوتی لەوەدایە شوێنێکی ستراتیژی لە قەڕنی ئەفریقیدا هەیە، ڕێک کەوتووەتە خاڵی یەکانگیری دەریای سوور و ئۆقیانووسەوە، تازەییەکەشی لەوەدایە، چونکە ڕونیشڤانانی جیبوتی تەمەنیان کورتە، بە دەگمەن کەسانێک هەن تەمەنیان بگاتە پەنجا ساڵ.

دەریاوانە میسرییەکە لە بازاڕی ماسیفرۆشانی شار لای دا تا جارێک نانێکی چەور بخوات، پاشان بڕوات شوێنێک بدۆزێتەوە و پارەکەی بگۆڕێتەوە. پیاوێک بە لایەوە وەستابوو کە بۆنی ئارەقەی لێ دەهات. کابرا خۆ وڵاتی بوو، بەردەوام بە نیگەرانییەوە ئەم پێ و ئەو پێی دەکرد. ڕوانینێکی گەرم و ئاشقانە لە چاویدا شەپۆلی دەدا.

دەریاوانە میسرییەکە بە لایەوە سەیر نەبوو کابرا ئەو هەموو ئارەقەیەی کردبووەوە، چونکە پلەی گەرما لە سێبەردا هەر سی و پێنج پلە دەبوو، کەچی کابرای ئارەقەکردوو، دوو پانتۆڵ و دوو کراسی لەبەر و کڵاوێکی گوڵنگداری لەسەر کردبوو.

کابرای ئارەقەکردوو، لە بیستەکانی تەمەنیدا بوو، حەزی نەدەکرد لەوەی پتر بژی، گیانێکی شۆڕشگێڕانەی هەبوو، نەک لەبەر ئەوەی نیوەی خەڵکی وڵات بێئیش و کار بوون، یان پێنج یەکی خەڵکەکە نەخۆشیی ئایدزیان هەبوو، یان لەبەر نەبوون و کەمیی کوشندەی ئاوی خواردنەوە، یان لەبەر بەبیابانبوونی زەویی کشتوکاڵی. نەخێر لەبەر

ئەوانە نەبوو، کابرا لەوە تووڕە و نیگەران بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکان تازە ئۆردووگایەکی سوپایی لە وڵاتەکەیاندا دامەزراندبوو.

هەڵبەتە، ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەم بارەیەوە تاقە وڵات نەبوو. فەڕەنسییەکانیش ئۆردووگایەکیان لە جیبوتیدا هەبوو. پەیوەندییەکی مکووم لە نێوان جیبوتی و فەڕەنسادا هەبوو. ئەم وڵاتە پێشتر بە سومالی فەڕەنسی (هەڵبەتە بە زمانی فەڕەنسی) ناو دەبرا، ئیدی لە حەفتاکاندا فەڕەنسییەکان، ڕێیان دابوو ئەم وڵاتە خۆی کاروباری خۆی بەڕێوە ببات.

نها ئەمریکییەکان، دوای دان و سانێکی زۆر، مافی ئەوەیان وەرگرتبوو ئۆردووگای سەربازیی خۆیان لە نزیکی ئۆردووگای فەیلەقی دەرەکیی فەڕەنسادا دابمەزرێنن. ئەمریکاییەکان بەو ئاوایە دەیانتوانی هەم لە کەنداوی فارسەوە، هەم لە ئەفغانستانەوە نزیک بن، هەم لە نزیکەوە چاودێریی ئەو بویەرە خەمناکە بکەن کە لە ئانوساتدا بوو لە ئەفریقای ناوەندا ڕوو بدەن.

ئەمە بۆ ئەمریکییەکان بیرۆکەیەکی باش بوو، کەچی جیبوتییەکان هەر بیریشیان لەمە نەدەکردەوە، عەزرەتی ژیان بوون، خواخوایان بوو ڕۆژێک زیاتر بژین.

بەڵام وا دیار بوو، یەکێکیان، هەلی بۆ هەڵکەوتبوو، تا زیاتر بیر لە ئامادەیی ئەمریکییەکان بکاتەوە، یان ئەوەندەی بایەخی بە لایەنی ئۆلی خۆی دەدا، ئەوەندە بیری لە بەرژەوەندیی دنیایی خۆی نەدەکردەوە.

هۆی ئەمە هەرچییەک بوو، ئەو کابرایە نها بە پایتەختدا دەسوڕایەوە، لەدووی ئەو دەستە سەربازە ئەمریکاییانە دەگەڕا، کە بە مادونی بۆ ناوشار دابەزیبوون. کابرای گەنج بەدەم ڕێگەوە لەو تەلە هەڵکەوت کە بڕیار بوو لە کاتی گونجاودا ڕایبکێشێت تا هەم ئەمریکاییەکان حەواڵەی دۆزەخ بکات و خۆیشی بەرەو بەهەشت باڵ بدات.

بەڵام وەکو لە سەرێڕا بیستمان، دنیا گەرم بوو (ئیدی هەوای جیبوتی بە شێوەیەکی گشتی گەرمە) کابرا، بۆمبەکەی بە ناوقەدی خۆیەوە بەستبوو، دوو کراسی بەسەریدا لەبەر کردبوو. دیار بوو کابرای خۆکوژ لەو کاتەدا زۆری گەرمای بوو، خەریک بوو لە گەرمادا دەسووتا، کە لە کۆتاییدا گەییە ئەو باوەڕەی تەلەکە کەمێک زیاتر ڕابکێشێت. کابرا بەم کارەی هەم خۆی و هەم ئەو خەڵکە نەگبەتەی بە ڕێکەوت لە دەوروبەری ئەو بوون، پارچەپارچە کرد. جگە لە خۆی دوو جیبوتیی دیکەش بە هۆی سەختیی برینەکانیانەوە مردن و دە نەفەری دیکەش بە سەختی بریندار بوون.

هیچ کەسێک لە قوربانییەکان ئەمریکایی نەبوون، بەڵام ئەو پیاوەی لە نزیکی یارۆی خۆکوژەوە وەستابوو، پێدەچوو ئەورووپایی بێت. پۆلیس جزدانەکەیان لە لای

پاشماوەی جەستەکەیەوە دۆزیبووەوە کە هیچی لێ نەهاتبوو. جگە لە هەشتسەد کرۆنی سویدی، پاسپۆرت و ئاژۆتننامەشی تیا بوو.

***

ڕۆژی دوایی سەرۆکی شارەوانیی جیبوتی، کونسووڵی فەخری سویدی لە جیبوتی ئاگادار کردەوە هەموو بەڵگەنامەکان ئەوە نیشان دەدەن هاوولاتییەکی سویدی بە نێوی ئەریک بینگ بایلوند، لە ڕووداوی تەقینەوە تیرۆریستییەکەی بازاڕی ماسیفرۆشانی شاردا کوژراوە. بە داخەوە بەرپرسانی شار نەیانتوانیوە تەرمەکەی ڕادەستی کونسوولخانەی سویدی بکەنەوە، چونکە تەرمەکەی پارچەپارچە بووبوو، بەڵام پارچەکانیان لە ڕێوڕەسمێکی شکۆمەندانەدا سووتاندبوو.

جزدانەکەی بایلوند کە ڕادەستی کونسووڵی فەخری سوید کرابوو، ئاژۆتننامە و پاسپۆرتێکی تێدا بوو (بەڵام پێدەچوو پارەکە لە ڕێگەدا ون بووبێت) سەرۆکی شارەوانیی شار، تەوازی هێنایەوە کە شارەکەیان نەیتوانیبوو، پارێزگاری لەو هاوولاتییە سویدییە بکات، بەڵام هەستی دەکرد پێویستە خاڵێک بۆ کونسووڵی فەخری ڕوون بکاتەوە.

بایلوند بەبێ ڤیزای فەرمی داخڵی جیبوتی بووبوو. سەرۆکی شارەوانیی شار نەیدەزانی چەند جار ئەم کێشەیەی لەگەڵ فەرەنسییەکان و لەگەڵ سەرۆککۆمار گویلەدا باس کردبوو. ئەگەر فەرەنسییەکان بیانەوێ سەربازانی فەرەنسی بۆ ئۆردووگاکەی خۆیان بگوازنەوە، ئەوە پەیوەندیی بە خۆیانەوە هەیە، بەڵام ئەگەر سەربازێک بیەوێت لە ئۆردووگای فەیلەقەوە بێت بۆ ناو شاری جیبوتی (سەرۆکی شارەوانیی شار، دەستەواژەی شارەکەی منی بەکار برد) ئەوسا بە کەسێکی سڤیل دێتە ژماردن، دەبێت بەڵگەنامەی دروستی پێ بێت. سەرۆکی شارەوانی کەمترین گومانی لەوە نەبوو بایلوند سەربازێکی سەر بە فەیلەقی خاریجی بوو. ئەمریکاییەکان ڕەچاوی یاسایان دەکرد، بەڵام فەرەنسییەکان بە جۆرێک ڕەفتاریان دەکرد وەکو ئەوەی هێشتا لە سوماڵی فەرەنسیدا بن.

کونسووڵی فەخری، سوپاسی هاوخەمییەکانی سەرۆکی شارەوانیی شاری کرد و بە درۆوە بەڵێنی پێ دا لە دەرفەتێکی گونجاودا، لەگەڵ نوێنەرانی فەرەنسیدا باسی بابەتی ڤیزا بکات.

***

ئەمە ئەزمـوونێکی ئێجگـار سـامناک بـوو بـۆ ئـارنیس ئیکسـتنی بەدبەخـت، کە لە مەیـدانی سـکرابخانەی باشـووری ڕێـگەی پـایتەختی لاتیفـا بەرپرسـی دەزگـای پانکردنەوەی ترومبێلانی لێدراو بوو. کاتێک دوا ئۆتۆمبێلی ڕیزی ترومبێلە سکراب و لێدراوەکان بەتەواوەتی پان کرایەوە و تەخت بوو، لەناکاودا قۆڵی ئینسانێکی بینی کە لەو شەش پاڵووە کانزاییەوە هاتە دەرەوە کە تا چەند ساتێک لەوەوپێش ئۆتۆمبێل بوو.

ئارنیس، یەکسەر تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کرد، پاشان هەرچەندە هێشتا نەبووبوو بە نیوەڕۆ، بۆ ماڵ ڕۆیشتەوە. دیارە وێنەی ئەو قۆڵە مردووە، تا ماوەیەکی زۆر لەبەر چاوی لا نەدەچوو و ڕوحی ئازار دەدا. ئارنیس لە خوا دەپاڕایەوە زەلامی ناو ئۆتۆمبێلەکە، لە پێش پانکردنەوەی ئۆتۆمبێلەکەدا مردبێت.

***

ڕیگا (پایتەختی لاتڤیا) بە خۆی تەلەفۆنی بۆ کونسوولی سوێد کرد و ئاگاداری کردەوە هاوولاتییەکی سوێدی، بە ناوی هنریک مایکل هولتن، لە گۆڕستانێکی ئۆتۆمبێلان (سکرابخانە) لە باشووری ڕیگا، بە مردوویەتی لەنێو ئۆتۆمبێلێکی فورد موستانگدا دۆزراوەتەوە.

هەڵبەتە هێشتا بۆیان ساغ نەبووەتەوە تەرمەکە هیی ئەوە، بەڵام شتەکانی ناو ئەو جزدانەی لەگەڵ تەرمەکەدا دۆزراوەتەوە ئەوە نیشان دەدات کە هیی ئەوە.

***

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی سوێدی، لە سەعات یازدە و چارەکی بەیانی ڕۆژی ٥/٢٦دا فاکسێکی لە لایەن کونسوولی فەخری ولاتەکەیەوە لە جیبوتی پێ گەیشت، کە هەندێک زانیاری و بەڵگەی تیا بوو سەبارەت بە مردنی هاوولاتییەکی سوێدی لە جیبوتی. دوای هەشت خولەکان، فاسکێکی دیکە بە هەمان نێوەڕۆک گەیشت، بەڵام ئەم فاکسەیان لە کونسوولخانەی سوێدەوە لە لاتڤیاوە هاتبوو.

بەرپرسی ئەو بەشە لە وەزارەت، یەکسەر ناو و وێنەی دوو پیاوکوژەکەی ناسییەوە، چونکە تازە لە ڕۆژنامانی زەرددا شتی دەربارەی خوێندبووەوە. یارۆی بەرپرس بە لایەوە سەیر بوو ئەو دوو کەسە لە شوێنانی دوورەدەست کوژرابوون، چونکە لە وتاری ڕۆژنامەکاندا هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە نەبوو ئەوانە لە سوێد دەرچووبن. ئیدی ساغکردنەوەی ئەم شتانە ئەرک و کاری پۆلیس و دادگا بوو. یارۆی

بەرپرس هەردوو فاکسەکەی سکان کرد، پاشان ئیمێڵێکی دەربارەی هەردوو قوربانییەکە نووسی.

ژیانی داواکاری گشتی ڕانیلید، لە هەرەسهێناندا بوو. کەیسەکەی پیرەمێردە سەدساڵییەکە؛ بکوژی سێ کەس، بڕیار بوو ببێت بە گەورەترین دەستکەوت و سەرکەوتنی وەزیفیی ئەو، کە ڕانیلید لەمێژ بوو چاوەڕوانی بوو، زۆریش شایستەی بوو. لێ نها دەرکەوتبوو قوربانیی ژمارە یەک کە لە سۆرملاند کوژرابوو، دوای چەند هەفتەیەک بۆ جاری دووەم لە جیبوتی کوژرابوو، قوربانیی ژمارە دوو کە لە سمولاند کوژرابوو، دووبارە لە ڕیگای پایتەختی لاتڤیا کوژرابوو.

دوای هەڵکێشانی دە هەناسەی قووڵ لەبەر پەنجەرە کراوەکەی ئۆفیسەکەیدا، دووبارە مێشکی داواکاری گشتی ڕانیلید، کەوتەوە کار. پاشان گەییە ئەم باوەڕەی تەلەفۆن بۆ ئارونسون بکات.

ئارونسون، دەبوایە قوربانیی سێیەم بدۆزێتەوە و لە ڕێگەی دی ئێن ئەیەوە پەیوەندیی نێوان پیرەمێردە سەد ساڵەکە و قوربانیی سێیەم بدۆزرێتەوە. لەمە ترازابا، ڕانیلید هەرچییەکی کردبا، تەنها بە خۆی ڕادەبوارد.

***

وەختایەک ئارونسون لە تەلەفۆنەکەوە گوێی لە دەنگی ڕانیلید بوو، یەکسەر مژدەی پێ دا کە ئاللان کارلسونی دۆزیوەتەوە و حاڵی حازر، دەستبەسەرە (با لەوە گەڕێین ئاللان کارلسونی دەستبەسەر لە مووبەقەکەدا بوو و مژووڵی قاوە دروستکردن بوو بۆ ئارونسون).

"سەبارەت بە تۆمەتبارەکانی دی، لەو باوەڕەدام ئەوانیش لەم دەوروبەرەدا بن، بەڵام بە دیدی من باشتر وایە هەوەڵ جار داوای هێزی پشتیوانی بکەم تا...".

ڕانیلید، قسەکەی بە ئارونسون بڕی و بە نائومێدی گوتی قوربانیی ژمارە یەک لە جیبوتی و ژمارە دوو لە ڕیگا دۆزراوەتەوە. بەوە ڕشتەی سەرەداو و بەڵگەکان پچڕابوو.

ئارونسون گوتی: جیبوتی؟ لە کوێیە؟

ڕانیلید گوتی: نازانم، بەڵام نزیکەی بیست کیلۆمەترێک لە کارگەی سکراب تواندنەوەکەی ئاکرەوە دوورە، ئەمە خۆبەخۆ ڕیسەکەی من دەکاتەوە بە خوری. نها لەسەر تۆیە کە قوربانیی سێیەم بدۆزیتەوە!

دروست لەم کاتەدا پێر گونار گێردین، کە تازە لەخەو ڕابووبوو، خۆی بە بەر هەیوانەکەدا کرد. پاشان زۆر بە ئەدەبەوە، بەڵام بە کەمێک سڵکردنەوە، سەری بۆ

ئارونسـون دانەوانـد. ئارونسـون کە بە چـاوانی ئەبـڵەقەوە تەمەشـای ئەوی دەکـرد، بە داواکاری گشتییەکەی گوت: پێم وایە نها ئەو منی دۆزییەوە.

**بیست و سێیەم**
**١٩٦٨**

ئەو کارەی لە کونسوولخانەی ئەندەنوسیا لە پاریس، بە ئاللان سپێردرابوو، زۆر گران نەبوو. کونسووڵی تازەی ئەندەنوسیا کە خاتوو ئاماندا ئەنیشتاین بوو، ژوورێکی بۆ ئاللان تەرخان کردبوو و پێی گوتبوو ئازادە هەر کارێکی دەوێت، بیکات.

"بەڵام منەتبار دەبم ئەگەر ناچار بم خەڵکی وڵاتانی دیکە بدینم، یارمەتیم بدەیت و دەوری دیلمانج بدینیت"

ئاللان وەڵامی دایەوە بە حوکمی ماهیەتی ئەو ئەرکەی بەو سپێردرابوو، بە دووری نابینێت ئەو حاڵەتە بێتە ئاراوە. بۆیە بە باوەڕی ئاللان، لە سبەیەوە، یەکەم کەس کە لەبەر دەرگای کونسوولخانەکە دەوەستێت، بابایەکی ئەجنەبی دەبێت.

وەختـایەک بە ئامانـدا گـوترا پێویسـتە سـبەینێ بـڕوات بـۆ کۆشـکی ئەلیـزیە تـا ئیحتوبارنامە فەرمییەکەی پێشکەش بکات، هەزار و یەک جنێوی سەر بە کۆلکەی داوە. ڕێوڕەسمەکە لە دوو خولەک پتری نەدەخایاند، بەڵام ئەو دوو خولەکەش بۆ خەڵکانی گێل و قسەنەزان زۆر بوو. کە ئەم دیاردەیە لە لای ئاماندا زاڵ بوو.

ئـاللان، دەیزانـی هەنـدێک جـار قسـەی بێسـەروبەر و گەوجـانە لە زاری ئامانـدا دەردەپەڕی، بەڵام بە درێژایی دیدارە دوو خولەکییەکەی لەگەڵ مارشـاڵ دیگولدا، تەنها بە ئەندەنوسـیایی قسـەی دەکـرد و ناوبەنـاو بە ڕووی دا دەگـرژییەوە، هـیچ کێشـە و ناماقوولییەک ڕووی نەدا.

ئاماندا پرسیی: گوتت نێوی چی بوو؟

ئاللان گوتی: ئەندەنوسیایی، تۆ تەنها بە ئەندەنوسی بئاخفە، خۆ ئەگەر بکرێت بە زمانی بالی بئاخفی دەها باشتر.

***

پاشـان ئـاللان ڕۆیـی تـا بە پـایتەختی فەڕەنسـادا پیاسـەیەک بکـات و سـڕی پـای دەربکـات. پێـی وا بـوو دوای پـازدە سـاڵ دانیشـتن لەسـەر کورسـیی کەنـاراوەکە، نهـا وەختی ئەوە هاتبوو بایەکی باڵی خۆی بدات. کە خۆی لە خۆدیکی (ئاوێنە، نەینوک و

گـــوزگی) کونســـــووڵخانەکەدا بینـــی، بیـــری کەوەتەوە، بە مـــاوەیەکی کەم لە دوای گڕکانەکەی ساڵی ١٩٦٣وە تا نها نە قژی چاک کردبوو و نە ڕدێنی تاشی بوو.

پاشـان بـۆی دەرکەوت مەحـاڵە، تـاقە یەک دەلاکخـانەی کـراوە بـدۆزێتەوە. هەمـوو شوێنێک داخرابوو، پێدەچوو هەموو خەڵکی مانیان لە کارکردن گرتبێت.

نهـا خەریکـن تەلارەکـان دەگـرن، هـورا دەکێشـن، تـرۆمبیلان وەردەگێـڕن، خەڵکـی بەدەم هاتوهـاوارەوە جنێـو دەدەن، یـان هەرچییەکیـان بەردەسـت دەکەوێـت تـووڕی دەدەن و دەیـدەن بەسـەر یەکدا. هەمـوو ئەو شـەقامانەی ئـاللان بە سـەری داخـراوەوە پێیاندا دەڕۆی، بە لەمپەڕان گیرابوون.

ئێـرەش تەواو لە هەمـان گراڤـی (دوورگە) بـالی دەچـوو، کە ئـاللان تـازە بەجێـی هێشتبوو، تاقە جیاوازییان ئەوە بوو ئێرە پیچەک ساردتر بوو. ئاللان بای دایەوە و بۆ کونسووڵخانەکە گەڕایەوە. کاتێک گەیشتەوە کونسووڵخانەکە، سەیری کرد کونسووڵ زۆر تـووڕەیە. لە کۆشـکی ئەلیـزییەوە تەلەفـۆن کرابـوو، کە ئـاهەنگی ڕێوڕەسـمە دوو خـــولەکییەکەی پێشکەشـــکردنی ئیحتوبارنـــامەکە، بـــۆ نیوەڕۆخـــوانێکی دووورودرێـــژ گـــۆڕدراوە و جەنـــابی ســـەفیر و مێـــردەکەی و دیلمـــانجەکەی دەعـــوەتن و ســـەرۆک دیگۆڵیش بەنیازە وەزیری ناوخۆ، فوشیە دەعوەت بکات و سـەرۆکی ئەمریکا، لیندون، بی. جونسونیش ئامادە دەبێت.

ئامانـدا تیـا مـابوو چ خاکێـک بەسـەر خۆیـدا بکـات. لەگـین بـوو بتوانێت بەبـێ هـیچ مەترسـییەکی لە وڵات دەرکـردن، بە هەر جۆرێـک بـووە دیـدارێکی دووخـولەکی، لەگەڵ سـەرۆککۆمارێکدا بەسـەر بەرێت، بەڵام سـێ سـەعات و لەگەڵ دوو سـەرۆککۆماردا بە چی تەواو دەبێت!

ئاماندا پرسیی: ئاللان چ بکەین، چارمان چییە؟

بەڵام گۆڕینی بەرنامەی تەوقەکردنێکی دوو خولەکی بۆ نیوەڕۆخوانێکی دوورودرێژ بە ئامادەیی دوو سەرکۆمار، بۆ ئاللانیش مەفهووم نەبوو.

"چ بکەین" پێم وایە دەبێت هێربێرت بدۆزینەوە و دابنیشین شتێک بخۆینەوە، تا ئێمە لێ دەبینەوە دەبێت بە ئێوارە.

***

ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی ئیحتوبارنامەی دبلۆماسی لە لایەن کونسـووڵی وڵاتێکی دوورەدەسـتی بچـووکەوە، بە سـەرکۆمارێکی وەکـو دیگـول، ئەوپەڕی یەک خـولەکی

دەخیاند، خۆ ئەگەر کونسوولی ناڤبری پیچەک سویرەقسان بوایە، ریورەسمەکە ئەوپەری دوو خولەکی دەخایاند.

بەڵام سەبارەت بەم کونسووڵەی ئەندەنوسیا، ئەم ریسایە لەبەر هەندیک سەدەمین سیاسیی کتوپڕ، بەتەواوەتی گۆڕابوو. ئیدی ئەم هۆکار و سەدەمانە هەرچییەک بوون، لە توانای ئیدراکی ئاللاندا نەبوو، ئەگەر هەوڵیشی دابا بچیتە بنجوبناوانی هەر هیچی بە هیچ نەدەکرد.

ئیدی بە ریکەوت سەرۆککۆماری ئەمریکا، لیندون، بی، جونسون لەو سەروبەندەدا، لە کونسوولخانەی ئەمریکا بوو لە پاریس، ئەم پیاوە زۆر بە جیددی عەودالی سەرکەوتنیکی سیاسی بوو. نارەزایی نیودەوڵەتی دژ بە شەڕی ڤیتنام لە سەرانسەری دنیادا گیژەلووکەئاسا لە حالی زیادبووندا بوو، لە هەموو دنیادا سەبەبکاری شەڕەکە بە سەرکۆمار جونسون دەژمیردرا، کە لە هەموو دنیادا، لە بەرچاوی خەڵکی کەوتبوو و...

جونسون، لەمیژ بوو، کەڵکەڵەی خۆکاندیدکردنەوەی بۆ سەرکۆماری لە مانگی نۆڤەمبەردا، لە میشکی خۆیدا دەرکردبوو، بەڵام ویڕای ئەوەش، حەزی دەکرد خەڵکی، بە باشی یادی بکەنەوە و بە بکوژ و تاوانبار و خوینڕیژ، کە لە سەرانسەری جیهاندا دەگوترایەوە، ناوی نەبەن. بۆیە لە سەرەتاوە ئەمری کردبوو کە بۆردوومانی هانوی ڕابگیریت، پاشان کۆنگرەیەکی ئاشتیی ساز دابوو. لی نها سەرکۆمار جونسون، بە چاوی خۆی دەیبینی، لە شەقامەکانی هەمان ئەو شارەی بڕیار بوو کۆنفرانسی ئاشتییەکەی تیادا بگیریت، نیمچە شەڕیک بەرپا بووبوو، ئەمەی بە لاوە نابەجی بوو. دیار بوو دیگول، بەتەمای شتیک بوو سەری تیبژەنیت.

بە دیدی سەرکۆمار جونسون، دیگول، پیاویکی گەمژە بوو. پیدەچوو ئەوەی بیر نەمابیت، کە چ کەسانیک قۆڵیان لی هەڵماڵیبوو و وڵاتەکەیان لە چنگی ئەڵمانەکان ڕزگار کردبوو، بەڵام پرۆتۆکۆلی دنیای سیاسەت، ئەوەی قبووڵ نەدەکرد کە سەرۆک کۆماری ئەمریکا و سەرۆک کۆماری فەرەنسا لە یەک پایتەختدا بن و بە لای کەمەوە لە نیوەرۆ خوانیکدا پیکڤە دانەنیشن.

بەو ئاوایە بەرنامەی ریورەسمی نیوەرۆخوانەکە ریک خرابوو و دەبوایە جونسون هەرچۆنیک بووە تەحەمولی بکردایە، بەڵام خۆشبەختانە پیدەچوو فەرەنسییەکان شتەکەیان تیکەڵ کردبیت (کە ئەمە بە لای جونسونەوە سوپرایز نەبوو) دوو بەرنامەی نیوەرۆخوانیان بۆ سەرکۆمارەکەیان ریک خستبوو. بەم پییە، کونسوولی تازەی ئەندەنوسیاش کە —ئافرەتیک بوو— لە نیوەرۆخوانەکەدا ئامادە دەبوو. بە دیدی

سـەرکۆمار جونسـون ئەمە زۆر بـاش بـوو، چـونکە هەنگـێ دەیتـوانی لەجیـاتی ئەوەی لەگەڵ دیگولدا بئاخفێت، لەگەڵ ئەو خانمەدا بئاخفێت.

هەڵـبەتە لەڕاسـتیدا دوو بەرنـامە لە هەمـان کاتـدا لەئـارادا نەبـوو، بەڵام سـەرکۆمار دیگـوڵ، لە دواسـاتدا ئەو بیـرۆکە زیرەکـانەیەی بە مێشـکدا هـاتبوو کە وا بنـوێنن دوو بەرنـامە لە یەک کاتـدا داڕێـژراوە. ئیـدی بەو ئـاوایە، ئەویـش دەیتـوانی تەحەمـوولی نیوەڕۆخـوانەکە بکـات. و دەیتـوانی لەجیـاتی لەگەڵ جونسـوندا قسـان بکـات، لەگەڵ کونسووڵەکەی ئەندەنوسیادا —کە ئافرەت بوو— قسان بکات...

سـەرکۆمار دیگـول، حەزی لە جونسـون نەبـوو، ئەمەش لەبەر هەنـدێک هـۆی مێژوویـی بوو، نەک شەخسی. لە کۆتایی جەنگی جیهانیدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان فەڕەنسای کردبوو بە پێگەی سوپایی خۆی، مەبەستیان تـاڵانکردنی وڵاتەکە بـوو! بەدەر لەوەی ئەمە پەیوەنـدیی بە سەرکۆماری ئێستای ئەمریکاوە هەبوو یان نا، بەڵام دیگوڵ چۆن دەیتوانی لەوبارەیەوە بیانبوورێت؟ جـا لەبەر ئەوەی سـەرکۆماری ئێسـتا... جونسـون... نێوی جونسـونە؟ شـارل ئاندرێ جوزیف ماری دیگول پێی وا بوو ئەمریکاییەکان زۆر بێزەوقن.

***

زۆری نەبـــرد ئامانـــدا و هێربێـــرت لەســـەر ئەوە پێـــک هـــاتن هێربێـــرت لە کونســـووڵخانەکە بمێنێـتەوە و هەر ئامانـدا بچێـت بـۆ کۆشـکی ئەلیـزیە. بە بۆچـوونی هەردووکیان ئەوها باشتر بوو، بە کێمـانی ئەگەر هەڵەیەکیش ڕووی دابـا، بۆ نیوە کەم دەبووەوە. ئایا ئاللانیش هەمان بۆچوونی هەبوو؟

ئـاللان، کەمێک بێدەنگ بـوو، دەبیرەوە چـوو کە چ بەرسـڤێک بـداتەوە و سـەرەنجام گوتی: هێربێرت، تۆ دەبێت لە ماڵ بمێنیتەوە.

***

میوانەکان کۆ بووبوونەوە و چاوەڕوانی خانەخوێیەکەیان بوون. خـانەخوێیەکەش لە ئۆفیســەکەی خـۆی ڕۆنیشـتبوو، بەنیـاز بـوو چەنـد خـولەکێکی دی میوانەکـان بەدەم چاوەڕوانییەوە بهێڵێتەوە، بەڕاستییش دەیویست بەو کارە جونسون پەست بکات.

دیگول، لە دوورەوە گوێی لە هەرا و هەنگامە و فەرتەنەی خۆپیشاندەرەکان بـوو کە بە خێرایی لە شەقامەکانی پاریسە ئازیزەکەمدا بڵاو دەبوونەوە.

کۆماری پێنجەمی فەڕەنسا لەناکاودا لەرەلەری پێ کەوتبوو. لە هەوەڵەوە چەند قوتـابییەکی زانکۆ بـوون کە داوای مـافی ئـازادیی سێکسییان دەکرد و دژی شـەڕی ڤێتنام بـوون. ئەمە تـا

ڕادەیەک بە لای سەرکۆمارەوە ئاسایی بوو، چونکە بە لای ئەوەوە قوتابیانی زانکۆ هەمیشە بیانوویان بۆ دەربڕینی ناڕەزایی هەبوو؛ هەمیشە خۆش گلەیی بوون.

بەڵام خۆپیشاندانەکان بەرەبەرە گەورە و گەورەتر بوون، توندوتیژییشی تێکەوت. هەنگێ سەندیکا پیشەییەکانیش دەنگیان لێ بەرز بووەوە و کەوتنە هەڕەشەی ئەوەی دەملیۆن کرێکار بهێنێتە سەر شەقام و مان بگرن. دەملیۆن! خۆ هەموو وڵات لە کار دەکەوت!

داوای کرێکاران بریتی بوو لە کاری کەمتر و کرێی زیاتر. دیگوڵ لە هەنبەر ئەو داواکارییانە وەستابووەوە. بە دیدی و بۆچوونی سەرکۆمار کە لە شەڕێن زۆر قورستردا بەشداریی کردبوو و سەریش کەوتبوو، ئەم کارە، زۆر هەڵە بوو. گەورەڕاوێژکارانی وەزارەتی ناوخۆ پێیان گوتبوو، وەڵامی ناڕەزایی توند بە توندی بداتەوە. هەڵبەتە ئەو ناڕەزاییانە، بە ئەندازەی هەوڵێن سیستەماتیکی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی وڵات لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە ترسناک نەبوو، بەڵام لیندون جونسون بەدەم قاوەخواردنەوەوە پێشبینیی ئەوەی کردبوو پەنجا لە سەدی مەسەلەکە ئەمە بێت. ئیدی ئەمریکاییەکان، سایە و سێبەری کۆمۆنیستانیان لە هەر پەناوپاسارێکدا دەبینی. بۆیە دیگول، بۆ ئیحتیات وەزیری نێوخۆ، فوشە و یەکێک لە گەورە کارمەندەکانی کە کابرایەکی زۆر شارەزا بوو، دەعوەت کردبوو. ئەو دوانە بەرپرسی ئەوە بوون بەو ئاشووبە ڕابگەن کە حاڵی حازر وڵاتی گرتبووەوە، بۆیە ئەو دوانە دەبوا، ئەگەر جونسون ئەو باسەی هێنابا ئاراوە، وەڵامی بدەنەوە و بەرەڤانی لە خۆیان بکەن.

سەرکۆمار دیگول گوتی: ئۆف! لەم حاڵە! (هەڵبەتە بە فەرەنسی) و لەسەر کورسییەکەی هەستا.

نەدەکرا فراڤینەکە لەوەی پتر دوا بخرێت.

***

تیمی گاردی سەرکۆمار، کە هاتنە سەر پشکنینی دیلمانجە قژدرێژ و ڕدێندارەکەی یارۆی کونسوولی ئەندەنوسیا، زۆر بە وردی ئەم کارەیان کرد، بەڵام هەموو ئەوراق و شتەکانی یاسایی بوو و چەکی پێ نەبوو. ئەمە جگە لەوەی خودی کونسوولیش – ئافرەت بوو– زەمانەتی ئەوەی دەکرد. بۆیە دیلمانجە ڕیشنەکە لە دەوری مێزێک لە نێوان دیلمانجێکی هەندێک گەنجتری ئەمریکایی شیکپۆشتر، دیلمانجێکی فەرەنسی کە کۆپییەکی دیلمانجە ئەمریکاییەکە بوو، دانیشێنرا.

ئەو دیلمـانجەی ناچـار بـوو لەوانـی دی پتـر کـاری وەرگێـڕان بکـات، دیلمـانجە ئەندەنووسییە ڕیشنەکە بوو، چونکە هەردوو سـەرکۆمار جونسـون و دیگول، لەجیاتی ئەوەی یەکدی بدوێنن، زیاتر ڕووی دەمیان لە مەدام  کونسووڵ بوو.

سەرکۆمار دیگوڵ، لە پاشخانی پیشەیی مەدام  کونسووڵی پرسی. ئاماندا ئەنیشتاین وەڵامی دایەوە زیاتر مرۆڤێکی گێلۆکە بووە و بە بەرتیل و دەم چەورکردن، بووە بە سەرۆکی شارەوانیی بالی، لە دوو هەڵبژاردنی دواتریشدا هەر بە بەرتیل هەڵبژێردرابوو و ساڵانێک بوو سەروەت و سامانێکی فرەی بۆ خۆی و ماڵباتەکەی کۆ کردبووەوە، پاشـان لەناکاودا و لە خۆڕایی سـەرکۆمار سوهارتۆ تەلەفۆنی بۆ کردبوو، پێشـنیازی کردبوو پۆستی  کونسووڵی ئەندەنووسیا لە پاریس وەربگرێت.

ئاماندا ئەنیشتاین بە پێکەنینەوە گوتی: "من تەنانەت نەمدەزانی پاریس لە کوێیە، وام دەزانی ناوی وڵاتێکە نەک ناوی شارێک. ئێوە تا نها گاڵتەجاڕی واهیتان بیستووە؟"

هەر هەمـوو ئەو قسـانەی بە زمـانی زکمـاکیی خـۆی کـرد و دیلمـانجە قـژن و ڕیشنەکەی کردی بە ئینگلیزی. هەڵبەتە دیلمانجەکە بە کەماڵی ئیسراحەت و بە کەیفی دڵی خۆی هەموو قسەکانی ئاماندا ئەنیشتاینی گۆڕی بۆ قسـەیەلێک کە بە ئەقڵی خۆی گونجاوتر بوون.

***

هەردوو سـەرکۆمار لە ئـاخروئۆخری نیوەڕۆخـوانەکەدا، بەبێ ئەوەی لە بۆچـوونی یەکـدی بەئاگـا بـن، لە خاڵێکـدا یەکیـان گـرتەوە، ئەویـش ئەوە بـوو مەدام ئەنیشـتاین کونســـووڵێکی خـــوێنگەرم، ڕۆشـــنبیر، بـــاڵکێش و هۆشـــنە. خـــۆزگە لە هەڵبژاردنـــی دیلمانجەکەیدا، هەندێک بە سـەلیقەتر دەبـوو؛ دیلمـانجێکی باشـتری هەڵدەبژارد، چـونکە کێویی دەنوێنێ وەک لە ماڵی گەورە ڕاوێژکارە زیرەک و شـارەزاکەی وەزیـری نـاوخۆ فوشیە، ناوی کلود پنان بوو، ساڵی ١٩٢٨ لە ستراسبورگ لەدایک بووبـوو. داک و بـابی کۆمۆنیستانی دوو ئاتەشە و سەرسەخت بوون، لە کـاتی هەڵگیرسـانی شـەڕی نـاوخۆی ساڵی ١٩٣٦دا چووبوون بۆ ئەسپانیا و دژی فاشیسـتان بەشـداریی شـەڕیان کردبـوو، ئیدی کوڕە هەشت ساڵانەکەی خۆیشیان (واتە کلود) لەگەڵ خۆدا بردبوو.

ئیـدی هەمـوو ماڵبـاتەکە بە سـەلامەتی لە شـەڕەکە دەربـاز بووبـوون، دوای بڕینـی ڕێگەیەکـی دژوار خۆیـان گەیانـدبووە یەکێتیـی سـۆڤیات. لە مۆسـکۆ، داک و بـابەکە ئامادەیی خۆیـان دەربڕیبـوو لە ڕای ئامـانجە نێودەوڵەتییەکانی کۆمۆنیزمـدا خـزمەت و خەبات بکەن. ئەوان کوڕەکەشیان، کە ئەو کاتە تەمەنی یـازدە سـاڵان بـوو، لەگەڵ خۆدا

بردبوو، ڕایانگەیاندبوو دەتوانێت بە سێ زمانان قسان بکات: ئەڵمانی و فەڕەنسی کە لە ستراسبورگ فێری بووبوو، ئەسپانی. بۆیە دەکرا کوڕەکەیان لە ئایندەدا خزمەتی شۆڕش بکات.

بەڵێ، دەکرا، هەوەڵ جار زۆر بە وردی توانا و بەهرەی زمانەوانی کلودی مێرمنداڵ تاقی کرابووەوە، ئەوسا لە ڕێگەی چەندین ئەزموونەوە ئاستی زیرەکییان تاقی کردبووەوە. پاشان کلودیان بۆ قوتابخانە و فێرگەیەکی زمانەوانی و ئایدۆلۆژی ناردبوو، کلود پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی پازدەساڵی، بە ڕەوانی بە زمانێن فەڕەنسی، ڕووسی، ئەسپانی، ئینگلیزی و چینی قسەی دەکرد.

کلود، لە تەمەنی هەژدەساڵیدا، ڕێک دوای جەنگی جیهانیی دووەم، زۆر جار گوێی لە داک و بابی دەبوو کە چۆن بە گومانەوە باسی کاروانی شۆڕشی کۆمۆنیستییان لە سایەی فەرمانڕەوایی ستالیندا دەکرد. کلود ئەو بۆچوونانەی داک و بابی گەیاندە بەرپرسە حیزبییەکانی خۆی، زۆری نەبرد میشیل و مونیک پنان بە تۆمەتی کارێن ئەنتیی شۆڕشگێڕی گیران، پاشان لەسێدارە دران. بەو جۆرە کلودی نۆ لاو، یەکەمین خەڵاتی خۆی کە میدالێکی زێڕ بوو، وەکو باشترین قوتابیی ساڵی خوێندنی ١٩٤٥ — ١٩٤٦ وەرگرت.

کلود لە دوای ساڵی ١٩٤٦ەوە، خۆی ئامادە کرد تا لە دەرەوەی وڵات خزمەت بکات. نەخشە و بەرنامەکە وەها بوو ئەو لە ڕۆژئاوا دابنێن و وازی لێ بهێنن بە خۆی ڕێگەی دەسەڵات تەی بکات و ئەگەر پێویستی کرد، سالانێک ڕۆڵی ماموری نهێنی بگێڕێت. لەو سەروبەندەدا کلود لە سایە و لەژێر باڵی بەهێزی هەڵۆیەکی وەکو مارشاڵ بیریادا بوو، بیریا نەیدەهێشت کلود لە هیچ کارێکی کارگێڕیدا، کە ئەگەری ئەوە هەبێت وێنەیەکی ئەو بگیرێت، بەشداری بکات. تاقە کارێک کە کلودی جەوان بۆی هەبوو ئەنجامی بدات، ئەوە بوو جارجارێ ڕۆڵی دیلمانج بگێڕێت، ئەویش تەنها لە کاتێکدا بیریا خۆی لەوێ بایە.

ساڵی ١٩٤٩، لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا، ڕێگە بە کلود درا بۆ فەڕەنسا (ئەم جارەیان بۆ پاریس) بگەڕێتەوە. ڕێگە درابوو هەر بە ناوەکەی خۆیەوە بێت، بەڵام کورتەی ژینامەکەیان بەتەواوەتی گۆڕیبوو. ئیدی کلود لەوێوە، لە زانکۆی سۆربۆنەوە، بەرەبەرە بە پەیژەی سەرکەوتنی وەزیفیدا هەڵگەڕابوو. کلود پاش نۆزدە ساڵی دی؛ ساڵی ١٩٦٨، بە ڕادەیەک تەرەقی کردبوو، خۆی گەیاندبووە نزیکی سەرکۆماری فەڕەنسی. لەو دوو ساڵەی دواییەدا، بووبوو بە دەستەڕاستی فوشیەی وەزیری ناوخۆ، ئیدی بەو ئاوایە دەیتوانی پتر خزمەت بە شۆڕشی جیهانی کۆمۆنیزم بکات.

ئامۆژگاریی کلود بۆ وەزیری ناوخۆ، پاشان بۆ سەرکۆمار ئەمە بوو کە بە توندی ڕووبەڕووی ڕاپەڕینە ڕوو لە زیادییەکانی قوتابیان و کرێکاران ببنەوە. کلود، بۆ ڕێگومکێ، داوای لە کۆمۆنیستەکانی فەڕەنسا دەکرد، بە درۆوە بەیانی ئەوتۆ بلاو بکەنەوە کە ئەوان لەگەڵ داخوازیی قوتابیان و کرێکاراندا نین. ماوەیەکی زۆر کەم، کەمتر لە یەک مانگ بۆ شۆڕشی کۆمۆنیستان لە فەڕەنسادا مابوو و دیگول و فوشیەش ئاگایان لە هیچ شتێک نەبوو.

***

دوای فراڤین (نانی نیوەڕۆ)، هەموان دەرفەتی ئەوەیان هەبوو، تا بەر لە ڕێوڕەسمی، قاوەخواردنەوە لە هۆڵی میوان، کەمێک ئیسراحەت بکەن و سرِی پێیان دەربکەن. نها هەر دوو سەرکۆمار هیچ چارێکیان نەبوو دەبوایە بۆ مجامەلە یەک-دوو قسان بەیەکەوە بکەن. لەو کەینوبەینەدا بوو کە دیلمانجە قژن و ڕیشنەکە، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراوی خۆی گەیاندە لای وان و گوتی: "بەڕێزینە ببورن کە قسەکەتان پێ دەبرِم، بەڵام شتێک هەیە، دەبێت بە سەرۆک دیگۆلی بڵێم، هیی ئەوە نییە دوای بخەم".

سەرۆک دیگول، لەزگ بوو یەکێک لە پاسەوانەکان گاز بکات، چونکە سەرکۆماری فەڕەنسا لەو کەسانە نەبوو، بەو شێوەیە، تێکەڵی هەموو کەسێک ببێت، بەڵام یارۆی قژنی ڕیشن، زۆر بەئەدەب بوو، بۆیە دیگوڵ، ڕێگەی قسەکردنی پێ دا. سەرۆک گوتی: "زۆر چاکە، بەڵام لەزێبکە، چونکە من کاری لەوە گرنگترم هەیە کە وەختی خۆم بە قسەکردنەوە لەگەڵ بابایەکی دیلمانجدا بەسەر بەرم."

ئەمە دروست بوو. ئاللانیش بەڵێنی دا درێژدادڕی نەکات، حەقیقەتی بابەتەکە ئەوە بوو ئاللان باوەڕی وا بوو ڕاوێژکارەکەی فوشیە، کابرایەکی سیخوڕە.

سەرۆک دیگوڵ بە دەنگی بەرز گوتی: ئەرێ تۆ خۆت دەزانیت چ دەڵێیت؟

بەڵام دەنگی هێندە بڵند نەبوو کە فوشیە، کە لەو دەمەدا لەبەر هەیوانەکە وەستابوو و جگەرەی دەکێشا، ڕاوێژکارەکەشی کە ئەویش وەستابوو و جگەرەی دەکێشا، گوێیان لە دەنگی ببێت.

ئاللان بۆ دیگوڵی گێڕایەوە چۆن بیست ساڵ لەوەوپێش لە ئێوارەخوانێکدا، کە بەداخەوە ئەوی لەگەڵ ستالین و بیریادا کۆ کردبووەوە، ئەم دەستەڕاستەی ئێستای وەزیری ناوخۆی فەڕەنسا، لەو بۆنەیەدا وەکو دیلمانجی ستالین لەوێندەر بووە.

"ئەمەی من باسی دەکەم هیی بیست ساڵ لەمەوپێشە، بەڵام سیمای نەگۆڕاوە. من سەروسیمام زۆر گۆڕاوە. ئەو کاتە ڕوخسارم نەبووبوو بەم هێلانە مەلە، قژیشم بەم

ڕادەیە درێژوبژ نەبوو. من ئەم سیخوڕەم ناسییەوە، بەڵام ئەو منی نەناسییەوە، چونکە دوێنێ کە تەمەشای ئاوێنەم کرد، بە خورتی خۆم ناسییەوە".

سەرۆککۆمار دیگول، چارەی گرژ بوو و ڕەنگی سوور هەڵگەڕا. ئەوسا داوای بوردنی کرد، داوای لە وەزیری ناوخۆ کرد چەند قسەیەکی تایبەتیی لەگەڵدا بکات "نەخێر گوتم چەند قسەیەکی تایبەتی، هەر ئێستا و بەبێ ڕاوێژکارە تایبەتییەکەت!"

سەرۆک جونسون و دیلمانجەکەی سەفیرە ئەندەنووسییەکە بەتەنێ مانەوە. پێدەچوو جونسون بەم بویەرە زۆر خۆشحاڵ بێت، بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بوو کە بڕیاری دا تەوقە لەگەڵ دیلمانجەکەدا بکات کە بووبووە مایەی ئەوەی دەمامکی خۆبەزلزانیئەکەی سەرۆکی فەڕەنسی لا بکەوێت.

سەرۆک جونسون گوتی: بە ناسینت خۆشحاڵم، ناوتان چی بوو؟

ئاللان گوتی: من ئاللان کارلسونم. سەردەمانێک دۆستایەتیم لەگەڵ سەرکۆماری زۆر پێش تۆ، سەرۆک ترومان‌دا هەبوو. زۆر دۆست.

سەرۆک جونسون گوتی: پێم خۆشە، ڕەنگە تۆ نەزانیت، هاری ئێستا تەمەنی نەوەد ساڵە، بەڵام هێشتا هەر بە گوڕ و بەدەماخە، زۆر دۆستی یەکترین؛ هاوڕێی گیانیبەگیانین.

ئاللان گوتی: سڵاوی منی پێ بگەیەنە.

ئەوسا تەوازی بۆ هێنایەوە تا بڕوات ئاماندا بدۆزێتەوە (دەیویست ئەو شتانەی بۆ بگێڕێتەوە کە لەسەر مێزەکە بە هەردوو سەرۆکی گوتبوو.)

***

نیوەڕۆخوانەکە لەگەڵ هەردوو سەرۆکدا زوو تەواو بوو، هەموان بڵاوەیان لێ کرد و چوونەوە بۆ شوێنی خۆیان، بەڵام ئاللان و ئاماندا تازە گەیبوونەوە کونسوولخانەکەیان کە خودی سەرۆککۆمار جونسون تەلەفۆنی کرد و ئاللانی بۆ شێوی سەعات هەشتی شەوێ بۆ کونسوولخانەی ئەمریکا دەعوەت کرد.

ئاللان گوتی: زۆر چاکە. هەر خۆم بەنیاز بووم ئەمشەو بڕۆم و شێوێکی تێروتەسەل بخۆم، چونکە بە خۆت دەزانیت خواردنی فەڕەنسی هەرچییەک بێت، کە لێ بوویتەوە، وەکو ئەوەیە هیچت نەخواردبێت.

سەرۆک جونسونیش هەمان بۆچوونی هەبوو و بە تاسەوە چاوەڕوانی ئەوە بوو شەوێک ئاللان بدینێت.

سەرۆک جونسون، سێ هەنجەتی بۆ ئەو دەعوەتکردنەی ئاللان بەدەستەوە بوو. یەکەمیان ئەوە بوو زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەو سیخوڕە و دیداری ئاللان لەگەڵ ستالین و بیریادا بزانێت. دووەمیان ئەوە بوو هاری ترومان بە تەلەفۆن پێی گوتبوو ئاللان کارلسون ساڵی ١٩٤٥ لە لوس ئالاموسدا چیی کردبوو. سێیەمیان ئەوە بوو سەرۆک جونسون بویەرەکەی کۆشکی ئەلیزیەی زۆر پێ خۆش بووبوو. جونسون توانیبووی زۆر لە نزیکەوە ڕوخساری پەرێشانی دیگوڵ بدینێت، دەبوایە لەسەر ئەم کارە سوپاسی ئاللان کارلسون بکات.

***

جونسون، کە بە هەردوو دەستان، بە گەرمی دەستی ئاللانی دەگوشی، گوتی: بە خێرێی جەنابی کارلسون. با جەنابی ڕایان هوتنت پێ بناسێنم. جەنابیان... بەهەرحاڵ دەکرێت بگوترێت کارەکەیان لە کونسوولخانەدا کەمێک نهێنییە. پێم وایە دەکرێت بگوترێت ڕاوێژکاری یاساییە.

ئاللان، تەوقەی لەگەڵ شیرەتکارە نهێنییەکەدا کرد، ئەوسا بە سێقۆڵی لە دەوری مێزەکە ڕۆنیشتن. سەرکۆمار جونسون ڕایسپاردبوو لەگەڵ خواردنەکەدا ڤۆدگا و بیرەش دابنرێت، چونکە شەرابی فەڕەنسی خودی فەڕەنسییەکانی وەبیر دەهێنایەوە، بۆیە بڕیاری دابوو شەوێکی خۆش بەسەر بەرن.

ئاللان، بەدەم خواردنی یەکەم ژەمی خواردنەکەوە، هەندێک لایەنی چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ گێڕانەوە. ئەنجام گەیینە سەر ئێوارەخوانەکەی کرملین. ئیدی دەستەڕاستەکەی فوشیە فریا نەکەوتبوو دوا تەوهینی ئاللان بۆ ستالین، وەربگێڕێت و بورابووەوە.

بۆ سەرکۆمار جونسون، ئەم ڕاستییەی کلود پنان، شیرەتکاری نزیکی سەرکۆماری فەڕەنسی، بە سیخوڕی سۆڤیەتی دەرچووبوو، شتێکی تازە و دڵخۆشکەر نەبوو، چونکە تۆزێک لەوەوپێش ڕایان هوتن پێی گوتبوو مسیو کلودپنان، ژێراوژێر و زۆر بە پەنهانی سیخوڕی دەزگای سی، ئای، ئەیش بووە. لەڕاستیدا هەرچەندە فەڕەنسا بەتەواوەتی لەژێر دەسەڵاتی سیخوڕانی سۆڤیەتیدا بوو، بەڵام تا ئەو کاتە پنان کە گرنگترین سەرچاوەی زانیارییەکانی سی، ئای، ئەی بوو، گوتبووی جارێ هیچ هەواڵێک لە کودەتای کۆمۆنسیتەوە لە فەڕەنسادا نییە. نها دەبوو پێداچوونەوە بە هەموو شیکردنەوەکاندا بکرێت.

سـەرکۆمار جونسـون گـوتی: هەڵـبەتە ئەمـانەی گـوتم، زانیـاریی نـافەرمی و تەواو نهێنیـیە، بەڵام جەنـابی کارلسـون، ئەمە هەر لە نێـوانی خۆمانـدا بێـت، ئەم قسـانە دزە نەکات، باشە؟

ئاللان گوتی: جەنابی سەرکۆمار، من زۆر متمانەم بەم زانیارییانە نییە.

ئەوسـا ئـاللان گێـڕایەوە چـۆن لە مـاوەی سـەفەرەکەیدا بە ژێردەریـایی لە دەریـای بالتیکدا، پیاوێکی ئێجگار باشی لەگەڵدا بووە بە ناوی یوریسـوڤیچ پوپوڤ، کە یەکێک بـووە لە گەورەفیزیکزانەکانی یەکێتیی سـۆڤیەت، لە خـواردنەوەدا زیـادەڕۆیی کردبـوو، لەو حاڵەدا، زیاد لە پێویست باسی تەکنۆلۆژیای دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیی کردبوو.

سەرکۆمار جونسون گوتی: یانی تۆ بە ستالینت گوت چۆن بۆمبی ئەتۆمی دروست دەکرێت؟ پێم وایە لەبەر ئەوەی قبووڵت نەکردبوو لەو بـارەیەوە هـیچ بڵێیت، لە بێگـارە ئۆردووگا توند کرابوویت.

نا، قبووڵم نەکرد هیچ شتێک بە ستالین بڵێم، چونکە ئەگەر پێشم گوتبایە تێنەدەگەی. لێ ڕۆژی پێشـووتر کاتێک لەگەڵ ئەو فیزیکزانەدا بـووم، پێدەچێت لەڕادەبەدەر باسـی وردەکـاریم کردبـوو، جەنـابی سـەرکۆمار بە خـۆت دەزانیـت وەختـایەک پیـاو زۆر بخواتەوە، بڕێک چەنەباز دەبێت.

ئەمە جگە لەوەی تـا ئەو کـاتە نەمـدەزانی ئەو سـتالینە چ پیـاوێکی لەگـامە، واتـا تـا ڕۆژی دواییش هەر بەمەم نەزانیبوو.

سەرکۆمار جونسون، ناو لەپی خستبووە سەر هەنیەی و، قامکەکانی بە قژیا دێنا. بیری لەوە دەکـردەوە کە خـواردنەوە و سەرخۆشـی بەتەنـێ نـابێتە هـۆی ئەوەی مـرۆڤ پەردە لەسـەر چـۆنێتیی دروسـتکردنی بـۆمبی ئەتـۆمی هەڵبماڵێت. ئـاللان کارلسـون لەڕاسـتیدا... لەڕاسـتیدا... خیانەتکـار بـووە. وا نییە؟ بەڵام... ئەو ئەمریکـایی نەبـووە، ئەوکـاتە چ دەکەیت؟ جونسون پێویستی بە وەختی زیاتر بوو تا بیر لەم مەسەلەیە بکاتەوە.

پاشان هەر بۆ ئەوەی قسەیەک بکات، گوتی: پاشان چی ڕووی دا؟

ئاللان، بیری کردەوە نها ناچارە بەرسڤی پرسیاری سەرکۆمارێک بداتەوە، وا چاکە زۆرێک لە وردەکارییەکـان نەپەڕێنێت. بـۆیە باسـی فلادیفسـتوک، مارشـاڵ مرتسـکوف، کـیم ئیل سـونگ، مەرگـی پڕ خێر و بەرەکەتـی سـتالین، ماوتسـی تۆنـگ، ئەو گـوێنییە پـارەیەی مـاو لـوتفی کردبـوو و بەوی دابـوو، ژیـانی ئـارامی لە بـالی، و ژیـانی نەزۆر ئارامی لە بالی و لە کۆتاییدا باسی سەفەرەکەی بۆ پاریس، بۆ کرد.

ئـاللان گـوتی: وا بـزانم ئەمە هەمـوو حـاڵ و حیکـایەتەکە بـوو، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرم قسە کرد، هەست دەکەم تینوومە.

سەرکۆمار جونسون فەرمانی کرد بیرە بهێنن، بەڵام بە ئالالنی گوت بە ڕای وی کەسێک بەدەم سەرخۆشی و مەستییەوە نهێنییەکانی بۆمبی ئەتۆمی بدرکێنێت، وا چاکە ڤەخوارن تەرک بکات. پاشان پرسی: واتا بە پارەی ماوتسی تۆنگ پازدە ساڵت بەڕێ کرد؟

"بەڵێ، تەقریبەن، لەڕاستیدا پارەکە هیی چیانگ کای چیک بوو، ئەویش ئەو پارانەی لە دۆستی هاوبەشمان، هاری ترومان وەرگرتبوو. جەنابی سەرۆک، نها کە ئەوەت بیر هێنامەوە، حەز دەکەم تەلەفۆنێ بۆ هاری بکەم و سوپاسی بکەم."

سەرکۆمار جونسون، هەرچەند تەمەشای ئەم پیاوە قژن و ڕیشنەی بەرانبەری دەکرد، کە زانیاری دەربارەی بۆمبی ئەتۆمی بە ستالین دابوو، دڵی دەگوشرا، یارۆ بە کۆمەک و پارەی ئەمریکا تەمەنێکی خۆشی قەتاندبوو. لە هەموو ئەمانەش خراپتر، نها دەنگی ناڕازیان و خۆپیشاندەران، لە شەقامەکانی بەردەم کونسوولخانەکەی ئەمریکاوە، بە ئاستەم دەهاتە گوێ کە هاواریان دەکرد: "ئەمریکا لە ڤێتنام وەدەر کەوە، ئەمریکا بۆ دەرەوە!" جونسون بە بێدەنگی ڕۆنیشتبوو، پەستی و ماندوویەتی بە ڕوخساریەوە دیار بوو.

ئالالن، کە بە وردی دەیڕوانیە سیمای نیگەرانی سەرکۆمار، پێکەکەی هەڵدا و پرسیی: دەتوانم یارمەتیت بدەم؟

سەرکۆمار جونسون، کە غەرقی بیر و هزرەکانی خۆی بوو گوتی: چیت گوت؟

ئالالن، قسەکەی دووپات کردەوە: دەتوانم یارمەتیت بدەم؟ جەنابی سەرکۆمار، هەندێک پەرێشان دیارە. گوتم: فەرمانێک... خزمەتێک بە من بکرێت؟

لەزگ بوو، سەرکۆمار جونسون، داوا لە ئالالن کارلسون بکات جەنگی ڤێتنامی بۆ بباتەوە، بەڵام پاشان وەخۆ هاتەوە و زانیی ئەو کەسەی لە هەنبەریدا ڕۆنیشتبوو، ئەو پیاوە بوو کە بۆمبی ئەتۆمیی بە ستالین دابوو.

سەرۆک جونسون، بە دەنگێکی ماندووەوە گوتی: ئەرێ، دەتوانیت یەک کارم بۆ بکەیت، ئەویش ئەوەیە کە بڕۆیت.

***

ئالالن، سوپاسی کرد و ڕۆی، سەرکۆمار جونسون و بەڕێوەبەری بەشی ئەورووپای دەزگای سی، ئای، ئەی جەنابی ڕایان هوتن، بە تەنێ مانەوە.

لیندون بی جونسون، لە چۆنێتیی کۆتاییهاتنی دیدارەکەی ئالالن کارلسون زۆر ترسابوو. لە هەوەڵەوە دیدارەکە زۆر بە باشی دەستی پێ کردبوو، پاشان ئالالن

کارلسون دانیشتبوو و باسی کردبوو بۆمبی ئەتۆمی هەر بە ئەمریکا نەدابوو، بەڵکو بە ستالینیشی دابوو. ستالین! سی ئای ئەی، کۆمۆنیستی کۆمۆنیستان!

سەرکۆمار جونسون گوتی: هوتن، نها دەبێت چ بکەین؟ هەق نییە دووبارە ئەو کارلسونە نەفرەتییە بگرین و لە ڕۆندا سووری بکەینەوە؟

هوتن گوتی: با، یان ئەو کارەی لەگەڵدا بکەین، یان دەبێت لە کارێکی گرنگدا سوودی لێ وەربگرین.

هوتن، هەر سیخوڕێکی نهێنی نەبوو، بەڵکو زانیاریی ئێجگار زۆری لەو بوارانەدا هەبوو، کە لە دیدی دەزگای سی، ئای، ئەیەوە بایەخی ستراتیژیی گرنگیان هەبوو. بۆ نموونە ئاگاداری تەواوی لەمەڕ ئەو فیزیکزانە هەبوو کە ئاللان کارلسون لەگەڵیدا بەژێر دەریایی لە سوێدەوە بۆ لینینگراد ڕۆیبوو و ڤۆدگای دنیای خواردبووەوە. ئیدی یولی یوریسوڤیچ پوپوڤ ساڵی ١٩٤٩ بەدواوە، ئیدی ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردبوو، پێدەچوو یەکەم هەنگاوی بە ڕێگەی سەرکەوتندا، بە فەزڵی ئەو زانیارییانە بووبێت کە ئاللان کارلسون خستبوویە بەردەستی. پێدەچوو مەسەلەکە ڕێک بەو ئاوایە ڕووی دابێت. پوپوڤ هەنووکە شەست و سێ ساڵ بوو، بەڕێوەبەری هونەریی هەموو جبەخانەی ئەتۆمیی سەرانسەری یەکێتیی سۆڤیەتی بوو. واتە کۆمەڵێک زانیاریی زۆر هەستیاری لا بوو بۆ ئەمریکاییەکان، کە ئێجگار گرنگ و بایەخدار بوو. ئەگەر ئەمریکاییەکان بیانتوانیبا ئەو زانیارییانەی لای پوپوڤ بەدەست بهێنن و دڵنیا بن ڕۆژئاوا لە باری چەکی ئەتۆمییەوە لە سۆڤیەت پێشکەوتووترن، ئیدی سەرکۆمار جونسون دەیتوانی بە ئاسانی پێشنیازی بەرنامەی دوو لایەنەی داماڵینی چەکی ئەتۆمی بکات. ئاللان کارلسون کەسێک بوو ڕێگەی گەیشتن بەو زانیارییانەی دەزانی.

سەرکۆمار جونسون پرسیی: واتا تۆ دەتەوێت کارلسون بکەین بە سیخوڕی خۆمان؟

هەڵبەتە وێڕای ئەوەی گیرۆدەی ئەو جەنگە نەگریسەی ڤێتنام بوو، بیری لەوەش دەکردەوە لە ڕێگەی پرۆژەی داماڵینی چەکی ئەتۆمییەوە، دەستکەوتێکی مەعنەویی ئەوتۆ پەیدا بکات، کە سبەی ڕۆژ، وەکو سەرکۆمارێکی باش و کاریگەر باس بکرێت.

هوتن گوتی: بەڵێ. ڕێک ئەوەم دەوێت.

"باشە بە چ مەعلووم کارلسون ئەم کارە دەکات؟"

"با، دەیکات، سەر و سیمای لەوە دەچێت. تۆزێک لەمەوپێش کە لێرە دانیشتبوو، بە خۆی بە تۆی گوت فەرمانێک... خزمەتێک بەو بکرێت"

سەرکۆمار گوتی: بەڵێ، وای گوت.

سەرکۆمار، دووبارە بۆ ساتێک بێدەنگ بوو. پاشان گوتی: هەست دەکەم پێویستم بە مەشروبێکی قورس هەیە.

***

لە هەوەڵەوە، هەڵوێستی توندی حکومەتی فەڕەنسی دەربارەی ناڕەزایەتییە گشتییەکان، وڵاتی بەتەواوەتی پەک خست. ملیۆنان فەڕەنسی، مانیان گرت. بەندەرەکانی مارسیلیا داخران، فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکان و سکەی شەمەندەفەران و هەموو فرۆشگە بازرگانییەکان داخران.

دابەشکردنی کارەبا، غاز، نەوت و کۆکردنەوەی خاشاکی شەقام و کوچە و کۆڵانان خڕ وەستان. هاتوهاوار و هورا و داخوازیی کرێکاران لە هەموو لایەکەوە بەرز و بەرزتر دەبووەوە، داوای سەرەکییان زیادکردنی کرێ و کەمکردنەوەی سەعاتێن کارکردن، بیمەی کار بوو.

وێڕای ئەمانەش، داوای سیستمی پەروەردەیی تازە و کۆمەڵگەی تازەش دەکرا! کۆماری پێنجەم لە مەترسیدا بوو.

سەدان هەزار فەڕەنسی ڕژابوونە ناو شەقامەکان، هەڵبەتە خۆپیشاندانەکان، لە هەموو شوێنێک ئاشتییانە نەبوو، زۆر جار توندوتیژیی تێدەکەوت، ترومبێل دەسووتێنران، دار و درەخت دەشکێنران، شەقامەکان هەڵدەکەنران، ڕێگەکانیان دەگرت... مەتەڕێز دروست دەکران.. جەندرمە و پۆلیسی دز و تاوان بەناو دەکەوتن، گازی ڕۆندکڕێژ بەکار دەبرا...

لەم سەروبەندەدا بوو کە سەرکۆماری فەڕەنسا، سەرۆکوەزیران و ئەندامانی حکومەت، لەناکاودا بایان دایەوە. شیرەتکارە تایبەتییەکەی فوشیەی وەزیری ناوخۆ هیچ دەورێکی نەما (ئاسایش بە دزییەوە لە زیندانی ئاسایش توندیان کردبوو، بە خۆیشی نەیدەزانی بۆ ئامێرێکی لاسلکییان لە حەمامی ماڵەکەیدا دانابوو) لەناکاودا ئەم بەڵێنانە بە هەموو ئەو کرێکارانە درا کە لە خۆپیشاندانەکەدا بوون: زیادکردنی کرێی هەموو ئەو کرێکارانەی کەمترین کرێیان وەردەگرت، زیادکردنی لە سەدا دە بۆ تێکڕای مووچەخۆران، کەمکردنەوەی سێ سەعات کار لە هەفتەیەکدا، زیادکردنی خەرجیی خێزان، دانی دەسەڵاتی زیاتر بە سەندیکا کرێکارییەکان، دان و سان لەمەڕ یاسای گشتیی مووچە و هەموارکردنەوەی مووچە بەگوێرەی هەڵاوسان. هەڵبەتە یەک-دوو وەزیری کابینەکە ناچار بوون دەست لەکار بکێشنەوە، یەکێک لەوانە فوشیەی وەزیری ناوخۆ بوو.

ئیــدی حکــومەت و ســـەرۆک توانییـــان بەو بەڵێنـــانە، گــرووپە شۆڕشـــگێڕەکان دابمرکێننەوە. ئیدی جەماوەری خەڵکیش سارد بوونەوە. کرێکاران بۆ سەر کاری خۆ گەڕانەوە. مەیدانە گشتییەکان چۆڵ کران، فرۆشگە بازرگانییەکان دەستبەکار بوونەوە، کەرتی هاتوچۆ کەوتەوە کار.

نهـا مـانگی مایسـی ١٩٦٨ بـووری بـوو، چـووینە نـاو مـانگی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٦٨ەوە، کۆماری پێنجەمی فەڕەنسا، هێشتا پایەدار بوو.

سـەرکۆمار دیگوڵ بە خـۆی تەلەفۆنی بـۆ کونسـووڵخانەی ئەندەنوسـیا، لە پـاریس کـرد و لە ئـاللان کارلسـونی پرسـی و گـوتی بەنیـازە وەکو خەڵات میـدالێکی پـێ بـدات، بەڵام لە کونسووڵخانەوە وەڵامیان دایەوە ئاللان کارلسـون نهـا لەوێ کـار ناکـات، هیـچ کەسێک، تەنانەت خودی کونسووڵیش نازانێت کێوە چووە.

## بیست و چوارەم

### پێنج شەممە، ٢٠٠٥/٥/٢٦

ڕانیلید، داواکاری گشتی، ناچار دەبوایە هەوڵی پاراسـتن و ڕزگـارکردنی پاشـماوەی شۆرەت و ئیحتوباری ژیانی پیشـەیی خـۆی بـدات. بـۆیە هـەر ئـەو ڕۆژە، بـۆ ئێـوارەکەی پـرێس-کۆنفرانسـێکی ڕێـک خسـت تـا ڕایبگەیەنێت کە حـوکمی گرتنـی ئـەو سـێ پیـاو و ژنەی پەیوەنـــدییان بە کەیســـی دیارنەمـــانی پیرەمێـــردە سەدســـاڵییەکەوە هەبـــوو، هەڵوەشاندووەتەوە.

داواکاری گشتی ڕانیلید، لە زۆر بواردا توانا و بەهـرەی باشـی هەبـوو، بەڵام یەکێـک لە خەوشـەکانی ئەو، ئەوە بوو بە ئاسانی دانی بە کێماسی و هەڵەکانی خۆیدا نەدەنا، بە دۆی خۆی نەدەگوت ترشە. بۆیە لە ڕوونکردنەوە و داخۆیانەکانیدا، تـا ڕادەیەکـی زۆر مەسـەلەکانی ئاڵۆزاندبوو، لە کاتێکدا گوتبووی ئـاللان کارلسـون و هاوڕێکـانی نەگیـراون (بە ڕێکەوت هەر هەمان ڕۆژ، دانی دوانیوەڕوانێ لە ڤێسـتەر یۆتالاندا دۆزرابوونەوە) ڕەنگە گوناهبـار بـووبن و داواکـاری گشـتی ڕەفتـاری دروسـتی لەگەڵ مەسـەلەکەیاندا کردبێت، بەڵام لە ئێستادا تاقە بـابەتی تـازە ئەوە بـوو بەڵگەکانی کەیسـەکە لەناکاودا بە جۆرێک گۆڕابوون، کە حوکمی گرتنەکەیان هیچ ئیعتیبارێکی نەمابوو.

پەیـامنێری میدیاکان، پرسـیاری چۆنێتیی گـۆڕانی کتـوپڕی بەڵگەکانیـان لـێ کردبـوو، ڕانیلیــد بە دوورودرێــژی باســی نێــوەڕۆکی ئەو زانیــارییە تــازانەی کردبــوو کە لە وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە دەربـارەی چارەنووسـی بایلونـد و هـولتن لە جیبـوتی و ڕیگـا، هــاتبوو. ڕانیلیـد بەوە کۆتـایی بە قسـەکانی هێنـا کە هەنـدێک جـار یاسـا وا

دەخوازێت، حوکمی دەستگیرکردنی خەڵکانێک، چەندیش تەوهینئامێز بێت، هەڵبوەشێنرێتەوە.

ڕانیلید، هەستی دەکرد بابەتەکەی بەتەواوەتی شەنوکەو و یەکلایی نەکردووەتەوە. دروستیی ئەم هەستەی خۆی، لە چاوی پەیامنێرەکەی ڕۆژنامەی داگینزنایهیتردا خوێندەوە کە چاوی بچووک کردەوە و لە پشت عەینەکە زەرەبینەکەیەوە، عەینەکی خوێندنەوەکەیەوە، لە شێوەی مەنەلۆگا ڕیزێک پرسیاری نیگەرانیئەنگێزی لە داواکارە گشتییەکە کرد.

ئایا تۆ، وێڕای هەموو بەڵگە تازەکان هێشتا ئاللان کارلسون، بە تۆمەتباری کوشتن یان کوشتنی بەهەڵە دەزانیت؟ یانی بەم قسەیەی تۆ بێت ئاللان کارلسون، وەکو هەموومان دەزانین پیرەمێردێکی سەدساڵەیە، بینگ بایلوندی سی و دوو ساڵەی ناچار کردووە لەگەڵیدا بچێت بۆ جیبوتی لە قەڕنی ئەفریقی، پاشان گوایە دوێنێ دوانیوەڕۆ بایلوندی لەوێندەر تەقاندووەتەوە و خۆی بە سەلامەتی دەرچووە، پاشان بلەز بۆ ڤێستەر یۆتالاند گەڕاوەتەوە؟

دەکرێت پێمان بڵێیت ئاللان کارلسون بە چی گەڕاوەتەوە، لە کاتێکدا هێندەی من بزانم هیچ فڕینێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان جیبوتی و ڕۆژئاوای سوێددا نییە. ئەمە جگە لەوەی کە دەگوترێت ئاللان کارلسون پاسپۆرتی کارای نییە؟

داواکار ڕانیلید، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی مەبەستی خۆی وەکو پێویست ڕوون نەکردووەتەوە. سەبارەت بەوەی کە ئاللان کارلسون، یولیوس یونسن، بینی لیونبرگ و گانیلا بیورکلاند هیچ گومانێک لەوەدا نییە لە تۆمەتەکانی پێشوو بێبەرین.

ئەوسا ڕانیلید دووپاتی کردەوە: وەکو گوتم هیچ گومان و دوودڵییەک لەئارادا نییە.

لە دوا ساتدا توانیبووی باوەڕ بە خۆی بهێنێت مەسەلەکە بەو ئاوایەیە.

بەڵام ئەو ڕۆژنامەڤانە نەگریسانە، باوەڕیان بەو وەڵامە نەبوو. پەیامنێری ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵی پرسیی: ئێوە پێشتر بە دووروودرێژی باسی کات و شوێنی تاوانی سێ کوشتنتان کردبوو. ئێستا کە تۆمەتبارە گومانلێکراوەکان بێگوناه دەرچوون، ڕەوتی بویەرە تازەکە بەرەو کوێیە؟

ئیدی تەواو، پەیامنێری ڕۆژنامە لۆکاڵییەکە نەدەبوو بەتەمای ئەوە بێت بتوانێت بۆڕ بە داواکاری گشتی، ڕانیلید بدات.

دوا کۆمێنتی ڕانیلید بەر لەوەی لەسەر کورسییەکەی ڕابێت، ئەمە بوو: لە بەر هەندێک سەدەمی هونەریی پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکانەوە، حاڵی حازر ناتوانم لەوەی زیاتر بڵێم.

دەستەواژەی 'سەدەمی هونەریی پەیوەست بە لێکۆڵینەوەوە' زۆر جاران داواکاری گشتی لە کێشە و گرفتاریان ڕزگار کردبوو، بەڵام ئەم جارە سوودی نەبوو. داواکاری گشتی بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک لە هەموو شوێنێک جاڕی دابوو چما ئەو چوار نەفەرە گوناهکار بوون و نها ڕۆژنامەوانی و ڕۆژنامەڤانان هەستیان دەکرد هەق وایە داواکاری گشتی بە کێمانی یەک-دوو خولەکان سەبارەت بە بێتاوانیی ئەو کەسانە قسە بکات، چونکە بە دەردی پەیامنێرە نێودارەکەی داگنزنایهیتر گوتەنی: ئاخر چۆن "بە سەدەمێن هونەریی پەیوەست بە لێکۆڵینەوەوە" باسکردنی ئەوەی کۆمەڵێک خەڵکی بێتاوان چییان کردووە، نهێنی بێت و نەیەتە گوتن؟

ڕانیلیدی داواکاری گشتی، باری کەوتبووە لێژی، لە ئانوساتدا بوو هەڵدێرێت. هەموو بویەر و ڕووداوەکان ئەوەیان دەنواند دەمودەست یان لە ماوەی یەک-دوو ڕۆژی داهاتوودا، لەسەر هەڵدێرەکەوە، دەکەوێتە خوارەوە. لێ ئەو هەنگاوێک لە ڕۆژنامەڤانەکان لە پێشتر بوو. ڕانیلید بە حەشارگەکەی ئاللان کارلسون و دۆستەکانی دەزانی. وێڕای هەموو ئەمانەش ڤێستەر یۆتالاند دەڤەرێکی فراوان بوو. ئەمە دوا دەرفەتی ڕانیلید بوو. گوتی: ئەگەر دەکرێت بۆ تاقە یەک جار باوەڕم پێ بکەن، ئەوا دڵنیا بن لەبەر هەندێک هۆی هونەریی پەیوەست بە لێکۆڵینەوەوە، ناتوانم حاڵی حازر هیچ شتێکی دی بڵێم، بەڵام سبەینێ، سەری سەعات سێ، پریس-کۆنفرانسێک سەبارەت بەم کەیسە دەگێڕم و لەوێندەر هەموو وردەکارییەکی مەسەلەکەتان بۆ ڕوون دەکەمەوە.

پەیامنێرێک پرسیی: باشە ئاللان کارلسون لە کوێی ڤێستەر یۆتالاندە؟

ڕانیلید گوتی: وەڵامی ئەم پرسیارە نادەمەوە.

ئیدی ڕۆی.

***

ئەم بویەرە چۆن گەیبووە ئەم حاڵە؟ داواکاری گشتی، ڕانیلید لە ژوورەکەی خۆی ڕۆنیشت، دەرگای داخست، دوای حەوت ساڵان بۆ یەکەم جار جگەرەیەکی پێ کرد. لە مێژووی جینایی سوێدیدا، یەکەم داواکاری گشتی بوو کە خەڵکانێکی بە کوشتن تۆمەتبار کردبوو، هێشتا تەرمی قوربانییەکان نەدۆزرابوونەوە. ئەمە خراپ لەسەری کەوتبوو. پاشان لەناکاودا، تەرمەکان دۆزرابوونەوە. هەڵبەتە لەو شوێنانە نا کە داواکارەکە گوتبووی! لەوەشدا سەرچیغ چووبوو! دەرکەوت قوربانیی سێیەم هێشتا

زیندووە! واتە ئەو کەسەی لە هەموویان زیاتر تەکەز لەسەر مردنەکەی کرابوو! جا بە خۆتان تەسەور بکەن کە مانی قوربانیی سێیەم چ زەرەرێکی لە نێوبانگی ڕانیلید دابوو!

داواکاری گشتی لە بن لێوانەوە گوتی: ئەگەر بۆ تۆڵەکردنەوەش بووە دەبێت ئەو نەگریسە بکوژم.

نها مەسەلەکە هاتبووە سەر پاراستنی ئابڕوو و ناوبانگی پیشەکەی، بۆیە مەسەلەی تۆڵە و کوشتن چارەسەرێکی باش نەبوو. ڕانیلید، لە زەینی خۆیدا، جارێکی دی بە پریس-کۆنفرانسە کارەساتبارەکەدا چووەوە. لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا، بە ڕوونی ڕایگەیاندبوو کارلسون و هاودەستەکانی بێگوناح بوون. مەسەلەکەش ئەمە بوو یارۆی داواکاری گشتی… بەڕاستی نەیدەزانی چی ڕووی داوە. بویەرەکە چۆن بوو؟ بە هەموو حاڵ و حیسابێک، دەبوا بورغوو بایلوند لەسەر تەڕەزینەکە کوژرابێت. ئەگەر وا بوو، چۆن دەشیا دوای چەند هەفتەیەک لە کیشوەرێکی دی مردبێت؟

ڕانیلید، لەسەر ئەوەی لە سازدانی پریس-کۆنفرانسەکەدا پەلەی کردبوو، سەرزەنشتی خۆی کرد. دەبوایە لە هەوەڵەوە قسەی لەگەڵ ئاللان کارلسون و هاودەستەکانیدا بکردایە. دەبوا هەموو شتێکی لە بنجوبناوانەوە بکردایە، ئەوسا بڕیاری بدایە میدیاکاران دەخوازن چ شتێک بزانن.

لەم ڕەوشە خراپەی ئێستادا، دوای کردنی ئەو قسە کارەساتبارانەی دەربارەی بێگوناهیی کارلسون و هاودەستەکانی کردبووی، ئەگەر جەنابی داواکاری گشتی بانگی بکردبان تا 'لە لێکۆڵینەوەکەدا یارمەتی'ی بدەن، ئەم کارە بە پێشێلکردنی حورمەتی وان دەهاتە ژماردن. وێڕای ئەوەش ڕانیلید بژاردەی زۆری لە بەردەستدا نەبوو. دەبوایە بیزانیبا ڕەوشەکە چۆنە و بەرەو کوێ دەڕوات… دەبوایە ئەمە بەر لە سەعات سێی دوانیوەڕۆی ڕۆژی دواتر بزانێت. بە پێچەوانەوە ڕانیلید لەمە بەدواوە لە بەرچاوی هاوکارەکانی دەکەوت و وەکو داواکاری گشتی تەمەشا نەدەکرا، بەڵکو وەکو قەشمەرێک دەهاتە ژماردن.

***

ئارونسون، زۆر بەکەیف و بەدەماخ بوو، لە مەزرای کلۆکەرێ و لەسەر جۆلانەیەک ڕۆنیشتبوو، پارچەیەک کێکی دانیمارکیی بەدەستەوە بوو، لە قاوەی هەڵدەکێشا و دەیخوارد. سۆراخ و چاودێریکردنی پیرەمێردە سەد ساڵییە ونبووەکە تەواو بووبوو، ئیدی پیرەمیردی داماو فەرمانی گرتنی لەسەر نەمابوو. بویەری ئەمەی چما یارۆی

پیرەمێـرد، یەک هەیـڤ لەوەوپـێش لە پەنـجەرەکەوە دابەزیبـوو، لەوسـاوە چـی ڕووی دابوو، هێشتا کەشف نەبووبوو و هەڵبەتە هیچ پێویستی بە کەشفکردنیش نەبوو.

ویـڕای ئەوەش، دەرفەت بـۆ هەنـدێک گفتوگـۆی کـورت لەو بـارەیەوە، ئەو پیـاوەی پاسـەکە لە ئۆتـۆمبێلەکەی دابـوو و مردبـوو، نهـا لەنێـو مردووەکـانەوە هەسـتابووەوە. دەرکەوت ئەم پێـر گونـار گێـردینە (سـەرۆک) کەسـێکی زۆر ئاسـایی بـوو. یەکسـەر پێشنیازی کردبوو نازناوی فەرمی وەلا بنێن و بە نێوی خۆیـانەوە یەکدی بدوێنن، لەم حاڵەدا حەزی دەکرد بە نێوی بایکەوە بانگی بکەن.

ئارونسـون گـوتی: ئەمە بە لای منەوە کێشـە نییە بایک. تـۆش دەتوانیـت بە یـۆران بانگی من بکەیت.

ئاللان گوتی: بایک و یـۆران، چەند لە زار خۆشـن. لەوەیە بتـوانن ببن بە هاوکـاری یەکدی.

بایک گوتی زۆر دڵنیا نییە، بەو ڕادەیە حـورمەتی بـۆ دامودەزگـا فەرمییەکانی بـاج و دەرامەت هەبێـت، کە بتوانێـت بە شـەریکی لەگەڵ قۆمیسـەرێکدا لە کۆمپانیایەکـدا کـار بکات، بەڵام ویڕای ئەوەش سوپاسی ئاللانی کرد بۆ ئامۆژگاری و پێشنیازەکەی.

بەو ئاوایە جەوێکی باشیان لە نێواندا چێ بوو. هاتنی بێننی و جوانێ، پاشـان هـاتنی یولیوس و بووسێ، ئەو جەوەی لێ نەشێواندن.

لەوێ، کە لە بەر هەیـوانەکە ڕۆنیشـتبوون، باسـی هەمـوو شـتێکیان کـرد، تەنهـا چـۆنێتیی ڕوودانـی بویەرەکـانی مـانگی ڕابـردوو نەبێـت، کە بە ئاسـانی نەدەدرایە دەم یەکەوە. ئـاللان، دڵـی بەوە خـۆش بـوو گـوڵی ڕوانـدبوو و لەناکـاودا فیلێکـی هێنـابووە دەوروبەری مـاڵەکە، پاشـان ئـاللان و سـونیا بە دووقـۆڵی نیمچە سـەمایەکیان کردبـوو. یولیوس وەختایەک زانیی چیتر پۆلیس چاودێریی ناکەن، حاڵی باشتر بوو و دەستی بە تاشینی ڕدێنی کرد، ئەو ڕیشەی بۆ ئەوە داینابوو لە فالکوپینگ نەناسرێتەوە.

یولیـوس گـوتی: تـۆ تەسـەور بکە، عومرێک بە ترسـی ئەوەوە بژیت کە تاوانباریت، پاشان لەپڕ بەدیار بکەوێت بێتاوانیت، چەند خۆشە!

بووسێ، لای خۆیەوە وای هەسـت کـرد ئەمە بـۆنەیەکی باشـە تـا بوتڵێک شـامپانیای هەنگاریی ئەسڵ بـۆ هاوڕێکانی و گەورە لێکـۆڵەرەکەی ئاسـایش بێننـی تـا بە خۆشـی و سەلامەتی یەکدی بخۆنەوە.

گەورە لێکـۆڵەرەکە، بە جـۆرە دوودڵـییەکەوە داوای بـوردنی کـرد کە بە ئۆتـۆمبێلی خـۆی بـۆ مەزراکە هـاتووە. و لە هـۆتێلێکی فولکوپینـگ ژووری بـۆ گیـراوە و نەدەبـوو وەکو لێکۆڵێنڤانێکی ئاسایش بە مەستی ئۆتۆمبێل باژوێت و بۆ هۆتێلەکە بگەڕێتەوە.

لێ پاشان بێننی بە دادیا گەی و گوتی ئەوانەی دەم بە خواردنەوەوە نادەن، ئاللان گوتەنی، هەڕەشەن بۆ ئاشتیی جیهانی، بەڵام بۆ ئەو خەڵکانە کەسێک پەیدا دەبێت بیانگەیەنێتە جێ.

"جەنابی قۆمیسەر، پەرداخێک شامپانیا بخۆوە، پاشان من بە ساغ و سەلامەتی دەتگەیەنمەوە هۆتێلەکەت."

یارۆی لێکۆڵەر، پێویستی بە خولکی زیاتر نەبوو. ماوەیەک بوو هەستی بە گۆشەگیری و دابڕانی جڤاکی دەکرد، بۆیە نها کە خۆی لەنێو کۆمەڵێک خەڵکی خۆشدا بینیبووەوە، نەیدەتوانی گرژومۆن لە سووچێکەوە دابنیشێت.

بۆیە گوتی: دەی باشە، نها پێکێک بە خۆشیی بێگوناهیی ئێوە هەمووتان هەڵدەدەین، باوەڕ ناکەم هێزی پۆلیس بۆ پێکێک یان دوو پێک؛ لەبەر ئەوەی ئێوە ژمارەتان زۆرە، پێی ناخۆش بوو.

بەو ئاوایە دوو سەعاتێکیان بە خۆشی بردە سەر، ئەوسا مۆبایلەکەی ئارونسون دووبارە لێی دایەوە. ئەم جارەش داواکاری گشتی ڕانیلید لەسەر خەت بوو. داواکاری گشتی بە ئارونسونی گوت لەبەر هەندێک هەلومەرجی نالەبار لە حوزووری میدیاکاراندا، ڕایگەیاندبوو ئەو سێ پیاوە و ژنێک بێتاوان دەرچوون، هێندە بە جیددی ئەو قسەیەی کر، کە ناتوانێت لە قسەکەی ژێوان بێتەوە. ئیدی دەبوایە لە ماوەی کەمتر لە بیست و چوار سەعاتدا بچوایەتە بنجوبناوانی مەسەلەکەوە و هەموو شتێکی لەو ڕۆژەوە کە ئەو پیرەمێردە سەیروسەمەرەیە (کارلسون) لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە دابەزیبوو، تا ئەمڕۆ، هەموو ئەو بویەرانە بزانێت کە ڕوویان دابوو، چونکە میدیاکان خۆیان ئامادە کردبوو، سەعات سێی دوانیوەڕۆی سبەینێ گوێ لە چۆنێتیی ئەو بابەتە بگرن.

گەورە لێکۆڵەرەکە کەمێک مەست بوو و گوتی: بە مانایەکی تر تۆ دارێکت بە دەستەوەیە هەردوو سەری گووە!

"یۆران، دەبێت یارمەتیم بدەیت!"

"بەڵام چۆن شوێنی تەرمەکان بگۆڕم؟ یان ئەو خەڵکە بێزەوقەی کە تۆ حەزت دەکرد نەمرن، بکوژم؟"

داواکاری گشتی ددانی بەوەدا نا کە خۆیشی بیری لەو چارەسەرەی دوایی کردووەتەوە، بەڵام ڕەنگە هیچ سوودێکی نەبێت. نا، ڕانیلید ئومێدەوار بوو یۆران بتوانێت لە پەنایەکەوە بپرسێت و بزانێت ئایا ئاللان کارلسون و... هاودەستەکانی ئامادەن ڕێگە بە داواکاری گشتی بدەن، سبەی بەیانی، بە مەبەستی گفتوگۆیەکی کورت و –تەواو نافەرمی– بۆ مەزراکەیان بچێت تا ئەو بویەرانەی لەو دواییانەدا لە

بێشەکانی سودرمانلاند و سمولاندا ڕوویان دابوو، بگێڕنەوە. ئیدی ڕانیلید بەڵێنی دا، لەجیاتی پۆلیسی سودرمانلاند تەوازی بۆ ئەو چوار هاووڵاتییە بێتاوانە بهێنێتەوە.

ئارونسون گوتی: لەجیاتی پۆلیسی سودرمانلاند؟

ڕانیلید گوتی: بەڵێ... نا، لەجیاتی خۆم.

"حاڵی بووم. کونی، هەناسەیەکی قووڵ هەڵبکێشە. من لێیان دەپرسم. دوای چەند خولەکێکی دی پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە."

***

ئارونسون ئاوڕێکی لای هاوڕێکانی دایەوە و مژدەی خۆشی پێ دان.

ڕانیلید چەند سەعاتێک لەمەوپێش لە پریس-کۆنفرانسێکدا گوتوویەتی ئاللان کارلسون و هاوڕێکانی بێگوناهن. ئەوسا داواکەی یارۆی داواکاری گشتی، سەبارەت بە دیداری لەگەڵ واندا، پێ گوتن.

هەنگێ جوانێ، بە هەڵچوونەوە وەڵامی دایەوە باسکردن و گێڕانەوەی وردەکارییانی ئەو بویەرانەی لە چەند هەفتەی بووریدا ڕوویان دابوو، هیچ خێر و سوودێکی بۆ داواکاری گشتی تیا نابێت. یولیوسیش هەمان بۆچوونی هەبوو، وەختایەک بێگوناهیی کەسێک ڕاگەیەنرا، ئیدی ئەو کەسە بێگوناهە و تەواو.

"من بەمە ڕانەهاتووم. بۆیە زۆر ناخۆشە ئەگەر بێگوناهییەکەم بیست و چوار سەعاتیش نەخایەنێت".

ئاللان گوتی خۆزیا دۆستەکانی ئەوەندە خۆیان بە شتی بچووکەوە نیگەران نەدەکرد. ئیدی ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆن ئەوە عادەتیانە، تا چیرۆک و بەسەرهاتی وان لە بنجوبناوان نەکەن وازیان لێ ناهێنن. باشتر نییە لەجیاتی ئەوەی لە چەند هەفتەی داهاتوودا، ڕۆژنامەڤانان و پەیامنێران، دابڕژێنە ئێرە، بویەرەکە لە سیری تا پیازی بۆ داواکارە گشتییەکە بگێڕنەوە و ببڕێتەوە؟

ئاللان گوتی: خۆ هەموو ئەمشەوەمان بەدەستەوەیە تا چیرۆکێکی ماقوول هەڵبەستین.

ئارونسون، حەزی دەکرد گوێ بەو قسەیەی دوایی نەدات. لەسەر کورسییەکەی هەستا تا ئەوان هەست بە بوونی ئەو بکەن، چیتر لەسەر ئەو قسەیەیان نەڕۆن... گوتی وەختی گەڕانەوەی هاتووە. ئەگەر بێننی کەرەم بکات و تا هۆتێلەکەی بەرێتەوە، مەمنوونی دەبێت. ئارونسون دەیویست لەنێو ئۆتۆمبێلەکەوە تەلەفۆن بۆ داواکاری گشتی بکات و پێی بڵێت دەتوانێت سبەی بەیانی دەوری سەعات دە بڕوات بۆ مەزراکە، هەڵبەتە ئەگەر جەماعەت بەو ژوانە ڕازی بن. بەهەرحاڵ، ئارونسون بەنیاز بوو سبەی

بە تاکسی بگەڕێتەوە و ئۆتۆمبێلەکەی خۆی لە مەزراکە بەرێتەوە. بۆیە دەیتوانی بەر لەوەی بڕوات، نیو پەرداخی دی لەو شامپانیا نایابە بولگارییە بخواتەوە؟ چی؟ مەجەڕی بوو؟ دەی فەرقی نەدەکرد.

دووبارە پەرداخێکیان بۆ گەورە لیکۆڵەرەکە پڕی پڕ کرد، ئەویش یەکسەری هەڵیدا، ئیدی بەدەم لووتخوراندنەوە، خۆی بە کوشنەکەی دواوەی ئۆتۆمبێلەکەی خۆیدا کرد کە بێننی پێشوەختە هێنابوویە بەر دەرگا. قۆمیسەر لە میانەی جامی دادراوەی ترومبێلەکەوە کەوتە شیعرخوانی:

"ئای خۆزیا هاوڕێیانێکمان هەبان، بە تەرزی شەرابی هەنگاریی بۆ گەروومان..."

_ کارل میکایل بێلمان...[1]

بێنی، نیمچە شارەزای ئەدەبیات گوتی و سەری بۆ لەقاند.

بووسێ کە وەک بڵێیت لەناکاودا ئیلهامی بۆ هاتبێت، هاواری کرد:

"یۆحەننا ٨:٧، قۆمیسەر سبەی بەیانی زوو ئەمەت بیر نەچێت! یۆحەننا ٨:٧!"

## بیست و پێنج

**هەینی، ٢٠٠٥/٥/٢٧**

مەودای نێوان سکیلیستونا و فولکوپینگ زۆر بوو، بۆیە دەبوایە داواکاری گشتی کونی ڕانیلید، بەیانی زۆر زوو لەخەو ڕابێت (دوای ئەوەی بە درێژایی شەو خەوێکی خراپی کردبوو) تا بەر لە سەعات دە بگاتە مەزرای کلۆکەرێ. کۆبوونەوەکەی ئەوێشی نەدەبوو پتر لە یەک سەعات بخایەنێت، چونکە ئەگەر زیاتری بخایاندایە، بەرنامەکەی تێک دەچوو. بڕیار بوو پرێس-کۆنفرانسەکە سەعات سێ دەست پێ بکات.

کونی ڕانیلید، بەدەم ئاژوتنی ئۆتۆمبێلەکەیەوە، لە شارێگەکەدا، خەریک بوو بگری "سەرکەوتنی گەورەی عەدالەت" بڕیار بوو ئەو ناوە لە کتێبەکەی بنێت. ها ها ها! ئەگەر هیچ عەدالەتێک لەم دنیایەدا هەبوایە، دەبوایە هەورەبروسکە لەو مەزرا نەگریسەی بدایە، هەموو ڕۆنیشڤانەکانی بسووتاندایە و بیکوشتنایە. هەنگێ ڕانیلید دەیتوانی بە کەیفی دڵی خۆی هەرچییەکی ویستبا بە میدیاکانی گوتبایە.

***

[1] Carl Michael Bellman (1740-1795)

شاعیری سویدی

ئارونسون درەنگ نووست. سەعات نۆ کە لەخەو ڕابوو، سەبارەت بە بویەرەکانی دوێنێ هەستی بە سووکە عەزابێکی ویژدان دەکرد. شامپانیای لەگەڵ ژمارەیەک تاوانباری شیاوی سزادا خواردبووەوە، پاشان بە ڕوونی گوێی لە کارلسون بووبوو کە گوتبووی چیرۆکێکی ماقوول بۆ ڕانیلیدی داواکاری گشتی هەڵدەبەستێت، واتا بڕیار بوو گەورە لێکۆڵەرەکەش ببێت بە شەریکی وان؟ شەریک لە چدا؟ لەم حاڵەتەدا؟

گەورە لێکۆڵەرەکە، دوێشەو، پاش ئەوەی گەیشتەوە هۆتێل، ئینجیلی گیدئونی هۆتێلەکەی هێنابوو، ئایەتی حەوتەمی سوورەتی هەشتەمی خوێندبووەوە. پاشان دوودانە سەعات لە سووچێکی باڕی هۆتێلەکەدا دانیشتبوو و درێژەی بە خوێندنەوەی ئینجیل دابوو. هەوەڵ جار یەک جن و تۆنیکی خواردبووەوە، پاشان یەکێکی دیی بەسەردا کردبوو، دوای ئەوە پێکێکی دیکەی بەسەردا کردبوو. ئەو بەشەی خوێندبوویەوە دەربارەی ژنێکی زیناکار بوو کە فریسییەکان بردبوویان بۆ لای مەسیح تا لەو ڕێگەیەوە عیسا مەسیح ئیحراج بکەن. ئەگەر مەسیح بڕیاری دابا ژنەی تاین بەردباران بکرێت، مانای وا بوو 'بەگوێرەی سفری لاوین' دژی حوکمی موسا وەستاوەتەوە. لە لایەکی دییەوە ئەگەر حوکمەکەی موسای قبووڵ بکردایە، مانای وا بوو دەکەوتە سەنگەری دژبەریی ڕۆمەکان کە حوکمی لەسێدارە تەنها لە دەسەڵاتی واندایە. ئیدی مەسیح تیا مابوو، حوکمەکەی مەسیح پشتگوێ بخات یان دەستووری ڕۆمەکان؟ فریسییەکان باوەڕیان وا بوو بەو کارەیان مامۆستای مەزنیان ئیحراج کردووە، بەڵام مەسیح مەسیح بوو، کەمێک دەبیرەوە چوو و گوتی: کێ بێگوناهە و هیچ خەتایەکی نەکردووە، یەکەم بەرد بهاوێژێت!

بەو ئاوایە مەسیح، خۆی هەم لە گازنی موسا و هەم لە غەزەبی ڕۆمیان دەرباز کردبوو، تەنانەت فریسییەکانیشی ڕازی کردبوو. ئەوسا فریسییەکان یەکبەیەک دوور کەوتنەوە (هەڵبەتە هیچ پیاوێک نەبوو، کەم تا زۆر لە خەتا و تاوان خاڵی بێت.) سەرەنجام تەنها مەسیح و ئەو ژنە مانەوە.

"ئەی ژن، ئەوان کێوە چوون؟ هیچ کەسێک تۆی مەحکووم نەکرد؟"

ژنێ گوتی: هیچ کەس.

مەسیح گوتی: منیش مەحکوومت ناکەم، نها هەڕە و جارێکی دی خەتا مەکە.

***

هەستی پۆلیسانەی ئارونسون هێشتا باش کاری دەکرد، دڵنیا بوو بۆنی فرۆفێڵێک دێت. لێ لە دوێنێوە هیچ شتێک نەگۆڕابوو، کارلسون، یونسن، لیونبرگ، بیورکلاند و

گێـردین، لە لایەن دادوەری گشـتییەوە، بە بێتـاوان لەقەڵەم درابـوون. ئیـدی ئارونسـون دەیکردە کێ تا بیەوێت بە گوناهکاریان بزانێت؟ ئەوانە ئیدی کۆمەڵە کەسێکی میهرەبان بـوون –کە بەگوێرەی گـوتە دروسـتەکەی مەسـیح– کێ لە پێگەیەکـی ئەوتـۆدا بـوو کە یەکەم بەریـان تێبسـرەوێنێت؟ ئارونسـون کەوتە یـادی سـاتە زۆر تاریکەکـانی ژیـانی تایبەتیی خۆی، بەڵام ئەوەی زیاتر پەست و تووڕەی کرد، ئەمە بوو چۆن داواکار ڕانیلید، لەبەر بەرژەوەنـدیی تـایبەتیی خـۆی خـۆزیی دەخواسـت ئەو بایـک گێـردینە، بە ڕێـز و حورمەتەوە بمرێت.

ئارونسون لەفکران ڕاچوو: نا! ڕانیلید تۆ دەبێت بە خۆت ئەم ڕەوشە دروست بکەیت.

ئەوسا، بۆ هۆڵی تێشتی (قاوەڵتی، نانی بەیانی) هۆتێلەکە ڕۆی. چۆرەک، نـانی زیـادە بـرژاو و هـێلکەی بە قـاوەوە خـوارد و هاوکـات دوو ڕۆژنـامەی گەورەی ڕۆژانەی خوێنـدەوە. لە هەردوو ڕۆژنـامەکەدا ناڕاسـتەوخۆ ئامـاژە بـۆ ئەوە کرابـوو داواکـاری گشـتی لە کەیسـی پیرەمێـردە سەدسـاڵییەکەدا، بە تۆمەتبـارکردن، پاشـان تەبریکردنـی پیرەمێردەکە، کارێکی زۆر حەیابەرەی کردبوو؛ ئابڕووی خۆی بردبوو، بەڵام هەردوو ڕۆژنـامەکە ددانیـان بەوەدا نـابوو زانیـارییەکی ئەوتۆیـان دەربـارەی کەیسـەکە نییە. نە پیرەمێردە سەدساڵیتەکە دەدۆزرایەوە و نە داواکارە گشتییەکەش دەیویست تا عەسری ڕۆژی هەینی چ قسەیەکی دی بکات.

ئارونسـون، لە بـن لێـوانەوە گـوتی: ڕانیلیـد، وەکـو پێشـتر گـوتم دەبێـت خـۆت ئەم ڕەوشە دروست بکەیت.

هەنگێ گەورە لێکۆڵەرەکە داوای تاکسی کرد و سەعات نۆ و پەنجا و یەک خولەک، دروست سێ خولەک پێش داواکاری گشتی گەییە مەزرای بیلرنیگر.

***

هەرچەندە داواکـاری گشـتی لە کانگـای دڵەوە خۆزی دەخواست بەڵایەکـی ئاسـمانی بەسـەر مەزرای کلۆکەرێـدا بێـت؛ بـۆ نمـوونە هەورەبروسـکە لێـی بـدات، بەڵام هـیچ بەڵایەکی ئاسمانی بۆ نازڵ نەبوو. دنیا هەور و هەڵا و زۆر سارد بوو. بۆیە ئاکنجیـانی مەزراکە بڕیاریان دا لە مووبەقە گەورەکەی خانووەکەدا کۆببنەوە.

شەوی پێشوو، ڕۆنیشڤانانی خانووەکە، لەسەر ئەو چیرۆکە تازەیەی بڕیار بـوو بـۆ داواکــار ڕانیلیــدی هەڵبەســتن، پێــک هــاتبوون. هەر بــۆ دڵنیــایی خۆیــان، بەدەم تێشتخواردنەوە، ڕاهێنانیان لەسـەر چیرۆکەکە کردبوو. بۆیە نها هەر هەموویان دڵنیا بوون لەو ڕۆڵەی بڕیار بوو لە نمایشـەکەی ئەو بەیـانییەدا بیگێڕن، هەمـوو پشـتیان بەو

حەقیقەتە بەهێز بوو کە بیرکەوتنەوەی حەقیقەت هەمیشە ئاسانترە لە وەبیرهێنانەوەی درۆ، ئەمە جگە لەوەی درۆیەکی گەورە بکات، تووشی دەردەسەریی گەورە دەبێت. نها دەبوو هەموو ئەندامانی گرووپەکە زۆر باش بیر بکەنەوە پێش ئەوەی هیچ قسەیەک بکەن.

جوانیۆ، پێش ئەوەی ڕانیلید و ئارونسون بگەنە نێو مووبەقەکە، بەم دەستەواژەیە، هاماجی نیگەرانی ناو مووبەقەکەی دەربڕی.

"بە دەرەک و بە جەهەنەم".

دیدار لەگەڵ داواکاری گشتی ڕانیلیدا، بۆ هەندێکیان خۆشتر بوو لە دیدار لەگەڵ خەڵکی دیدا، دیدارەکە بەم جۆرە بەڕێوە چوو:

داواکاری گشتی ڕانیلید گوتی: زۆر چاکە، لە هەوەڵەوە سوپاستان دەکەم کە ڕێگەتان دام بێم بۆ ئێرە. من دەبێت لەجیاتی ئۆفیسی داواکاری گشتی داوای بووردن لە ئێوە بکەم کە لە خوتوخۆڕایی، بێ هیچ بەڵگەیەک حوکمی دەستگیرکردنی هەندێک لە ئێوەی دەرکردبوو. بۆیە حەز دەکەم بزانم جەنابی کارلسون، لەوەتای تۆ لە پەنجەرەی خانەی پیرانەوە هەڵهاتوویت تا نها، بە وردی چی ڕووی داوە و چ پێشهاتێکت هاتووەتە ڕێ. جەنابی کارلسون، حەز دەکەیت بیگێڕیتەوە؟!

ئاللان، هیچ لارییەکی لەمە نەبوو. پێی وا بوو ڕەنگە خۆشیش بێت. بۆیە گوتی: بێگومان جەنابی داواکاری گشتی. هەرچەندە من گەلێک پیر و زورهانم، یادگەم وەکو جاران کار ناکات، بەڵام لە بیرمە چۆن لە پەنجەرەکەوە دابەزیم، بەڵێ لەیادمە. هەڵبەتە هۆی ماقوولم بۆ ئەو کارە هەبوو، سەدەمێن زۆر ماقوول. نها بۆت بەدیار دەکەوێت جەنابی داواکار، دەمویست بڕۆم ئەم دۆستەم؛ ئەم یولیوس یونسنە کە لێرەیە بیدینم. خۆ نەدەکرا پیاو بچێتە سەردانی یولیوس و بوتڵێک ڤۆدگا لەگەڵ خۆیدا نەبات. بۆیە وەختایەک هیچ کەسێک ئاگای لێ نەبوو، بە دزییەوە، بەکاوەخۆ چووم بۆ فرۆشگە حکومییەکە و بوتڵێک ڤۆدگام کڕی. ئەوەی ڕاستی بێت ئێستا و لەم ڕۆژگارەدا پێویست بەوە ناکات ئەم هەموو ڕێگەیە ببڕیت و بچیت لە فرۆشگە حکومییەکە ئەلکول بکڕیت، زۆر بە ئاسانی دەتوانیت لە دەرگای... بدەیت، نامەوێت ناوەکەیت پێ بڵێم، جەنابی داواکاری گشتی، چونکە تۆ بۆ ئەم مەسەلەیە بۆ ئێرە نەهاتوویت، بەڵام ئەو کابرایە ڤۆدگای قاچاغ بە نیوەی نرخی ڤۆدگای ئاسایی دەفرۆشێت، بەڵام ئەم جارەیان ئێکلوند لە ماڵ نەبوو –ئەی خوایە، خۆ ناوەکەشیم کەشف کرد– بەندەش هیچ چارێکم نەما تەنها ئەوە نەبێت بڕۆم ڤۆدگا لە فرۆشگە حکومییەکە بکڕم. پاشان توانیم بوتڵە ڤۆدگاکە بگەیەنمە ژوورەکەی خۆم لە خانەی پیران. هیچ کێشەیەک بۆ چوونەژوورەوە نەبوو، بەڵام ئەم جارەیان بەتەما بووم بوتڵەکە ببەمەوە دەرەوە، شەفتی کارکردنی

ئەلیسی بەڕێوەبەر بوو. جەنابی داواکار باوەڕ بکە ئەو ژنە پشتی سەری و هەموو شوێنێکی چاوە. ئەلیس ی بەڕێوەبەر بە ئاسانی نەدەهاتە هەڵخەڵەتاندن، بۆیە بیرم کردەوە باشترین ڕێگە بۆ ئەم کارە ڕێگەی پەنجەرەکەیە. ئەو ڕۆژە، یادی سەدساڵەی لەدایکبوونم بوو، کێ حەز دەکات لە ساڵیادی لەدایکبوونیدا، دەست بەسەر خواردنەوەکەیدا بگیرێت و ڤەخواردنی لێ قەدەغە بکرێت؟"

داواکارە گشتییەکە، لەفکران ڕاچوو، پێدەچوو ئەم هەویرە ئاو زۆر بکێشێت، ئەم چیرۆکە درێژە بکێشێت. ئەم کارلسونە پیرە سەیروسەمەرەیە، هەر دەرێسێ و دەرێسێ، بەبێ ئەوەی هیچ ڕاستییەک بڵێت. ڕانیلید، دەبوایە لە ماوەی کەمتر لە یەک سەعاتدا بۆ سکیلستونا بزڤڕێتەوە.

"جەنابی کارلسون گەلەک مەمنوونتم کە باسی دژوارییەکانی کڕینی مەشرووبت لە ڕۆژی ساڵیادی لەدایکبوونتدا بۆ گێڕامەوە، بەڵام ببوورە حەز دەکەم لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا برێک سیستەماتیکتر بیت. وەختمان کەمە و من دڵنیام بە خۆت ئەمە دەزانیت. بویەری جانتاکە و مامەڵەی تۆ لەگەڵ بورغوو بایلوندا، لە وێستگەی پاسەکاندا چۆن بوو؟"

ئەها، ئەوە چۆن ڕووی دا؟ پێر گونار تەلەفۆنی بۆ یولیوس کردبوو، یولیوسیش تەلەفۆنی بۆ من کرد. بە قسەی یولیوس، پێر گونار دەیویست من بەرپرسیارێتیی ئینجیلەکان هەڵبگرم، منیش نەمدەویست قسەی وی بشکێنم چونکە..."

ڕانیلید، قسەکانی بە ئاللان بڕی و گوتی: ئینجیلەکان؟

بێننی گوتی: جەنابی داواکاری گشتی، ئەگەر مۆڵەتی من بدەیت ڕەنگە بتوانم سووکە پاشخانێکی بابەتەکە ڕوون بکەمەوە.

داواکارە گشتییەکە گوتی: کەرەم بکە.

"چاکە، مەسەلەکە بەم ئاوایە بوو. ئاللان دۆستی گیانیبەگیانی یولیوسە کە لە بیرینگێ دەژی، یولیوسیش هاوڕێی پێر گونارە، واتە هەمان ئەو پیاوەی جەنابی داواکار پێی وا بوو مردووە. پێر گونارش هاوڕێی دڵسۆزی منە و منیش لە لایەکەوە برادەری بووسێی برامم، واتە ئەو پیاوەی ئەمڕۆ خانەخوێمانە. لە لایەکی دیکەوە دەزگیرانی گانیلام، واتە ئەو خانمە بەدەوەی لەوسەری مێزەکە ڕۆنیشتووە. گانیلا، بە کاری ڕاڤەی دەقێن ئۆلییەوە مژووڵە، کارەکەی لەگەڵ کاری بووسێدا کە ئینجیلفرۆشییە، پیچەک تێک دەکاتەوە. بۆ نموونە بە خەڵکی وەکو پێر گوناری دەفرۆشێت."

داواکاری گشتی لەوێندەر دانیشتبوو و قەڵەمێکی بەدەستەوە بوو، بەڵام بابەتەکان هێندە بلەز هاتبوونە گێڕانەوە کە ئەو فریا نەکەوتبوو تەنانەت یەک وشەشی لێ تۆمار بکات.

"ڕاڤەی دەقێن پیرۆز؟"

جوانێ، بۆی ڕوون کردەوە: بەڵێ، ڕاڤەی ئینجیل.

ئارونسـون، کە لە تەنیشـت داواکـارەکەوە ڕۆنیشـتبوو، لە دڵـی خۆیـدا گـوتی: ڕاڤەی ئینجیل؟ باشە ماقوول بوو کەسێک کە خودی ئارونسـون دوێشـەوە، گوێی لێ بووبوو ئەو هەمـوو سـخێف و جـوێنەی دابـوو، بتوانێت ئینجیـل ڕاڤە بکـات؟ بەڵام چ قسـەیەکی نەکرد. ئەمە کێشەی داواکارەکە خۆی بوو، دەبوایە خۆی بە تەنها چارەسەری بکردایە.

داواکار ڕانیلید گوتی: ڕاڤەی ئینجیل؟ بەڵام یەکسـەر بڕیـاری دا ئەم بـابەتە ببوێرێت. "گرنگ نییە، لەجیاتی ئەمە باسی جانتـاکە و بەرخـوردی خـۆتم لەگەڵ بورغـوو بایلونـدا، لە وێستگەی پاسەکاندا بۆ بکە".

نها نۆرەی پێر گونار گێردین بوو کە دەوری خۆی لە نمایشەکەدا بگێڕێت.

"جەنابی داواکار، ڕوخسـەتی بەندە دەدەیت شتێک بڵێم؟"

ڕانیلید گوتی: بێگومـان، بەتـایبەتی ئەو شـتەی هەر کەسـێک دەیڵێت ڕۆشـنایی بخـاتە سەر مەسـەلەکە. تەنانەت شەیتانیش بۆی هەیە لەو بارەیەوە قسە بکات".

جوانێ گوتی: بێزەحمەت ئاگات لە قسەکانت بێت.

ئەوسـا بە نـاڕەحەتی چـاوی گێـڕا (نهـا ئارونسـون دڵنیـا بـوو خەریـک بـوون بە داواکاری گشتییان ڕادەبوارد.)

پیر گونار گێردین گوتی: باوەڕ ناکەم وشـەی شـەیتان، وەسـفێکی لەبـار بێ بۆ منی خاکی، چونکە من مەسیحم دۆزیوەتەوە. هەڵبەتە گومـانم لەوە نییە کە جەنابت ئەوەت بیستووە کە من ڕابەری گرووپێک بووم بە نێوی " هەرگیز جارێکی دی ". ئەم ناوە لەو واقیعەوە هاتبوو کە ئەندامانی گرووپەکە، نەدەبوو جـارێکی دی بـۆ زینـدان بگەڕێنەوە، تەنانەت ئەگەر بەڵگەی یاساییش بۆ گەڕانەوەیـان هەبـوایە، بەڵام نـاوەکە لەو دوایيـانەدا مانایەکی دیکەی وەرگرتبـوو. ئێمەمانـان نەدەبوو هەرگیـز جـارێکی دی کەڵکەڵەی یاسـا شـکێنیمان بکەوێتەسـەر، نە ئەو یاسـایەی بەشـەران نووسـیویانە، نە ئەو یاسـایەی ئاسمان نووسیویەتی، واتە نە یاسای زەمینی و نە یاسای ئاسمانی!

ڕانیلیدی داواکاری گشتی پرسیی: لەبەر ئەمە بوو بورغـوو، هـۆڵێکی چاوەڕوانیی دابـوو بە یەکدا و کارمەندێکی دارکاری کردبوو، پاشان پاسێکی بە شۆفێرەکەیەوە ڕفاندبوو؟

پێر گونار گێردین گوتی: ئەی خـوایە، نهـا بۆنی تەوس و توانجـان دەکەم، بەڵام مـن کە نووری حەقیقەتم دیوە، مانای وا نییە هاوکارەکانیشـم ببینییـان. لەڕاسـتیدا یەکێک لە هاوکارەکانم، بە مەبەستی مژدەبەری ئایینی چوو بۆ ئەمریکای باشـوور، لـێ دوانەکەی دی تووشـی چارەنووسـێکی ڕەش بـوون. مـن بورغـووم ڕاسـپاردبوو جانتـایەکی پڕ لە

ئینجیل، بە دووسەد ئینجیلەوە، لە ماڵی خۆیەوە، لە ئۆپسالاوە بهێنێت بۆ ماڵی بووسێ لە فالکوپینگ. من کارم بۆ ئەوە دەکرد لە ڕێگەی ئەو ئینجیلانەوە، شادی و خۆشی لەنێو شەڕانیترین خەڵکی وڵاتەکەماندا بڵاو بکەمەوە. ببوورە جەنابی داواکار کە ئەو وشەیەم بەکار برد".

تا ئێرە بووسێ خودان مەزرای کلۆکەرێ، بێدەنگ بوو، بەڵام لەم ساتەدا، جانتایەکی کەوەیی قورسی هێنا و لەسەر مێزی مووبەقەکەی دانا و کردیەوە. ژمارەیەکی زۆری ئینجیلی زۆر تەنکی بەرگچەرمی ئەسڵ و زێڕکفت لەناو جانتاکەدا بوو. پیتی زێڕینیان لەسەر نەخشێنرابوو، تەواو ڕازێنرابوونەوە.

بووسێ لیونبرگ بە ڕاوێژێکی جیددییەوە گوتی: جەنابی داواکار مەحاڵە بتوانیت ئینجیلی لەمانە بەنرختر و جوانتر بدۆزیتەوە. دەتەوێت نوسخەیەکت لەمانە پێشکەش بکەم؟ جەنابی داواکار، پێویستە هەمووومان عەوداڵی ڕووناکی بین!

بووسێ، بە پێچەوانەی هەموو ئەندامانی دیکەوە، بەڕاستی باوەڕی بەوە بوو کە دەیگوت. داواکارە گشتییەکەش پێدەچوو هەستی بەمە کردبێت کە ئەم باسی ئینجیلە، تەنها بیانوو بێت بۆ گێڕانەوە. ئیدی ئینجیلێکی لە بووسێ وەرگرت، باوەڕی وا بوو تاقە چاری مومکین بۆ ئەو، ڕزگاریی خێرا بوو.

پاشان پرسیی: دەکرێت لە ئێستا بەدواوە بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی بابەتەکەی خۆمان؟ لە مالمشۆپیندا چی بەسەر ئەو جانتا نەفرەتییەدا هات؟

جوانێ، بە ڕاوێژێکی ئاموچییارانە: جنێو مەدە!

ئاللان گوتی: وا دیارە دووبارە نۆرەی من هاتبێت. من پیچەک زووتر لە کاتی دیاریکردنی گەیمە وێستگە و گەراجی پاسەکان، چونکە یولیوس داوای ئەوەی لێ کردبووم. بورغوو بایلوند پێشتر تەلەفۆنی بۆ پێر گونار لە ستۆکهۆڵم کردبوو. — جەبابی داواکار بمبورە کە ئەم وشەیە بەکار دەبەم— دەرکەوتبوو پیچەک سەرخۆشە! جەنابی داواکار وەکو بە خۆت دەزانیت یان ڕەنگە نەزانیت، چونکە من نازانم ئێوە دەخۆنەوە یان نا، بەڵام بەهەرحاڵ... گەیبوومە کوێ؟ ئا، بەڵێ جەنابی داواکار، بە خۆت دەزانیت وەختایەک ڤۆدگا لە دەرگاوە وەژوور دەکەوێت، لۆژیک لە پەنجەرەوە وەدەر دەکەوێت. بەهەرحاڵ پەندەکە هەرچییەک بێت. من بە خۆم وەختایەک لەناو ژێردەریاییەکدا بووم، لە قووڵایی حەوتسەد پایی دەریای بالتیکدا، بە مەستی هەندێک شتم گوتوون کە نەدەبوو بیانڵێم...

داواکاری گشتی ڕانیلید گوتی: مەعز بۆ ڕەزای خوا. بچۆ سەر ئەسڵی بابەتەکە.

جوانێ، بە ڕژدییەوە گوتی: کفر مەکە!

ڕانیلید، دەستێکی نایە سەر هەنیەی و چەند جارێک بە قووڵی هەناسەی هەڵکێشا. ئالان کارلسون لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

ئیدی بورغوو بایلوند تەلەفۆنی بۆ پێر گونار، لە ستۆکهۆڵم کردبوو تا پێی ڕابگەیەنێت وازی لە یانەی ئینجیلخوانییەکەی هێناوە و بەنیازە لەجیاتی ئەوە بچێتە ڕیزی فەیلەقی دەرەکیی فەڕەنساوە، بەڵام بەر لە هەر شتێک... جەنابی داواکار، لێرەدا دەمەوێت دابنیشیت، چونکە ئەو شتەی دەمەوێت بیگێڕمەوە، زۆر ترسناکە... پێش هەموو شتێک بەتەما بوو لە مەیدانە سەرەکییەکەی مالمشۆپیندا، ئینجیلەکان بسووتێنێت!

جوانیٚ گوتی: گوایە هاواری کردبوو: "دەیەوێت ئەو ئینجیلە نەفرەتی و سۆزانییانە بسووتێنێت".

"بۆیە لە خۆڕایی نەبوو منیان ناردبوو، تا زووە ئینجیلەکانی لیٚ وەربگرم. ئێمەمانان زۆر جار کاتمان کەمە و هەندێک جار لەوە کەمترە کە وێنای دەکەین. بۆ نموونە وەکو ئەو جارەی لە ئەسپانیادا نزیک بوو جەنەڕال فرانکۆ بە بەرچاوی منەوە پارچە پارچە ببێت".

ڕانیلید پرسیی: ئاخر جەنەڕاڵ فرانکۆی ئەسپانیا چ پەیوەندییەکی بەم بویەرەوە هەیە؟

"هیچ جەنابی داواکاری گشتی. من بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە بە نموونە هێنامەوە. ناکرێت هەموو شتێک زۆر بە چاکی ڕوون بکرێتەوە".

"جەنابی کارلسون، ڕات چییە کە تۆزێک بابەتەکە ڕوون بکەیتەوە؟ جانتاکە چیی بەسەر هات؟"

"جەنابی بورغوو نەیدەویست جانتاکەم بە ئاسانی پیٚ بدات، منیش لە ڕووی توانای جەستەییەوە دەرەقەتی نەدەهاتم و نەمدەتوانی جانتاکەی بە خورتی لیٚ بسەنم. نەک هەر لە ڕووی بەدەنییەوە، بەڵکو لە ڕووی پرەنسیپیشەوە، هەستم دەکرد زۆر ترسناکە خەڵکی بەو ئاوایە هەوڵ بدات..."

"جەنابی کارلسون بچۆ سەر بابەتەکە".

"بەڵیٚ جەنابی داواکاری گشتی بمبوورە، وەختایەک لە گەرمەی ئەم کەینوبەینەدا، ئاغای بورغوو، پێویستی بەوە بوو بچێت بۆ سەرئاو، منیش دەرفەتم هێنا. جانتاکەم هەڵگرت و بە خۆ و پیرەجانتاوە سواری پاسی سترێنگنێس بووم، چووم بۆ بایرنیگ بۆ لای ئەم هاوڕیٚ کۆنەم، یولیوس. کە هەندێک جار بە یول بانگی دەکەین.

داواکارە گشتییەکە، پێدەچوو هەست بەوە بکات دەبێت شتێک بڵێت، بۆیە پرسیی: یول؟

یولیوس گوتی: یان هەر یولیوس. بە ناسینتان خۆشحاڵم.

داواکارە گشتییەکە، چەند ساتێک بێدەنگ بوو. نها خەریک بوو هەندێک سەرنج و تێبینیی تۆمار دەکرد، پێدەچوو لە زەینی خۆیدا جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان ئەو تێبینییانەدا بدۆزێتەوە.

"بەڵام بەڕێز کارلسون تۆ بۆ کرێی پاسەکە ئەسکەناسێکی پەنجا کرۆنیت دابوو و لە شۆفێرەکەت پرسیبوو بەو پارەیە دەتوانێت تا کوێندەر بڕۆیت؟ ئەمە چەند لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا تێک دەکاتەوە کە تۆ بەتەما بوویت بۆ بیرینگێ بڕۆیت، نەک بۆ هیچ شوێنێکی دیکە؟"

ئالان گوتی: ئەها! من دەمزانی کرێی تا بیرینگێ چەندە، بەڵام بە ڕێکەوت تەنها یەک ئەسکەناسی پەنجا کرۆنیم پێ بوو و دەمویست پیچەک سەر بکەمە سەر شۆفێرەکە، خۆ ئەم کارە پێچەوانەی یاسا نییە، پێچەوانەی یاسایە جەنابی داواکاری گشتی؟

ڕانیلید، خۆی نەڕەنجاند وەڵام بداتەوە. "بە کورتی بڵێ پاشان چی ڕووی دا؟"

زۆر بە کورتی؟ بە کورتی من و یولیوس شەوێکی زۆر خۆشمان پێکەوە قەتاند، تا ئەوە بوو بەڕێز بورغوو هات و ویستی دەرگاکە لە پاژنەوە دەربهێنێت، ببوورە جەنابی داواکاری گشتی، جا چونکە لەسەر مێزەکە یەک بوتڵ ڤۆدگامان هەبوو، هەڵبەتە ئەو بەشانەت بیر ماوە کە پێشتر بۆم گێڕایتەوە، من گوتبووم یەک بوتڵ ڤۆدگام لەگەڵ خۆدا بردبوو –یەک بوتڵ ڤۆدگا!– ئەوەی ڕاستی بێت دوو بوتڵ بوو، پیاو دەبێت ڕاستگۆ بێت، وردەکارییانی لەمەش بێبایەختر بڵێت، بەهەرحاڵ لەم جۆرە بویەرانەدا کێ دەزانێت چی بایەخدارە و چی بێبایەخە. ئەمە پەیوەندیی بە تۆوە هەیە جەنابی داوا..."

"تەواوی بکە".

"بەڵێ، بمبوورە، ئیدی بورغوو کە زانیی ڤۆدگا و گۆشتی برژاوی کەڵەکێویمان هەیە، هێور بووەوە. وەختایەک درەنگانی شەو شێومان دەخوارد، بورغوو، کە لە خواردن و خواردنەوە مڕ بووبوو، بڕیاری دا ئینجیلەکان نەسووتێنێت. بەهەرحاڵ ئەلکول لایەنی ئەرێنیی خۆیشی هەیە، تۆش لەو باوەڕەدا نیت جەنابی داوا..."

"تەواوی بکە".

"بەیانی، جەنابی بورغوو، تەواو سەرخۆش بوو. من یەک لە باری خۆم لە ساڵی ١٩٤٥ەوە نەگەیبوومە ئەو حاڵە. ئەو ساڵە دەمویست بە تەکیلا کارێک بکەم ترومانی یاریدەدەری سەرکۆمار لە سەرخۆشیدا، بچێتە ژێر مێزەکەوە. بۆ نەگبەتی، هەمان ڕۆژ سەرکۆمار ڕۆزڤێلت مرد، ئێمەش ناچار بووین زوو ئاهەنگەکەمان تەواو بکەین. پێم

وایە ئەوە بە قازانجی من بوو، چونکە ناتوانم ئەوەت بۆ بگێڕمەوە کە سبەی بەیانی چ حاڵێکم هەبوو. تەنها ئەوەندە دەزانم حاڵم بڕێک لە ڕۆڤێلت باشتر بوو".

چاوانی ڕانیلید، لەزبلەز دەترووکان. لە کۆتاییدا نەیتوانی جڵەوی کونجکاویی خۆی بگرێت: ئەوە تۆ چ دەڵێیت؟ یانی ئەو ڕۆژەی ڕۆزڤێلت مرد، تۆ لەگەڵ ترومانی یاریدەدەری سەرۆکدا تەکیلات دەخواردەوە؟

"باشتر وایە خۆمان بە وردەکارییانەوە مژووڵ نەکەین، نازانم بۆچوونی تۆ چییە جەنابی داواکاری گشتی؟"

داواکاری گشتی هیچی نەگوت.

"بەهەرحاڵ ڕۆژی دواتر، لە کاتی چوونماندا بۆ کارگەی تواندنەوەی ئاسنی ئاکر، جەنابی بورغوو، لە حاڵێکدا نەبوو بتوانێت لەسەر تەڕەزینەکە یارمەتیمان بدات و پایەدر لێ بدات".

داواکارەکە گوتی: ئەوەندەی من بزانم تەنانەت پێڵاویشی لە پێدا نەبوو. سەبارەت بەم بابەتە چ ڕوونکردنەوەیەکت هەیە کارلسون؟

جەنابی داواکار، ئەگەر خۆت لەوێ بایت بە چاوی خۆت دەتبینی جەنابی بورغوو ئەو بەیانییە چەند سەرخۆش بوو... زۆر لەگین بوو بە تۆی یەک شۆرتەوە بێتە دەرەوە".

"ئەدی پێڵاوەکانی خۆت کارلسون؟ پاشان لە مووبەقەکەی یولیوس یونسن دۆزرابوونەوە".

"بەڵێ، من جووتێک پێڵاوم بە ئەمانەت لە یولیوس وەرگرت. کاتێک پیاو دەگاتە سەد ساڵ، هەندێک جار بە نەعلەوە (سۆل) دەچێتە دەرەوە. ئەگەر چل-پەنجا ساڵێکی دی چاوەڕوان بکەیت، بە چاوی خۆت ئەو حاڵەتە دەبینیت جەنابی داواکاری گشتی".

ڕانیلید گوتی: باوەڕ ناکەم ئەوەندەی دی بژیم. کێ دەڵێت تا کۆتایی ئەم گفتوگۆیە دەمێنم؟ باشە ڕوونکردنەوەکەت بۆ ئەمە چییە، کە وەختایەک تەڕەزینەکە دۆزرابووەوە، یەکێک لە سەگە پۆلیسییەکان، بۆنی تەرمێکی لەسەر کردبوو؟"

"جەنابی داواکاری گشتی تۆ ئەمە بە من بڵێ. هەڵبەتە جەنابی بورغوو، دوایەمین کەس بوو کە لە عەرەبانەکە دابەزیبوو. خۆ ئەگەر بۆ نەگبەتی لە جیبوتی نەمردایە، ڕەنگە خۆی بیتوانیایە ئەوەمان پێ بڵێت. جەنابی داواکار، بە دیدی تۆ دەشێت من سەرچاوەی ئەو بۆنە بووبم؟ هەڵبەتە من تا نها نەمردووم و ماوم، لێ زۆر پیرم... واتا دەشێت پیاو پێش مردنی بۆنی مردووی لێ بێت؟"

کاسەی سەبری ڕانیلید خەریک بوو سەرڕێژ دەبوو. تا ئێرە کەمتر لە یەک ڕۆژی ئەو بیست و شەش ڕۆژەیان گێڕابووەوە. لە سەدا نەوەدی ئەو قسانەی ئەو پیرە سەیروسەمەرەیە کردبوونی، ورێنەی ڕووت بوو.

ڕانیلید گوتی: بەردەوام بە، تەواوی بکە.

"ئێ، ئێمە جەنابی بورغوومان بە تەنها لەسەر عەرەبانەکە بەجێ هێشت، چووین پیاسەیەک بکەین و برێک سەری پێمان دەربکەین. چووین بۆ دەکەی ئەو سەندەویچفرۆشییەی بێننیی دۆستی پێر گونار دەیگێڕا.

داواکاری گشتی لە بێننی پرسیی: تۆش لە زیندان بوویت؟

بێننی، بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە گوتی: نەخێر، بەڵام تاواننناسیم خوێندبوو.

پاشان چیرۆکێکی دووروودرێژی هەڵبەست کە چۆن لە زیندانێکی گەورەدا، کاتێک لەگەڵ زیندانییاندا هەڤپەیڤینی دەکرد، لەگەڵ پێر گوناردا ناسیاویی پەیدا کردبوو.

ڕانیلید بە ڕواڵەت دووبارە خاڵێکی تۆمار کرد. پاشان بە هەمان ڕاوێژی یەکهاوی خۆی بە ئاللانی گوت: تەواوی بکە!

"بە چاوان. لە بنەڕەتدا بڕیار بوو بێننی، من و یولیوس، بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بۆ ستۆکهۆڵم ببات تا جانتا ئینجیلەکە بە پێر گونار بدەین، بەڵام بێننی گوتی دەیەوێت لە ڕێگە لا بدات و یەکسەر بۆ سمولاند بڕوات تا گانیلای دەزگیرانی بدینێت.

گانیلا، سەرێکی بۆ داواکارەکە دانەواند و گوتی: سڵاوتان لێ بێت.

ئاللان، لەسەر چیرۆکەکەی خۆی بەردەوام بوو: هەڵبەتە بێننی، لە ئێمە باشتر پێر گوناری دەناسی، گوتی پێر گونار دەتوانێت یەک-دوو ڕۆژی دی چاوەڕوانی ئینجیلەکان بکات. بە دیدی بێننی بابەتی ئینجیلەکان هیچ شتێکی تازەیان تێدا نەبوو، کە لەوەدا نەهەقی نەبوو. لێ خۆ ئینسان ناتوانێت هەتاهەتایە هەر چاوەڕوان بکات، وەختایەک مەسیح بۆ سەر زەوی بگەڕێتەوە، ئیدی هەموو بەشەکانی تایبەت بە گەڕانەوەی نزیکی وی کۆن دەبن و بایەخیان نامێنێت.

"لە بابەتەکە دەرمەچۆ!"

"بەڵێ جەنابی داواکاری گشتی! دڵنیا بە لە بابەتەکە دەرناچم، دەنا دوور نییە، ڕەوشەکە خراپ ببێت. ڕەنگە من ئەمە لە تۆ باشتر بزانم. ئەگەر من لە مەنشوریا، لە بەردەم ماوتسی تۆنگدا لە بابەت دەرچوومایە، بێگومان هەر لەوێ و ڕێک لەو کاتەدا دەکوژرام".

ڕانیلید گوتی: بێگومان ئەم کارە هەمووومانی لە زۆر کێشە ڕزگار کردووە.

"بەهەرحاڵ بێننی لەو باوەڕەدا بوو تا ئێمە لە سمولاند بین، مەسیح فریا ناکەوێت بۆ سەر زەوی بزڤڕێتەوە. بە باوەڕی منیش هەق بە بێننی بوو..."

"کارلسون!"

"بەڵێ، بەهەرحاڵ ئێمە بە سێقۆڵی، بێ ئەوەی هەواڵ بە پێر گونار بدەین، بە ئۆتۆمبێل بەرەو سمولاند کەوتینە ڕێ، کە هەڵبەتە ئەم کارەمان هەڵە بوو".

لێرەدا پێر گونار هەڵیدایە: بەڵێ هەڵە بوو. پێم وایە من دەمتوانی چەند ڕۆژێکی دیکەش چاوەڕوانی ئینجیلەکان بکەم؛ کێشەکە ئەمە نەبوو، بەڵام جەنابی داواکار، من باوەڕم وا بوو بورغوو لەگەڵ ئاللان، یولیوس و بێننیدا بڕیارێکی گەوجانەیان دابوو، چونکە بورغوو لە هەوەڵەوە لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا نەبوو کە یانەی 'هەرگیز جارێکی دی' ئینجیل لەنێو خەڵکیدا بڵاو بکاتەوە. هەڵبەتە منیش دوای خوێندنەوەی ڕۆژنامان کەوتمە سەر هەمان بیرۆکە!"

داواکاری گشتی سەرێکی لەقاند، کەمێک لەفکران ڕاچوو. پێدەچوو ئەم بەشەی قسەکان، سووکە بۆنێکی لۆجیکیی لێ بێت. ئەوسا ڕووی کردە بێننی و گوتی: باشە وەختایەک لە ڕۆژناماندا هەواڵی ئەگەری ڕفاندنی پیرەمێردێکی سەدساڵەت خوێندەوە، چما تەلەفۆنت بۆ پۆلیس نەکرد؟

"ئەلهەق ئەوەم بەبیردا هات، بەڵام ئەوەم بە ئاللان و یولیوس گوت، ڕازی نەبوون. یولیوس گوتی هەرگیز ئامادە نییە قسە لەگەڵ پۆلیسدا بکات، ئاللانیش گوتی لە خانەی پیران هەڵهاتووە و ئامادە نییە لەبەر دوو هەواڵی هەڵەی ڕۆژنامان و تەلەڤیزیۆن، بگەڕێتەوە بەردەست ئەلیسی بەڕێوەبەری خانەی پیران".

داواکار ڕانیلید، بە یولیوس یونسنی گوت: تۆ هەرگیز ئامادە نیت قسە لەگەڵ پۆلیسدا بکەیت؟

"من، بە ئەزموون بۆم دەرکەوتووە بەختم لەگەڵ پۆلیسدا نییە، بەڵام سەبارەت بە دیداری دوێنێم لەگەڵ گەورە لێکۆڵەر ئارونسوندا، هەڵبەتە دیداری ئەمڕۆم لەگەڵ ئێوەدا، جەنابی داواکاری گشتی، زۆر خۆشحاڵم و ئەمە حاڵەتێکی ئاوارتەیە. قاوەی دیکە دەفەرموویت؟"

بەڵێ، داواکار بەڕاستی پێویستی بە قاوە بوو. داواکار پێویستی بەوە بوو هەموو هێز و توانای خۆی کۆ بکاتەوە تا بتوانێت هەموو ئەو قسانەی لەم دیدارەدا گوترابوون، ڕێک بخات تا پاشان لە پرێس-کۆنفرانسەکەی سەعات سێدا شتێکی پێ بێت بۆ گوتن. شتێکی ڕاست و دروست، یان بە لای کەمەوە باوەڕکردەنی.

لێ داواکارەکە نەیدەویست بێننی لە چنگی دەرباز ببێت.

"باشە چما تەلەفۆنت بۆ پێر گونار گێردینی هاوڕێت نەکرد؟ بێگومان دەتزانی، لەگین بوو لە ڕۆژنامەکاندا، ئەو بابەتە بخوێنیتەوە کە دەربارەی ئێوە بڵاو دەبوونەوە".

"وام وێنا دەکرد جەنابی داواکار و پۆلیس بەم حەقیقەتەیان نەزانیبێت، کە پێر گونار نووری مەسیحی دیتووە، بۆیە دوور نەبوو تەلەفۆنەکەی لەژێر چاودێریدا بێت، بۆیە جەنابی داواکار نابێت لەم ڕووەوە بە نەهەقم بزانیت".

داواکارەکە لە بن لێوانەوە بۆڵەبۆڵێکی کرد و ئەوسا خاڵێکی لای خۆی تۆمار کرد، ژێوان بوو لەوەی ئەم وردەکارییانەی بە پەیامنێرەکان دابوو، بەڵام تازە پەشیمانی دادی نەدەدا، تازە شتەکە لەدەست دەرچووبوو. ڕووی کردە پێر گونار گێردین و گوتی: جەنابی گێردین، وا دیارە تۆ دەتزانی جەنابی کارلسون و دۆستەکانی لە کوێن، تۆ ئەمەت لە کێ زانی؟"

"بەداخەوە، ڕەنگە هەرگیز ئەمە نەزانین. یارۆی هاوکارم ئەم زانیارییەی لەگەڵ خۆیدا بردووەتە گڵەوە. یان ئەگەر ڕاستت دەوێت، بردوویەتیە گۆڕستانی ترومبیلانەوە (سکرابخانەی ئۆتۆمبێلان)".

"باشە زانیارییەکە چی بوو؟"

"ئەمە بوو کە ئاللان و بێننی و دۆستە کیژەکەی، لە ڕووتنێ سمولاند بینرابوون. پێم وایە دۆستێکی سەتڵ پەیوەندیی پێوە کردبوو. بە لای منەوە تەنها نووچە گرنگ بوو. من دەمزانی دۆستە کیژەکەی بێننی لە سمولاند دەژی و قژی سوور بوو. بۆیە فەرمانم بە سەتڵ کرد بۆ ڕووتنێ بڕوات و لە دەرەوەی سوپەر مارکێتەکە چاوەڕوان بکات، چونکە ئینسان هەرچییەک بێت، دەبێت شتێک بخوات..."

"ئەدی سەتڵ بەو کارە خۆشحاڵ بوو؟"

"بەهەرحاڵ، زۆر نا! جەنابی داواکار تۆ لێرەدا ڕێک لە ناوەندی ئامانجەکەت دا. پیاو دەتوانێت هەر شتێک دەربارەی سەتڵ بڵێت... سەتڵ هەموو شتێک بوو، بەڵام دیندار؟ نەخێر، هیچ کاتێک ئەهلی ئۆل و مەزهەبان نەبوو. تەنانەت لە بورغووش پتر، لە ڕەوت و ڕەوشی تازەی یانەی 'هەرگیز جارێکی دی' ناڕازی بوو. زۆر جار دەیگوت دەیەوێت بۆ ڕووسیا، یان وڵاتانی باڵتیک بڕوات و لەوێ قاچاخچیاتی مادەی هۆشبەر بکات... تا ئێستا شتێکی لەوە ترسناکترت بیستبوو؟ دوور نییە ئەو کارەی کردبێت، بەڵام دەبێت لە خۆی بپرسیت... نەخێر ئەمە مەحاڵە..."

داواکاری گشتی بە نیمچە گومانێکەوە تەمەشای پێر گونار گێردینی کرد.

"ڕێک وەکو بێننی لیونبرگ گوتی، ئێمە کاسێتێکی دەنگیی تۆمارکراومان لایە. تۆ لەو کاسێتەدا بە گانیلات گوتووە 'پیرەژن'، دوای تۆزێک جنێوی زۆر پیست داوە. دیدی خوداوەند سەبارەت بەو قسانە چییە؟"

"ئەهـا، خواوەنـد زۆر بەخشـندە و لێبـوردەیە. ئەگەر ئەو کتێـبەی نهـا وەرتگـرت، بکەیتەوە؛ یەکسەر ئەوە دەبینیت".

بووسـێ هەڵیـدایە: مەسـیح دەڵێـت ئەگەر تـۆ لە گونـاهی خەڵکـی ببوریـت، بـابی ئاسمانیش لە ئەنگۆ دەبووریت.

ئارونسون گوتی: "بەگوێرەی ئینجیلی یوحەنا"، ئەو کە دوێشـەو بۆ چەند سـەعاتێک لە سووچێکی بارِی ئوتێلەکەدا ئینجیلی خوێندبووەوە، نها ئەو شتانەی بیر دەکەوتەوە.

رانیلید، بە سەرسامی لە ئارونسونی پرسیی: چما تۆش ئینجیل دەخوێنیتەوە؟

ئارونسـون وەڵامـی نەدایەوە، بەڵام بزەیەکـی زاهیـدانەی بە ڕووی داواکـاری گشـتی رانیلیددا دا.

پێـر گونـار گێـردین گـوتی: مـن بـۆیە ئەو شـێواز و ڕاوێـژەم بەکـار بـرد، چـونکە دەمویسـت سـەتڵ شـێوازی جـارانی منـی بیـر بکەوێتەوە. پێم وا بـوو بەم کـارە واداری دەکەم ددانی پێدا بنێت".

داواکاری گشتی پرسیی: باشە ددانی پێدا نا؟

"هەم ئا و هەم نەخێر، نەمدەویست کارێک بکەم ڕووبەڕووی ئاللان، یولیوس، بێننی و دۆسـتە کیژەکەی ببێتەوە، چونکە پێم وا بـوو ڕەفتـاری دزێوی سـەتڵ، زۆر بە دڵـی وان نەبوو".

جوانێ گوتی: بێگومان بە دڵی وان نەبوو.

داواکاری گشتی پرسیی: بۆچی؟

"یەکسەر هات بۆ مەزراکەی من و بەردەوام یان جگەرەی دەکێشا، یان جنێوی دەدا و داوای ئەلکوکی دەکرد... من کەسێکی زۆر بەحەوسەڵە و لێبوردەم، بەڵام تەحەمولی خەڵکانی دەمپیس و جنێوفرۆش ناکەم".

ئارونسون، زۆر بە زەحمەت توانیی نەهێڵێت کێکەکە بپەڕێتە قورگی. ئەم جوانێیە دوێشەو لە هەیوانەکە ڕۆنیشتبوو و لێکدالێکدا جنێوی پیسی دەدا. ئارونسون، بەرەبەرە زیاتر و زیاتر دڵنیا دەبوو کە حەز ناکات گوێی لەو قسـە بێسـەروبەرانە بێت. بە دیدی وی، ڕەوشەکە بەو ئاوایە خراپ نەبوو. جوانێ لەسەری ڕۆی: من دڵنیام کە بە مەسـتی گەیـیە ئێـرە، بەو حاڵەشــەوە بە ئۆتۆمبێـل هـاتبوو! دەمـانچەیەکی بەدەسـتەوە بـوو، لە بەردەم ئێمەدا تەکانی دەدا و خۆی پێوە دەنواند. لافی ئەوەی لێ دەدا گوایە دەیەوێت بڕوات، نازانم لە کوێ مادەی هۆشبەر بکڕێت و بفرۆشێت، وا بزانم دەیگوت ڕێگا.

بۆیە هاوارم بەسەریدا کرد، بەڵێ جەنابی داواکار: ماڵی من جێگەی چەک نییە! ئیدی ناچارم کرد دەمانچەکەی لەوێ، لە هەیوانەکەدا دابنێت. باوەڕ ناکەم لە ژیانمدا پیاوی لەوە خراپتر و بێنەزاکەتترم دیتبێت...".

ئاللان گوتی: ڕەنگە ئینجیلەکان دەهرییان کردبێت. مەزهەب و ئۆل بە ئاسانی سەر و دڵی خەڵکی دەگرێت. جارێک کە لە تاران بووم..."

داواکار هەڵیدایە: تاران؟

"بەڵێ، بەر لە چەند ساڵێک. ئەو سەردەمە ڕەوش باش بوو. کاتێک بە فڕۆکە لەوێندەرەوە دەگەڕاینەوە، چەرچڵیش هەمان شتی دەگوت".

داواکارەکە گوتی: چەرچڵ؟

"بەڵێ سەرۆکوەزیران، یان ئەو ڕۆژگارە هێشتا سەرۆکوەزیران نەبوو، پێشتر بوو، لەڕاستیدا دواتر بوو بە سەرۆکوەزیران".

"نەفرەت، چاک دەزانم چەرچڵ کێ بوو، من تەنها... تۆ و چەرچڵ بە دووقۆڵی لە تاران بوون؟"

جوانێ گوتی: جەنابی داواکاری گشتی، جنێو نەدەیت.

"نەخێر، بە دووقۆڵی نەبووین. من لەوێ، ماوەیەک لەگەڵ بانگخوازێکی ئایینیدا بووم. ئەم بانگخوازە بەهرە و توانایەکی سەیری لە تووڕەکردنی خەڵکدا هەبوو".

داواکاری گشتی بەرەو تووڕەبوون دەچوو. تازە هەستی کردبوو دەیەوێت حەقیقەت لە زمانی پیرەمێردێکی سەدساڵەی سەیروسەمەرە دەربهێنێت کە ئیدیعای دەکرد فرانکۆ، ترومان، ماوتسی تۆنگ و چەرچڵی لە نزیکەوە دیتبوو، بەڵام دەهری بوونی ڕانیلید، بە لای ئاللانەوە بایەخی نەبوو، بۆیە لەسەری ڕۆی: لەو ماوەیەدا جەنابی سەتڵی جەوان لە مەزراکەدا بوو، وەکو پەڵەهەورێکی تۆفانزا دەهات و دەچوو. تەنها یەک جار ڕووی گەشایەوە، ئەویش کاتێک بوو کە دەڕۆی. جامی ئۆتۆمبێلەکەی دادایەوە و هاواری کرد: "لاتفیا خۆت بگر وا هاتم!"

ئێمە ئەو قسانەی ئەومان وا لێک دایەوە کە بەنیازە بۆ لاتڤیا بڕوات، بەڵام جەنابی داواکاری گشتی، ئێوە لە مەسەلەی پۆلیسیدا ئەزموون و بەهرەی زیاترتان هەیە. ڕەنگە تۆ لێکدانەوەیەکی دیکەت بۆ ئەو قسەیە هەبێت...

داواکارەکە گوتی: ئەحمەق!

ئاللان گوتی: ئەحمەق؟ تا نها کەس شتی وای بە من نەگوتووە! ستالین وەختایەک لە هەڕەتی تووڕەییدا بوو، سەگ و مشکی پێ گوتووم، بەڵام هەرگیز پێی نەگوتبووم ئەحمەق!

ڕانیلید گوتی: ئیدی کاتی ئەوە هاتووە.

پێر گونار گێردین، قسەکەی پێ بڕی: نابێت نا، جەنابی داواکار، لەبەر ئەوەی نەتتوانیوە بە کەیفی دڵی خۆت هەر کەسێکت بوێت دەستگیری بکەیت، تووڕە ببیت، نها دەتەوێت پاشماوەی چیرۆکەکە بژنەویت یان نا؟

بەڵێ داواکارەکە دەیویست گوێی لێ بێت، بۆیە لە بن لێوانەوە سووکە تەوازییەکی هێنایەوە. لەوە دەچێت وشەی 'دەیویست' وشەیەکی گونجاو نەبووبێت... ناچار بوو گوێی لە پاشماوەی سەربوردەکە ببێت. بۆیە ڕێگەی بە پێر گونار دا بەردەوام بێت.

"ئیدی ئەندامانی باندی 'هەرگیز جارێکی دی' ئاوایان لێ هات: بورغوو چوو بۆ ئەفریقا تا ببێت بە سەربازی فەرەنسی، سەتڵ چوو بۆ لاتفیا تا قاچاغچیاتی مادەی هۆشبەر بکات. کاراکاس بۆ وڵاتی خۆی گەڕایەوە. تەنها منی حەقیر بە تەنها مامەوە، تەنهای تەنها. هەڵبەتە مەسیحم لەگەڵ بوو."

داواکار، لە بن لێوانەوە گوتی: دروستە، بەردەوام بە.

"منیش ملی ڕێگەی مەزرای دەریاچەم گرت تا گونیلای دۆستی بێنی بدینم. سەتڵ بەر لەوەی بڕوات تەلەفۆنی بۆ کردم و ئەدرەسی مەزراکەی پێ دام".

داواکار ڕانیلید گوتی: ئەها! لەم بارەیەوە چەند پرسیارێکم هەیە. یەکەمیان لە تۆیە گونیلا بیورکلاند. بۆچی چەند ڕۆژێک بەر لەوەی لە مەزراکە بڕۆیت، چوویت پاسێکت کڕی، ئەسڵەن چما لەو مەزرایە ڕۆیشتیت؟ "

شەوی پێشوو خێڵی دۆستان بڕیاریان دابوو باسی سونیا نەهێننە ناو ئەم بویەرەوە. سونیاش، کتومت وەکو ئاللان هەڵهاتبوو، بەڵام بە پێچەوانەی ئاللانەوە، هیچ مافێکی هاووڵاتێتی نەبوو. ئەگەری ئەوە هەبوو، لە بنەڕەتەوە بە سوێدی نەیەتە ژماردن، لە سوێددا وەکو گەلێک لە وڵاتانی دیکە، ئەگەر بیانی بیت، بایەخێکی ئەوتۆت پێ نادرێت، بۆیە ئەگەری ئەوە هەبوو سونیا لە وڵات وەدەر بنرێت، یان بۆ هەتاهەتایە لە باخێکی گیاندارانداا توند بکرێت، یان هەر دوو ئیجرائەکەی پێکەوە لەگەڵدا بکرێت.

جوانێ گوتی: دروستە پاسەکە بە نێوی منەوە کڕدراوە، لێ من و بێنی پێکەوە کڕیمان، بۆ بووسێ برای بێننیمان کڕی".

ڕانیلید، بە تووڕەیی گوتی: تا پڕی بکات لە ئینجیل؟

داواکاری گشتی کونترۆڵی خۆی لەدەست دابوو، نەیدەتوانی جڵەوی ڕەفتار و زمانی خۆی بگرێت.

بووسێ وەڵامی دایەوە: "نەخێر، دەمویست پڕی بکەم لە شووتی. جەنابی داواکار دەتەوێت شیرینترین شووتی ژیانت بخۆیت؟"

داواکار ڕانیلید بەرسڤی دایەوە: نەخێر، نامەوێت. دەمەوێت هەندێک لایەنی ئەم چیرۆکەم بۆ ڕوون ببێتەوە، پاشان بۆ ماڵ بڕۆمەوە، پاشان بلەز پرێس کۆنفرانسەکەم ئەنجام بدەم، دواتر دەمەوێت مۆڵەت وەربگرم. ئەمەم دەوێت. نها بەردەوام بین... ئاخر چما، کە پێر گونار گێردین هات، مەزرای دەریاچەتان چۆڵ کرد؟

پیر گونار گێردین گوتی: ئاخر ئەوان نەیاندەزانی کە من دەچم بۆ ئەوێندەر. جەنابی داواکار پێدەچێت، تێگەیشتنی بویەرەکەت بە لاوە قورس بێت، وایە؟

داواکاری گشتی ڕانیلید گوتی: بەڵێ وایە. ئەگەر ئەنیشتاینیش ناچار بکرایە گوێ لەو درۆودەلەسانە بگرێت، بە ئاسانی لێی حاڵی نەدەبوو.

ئالان گوتی: گوتت ئەنیشتاین...

ڕانیلید بە ڕاوێژێکی بنجبڕەوە گوتی: نا، جەنابی کارلسون، نامەوێت باسی ئەوەم بۆ بکەیت کە تۆ و ئەنیشتاین پێکەوە چیتان کردووە. لەجیاتی ئەوە دەمەوێت جەنابی گێردین، ئەوەم بۆ ڕوون بکاتەوە چۆن ڕووسەکان هاتنە نێو ئەم بویەرەوە؟

پێر گونار گێردین پرسیی: ڕووسەکان؟

"بەڵێ ڕووسەکان، لە پەیوەندییەکەتاندا، کە گوێی لێ گیراوە، هاوکاری ڕەحمەتیت، سەتڵ، باسی ڕووسەکانی کردبوو. تۆ گلەییت کردبوو کە چما سەتڵ تەلەفۆنی بۆ خەتە فرییەکە نەکردبوو، سەتڵ جوابی دابووەوە وای زانیوە ئەمە تەنها کاتێک ڕێگەپێدراوە کە کارت لەگەڵ ڕووسەکاندا بێت".

پێر گونار گێردین گوتی: ئەوە شتێکە حەز ناکەم باسی بکەم، چونکە بە خۆیشی نەیزانیوە چ بڵێت.

داواکاری گشتی، ڕانیلید گوتی: بەڵام من حەز دەکەم.

بێدەنگی باڵی بەسەر مێزەکەدا کێشا. ڕۆژنامەکان هیچیان دەربارەی ڕووسەکان، لە گفتوگۆ تەلەفۆنیەکەدا نەنووسیبوو، گێردین بە خۆیشی لە بیری نەمابوو، بەڵام بێننی گوتی: "*Jesli tjelovek kurit, on plocho igrajet futbol*" هەموو بە سەرسوڕمانەوە لێی ڕامابن.

بێننی ڕوونی کردەوە: مەبەستی لە ڕووسەکان من و بووسێی برام بووە، چونکە باوکمان بە ڕەحمەت بێت و مامە فراسیمان بە ڕەحمەت بێت، تۆزێک چەپ بوون. بۆیە لە منداڵیدا من و براکەمیان ناچار کرد ڕووسی فێر ببین، بۆیە دۆست و بناژۆکانمان پێمان دەڵێن ڕووسەکان. من ئەوەی گوتم، هەمان شت بوو، بەڵام بە ڕووسی.

وەکو زۆر شتی دیکەی کە ئەم بەیانییە باس کرابوون، قسەکانی بێننییش فریان بە ڕاستییەوە نەبوو. تەنها هەوڵی دەدا بایک گێردین، لەو هەڵوێستە نالەبارە دەرباز بکات.

بێنی، زمانی ڕووسیی لە زانکۆ خوێندبوو (بەڵام بەشداریی لە دوا تاقیکردنەوەی ساڵدا نەکردبوو، تا بەکالۆریۆسەکەی وەربگرێت)، بەڵام ئەو بویەرە زۆر کۆن بوو، بۆیە بێنی بەو پەلەپەلە تەنها ئەو ڕستەیەی بیر کەوتبووەوە کە بریتی بوون لە: ئەگەر جگەرە بکێشیت، لە یاریی تۆپی پێدا باش نابێت.

بەڵام ئەو فێڵە سەری گرت. لەنێو ئەو خەڵکەدا ئاللان تاقە کەس بوو کە لە مانای ئەو ڕستەیە حاڵی بووبوو.

داواکار ڕانیلید، تاقەتی چوو: تا نها باس باسی کەسایەتییانی مێژوویی بوو، نهاش نۆرەنۆرەی زمانی ڕووسییە...

"جەنابی گێردین، دەکرێت باسی ئەوەمان بۆ بکەیت چۆن دۆستەکانی تۆ هەوەڵ جار ئۆتۆمبێلەکەتیان پان کردەوە و تۆیان کوشت، پاشان تۆ لەنێو مردووەکاندا هەستایتەوە و نها لێرە دانیشتوویت و... خەریکە شووتی دەخۆیت؟ بۆم هەیە من تامێکی ئەو شووتییە بکەم؟"

بووسێ گوتی: هەڵبەتە، بەڵام جۆری ئامادەکردنەکەی نهێنییە! باشە نەتبیستووە کە دەڵێن ئەگەر دەتەوێت خواردنەکەت خۆش بێت، نابێت بهێڵیت چاودێریی خواردنەکە، جۆری ئامادەکردنی خواردنەکە بدینێت.

بۆ نموونە نە ئارونسون و نە ڕانیلید هەرگیز ئەو پەندەیان نەبیستبوو، بەڵام ئارونسون بڕیاری دا بۆ هەمیشە بێدەنگ بێت، داواکاری گشتی ڕانیلیدیش هیچی نەدەویست جگە لەوەی بتوانێت هەموو ئەو گفتوگۆیانە بگەیەنێتە ئەنجام... ئیدی ئەنجامەکە هەرچییەک دەبوو و ئەوسا بڕوات. بۆیە نەیویست بووسێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی قسەکەی بدات. لەجیاتی ئەوە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ئەو شووتییە، خۆشترین شووتی بوو کە لە ژیانیدا خواردبووی.

پێر گونار گێردین باسی کرد چۆن دروست لەو کاتەدا کە پاسەکە دەڕۆی، ئەو گەیبووە مەزراکە و چۆن چووبوو هەموو کونوکەلەبەری مەزراکە گەڕابوو و بۆی دەرکەوتبوو ئەگەری ئەوە هەبووبوو دۆستەکانی بە پاسەکە ڕۆیشتبوون، چۆن دوای ئەوە کەوتبووە چاودێریی پاسەکە، کەوتبووە پێشی پاسەکەوە، کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێلەکەی خۆی لەدەست دابوو، ئۆتۆمبێلەکە داخزیبوو و لەوە دەچوو داواکارە گشتییەکە وێنەی ئۆتۆمبێلە تێکشکاوەکەی دیتبێت.

ئاللان، مودەتێک بێدەنگ بوو و ئەوسا گوتی: هەڵبەتە هیچ سەیر نەبوو کە پێماندا گەیشت، چونکە ئۆتۆمبێلەکەی وزەی سێسەد ئەسپی هەبوو، بە هیچ جۆرێک وەکو ئەو ڤالڤۆ پی ڤی ٤٤٤ نەبوو کە لە بروممـاوە منیان پێ برد، بۆ لای سەرۆکوەزیران ئێرلاندێر، کە وزەی چل و چوار ئەسپی هەبوو! هەڵبەتە بۆ ئەو ڕۆژگارە زۆر بوو. نازانم وزەی ئەو گوستافنسونەی بە هەڵە خۆی بە حەوشەی ماڵەکەی مندا کردبوو، وزە و توانای چەند ئەسپی هەبوو...

داواکاری گشتی، ڕانیلید گوتی: جەنابی کارلسون بێزەحمەت دەمت دابخە... تا نەتکوشتووم.

سەرۆکی یانەی 'هەرگیز جارێکی دی' لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بەردەوام بوو. هەڵبەتە کەمێک لە خوێنەکەی، نا وەڵڵا زۆرێک ڕژابووە نێو ئۆتۆمبێلە تێکشکاوەکەوە، بەڵام زۆر زوو برینەکەیان تیمار کردبوو و خۆیشی بە پێویستی نەزانیبوو لەبەر برینێکی بچووک و قۆڵێکی شکاو و چەند پەراسوویەکی شکاو بۆ نەخۆشخانە ببرێت.

ئاللان گوتی: خۆ بێننی ئەدەبیاتیشی خوێندبوو.

داواکارە گشتییەکە دووبارەی کردەوە: ئەدەب؟

"گوتم ئەدەبیات؟ نا، مەبەستم پزیشکی بوو".

بێننی گوتی: هەڵبەتە ئەدەبیاتیشم خوێندووە. خۆشەویستترین نووسەرم بە لاوە کامیلۆ خوسیە سیلا[1]یە. بەتایبەتی یەکەم ڕۆمان کە ساڵی ١٩٤٧ نووسراوە، زۆرم بەدڵە، ماڵباتی...

"بگەڕێوە سەر بابەتەکە".

داواکاری گشتی بەدەم ئەو قسەیەوە بە ڕێکەوت ڕووی لە ئاللان بوو، بۆیە ئاللان گوتی: جەنابی داواکاری گشتی ببوورە، ئێمە هەموو شتێکمان بۆ گێڕایتەوە، بەڵام ئەگەر هەر ڕژدی لەسەر گوێگرتن، ڕەنگە بتوانم یەک-دوو ڕیسکی ئەو دەورانەت بۆ بگێڕمەوە کە سیخوڕی دەزگای سی، ئای، ئەی بووم، یان لەوە باشتر باسی چیرۆکی پەڕینەوەی خۆم بە چیاکانی هیمالایدا بۆ بکەم. باشە دەتەوێت باسی چۆنێتیی

[1] ١٩١٦-٢٠٠٢، شاعیر و ڕۆماننووسی ئیسپانیایی. ساڵی ١٩٨٩ خەڵاتی نۆبێلی وەرگرتووە. لە ڕۆمانەکانی: ماڵباتی پاسکواڵ دوراتی ١٩٤٧، پوورەهەنگ ١٩٥٤، مازورکایەک بۆ دوو مردوو ١٩٨٩، خاتوو کلادوێل قسان لەگەڵ کوڕەکەیدا دەکات ١٩٩٢.

دروستکردنی ڤۆدگات لە شیری بزن بۆ بکەم؟ بۆ ئەمە تەنها سەلکێک چەوەندەر و بڕێک تیشکی هەتاو پێویستە لەگەڵ هەندێک شیری بزندا.

هەندێک جار ئینسان وا هەست دەکات مێشکی وەستاوە و دەمی کاری خۆی دەکات، پێدەچوو هەمان حاڵەت بەسەر داواکاری گشتی ڕانلیلیددا هاتبێت، چونکە بە پێچەوانەی بڕیارەکەی خۆیەوە، وەختایەک گوێی لەو ورێنانەی ئاللان بوو، گوتی: تۆ بە زنجیرەچیاکانی هیمالایادا پەڕیویتەوە، بە تەمەنی سەدساڵییەوە؟

ئاللان گوتی: نا، شێت بوویت! تەمەشا جەنابی داواکاری گشتی، خۆ من هەمیشە سەد ساڵ نەبووم. نە، ئەوەی بۆتی دەگێڕمەوە هیی زۆر کۆنە.

"دەتوانیت بەردەوام بیت..."

ئاللان لەسەری ڕۆی: "هەمووومان تەمەنمان هەڵدەکشێت و پیرتر دەبین. ئینسان بە منداڵی وا بیر ناکاتەوە. بۆ نموونە جەنابی کیم جونگ ئیلی گەنج بێنە بەرچاوی خۆت، ئەو کوڕە داماوە بە باوەشی منەوە دەگریا، کەچی نها سەرۆکی دەوڵەتە بەو هەموو ناو و ناوبانگەوە...

"کێشە نییە، کارلسون".

"ببوورە، جەنابی داواکاری گشتی. دەتویست چیرۆکی پەڕینەوەی خۆمت بە هیمالایادا بۆ بگێڕمەوە. دەی باشە بۆ ماوەی چەند مانگێک تاقە هاودەمی من حوشترێک بوو، پێویستە ئەوە دەربارەی حوشتران بزانیت کە ئەسڵەن حەیوانێکی خۆش و باڵکێش نییە..."

داواکار ڕانلیلد هاواری کرد: "نەخێر، نامەوێت هیچی دەربارە بژنەوم. من تەنها... بەڕاستی نازانم..." پاشان داواکاری گشتی بۆ چەند ساتێک بێدەنگ بوو و ئەوسا بە ڕاوێژێکی زۆر هێمنەوە گوتی ئیدی پرسیاری نییە... هەڵبەتە جگە لەو خاڵەی نەیدەزانی چما خێڵی دۆستان وێرای ئەوەی هیچ هەنجەتێک بۆ خۆشاردنەوەیان لەئارادا نەبوو، چەند هەفتەیەک خۆیان شاردبووەوە.

"ئەنگۆ بێگوناه بوون، وا نەبوو؟"

بێنی گوتی: بەڵام ئەمە پەیوەستە بەوەوە کە لە دیدی کێوە تەمەشا بکەین، بێگوناهی دەشێت مانای جۆراوجۆری هەبێت.

ئاللان گوتی: منیش دەمویست هەمان شت بڵێم. بۆ نموونە سەرکۆمار جونسون و دیگوڵ وەربگرە. خەتای کێهەیان بوو کە پەیوەندیی نێوانیان خراپ بوو؟ هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بڵێم وەختایەک من ئەوانم بینی، بە هیچ جۆرێک باسی ئەو بابەتەمان نەکرد، چونکە کاری دیکەمان هەبوو...

داواکاری گشتی ڕانیلید گوتی: جەنابی کارلسون تکا دەکەم، لێت دەپاڕێمەوە بێزەحمەت بێدەنگ بە، بیبڕەوە.

"جەنابی داواکار، پێویست ناکات چۆک دابدەیت و بپاڕێیتەوە، لە ئێستا بەدواوە من وەکو مشکێک بێدەنگ دەبم، بەڵێنت پێ دەدەم. من لەم سەد ساڵەی تەمەنمدا تەنها دوو چەلان، زارم بە نابەجێ گەڕاوە. یەکەمیان جارێ بوو کە بە ڕۆژئاواییەکانم گوت چۆن بۆمبی ئەتۆمی دروست بکەن و جاری دووەم ئەوە بوو هەمان شتم بە ڕۆژهەڵاتییەکان گوت".

ڕانیلید بەکاوەخۆ لە جێی خۆی هەستا، سەری سوپاسگوزاری سەبارەت بە شووتییەکە، قاوە و کێکەکە بۆ دانەواندن... سوپاسی قسەکردنەکەیانی کرد. سوپاسی دۆستانی کرد کە لە مەزرای کلۆکەرێدا زۆر هاوکارییان کرد. پاشان سوای ئۆتۆمبێلەکەی بوو و بۆی دەرچوو".

یولیوس گوتی: شتەکە بە سەلامەتی بووری.

ئاللان گوتی: زۆر بە باشی بووری، وا بزانم زۆربەی قسەکان من بۆم کرد.

***

وەختایەک داواکاری گشتی، ڕانیلید بە ئۆتۆبانەکەدا ئۆتۆمبێلەکەی داژۆت، بەرەبەرە ئەو مەنگییەی گرتبووی و مێشکی جام کردبوو، بەری دا. لە زەینی خۆیدا ئەو چیرۆکەی دەور کردەوە کە بۆیان گێڕابووەوە. چیرۆکەکەی گێژەوبێژ کرد، سەرگۆزەر و بن بێژنگی لێ فڕێ دا، ئەنجام چیرۆکێکی لێ دروست کرد کە بەکەڵک دەهات. تاقە شتێک کە بووبووە مایەی نیگەرانیی داواکاری گشتی ئەمە بوو کە مەحاڵ بوو ڕۆژنامەڤانەکان باوەڕ بەوە بکەن ئاللان کارلسونی سەد ساڵە بەڕاستی بۆنی تەرمی لێ دەهات.

ئەوسا بیرێک بە مێشکی داواکار ڕانیلیدا هات. ئەو سەگە پۆلیسییە نەفرەتییە... واتا دەکرا هەموو گلەیی و گازنەکان بخرێتە ئەستۆی ئەو سەگە؟

ئەگەر ڕانیلید بیتوانیبا، بە جۆرێک چیرۆکەکە ڕێک بخات کە سەگەکە شێت بێتە بەرچاو، هەنگێ دەیتوانی بە شێوەیەکی سەیر ڕێگەیەک بۆ دەربازبوونی خۆی بدۆزێتەوە. هەنگێ دەبوو چیرۆکەکەی بە جۆرێک گێڕابایەوە کە لە بێشەی سۆرملاند، هیچ تەرمەیەک لەسەر تەڕەزینەکە نەبووە، بۆیە هیچ تەرمەیەک نەدۆزرابووەوە. لێ داواکاری فریو خواردوو، وایزانی بوو کە تەرمەیەک هەیە. هەمان بیر بووبووە مایەی بڕیار و ئەنجامگیریەکانی دواتر، کە پاشان دەرکەوتبوو هەموو ئەو بڕیار و

ئەنجامگیریانە هەڵەبوون، بەڵام گوناحەکەی لە ئەستۆی داواکاری گشتی دا نەبوو، خەتابار و کەمتەرخەم سەگەکە بوو.

داواکاری گشتی ڕانیلید، وای بۆچوو ئەم بیرۆکەیە زۆر چاکە. تەنها ئەوەندەی پێویست بوو لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی دیکەوە، ئەوە بێتە سەلماندن کە سەگەکە توانای بۆنکردنی لەدەست دابێت، پاشان کیکی –ئەمە نێوی سەگەکە بوو؟– دەبێت زووتر لە کاتی دیاریکراودا خانەنشین بکرێت. ئیدی دوای قسەکانی دواکاری گشتی، هەر هەوڵێکی کێکی بۆ سەلماندنی تواناکانی خۆی، بێسوود دەبوو.

هەڵبەتە داواکاری گشتی، لە ڕابردوودا چاکەی زۆری بەسەر ڕاهێنەری سەگەکەوە هەبوو. چەند ساڵێک لەوەپێش داواکارەکە توانیبووی دۆسیەی ئەفسەرێکی پۆلیس کە لە فرۆشگەی 'سێڤن ئیلێڤن' دزیی کردبوو، بە دزییەوە سڕگوم بکات. داواکارەکە لە دڵی خۆیدا بیری کردبووەوە، ناکرێت لەسەر کێکێک ئەفسەرێکی پۆلیس تڕۆ بکرێت کە لە بیری چووبوو پارەکەی بدات، بەڵام نها باشترین هەل بوو کە ڕاهێنەری سەگەکە، ئەو چاکەیەی داواکاری گشتی بداتەوە.

داواکار ڕانیلید گوتی: خوداحافیز کیکی.

دوای ماوەیەکی زۆر ئەنجام بزەیەکی کرد.

دوای کەمێک تەلەفۆنەکەی لێی دا. سەرۆکی پۆلیسی دەڤەرەکە بوو. تازە ڕاپۆر و توێکاری و دیاریکردنی ناسنامەی کوژراوەکەیان نابووە سەر مێزەکەی.

سەرۆکی پۆلیس گوتی: ئەو تەرمە شێواو و کەپسکراوەی لە مەیدانی سکرابخانەی ترۆمبێلاندا دۆزراوەتەوە، هیی هنریک هولتن بووە.

داواکار ڕانیلید گوتی: زۆرم پێ خۆشە. زۆر چاکت کرد کە تەلەفۆنت کرد. دەتوانیت بەشی وەرگرتنم پێ بدەیت، دەمەوێت قسە لەگەڵ ڕونی بکمن، ڕاهێنەری سەگەکەدا بکەم…

***

خێڵی دۆستان لە کلۆکەرێ، خواحافیزییان لە ڕانیلید کرد و لەسەر پێشنیازی ئاللان گەڕانەوە بۆسەر مێزی مووبەقەکە. ئاللان لەوێ گوتی بابەتێک هەیە پێویستی بە چارەسەرە.

کۆبوونەوەکە دەستی پێ کرد، سەرەتا ئاللان، لە ئارونسونی پرسی ڕای دەربارەی ئەو چیرۆکە چییە کە بۆ داواکاری گشتی ڕانیلیدیان گێڕابووەوە، یان قۆمیسەر، لەجیاتی ئەوەی بەشداری لە کۆبوونەوەکەماندا بکات، حەز دەکات بچێتە دەرەوە و پیاسەیەک بکات؟

ئارونسـون بەرسـڤی دایەوە، بە ڕای وی ئەو چیـرۆکەی گێڕابوویـانەوە، لە هەمـوو ڕوویەکەوە ڕوون و لۆژیکی بوو. ئەوەندەی پەیوەندیی بە گەورە لێکۆڵەرەکەوە هەبوو، دۆسـیەکە داخرابـوو، خـۆ ئەگەر ڕێـگەی بـدەن لەگەڵیدانـدا دابنیشـێت، زۆر خۆشـحاڵ دەبێت. ئارونسـون گوتی بە خۆیشـی زۆر بێگونـاح نەبوو، بۆیە حەزی نەدەکرد خۆی بەردی یەکەم یان دووەم باوێژێت.

"بەڵام یەک چـاکەم لەگەڵدا بکەن؛ باسـی ئەو شـتانە مەکەن کە پێویسـت ناکـات مـن بیـانزانم. مەبەسـتم ئەوەیە ئەگەر وەڵامـی دیکەی جیـاواز لەو وەڵامـانەی بە ڕانیلیـدتان دایەوە، لە ئارادا هەیە..."

ئـاللان، بەڵێنـی دایە و گـوتی هەمـوو دۆسـتان بە مـانەوەی ئارونسـونی دۆسـتیان خۆشحاڵ دەبن.

ئارونسـون دەبیرەوە چـوو، دۆستیان؟ بە درێژایی سـاڵانی کـارکردنی خـۆی، لەنێو دڕترین تاوانکاراندا زۆر دوژمنی دڕ و بێویژدانی بۆ خۆی دروست کردبوو، بەڵام تـاقە یەک دۆستیشی نەگرتبوو، بەڵام بیری کردەوە ئیدی وەختی ئەوە هـاتبوو. بۆیە گوتی ئەگەر ئـاللان و دۆسـتەکانی، ئەو لە ڕیـزی خۆیانـدا قبـووڵ بـکەن، ئەوا شـانازی بەو دۆستایەتییەوە دەکات.

ئـاللان، وەڵامــی دایەوە لە ژیانیــدا دۆســتایەتیی لەگەڵ هەم ســەرکۆماران و هەم کەشیشاندا گرتووە، بەڵام تا نها دۆستایەتیی لەگەڵ تـاقە یەک پۆلیسـدا نەگرتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئارونسونی برادەریان بە خۆی نەیدەویست بزانێت ئەو هەمـوو پارەیەیـان لە کوێ بـووە، ئەویش بەڵێنی دا بە هیـچ جۆرێک باسـی ئەو بـابەتە نەکات؛ واتە لەبەر خاتری دۆستایەتییەکەیان باسی نەکات.

ئارونسون گوتی: ئەو هەموو پارەیە؟

"ئەرێ، مەبەسـتم جانتـاکەیە. بەر لەوەی پـڕی بکەیـن لە ئینجیلـێن تەنکـی بەرگ چەرمـی ئەسڵی، پڕ بوو لە ئەسکەناسی پێنجسەد کرۆنی. نزیکەی پەنجاملیۆن کرۆن بوو".

ئارونسون گوتی: نەفر...

جوانێ گوتی: ئەگەر حەز دەکەیت، جنێو بدەیت، جنێو بدە.

ئارونسون پرسیی: پەنجاملیۆن کرۆن؟

ئـاللان گـوتی: هەڵـبەتە، خەرجیـی ڕێگەوبـان و سـەفەرەکەمانی لـێ دەربکە. نهـا، لەســەر ئەندامانی گرووپەکەیە بڕیار بدەن ئەو پارەیە هیی کێیە. بۆیە داوا لە بایک دەکەم قسە بکات.

پێر گونار گێردین، کەوتە خوراندنی گوێی؛ ئەوسا گوتی حەز دەکـات هەم پـارەکە و هەم دۆسـتەکانی بە یەکگرتـوویی بمێنـنەوە. هەق بـوو هەمـوو پـێکڤە بچـنە گەشـت و

گەڕان، چونکە حاڵی حازر بایک جگە لە خواردنەوەیەکی چەتردار، لەژێر چەترێکی کەناراوی دووردا هیچی دیکەی نەدەویست. بایک، خۆبەخۆ دەیزانی کە ئاللانیش لەم بارەیەوە هاوڕای ئەوە.

ئاللان گوتی: هەڵبەتە خواردنەوەکەی من نابێت چەتری بەسەرەوە بێت.

یولیوس گوتی لەگەڵ بۆچوونەکەی ئاللاندایە، بە ڕای وی چەتری هەتاوگیر، بۆ ڤۆدگا و بەسەر ڤۆدگاوە پێویستی نییە، بەتایبەتی ئەگەر بە خۆت لەژێر چەتردا بیت و دنیا هەتاو و ئاسمان ساف و ساماڵ بێت، بەڵام بە باوەڕی وی، برادەران پێویستیان بەوە نەبوو گەنگەشە لەو بارەیەوە بکەن.

وا دیار بوو بیرۆکەی گەشت و چوونە سەیرانی بەکۆمەڵ، بیرۆکەیەکی بەجێ و پەسوند بوو.

ئارونسون، کە گوێی لەو پێشنیازە بوو، بزەیەکی شەرمنانەی کرد، چونکە زاتی نەدەکرد خۆی بە ئەندامی ئەو گرووپە بزانێت. بینی کە هەستی بەوە کرد دەستی خستە سەر شانی ئارونسون و پرسی نوێنەری هێزی پۆلیس حەز دەکات لە سەیراندا چۆنی خواردنەوەکەی پێشکەش بکرێت.

گەورە لیکۆڵەر، لەو کاتەدا کە خەریک بوو وەڵام بداتەوە، جوانێ بە کەڕەتێک هەموو شتێکی تێک دا: من بەبێ سونیا و گێلە بۆ هیچ شوێنێک نایەم! یەک هەنگاو لێرە دوور ناکەومەوە.

ئەوسا بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، پاشان گوتی: مەحاڵە.

چونکە بێننییشش نەیدەتوانی بەبێ جوانێ لە جێی خۆی بجووڵێت، ئەویش بەتەواوی سارد بووەوە.

ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی: وا بزانم نیوەمان پاسپۆرتی موعتەبەرمان نییە.

بەڵام ئاللان سوپاسی بایکی کرد سەبارەت بەو دابەشکردنە ماقووڵەی پارەی نێو جانتاکە، گوتی بە بۆچوونی وی بیرۆکەی گەشتەکە، بیرۆکەیەکی باشە. حەزی دەکرد ئەگەر بکرێت چەند هەزار میلێک لە بەڕێوەبەر، ئەلیس دوور بکەوێتەوە، هەرچی دوورتر بێت باشترە. خۆ ئەگەر ئەندامانی گرووپەکە بە گەشت و سەفەرەکە ڕازی بن، دەتوانن هەرچۆنێک بووە، کێشەی سەفەرەکەیان چارەسەر بکەن. دەیانتوانی ڕوو بکەنە شوێنێک کە وەرگرتنی ڤیزا بۆ ئینسان و حەیوان زۆر سەخت نەبێت.

بێننی بە نائومێدییەوە گوتی: باشە چۆن فیلێکی پێنج تەنی لەگەڵ خۆتدا سواری فڕۆکە دەکەیت؟

ئـالالان گـوتی: نـازانم، بەڵام ئەگەر هەنـدێک بە وردی بیـر بکەیـنەوە، چارەسـەرێک دەدۆزینەوە.

"ئەدی پاسپۆرتی موعتەبەر؟"

"وەکو گوتم، ئەگەر بە وردی بیر بکەینەوە".

جوانێ گوتی: باوەڕ ناکەم سونیا لە چوار تەن زیاتر بێت، ئەوپەڕی چوار تەن و نیو دەبێت.

ئالالان گوتی: گوێت لێیە بێنێ! مەبەستم لە بیرکردنەوەی ورد ئەمەیە. بینیت چۆن لە کەفلەکونێکدا، کێشەکەمان یەک تەن کەمی کرد؟

جوانی گوتی: وا بزانم بیرۆکەیەکم هەیە.

ئالالان گوتی: منیش، دەتوانم تەلەفۆنەکەت بەکار بهێنم؟

**بیست و شەشەمین**

**١٩٦٨ – ١٩٨٢**

شوێنی کار و ماڵی یولی یوریسوفیچ پوپوڤ لە شاری ساروڤ، لە نیژنی نوڤوگورد بوو، شوێنێک کە لە چوارسەد کیلۆمەتری باکووری ڕۆژهەڵاتی مۆسکۆدا بوو. ساروف شـارێکی نهێنی بـوو، واتە نهێنیتـر لە سـیخوڕ هوتـون بـوو. بگرە قەدەغە بـوو بە نـاوی ساروڤەوە ناو ببرێت، بەڵکو ناوێکیان لێ نابوو کە زۆر ڕۆمانتیکی نەبوو، ناویان نـابوو ئارازمـاس – ١٦. هەروەهـا ڕێـگە نەدەدرا لە هـیچ نەخشـەیەکدا ئامـاژە بـۆ ئەو شـارە بکرێت. ئیدی شاری ساروڤ هەم هەبوو، هەم نەبوو. ڕێک وەکو ڕەوشـی فلادیفسـتوک بۆ ماوەی چەند ساڵێک، لە دوای ساڵی ١٩٥٣وە، بەڵام بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە.

دەوراودەوری ئارازمـاس – ١٦ سـیم بەنـد کرابـوو. کەس بەبـێ پشـکنینی تەواوەتـی بۆی نەبوو لە شـار وەدەر بکەوێت، یـان بێتە نـاو شـارەوە. بۆ کەسـێک کە پاسـپۆرتی ئەمریکیی هەبوایە، یان لە کونسوولخانەی ئەمریکا لە مۆسـکۆ کاری بکردایە، بە هـیچ جۆرێک ئاقڵانە نەبوو لەو شارە نزیک ببێتەوە.

سـیخوڕی سـی، ئـای، ئەی ڕایـان هـوتن و شـاگردە تـازەکەی، ئـالالان کارلسـون، بەر لەوەی ئالالان لە کونسوولخانەی ئەمریکا لە مۆسکۆ جێگیر ببێت، چەندین هەفتە پێکڤە ڕاهێنانیـان لەسـەر ئەلفبـای کاروبـاری جاسووسـی کردبـوو. ئـالالان لە کونسـوولخانەی ئەمریکیـدا بە نێـوی ئـالالان کارلسـونەوە دەناسـرا، پۆسـت و عینـوانە وەزیفیـیەکەی 'بەڕێـوەبەری کـارگێڕی' بـوو. هـوتنی سـیخوڕی نهێنـی کـارێکی بـۆ دەسـەڵاتی ئـالالان

هەڵبژاردبوو کە لەڕاستیدا هیی ئەوە نەبوو بشێت لێی نزیک ببێتەوە. شوێنێکی سیم بەندکراو، شارێکی بە ڕادەیەک چاودێریکراو کە کەس مافی ئەوەی نەبوو بە نێو ناوی بهێنێت، یان بڵێت کەوتووەتە کوێوە.

سیخوڕی نهێنی (خەفیە) هوتن، بە ئاللانی گوت بەداخەوە بۆ ئەو هەڵەیە، بەڵام لەسەری ڕۆی کە بێگومان جەنابی کارلسون، ڕێگەیەکی دەدۆزییەوە بۆ وەی هەرچۆنێک بووە دزە بکاتە نێو ئەو شارەوە. بێگومان پوپوڤ، ناوبەناو سەردانی مۆسکۆی دەکرد.

هوتنی خەفیە (سیخوڕی نهێنی) لە پایتەختی فەڕەنساوە بە تەلەفۆن گوتی: جەنابی کارلسون جارێ بمبورە، هەندێک کاری ترم بەسەردا کەوتووە و لەسەر مێزەکەم کەڵەکە بووە. هەر سەرکەوتوو بیت!

هوتن، تەلەفۆنەکەی داخستەوە، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و کەوتە پەیجوری ئاژاوەکارییەکانی پەیوەست بەو کودەتا سەربازییەی لە ساڵی ڕابردوودا، بە پشتیوانیی سی، ئای، ئەی لە یۆنان ڕووی دابوو. ئەم کودەتایەش وەکو گەلێک لە کارەکانی دیکەی ئەم دواییانە، هەمان ئەو ئەنجامەی لێ نەکەوتەوە کە بۆی دانرابوو.

ئاللانیش لای خۆیەوە، هیچ چارێکی شک نەدەبرد جگە لەوەی هەموو ڕۆژێک بە پێیان و بە پیاسە بۆ کتێبخانەی مۆسکۆ بڕوات، چەند سەعاتێک لەوێندەر دابنیشێت و گۆڤار و ڕۆژنامەی ڕۆژ بخوێنێتەوە. هەموو ئومێدێکی ئەوە بوو هەواڵێک دەربارەی ئامادەیی پوپوڤ لە دەرەوەی ئەو تەلبەندە بخوێنێتەوە کە بە دەوران دەوری ئارزاماس – ١٦دا کێشرابوو.

مانگان، بوورین و هیچ هەواڵێکی لەو جۆرە و بەو نێوەڕۆکە بڵاو نەبووەوە، بەڵام ئاللان لە ڕۆژنامەاندا ئەو هەواڵەی خوێندەوە کە چۆن کاندیدی سەرۆکایەتیی کۆمار، ڕوبرت کەنەدی بە هەمان مەرەدی براکەی چووە و چۆن چیکۆسلۆڤاکیا، بۆ ڕیفۆرمی دەوڵەتە سۆسیالیستەکەی خۆی داوای یارمەتیی لە یەکێتیی سۆڤیەتی کردبوو.

ئاللان، ڕۆژێکی دی، تەمەشای کرد، کەسێک بە نێوی ڕیچارد ئیم نیکسون، شوێنی سەرکۆمار لیندون بی جونسونی گرتووەتەوە، بەڵام چونکە هێشتا هەموو مانگێک، کونسوولخانەی ئەمریکا مووچە و بەراتەکەی بۆ لە زەرفێک دەنا و پێی دەدا، ئاللانیش گەییە ئەو باوەڕەی باشتر وایە بەردەوام بێت لە چاودێریکردن و دۆزینەوەی پوپوڤ. ئەگەر هەر گۆڕانێک ڕووی دابایە، بێگومان هوتن پەیوەندیی پێوە دەکرد.

***

ساڵی ١٩٦٨ بووری و بەهاری ساڵی ١٩٦٩ بەڕێوە بوو، کە ئاللان بەدەم هەڵدانەوەی هەمیشەیی لاپەڕەی ڕۆژنامانەوە، تووشی بابەتێکی باڵکێش بوو. بڕیار بوو ئۆپرای ڤیەنا، لە هۆڵی شانۆی بولشوی مۆسکۆ، ئۆپرایەک نمایش بکات. فرانکۆ کوریللی تینورەکەی ئەدا دەکرد و ئەستێرەی سویدیی جیهانی بیرجیت نیلسون دەوری توراندوتی دەگێڕا.

ئاللان، چەناگە تاشراوەکەی (نها جارێکی دی تاشیبووی) خوراند، ئەو یەکەم و تەنها شەوەی بیر کەوتەوە کە خۆی و یوری پێکەوە بەسەریان بردبوو. لە ئاخروئۆخری شەوەکەدا یوری ئۆپرایەکی بۆ گوتبوو، یوری 'نیسان دورما'ی گوتبوو: کەس بۆی نییە بخەوێت! هەڵبەتە زۆری نەبردبوو بە خۆی، لە مەستیدا خەوی لێ کەوتبوو، بەڵام ئەوە چیرۆکێکی دیکە بوو.

بە بۆچوونی ئاللان، ئینسانێک بتوانێت لە قووڵایی حەوتسەد پێی دەریاییدا، یەک نەفەس ئۆپرای توراندوتی پوچینی ئەدا بکات و بخوێنێت، مەحاڵ بوو نمایشی هەمان بەرهەم لە لایەن ئۆپرای میوانی ڤێنا، لەسەر شانۆی بولشوی مۆسکۆ لەکیس خۆی بدات، بلێیت شتی وا بکات؟ بەتایبەتی بۆ کەسێک کە لە فاسیلەی چەند سەعاتی مۆسکۆدا بژی، لە ژیانیدا ئەو هەموو خەڵات و میداڵی شانازییەی وەرگرتبێت، بێ هیچ گرفتێک جێگەی دەست دەکەوت.

یان لەوەشە نەیەت. لەو حاڵەدا ئاللان ناچار دەبوو، درێژە بە هاتوچۆی ڕۆژانەی خۆی، لە نێوان  کونسوولخانەکە و کتێبخانەکەدا بدات. ئەمە خراپترین ئەگەر بوو، بەڵام زۆریش خراپ نەبوو.

حاڵی حازر ئاللان، دەبوا کاری لەسەر ئەو گریمانەیە بکردایە کە مومکین بوو سەروکەللەی یوری لە دەوروبەری هۆڵی شانۆیەکەدا پەیدا ببێت، پاشان بە خۆیشی لەو ناوە بوەستایە و دوا گێمی خواردنەوە دووقۆڵییەکەی خۆیانی وەبیر یوری هێنابایە و تەواو.

یان ئەمە بەس نەبوو.

لەڕاستیدا بە هیچ جۆرێک بەس نەبوو.

***

شەوی ١٩٦٩/٣/٢٢، ئاللان، لە جێگەیەکی ستراتیژیدا؛ لە دەستەچەپی دەرگا سەرەکییەکەی شانۆی بولشویدا، کورسی بۆ خۆی گرت. باوەڕی وا بوو دەتوانێت لەم شوێنەوە، یوری هەر کاتێک بێتە ژوورەوە بدینێت، بەڵام کێشەیەک هەبوو: هەموو ئەوانەی دەهاتنە ژوورەوە، لە یەکدی دەچوون. هەر هەموان قات و پاڵتۆی ڕەشیان

لەبەردا بوو، ئافرەتەکانیش هەموو فوستانی درێژیان لەژێر پاڵتۆی فەرووی ڕەش، یان قـاوەییەوە لەبەر کردبـوو. هەمـوان بە دووقـۆڵی، بە هەشـتاو لە سـەرمای دەرەوەڕا خۆیـان بە گەرمـای نـاو هـۆڵی شـانۆکەدا دەکـرد، بە بەردەم ئاللانـدا، کە لەسـەر پلەی قاڵدرمەیەکی جواندا وەستابوو، تێدەپەڕین. هـۆڵەکەش تاریک بـوو، ئـاخر ئـاللان چـۆن دەیتـوانی لەو بـارودۆخەدا، ڕوخسـارێک بناسـێتەوە کە بیسـت و یەک سـاڵ لەوەپـێش تەنهـا دوو ڕۆژ دیتبـووی و بەیەکەوە بـوون؟ مەگەر ئـاللان بە ڕێـکەوت ئەو بەخـتە ڕووی تێکردبا و یوری ئەوی بناسیایەتەوە.

نـا، ئـاللان هەرگیـز ئەو بەخـتەی نەبـوو. هەڵـبەتە ئەو ئەگەرەش دوور بـوو کە یوریسوڤیچ پوپوڤ لەنێو هۆڵەکەدا بێت، خۆ ئەگەر لەوێش بوایە، مانای وا بوو لە چەند مەتـری دۆسـتە ئـازیزەکەیەوە تێپەڕیـوە و ئاگـای لەو نەبـووە. ئەدی ئـاللان دەبـوایە چ بکات؟ بە دەنگی بەرز کەوتە بیرکردنەوە: یوریسوڤیچ پوپوڤی ئازیز، ئەگەر هـاتبێتە نـاو شـانۆکەوە، بێگومـان دوای چەنـد سـەعاتێکی دی دەبێـت لە هەمـان دەرگـاوە بچێـتە دەرەوە، بەڵام لە دەرچوونیشـدا هـیچ جیاوازییەکت لە چوونەژوورەوەت نابێت. کەواتە ناتوانم بتدۆزمەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دەبێت تۆ من بدۆزیتەوە.

دەی بـا وا بێـت. ئـاللان بـۆ ئۆفیسـەکەی کونسـووڵخانەکەی گەڕایەوە. هەرچییەکـی پێویسـت بـوو ئامـادەی کـرد، زۆر پـێش ئەوەی شـازادە کـالاف، دڵـی دۆتمیـر توراندوت بەدەست بهێنێت، دووبارە بۆ هۆڵەکە گەڕایەوە.

هوتن، لە هەموو شتێک زیاتر تەکەزی لەسەر ئەوە کردبـوو ئـاللان زۆر وریـا و بەپارێز بێت. خەفیفە و سیخوڕی سـەرکەوتوو، پێویسـتە هەمیشـە مەنـد بێـت، دەبێـت بە ڕادەیەک لە ژینگەی چالاکییەکانی خۆیدا بتوێتەوە، کە نزیکەی لە هیچ شوێنێکەوە نەبینرێت.

"حاڵی بوویت جەنابی کارلسون؟"

ئاللان بەرسڤی دایەوە: بێگومان جەنابی هوتن.

جەمـاوەری تەمەشـاڤانان بەدەم چەپڵەڕێـزانەوە پتـر لە بیسـت چەلان داوایـان لە بریجیت نیلسون و فرانکۆ کوریللی کرد تـا دووبـارە بگەڕێنەوە سـەر شـانۆ. نمایشـەکە زۆر سـەرکەوتوو بـوو. بۆیە مـاوەیەکی زۆری پـێ چـوو تـا هەمـوو تەمەشـاڤانەکان، کە گشـتیان لێکدی دەچـوون دووبـارە لە پلیکانەکـانەوە هـاتنە خـوارەوە. ئەوەی سـەرنجی هەمـوو تەمەشـاڤانەکانی ڕاکێشـا، پیاوێـک بـوو لەسـەر پلەیەکـی هەرە خـوارەوەی قاڵدرمەکەدا وەستابوو، پۆستەرێکی دەسـتکردی بەم نێوەڕۆکە بەدەسـتەوە بـوو: مـن، ئاللان ئیمانیۆلم.

هەڵبەتە ئاللان کارلسون، ئامۆژگارییەکانی هوتنی ئەزبەر بوو، بەڵام هیچ حیسابێکی بۆ ئەو ئامۆژگارییانە نەکرد. لە پاریسەکەی هوتندا، ئێستا گەرمەی بەهار بوو، لێ لە مۆسکۆدا دنیا هەم سارد بوو، هەم تاریک. ئاللان خەریک بوو لە سەرمادا ڕەق دەبووەوە، تەنها عەوداڵی وەرگرتنی ئەنجامی کارەکەی بوو، هەوەڵ جار دەیویست ناوی یوری لەسەر پۆستەرەکە بنووسێت، بەڵام سەرەنجام گەیبووە ئەم باوەڕەی ئەگەر بڕیار بێت سەرکێشی بکات، دەبێت سەرکێشییەک بکات کە زیانی هەر بۆ خۆی بێت.

***

لاریسا ئالکساندروڤنا پوپوڤا، هاوسەری یوریسوڤیچ پوپوڤ، ئاشقانە قۆڵی بە قۆڵی هاوسەرەکەیدا کردبوو، لەبەر ئەو ئەزموونە هاوبەش و جوانەی تەمەشا دووقۆڵییەکەیان بۆ ئۆپراکە، بۆ جاری پێنجەم سوپاسی مێردەکەی کرد. بریجیت نیلسون ڕێک هەمان دەوری ماریا کالاسی گێڕابوو، کتومت خۆی بوو! کورسییەکان لە جێیەکی زۆر باشدا بوون! ڕیزی چوارەم، ڕێک لە ناوەڕاستدا. لاریسا لەمێژ بوو بەو ئەندازەیە هەستی بە خۆشی نەکردبوو. ئەمە جگە لەوەی بڕیار بوو ئەو شەوە خۆی و هاوسەرەکەی لە هۆتێلدا وەمێنن، بە لای کەمەوە بۆ ماوەی بیست و چوار سەعات، بۆ ئەو شارە ناخۆشە تەلبەندکراوە نەگەڕێنەوە. دەیانتوانی شێڤێکی ڕۆمانسییانەی دووقۆڵی بخۆن... تەنها ئەو و هاوسەرەکەی... هەنگی دەشیا...

یوری دروست لەسەر یەکەمین پلەی پلیکانەکەی دەرەوەی بینایەکە وەستا، گوتی: ببوورە گیانەکەم.

لاریسا بە نیگەرانییەوە گوتی: چی بووە گیانەکەم؟

"ڕەنگە هیچ نەبێت... ئەو پیاوە دەبینیت کە ئەو پۆستەرەی بەدەستەوەیە؟ دەبێت بچم تەمەشایەکی بکەم... نابێت، بەڵام ئەو پیاوە مردووە!"

"کێ مردووە گیانەکەم؟"

یوری گوتی: وەرە با بڕۆین.

ئەوسا، بەدەم عوزرخوازییەوە، دڕ بە خەڵکەکە دەدا و لە قاڵدرمەکانەوە داگەڕان.

یوری لە یەک مەتری ئاللاندا وەستا و مێشکی خۆی دەگوشی تا باوەڕ بە چاوی خۆی بکات، کە ئەو پیاوەی دەیبینی خۆیەتی. کاتێک ئاللان چاوی بە دۆستە دێرینەکەی کەوت ڕاوەستاوە و حایر و حەپەساو وەکو شێت تەمەشای ئەم دەکات، پۆستەرەکەی داگرت و گوتی:

باش بوو؟ بیرجیت دەڵێم؟

یوری هێشتا هیچی نەگوتبوو، بەڵام هاوسەرەکەی دەمی لە پەنا گوێی نا و گوتی: ئەمە پیاوە مردووەکەیە؟

ئالان گوتی نەمردووە، ئەگەر ئەوان دەیانەوێت ئەم لە سەرمادا ڕەق نەبێتەوە و نەمرێت، باشترین کار ئەوەیە بەهەشتاو بۆ خواردنگەیەکی ببەن تا کەمێک ڤۆدگا و پارووەیەک نان بخوات، پاشان بخواتەوە.

یوری ئەنجام زمانی بەر بوو و توانیی بە سەرسامییەوە بڵێت: ئەمە خۆتیت...؟ چییە بە ڕووسی قسە دەکەیت؟

ئالان گوتی: بەڵێ، کەمێک دوای دوا دیدارمان، من کولێجێکی پێنجساڵیم لە فێربوونی زمانی وڵاتەکەی تۆدا تەواو کرد. ناوی کۆلیجەکە کولاغ بوو.
"ئەدی ڤۆدگا؟"

یوریسوڤیچ پوپوڤ، پیاوێکی ئێجگار بەئەخلاق بوو، بە درێژایی بیست و یەک دانە ساڵی ڕابردوو، هەستی بە عەزابی ویژدان دەکرد، چونکە بە ناهەق ئەو پسپۆڕەی بۆمبای ئەتۆمی، کە خەڵکی سوید بوو، فریو دابوو و بۆ مۆسکۆی هێنابوو، تا پاشان هەواڵەی فلادیفستوکی بکەن. یوری وای وێنا دەکرد یارۆی سوێدی، لە شەواتەکەدا سووتابێت، کە هەر هاووڵاتییەکی هۆشیاری سۆڤیاتی ئاگای لێی هەبوو. یوری بیست و یەک دانە ساڵ بە عەزابی ویژدانەوە تلایەوە، چونکە یەکسەر مەفتوونی ئەو کابرا سوێدییە و بەهرە و گەشبینییەکەی بووبوو.

نها، دوای ئوپرایەکی گەرموگوڕ، یوریسوڤیچ پوپوڤ لە بەردەم شانۆی بولشوی مۆسکۆدا، لە هەوای سفر دەرەجەدا وەستابوو..

نە، هەرچی دەکرد باوەڕی نەدەکرد ئالان ئیمانوئیل کارلسون لە ژیاندا مابێت. زیندوو بوو! ڕێک لەم ساتەدا لە بەردەم یوریدا وەستابوو. لە ناوەڕاستی مۆسکۆدا و بە ڕووسییش قسەی دەکرد.

یوریسوڤیچ پوپوڤ چل ساڵ بوو زەماوەندی لەگەڵ لاریسا ئالکساندر وڤادا کردبوو. هەردووکیان بە هاوسەرێتییان خۆشحاڵ بوون. منداڵیان نەبووبوو، بەڵام بێئەندازە متمانەیان بە یەکدی هەبوو. ئەو دوانە شەریکی خۆشی و ناخۆشیی یەکدی بوون. یوری جارەهای جار باسی نیگەرانی و ناڕەحەتیی خۆی سەبارەت بە چارەنووسی ئالان ئیمانوئیل کارلسون بۆ هاوسەرەکەی کردبوو. نها یوری هێشتا لەفکران ڕاچووبوو و هەوڵی دەدا حەواسی کۆ بکاتەوە، لاریسا هەڵیدایە: ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، پێم وایە ئەم بەڕێزە ئەو دۆستە دێرینەتە، کە بەبێ مەبەست هەواڵەی

مەرگت کردبوو. یوری گیان، بە دیدی تۆ باشتر نییە، بە ڕەزامەندیی خۆی تا زووە و بە ڕاستی نەمردووە بیبەین بۆ خواردنگەیەک و هەندێک ڤۆدگای فریا بخەین؟

یـوری بەرسـڤی نەدایەوە، بەڵام سـەری ڕەزامەنـدیی بـۆ هاوسـەرەکەی لەقانـد، هاوسەرەکەی ڕایکێشا و بۆ لای لیموزینەکەی برد کە چاوەڕوانیان بوو. ئەوسا یوری لە تەنیشت ئەو هاوڕێیەیدا کە تا تۆزێک لەمەوپێش لە خانەی مردواندا بوو، دانیشت و هاوسەرەکەی بە شۆفێرەکەی گوت کە بۆ کوێندەریان ببات.

"بێزەحمەت بۆ خواردنگەی پوشکین".

***

دوو پەرداخ ڤەخوارنی بەقوەت پێویست بوو تا ئاللان گەرمی ببێتەوە و سەرما لە گیـانی دەربچێت. دوو پەرداخـی دیـکەش پێویسـت بـوو تـا یـوری وەخـۆ بێـتەوە و حەپەسـاوییەکەی بڕەوێتەوە. لەو نێوانەدا ئـاللان و لاریسـاش، زیـاتر ئاشـنای یەکـدی بوون.

کاتێک سەرەنجام یوری وەخۆ هاتەوە و حەپەسانەکەی ڕەوییەوە "نها ئیدی ئاهەنگ دەگێڕین!" ئاللان، وای هەست کرد ئیدی وەختی ئەوەیە دەست بە کاری خۆی بکات، کە پیاو قسەیەکی پێ بێت، تا زووتر بیکات باشترە.

ئاللان گوتی: بۆچوونت سەبارەت بە سیخوڕی چییە؟ مەبەستم خۆمە، من حاڵی حازر بابایەکی سیخوڕم. شتێکی بەڕاستی سەیرە.

پێکی پێنجەم پەڕییە گەرووی یوری. یوری کەوتە کۆکین، لاریسا پرسیی: سیخوڕ؟

"بەڵێ، یان کرێگرتە، کە ئەلهەقی من نازانم جیاوازییان چییە؟"

"شتێکی باڵکێشە! بێزەحمەت ئاللان ئیمانوئیل تۆزێک زیاتر ئەمەمان بۆ باس بکە".

یوری بەدەم کۆکینەوە گوتی: نە ئاللان باسی مەکە. ئێمە نامانەوێت لەوەی پتر بزانین!

لاریسا گوتی: یوری گیان واز بهێنە. با دۆستەکەت باسی کارەکەی خۆیمان بۆ بکات، ئێوە ساڵانێکە یەکدیتان نەبینیوە. ئاللان ئیمانوئیل قسەکەت تەواو بکە.

***

ئـاللان لەسـەر قسـەکانی بەردەوام بـوو، لاریسـا بە تاسـەوە گـوێی گـرت، یـوری دەسـتەکانی بە دەموچـاویەوە گرتبـوو. ئـاللان باسـی بـویەری شـێوی خـۆی لەگەڵ سەرکۆمار جۆنسون و بەرپرسی سی، ئای، ئەی هوتندا بۆ کردن، پاشان باسی ئەوەی

کرد چۆن ڕۆژی دوایی دیداری لەگەڵ هوتندا کردبوو. لەو دیدارەدا هوتن پێشنیازی کردبوو ئاللان بۆ مۆسکۆ بڕوات و چاودێریی ڕەوشی چەکە ئەتۆمییەکانی ئەوان بکات.

ئاللان دەیزانی ئەڵتەرناتیڤی دووەمی بەردەمی ئەوەیە لە پاریس بمێنێت، لەو حاڵەدا دەبوایە هەموو کاتی خۆی بۆ ئەوە تەرخان بکات جڵەوی سەفیر و مێردەکەی بگرێت تا لەگەڵ هەر دەمهەڵهێنانێکیاندا قەیرانێکی دبلۆماتیک دروست نەکەن، چونکە هێربێرت و ئاماندا دوو نەفەر بوون و ئاللان نەیدەتوانی هاوکات لە دوو شوێندا بێت. بۆیە بە پێشنیازەکەی هوتن ڕازی بووبوو. پێدەچوو ئەو کارە ئاسانتر بێت. وێڕای ئەوەش دیداری دووبارەی یوری پاش ئەو هەموو ساڵە، شتێکی خۆش بوو.

یوری هێشتا هەردوو دەستی بە دەموچاویەوە گرتبوو، بەڵام ژێراوژێر لە درزی پەنجەکانیەوە، تەماشای ئاللانی دەکرد. ئایا یوری نێوی هێربێرت ئەنیشتاینی بە دروستی بیستبوو؟ یوری بە باشی هێربێرتی وەبیر دهاتەوە؟ هەواڵێکی خۆش دەبوو ئەگەر ئەویش دوای ڕفاندن، پاشان هەواڵەکردنی بۆ ئۆردووگای زیندان لە لایەن بیریاوە. هێشتا زیندوو بێت.

ئاللان دووپاتی کردەوە کە هێربێرت ماوە. ئەوسا بە کورتی سەربورد و چیرۆکی خۆیانی گێڕایەوە. چیرۆکی ئەو بیست ساڵەی لەگەڵ هێربێرتدا قەتاندبووی. ئاللان گێڕایەوە کە هێربێرت لە سەرەتاوە هیچ ئاواتێکی نەبووە جگە لە مردن، بەڵام وەختایەک بە ئاواتەکەی گەی، واتا وەختێک لە تەمەنی هەفتا و شەش ساڵیدا، لە کانوونی یەکەمی ڕابردوودا لە پاریس مرد، دیدی سەبارەت بە مردن بەتەواوەتی گۆڕابوو. هێربێرت، ژنێکی سەرکەوتوو -نها بێوەژن بوو- کە دیبلۆمات بوو لە پاریس، دوو کوڕی هەرزەکاری لە پاش بەجێ مابوو. بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرانەی ئاللان لە پاریسەوە بەدەستی گەیبوو، ماڵباتەکەی بەتەواوەتی لەگەڵ مردنەکەی هێربێرتدا ڕاهاتبوون، خانم ئەنیشتاین نها لە ئەنجوومەنە گرنگەکاندا، زۆر خۆشەویست و پەسەند بوو. هەڵبەتە زمانە فەڕەنسییەکەی خانم نەک هەر خراپ بوو، بەڵکو حەیابەرەش بوو، بەڵام ئەوەی لێ دەهات و هێندەی دی خۆشەویستتری دەکرد. خانم ئەنیشتاین هەندێک جار، هەندێک قسەی قۆڕ و گەوجانەی دەکرد، کە بێگومان لە نەزانییەوە و بەبێ مەبەست دەیکرد.

ئاللان گوتی: وا بزانم لە بابەتەکەی خۆمان دوور کەوتینەوە. بیرت چوو بەرسڤی پرسیارەکەی من بدەیتەوە، دیدت سەبارەت بە سیخوڕی چییە؟ کاتی ئەوە نەهاتووە گۆڕانێک لە ژیانی خۆتدا دروست بکەیت؟

یوری گوتی: ئاخر ئالان کارلسون، دۆستی ئازیز، ئەمە بەو ئاسانییە ڕوو نادات! من لەبەر ئەو خزمەتانەی کە بە وڵاتی خۆمم کردووە، لە هەر کەسێکی سەربازیی دیکەی مێژووی مودێرنی سۆڤیەتی، پتر نیوبانگ و پێگەوپایە و شانازیم بەدەست هێناوە. کاتێک بێم ببم بە سیخوڕ، ئەمە شتێک نییە بشێت بە خەیاڵیش بیری لێ بکەمەوە.

هەنگێ پێکەکەی بەرز کردەوە و بۆ دەمی برد.

لاریسا گوتی: "ئەو قسەیە مەکە یوری ئازیزم" بەو قسەیە خواردنەوەکە پەڕییە گەرووی یوری و پێکی شەشەمیش وەکو پێکی پێنجەم، پرژا و بڵاو بووەوە.

ئاللان بە میهرەبانییەوە پرسیی: باشتر نییە ڤۆدگاکەت بخۆیتەوە، نەک بەو ئاوایە بیپرژێنیت؟

لاریسا پوپوڤا، درێژەی بە ڕوونکردنەوە لۆژیکییەکەی خۆی دا، بەڵام مێردەکەی دووبارە دەستەکانی بەسەر چاویەوە گرت. لاریسا و یوری بەو زوانە دەبوون بە شەست و پێنج ساڵ. دوای ئەم هەموو ساڵە چییان هەبوو تا بە بۆنەیەوە سوپاسی سۆڤیەت بکەن؟ بەڵێ هاوسەرەکەی جۆرەها میداڵ و خەڵاتی وەرگرتبوو، هەر لەبەر ئەمەش بوو لە هۆڵی شانۆکەدا جێگەی باش و تایبەتیان پێ دابوون. ئەدی جگە لەوە چیی تر؟

لاریسا، چاوەڕوانی بەرسڤی مێردەکەی نەکرد و لەسەری ڕۆی، گوتی هەردووکیان لە ئارزاماس – ١٦دا زیندانی بوون، ئەو شارەی تەنانەت ناوەکەشی، ئینسان دووچاری خەمۆکی دەکات. شارێک کە لە هەر چوار نکاڵەوە سیم بەند کرابوو. بەڵێ لاریسا دەیزانی هاتوچۆی ئەو شارە بۆ وان ئازاد بوو، بەڵام یوری دەبوایە جارێ قسەکەی پێ نەبڕێت، چونکە هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو.

یوری، لەبەر چی و بۆ کێ ئەو هەموو ڕەنجەی دەکێشا؟ یەکەم لەبەر خاتری ستالین بوو، ئێ خۆ ستالین شێتی تەواو بووا ئەوسا نۆرەی خروشوف هاتبوو، ئەویش تەنها یەک کاری ئینسانیی کردبوو؛ کە فەرمانی لەسێدارەدانی بیریای دەرکردبوو. نهاژی نۆرەی برجنیف هاتبوو، کە بۆنی بۆگەنی وی هەموو شوێنێکی گرتبووەوە!

یوریسوڤیچ پوپوڤ بە ترسەوە هاواری کرد: لاریسا!

"ییلیچ گیان، پێویست ناکات لە جێی خۆتەوە هاوار بکەیت لاریسا لاریسا، برجینف بۆگەنە، ئەمە قسەی خۆتە."

لاریسا پاشان لەسەری ڕۆی و گوتی ئاللان ئیمانوئیل لە کاتی خۆیدا هاتووە، چونکە لاریسا، تازە بە هۆی بیرکردنەوە لەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بە کەسەرەوە، لە پشت تەلبەندی شارێکی بەفەرمینەبوودا، دەمرێت؛ دووچاری خەمۆکی بووبوو. ئایا

هـیچ زامنێـک هەبـوو دوای مردنەکەیـان، کێڵێـک بـۆ گۆڕەکەیـان دابنرێـت؟ یـان لەبەر هەندێک هۆی ئەولەهی، کۆدێن ڕەمزی لەسەر کێڵی قەبرەکانیان دەنەخشێنن؟

لاریسا گوتی: ئەمە گۆڕی هاوڕێ 'س' ژنە میهرەبانەکەی 'ص'ە.

یـوری هـیچ بەرسـڤێکی نەدایەوە. ڕەنـگە لەمەدا هەق بە ژنە ئـازیزەکەی بووبێـت، پاشـان لاریسـا دوا جەزرەبەی خـۆی وەشـاند: کەواتە بـۆچی چەنـد سـاڵێک لەگەڵ ئەو دۆستەتدا، ئاللان، سیخوڕی نەکەین؟ پاشان یارمەتیمان دەدەن هەڵبێین و بۆ نیۆیـۆرک بـڕۆین. ئیدی لەوێ دەتـوانین هەمـوو شـەوێک بـۆ متـرو پـولیتین بـڕۆین. یـوری گیـان دەتوانین، بەر لەوەی بمرین، تۆزێک بە کامی دڵ بژین.

لە کاتێکـدا پێـدەچوو یـوری تەواو شـل بووبێـت، ئـاللان لەسـەر ڕوونکـردنەوەی سەربوردەکەی خۆی بەردەوام بوو کە چۆن هەموو شتێک دەستی پێ کردبوو. ئاللان لە پاریس بە شێوەیەکی تـا ڕادەیەک ڕێکەوتەکی، تووشـی هـوتن بووبـوو و ناسـیاویی لەگەڵـدا پەیـدا کردبـوو، ئەو هـوتنە پیاوێـک بـوو پێـدەچوو، پەیوەنـدیی نزیکـی لەگەڵ سەرۆکی جارانی ئەمریکا (جونسـون)دا هەبێت و پۆستێکی بـاڵای لە ڕێکخـراوی سـی، ئای، ئەی هەبووبێت.

وەختـایەک هـوتن زانیبـووی ئـاللان زۆر لەوەپـێش ناسـیاویی لەگەڵ یوریسـوڤیچ پوپوڤدا هەبووە، دوور نییە یوری لە هەندێک شتدا قەرزاربـاری ئاللان بێت، ئیدی ئەو نەخشەیەی داڕشتبوو.

ئـاللان، زۆر بە وردی گـوێی لە ڕەهەنـدە ڕامیـاری و نێونەتەوەییەکـانی نەخشـەکەی هوتن نەگرتبوو، چونکە کە خەڵکی سەبارەت بە سیاسەت قیسەیان دەکرد، ئاللان ئیدی بێتاقەت دەبـوو و گـوێی لە قسـەکانیان نەدەگرت. ئەمە شـتێک بـوو وەک ئەوەیە خـۆ بە خۆ ڕوو بدات.

نهـا زانـا ئەتـۆمییەکەی سـۆڤیەت وەخـۆ هـاتبووەوە، سـەری ڕەزامەنـدیی دەلەقانـد. یـورییش حەزی لە سیاسـەت نەبـوو. هەڵـبەتە بە دڵ و گیـان سۆسیالیسـتی بـوو، بەڵام ئەگەر کەسێک داوای لێ کردبا باسی سۆسیالیزم بکات، دەمی تێک دەئاڵا.

ئـاللان، هەوڵـی دەدا بە کـورتی نێـوەڕۆکی قسـەکانی هـوتن بـۆ یـوری بگێـڕێتەوە. هەموو قسەکانی هوتن بریتی بوو لەمەی ئایا یەکێتی سۆڤیەت، هێرشی ئەتۆمی بۆسـەر ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات یان نا؟

یورییش پێی وا بوو ڕەوشـەکە لە نێوان 'ئـا–نـا'دایە، بێ ئەوەی فاسیلەیەکی زۆر لە نێوان هەردوو بژاردەکەدا هەبێت.

ئەوەنـدەی ئـاللان بیـری مـابوو، هـوتنی پیـاوی سـی، ئـای، ئەی هەنـدێک شتیشـی دەربـارەی چارەنووسـی هێرشـی ئەتـۆمیی سـۆڤیەت بـۆ سـەر ویـلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گوتبوو.

بە بۆچـوونی هـوتن، ئەگەر جبەخـانەی ئەتـۆمیی سـۆڤیەت بەو ڕادەیەش گەورە بێت کە بتوانێت ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر نەخشەی زەوی بسڕێتەوە، هەر خراپە.

یوریسوڤیچ پوپوڤ بۆ جاری سێیەم سەری لەقاند و گوتی بێگومان بۆ خەڵکی ئەمریکا زۆر خراپ دەبێت ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر نەخشەی زەوی بێتە سڕینەوە.

بەڵام ئاللان ئەوەی لە بیر نەمابوو کە هوتن، چۆن لە ئەنجامدا هەمـوو مەسـەلەکانی پێکەوە گـرێ دابـوو. هـوتن، لەبەر هەنـدێک هـۆ، حەزی دەکـرد، ئەوە بزانێـت جبەخـانە ئەتۆمییەکەی سۆڤیەت چ جۆرە چەکێکی تیا بـوو. ئەگەر ئەم زانیـارییەی دەسـت کەوتبـا هەنگێ دەیتوانی، پێشنیاز بۆ سەرکۆمار جونسون بکات کە دان و سانی داماڵینی چەکی ئەتـۆمی لەگەڵ یەکێتیـی سـۆڤیەتدا بکـات. هەرچەنـدە نهـا جونسـون ئیـدی سـەرکۆمار نەبـوو، کەواتە... ئـاللان نەیدەزانی. سیاسـەت زۆر جـار نەک هەر پێویسـتی نییە، بەڵکو هەندێک جار بە شێوەیەکی ناپێویستیش ئاڵۆزە.

یـوری، بەڕێـوەبەری گشـتیی هـونەری، هەمـوو بەرنـامەی ئەتـۆمیی سـۆڤیەتی بـوو، هەمـوو شـتێکی دەربـارەی سـتراتیژیەتی بەرنـامەکە، جوگرافیـای بەرنـامەکە و توانـای چەکە ئەتۆمییەکـان دەزانـی، بەڵام بە درێژایـی بیسـت و سـێ سـاڵەی خزمەتـی خـۆی لە بەرنــامەی ئەتــۆمیی ســۆڤیەتیدا، هــیچ کاتێــک بیــری لە سیاســەت نەکردبــووەوە و پێویستیشـی نەبـوو بیـری لـێ بکـاتەوە. ئەوە لەگەڵ تەبیعەتـی یوریـدا تێکـی دەکـردەوە. ساڵانێکی زۆری بە سەلامەتی لە سایەی سێ ڕابەری جیاواز و مارشال بیریادا بەسـەر بردبـوو. لە یەکێتیـی سـۆڤیەتدا ئەم تەمەنە درێـژە و بەو پلەوپۆسـتە بـاڵایەوە، شـتێک نەبوو خەڵکانێکی زۆر بتوانن بیجەڕبێنن و بە سەلامەتی دەرباز بین.

یوری دەیزانی لاریسـا چ فیداکارییەکی کردبـوو، چ قوربـانییەکی دابـوو و نهـا کـاتی ئەوە هاتبوو خانەنشین بکرێن، شایەنی ئەوە بوون ڤێلایەکی خۆیان لە کەنـاری دەریـای ڕەشدا هەبێت، ڕادەی قوربانیدانی لاریسا لە جاران زیـاتر بـوو. لـێ لاریسـا هـیچ کاتێک گلەیی نەدەکرد. بۆیە وەختایەک لاریسا ئەو قسانەی دەکرد، یوری زیـاتر گـوێی دەگـرت و هەستی بە نزیکیـی خـۆیـان دەکـرد، بەتـایبەتی کە لاریسـا گـوتی: یـوری گیـان، دڵەکەم، وەرە با ئێمەش لەگەڵ ئاللاندا، پیچەک بەشداریی لە ئاشـتیی ئەم جیهـانەدا بکەیـن. وەرە بـا دوای ئەوە بـۆ نیۆیـۆرک بـڕۆین. دەتوانیـت میـداڵەکانت بـدەیتەوە، بـا برجێنـف، بە پاشەڵی خۆیدا هەڵیانبواسێت.

یوری ڕادەست بوو و گوتی: ئەرێ.

بە هەموو قسەکان ڕازی بوو (جگە لەو بەشەی تایبەت بوو بە گێڕانەوەی میداڵەکان تا بریجێف بە پاشەڵی خۆیەوە هەڵیانبواسێت).

زۆری پێ نەچوو یوری و ئاللان گەیینە ئەو باوەڕەی مەرج نییە سەرۆک نیکسون پێویستی بە هەموو زانیارییەکان هەبێت، تەنها ئەوەندەی پێویستە خۆشحاڵی بکات، چونکە خۆشحاڵیی نیکسون دەبێتە بایسی خۆشحاڵیی برجینف، لە ئەنجامدا ئەگەر هەردوو سەرۆک خۆشحاڵ بن، ئیدی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ دەڕەوێتەوە، وایە؟

ئاللان توانیبووی بە بەرزکردنەوەی پۆستەرێک لە شوێنێکی گشتیدا، سیخوڕێک دروست بکات، ئەمەش لە وڵاتێکدا کە دەزگا پۆلیسییە نهێنییەکانی ئێجگار مکووم و بەتوانا بوون. ئەو شەوە نەقیبێکی سەربازیی جی، ئاڕ، یو و سیخوڕێکی باڵای کەی، جی، بی، لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا لە هۆڵی شانۆی بولشوی بوون. ئەوانیش وەکو هەموو ئامادەبوانی دی، ئەو پیاوەیان بینیبوو لەسەر پلیکانەیەکی خوارەوە بە خۆی و پۆستەرەکەی دەستیەوە وەستابوون، ئەو دوانە هەردووکیان هێندە لە کاری خۆدا کارامە و پڕئەزموون بوون کە بزانن پێویست بەوە ناکات زەنگی مەترسی بۆ هاوکارەکانیان لێ بدەن. هەر کەسێک بیەوێت کارێکی ناشۆڕشگێڕانە ئەنجام بدات، مەحاڵە بەو ئاشکراییە ئەنجامی بدات. کەس بەو ئەندازەیە کەودەن نییە.

هەر ئەو شەوە کاری تەجنیدی سیخوڕەکە لە خواردنگەیەکدا بە سەرکەوتوویی ئەنجام درابوو، چەندین سیخوڕی پیشەیی کەی، جی، بی و جی، ئاڕ، یو لەوێ دانیشتبوون. پیاوێک لەسەر مێزی ژمارە نۆ دانیشتبوو، بە بەردەوامی ڤۆدگای دەپرژاندە سەر خواردنەکە و دەستەکانی بە دەموچاویەوە دەگرت، بە هەردوو دەستان ئاماژەی دەکرد و چاوی دەگێڕا، بڕۆی هەڵدەتەکاند، ژنەکەی بێدەنگی دەکرد و سەرزەنشتی دەکرد، واتە دیمەنەکە زۆر ئاسایی بوو و لە خواردنگەیەکی سۆڤیەتدا، شتێک نەبوو باڵکێش و مایەی سەرنج بێت.

بەم جۆرە سیخوڕێکی سیاسەتنەزانی ئەمریکی، بە یارمەتیی بەڕێوەبەری بەرنامەی چەکی ئەتۆمیی ڕووسی، کە ئەویش سیاسەتکوێر بوو، توانییان بەبێ ئەوەی سیخوڕانی ج، ئاڕ، یو و کەی، جی، بی پێیان بزانێت، ئاشی ئاشتیی جیهانی بکوڵێنن. وەختایەک ڕایان هوتن، سەرۆکی بەشی ئەورووپای ڕێکخراوی سی، ئای، ئەی لە پاریس بەمەی زانی کە پرۆسەی تەجنیدەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام دراوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: وا دیارە ئەم مێردە، ئەم کارلسونە لەوە کارامەتر و پیشەییترە کە پێشبینی دەکرا.

***

شانۆی بولشوی ساڵی سێ یان چوار کاری نمایش دەکرد. هەروەها ساڵی یەک جار ئاهەنگی بیانی (وەکو ئەوەی ئۆپرای ڤینا ئەنجامی دا) نمایش دەکرد. بەو ئاوایە ساڵی هەشت–نۆ بۆنە دەهاتە پێشەوە تا ئاللان و یوری لە سویتی (جناح) هۆتێلەکەی یوری و لاریسادا بە دزییەوە یەکدی ببینن، بە دووقۆڵی هەندێک زانیاری سەبارەت بە چەکێن ئەتۆمی گەڵاڵە بکەن تا بۆ ڕێکخراوی سی، ئای، ئەی ڤرێ بکرێت، ئەمانە بە جۆرێک حەقیقەت و خەیاڵیان ئاوێتە دەکرد، کە زانیارییەکانیان لە ڕوانگەی بابایەکی ئەمریکییەوە، هەم جێگەی باوەڕ بێت و هەم مایەی ئومێد.

***

یەکێک لە لێکەوتەکانی ڕاپۆرتە نهێنییەکەی ئاللان، ئەمە بوو کە لە سەرەتایەکانی دەیەی ١٩٧٠دا، تیمی شیرەتکارانی نیکسون لەگەڵ مۆسکۆدا کەوتە دان و سان. مەبەست لەم دان و سانە ئەوە بوو کۆبوونەوەیەکی باڵای دووقۆڵی سەبارەت بە دامالینی چەکی ئەتۆمی بکەن. کە نیکسون زانیی ئەمریکا لە واری چەکی ئەتۆمیدا بەهێزتر و باڵادەستترە، هەستی بە دڵنیاییەکی زیاتر کرد.

برجنیفی سکرتێری گشتییش لای خۆیەوە زۆر دژی پەیمانی داماڵینی چەکی ئەتۆمی نەبوو، چونکە ڕاپۆرە نهێنییەکانی سیخوڕانی سۆڤیەتی، وایان دەنواند سۆڤیەت لە رووی چەکی ئەتۆمییەوە باڵادەستتر و بەهێزترە، بەڵام ئەوەی مەسەلەکەی ئاڵۆز کرد، ئەمە بوو کە خانمێکی فەڕاش، کە لە بەشی ڕاپۆرە نهێنییەکانی ڕێکخراوی سی، ئای، ئەی، کاری دەکرد، کۆمەڵێک زانیاریی باشی بە جی، ئاڕ، یوی سۆڤیەتی فرۆشتبوو. ئەم فەڕاشە، کۆمەڵێک لەو ڕاپۆرە نهێنییانەی کە لە بەشی سی، ئای، ئەی پاریسەوە نێردرابوو، دەست کەوتبوو. ئەو ڕاپۆرتانە ئەوەیان تێدا بوو کە ڕێکخراوی سی، ئای، ئەی، سیخوڕێکی لەناو جەرگەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی سۆڤیەتدا هەیە. کێشەکە لەمەدا بوو کە ئەو زانیارییانەی ئەو سیخوڕە دەیناردن، دروست نەبوون. جا ئەگەر نیکسون بیویستبا لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییە هەڵانەی کابرایەکی ڕووسیی درۆزنی دەروونتەخۆش بۆ بەشی پاریسی سی، ئای، ئەیی دەنارد، مل بۆ پەیمانی داماڵینی چەکی ئەتۆمی بدات، هەڵبەتە لەو حاڵەدا برجینفیش لە خوای دەویست، بەڵام مەسەلەکە بەگشتی بە ڕادەیەک ئاڵۆز بوو کە پێویستی بەوە بوو ماوەیەکی زیاتر بیری لێ بکرێتەوە و تاوتوێ بکرێت. هەروەها دەبوایە ئەو درۆزنە دەروونپەرێشەش بدۆزرێتەوە.

یەکەم کاری برجینف لەم بارەیەوە ئەمە بوو کە ناردی بەشوێن بەڕێوەبەری هونەریی بەرنامە ئەتۆمییەکەی خۆیاندا. یوریسوڤیچ پوپوڤ پیاوێکی وەفاداری هێندە بەهەڵوێست بوو، مەحاڵ بوو بخزێت، یان گومانی لێ بکرێت. برجینف، داوای لێ کرد چاودێریی بکات و بزانێت ئەو زانیارییە هەڵانەی بۆ ئەمریکا دەنێردرێن، لە کوێوە دزە دەکەن.

چونکە هەرچەندە سی، ئای، ئەی زانیارییەکی ئێجگار کەمی دەربارەی توانای جبەخانەی ئەتۆمیی سۆڤیەت، بەدەست هێنابوو، بەڵام شێوازی ئامادەکردنی دۆکیۆمێنتەکان، ئەوەی دەنواند ئەو کەسەی ئامادەی دەکردن، زانیاریی تەواوی لەمەڕ بابەتەکە هەیە. هەر لەبەر ئەمەش بوو پێویست بە کۆمەکی پسپۆڕ و شارەزایەکی وەکو پوپوڤ هەبوو.

پوپوڤ، ئەو ڕاپۆرت و زانیارییانەی خوێندەوە کە خۆی و ئاللانی دۆستی ئامادەیان کردبوو، پاشان بەبێ موبالاتییەوە شانەکانی هەڵتەکاند. پوپوڤ گوتی هەر خوێندکارێک کەمێک خۆی ماندوو بکات و چەند ڕۆژێک هاتوچۆی کتێبخانەیەک بکات، دەتوانێت ڕاپۆرتێکی ئاوها ئامادە بکات. ئەمە ئەوە ناهێنێت کە هاوڕێ برجینف پێی ناڕەحەت بێت، ئەگەر جەنابی ڕێ بە هەر فیزیکزانێتکی سادە بدات، شتەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە، ئیدی هیچ نیگەرانییەکی نامێنێت.

بەڵێ، هاوڕێ برجنیفیش هەر بەو مەبەستە لە دووی یوریسوڤیچ پوپوڤی ناردبوو تا ئەمەی بۆ ڕوون بکاتەوە. پاشان برجنیف لە کانگای دڵەوە سوپاسی بەڕێوەبەری هونەریی بەرنامە ئەتۆمییەکەی کرد، داوای لێ کرد سڵاوی بگەیەنێتە لاریسا ئەلکساندروڤنا؛ ژنە جوانەکەی یوریسوڤیچ پوپوڤ.

***

لەو ماوەیەدا کە کەی، جی، بی، مژووڵی دانانی کامێرای نهێنی بوو، لە دووسەد کتێبخانەی سەرانسەری ڕووسیادا، بۆ چاودێریی ئەو بەشانەی پەیوەندییان بە چەکی ئەتۆمییەوە هەبوو. برجنیفیش بەردەوام لە بیری ئەوەدا بوو چ وەڵامێکی پێشنیازە نافەرمییەکانی نیکسون بداتەوە، بەڵام ئەنجام ئەو ڕۆژە ترسناکە هات! نیکسون بۆ چین دەعوەت کرا تا دیدار لەگەڵ ماوتسی تۆنگە قەڵەودا بکات! تازە نێوانی برجنیف و ماو تێک چووبوو و بێمنەتیی خۆیان لێکدی دەربڕیبوو! بەڵام لەناکاودا مەترسیی ئەوە پەیدا بوو چین و ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە هاوپەیمانییەکی ناموبارەکدا، دژی سۆڤیەت بوەستنەوە، برجنیف نەدەبوو ڕێگەی ئەم هاوپەیمانییە بدات.

بۆیە ڕۆژی دوایی ڕیچارد ئیم نیکسون، سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەعوەتنامەیەکی فەرمیی بەدەست گەیشت کە سەردانی سۆڤیەت بکات. ئیدی دوای ئەوە کارێکی ئێجگار زۆر لە پشت پەردەوە ئەنجام درا، ئیدی هەوڵەکان بەرەبەرە یەکیان گرت، لە ئەنجامدا برجنیف و نیکسون نەک هەر تەوقەی دۆستایەتییان کرد، بەڵکو دوو پەیماننامەی جیاوازی دامالینی چەکی ئەتۆمییشیان واژۆ کرد: یەکەمیان سەبارەت بە ڕۆکێتی بالستیکی بوو (پەیماننامەی ئی، بی، ئێم)، دووەمیان سەبارەت بە قەدەغەکردنی چەکێن ستراتیژی بوو، چونکە کاری واژۆکردنی هەر دوو پەیماننامەکە لە مۆسکۆ ئەنجام درا، نیکسون دەرفەتی هێنا و لە کونسوولخانەی ئەمریکا سیخوڕەکەی خۆیانی بینی، سوپاسی کرد و تەوقەی لەگەڵیدا کرد. گوایە زانیاریی ئێجگار باش و هەستیاری سەبارەت بە توانای جبەخانەی ئەتۆمیی خستبووە بەر دەستی ئەمریکییەکان.

ئاللان گوتی: شایەنی نییە جەنابی سەرۆک. باشە دەعوەتی شێوم ناکەیت؟ ئەوانەی پێشوو ئەمەیان لەگەڵمدا دەکرد.

سەرکۆمار بە سەرسامییەوە پرسیی: کیهان ئەوەیان دەکرد؟

ئاللان گوتی: ئەوانەی لە خزمەتەکانی من ڕازی بوون. وەک فرانکۆ، ترومان، ستالین، سەرۆک ماو... هەرچەندە ماو جگە لە ماکەرۆنی هیچی دیکەی پێ نەدەدام، بەڵام وەخت درەنگانی شەو بوو... نها کە بیرم دەکەوێتەوە، سەرۆکوەزیری سوێد تەنها دەعوەتی قاوەی کردم. جا بۆ ئەو ڕۆژگارە کە قۆناغی قاتوقڕی و برسێتی و سکهەڵگوشین بوو، دەعوەتی قاوەش خراپ نەبوو؛ شت بوو...

خۆشبەختانە، سەرکۆمار نیکسون، هەندێک زانیاریی لەمەڕ ڕابردووی سیخوڕ ئاللان پێ درابوو، بۆیە نیکسون بەکاوەخۆ گوتی بەداخەوە کاتی ئەوەی نییە شێو لەگەڵ کارلسوندا بخوات. لەسەری ڕۆی کە هەڵبەتە سەرۆکی ئەمریکی هیچی لە سەرۆکوەزیرانی سوێد کەمتر نییە، بۆیە دەیتوانی فنجانێک قاوە پێکڤە بخۆنەوە، تۆزێک کۆنیاکیشی لەگەڵدا بێت. هەر ئێستا و لەم ساتەدا، هەڵبەتە ئەگەر بۆ کارلسون گونجاو بێت.

ئاللان، سوپاسی دەعوەتەکەی نیکسونی کرد، پرسیی ئاخۆ بۆی هەیە چاوپۆشی لە قاوەکە بکات و لەجیاتی ئەوە دوو پێک کۆنیاک بخواتەوە؟ نیکسون بەرسڤی دایەوە، ڕەنگە بودجەی نەتەوەیی ئەمریکا بایی ئەوە بکات هەر دوو داواکارییەکەی ئەو جێبەجێ بکرێت.

***

بە دووقۆڵی، سەعاتێکی خۆشیان بەسەر برد، یان سەعاتێکی نیمچە خۆشیان بەسەر برد، چونکە ئاللان ناچار بوو گوێ لە قسە سیاسییەکانی سەرکۆمار نیکسون بگرێت. سەرۆکی ئەمریکا لە چۆنێتیی بەڕێوەچوونی گەمە سیاسییەکانی ئەندەنوسیای پرسی. ئاللانیش بێ ئەوەی نێوی ئەماندا بهێنێت، بە دوورودرێژی باسی ئەوەی کرد ڕەوشی سیاسیی ئەندەنوسیا چۆنە و چۆن پۆست و پلەی سیاسی لەوێندەر دروست دەکرێت. سەرۆک نیکسونیش بە وردی گوێی دەگرت و بە ڕواڵەت هەموو هۆش و گۆشی لای قسەکانی ئاللان بوو. گوتی: جوانە... جوانە.

***

ئاللان و یوری، پێکەوە ئاسوودە بوون، بە پێشڤەچوونی کارەکەیان خۆشحاڵ بوون. پێدەچوو دەزگای جی، ئاڕ، یو و کەی، جی، بی سەبارەت بە چاودێریکردنی سیخوڕە ئەمریکییەکە، هێور بووبنەوە، ئاللان و یوری لەو بارەیەوە ئاسوودە بووبن، یان ئاللان گوتەنی: باشتر وایە دوو ڕێکخراوی بکوژ یەک لە دووی یەک چاودێریی نەکەن.

ئەوسا لەسەری ڕۆی، باشترە جووتە هاوڕێ زۆر بیر لە جی، ئاڕ، یو و کەی، جی، بی و ئەو جۆرە پیتانە نەکەنەوە، چونکە هیچ شتێکیان لە هەنبەر ئەو شتانەدا پێ ناکرێت. لەجیاتی خۆیان بەو شتانەوە مژووڵ بکەن، کاتی ئەوە هاتبوو ڕاپۆرتێکی نهێنیی دیکە بۆ هوتن و سەرکۆمارەکەی ئامادە بکەن. بۆ نموونە سەبارەت بەو ئاسیوە زۆرەی کە هاژەکی میانبورد لە عەماری کامچاتکادا، بە هۆی ژەنگ هەڵهێنانەوە دووچاری بووبوو. ئایا دەیانتوانی لەسەر ئەم بابەتە کار بکەن؟

یوری، ستایش و ئافەرینی ئەو بەرزە خەیاڵییەی ئاللانی کرد. توانا و بەهرەی خەیاڵیی ئاللان، کاری مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتەکانی ئاسانتر دەکرد. ئەمەش دەیکردە کارێک ئەو دوانە وەختێکی زۆرتریان بۆ خواردن و خواردنەوە و هاودەمی و قسەی خۆش هەبێت.

ڕیچارد، ئیم نیکسون، دەرفەتی زۆری هەبوو بۆ خۆشحاڵبوون. تا وای لێ هات هیچ دەرفەتێکی بۆ خۆشحاڵبوون نەما.

ئەمریکاییەکان سەرکۆمارەکەیان خۆش دەویست، ساڵی ١٩٧٢ بە زۆرینەی دەنگ، جارێکی دیکە هەڵیانبژاردەوە. نیکسون، لە چل و نۆ ویلایەتدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، کەچی جورج مک گوڤرین تەنها لە یەک ویلایەتدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

بەڵام پاشان لەناکاودا هەلومەرجەکە بە زیانی نیکسون شکایەوە، ئیدی بەرەبەرە و ڕۆژبەڕۆژ ئاللانگارییەکان زیاتر بوون. تا لە ئەنجامدا ناچار بوو مل بۆ کارێک بدات کە تا ئەو کاتە هیچ یەکێک لەسەر کۆمارەکانی ئەمریکا ئەو کارەیان نەکردبوو.

نیکسون، ناچار بوو واز لە پۆستەکەی بهێنێت.

ئاللان بویەری ناسراو بە 'ڕیسوایی واتەرگیت'ی لە هەموو ڕۆژنامەکانی ناو کتێبخانەی شاری مۆسکۆدا خوێندەوە. دەرکەوت نیکسون، سەبارەت بە باجەکانی خۆی فێڵی کردبوو. پیتاکی نایاسایی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی خۆی وەرگرتبوو. ژێراوژێر دەستووری دابوو لە هەندێک شوێندا تەقینەوە بکرێت. ناحەزەکانی لەناو بردبوون، دەستووری دابوو بە نایاسایی بەسەر ماڵاندا بدرێت، گوێی لە هەندێک گفتوگۆی تەلەفۆنی بێتە گرتن. ئاللان لەفکران ڕاچوو، دیارە سەرکۆمار، کەوتووەتە ژێر باندۆری ئەو قسانەوە کە ئەو بەدەم خواردنەوەی دوو پێکە کۆنیاکەکەوە لە مۆسکۆ کردبوونی. هەنگێ ئاللان ڕووی کردە وێنەکەی نیکسونی ناو ڕۆژنامەکە، گوتی: تۆ دەبوایە بۆ کارێن سیاسی، بۆ ئەندەنووسیا چووبایت، لەوێ دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت باژۆیت.

***

ساڵان بوورین، جیرالد فورد جێگەی نیکسونی گرتەوە، پاشان جیمی کارتەر هاتە جێی فورد. بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە، برجنیف هەر لە شوێنی خۆی مایەوە. ڕێک وەکو ئاللان، یوری و لاریسا. ئەو سیانە، بە بەردەوامی ساڵی پێنج یان شەش چەلان یەکدییان دەبینی و کاتێکی خۆشیان پێکەوە دەقەتاند. دیدارەکانیشیان، بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی خەیاڵی و بەجێ دەربارەی ڕەوشی ئێستای جبەخانەی چەکێن ئەتۆمیی سۆڤیەتی کۆتایی دەهات. بە درێژایی ئەو ساڵانە، ئاللان و یوری بڕیاریان دابوو توانای ئەتۆمیی سۆڤیاتی کەم و کەمتر نیشان بدەن، چونکە بۆیان دەرکەوتبوو ئەم کارە ئەمریکییەکانی زۆر خۆشحاڵ دەکرد (هەڵبەتە گرنگ نەبوو سەرکۆمار کێیە)، بەو ئاوایە کەشی نێوان ڕابەرانی هەردوو لاش ئارامتر دەبوو.

بەڵام چ خۆشییەک هەتا سەر بەردەوام دەبێت؟

کەمێک پێش واژۆکردنی پەیمانی سالت – ٢، ڕۆژێک برجنیف هەستی کرد ئەفغانستان پێویستی بە یارمەتیی سۆڤیەتە. بۆیە هەڵبژاردەترین هێز و لەشکری خۆی بۆ ئەوێندەر نارد، ئەوانیش بە ڕێکەوت سەرکۆماری وەختی ئەفغانستانیان کوشت، برجنیف هیچ چارەیەکی نەما جگە لەوەی سەرکۆماری دڵخوازی لەو وڵاتە دابنێت.

له لایەکی دیکەوە ئەم بابەتە بووە مایەی تووڕەبوونی سەرکۆمار جیمی کارتەر. هێشتا مەرەکەبی پەیمانی سالت – ٢ بەتەواوەتی وشک نەبووبووەوە. بۆیە کارتەریش نەیهێشت وەرزشکارانی ئەمریکایی لە ئۆڵەمپیادی مۆسکۆدا بەشداری بکەن و یارمەتییە نهێنییەکانی سی، ئای، ئەی بۆ موجاهیدان، میلیشیا ئوسوڵییەکانی ئەفغانستان زیاتر کرد.

کارتەر، فریا نەکەوت هەنگاوی زیاتر بنێت، چونکە دوای ماوەیەکی کەم ڕونالد ڕیگان جێی ئەوی گرتەوە. ڕیگان بە شێوەیەکی گشتی دەرهەق بە کۆمۆنیزم، بەتایبەتی بەرانبەر بە شەخسی برجنیفی پیرەمێرد زۆر زۆر توند و هەستیار بوو.

لە یەکەمین کۆبوونەوەی سیخوڕیدا، پاش ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی یاسایی سەرکۆماری تازە (ڕیگان) ئاللان بە یوریی گوت: وا دیارە یارۆ زۆر تووڕە و بەگلەییە، ڕیگان دەڵێم.

یوری بەرسڤی دایەوە: ئەرێ. نەها ئێمە ناتوانین لەوەی پتر جبەخانەی ئەتۆمیی سۆڤیەتی لە ڕیز دەربکەین، چونکە ئیدی هیچ نامێنێتەوە.

ئاللان گوتی: لەم حاڵەدا پێشنیاز دەکەم بە پێچەوانەوە کار بکەین. لەو باوەڕەدام ئەم کارە برێک ڕیگان هێور دەکاتەوە. دابنیشە و ببینە.

بەم جۆرە ڕاپۆری نهێنیی دواتر لە ڕێگەی سیخوڕ هوتنەوە بۆ ئەمریکا نێردرا، هەواڵی ئەوەی تیا بوو، سۆڤیەت هاژەکە بەرگرییەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد کردووە. خەیاڵی ئاللان سەری بۆ کاکێشان دەکێشا؛ لەوەدا نەبوو، لەو بەرزییەوە وای نواند هاژەکەکانی سۆڤیەت دەتوانن هەر چەکێکی ئەمریکییەکان بیانەوێت بەکاری ببەن، بخەنە خوارەوە. بەو ئاوایە هەردوو سیخوڕی ئەمریکی، ئەنتی سیاسەت ئاللان و دۆستەکەی؛ بەڕێوەبەری بەرنامەی چەکی ئەتۆمیی سۆڤیەتی یوری دژەسیاسەت، بناغەی هەرەسی یەکێتیی سۆڤیەتیان دامەزراند، چونکە ڕۆناڵد ڕیگان وەختایەک ئەو ڕاپۆرە سیخوڕییەی ئاللان ناردبووی، خوێندەوە، بە جارێ گڕی گرت و یەکسەر دەستی بە پرۆژە بەرەڤانییە ستراتیژیەکەی خۆی کە بە 'جەنگی ستێران'یش بەناوبانگ بوو، کرد. وردەکاریی پرۆژەکە، ڕێک کۆپیی ئەو خەیاڵپلاوە بوو کە چەند مانگێک لەوەوپێش ئاللان و یوری لە ژووری هۆتێلێکی مۆسکۆدا لەژێر کاریگەریی ڤۆدگادا دایانڕشتبوو، کە بریتی بوو لە مانگی دەستکرد، هەڵگری چەکی لێزەری. بودجەی بەرگریی ئەتۆمیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، گەییە ئاستێکی خەیاڵی. یەکێتیی سۆڤیەت هەوڵی دا ڕکابەریی بکات، بەڵام توانای دارایی ئەو کارەی نەبوو. ئیدی بەرەبەرە درزەکانی وڵات گەورەتر بوون.

هەڵبەتە ڕیگان تا ١٩٨٣/٣/٢٣ ئەم پرۆژە نهێنییەی بۆ خەڵکی ئەمریکاش ئاشکرا نەکرد، ئیدی لەبەر سامناکیی پرۆژە سەربازییە ئەمریکییەکە بوو، یان چ هۆیەکی دیکە بوو، کەس ئەمەی نەدەزانی، بەڵام برجنیف ڕۆژی ١٠/١٠/ ١٩٨٢ بە سەکتەی دڵ مرد. بۆ شەوی دواتر، ئاللان و یوری و لاریسا، کۆبوونەوەیەکی نهێنییان کرد.

لاریسا پرسیی: ئەرێ کاتی ئەوە نەهاتووە واز لەم بێهودەکارییە بهێنین؟

یوری گوتی: با، هەقە ئیدی واز لەم قۆڕیاتە بهێنین.

ئاللانیش سەری ڕەزامەندیی لەقاند، چونکە هەموو شتێک ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر کۆتایی دێت، بەتایبەتی بێهودەکاری.

ئەوسا گوتی بەتەمایە سبەی بەیانی تەلەفۆن بۆ سیخوڕ هوتن بکات. تەواو، سیازدە ساڵ و نیوە لە خزمەتی سی، ئای، ئەی دایە، ئیدی بەسە. لەوە گەڕێ زۆربەی ئەو کاتە بە درۆڕێسی بەسەر برابوو. هەرسێکیان لەمەدا کۆک بوون کە باشتر وایە ئەم درۆڕێسییە، لە هوتن و ئەو سەرکۆمارە هەمیشە تووڕەیە، بە شاراوەیی بهێڵنەوە.

نها، دەبوایە ڕێکخراوی سی، ئای، ئەی کارێک بکات تا یوری و لاریسا بە فڕۆکە بۆ نیۆیۆرک ڤڕێ بکات، چونکە خۆیان پێشتر بڕیاریان لەسەر ئەم کارە دابوو. ئاللانیش لای خۆیەوە حەزی دەکرد بۆ سویدە جوانە کۆنەکەی خۆی بزڤڕێتەوە و بزانێت ڕەوشی ئەوێندەر چۆنە.

***

ڕێکخراوی سی، ئای، ئەی و سیخوڕ هوتن پابەندی بەڵێنەکەی خۆیان بوون، یوری و لاریسایان لە ڕێگەی چیکوسلوڤاکیا، پاشان لە ڕێگەی نەمساوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان برد. پاشان لە شەقامی چل و شەشی ڕۆژئاوای مانهاتن، شوقەیەکیان پێ دان، مووچەیەکی ساڵانەیان بۆ بڕینەوە کە زۆر لە پێویستییەکانی خۆیان زیاتر بوو. دیارە ئەم بودجەیە بۆ سی، ئای، ئەی زۆر نەکەوت، چونکە یوری لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٤دا، لەخەودا مرد، لاریساش پاش سێ هەیڤان لە سوێی هاوسەرەکەی و بە کەسەرەوە سەری نایەوە. هەردووکیان حەفتا و نۆ ساڵان بوون. ساڵی ١٩٨٣ خۆشترین ساڵی ژیانیان بوو، چونکە لەو ساڵەدا ئۆپرای مترووپولیتین، ئاهەنگی سەدەمین ساڵیادی دامەزراندنی خۆی لە پایتەختدا، بە جۆرەها نمایش و ئەزموونی نایابەوە گێڕا، جووتە هاوسەرەکە چوونە ئاهەنگەکە و لەزەتێکی بێپایانیان لێ بینی.

***

ئاللانیش لای خۆیەوە، جانتاکانی کۆ کردەوە و چوو بۆ ئیدارەی کونسوولخانەی ئەمریکا لە مۆسکۆ و پێی گوتن بەتەمایە بە یەکجارەکی بڕوات. ئیدی بەشی ئیداریی کونسوولخانە بۆی دەرکەوت ئاللان کارلسونی بەرپرسی کاروباری ئەتۆمی، جگە لە مووچە و بەراتی نائاسایی ماموریەتی دەرەوەی وڵات، هیچ مووچەیەکی دیکەی وەرنەگرتووە و سیازدە ساڵ و پێنج هەیڤان بەبێ مووچە کاری کردووە.

کارمەندە بەرپرسەکە لە ئاللانی پرسی: باشە تۆ هەستت نەدەکرد مووچەت پێ نادرێت؟

ئاللان گوتی: نا، چونکە کەسێکی نەوسن نیم؛ خواردنم بەلاوە گرنگ نییە، هەر ڤۆدگاکە، ڤۆدگاش لێرە زۆر هەرزانە. بۆیە پێم وا بوو ئەو پارەیەی پێم دەدرێت، لە پێویستیی خۆم زۆر زیاترە.

"بە درێژایی سیازدە ساڵ؟"

"ئەرێ، زەمەن چەند بلەز دەبوورێت."

کارمەندە بەرپرسەکە، بە سەرسامییەوە تەمەشای ئاللانی کرد و بەڵێنی دا هەر کاتێک کە گەییەوە جێ، بە ناوی کارلسون، یان ناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە هەرچییەک هەیە، خۆی بە کونسوولخانەی ئەمریکی لە ستۆکهۆڵم بناسێنێت، بە چەک هەموو مووچەکانی وەردەگرێت.

**بیست و حەوتەم**

**هەینی، ٥/٢٧ – پێنجشەممە ٢٠٠٥/٦/١٦**

ئاماندا ئەنیشتاین هێشتا لە ژیاندا بوو، نها تەمەنی هەشتا و چوار ساڵ بوو، لە سویتێکی خۆشی هۆتێلێکی جوانی بالیدا دەژیا، خاوەن و بەڕێوەبەری هۆتێلەکە ئاللانی کوڕە گەورەی بوو.

ئاللان ئەنیشتاین تەمەنی پەنجا و یەک ساڵان بوو، وەکو برا پەنجا ساڵانەکەی خۆی کە ماوی ناو بوو، هۆشن و زیرەک بوو، بەڵام ئاللان کە لە واری بازرگانیدا پسپۆڕێکی ڕاستەقینە بوو، لە ئەنجامدا بووبوو بە بەڕێوەبەری هۆتێل (دایکی، لە چلەمین ساڵیادی لەدایکبوونی ئەودا، هۆتێلەکەی پێ دابوو) بەڵام ماوی برا بچووکی ڕووی کردبووە بیاڤی ئەندازیاری. ماو، لە هەوەڵەوە لە کارەکانیدا زۆر سەرکەوتوو نەبوو، چونکە زۆر بە تانی شتەکاندا دەچوو. پۆستێکی گرنگیان لە گەورەترین کۆمپانیای نەوتی ئەندەنوسیدا پێ دابوو، ئەرکی ماو ئەوە بوو پەیگیریی کوالیتیی

شێوەی بەرهەمهێنان بکات. هەڵەی ماو ئەوە بوو ئەو کارەی کردبوو. لەناکاودا هەموو بەڕێوەبەرە مامناوەندییەکانی کۆمپانیاکان بۆیان دەرکەوت هەموو ئەو پارانەی ژێراوژێر بە ناوی نۆژەنکردنەوە وەریاندەگرت، چکی کرد؛ بڕا. چالاکی و قازانجی کۆمپانیاکە لە سەدا ٣٥٪ زیادی کرد و ماو بوو بە بێزراوترین کەسایەتیی ناو کۆمپانیاکە، وەختایەک گلەیی و گازندەی هاوکارەکانی ماو لە کۆمپانیاکەدا، گۆڕا بۆ هەڕەشەی ڕاستەوخۆ، ماو بیری کردەوە ئاقڵانەترین کار ئەوەیە پاشەکشە بکات و لەجیاتی ئەوە کارێک لە کۆمپانیای نەوتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بدۆزێتەوە. زۆری نەبرد لەوێش چالاکی و قازانجی کۆمپانیاکە زیادی کرد. کۆمپانیاکەی ئەندەنووسیاش گەڕایەوە دۆخی جاران و هەموان ئیسراحەتیان کرد.

ئاماندا زۆر بە کوڕەکانیەوە دەنازی، بەڵام هەرچیی دەکرد نەیدەزانی چۆن بەو ئاوایە زیرەک دەرچووبوون. دروستە هێربێرت جارێک پێی گوتبوو جیناتی چاک لەماڵبات و بنەماڵەکەی ئەودا هەبووە، بەڵام ئاماندا هەرچەندە بیری دەکردەوە نەیدەزانی مەبەستی مێردەکەی لەو قسەیە چی بووە.

بەهەرحاڵ، وەختایەک ئاللان، تەلەفۆنی بۆ ئاماندا کرد، ئاماندا لە خۆشیدا لە پێستی خۆی نەدەهێوری و گوتی بە خۆشحاڵییەوە ئامادەیە لە بالی میوانداریی ئاللان و هەموو دۆستەکانی بکات. هەنگێ گەنگەشەی ئەم بابەتە لەگەڵ ئاللانی بچووکدا دەکات، خۆ ئەگەر لە کاتی هاتنی ئاللان و دۆستەکانیدا هۆتێلەکە پڕ بوو، هەنگێ دەبێت ئاللانی بچووک هەندێک لە میوانەکان دەربکات. ئاماندا لە دڵی خۆیدا گوتی تەلەفۆن بۆ ماو دەکات کە مۆڵەت وەربگرێت، بە پەلە لە ئەبوزەبییەوە بۆ وڵات بزڤڕێتەوە. هەڵبەتە لە هۆتێلەکەدا مەشروباتیش، چ چەتردار و چ بێچەتر پێشکەش دەکەن. بەڵێ، ئاماندا بەڵێنی بە خۆی دا بەشداری لە پێشکەشکردنی مەشرووباتدا بکات.

ئاللان گوتی بەو نزیکانە دەگەنە بالی. پاشان قسەکانی بە هەندێک مجامەلەی دۆستانەوە بڕانەوە کە بە ڕای وی هیچ کەس لە دنیادا نەیتوانیوە وەکو ئاماندا، بەو کەمئەقڵییەوە، ئەو هەموو سەرکەوتنە بەدەست بهێنێت. ئەو قسانە بە لای ئامانداوە هێندە جوان هاتبوونە دەربڕین، کە ڕۆندک زانییە چاوانی.

"ئاللانی ئازیز، زوو بکە، خێرا خۆت بگەیەنە ئێرە".

***

داواکاری گشتی ڕانیلید، پریس-کۆنفرانسەکەی پاشنیوەڕۆی، بە هەواڵێکی خەمناک دەربارەی کیکی؛ سەگە پۆلیسییەکە دەست پێ کرد. کیکی لە بێشەی ئاکردا لەسەر

تەرەزینەکە بۆنی جەستەیەکی دیاری کردبوو، ئیدی ئەمە بووبووە مایەی ئەوەی هەندێک ئەگەران لە زەینی داواکاری گشتیدا پەیدا ببن. هەڵبەتە ئەگەر ئەو نیشانانەی کە سەگەکە دوبوونیَ، ڕاست بوایە، گریمانەی داواکاری گشتییش ڕاست دەردەچوو، بەڵام سەگەکە هەڵە بوو، زۆریش هەڵە بوو. نها دەرکەوتبوو سەگی ناڤبری بەر لەم ئەرکە شێت بووبوو، بۆیە نەدەبوو پشتی پیَ ببەسترێت. بە گوتەیەکی سادەتر هیچ تەرمێک بەسەر عەرەبانەکەوە (تەڕەزینە) نەبوو.

ئیدی داواکارە گشتییەکە هەواڵی پێگەیبوو ئەو سەگەیان کوشتووە و بە بۆچوونی داواکارەکە، ڕاهێنەری سەگەکە کارێکی باشی کردبوو (هەڵبەتە کیکی بە ناوی خوازراوەوە بەڕێوە بوو بۆ باکووری سوێد، چونکە ڕاهێنەری سەگەکە بەتەما بوو ئەو حەیوانە بدات بە براکەی، داواکاری گشتی هەرگیزاوهەرگیز بەو بویەرەی نەزانی.)

داواکاری گشتی ڕانیلید، لەمە دڵگران بوو کە پۆلیسی ئێسکلیستونا دەربارەی ڕەوش و ڕێبازی تازەی گرووپی 'هەرگیز جارێکی دی' ئاگاداری نەکردبووەوە. داواکاری گشتی گوتی ئەگەر زووتر لەمە بەئاگا بوایە، بێگومان ڕێنمایی زیاتری بە لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە دەدا. ڕانیلید دەیویست هێزی پۆلیس (ئەمن) لەجیاتی ئەو سەبارەت بە هەنجامگیرییە هەڵەکانی ئەو داوای بوردن بکات، چونکە هەڵەکانی ئەو لە لایەکەوە تا ڕادەیەک بە هۆی هەڵەکانی سەگەکەوە بوو و لە ئالییەکی دیکەوە تا ڕادەیەک بە سەدەمی ئەو زانیارییە هەڵانە بوو کە لە لایەن هێزی پۆلیسەوە بەو درابوو.

سەبارەت بە دۆزینەوەی تەرمەکەی هنریک (سەتڵ) هولتن لە ڕێگە، ئەگەری ئەوە هەبوو پۆلیس سەرلەنویَ لێکۆڵینەوەی لیَ بکات، بەڵام دۆسییەکەی لەمەڕ نیگ (بورغوو) بایلوند، داخرابوو، چونکە بەڵگەی بنجبڕ هەبوو کە بایلوند پەیوەندیی بە فەیلەقی دەرەکیی فەڕەنساوە کردبوو. جا بە حوکمی ئەوەی هەموو ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە فەیلەقی نێوبراوەوە دەکرد، بە نێوی خوازراوەوە پەیوەندییان دەکرد، بۆیە یەکلاییکردنەوەی تەواوەتیی ئەم بابەتە زۆر زەحمەت بوو، وێڕای ئەوەش ئەگەری زۆر هەبوو بایلوند دوو ڕۆژ لەوەوپێش، لە تەقینەوەیەکی خۆکوژیدا لە ناوەندی جیبوتی، کوژرابێت.

***

داواکارە گشتییەکە، بە دوورودرێژی باسی پەیوەندیی نێوان گرووپە جیاوازەکانی کرد، بەدەم ئەو داخوازییانەوە ئینجیلێکی تەنکی، کە هەمان ڕۆژ بووسیَ پێی دابوو، لە بەرکی دەرهێنا و بە نوێنەرانی میدیاکانی نیشان دا. پەیامنێرەکان لە کۆتایی پریس-

کۆنفرانسەکەدا، دەیانویست شوێنی خۆشاردنەوەی ئاللان کارلسون و گرووپەکەی بزانن، تا شتێکیان لەو بارەیەوە پێ بێت، بەڵام ڕانیلید گوتی هیچ زانیارییەکی لەوبارەیەوە پێ نییە تا بیدات بە پەیامنێرەکان (بە پێویستی نەدەزانی هیچ شتێک دەربارەی ئەو پیرەمێردە سەدساڵییە خڵەفاوە، کە هەندێک شتی بێسەروبەری دەربارەی چەرچڵ و خودا گوتبوو، بۆ پەیامنێرەکان بگێڕێتەوە.) بۆیە نها فۆکەسی میدیاکان هاتبووە سەر دۆسیەکەی سەتڵ هولتن. ئەگەری ئەوە هەبوو کوژرابێت، گومانلێکراوە ئیحتیمالییەکانی پێشوو، نها جێگەی گومان نەبوون. ئەدی کێ هولتنی کوشتبوو؟

ڕانیلید خوا خوای بوو ئەم بابەتەش، بە ئاسانی لە بیر بچێتەوە، بەڵام نها دەبوو بێچەندوچوون بە میدیاکانی بگوتایە، دوای پریس-کۆنفرانسەکە، لێکۆڵینەوە لەو دۆسیەیە دەست پێ دەکات و لە بۆنەیەکی دیکەدا باسی ئەو بابەتەش دەکات.

داواکاری گشتی ڕانیلید، بەوپەڕی سەرسامییەوە بۆی دەرکەوت ڕۆژنامەڤانەکان باوەڕیان بەو قسەیەی و هەموو قسەکانی دیکەی هاتبوو. بەو ئاوایە ڕانیلید و ئابڕووی پیشەیی ڕانیلید، بە سەلامەتی دەرباز بوون.

***

ئاماندا ئەنیشتاین، داوای لە ئاللان و دۆستەکانی کردبوو لەزێبکەن و زوو بێن بۆ بالی، دۆستەکانیش ئەمەیان مەبەست بوو، خواخوایان بوو ساتێک زووتر بگەنە ئەوێندەر. ئەگەری ئەوە هەبوو لە هەر ئانوساتێکدا ڕۆژنامەڤانێکی کارامە بگاتە مەزرای کلۆکەرێ، بۆیە بۆ هەموان باشتر وا بوو بە زووترین کات ئەوێندەر چۆڵ بکەن، ئاللان بەوەی تەلەفۆنی بۆ ئاماندا کردبوو، ئەرکی خۆی ئەنجام دابوو، ئیدی کارەکانی دی پەیوەندییان بە جوانێوە هەبوو، لەسەر ئەو بوو بیانکات.

لە نزیکی مەزرای کلۆکەرێ، فڕۆکەخانەی سەربازیی ساتیناس هەبوو، فڕۆکەیەکی جۆری هیرکیولیسی بارهەڵگری لێ بوو، کە بە ئاسانی جێگەی فیلێک بۆ دوو فیلی تیا دەبووەوە. ئەو فڕۆکەیە جارێک بەسەر مەزرای کلۆکەرێدا تێپەڕیبوو و سونیای زۆر ترساندبوو. ئیدی ئەو کاتە جوانێ ئەو بیرۆکەیەی بۆ هاتبوو.

جوانێ، لەگەڵ سەرهەنگ، فەرماندەی فڕۆکەخانەکەدا قسەی کردبوو، بەڵام فەرماندەکە لەڕادەبەدەر بەشەرێکی سەختگیر بوو. سەرهەنگ بەر لە هەر قەول و قەرارێک کە ژمارەیەک خەڵک و حەیوان لە کیشوەرێکەوە بۆ کیشوەرێکی دیکە بگوازێتەوە، هەموو بەڵگەنامە و ڤیزا و شتەکانیان ببینێت. بەر لە هەر شتێک هەر هەڤرکی و ڕکابەرییەک لەگەڵ هێڵی هەوایی بازرگانیدا لە سوپا قەدەغە کرابوو، بۆیە

پێویستیان بە مۆڵەتی وەزارەتی کشتوکاڵ هەبوو ئەوە بسەلمێنێت ڕەوشی ئەوان تایبەتییە، ئەو قەدەغەیە ئەوان ناگرێتەوە. تا دەگەیشتنە ئەندەنوسیا، دەبوایە لە چوار قۆناغدا بوەستن، دەبوایە لە هەر فڕۆکەخانەیەک، دکتۆرێکی بەیتاڵ معایەنەی فیلەکەیانی بکردایە. سەبارەت بە فیلەکە، دەبوایە لە هەر فڕۆکەخانەیەکدا دوازدە سەعات پشوو بدات، ئەوسا لە فڕۆکەکە بار بکرێتەوە و بڕۆن.

جوانێ گوتی: نەفرەت لەم بیرۆکراتیەتە سویدییە.

ئیدی تەلەفۆنی بۆ هێڵی لوفتهانزا لە میونیخ کرد.

ئەوان لە هاوکاریکردنی گرووپەکەدا کەمێک لە سوپا باشتر بوون. هەڵبەتە دەیانتوانی فیلەکە و ئەو خەڵکانەی لەگەڵیدا بوون، بە فڕۆکە بگوازنەوە. گرووپەکە دەیانتوانی لە فڕۆکەخانەی لاندڤێتەرەوە بۆ ئەندەنوسیا بڕۆن. فڕۆکەخانەی ناڤبری لە دەرەوەی گۆتنبێرگ بوو. ئەوەی بۆ ئەم سەفەرە پێدڤی بوو، بەڵگەنامەی خاوەندارێتیی فیلەکە بوو، دەبوایە دکتۆرێکی ڕاستەقینەی بەیتاڵیان لەگەڵدا بوایە. هەڵبەتە دەبوایە بەڵگەنامەی تەواویان پێ بێت کە لە کۆماری ئەندەنوسیادا وەردەگیرێن یان نا؛ هەڵبەتە سەبارەت بە خەڵکەکە و بە حەیوانەکەش. هەر کاتێک ئەو بەڵگەنامانە تەواو کرابا، ئیدی ئیدارەی هێڵی ئاسمانی دەیتوانی لە ماوەی سێ مانگدا بیانگوازێتەوە.

جوانێ گوتی: نەفرەت لە بیرۆکراتیەتی ئەڵمانی، لای بە، بە نەفرەتی بکەن.

ئیدی تەلەفۆنی بۆ ئەندەنوسیا کرد.

ئەم کارە بڕێک وەختگیر بوو، چونکە هەرچەندە لە ئەندەنوسیا پەنجا و یەک کۆمپانیای ئاسمانیی جۆراوجۆر هەبوو، بەڵام شتاقیان کارمەندی ئینگلیزیزانیان نەبوو، بەڵام جوانێ هەر کۆڵی نەدا و ئەنجام سەرکەوتنی بەدەست هێنا. لە پالیمبانگ، لە سۆمەترا، کۆمپانیایەکی گواستنەوە هەبوو کە ئامادە بوو بە پارەیەکی ماقوول سەفەرێکی دوو سەرە بۆ سوید ئەنجام بدات. ئەم کۆمپانیایە بۆینگی حەوتسەد و چل و حەوتیان هەبوو، کە بە کەڵکی ئەم کارە دەهات. فڕۆکەکەیان لە سوپای ئازەربایجان کڕیبوو (خۆشبەختانە ئەم بویەرە هیی پێش ئەو کاتانە بوو کە هێڵی ئاسمانیی ئەندەنووسیا لە لایەن یەکێتیی ئەورووپاوە بخرێتە لیستی ڕەشەوە و فڕینی بۆ ئەورووپا قەدەغە بکرێت). کۆمپانیای ناڤبری بەڵێنی دا هەموو بەڵگەنامە و پێویستییەکانی دی، بۆ دابەزین لە سوید فەراهەم بکات، بەڵام بەدەستهێنانی مۆڵەت بۆ چوونە ناو بالی، لەسەر کڕیاری خۆی بوو. چی؟ چ پێویست بە دکتۆری بەیتاڵ بوو؟

تەنها ئەوە مابوو پارە بدەن. تا جوانیێ بتوانێت بە زمانلووسیی خۆی بەرپرسانی کۆمپانیاکە ڕازی بکات کە لە سوێد و کاش بە کرۆنی سوێدی هەقی کرێکەیان پێ بدات، کرێ لە سەدا ٢٠٪ بوها بوو.

لەو کاتەدا کە بوینگە ئەندەنووسیاییەکە بەرەو سوێد دەهات، گرووپی دۆستانیش، کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکارییان ساز دا. بڕیار درا بێننی و یولیوس کۆمەڵێک بەڵگەنامەی ساختە دروست بکەن، تا لە فڕۆکەخانەی لاندفیتر، پیشانی بەرپرسە، خۆیان گوتەنی سەختگیرەکانی بدەن. ئاللانیش قەولی دا مۆڵەتی دابەزین لە بالی فەراهەم بکات.

***

لە فڕۆکەخانەکەی نزیکی گوتنبرگ ڕووبەڕووی هەندێک کێشە بوونەوە، بەڵام بێننی نەک هەر شادەتنامەی ساختەی بەیتاڵی پێ بوو، بەڵکو زۆر لێهاتوانە ڕیزێک زاراوە و دەستەواژەی تایبەت بە واری بەیتاڵی بۆ ڕیز کردن. ئەمە جگە لە بەڵگەنامەی خاوەنداریتی و سەلامەتیی فیلەکە، کۆمەڵێک بەڵگەنامەی دیکە کە ئاللان، بە دەستی خۆی و بە زمانی ئەندەنووسی نووسیبوونی، بوونە هۆی ئەوەی هەموویان بەگوێرەی نەخشەکە سواری فڕۆکەکە بن. ئیدی دۆستان لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگەنامە ساختەیەشدا، گوتبوویان بۆ کۆپنهاگن دەچن، بۆیە هیچ کەسێک داوای پاسپۆرتی لێ نەکردن.

گرووپەکەیان بریتی بوو لە: ئاللان کارلسونی سەد ساڵە، یولیوس یونسونی خوێڕیلەدز (کە نها بێتاوان دەرچووبوو)، خوێندکاری هەمیشەیی، بێنی لیونبرگ؛ دەزگیرانە جوانەکەی گونیلا بیورکلاند، هەردوو حەیوانە ماڵییەکەی (واتە سونیای فیل و سەگە ئەلزاسیەکەی-گێلە)، براکەی بێنی لیونبرگ، واتە بووسێ جوملەفرۆشی ئازووقەی خۆراکی کە تازە بووبوو بە کەسێکی مەزهەبی، ئارونسون یان هەمان گەورە لێکۆڵەرە هەمیشە تەنهاکەی پۆلیسی سکیلستونا، پێر گونار گێردین، سەرەکچەتەی پێشوو، دایکی واتە ڕۆزماری کە لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا بوو، کە جارێکیان وەختایەک کوڕەکەی لە ئی – هولدا زیندانی بوو، نامەیەکی زۆر خراپ و شوومی بۆ نووسیبوو.

سەفەرەکە یازدە سەعاتی خایاند، هەڵبەتە خۆیان لە وەستانە ناپێویستەکانیش بوارد، ئەوجا هەر یازدە سەعاتی خایاند. کاتێک کاپتنە ئەندەنووسییەکە بە نەفەرەکانی گوت خەریکە لە فڕۆکەخانەی بالی نزیک دەبنەوە، نەفەرەکان زۆر خۆشحاڵ بوون. ئیدی کاتی ئەوە بوو ئاللان مۆڵەتنامەی دابەزینەکەیان دەربهێنێت. ئاللان، داوای لە

فڕۆکەوانەکە کرد هەر کاتێک بەرپرسی بورجی چاودێریی فڕۆکەخانەی بالی پێوەندی پێوە کرد، ئەم ئاگادار بکاتەوە. ئیدی ئاللان بە خۆی باقیی کارەکانی جێبەجێ دەکرد.

کاپتنە نیگەرانەکە گوتی: ئەوە پێوەندییان کرد. وەرە، چییان پێ بڵێم؟ بۆیان هەیە لە ئانوساتدا تەقەمان لێ بکەن.

ئاللان گوتی: خەمت نەبێت. سەماعەکەی لە دەستی وەرگرت، ئەوسا بە ئینگلیزی گوتی: هەلۆ، فڕۆکەخانەی بالییە؟

وەڵام درایەوە سەرنشینانی فڕۆکەکە دەبێت بە زووترین کات خۆیان بناسێنن، دەنا هێزی ئاسمانیی ئەندەنووسی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

ئاللان گوتی: من ناوم دۆلارە، سەدهەزار دۆلار.

بەرپرسی بورجی چاودێرییەکە فزەی نەکرد. فڕۆکەوان و یاریدەدەرە ئەندەنووسییەکە بە دڵبەندییەکی زۆرەوە تەمەشای ئاللانیان کرد.

ئاللان گوتی: نها بەرپرسی بورجی چاودێرییەکە و هاوکارە نزیکەکانی خەریکی حیساب و کیتابی ئەوەن هەریەکەیان چەندی بەر دەکەوێت.

فڕۆکەوانەکە گوتی: دەزانم.

دوای چەند چرکەیەک، بەرپرسی بورجی چاودێرییەکە، دووبارە پەیوەندیی پێوە کردنەوە: هەلۆ؟ جەنابی دۆلار، گوێت لە دەنگی منە؟

ئاللان گوتی: بەڵێ گوێم لێتە.

"ببوورە جەنابی دۆلار، ناوی یەکەمت چی بوو؟"

ئاللان گوتی: سەد هەزار. من سەد هەزار دۆلارم و دەمەوێت ڕێگەمان بدەن لە فڕۆکەخانەی ئێوە دابەزین".

"ببوورە جەنابی دۆلار، دەنگتان باش نایەت. دەکرێت زەحمەت بکێشن و دووبارە ناوی یەکەمتان بڵێنەوە؟"

ئاللان، بۆ فڕۆکەوانەکەی ڕوون کردەوە کە بەرپرسی بورجی چاودێرییەکە، دەیەوێت دان و سان بکات.

فڕۆکەوانەکە گوتی: دەزانم.

ئاللان گوتی: ناوی یەکەمی من دووسەد هەزارە. مۆڵەتی دابەزین و نیشتنەوەمان دەدەیت؟

بەرپرسی بورجەکە گوتی: خولەکێک جەنابی دۆلار.

دوای ئەوەی ڕاوێژی بە هاوکارەکانی کرد، گوتی: جەنابی دۆلار، زۆر بەخێر بێن بۆ فڕۆکەخانەی بالی. بۆ ئێمە شانازییە کە ئێوە لێرە بنیشنەوە.

ئاللان، سوپاسی بەرپرسی بورجی چاودێرییەکەی کرد.

فرۆکەوانەکە گوتی: کەواتە ئەمە یەکەم جارتانە کە بۆ ئێرە دێن. ئەوسا بزەیەکی بەماناوەی کرد.

ئاللان گوتی: ئەندەنووسیا وڵاتێکە هەموو شتێکی تیا دەکرێت.

وەختایەک، گەورە بەرپرسانی فڕۆکەخانەی بالی، بۆیان دەرکەوت هەندێک لە هاوسەفەرەکانی جەنابی دۆلار پاسپۆرتیان نەبوو، یەکێیان لەجیاتی دوو پێ، چوار پێی هەبوو و کێشی نزیکەی پێنج تەن بوو، ئەمە پەنجاهەزار دۆلاری زیادەی تێدەچوو، تا بەڵگەنامەی گومرگ و ئامێری گواستنەوەی گونجاو بۆ گواستنەوەی سونیا فەراهەم بکرێت، بەڵام دوای نیشتنەوە، بە یەک سەعات هەموو ئەندامانی گرووپەکە، لە هۆتێلەکەی ماڵی ئەنیشتایندا جێگیر بوون. بێننی و جوانێ، بە بارهەڵگرێکی فڕۆکەخانەکە سونیایان هێنا (بە ڕێکەوت، پەروازی دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژەی بالی بۆ سەنگافورە، خواردنی بۆ ڕێبوارەکان نەبوو).

ئاماندا، ئاللان و ماو ئەنیشتاین، چوونە پێشوازیی میوانەکان و دوای دەست و مشتاقی گەرموگوڕ، میوانەکانیان بۆ ژوورەکانیان نارد. هەڵبەتە سونیا و گێلەش دەیانتوانی لە باخە تەلبەند و ئێجگار گەورەکەی هوتێلەکەدا، سرِی پێیان دەربکەن و کەمێک پشوو بدەن و بسوڕێنەوە. ئاماندا کە لە هەوەڵەوە گوتبووی خەمی تەنهایی سونیایەتی لە بالی، بەڵام گرنگ نییە، یەکسەر بڕیاری دا لە سومەترەوە، هاولفێ بۆ سونیا بهێنرێت، بەڵام سەبارەت بە گێلە، دەیتوانی بە خۆی هاولفێ بدۆزێتەوە، چونکە بالی پڕ بوو لە دێڵەسەگی جوان و لەو گۆڕە دەسوڕانەوە.

ئاماندا بەڵێنی دا ئەو شەوە ئاهەنگێکی بالییانەی گەورە بۆ هەموان بگێڕێت، بۆیە داوای لێ کردن تا ئەو کاتە سەرخەوێک بشکێنن.

***

جگە لە سێ کەس، هەموان بە گوێی ئاماندایان کرد: بایک و دایکی بایک تامەزرۆی خواردنەوە چەتردارەکە بوون، هەروەها ئاللانیش، بەڵام بەبێ چەتر. ئیدی بە سێقۆڵی چوون بۆ لای کورسییە درێژەکانی قەراغ ئاوەکە، بێ خەم و خەیاڵ پاڵیان لێ دایەوە و چاوەڕوان بوون، لە باڕەکەوە، مەشرووبی دڵخوازی خۆیان بۆ بێت.

ژنە پێشخزمەتە هەشتا و چوار ساڵەکە، ڕاسپاردەکانی لە بەرپرسی باڕەکە وەرگرت و هێنای.

"جەنابی گێردین، ئەم مەشروبە سوورە چەترداره هیی تۆیە. ئەم مەشروبە کەسکە چەتردارەش بۆ تۆیە داکی گێردین و... خولەکێک با بزانم... ئاللان، تۆ داوای شیرت نەکردبوو وایە؟

ئاللان گوتی: ئاماندا گیان، وام دانابوو تۆ هەقت بەسەر پێشکەشکردنی مەشروووباتەوە نەبێت.

"درۆم کرد ئاللان گیان. درۆم کرد".

***

**تاریکی باڵی بەسەر ئەو بەهەشتە زەمینییەدا کێشا و دۆستان بۆ دەعوەتی خانەخوێیەکانیان، ئاماندا، ئاللان و ماو، بۆ شێو کۆ بوونەوە. بۆ پێشژەم، قاپێ ساتەلیلیتیان بۆ هێنان *(ساتەلیلیت، خواردنێکی تێکەڵەیە لە گۆشت بە بۆدرە و شیری نەرگیل، ئاوی لیمۆ و بیبەری کوڵاوەوە.)* پاشان بۆ ژەمی سەرەکیی خواردنی بیبک بیتوتو (بیبک بیتوتو: خواردنی مەحشیی مراوییە، هیی دەڤەری بالییە)، پاشان بۆ پاش خواردنیش جاجاباتون بیدیلیان هێنا (جاجاباتون بیدیل: جۆرێکە لە لوقمەقازی، کە برنجە لە دۆشاوی خورمادا). بۆ خواردنەوەش توال وایا و بیرەی خورمایان خواردەوە، جگە لە بێننی کە ئاوی خواردەوە. یەکەمین شەو لە خاکی ئەندەنووسیادا هەم درێژ و هەم دڵنەواز بوو. لە دوای نانخواردن، خواردنەوەی پیسانگ ئامبونیان بۆ هەموان هێنا، تەنها بۆ ئاللان و بێننی نەبێت کە یەکەمیان ڤۆدگای خواردەوە و دووەمیان چایەکی خواردەوە.**

بووسێ هەستی کرد ئەم ڕۆژ و شەوە کە هەموان زێدەڕۆییان کردبوو، پێویستی بە سووکەهاوسەنگییەکی ڕۆحانی هەبوو. بۆیە ڕاوەستا و بەشێک لە ئینجیلی مەتای خوێندەوە: "بەختەوەرن ئەوانەی... پێداویستییە ڕۆحانیەکانیان" بووسێ باوەڕی وا بوو قازانجی هەموان لەوەدایە گوێ لە فەرموودەکانی خودا بگرن، لە خوداوە فێر ببن. ئەوسا هەردوو دەستی پان کردەوە و سوپاسی خوای کرد، سەبارەت بەو ڕۆژە زۆر سەیر و پڕ لەزەت و خۆشییە.

لە گەرمەی ئەو بێدەنگییەی پاش قسەکانی بووسێیەوە ئاللان گوتی: ئەنجام هەموو شتێک بە دڵی خۆمان دەبێت.

***

بووسێ سوپاسی خوای کرد و پێدەچوو خواش وەڵامی سوپاسگوزارییەکەی ئەوانی دابێتەوە، چونکە بەخت بە پیریانەوە هات. بێننی هەر لەوێدا خوازگاری جوانێی کرد و جوانێ ڕەزامەندیی دەربڕی و گوتی: باشە نەفرەتی! بەڵام هەر ئێستا!

شەوی دواتر زەماوەند بەرپا کرا و سێ ڕۆژ بەردەوام بوو. ڕۆز – ماری گێردینی هەشتا ساڵە، ئەندامانی یانەی خانەنشینەکانی دوورگەی فێری گەمەی گراڤی گەنج کرد (هەڵبەتە هەموو شتێکی فێری ئەوان نەکرد، تا بتوانێت هەموو جارێک هەر خۆی براوە بێت)؛ بایک هەموو ڕۆژێک لەسەر کورسییەکەی کەنارەکە لەژێر چەترە هەتاوگیرەکەدا پاڵی دەدایەوە و ڤەخواردنی چەتردار و جۆراوجۆری بە ڕەنگێن زەرینە و سیمینەی دەخواردەوە. بووسێ و یولیوسیش کە بەلەمێکی ماسیگیریان کڕیبوو، بە دەگمەن لە بەلەمەکەیان دادەبەزین. ئارونسونیش لەنێو چینی دەوڵەمەندانی دوورگەکەدا کەسایەتییەکی بەرچاوی پەیدا کردبوو: ئەم پیاوە تەنها کەسێکی سپیپێست نەبوو، بەڵکو سەرزەمانێک قۆمیسەر پۆلیسیش بوو. ئەگەر ئەو دوو فاکتەرەش بەس نەبوو، ئەوا لەوانەش گرنگتر ئەمە بوو کە لە وڵاتێکەوە هاتبوو کە کەمترین ڕێژەی گەندەڵیی تیا بوو. لە دنیادا شتی لەمە سەیرتر نەبوو.

ئاللان و ئاماندا، هەموو ڕۆژێک بە کەناراوە سپییە پرشنگدارەکەی دەوری هۆتێلەکەدا پیاسەیان دەکرد. زۆر سوێرەقسە بوون و زۆریان پێ بوو بۆ باسکردن، ڕۆژبەڕۆژ، زۆر و زۆرتر لەزەتیان لە هاودەمیی یەکدی دەبینی. هەڵبەتە زۆر بلەز ڕێیان نەدەکرد، چونکە ئاماندا هەشتا و چوار ساڵان بوو، ئاللانیش پێی نابووە سەد و یەکەمین ساڵی تەمەنیەوە.

دوای مودەتێک بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی دەستی یەکیان دەگرت. پاشان چوونەحوزووری ئەوانی دی، بێزاری دەکردن، بڕیاریان دا بە دووقۆڵی لە سویتەکەی ئاماندادا شێو بخۆن. سەرەنجام ئاللان بڕیاری دا بۆ هەمیشە لە سویتەکەی ئاماندادا بژی، ئیدی لەم حاڵەدا دەکرا ژوورەکەی ئاللان بەکرێ بدرێت بە گەشتیارێکی دیکە، هەڵبەتە ئەمە بۆ دەستکەوتی دارایی هۆتێلەکە زۆر باشتر بوو.

لە پیاسەیەکی ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی دواترا، ئاماندا ئەم پرسیارەی کرد: چۆنە ئەمانیش وەکو بێننی و جوانێ بکەن؛ واتە زەماوەند بکەن، چونکە بەبێ ئەوەش بەیەکەوە دەژیان. ئاللان گوتی ئاماندا لەچاو ئەودا منداڵە، بەڵام ئاللان دەیتوانی چاوپۆشی لەمە بکات. لەم ڕۆژانەدا بە خۆی ڤەخوارنەکانی تێکەڵ دەکرد، بۆیە لەم ڕووەشەوە هیچ کێشەیەکی بۆ پێش نەدەهات. بە کورتییەکەی ئاللان هیچ کێشە و ئاریشەیەکی لە پێشنیازەکەی ئاماندادا نەدەبینی.

ئاماندا پرسیی: کەواتە ئەمە بەرنامەمان بێت؟
ئاللان گوتی: ئەمە بەرنامەمان دەبێت.
ئەوسا توندتر دەستی یەکیان گرت. هەڵبەتە بۆ وەی نەکەون و هاوسەنگیی خۆیان ڕابگرن.

***

لێکۆڵینەوە لە مردنی هنریک سەتڵ هولتن کورت و بێئەنجام بوو. پۆلیس چاودێریی پیشینەی ئەوی کرد، پرسوجۆی لەگەڵ هەندێک لە دۆستەکانیدا لە سمولاند (زۆر لە مەزراکەی گونیلا بیورکلاندەوە، لە مەزرای دەریاچەوە دوور نەبوو) کرد، بەڵام ئەوان هیچ شتێکی گوماناوییان نە بینیبوو، نە بیستبوو.
برادەرانی پۆلیس لە ڕیگا، ئەو کابرا بەدمەستەیان بەگیر هێنابوو کە موستانگەکەی بۆ گۆڕستانی ئۆتۆمبێلان بردبوو، بەڵام نەیانتوانیبوو تاقە یەک وشەی دروست و ماقوولی لێ دەربهێنن. یەکێک لە برادەرانی پۆلیس پێشنیازی کردبوو ڕەنگە بشێت بە بوتڵێک شەراب یادگەی وەگەڕ بخرێتەوە. کابرای سیامەست هەنگێ لەناکاودا هاتە قسان و گوتی بە هیچ جۆرێک بیری نایەت کێ ڕایسپاردبوو ئۆتۆمبێلەکە بۆ سکرابخانە (گۆڕی ترومبیلان) ببات. ڕۆژێ کابرایەک لەناکاودا هاتبووە لای تەختەکەی باخەکە، یەک جانتای پڕ لە خواردنەوەی پێ دابوو.
کابرای بەدمەست گوتی: ڕاستە ئاسایی نەبووم، بەڵام هەرگیز ئەوەندە مەست نابم کە پێشنیازی چوار بوتڵ شەراب ڕەت بکەمەوە.

***

دوای چەند ڕۆژێک تەنها یەک پەیامنێر تەلەفۆنی کرد تا بزانێت لێکۆڵینەوەکان لەمەڕ کوشتنی سەتڵ گەیینە کوێ، بەڵام لەو کاتەدا داواکاری گشتی ڕانیلید لە ئۆفیسەکەی خۆی نەبوو تا بەرسڤی تەلەفۆنەکە بداتەوە، داواکاری گشتی چووبووە گەشت. ئیدی بە سەفەرێکی هەرزانبەها چووبوو بۆ لاس پالماس. لەڕاستیدا دەیویست لە هەموو شتێک هەڵبێت، بیستبووی بالی شوێنێکی جوانە، بەڵام بلیت بۆ ئەوێندەر نەمابوو.
دەبوایە بە گراڤەکانی کەناری ڕازی بێت. لەوێ لەژێر چەترێکی هەتاوگیردا پاڵی دابووەوە و ڤەخواردنێکی چەترداری بەدەستەوە بوو، بیری لەوە دەکردەوە ئارونسون کێوە چووبێت. وا دیار بوو ئارونسون دەستبەرداری کارەکەی بووبوو، هەموو مۆڵەتە کەڵەکە بووەکانی وەرگرتبوو و ئیدی دیار نەمابوو.

**بیست و هەشتەمین**

**١٩٨٢ – ٢٠٠٥**

وەختایەک ئاللان بۆ سوێد گەڕایەوە، کونسوولخانەی ئەمریکا هەموو مووچەکانی بە جارێک بۆ نارد، لە کاتێکی زۆر گونجاودا ئەو پارەیەی پێ گەیشت. لە دووریی چەند کیلۆمەتری ئەو خانووەی دەورانی منداڵیی تیا بەسەر بردبوو، کوختەیەکی سووری دۆزییەوە و پارەکەی کاش دا. بۆ کڕینی کوختەکە، ناچار بوو لە هەوەڵەوە گەنگەشەیەکی زۆر لەگەڵ بەرپرسانی سوێدیدا بکات تا لە ئەنجامدا توانیی بیسەلمێنێت ماوە و لە ژیانـدایە. ئەنجام دەسەڵاتداران باوەڕیان کرد و ناچار مووچەی خانەنشینییان بۆ بڕییەوە.

ئاللان، سەری لەمە سوڕما، پرسیی: چما؟

یارۆی بەرپرس گوتی: چونکە تۆ شایستەی مووچەی خانەنشینیت؛ هەقی خۆتە.

هەڵبەتە خانەنشین بوو، ساڵانێکی زۆر بەسەر وەختی خانەنشینی ئەودا تێپەڕی بوو. لە بەهاری ساڵی دواترا تەمەنی دەبوو بە هەفتا و هەشت ساڵان. کە بیری لەمە کردەوە، هەستی کرد وێڕای هەموو بویەرە سەیروسەمەرە و هەڤدژ و دژوارەکانی ژیانی، بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت پیر بووبوو، بەڵام ئاللان کەسێک بوو حەزی دەکرد زۆر لەمەش پتر پیر ببێت.

ساڵان بە ئارامی دەبوورین و ئاللان ئیدی چ ڕۆڵێکی لە چارەنووسی جیهاندا نەبوو. تەنانەت ڕۆڵ و کاریگەریی لە چارەنووسی شاری فلێنیشدا نەبوو، ئەو شارە بچووکەی ئاللان لەم دواییانەدا جار جارێ بۆ کڕینی پێویستییەکانی خۆی بۆ ئەوێندەر دەچوو (پێداویستییەکانی خۆی لە نەوەیەکی هەمان گوستافنسونی کۆمفرۆش دەکڕی، کە نها بووبوو بە خاوەنی سوپەر مارکێتەکەی شار، خۆشبەختانە بە هیچ جۆرێک نەیدەزانی ئەم ئاللانە کێیە). ڕۆنیشڤانە تازەکەی شار، سەری کتێبخانە گشتییەکەی فلێنیشی نەدەدا، چونکە ئاللان بۆی دەرکەوت دەتوانێت بەشداری لە کڕینی هەر ڕۆژنامەیەکدا کە دڵی دەیەوێت، بکات و زۆر بە ڕێکوپێکی بۆی بخەنە ئەو سندووقی پۆستەوە کە لەبەر دەرگای کوختەکەیدا بوو. بەڕاستی کارێکی باش بوو!

وەختایەک کە یارۆی ڕەبەن و تەرکەدنیای ئاکنجی ئەو کوختەیەی دەرەوەی یکسهوڵت، بوو بە هەشتا و سێ ساڵ، هەستی کرد ئەو هەموو هاتوچۆیە بۆ فلێن، بە پاسکیل بۆ ئەو زەحمەتە، بۆیە ئۆتۆمبێلێکی کڕی. ئاللان لە هەوەڵەوە بیری لەوە دەکردەوە لەگەڵ کڕینی ئۆتۆمبێلەکەدا مۆڵەتنامەی شۆفێرییش دەربهێنێت، بەڵام هەر کە ڕاهێنەری شۆفێری ئاماژەی بۆ 'تاقیکردنەوەی بینایی و مۆڵەتنامەی شۆفێری' کرد،

ئاللان بڕیاری دا بەبێ ئەوانە کاری خۆی ڕایی بکات. کاتێک ڕاهێنەر و مامۆستای شۆفێری 'باسی کتێب، وانەی تیۆری، وانەی پراکتیکی و تاقیکردنەوەی دوو قۆناغی کۆتایی' دەکرد، ئاللان دەمێک بوو لێ بووبووەوە و گوێی لەو نەدەگرت.

***

وەختایەک ساڵی ١٩٨٩ یەکێتیی سۆڤیەت بەرەو هەرەس و داڕووخان ڕۆی، ئەمە بە لای پیرەمێردەکەی ئاکنجی یکسهولتەوە، کە لە ژێرزەمینی ماڵەکەی خۆیدا ئامێری ڤۆدگا سازی دانابوو، بە هیچ جۆرێک مایەی سەرسوڕمان نەبوو. کابرایەکی گەنج بە نێوی گورباجوف، تازە جڵەوی حوکمڕانیی وڵاتی گرتبووە دەست، لە هەوەڵی حوکمڕانییەکەیەوە، هەڵمەتێکی توندی دژی خواردنەوەی بێسنووری ڤۆدگا دەست پێ کردبوو. ئەمە کارێک نەبوو جەماوەری خەڵک پشتیوانیی لێ بکەن، وا نییە؟

لە هەمان ساڵدا، لە ڕۆژی لەدایکبوونی ئاللاندا، لەناکاودا سەر و کەللەی بێچووە پشیلەیەک لەسەر قاڵدرمەکانی کوختەکەی ئاللاندا پەیدا بوو. بێچووە پشیلەکە دیار بوو برسیەتی. ئاللانیش بردیە مووبەقەکەوە، سوسیس و شیری پێ دا. بێچووە پشیلەکە ئەم پێشوازییەی هێندە لا خۆش بوو، تەماح گرتی و لە کوختەکەی ئەودا مایەوە. ئەم پشیلەیە، نێرەیەکی بەڵەکی پڵنگئاسا بوو، هیی مەزراکان بوو، ئاللان نێوی نا مولوتوف، هەڵبەتە نەک بە ناوی وەزیرە ناودارە ڕووسییەکەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە کوکتیل دەچوو. مولوتوف زۆر ئیزعاج نەبوو، بەڵام زۆر زیرەک و گوێدێرێکی سەیر بوو. هەر کاتێک ئاللان بیویستایە قسە بکات، ئەوەندە بەس بوو پشیلەکە گاز بکات، پشیلەی تاین هەمیشە بەهەشتاو دەهات، مەگەر لەو کاتەدا لە پەنایەکەوە مژووڵی ڕاوەمشکان بوایە (مولوتوف قەدری خۆی دەزانی). ئەوسا خۆی بە باوەشی ئاللاندا دەکرد، جێی خۆی خۆش دەکرد، ئەوسا گوێچکەکانی قوت دەکردنەوە؛ ئاللانی تێدەگەیاند ئەگەر قسەیەکی هەیە، ئەوا ئەم سەراپا گوێیە. خۆ ئەگەر ئاللان پشتەسەر یان ملی پشیلەکەی خوراندبا، ئیدی دەیتوانی بە کەماڵی ئارەزوو قسە بکات و مولوتوف بەکامی دڵ گوێی لێ بگرێت.

کاتێک ئاللان چەند مریشک و کەڵەشێرێکی کڕی، ئەوەندە بەس بوو یەک جار بە مولوتوف بڵێت ڕاویان نەنێت، ئیدی پشیلەکە سەرێکی دەلەقاند و نیشانی دەدا باشە تێگەیشت، بەڵام جارێک بەبێ ئەوەی گوێ بە قسەکەی ئاللان بدات، ئەوەندە دووی مریشکەکان کەوت، ئیدی ئەو کارە و لەزەتی ئەو کارەی لەبەرچاو کەوت. ئەمە کارێکی ئاوارتە بوو. چاوەڕوانی چی دەکەیت؟ پشیلە، پشیلەیە و تەواو.

بە لای ئـاللانەوە هـیچ بوونەوەرێـک لە مولوتـوف فێڵبـازتر نەبـوو. تەنـانەت ئەو ڕێوییەش هەمیشە بە دەوری کولانەی مریشکەکاندا دەسوڕایەوە و بۆ کونوکەلەبەرێک دەگەڕا تا زەفەر بە مریشکەکان بەرێت، بە ئەندازەی مولوتوف فێڵباز نەبوو. ڕێوییەکە تەنـانەت مرخـی لە مولوتـوفیش خـۆش کردبـوو، بەڵام مولوتـوف لەوە وریـاتر بـوو بە ئاسانی تێبکەوێت.

***

سـاڵانی زیـاتر، هـاتنە سـەر تەمەنـی ئـاللان. دامودەزگـای دەوڵەتـی هەمـوو مانگێک مووچەی خانەنشینییەکەی ئاللانیان دەدا، بەبێ ئەوەی ئاللان لە هەنبەر ئەم مـووچەیەدا هیچ کارێک بکات. ئاللان بەو پارەیە پەنیر، سەندەویچ، سوسیس، پەتاتە و هەندێک جـار فەردەیەک شـەکری دەکڕی. جگە لەمـانە پـارەی ئیشـتراکی ڕۆژنـامە لۆکـاڵییەکەی دەدا، هەر کاتێک پسوولەی کارەباشی بۆ هاتبا، پارەی ئەوەشی دەدا.

بەڵام وێڕای هەموو ئەوەش هەموو مانگێک بڕە پارەیەکی بۆ دەمایەوە. ئەو زیـادەیە بە کەڵکی چی دەهـات؟ جارێک پاشـماوە و زیـادەی مـووچەی خانەنشـینییەکەی، خسـتە زەرفێکەوە و بۆ حکومەتی ناردەوە، دوای ماوەیەکی کەم کارمەندێکی دەوڵەتی چوو بۆ کـوختەکەی و پێـی گـوت بـۆی نیـیە ئەو کـارە بکـات. بەو ئـاوایە ئـاللان پـارەکەی وەرگرتەوە و بەڵێنی دا ئەو کارە دووبارە نەکاتەوە.

ئـاللان و مولوتـوف بە خۆشـی پێکەوە دەژیـان. هەر ڕۆژێـک هەوا خـۆش بـوایە، بە دووقـۆڵی دەردەچـوون و بە سـواری پاسـکیل پیاسـەیەکیان بە شـەقامە گڵەکـانی ئەو دەوروبەرەدا دەکرد. ئاللان، پایدەری لێ دەدا و مولوتوف لەنێو سـەللەی پاسکیلەکەدا دادەنیشت و لەزەتی لەو هەوا خۆشە دەبینی کە لە دەموچاوی دەدا.

خێزانە بچووکەکەیان ژیان و گوزەرانێکی ڕێکوپێکیان هەبوو. ئەم ڕەوشـە بەردەوام بـوو، تـا ئەنجـام ڕۆژێـک هـات نەک هەر ئـاللان پیرتـر بووبـوو، بگرە مولوتـوفیش پیـر بووبوو. لەناکاودا ڕێوییەکە پەلاماری پشیلەکەی دا و گرتی، ئەمە چەند بۆ ڕێوییەکە و پشیلەکەش سوپرایز بوو، ئەوەندەش بۆ ئاللان خەمناک بوو.

ئاللان زۆر خەمبار بوو، ڕەنگە لە ژیانیدا ئەوەنـدە خەمبـار نەبووبێت، زۆری نەبـرد خەمەکەی گۆڕا بۆ تووڕەیی. پیرەمێردی شارەزای تەقەمەنیـان، بە چـاوی ڕۆندکبارەوە لەبەر هەیـوانی ماڵەکەیدا وەسـتا، ڕوو لە شـەوە زسـتانییەکە هـاواری کـرد: ئەی ڕێـوی نەعلەتی ئەگەر دڵت شەڕی دەوێت، فەرموو ئەوە عەرز و ئەوە گەز، خۆ مەیدان مشـک نەیخواردووە.

ئاللان، بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا تووڕە بووبوو. تووڕەبوونێک کە نە بە ڤۆدگا، نە بە شۆفێری بێمۆڵەت و نە بە پاسکیلسواریی دووورودرێژیش دانەمرکایەوە. ئاللان دەیزانی هەستی تۆڵەستێنی، هەستێکی کرێتە، بەڵام وێڕای ئەوەش، حاڵی حازر تۆڵەستێنی تاقە بژاردەی بوو.

ئاللان، کەپسولێکی لای کولانەی مریشکەکانەوە نایەوە، بە جۆرێک نابوویەوە، کە جاری دوایی ڕێوییەکە لەبرسا هاتبایەوە و دەمی بۆی لای مریشکەکان درێژ بکردایەوە، یەکسەر پێیدا بتەقێتەوە، بەڵام لە تووڕەییدا ئەوەی بیر چووبووەوە هەموو دایناميتەکانی خۆی لای کولانەی مریشکەکانەوە عەمار کردبوو.

بەو ئاوایە، دەمەوئێوارە بومەلێڵی ڕۆژی سێیەم، پاش فڕینی ڕوحیی مولوتوف بۆ ئاسمان، لە بەشێکی سۆرملاندا دەنگی تەقینەوەیەکی ئەوتۆ بەرز بووەوە، کە لە ئاخروئۆخری دەیەی ١٩٢٠ەوە تا ئەو کاتە دەنگی وا نەبیسترابوو. ڕێوییەکە پارچەپارچە بوو، ڕێک وەکو مریشک، کولانەی مریشک و عەماری ئێزینگەکانی ئاللان، بەڵام تەقینەوەکە ئاسیوی بە عەمار و کوختەکەی ئاللانیش گەیاند. ئاللان، لە کاتی تەقینەوەکەدا لەسەر کورسییە دەسکدارەکەی ڕۆنیشتبوو، لەگەڵ کورسییەکەدا چووبوو بە ئاسماندا، ئەوسا لەسەر گردۆڵکە بەفرێکی کەنار دێراوە پەتاتەکەیدا کەوتەوە. ماوەیەک بە حەپەساوی مایەوە، ئەوسا گوتی: ڕێوییەکە بە سزای خۆی گەیشت.

ئاللان، لەو کاتەدا تەمەنی نەوەد و نۆ ساڵان بوو، تەقینەوەکە بە جۆرێک گێژی کردبوو، حایر و حەپەساو نەیدەزانی چی بکات، بەڵام ئەو بلێسانەی دەچوون بە ئاسماندا، کردیانە کارێک کە ئەمبولانس و ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە و ئۆتۆمبێلی پۆلیس بە ئاسانی شوێنەکە بدۆزنەوە، وەختایەک هەموان دڵنیا بوون پیرەمێردەکەی سەر کورسییە دەسکدارەکە، چووە بە ئاسماندا و لە نزیک گۆلە پەتاتەکەدا کەوتووەتەوە و ساغ و سەلامەتە، ئیدی نۆرەی ئەوە بوو توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ بهێنن.

لە زەرفی کەمتر لە سەعاتێک توێژەری کۆمەڵایەتیی هێنریک سۆدێر گەیبە نک ئاللان. ئاللان هێشتا هەر لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو، بەڵام نەفەرەکانی ناو ئەمبولانسەکە، دوو پەتۆی نەخۆشخانەیان تێوە پێچابوو، کە لەڕاستیدا زۆر پێویست نەبوو، چونکە ئەو ئاگرەی لە ماڵەکە بەر بووبوو، هێشتا هەر دەگڕا و گەرمییەکی زۆری لێ دەبووەوە.

توێژەرە کۆمەڵایەتییەکە، سۆدێر گوتی: جەنابی کارلسون، ئەوەندەی من بزانم، تۆ خۆت ماڵەکەی خۆت تەقاندووەتەوە، وایە؟

ئاللان گوتی: بەڵێ، ئەمە یەکێکە لە عادەتە قۆڕەکانی من.

تویژەرە کۆمەڵایەتییەکە گوتی: کەواتە جەنابی کارلسون، پێم وایە لە ئێستا بەدواوە هیچ پەناوپاسارێکت نابێت.

ئاللان گوتی: ڕەنگە وا بێت، باشە جەنابی توێژەری کۆمەڵایەتی تۆ هیچ پێشنیازێکت هەیە؟

توێژەرە کۆمەڵایەتییەکە، لەو ساتەدا کە ئەقڵی بە هیچ چارەسەرێک نەشکا. بۆیە ئاللان، لەسەر حیسابی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، خرایە سەر دەستەبەرەیەک و برا بۆ هۆتێلێکی ناوەندی فلێن، ئاللان بۆ شەوی دواتر لە کەش هەوایەکی شادیدا، ئاهەنگی ساڵی نوێی لەگەڵ چەند کەسێکدا، لەوانە توێژەرە کۆمەڵایەتییەکە و هاوسەرەکەیدا، گێڕا.

ئاللان، لە دوای جەنگی جیهانییەوە، کە ماوەیەکی لە گراند هۆتێلی ستۆکهۆڵمدا بەسەر بردبوو، ئیدی هیچ کاتێک شەوی وا کەرنەڤاڵی و خۆشی بەسەر نەبردبوو. ئیدی لەڕاستیدا کاتی ئەوە هاتبوو پارەی هۆتێلەکە بدات، چونکە ئەو جارە کە بە پەلە هۆتێلەکەی بەجێ هێشتبوو، پارەی مانەوەی نەدابوو.

***

لە سەرەتاکانی مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٥دا، سۆدێری توێژەری کۆمەڵایەتی، توانیی شوێنێک بۆ حەوانەوەی پیرەمێردە میهرەبانەکە (کە هەفتەیەک بوو بێ لانە و کاشانە بوو) بدۆزێتەوە.

بەو ئاوایە ئاللان خۆی لە خانەی پیرانی مالمشۆپیندا بینییەوە، کە ژووری ژمارە یەکی خانەکە تازە چۆڵ بووبوو. بەڕێوەبەری خانەکە، خاتوو ئەلیس، بە ڕووخۆشی و گەرموگوڕی پێشوازیی لێ کرد، بەڵام هەر خۆی بەباسکردنی یاساوڕێسا و ژماردنی هەلومەرجەکانی خانەکە، لەزەتی ژیانی لە بەرچاوی ئاللان خست. بەڕێوەبەر ئەلیس گوتی لە خانەکەدا جگەرەکێشان، خواردنەوە، تەمەشای تەلەڤیزیۆن لە سەعات یازدەی شەوەوە قەدەغەیە.

هەموو ڕۆژێک نانی بەیانییان سەعات شەش و چل و پێنج خولەک دەخورێت و کۆتایی هەفتە یەک سەعات دێرتر دەخورێت. فراڤین سەعات یازدە و چل و پێنج خولەک دەخورێت، قاوە سەعات سێ و چارەک دەخورێتەوە، شێو سەعات شەش و چارەک دەخورێت. ئەگەر کەسێک لە دەرەوە بێت و کات ڕەچاو نەکات، دەبێت شەو بە برسێتی بەرێتە سەر؛ بەبێ شێو سەر بنێتەوە.

دوای ئەوە بەڕێوەبەر ئەلیس، باسی یاسا و ڕێسای ددانشۆردن، خۆشۆردن، میوانی دەرەوە، چۆنێتیی سەردانی پیرەمێردە ئاکنجییەکانی دیکەی کرد. کەی دەرمانی جۆراوجۆری ئاکنجیانیان دابەش دەکرد؟ چ کاتێک بۆت نەبوو بەڕێوەبەر ئەلیس یان

هاوکارەکانی بێزار بکەیت؟ مەگەر لە حاڵەتی زۆر پێویستیدا نەبێت. حاڵەتێن پێویستیش بە گوتەی بەڕێوەبەر ئەلیس ئێجگار کەم بوو. بەڕێوەبەر لە کۆتاییدا ئەوەشی گوت ڕونیشڤانانی خانەکە بە شێوەیەکی گشتی بە خوتەخوت و بۆڵەبۆڵن.

ئاللان گوتی: باشە، پیاو بۆی هەیە هەر کاتێک بیەوێت، بڕوات خۆی بەتاڵ بکاتەوە؟

بەو ئاوایە لە ماوەی کەمتر لە چارەکێکدا پاش دیدارەکەیان، نێوانی ئاللان و بەڕێوەبەر ئەلیس تێک چوو.

ئاللان، سەبارەت بەوەی لە ماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ ئەو ڕێوییەدا بەشەڕ هاتبوو (هەرچەندە لە شەڕەکەدا براوە بوو) پەشیمان بوو. تووڕەبوون لە مەزهەبی ئاللاندا نەبوو. هەرچەندە لە هەنبەر بەڕێوەبەری ئەم خانەیەدا بە زمانێک قسەی کردبوو کە شایستەی بەڕێوەبەرەکە بوو، بەڵام ئەم جۆرە قسەکردنە لە شەخسیەتی ئەوەوە دوور بوو. ئەمە جگە لە لیستێکی دوورودرێژی یەک کیلۆمەتریی یاسا و ڕێسای دیکە، کە نها ئاللان ناچار بوو پابەندیان بێت.

ئاللان، پشیلەکەی لەدەست دا، زۆری لەبەری گران بوو، نها تەمەنی گەیبووە نەوەد و نۆ ساڵ و هەشت هەیڤان. هەرچۆن سەرنجت دەدا، پێدەچوو ئاللان کۆنترۆڵی بەسەر خولقوخووی خۆیەوە نەمابێت و بەڕێوەبەر ئەلیس، زۆر سەری دەکردە سەر.

بەڵام ئیدی کاسەکە سەرڕێژ بووبوو.

ئیدی پێدەچوو ئاللان و ژیان لێکدی تۆرابن، نە ئاللان هەقی بەسەر ژیانەوە هەبوو، نە ژیان هەقی بەسەر ئاللانەوە هەبوو. ئاللان لەو مرۆڤانە نەبوو حەز بکات خۆی ڕەپێش بخات. بۆیە بڕیاری دا بچێتە ژووری یەکەوە، سەعات شەش و چارەک شێوەکەی بخوات، پاشان دوای خۆشوردن، بە جلک و بیجامەی خاوێنەوە بچێتە ناو جێوە و بخەوێت، پاشان بەدەم خەوەوە بمرێت، پاشان تەرمەکەی ببەن و بەخاکی بسپێرن، ئیدی بە یەکجارەکی لە بیر بچێتەوە.

کاتێک ئاللان، سەعات هەشتی شەو، لە خانەی پیراندا، بۆ یەکەمین و دوایەمین جار لەسەر تەختەکەی ڕاکشا، هەستی کرد تەزوویەکی بەلەزەتی وەکو تەزووی کارەبا لە دڵ و دەروونی گەڕا. لە ماوەی کەمتر لە چوار مانگدا ژمارەی ساڵانی تەمەنی ئاللان، دەبوو بە ژمارەیەکی سێخانەیی. ئاللان ئیمانوئیل کارلسون چاوەکانی نوقاندن و دەبیرەوە چوو، هەستی کرد زۆر بەوە ڕازییە ئێستا بۆ هەتاهەتایە بمرێت و ببرێتەوە. سەفەری ژیانی ئێجگار باڵکێش بوو، بەڵام هیچ شتێک نییە هەتاهەتایە بەردەوام بێت، هەڵبەتە جگە لە غەباوەتی گشتی.

ئاللان، ئیدی بیری لە هیچ شتێکی دی نەکردەوە. شەکەتی زۆری بۆ هێنا و هەموو شتێک لە بەرچاویدا نوقمی تاریکی بوو. تا ئەوە بوو هەموو جێیەک بە پرشنگی نوورێکی سپیی ڕووناک بووەوە. تەسەور بکەن، مەرگ وەکو خەو بوو! واتا ئاللان دەرفەتی هەبوو بەر لە مردن بیر بکاتەوە؟ دەرفەتی بۆ دەڕەخسا بیر بکاتەوە کە بیری لە مردن کردووەتەوە؟ بەڵام چاوەڕێ بکەن با بزانین، مەگەر مرۆڤ بەر لەوەی بیرکردنەوەی تەواو بێت، چەندی دەرفەت هەیە بیر بکاتەوە؟

بەڕێوەبەر ئەلیس گوتی: ئاللان، سەعات حەوت کەم چارەکە، وەختی قاوەڵتییە، ئەگەر تێشتەکەت نەخۆیت ناچارین شۆرباکەت هەڵبگرین و هەنگێ تا فراڤین، هیچ خواردنێک نییە.

بەدەر لە هەر شتێک، ئاللان هەستی دەکرد لە پیریدا ساویلکە بووە. مەگەر دەکرێت بەشەر بە خواستی خۆی بڕوات و بمرێت؟ نها ئەو مەترسییە گەورەیە هەبوو کە ڕۆژی دواتر دووبارە بە دەنگی ئەو ژنە نەفرەجایە لەخەو ڕابێت و ناچار بێت دووبارە هەمان شۆربا بخوات؟

ئێ... هێشتا چەند هەیڤێک مابوو بۆ وەی ببێت بە سەدساڵی تەواو، ئاللان دەیتوانی پێش ئەوە چاوپۆشی لە دنیا بکات. بەڕێوەبەر ئەلیس دەیگوت: 'ئەلکول کوشندەیە' و بەو قسەیە پاکانەی بۆ یاسای 'قەدەغەکردنی خواردنەوە' لە خانەکەدا دەکرد. ئاللان بیری کردەوە مردن زۆر لەو حاڵە باشترە. مردن مردنە، لەقەفرتێی بۆ چییە!؟ دەبوایە بە خشکەیی بڕۆیشتایە و سەرێکی ئەو فرۆشگە حکومییە بدات کە مەشرووباتی دەفرۆشت.

***

ڕۆژان بوورین و بوون بە هەفتە. زستان ڕۆی و بەهار هات، ئاللان ڕێک وەکو پەنجا ساڵ لەوەوپێشی هێربێرتی برادەری ئارەزووی مردنی دەکرد، بەڵام ئەم ئاواتەی هێربێرت نەهاتە دی، ئەمەش چارەنووسێکی باش نەبوو.

لە هەموو ئەمانەش خراپتر ئەوە بوو: کارمەندانی خانەی پیران بەرەبەرە خۆیان ئامادە دەکرد تا ئاهەنگیساڵیادی لەدایکبوونی ئاللان بگێڕن. ئاللان، دەبوایە وەکو ئاژەڵی نێو قەفەزان خۆی ئامادە بکات تا خەڵکی تەمەشای بکەن. گۆرانیی بۆ بچڕن، کێکی ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونی پێشکەش بکرێت. ئەمانە شتێک نەبوون ئاللان داوای کردبن. نها ئاللان، تەنها یەک شەوی دیکەی بۆ مردن مابوو.

**بیست و نۆیەمین**

**دووشەممە، ٢٠٠٥/٥/٢**

ڕەنگە بڵێیت دەیتوانی زۆر زووتر ئەو بڕیارە بدات، دەیتوانی ئەوەندە پیاو بێت ئەوانەی دەوروبەری لە بڕیارەکەی ئاگادار بکاتەوە، بەڵام ئاللان کارلسون لەو کەسانە نەبوو زۆر بیر لە کارەکانی خۆی بکاتەوە.

بۆیە هەر کە ئەو بیرۆکەیەی بە مێشکدا هات، پەنجەرەی ژوورەکەی کە لە نهۆمی خوارەوەی خانەی پیرانەکەی شاری مالمشۆپیندا بوو، کردەوە؛ لە پەنجەرەکەوە خۆی شۆڕ کردەوە، لە باخچەی ژێر پەنجەرەکەدا گیرسایەوە.

هەڵبەتە ئەم کارە بڕێک زەحمەت بوو، چونکە ئاللان دروست لەم ڕۆژەدا بووبوو بە سەد ساڵی خشت. تەنها یەک سەعات مابوو بۆ دەستپێکردنی ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونەکەی. ئەو ئاهەنگەی بڕیار بوو لە هۆڵی نانخواردنی خانەکەدا بەرپا بکرێت. بڕیار بوو سەرۆکی شارەوانییش بێت. بڕیار بوو نوێنەری ڕۆژنامە لۆکاڵییەکانیش، هەموو پیرە ڕۆنیشڤانەکانی خانەکەش و گشت کارمەندانی خانەکە و بەڕێوەبەرە بەدمجێزەکەش، خاتوو ئەلیس ئامادە بن.

بەڵام تەنها کارەکتەری سەرەکی بەتەما نەبوو لەو ئاهەنگ و ڕێوڕەسمەدا بەشدار بێت.

**کۆتایی**

ئاللان و ئاماندا لەگەڵ یەکدا زۆر خۆشحاڵ بوون. لە تۆ وایە ئەو دوانە بۆ یەکدی خولْقابوون؟ مەنجەڵ و سەرقاپ بوون! یەکەمیان سەبارەت بە هەر جۆرە باسێک دەربارەی ئایدۆلۆژیا و ئایین حەساسیەتی هەبوو، دووەمیان بە هیچ جۆرێک نەیدەزانی ئایدۆلۆژیا چییە و لە هەموو تەمەنیدا ناوی خودایەکی بە زاردا نەهاتبوو کە نوێژ و نزای بۆ کردبێت، یان بۆ بکات. شەوێک کە هەستی نزیکی ئەو جووتە بەتەواوەتی چڕ بووبووەوە، دەرکەوتبوو ئەو ڕۆژەی مانگی هەشتی ساڵی ١٩٢٥، پرۆفیسۆر لوندبری کەمێک بەبێ سەرنج و بێموبالاتی تیغی نەشتەرگەرییەکەی بەکار بردبوو، چونکە ئاللان بەوپەڕی سەرسامییەوە، بۆی دەرکەوت دەتوانێت کارانێک بکات کە پێشتر تەنها لە فیلماندا دیتبوونی.

مێـردەکەی ئامانـدا لە جەژنــی هەشــتا و پێنجەمینــی لەدایکبــوونی ژنەکەیـدا کۆمپیـوتەرێکی دەسـتی بەدیـاری دابـوویێ. ئەمە پەیوەسـت بـوو بە ئینتەرنێـتەوە. ئاللان بیستبووی کە ئەم شتەی ئینتەرنێتیان پێ دەگوت گەنجان زۆریـان کەیف پێ دەهات.

هەڵبەتە ماوەیەکی پێ چوو تا ئاماندا فێر بوو داخڵی ئینتەرنێت بێت، ئیدی لە مـاوەی یەک-دوو هەفتەدا تـوانیی مـاڵپەڕێکی تـایبەتی بـۆ خـۆی بکـاتەوە. ئامانـدا ڕۆژ تـا ئێـوارێ لە مـاڵپەڕەکەی خۆیـدا شـتی دەنووسـی، تـاڵی و شـیرینییەکان، بویەرێن تازە و کۆنی تۆمار دەکرد. بۆ نموونە دەربـارەی سـەفەر و ڕیسـکەکانی مێـردە ئـازیزەکەی دەنووسـی. خوێنەرەکـانی بەزۆری خانمـانی کۆمەڵگەی بـالی؛ دۆستان و هاوتەمەنەکانی خۆی بوون. ئاخر چ کەسێک جگە لەوانە ڕێی دەکەوتە ماڵپەڕەکەی ئەو؟

***

ڕۆژێک کە ئـاللان وەکو هەمیشـە لە هەیـوانەکەدا دانیشـتبوو و بە تاسـووقەوە تێشـتی دەخـوارد، سـەروسـیمای پیـاوێکی پۆشـتەوپەرداخ پەیـدا بـوو. کـابرا وەکـو نــوێنەری حکــوومەتی ئەندەنووســی خــۆی ناســاند و گــوتی بــابەتێکی ئێجگــار باڵکێشــم لە ماڵپەڕێکـدا خوێنـدووەتەوە. نهـا بە نـوێنەرایەتیی ســەرۆک هــاتووە جەنـابی کارلسـون یـارمەتیی بـدات کە ئـاخۆ ئەو زانیارییـانەی خوێنـدوونیەوە دروستن یان نا.

ئاللان گوتی: یارمەتیی چیت بدەم. ئاخر من چ یارمەتییەکم لەدەست دێت؟ من تەنهــا دوو کــارم لەدەســت دێــت کە لەگیــنە خەڵکــانی دی لەدەســتیان نەیەت، یەکەمیـان ئەوەیە لە شـیری بـزن ڤۆدگـا دروسـت بـکەم، دووەمینـیش ئەمەیە کە بۆمبی ئەتۆمی دروست بکەم.

کابرا گوتی: ئێمەش ئەمەمان دەوێت.

"شیری بزن؟"

کابرا گوتی: نا، شیری بزن نا.

***

ئـاللان داوای لە یـارۆی نـوێنەری دەوڵەتـی ئەندەنووسـی کـرد تـا دابنیشـێت. پاشـان ڕوونـی کـردەوە کە بۆمبی ئەتـۆمیی بە سـتالین دابـوو و ئەم کـارەی هەڵە

بـووه، چـونکە پاشـان بـۆی دەرکەوتبـوو سـتالین شـێتە، بـۆیە ئـاللان دەیەوێـت بزانێـت حـاڵەتی ئەقڵیـی سـەرۆکی ئەندەنووسـی چـۆنە. نـوێنەرەکەی حکـومەتی ئەندەنووسی گوتی سەرکۆمار یود هویونو، کەسێکی حەکیم و زۆر ئاقڵە.

ئـاللان گـوتی: خۆشـحاڵم کە ئەم قسـەیە دەژنەوم. لەم حـاڵەدا خۆشـحاڵ دەبـم یارمەتیتان بدەم.

هەر واشی کرد.

تەواو...

زۆر سوپاس بۆ میکێ، لیزا، ڕیکسون،
مۆد و خاڵە هانس.

**یوناس**

**تێبینـی: ڕۆژی ٢٠٢٣/١٠/١٦، لە پـاچڤەی ئەم ڕۆمـانە بـوومەوە، کە لەم سـەرچاوەیەوە بە بەراورد لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەشدا کردوومە بە کوردی: "پیرمرد صد ساله ای که از پنجره بیرون رفت و ناپدید شد، رمان، یوناس یوناسون، ترجمه کیهان بهمنی، چاپ اول ١٣٩٩ (٢٠٢٠)، تهران، نشر آموت".**